ژوەشانین 18

# عیراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشووری کوردستان

## کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەو چاوپێکەوتن

د. بورهان أ. یاسین

عیراقی دوای سەدام و

چارەنووسی باشووری کوردستان

- عیراقی دوای سەدام و چارەنووسی باشووری کوردستان
- کۆمەلێ لێکۆلینەوە و چاوپێکەوتن
- نڤیسین: د. بورهان ئەبابەکر یاسین
- بەرگ: رهوان اسلام پیرومەری
- سەرپەرشتیا هونەری: ســـــتار علی
- دەرهێنانا هونەری: شەمال محمد امین دهوکی
- چاپا ئێکێ
- تیراژ: ٥٠٠
- نرخ: ٧٠٠٠ دینار
- ژمارا سپاردنێ: ٣٦٥ / ٢٠٠٨
- چاپخانه: چاپخانا هاوار/ دهوك / ٢٠٠٨

# عیراقی دوای سەدام و
# چارەنووسی باشووری کوردستان

## کۆمەڵێ لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتن

د. بورهان أ. یاسین

ئەم بەرهەمە پێشکەشە
بە یادی باوکم،
بە دایکم.

# ناوەڕۆك

پێشەکی ........................................................ ٩

***تەوەری یەکەم***

لەریفراندەمدا کوردستانێکی سەربەخۆ ١ ........................................ ١٣
لەریفراندەمدا کوردستانێکی سەربەخۆ ٢ ........................................ ٢٧
ڕەوتی ریفراندەم، لە کوێوە بۆ کوێ ........................................ ٤١
ڕاگەیاندنێك دەربارەی دەستکێشانەوەم لە بزووتنەوەی ریفراندەم........................................ ٧٧

***تەوەری دووەم***

بە بڕوای من فیدراڵی ناتوانێت چارەی کێشەی نەتەوەیی بکات ........................................ ٨٥
پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و چەند خوێندنەوەیەك ........................................ ١٠٧
هەڵبژاردنەکانی عیراق و پۆستی سەرۆککۆماری لە گۆشەبینینی
دامەزراندنەوەی دەولەتی عیراقەوە ........................................ ١٢١
گەمەی دەستور و چارەنووسی باشووری کوردستان ........................................ ١٥٣
بەجێهێشتنی ئێمەی کورد لە ناو دەریای تیرۆریزم و توندڕەوی
ئیسلامی و سیاسەتی ناحەزانەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان
خەتەرێکی جدی دەبێت بۆ ئێمە ........................................ ١٨٣
ل پرۆژێ رۆژهەلاتا ناڤینا مەزن ........................................ ١٩٧
ئەگەر کوردا سەروەریەک نەتەوەیی ل باشووری کوردستانێ نەبیت،
ئەوان مافێ داخازیا مانا ئەمریکا ل باشوورێ کوردستانێ نینە ........................................ ٢٠٧
ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتن: سیاسەتی ئەمریکا بە بنبەست گەیشتووە
یا پرۆژەی "عیراقی دیموکراتی و فیدرالی" ؟ ........................................ ٢٢٣
ستراتیژی ئەمریکا لە عیراق و چارەنووسی باشووری کوردستان ........................................ ٢٥٣
تورکیا لە ڕێگەی هەڕەشەوە، جارێکی تر کێشەی کوردی هێنایەوە
نێوەندی قسە و باس ........................................ ٢٧٥
پەیوەندیی کورد - ئەمریکا لە نێوان ویست و حەقیقەتدا ........................................ ٢٩٣
پێناسەو تیوری ناسیۆنالیزم ........................................ ٣١٣

***بەڵگەنامەکان***

١) دوو نامە بۆ حکومەتەکانی کوردستان ........................................ ٣٢٩
٢) چارەنووسی عیراق: هەوڵێك بۆ خەملاندنی بۆچوونێکی کوردستانیانە ........................................ ٣٣٧

## ژبەری پێشگۆتنێ

"خەلکێ کورد ل باشۆرێ کوردستانێ پشکداری د ئاڤاکرنـەڤا دەولەتـەکێ دا کـرن، کو دۆماهیکێ بچن داخوازا مافێن خوە ژ هەمان دەولەتێ بکەن!".

ئـەڤ پەرتۆکـە، ئێـك ژ وان پـەرتۆکێن گەلـەك گـرنگێن هـزرا شـرۆڤەکارا مـەژیێ مرۆڤـێ کـوردە، دگـەل رویـدانان و ل بـەری رویـدانان ب گەنگشـە و راڤـەکرنا وان رابوویە، ب دەهان هزر و پێشبینی دناڤ دا هاتینە خویاکرن.

هەتا نها، گەلەك ژ وان مینا خوە هاتینە و هندەك ژی هێشتا ل بەندا راسـتهاتن و دیاربوونێ مانە. پەرتۆکا "ئیراقا پشتی سەدامی و چارەنڤیسێ باشۆرێ کوردستانێ". هەلکۆلان و هووربینییا رویدانێن گرنگێن دۆزا کوردی و ئاڤاکرنا سەرژنوویا دەولـەتا ئیراقــێ و بگروڤەکێشــا خــوە چەســپاندنێ یــە. رەخنـــەکا ئاڤاکـــەر و رێشـــاندەرا سەرکرداتیا کوردی و پارتێن رامیاری و حوکمەتا هەرێما کوردستانێ یە.

ئەرێ؛ ئەڤ پەرتۆکە هایداریەکا توند و پێشوەختا پترییا مەترسـی و بڤـەتیییێن ل راستی کاروانێ بزاڤا ئازادی و خوە چەسپاندنا کوردانە. ژ بـەری پەیـدابوونا ئارێشـێ مللەتێ کورد و سەرکێشی یا وی پێ هاتییە ئاگەهدارکرن.

ئاڤاکرنا دەولەتا ئیراقێ د بەرژەوەندا کێ دایـە؟ کی مفادارە جارەکا دی ئیراقـەکا خورت و ئێکگرتی ئاڤا ببیت؟ وەك بەرێز دکتۆر بورهان دبێژیت: "خەلکی کـورد لـە باشۆری کوردستان بەشداریان کرد لـە دامەزرانـدنـەوەی دەولـەتێك، کـە دواجـار بچـن داوای مافەکانیان لە هەمان دەولەت بکەن".

براسـتی ژی ئـەڤ پێشبینی یـە گەلـەك راسـت بـوو، ئـەو دەولـەتا ژ بـەری هەشـتێ سالان ل سەر کیستێ کوردان و ل سەر ملێن کوردان ژبەر راگرتنا وێ هەڤسـەنگی یـێ دگەل شیعان ویلایەتا موسـل دانـە دگـەل ئیراقـێ. دەولەتـەك نـەگونجای پێکڤـەنان و پشتی پتری هەشتێ سالان ئەو دەولەتا ب خورتی پێکڤە گرێـدای هەلوەشیا و دوبـارە کـورد بوونـە فاکتـەرێ هـەری گـرنگ ژبـۆ ئاڤاکرنـا وێ. ئـەوا (٨٢) سـالان کـورد تێـدا ستەملێکری و بێبەهرماین، دیسـان ب ئاڤاکرنـا وێ گەلـەك ژ مـافێن وان هەلاویسـتی مان و ب هێزکرنا بەغدا هەمی ماف دناڤ دەستێن وێ دا دمینن.

براستێ ژی وەسا دهێت؛ بەغدا ب هێز دکـەڤیت و خـوە ل کـوردان نـەبان دکـەت؛ باشـترین نموونـە ژی دۆزا دەڤـەرێن هاتینـە داگیرکرنـێ و عـەرەبکرنـێ، مـادێ (١٤٠) ژ دسـتوورێ ئیراقـێ، دانپێـدان ب هـەرێما کوردسـتانێ وەك کیانـەك جـودا و هەڤپشـك

ددەولەتەکا هەڤگرتی دا، ئالایێ ئیراقێ، ناڤێ ئیراقێ، سنۆرێ هەرێمێ، داهاتێ ئیراقێ و دادوەرییا بەلاڤکرنێ، سنورێن دەستهەلاتدارییا هەرێمێ، پەیوەندیێن حوکمەتا هەرێمێ دگەل ناڤەندێ، دۆزێن هەلاویستی ئەڤە هەمی د ڤێ پەرتوکێ دا دهێنە گەنگەشەکرن.

زێدەباری ئەوان خالێن ل ژۆری نیشانپێهاتیەکرن، سەروبەرێ ناڤخۆیێ هەرێمێ و پەیوەندیێن کورد و کوردان د ناڤخوە دا، پەیوەندیێن هەرێمێ دگەل پشکێن دی یێن کوردستانێ، دگەل هەڤسوییان، نەمازە دەولەتا تورکیا، پرۆژێ "کورد- ئەمریکا- تورکیا" ئێك ژ بابەتێن گرنگێن ڤێ پەرتۆکێ نە.

نەحەز و دوژمنێن مە هەمی گاڤان دگۆت: "عەقلێ کرمانجی پاشی دهێت". هەر چەندە ئەڤە گۆتنا دوژمنان بوو، بەلێ ژبۆ خودێ گەلەك جاران ل سەر مە راست دهات و پشتی رویدانێ ژ نوو مە تەپ ل رانێن خوە ددان و دگۆت: "ما مە دزانی دێ هولێ هێت". ئەوا ئەڤرۆ ل بەردەستێ خواندەڤانێ هێژا بەروڤاژکرنا ڤێ بۆچوونێ یە، ئەقلێ مە ل پێشییێ هاتیە، ژبەری رویدانان و دگەل رویدانان پاشەرۆژ هاتیە خواندن و چارەسەری و ئەلتەرناتیڤ ژی هاتینە پێشنیارکرن. ئەوا دهاتەکرن و ل بەر بوو بهێتەکرن ل بەر ڤەکۆلین و گەنگەشێ دانایە، ئەنجامێن نیگەتیڤێن شاشیان، ئەگەر بهێنەکرن هاتینە بەرچاڤکرن. لەورا ئەم دکارین بێژین ئەڤ پەرتۆکە نیشانا بیرتیژییا کەکێ بورهانە، راستیا دلپاکی و راستگۆییا وی ژ مەرا دیار دکەت.

هەر ل بەراهیکێ ئەم وەك کۆڤارا (مەتین) پشتەڤانێن پرۆژێن کاك بورهانی بووینە، هەر زوودا ئەو پرۆژە و بەلگەنامە و ڤەکۆلین د کۆڤارا مە دا هاتینە بەلاڤکرن، هەر ژبەر گرنگییا بابەتی وەك پەرتۆك ژی ب تێکهەلی ژ هەردوو زاراڤان بەلاڤ دکەین. ئومێدەوارین ئەڤ پەرتۆکە ب بیتە مژارا خواندن و گەنگەشە و ڤەکۆلینان، د ئامادەینە هەر ڤەکۆلینەکا ژ هەژی ژ مەرا بهێت سەبارەت ڤێ مژارێ، چ وەك پەرتۆك یان گۆتار ژبۆ دەولەمەندکرنێ بەلاڤ بکەین.

**کۆڤارا مەتین**

## پێشەکی

ئەم پەرتووکەی بەردەست کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە و باس و گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی لەخۆ دەگرێ. هەموو بابەتەکان راستەوخۆ وە بە پلەی یەکەم بابەتی عیراقی دوای دکتاتۆر و باشووری کوردستان، بە پەیوەست لەگەڵ سیاسەتە نێونەتەوەییەکان و پرۆسەی سیاسی لە عیراق، تاوتوێ دەکەن. زۆربەی بابەتەکان لە گۆشەبینینێکی کوردی/کوردستانیەوە گوزارش لە هەندی ڕووداو و پرۆسە دەکەن. بگرە هەندێکیشیان دەربڕی بەشداری نووسەرن لە هەندی پرۆسەو ڕووداودا، بە تایبەتی لەبزووتنەوەی ریفراندەمدا.

گومانی تیا نیە کە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عیراق بووە سەرەتایەك بۆ کۆمەڵێك ڕووداو و پرۆسەی گرنگ وە هەروەها هەندێ ڕووداو و پرۆسەشی پەیوەندیدار کرد لە ئاستی جیا جیای کوردستانی و عیراقی و ئیقلیمی و نێونەتەوەییدا. بەر لە هەر شتێك دەبێ ئەوە بڵێم کە کەوتنی ڕژێمی بەعس هەژانێکی ژیۆ-ستراتیژی قووڵ و بەرفراوان بوو کە دواجار ناکرێ جیابکرێتەوە لە ئەو ڕووداوانەی کە عیراق و کوردستان و جیهان بە خۆیانەوەیان بینی هەر لە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و شەڕ لەسەر چارەنووسی کوێت و ئەو هاوکێشەیەی کە عیراق و کوردستان و ناوچەی تێیکەوتن یا پێیانەوە پەیوەندیدار بوون. هەڵبەتە لەم بارەیەوە هێرشە تێرۆریستیکەی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ ڕووداوی هەرەگرنگ بوو. بە مانایەکی تر خستنی ڕژێمی دیکتاتۆری لە عیراق بە لووتکە گەیاندنی ئەو هەژانە ژیۆ-ستراتیژیانە بوو کە لەشەڕی دووهەمی کەنداو و هێرشە تیرۆریستیەکەی ١١ی سێپتەمبەر کەوتبوویەوە.

دیارە ئەوەش دەبی بگۆتری کە سەرجەم ئەو هەژانانە، بە شێوەیەك یا شێوەیەکی تر، لە خزمەت دۆزی سیاسی گەلی کوردستان، بە تایبەتی لە باشووری کوردستان، بوو. دواجار بەدرێژایی دەها ساڵ حاڵەتی نەگۆڕاوی ئیقلیمی و قەبووڵنەکردنی کۆمەلگەی نێونەتەوەیی بۆ گۆڕانکریەکی هەژێنەر لە رووی ژیۆ-ستراتیژیەوە ڕێگرێکی هەرەگرنگ بوو لە بەردەم دۆزی کورد. بە مانایەکی تر ئەم هەژانانە کۆمەڵێك دەروازەی لە بەردەم گەلی کورد کردەوە ، جا ئەوە وەکو پرسیار دەمێنێتەوە لە بینینێکی دوورخایەندا کە ئایا کورد چەندە دەتوانێ سوودی سیاسی لەم کرانەوانە وەرگرێ.

جێگەی خۆیەتی بڵێم، بۆ خوێندنەوەی بابەتەکانی پەرتووکی بەردەست، گرنگە خوێنەر تێبینیەکی تایبەتی لە کاتی نووسین یا بڵاوبوونەوەی هەر بابەتێك بکات. زۆر جار ئەو تێبینیە یارمەتیمان دەدات تێکستی مێژوویی لە تێکستی سیاسی جیابکەینەوە، هەروەها یارمەتیمان دەدات کە بزانین بیروبۆچوونەکان تا چ رادەیەك وە بە چ شێوەیەك لە رووداو پرۆسەکان نزیکدەبنەوە.

**بورهان ئەبابەکر یاسین**
**لوند، سوید، بەهاری ٢٠٠٨**

# تەوەری یەکەم

# له ریفراندەمدا کوردستانێکی سەربەخۆ ١

**ئەم وتارە بە دوو بەش، لە رۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوبۆتەوە:**
**بەشی یەکەم لە ژمارە ١٣٧، ٢٠٠٣/٨/٢٠ ل ٦ و ژمارە ١٣٨، ٢٠٠٣/٨/٢٧ ل ٦.**

ماوەیەکە باشووری کوردستان بەرەو رووی مەترسیەکی مێژوویی بۆتەوە و رۆژ بە رۆژ ئەم مەترسیە زێدەتر و زێدەتر دەبێت. مەترسیەکەش ئەوەیە کە ئەوەی بە دەولەتی عیراق بە رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی، بە تایبەت رژێمی بەعس لە ٣٥ سالی رابردوودا بە رێگەی چەك و زۆرو بە عەرەبکردن...هتد ئەنجام نەدرا، ئەوا خەتەرێکی جددی هەیە کە بە رێگەیەکی "دیموکراسیانە" ئەنجام بدرێ. بەم مانایە ئەگەر کوردستان خۆی لە عیراق دانەبڕێ و دەولەتی سەربەخۆی تایبەت بە خۆی رانەگەیەنێ، ئەوا نەتەوەی زۆرینە لە عیراقی عەرەبیدا دەتوانی میکانیزمە دیموکراسیەکان بەکاربێنێ بۆ جارێکی تر پەراوێزکردنەوەی خەڵکی کوردستان و ئیرادە سیاسیەکەی هەر لە گەڵالەکردنی دەستوری عیراق تاوەکو دامەزراندنەوەی دەولەت بە هەموو دامودەزگاکانی.

لەم رۆژانەدا تێبینی دەکرێ کە گفتوگۆ و بگرە جوڵانەوەیەکی زۆر هەیە لەسەر مەسەلەی ریفراندەم. لەم وتارەمدا هەوڵ دەدەم وەکو بەشداریەك لەم گفتوگۆیەدا هەندێ بیر و بۆچوون لە مەر دۆزی کورد لە باشووری کوردستان، سیستەمی فیدرالی و دیالەکتیکی فیدرالی-دیموکراسی و مەسەلەی ریفراندەم و لەوێشدا سەربەخۆیی کوردستان، وەکو شیاوترین ئەلتەرنەتیف، بە کورتی بخەمە روو.

هەر زوو پێویستە بڵێم کە ئەمە یەکەم جار نیە نووسەری ئەم وتارە باس لە ئەلتەرنەتیفی تر و ریفراندەم دەکات، بەلکو ماوەیەکی زۆرە لە دەرفەت و جێگەی جیاجیادا جختم لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە، وەکو دیموکراسیترین شێوەی چارەسەری بۆ کێشەی باشووری کوردستان.[1]

## - ١ -

هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەولەتی عیراقەوە، لە بنەماکانی درووستبوون و بەردەوامی ئەم دەولەتە کۆمەلێك گرفت هەبوون: ١) گرفتی شیعە، ٢) کێشەی کورد، ٣) کێشەی سنوور، بەتایبەت لەگەل ئێران و تورکیا، ٤) دامەزرانی ئەم دەولەتە وەکو فۆرمێکی مۆدێرن لەسەر کۆمەلێك بنەما و پەیوەندی کۆمەلایەتی تەقلیدی، ٥) بوونی عیراق لە سیستەمی ئەقلیمی عەرەبیدا.

لە ئاوردانەوەیەکی بە پەلە لە ٨٢ سالی رابردووی مێژووی ئەم دەولەتە، ئاسانە تێبینی بکەین کەوا ئەم گرفت و فاکتەرانەی سەرەوە بە چڕی و بە توندی کاریگەریان هەبووە بەسەر پێشوەچوونی ئەم دەولەتە، بەتایبەتی لە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەیدا.

شاردراوە نیە کە دانەمەزرانی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان و بە زۆرەملی لکاندنی کوردستان بەکۆمەلێك یەکانەی جوگرافی-سیاسی کە هەموویان (تورکیا، عیراق، سوریا و ئێران) دەربری کۆمەلێك پرۆژەی ئایدیو-سیاسی چەند نەتەوەیەکی، دواتر، سەردەست (ورك، عەرەب وە فارس) مەسەلەیەکی هەرە گرنگە لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان. هەر لێرەشەوە گرنگە ئەوە بلێین کە جولانەوەی سیاسی کوردستان دوای فەرزکردنی ئەو حالەتە ژیۆپۆلیتیکیە، بە تایبەتی لە (١٩٤٠)ەکانی سەدەی رابردووەوە، رەوتی خۆگونجاندنی سیاسی وەرگرت تا رەدکردنەوەی حاڵەتەکە... دیارە ئەم رەوتی خۆگونجاندنە لە کۆمەلێك ئاستی گرنگی (سیاسی و کولتوری و ستراتیژی و پێکهاتەی سۆسیال - سایکۆلۆژی) دا کاریگەری راستەوخۆی هەبوو لەسەر بوون و شێوەی پێشوەچوون و گەشەکردنی کۆمەلگەی کوردەواری. ئەم رەوتی خۆگونجاندنە بە ئاشکراترین وە چروپرترین شێوە لە شێوەی دروشمی ئۆتۆنۆمی (دواتر فیدرالی) بۆ کوردستان وە دیموکراسی بۆ عیراق خۆی نواندوە.

باشووری کوردستان لەگەل رووخانی رژێمی سەدام لە رووی ژیۆپۆلیتیکی و یاسایی و پەیوەندیە نێونەتەوەییەکانەوە کەوتۆتە بەردەم حاڵەتێکی مێژوویی یەکجار چارەنووسساز. دەتوانین بێژین ئەم حاڵەتە زۆر لە حاڵەتی کورد لە ساڵانی ١٩١٨ - ١٩٢١ دەچێت، واتە هەر لە کاتی هەلوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی تاوەکو درووستکردنی دەولەتی عیراق. ئەم لەیەکچوونە وامان لێدەکات کە بلێین کورد

جارێکی تر لە چوارگۆشەی ژمارە یەکدا خۆی دەبینێتەوە، هەڵبەتە بە هەندێك جیاوازی زۆرەوە، وەکو بۆ نموونە کاریگەری و قەوارە و پێشکەوتنی ئاستی هۆشمەندی جولانەوەی سیاسی لە کوردستان.

- ٢ -

وەکو ئاشکرایە هەر دوو سیستەمی ئۆتۆنۆمی و فیدرالی هەندێك جار وەکو ئیجرایەکی ئیداری و هەندێك جاریش وەکو ئیجرایەکی سیاسی پیادەکراون، جا چ لە وڵاتانی بە سیستەمی سیاسی دیموکراسی بێ یا غەیرە دیموکراسی بە شێوەیەکی گشتی لەناو خەڵکی باشووری کوردستان تەسەوورێکی ئەوها هەیە کە سیستەمی فیدرالی دەتوانی زۆر لە ئۆتۆنۆمی زیاتر بۆ کورد مسۆگەر بکات. بە گشتی بەرزراگرتنی بریاری پەرلەمانی کوردستان (مە ساڵی ١٩٩٢) بە فیدرالی بۆ ئەوەی پێی دەبێژرێ "ئیقلیمی کوردستان" دەلیلێکی ئەم شێوە تێگەیشتنەیە.

بە چاوخشاندنێك بە ئەزموونەکانی فیدرالی و ئۆتۆنۆمی لە جیهاندا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوی کە: ١) دەکری فیدرالی یاخود ئۆتۆنۆمی ناوبن بۆ هەمان سیستەم یاخود حاڵەت؛ ٢) دەکرێ بگۆترێ کە حاڵەتی وا هەیە ئۆتۆنۆمی بە هێزترە لە فیدرالی. لە راستیشدا فیدرالی زۆرتر ئیجرایەکی ئیدارییە تا سیاسی وە بگرە بۆچوونێکیش هەیە کە دەڵێ تەنها ئۆتۆنۆمی گونجاوە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی خاك. لە راستیدا ئەوە بە هێزی و بێهێزی ناوەرۆکی هەریەك لەو سیستەمانەیە کە لە یەکتریان جیا دەکاتەوە؛ ٣) بە پێی ئەم دوو سیستەمە سێ دەسەتهەڵاتی هەرە گرنگ وە چارەنووسساز بە دەستی دەستهەڵاتی ناوەندین کە ئەمانیش بەرگری و ئابووری و سیاسەتی دەرەوەن کە ئەمەش بۆ نموونە راگەیاندنی جەنگ و بەستنی پەیمانی ئاشتی و مەسەلە ستراتیژیەکان دەگرێتەوە.

خاڵێکی گرنگ لە جەدەلی ئۆتۆنۆمی و سیستەمی دیموکراسی یا سیستەمی فیدرالی و دیموکراسیدا ئەوەیە کە بەپێی لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کەوا سیستەمی دیموکراسی باشترین ژینگە و زەمانەتە بۆ بوون و گەشەکردنی بنەماکانی دابەشکردنی دەستهەڵات لە نێوان ئیقلیم یا چەند ئیقلیمێك و دەستهەڵاتی ناوەندی،

جا چ به پێی شێوازی ئۆتۆنۆمی بێت یا فیدرالی.[٣] چونکە دواجار مەبەست لە ئۆتۆنۆمی یا فیدرالی دابەشکردنی دەستهەڵاتە (لە نێوان ئیقلیم یا چەند ئیقلیمێك و دەستهەڵاتی ناوەندی).

لە راستیدا لە حاڵەتی ئەزموونی سیستەمی فیدرالی لە وڵاتە یەکگرتووەکان، سیستەمی فیدرالی و میکانیزمە دیموکراسیەکان بە چڕی دەچنە ناو یەکتر. سەرەتاکانی فیکریی ئەو سیستەمە لە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەمان پێدەڵێن کەوا مەبەست لە سیستەمی فیدرالی لە ئەمریکا ئاسانکردنی ئیدارەی وڵات و بەهێزکردنی سیستەمی دیموکراسی بوو. وە لە لایەکی ترەوە مەبەست لە هەردووکیشیان کەمکردنەوەی دەستهەڵاتی سیاسی و ئابووری ناوەندی حوکم بوو لە واشنتۆن. لەلایەکی ترەوە گرنگە ئەوە بزانین کە سیستەمی دیموکراسی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ناتوانێ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی بکات: دیموکراسی پرسی پەیوەندیەکانی تاك و کۆمەل وە بەتایبەتی تاك و دەستهەڵات (بە هەموو شێوەکانیەوە) چارەسەر دەکات.

کاتێکیش کە باس دێتە سەر چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی کێشەی نەتەوەیەك بە پەیوەندی لەگەل دەستهەڵاتێکی داگیرکەر یا ناوەندی ئەوا چارەسەرەکان لە مێژوودا بە شێوەی جۆراوجۆر دەرکەوتوون. شێوەچارەسەری هەرە بەرجەستە لە مێژوودا هی دەولەتی نەتەوەییە وە بیرۆکەو سەرهەڵدانی مێژوویی ئەم پێشوەچوونەش پێ لە مێژووی ئەوروپای مۆدێرن هەڵدەگرێ... لە لایەکی ترەوە کێشەی ئەو نەتەوانەی کە لە رێگەی دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەت بەو نەتەوانە چارەسەر نەکراوون، لە مێژوودا بە نیوەچارەسەری یا بەبێ چارەسەری ماونەتەوە. کە دەڵێم نیوەچارەسەری مەبەستم نەك هەر ئەو نیوەچارەسەریەیە کە لە وڵاتانی بە سیستەم سۆسیالیست (یەکیەتی سۆڤیەت و وڵاتانی پێشووی ئەوروپای رۆژهەڵات) کە لە وێدا ناتوانین باس لە بنەما سیاسی و میکانیزمەکانی سیستەمی دیموکراسی بکەین، بەڵکو ئەم نیوەچارەسەریە دەتوانی وڵاتانی دیموکراسیش بگرێتەوە.

هەڵبەتە لە حاڵەتی ئەزموونی وڵاتانی سۆسیالیستدا دیارە مێژوو بە جوانی پیشانیدا چۆن یەکیەتی سۆڤیەت و یوگسلاڤیا دوای تەواوبوونی جەنگی سارد سیستەمە ئۆتۆنۆمی و فیدرالیەکەیان، واتە سیستەمی نیوەچارەسەریان بۆ مەسەلەی نەتەوەیی، هەڵوەشایەوە: بە شێوەی ئاشتیخوازانە یا ململانێی خوێناوی. لەم

ئەزموونانەدا بە جوانی دەرکەوت کە ئەوە تەنها سیستەمی ئیمپراتۆری، بەر لە دەولەتی نەتەوەییە، کە دەتوانی فرەنەتەوەیی بێت. هەر لێرەش پێویستە بگوترێ کە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان بیرۆکەی فرەنەتەوەیی و فرەکولتوری هەیەك؛ ئەمریکا دەتوانێ یەك نەتەوە پێکبهێنێ لە کۆی توخمەکانی کۆمەلگایەکی فرە کولتوریدا. پێویستە ئەم جیاوازیەش ببینرێ. لە لایەکی ترەوە پێویستە ئەوە بگۆترێ کە سیستەمی ئۆتۆنۆمی و فیدرالی نەك هەر لەحاڵەتی سیستەمە نادیموکراسیەکاندا نیوە چارەسەریە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی، بەڵکو لەراستیدا ئەزموونی هەندێك لە وڵاتانی دیموکراسیشدا لە ئەوروپای رۆژئاوا ئەوە دەردەخەن کەوا ئۆتۆنۆمی یا فیدرالی هەتا بگرە لە سیستەمی ئەوپەڕی دیموکراسیش هەر نیوە چارەسەرییە، واتە چارەسەری تەواو و بنبڕ نیە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی. ئەزموونی دوو ئیقلیمی فیدرالی کە ئیقلیمی باسکی ئیسپانی و کیوبیکی کەنەدین رێك ئەوەمان پێدەڵێن. لە حاڵەتی یەکەمدا ململانێیەکی خوێناوی گوزارش لەو نیوەچارەسەریە دەکات وە لە حالەتی دووەمیش بە شێوەیەکی ئاشتیانە (واتە ئەو دوو ریفراندەمەی تا ئێستا لە کیوبیك ئەنجامدراوون بۆ جیابوونەوە یا مانەوە وەکو بەشێك لە کەنەدا).

دیارە نەتەوە وەکو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دەرهاوێشتەی پرۆسەیەکی مێژووییە کە زیاتر بەستراوە بە گەشەسەندنی کۆمەلگای مۆدێرن وە هەر لەوێشەوە دەولەتی نەتەوەیی چوارچێوەیەکی سیاسی-یاسایی خۆرێکخستن و گوزارش لە خۆکردنی نەتەوەیە. دیارە لێرەوە مەسەلەی نەتەوەیی لەو جێگەیە ناوەستێ کە هەندێ مافی دیموکراسی و کولتوری دەستپێدەکەن کە بۆ نەتەوەکە مومکین دەبن مومارەسەیان بکات. بەڵکو پرسی نەتەوەیی بە پلەی یەکەم پرسی ئیرادەی نەتەوەیی و دەستهەڵاتی سیاسیە وە تا ئەو پرسی دەستهەڵاتی سیاسیەش بەتەواوەتی چارەسەر نەکرێت ئەوا پرسی نەتەوە هەر ماوەتەوە وەکو ململانێیەك کە زۆر تەوەری تر دەگرێتەوە کە زۆر زێتر لە پرسی دیموکراسی و ناسنامە و مافی پاراستنی کولتوری خۆ. دەستهەڵاتی سیاسی کە نەتەوەیەك دەخوازێ بەدەستیبێنێ بەتەواوەتی بەدەست نایەت تا سەروەری نەتەوەیی بە تەواوەتی بەدەست نەیەت. کە دەشلێین سەروەری نەتەوەیی ئەوا مەبەستمان هەردوو رەهەندی سەروەرین؛ لە یەکەمیاندا نەتەوە رووی لە ناوخۆیە و وە ئەو رووەی سەروەریش لە کۆی سەروەری ئەندامانی نەتەوە

پێك دێت كە ئەویش خۆی بە باشترین شێوە بە سیستەمێكی سیاسی دەردەبڕێ كە كۆی ئەندامانی نەتەوە هەلیدەبژێرن بە ئیرادەی خۆیان بەبێ ئەوەی ئیرادەیەكی لە دەرەوەی نەتەوەوە هاتوو بۆی هەبێ بڕیار لەسەر شێوەو میكانیزمی ئەم سیستەمە بدات وە هەروەها بڕیاری تەواوی بەسەر سەرچاوەكانی دەوڵەمەندی سەر خاك و ژێر خاكی خۆیەوە بێ. رەهەندی دووەمی سەروەری، كە یەكسەر تەواوكەری رەهەندی یەكەمی سەروەریە، ئەوەیە كە نەتەوە لە پەیوەندیە نێونەتەوەییەكاندا مافەكان و ستراتیژ و ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بە گونجاوترین رێگا و ئامراز بخەملێنێ بەو شێوەیەی كە بەرژەوەندیە نەتەوەییەكان بە باشترین شێوە بپارێزێ. بە مانایەكی تر سەروەری نەتەوەیی لەرووی دەرەوەیدا باشترین میكانیزم و پەراوێزی بەرگری لە خۆكردن و بڕیاردان لەسەر ئاشتی وراگەیاندنی جەنگ وە هەروەها بەستنی پەیوەندیە دەرەكیەكان دەدات، بەوشێوەیەی كە لە خزمەتی نەتەوە دایە.

- ٣ -

هەر لەگەڵ باس و خواسی لێدان یا لێنەدانی عیراق لە ئاكامی رووداوەكانی ١١ی سێپتەمبەر، هێزە كوردستانی و عەرەبیەكان كەوتنە هەوڵێكی زۆر بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو قۆناغە و خۆئامادەكردن بۆ هەر ئەگەرێك كە لە لێدان و كەوتنی رژێمی عیراق بكەوێتەوە. زۆر بە كورتی، كۆنفرانسی لەندەن لە دیسەمبەری ٢٠٠٢ رووداوێكی گرنگ بوو لەم پرۆسەیەدا، تا ئەو جێگایەی كە پەیوەندی بە كێشەی كوردستانەوە هەیە. من وادەزانم كۆنفرانسی لەندەن ئەو سەركەوتنە نەبوو بۆ كورد وەكو ئەوەی گوزارەشی لێكرا لە میدیای رەسمی پارتی و یەكیێتیدا، بە پێی راگەیاندنی كۆنفرانسی لەندەن: ١) راستە فیدرالی قەبوڵ كرا، بەڵام فیدرالیەك لەسەر بنچینەی ئیداری و بۆ هەموو عیراق، ٢) بە شێوەیەكی شاردراوە، ئەوە هەموو خەڵكی عیراقە كە دەبێ دەنگ بدەن لەسەر ئەوەی ئایا سیستەمی داهاتوو فیدرالی دەبێ یان نا. بە مانایەك مافی چارەی خۆنووسین بۆ كورد لە یەكێ لە بەندەكانی راگەیاندنی كۆتایی كۆنفرانس باسی لێوەدەكرێ، بەڵام خاڵیكراوە لە ناوەڕۆكە

راستەقینەکەی، ٣) دەوڵەتی داهاتووی عیراق کەم یا زۆر ئیسلامی دەبێ، لەبەر ئەوە دەکرێ بپرسین ئایا ئەم شێوە دەوڵەتە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی دیموکراسی چەند گونجاوە، ٤) کورد، بەپێی راگەیاندنەکە هیچ زەمانەتێکی پێنەدراوە بۆ ئەوەی ئەم زەمانەتە وەکو میکانیزمێك بخرێتە گەر ئەگەر هاتوو بەرژەوەندیەکانی کورد لەگەڵ دەستهەڵاتی ناوەندی لە مەسەلەیەکی سیاسی یا ستراتیژی یەکینەگرنەوە. ئاخر بە پێی ئەم راگەیاندنە کورد مافی ڤیتۆی نیە، هێزی پێشمەرگە دەبێ بە بەشێك لە هێزی چەکداری عیراق وە هەروەها هیچ زەمانەتێکی نێونەتەوەیی نیە کە کورد سکاڵای خۆی بۆ ببات بۆ ئەوەی گرفتەکانی لەگەڵ دەستهەڵاتی ناوەندی یەکلا بکاتەوە.

بە باوەری من ئەوەی کە دوای کەوتنی رژێمی سەدام بریاری لەسەر درا لە کۆبوونەوەکەی ناسریە لە ناوەراستی ئەپریلی ئەم سالە پاشەکشەیەکی تر بوو بۆ کورد و ئاسۆکانی چارەسەری کێشەی کورد لە باشووری کوردستان. لە راستیدا راگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی ناسریە کە لە ١٤ خاڵ پێکهاتووە باس لە کورد و کوردستان و دۆزەکەی ناکات. لە خاڵی سێهەمی راگەیاندنەکەدا هاتووە کە عیراق سیستەمەکەی فیدرالی دەبێت بە مەرجێك کە راپرسی سەرانسەری (هەموو عیراق) لەسەر بکرێ. ئێستا دوای کەوتنی رژێمی دکتاتور و بوونی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عیراق، دەکرێ تێبینی بکرێ کە: ١) سیاسەتی ئەمریکا لە عیراق و بەرامبەر دوارۆژی ئەم وڵاتە لە گۆرانکاریەکی بەردەوامدا بووە ئەویش بەپێی کارکردن لەگەڵ راستیەکانی دوای رژێمی سەدام وە هەروەها ململانێی دەسەهەڵات لەناو ئیدارە و ناوەندەکانی بریاری ئەمریکی. هاوکات بەردەوام نارۆونی و نائاشکراییەك لە سیاسەتی ئەم وڵاتە بەرامبەربە عیراق و فایلی کوردی لەو وڵاتە تێبینی دەکرێ؛ ٢) هەر نەبی لە کۆنفرانسی لەندەنەوە تەسەوورێکی ئەوها لای سەرکردە کوردەکان دروست بوو کە ئەوانن "برا گەورەن" و ئەوانن رۆڵی سەری رم و ماکینەی بەدیموکراسیکردنی عیراق دەبینن. لەلایێکی ترەوە، دەترسم کورد لە قەبووڵکردنی ئەم رۆڵەدا دۆزی تایبەتی خۆی لە دەست بدات و عیراقی دیموکراسی و فیدرالیش بەدەست نەهێنێ [٤] ؛ ٣) ئەوەی کە سەرکردەی پارتی و یەکێتی تا ئێستە کردوویانە ئەوەیە کە هەموو سیاسەتی کوردیان لە فلتەری عیراق و بەعیراقیبوون

دەربڕیوە، کەچی وادەزانم هەرزوو دەکرا سەرکردەکان بە ڕەوتی بەکوردستانیکردنی کێشەی کورد کاریان بکردایە و بیریان لە هەندێ پڕۆژەی ستراتیژی کوردستانی-ئەمریکی بکردایەوە،[٥] شێوەی هەڵسوکەوتی هێزە عیراقیەکان بەرامبەر دۆزی خەڵکی کوردستان زۆر ناشیاو بەو دۆزە بووە، بگرە هەندێ جار لێرەو لەوێ بۆچوون و دەنگی وا هەن کە زۆر نێگەتیفترن لە هی ڕژێمی بەعس. ئەوەتا کەسێکی لیبرالی تا ئێستا "دۆستی" کورد کە (کەنعان مەکیە)یە بەردەوام جخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا سیستەمی فیدرالی نابێ لەسەر بنچینەی ئیتنیکی دابمەزرێ[٦] و هێزی پێشمەرگەش دەبێ هەلوەشێتەوە؛ ٤) هەندێك هێز، بەتایبەتی شیعی، هەن کە دوودڵی ناکەن لە قەبوڵکردنی سیستەمی فیدرالی بۆ کورد بەمەرجێك کورد سیستەمێکی ئیسلامی بۆ عیراق قەبوڵ بکات. بۆ نموونە باس لە لەیەکگەیشتنێکی نەهێنی لەم جۆرە لە نێوان بەڕێز مەسعود بارزانی و باقر محمد الحكيم (لەشاری نەجەف لە ٥ی حوزەیرانی ئەمسال) دەکرێ. بەم پێیە ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی لە عیراق فیدرالی قەبوڵ بکات بەرامبەر قەبوڵکردنی کورد هی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە عیراق.[٧] ئەوە ڕێك کارێکی نادیموکراسیانەیە و ڕژێمێکی تیوکراتی نادیموکراسی لێدەکەوێتەوە؛ ٥) سەرانی کورد ئەوەیان قەبوڵ کردووە کە بڕیار لەسەر فیدرالی بۆ کوردستان بۆ دەنگدانی تەواوی پەرلەمانی عیراق وە یا هەموو عیراقیەکان بمێنێتەوە[٨] کە ئەمەش موغامەرەیەکی سیاسیە و بە ئەگەری زۆر کێشەی کورد دەخاتە ژێر ئیرادەی زۆرینەی عەرەبی لە عیراق کە دەکرێ لە دەنگدانێکی "دیموکراسیانە "بڕیارێك بدات کە ئەنجامەکەی بنپێکردنی مافە سیاسیەکانی خەڵکی کوردستان بێت؛ ٦) لە کاتێکدا کە پێویستە کورد لە باشووری کوردستان لە هەموو ئاستێکدا یەکگرتوو بێت، ئەوەتا بە پێچەوانەوە بەردەوامی نەبوونی یەك ئیدارەیی و یەك گووتاری سیاسی نەتەوەیی گونجاو باڵی بەسەر باری سیاسی باشووری کوردستاندا گرتووە. ئەم حاڵەتە دەربڕی عەقلیەت و هەڵوێستی ئەوپەڕی نادیموکراسیانەیە لەمەر مەسەلەی تەواوی دەستهەڵات لە کوردستان و هەروەها بە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی عیراقی دوارۆژ و سیاسەتی ئەمریکا. ئاخر کاتێك یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر زاری ئەندامی سەرکردایەتیەکەی (عادل موراد) بە ڕاشکاوی بلێ نا بۆ تێپەڕبوونی هێزەکانی تورکیا بە باشووری کوردستاندا ئەوەتا پارتی بێدەنگە.[٩]

ئا لەم بارووددۆخەدا، هەروەکو پێشتر گوترا، خەڵکی کوردستان لە کات و ساتێکی چەندی بلێی چارەنوسسازدا دەژین. ئەم جۆرە قۆناغانەش لە مێژوودا هەم زۆر کەم هەڵدەکەون وە هەروەهاش پێویست بە بڕیاری بەهێز و چارەنووسساز و بوێر دەکەن. ئەوەتا لینین و دیڤید بن گوریون و هیلمۆت کۆل سێ سەرکردەن و شایەتی و بڕیاردەرن لە سێ رووداوی زۆر مێژووییدا: شۆرشی ئۆکتۆبەر، دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل وە دواییشیان روخاندنی دیواری بەرلین. هەرسێکیان لەسەر یەك شت کۆکن، بەڵام لە زرووفی مێژوویی جیاجیادا، کە بەڵێ دەکرێ بڕیاری سیاسی چارنووسساز بە چەند کاتژمێرێك زۆرفەرق بکات... کورد لە دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی ماوەیەکی باشی بەدەستەوە بوو (١٩١٨ - ١٩٢١)، بەڵام ئیمرۆ لە باشووری کوردستان کات زۆر کەمە و دەبێ بە پەلە خەڵکانی ووشیار و خاوەن بڕیار هەنگاو هەڵێنن بەرەو بە یەکجارەکی چارەسەری کێشەی باشووری کوردستان. جختکردن لەسەر ریفراندەم وەکو ئامرازێکی دیموکراسی و پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە رووی عەمەلیەوە. لە بارەی ریفراندەم و کوردستانێکی سەربەخۆ لەناو ئەلتەرنەتیڤەکانیدا دەکرێ چەند خاڵێك دەستنیشان بکەین:

١) بە پێچەوانەی هەندێ بۆچوون کە دەخوازن جخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە ریفراندەم تەنها بۆ وڵاتانی داگیرکراو هاتووە، وە بەم شێوەیەش دژ بە رەوتی ریفراندەم قسەیەك بکەن. دەتوانین بە ئاسانی بلێین کە ئەم هەڵوێستە لەسەر زانیاریەکی تەواو دانەمەزراوە: کیوبیکی کەنەدی ناوچەیەکی داگیرکراو وە یا (کۆلۆنیکراو) نیە، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا دوو جار ریفراندەمی کردووە. گرینلاند کە لە (١٣٠٠)ەکانەوە سەر بە دانیمارکەو ژمارەی دانیشتوانی هەر ٥٠ هەزار کەس دەبن (٨٠ لە سەد ئینویت واتە ئیسکیمۆیی و ٢٠ لە سەد دانیمارکی) تا ئێستا دوو دانە ریفراندەمی تیادا ئەنجام دراوە ١٩٧٩ وە ١٩٨٢، بە پێی یەکەمیان ئۆتۆنۆمی پێدرا وە بە پێی دووهەمیان گرینلاند خۆی لە بازاری ئەورووپی هاوبەش کێشایەوە؛

٢) ئەگەر کورد هەروەکو بەشێك لە عیراقی داهاتوودا بمێنێتەوە، ئەوا کورد لە باشترین حاڵەتدا وە هەتا بگرە لە سیستەمێکی دیموکراسیشدا بە پێی رێژەی دانیشتوان (لە باشترین حالەت ٢٥ لە سەد) ناتوانی رێگا لە هەندێ بڕیاری

چارەنووسساز بگرێ کە لە بەرژەوەندی زۆرینەی عەرەبە و لە دژی (کەمینە)ی کوردە. لە راستیشدا بە پێی پەیمانی بەرگری هاوبەش (لەنێوان وڵاتانی عەرەبی ١٩٥٢)، هەر وڵاتێکی عەرەبی پێویستە بەرگری بکات لە وڵاتانی تری عەرەبی. عیراق لەم پەیمانە هاوبەشە و لە کۆمکاری عەرەبیدا ئەندامە. پرسیار ئەوەیە ئایا کورد بەرژەوەندی چیە سبەینی بە پێی بیرکردنەوەیەکی عەرەبی یا ئیسلامی وە یا ئیسلامی-عەرەبی بە رەغمی ئیرادەی خۆی رابکێشرێتە ناو شەڕ لەسەر فەلەستین یا (شەتی عەرەب) یا هەر شەڕێکی لەو جۆرە. لە راستیشدا کورد لە عیراقێکی یەکبوودا نەك هەر دەبێتە کەمینە لە ناو سنوورەکانی ئەم دەوڵەتەدا، بەڵکو کەمینەیەکی زۆر کەم لە چوارچێوەی سیستەمێکی عەرەبی و پەیوەندیە عەرەبیەکان؛

٣) وڵاتانی عەرەبی بە پێی هیچ پێوەرێکی مۆرالی یا یاسایی نێونەتەوەیی بۆیان نیە دژایەتی دامەزرانی کوردستانێکی سەربەخۆ بکەن. ئەوە نیە عەرەب خاوەنی ٢٢ دەولەتی عەرەبین و ٥٠ سالە بە ٦ دانە شەڕی عەرەبی-ئیسرائیلیشەوە (جگە لە هەموو تراژیدیا و خوێنرێژیەکی تر) دەخوازن دەوڵەتێکی تری عەرەبی (فەلەستین) دابمەزرێنن. خیتابی کوردی بە رووی عەرەبدا دەتوانی بە ئاسانی ئەوە بڵێ کە خەڵکی باشووری کوردستان تەنها ئەوە دەخوازن کە ئێوەی عەرەب بۆ فەلەستینیەکان دەها ساڵە خەباتی بۆ دەکەن، زیاتر نا. ئەم گووتارەیە کە نامۆیە لە گووتاری سیاسی کوردیدا و سەلمێنراویشە کە گوتاری (برایەتی کورد و عەرەب) گووتارێکی بە کەڵك نەبووە ، چونکە لە سیاسەتدا سیاسەتی واقعی (realpolitik) سەردەستە وە لەم جۆرە سیاسەتەشدا بەرژەوەندی و هێز و دۆستایەتی ستراتیژی و تاکتیکی و...هتد چمکی کارپێکراون؛

٤) هەر لە پەیوەندی ئیقلیمیدا ئەو ئاسانە نیە، ئەگەر ئیمرۆ ئەسلەن مومکینیش بێت، کە تورکیا و ئێران و سوریا بەیەکەوە دژی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی لە باشووری کوردستان زۆر شت بکەن: ئێران و سوریا خۆیان لە فۆڵی شەڕ دەبینرێن لە لایەن ئەمریکاوە، تورکیاش بەو ئاسانیە ناتوانێ بە هەوەسی خۆی جوڵە بکات. بە باوەڕی من ئەمجارەشیان تورکیا ناتوانێ بڕیاری ناردنی هێزی خۆی بۆ عیراق بدات ئەمەش زیاتر لەبەر ئیعتیباراتی سیاسەتی ناوەوە و هەڵوێستەی ناوەندەکانی بڕیارە لە تورکیا. ئەوەی کە لەوانەیە ئەم ناردنی هێزە نامومکین بکات یەکبوون و بە بڕیار پیشاندانی دەنگی باشووری کوردستانە. نەناردنی هێزی تورکیا بۆ عیراق

لەوانەیە ببێتـە هـۆی کوشـتنـەوەی بەتـەواوەتی ئـەو چـێڵە پـیرۆزەی پەیوەندیـەکانی ئەمریکا و تورکیا کـە بـە بڕیـاری ١ی مارسـی ئەمسـاڵ چـەقۆی لێڕاسـتکرایەوە. هـەر چەوتیەکی کە ئیمڕۆ تورکیا بیکات بە ئەگەری زۆر دەکـرێ ببێتـە هـۆی لـەگۆڕنانی خـەونی سـتراتیژی تورکیـا بـۆ چـوونە نـاو یـەکێتی ئـەوروپا... دیسـان لـە رووی ئیقلیمیشەوە دەکری هـەر زوو کـورد ئـەوە بڵـی کـە دەوڵـەتی سـەربەخۆی کوردسـتان دەتـوانی نائـارامی کەمبکاتـەوە لـە ناوچـە و هـەر لـە یەکـەم ساتەوە ئـەم دەوڵەتـە کۆمەڵێك پەیمانی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەدا مۆر دەکات و هـەتا بگـرە دەکـرێ بـۆ مـاوەی ٣ تـا ٥ سـاڵ ئـەم دەوڵەتـە لـەژێر چـاودێری نەتەوەیـەکگرتووەکان و بـە زەمانەتێکی ئەمریکی بمێنێتەوە و مەسەلەی دروستکردنی هێزی چەکداری بۆ پـاش ئەو ماوەیە دوا دەخات؛

٥) لە رووی نێونەتەوەییەوە، گرنگە بە راشکاوی کورد بە هێزەکانی هاوپـەیمان و بـە تایبەت ئەمریکا بڵێ کە ئەو چەوتیە مێژووییەی بەریتانیا بەر لە (٨٢) سـاڵ کـردی، نـابێ ئـەمریکا بـەردەوامبێ لەسـەری یـا بیکاتـەوە. بـە پێچـەوانەوە ئـەمریکا بـۆ یەکجارەکی بوارێکی مێژوویی هەیە کە ئەم هەڵەیە (یاخود غەدر)ە مێژووییە راست بکاتەوە لە رێگەی بواردان بە خەڵکی کوردستان کە بە خۆیان بڕیاری خۆیـان بـدەن. دەبـێ هـەر لێرەشـدا بگـوترێ کـە شـەقامی کـوردی تـەنها شـەقامێکە لـە جیهـانی ئیسـلامیدا کـە بـەبێ سـێ و دوو پشـتگیری ئـەمریکا دەکـات. بـەڵام ئەگـەر ئـەمریکا خوێندنەوەیەکی ستراتیژی عاقلانە نەکات بۆ ئەم حاڵەتە ،ئەوا مەترسی دەکـری کـە ئەمریکا و کورد عیراقیش بەدەست نەهێنن و کوردستانیش لە دەست بدەن؛[١١]

٦) گووتاری کوردی (بۆ ناوەوە و بۆ دەرەوە) دەبێ ئەوە بە جوانی روون بکاتەوە کـە: لە ماوەی ٧٠ ساڵدا (١٩٢١ - ١٩٩١) کورد بە "برایەتی" لە دەرگـای دەوڵـەتی عیراقـی داو هەوڵی جددی بۆ دیموکراتیزەکردنی دا، کەچی هەر تـراژیدیا و ماڵوێرانی بەشی بـوو لەم خەباتەدا، بەڵام لـە مـاوەی دوانـزە سـالی رابـردوودا لـە بـەر ئـەوەی کـورد بـواری "بەخۆبوون"ی هەبوو سەرەڕای هـەموو کێماسـی و چـەوتیەکانی سیاسـەتی پـارتی و یەکێتی و سەرەڕای دوو گەمارۆ و تەهدیدی جددی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان و رژێمـی بـەعس، دەبـێ بگـوترێ سـەرەڕای ئەمـە هـەمووی خـەڵکی کوردسـتان تـوانی دەسـتکەوتی زۆر بەدەسـت بهێنێ. بـە مانایـەکی تـر ئـەزموونی باشـووری کوردسـتان رێك ئەوەمان پێدەڵێ کە تا خـەڵکی کوردسـتان بـە ئـیرادەی خـۆی، دوور لـە ئـیرادەی

نەتەوەی سەردەست، بڕیار لەسەر شێوەی ژیانی خۆی نەدات، ئەوا مەترسی هەیە کە کورد جارێکی تر بگەڕێتەوە دۆخی پێشوو و نەتوانێ ژیانی خۆی چاکتر بکات. هەروەکو لە سەرەوە گوترا ئەم ئاماژەیە زۆر گرنگە جختی لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بڕیاری "بەخۆبوون" و جیابوونەوە لە عیراق بدات، واتە بڕیاری خۆی یەکلا بکاتەوە لە قازانجی خەیاری کوردستانێکی سەربەخۆ. هەر ئەم لۆژیکەش دەکرێ بەکاربێ بۆ قەناعەت پێکردنی لایەنە نێونەتەوەییەکان، بە تایبەتی ئەمریکا و ئەوروپای رۆژئاوا؛

٧) خەڵکی کوردستان بە ئاسانی دەتوانێ بە ئەمریکیەکان بڵێ کە ئەگەر پرۆژەی ئەمریکا دیموکراسیە بۆ ناوچەکە، ئەوا جوانترین شێوەی ئەم پرۆژەیە رێگەدان دەبێ بە خەڵکی کوردستان کە بە رێگەیەکی دیموکراسیانە، واتە بە راپرسییێکی گشتی بڕیار لەسەر چارەنووس و دواڕۆژی خۆی بدات؛

٨) کێشەی کورد لە عیراق تەنها کێشەی کورد نیە، بەڵکو کێشەی عیراق و کوردە. بە مانایەکی دیکە لە پڕۆژەی کوردستانێکی سەربەخۆدا نەك هەر کورد سوودمەندە، بەڵکو بە هەمان شێوە عیراقی عەرەبیش سوودمەندە: عیراقی عەرەبی چیتر پێویست ناکات لە ململانێیەکی بنەهاتوودا سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی خۆی و گیانی لاوەکانی بکا بە قوربانی. عیراقی عەرەبی دەتوانێ لە چوارچێوەی هارمۆنیایەکی ئیتنیکی ئەو شێوە سیستەمە سیاسیەی کە دەخوازێ هەلبژێرێ بەبێ گوێدانە نەتەوەیەکی یا گروپێکی ئیتنیکی تر؛

٩) کەمایەتیەکانی کوردستان (تورکمەن و کلدۆ - ئاسوری) لە کوردستانێکی سەربەخۆ زۆر سوودمەند دەبن. وەکو چەندایەتی ئەم دوو کەمایەتیە سەنگێکی زیاتریان دەبێ لە کوردستانێکی سەربەخۆدا کە ژمارەی دانیشتووانی کەم یا زۆر ٦ ملیۆن کەس دەبێ لەوەی لە وڵاتێکی کە ژمارەی دانیشتووانی ٢٦ ملیۆن بێت. لە رووی چۆنایەتی و ئەزموونی مێژووییشەوە بە ئاسانی دەتوانین بلێین ئەوەی کە بەشی کەمایەتیەکان بووە لە مافی کولتوری و سیاسی لە ١٢ ساڵی رابردوودا لە هیچ وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ هیچ کەمایەتیەك نەلواوە. دوور رۆیشتن نیە گەر بلێین بڕیاری سیاسی عەقلانی ئەم کەمایەتیانە سروشتیە کە بۆ کوردستانێکی جودا لە عیراق بێت؛

١٠) من باوەڕم وایە کە لە مەسەلەی ریفراندەمدا ئیمرۆ شەقامی کوردستان

بریاردەرە. هەزاران کەس ئیمرۆ لە کوردستان دەتوانن بێنە سەر شەقام بە شێوەیەکی زۆر شارستانیانە و ئاشتیخوازانە داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەن. ئاخر ئەم بڕیارە مێژووییە پێویستی بە هەژانێك و هەلتەکانێکی بنەڕەتی هەیە، پێشتر ئەم هەلتەکانە رووی لە ناوەوە بێت و لەوێشدا ئەوانەی کە دوودڵن لە خەڵکی کوردستان بەم هەڵتەکانە بڕیاری خۆیان یەکلا بکەنەوە. رووی دەرەوەی ئەم هەڵتەکانەش دەبێ پەیامێکی بێ دوودڵی خەڵکی کوردستان بێت بۆ ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانان و جیهانی رۆژئاوا ئەم خواستەی کورد بە هەند هەڵگرن و حسێبی بۆ بکەن... زۆر گرنیشگە کە وەرەقەی ریفراندەم نەبێتە هی یاری حزبایەتی و تاکتیکی سیاسی و موزایەدە. یەك هێز بۆی هەیە ریفراندەم بەکار بێنی وەکو ئامرازێکی ستراتیژی لە ململانێیەکی نەتەوەیی چارەنووسسازدا، کە ئەویش تەواوی خەڵکی کوردستانە.

## پەراوێزەکان

(١)بروانە بۆ نمونە: بورهان یاسین، "کورد دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١"*هاوڵاتی*، ٧-١٠- ٢٠٠٢
borhanedin a. yassin ”uplosstaten irak„svensk dagbladet،15.5.2003،p 5
ل٩؛

هەروەها بورهان یاسین "دوو نامە بۆ حکومەتەکانی کوردستان "لە ٩ و ١٠ی ئەپریل ٢٠٠٣
kurdish media.com

(٢) ل ٤٩ ruth lapidoth, autonomy, (washington, d- c: 1996)

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) بروانە بۆ نموونە: بورهان یاسین، " دوو نامە...".

(٥) سەرچاوەی پێشوو.

(٦) the new york sun, aug. 4¡2003

(٧) سەرچاوەی پێشوو.

(٨) ئەوەتا مام جەلال (لە کەرکوك ناوەراستی ئەپریل) دەڵێ بریار لەسەر فیدرالی یا هەر فۆرمێکی تر پەرلەمانی عیراق بڕیاری لەسەر دەدات. *کوردستانی نوێ*، ١٤ - ٤ - ٢٠٠٣. هەر ئەمەشە ناوەڕۆکی بڕیار و راسپاردەکانی کۆنفرانسی لەندەن.

(٩) لە ٧ - ٨ - ٢٠٠٣ kurdish media.com

(١٠) بۆ نموونە فەرید ئەسەسەرد لایەنگرانی ریفراندەم بە نەزان لە قەڵەم دەدات دەربارەی راستیەکی سیاسی-مێژوویی کە ریفراندەمە، لە کاتێکدا خۆیشی زانیاریەکانی، لە باشترین حالەتدا چەوتن لەو بارەیەوە. ئەسەسەرد دەبێژێ "بۆ وڵاتێکی وەك کوردستان، ریفراندەم کۆسپی لەبەرە، ئەوەش کە لایەنگرانی ریفراندەم نایزانن ئەوەیە کە ریفراندەم رێ و شوێنێکە تەنها بە کەڵکی ئەو وڵاتانە دێ کە داگیرکراون..." بروانە *کوردستانی نوێ*، ١٠ - ٨ - ٢٠٠٣، ل٧.

(١١) بورهان یاسین، "دوو نامە " ...

# له ریفراندەمدا کوردستانێکی سەربەخۆ ٢

**گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٣٩ و ٤٠، هاوین و پایزی٢٠٠٣ ( هەر ئەو بابەتە لەدووتوێی پەرتوکێکدا بە ناوی *ئێستە و پاشەڕۆژی کوردستانی عیراق* وەکو دۆکۆمێنتی سیمینارێك کە لە ڕۆژی ٢٠٠٣/١١/١ لە شاری بۆنی ئەڵمانی بەسترابوو بڵاوبۆتەوە لە لایەن ناڤەند - ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی**

باسەکە ئەوە نیە کە ئایا ریفراندەم باشە یان خراپە، بکرێت یان نەکرێت؟ بۆ ئەوەی لە زەرورەتی ریفراندەم بگەین، دەبێ سیحری ئۆتۆنۆمی و فیدرالی هەڵوەشێنینەوە و لەخەڵکی خۆمان بگەیێنین کە جیاوازیەکی زۆر لەنێوان ئۆتۆنۆمی و فیدرالیدا نیە و دیالێکتیکی دیموکراسی و فیدرالیش بخەینە ژێر نیشانەی پرسیارەوە. هەروەها ئەو پرۆسانەی کە لە ماوەی دواییدا بە تایبەتی کۆنفرانسی لەندەن و کۆبوونەوەی ناسرییە بێنینە پێش چاو و پرسیار بکەین کە ئایا کورد لەوێ چی بەدەستهێناوە، لەکاتێکدا بەراستی لە ئەمرۆ بەهێزتر بوو. هەڵبەتە من لە ئاستی دانوستاندن (موفاوەزات) یان لەئاستی گفتوگۆدا دەڵێم: ئایا ئەوەی لە کۆنفرانسی لەندەن و کۆبوونەوەی ناسرییە بەدەست نەهات بۆ مومکینە ئێستا بەدەست بێت؟ وە ئەگەر بە دەست نەیەت بۆ مومکین نیە کورد بەرەو ریفراندەم مۆبیلیزا بکرێ و لەوێدا بریاری خۆی بدات؟

لە ڕاستیدا ئەمە (واتە دیموکراسی و مەسەلەی نەتەوەیی) باسی یەکەم جارم نیە، بەڵکو ئەمە ماوەیەکە خۆم سەرقاڵی ئەم مەسەلەیەکردووە. یەکەم جار لەساڵی ١٩٩٩ لەوتارێکمدا بەناوی "شکست و سیاسەتی گۆڕینی شکست بەسەرکەوتن"، کەلەڕۆژنامەی پەیام دا بڵاوکرایەوە، لەدەرگای ئەم باسەم داوە. لەوێدا ئاماژەیەکم بۆ ئەوە کرد کە ئەو ڕۆژەی دیموکراسی لەو وڵاتانە دێتە کایەوە، ئەو کاتە دەبێ کورد بترسێ کە بە چەکی دیموکراسی ژێردەست بکرێ. من ئەو مەسەلەیەم هێنایە پێشەوە وەکو ڕەنگدانەوەیەك یان کاردانەوەیەك لەسەر ئەو شتەی کە هاتۆتە گۆڕی

بەناوی ستراتیژی تازەی (پ ك ك) ی ئەو وەختە. بەهەر حاڵ بە بەردەوامی کارکردن لەگەڵ ئەو مەسەلەیە، بەڵام بە فایلی مەسەلەی کورد لە باشووری کوردستان زیاتر خۆم خەریککردووە و لەو ئیتیجاهەدا دوو نامەم نوسیووە بۆ حکومەتەکانی کوردستان - پارتی و یەکێتی کەلەماڵپەڕی kurdishmedia بڵاوبوونەتەوە (١٠ و ١١ی ئەپریلی ٢٠٠٣)، دوو نامە یەك لە دوای یەك. نامەکان زۆر کورت و چڕن، بەڵام لە خوێندنەوەیاندا هەندێك بۆچوون بەدیدەکرێن کە لەوێدا تەرحکراوون هێشتان لە گۆڕێن و یەکێك لەوانە ئەوەبوو کە بەرهەڵستکاری بۆ ئەمریکا زۆر زێدەدەبێ و خوێن دەڕژێ. هەر بەو ئیتیجاهە کۆڕێك کرا لەستۆکهۆڵم لەلایەن بەندەو د. عەبباس وەلی (لە١٩ی ئەپریلی ٢٠٠٣، واتە دە ڕۆژ دوای کەوتنی دکتاتۆر)، هەر لەسەر ئەو باس و خواسە قسەمان کرد و ئەو بۆچوونانەی ئێستاش بە شێوەیەکی تازە کۆیان دەکەینەوە و ئەو وتارەی تازەم لە هاوڵاتیدا بڵاوبۆتەوە بەناوی (لەریفراندەمدا کوردستانێکی سەربەخۆ) لە٢٠ و ٢٧ی ئۆگۆستی ٢٠٠٣ خودی ئەو باسەی ئێستایە، بەڵام بە شێوەیەکی کورت و چڕ.

حەزدەکەم باسەکەم بەوە دەستپێبکەم کە دوو گڵۆپی سوور یان دوو گڵۆپی خەتەر داگیرسێنم: یەکێکیان بەشێوەی پرسیارە و ئەویش ئەوەیە کەئایا کورد لە دەوڵەتی عیراق بەبەشداریەکی چالاکانەی کورد هەروەکو ئەوەیە جووەکان دوای تێکشکانی هێتلەر و نازیزم لە ئەڵمانیا هەوڵی ئەوەیان بدایە کەوا دەوڵەتی هێتلەری زیندوو بکەنەوە و لەگەڵ ئەو دەوڵەتە باسی مافەکانی خۆیان بکەن. لەوانەیە بەلای هەندێکمانەوە ئەو بەراووردکاریە زۆر بەئینساف نەبێت، بەڵام بە قەناعەتی من زۆر بەئینسافە، بە تایبەتی لە دوای ئەنفال و هەڵەبجە. ئەو بەراووردکاریە لە ئاستێکی ئەکادیمیشدا کراوە و بەراوردی جینۆساید بەرامبەر بە کورد لەگەڵ هۆلۆکۆستیش بەراوردکراوە. بەو مانایە، ئێمە چەند هۆیەکی ئەخلاقی و سیاسی و ئەکادیمیشمان هەیە بۆ ئەوەی ئەو بەراووردکاریە بکەین. بە قەناعەتی من ئەوە پرسیارێکی جددییە و وامان لێدەکات کە بکەوینە گومانەوە لەوەی کە ئایا ئەو دەوڵەتەی دروستی دەکەینەوە بۆچی سبەینێ بکەوینە دانوستاندن لەگەڵیدا و لەوەش خراپتر جارێکیتر بەرەو ڕووی سیاسەتی ئینکار ببینەوە لەسەر دەستی هەمان دەوڵەت کەئەمڕۆ دایدەمەزرێنینەوە؟

ئەوەی تریان مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بە قەناعەتی من کە ئەویش پرسیارێکە:

ئایا ئەو شتەی کە کورد لە باشووری کوردستان کەم یان زۆر پەنجا ساڵە خەباتی بۆ دەکا کە **دیموکراسییە** نابێت بە چەکێك بە دەستی نەتەوەی سەردەستەوە، واتە نەتەوەی عەرەب لەعیراقدا، بۆ ژێردەستکردنی کورد؟ بەو مانایە ئەو شتەی کە کورد پەنجا ساڵە خەباتی بۆ دەکات، بۆمان دەردەکەوێت کە کەئەورۆ ئەوە چەکێکە کەوتۆتە دەست زۆرینەی عەرەب و بەو شێوەیە کە دەیەوێ ئەو دەوڵەتە دەرەخسێنی هەر لە ناسنامەی دەوڵەتەکەوە و قوڵاییە ستراتیژیەکانەوە و دەوروبەری سیستەمەوە و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتەوە و لەسیستەمی سیاسی ئەو دەوڵەتەوە. پرسیار ئەوەیە کە ئایا سیستەمێکی سیاسی لە عیراق ڕەنگدانەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەبێ یان ڕەنگدانەوەی ئیسلامی سیاسی دەبێ؟

دیارە کە باسی ئەو دوو ئایدیۆلۆژیایە دەکەین لە قوڵایی مێژووی عیراقدا و لە ٨٢ ساڵی ڕابردوو ئاوڕێکی بە گشتی بدەینەوە و تەماشای بارودۆخی سیاسی ئێستای بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە عیراق لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو وەکو پرۆسیای عەرەب تەماشا دەکرا؛ وەکو ئەوەی کە عیراق سەرکردایەتی هەموو وڵاتە عەرەبیەکان بکا بۆ یەکگرتنەوەی ئەوەی پێیدەڵێن نیشتمانی عەرەبی. ئەو شتە نەك هەر لە ناو نەچووە، کە کاتی خۆی ساتع حوسەری و خەڵکانی وەك ئەو کاریان لەگەڵدا دەکرد، بەڵکو بە هێزتربووە بە تایبەتی دوای ڕژێمی ٣٥ ساڵەی بەعس. ئەوەی ئیسلامی سیاسیە، ئەوە خەتەرێکی جدییە. ئێمە بەرەو ڕووی دوو مەسەلە بوینەتەوە: یەکەمیان مەسەلەی ئیسلامی تیۆکراتیك دەبی یان سیستەمێکی دیموکراسی؟ ئایا ئێمەی کورد هەر لە ئێستاوە ئەو فێڵە لە خۆمان بکەین کەدەشێ گوزەران بکەین لەگەڵ حوکمێکی تیۆکراتی؟

بە قەناعەتی من ئەو دوو پرسیارەی سەرەوە پرسیاری گرنگن بۆ ئەوەی وەکو دوو بەشی چاوێلکەیەك تەماشای بارودۆخی ئێستای عیراق و کوردستانی پێبکەین.

بەشێوەیەکی گشتی ئەمڕۆ زۆر لەساڵانی ١٩٢٠ دەچێ. هەڵبەتە من نامەوێ بەهەموو وردەکاریەکانەوە باسی بیستەکان و ئەو ئیمکاناتەی هەبووە و ڕادەی هۆشیاری سیاسی لە کوردستان لەو کاتە لە ناو جوڵانەوەی سیاسی کوردستان بکەم. بەڵام لێرەدا دەخوازم، بە هەر حاڵ، ئەوە بڵێم کە ئەمڕۆ لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەچی بەو مانایەی کە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئیمکاناتێك هەبوو، کە ئەو نەتەوانەی لەوێن، بتوانن ببنە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان.

دیـاره زۆربەشـیان بـوون، باڵـام کـورد بەشـی نـەبوو لـەو پرۆسـەیە و دابەشـکرا. بـە شـێوەیەکی گشـتی ئەگـەر ئێسـتا بـەراوورد بکـەین لەگـەڵ بیسـتەکان، ئـەوا دەتـوانین بڵێین کە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی لە ۱۹۱۸ ئیمکاناتێکی زۆری بە کورد بەخشی تا ئەو کاتەی کە بەشێوەیەکی ڕەسمی دەوڵەتی عـیراق ڕاگەیەنـدرا. بـەڵام لـە ۱۹۲۱یش بەڕاستی مەسەلەکان هەمووی تـەواو نـەببوون لەبـەر دوو هـۆ: ۱) عـیراق کـە بوو بە خاوەنی دەستور لەساڵی ۱۹۲۵ کەوتە ناو فایلەکانی کۆمەڵەی نەتـەوەکان و؛ ۲) ویلایەتی موسڵ لەساڵی ۱۹۲٦ بڕیاری لەسەر درا کە بـدری بـە عـیراق. بـە شـێوەیەکی گشـتی دەتـوانم بڵـێم کـە سـاڵانی ۱۹۲۰ کـورد زیـاتر وەخـتی بـە دەسـتەوە بـوو ئەگـەر تەماشای مەسەلەی وەخـت بکـەین کـە هۆکـارێکی زۆر گرنگـە لـە سیاسـەتدا و ئێسـتا وەخت کەمترە.

ئێستا، لـە هەفتـەکانی داهـاتوودا، یـا لـە مانگـەکانی داهاتوودا، ئەگـەر ڕووداوێکـی ئەوها نەیەتە پێشەوە کە قەیرانێك دروستبکا لە مەسەلەی نووسینەوەی دەستور بـۆ عیراق، ئەوا من قەناعەتم وایە کە هەر وەختێك دەسـتور دامـەزرا ئێمـە بـە بـەراورد لەگـەڵ سـاڵانی (۱۹۲۰)ـەکان دەکەوینـە قۆنـاغی دوای ۱۹۲۵. هـەر لەسـەر گرنگـی مەسەلەی وەخت لە سیاسەتدا دەتوانین ئاماژە بـۆ سـێ سـەرکردەی جیهـانی بکـەین: هیلمۆت کۆل، دەیڤید بـن گۆریـۆن و لیـنین، کـە بڕیـاردەربوون لـە سـێ ڕووداوی زۆر گرنگـدا: ڕوخانـدنی دیـواری بـەرلین، دامەزرانـدنی دەوڵـەتی ئیسـرائیل و شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر. هەرسـێکیان بۆچوونیان یەکـە لەسـەر ئـەوەی کـە سیاسـەت زۆر جـار بـە کاتژمێر فەرق دەکات. واتە هەر لە سات و ئانی خۆیدا بڕیارەکە نەدرێت، ئەوا مـرۆڤ لەپاش ئەو ساعات و ئانەدا بەجێدەمێنێت. لەبەر ئـەوە بـە قەناعـەتی مـن کـات زۆر کەمە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە کە ئێمە لەبەر کەمی کات هەندی شتی نیوەچڵ بکەین، بەڵکو دەبێ ئەو شتانەی دەکرێن بیریـان لـێ بکرێتـەوە و بـە پوختـەیی بـن، بەڵام لە لایەکی ترەوە دەبێ ئەو وزەیـەی کـە هەمانـە دووبـار و سـێبار و چواربارەی بکەین بۆ ئەوەی کە بەڕاستی بتوانین پێڕابگەین.

پـێش ئـەوەی بچـمە نـاو بـارودۆخی سیاسـی ئـەوڕۆ، دەمـەوێ لـە دوو وێسـتگەدا تێپـەڕم کـە ئـەوانیش وێسـتگەی کۆنفرانسـی لەنـدەن و کۆبوونـەوەی ناسـرییەن. کۆنفرانسی لەندەن کە لەدیسیمبەری ۲۰۰۲ بەسترا بۆ خۆ ئامادەکردنێك بـۆ لێـدان و دوای لێدانی عیراق. دیارە میدیای کوردی، بـە تایبـەتی میـدیاکانی پـارتی و یـەکێتی،

زۆر بە خۆشحاڵیەوە باسی کۆنفرانسی لەندەنیان بۆ خەڵك كرد و بەو رادەیەی کە کورد سەرکەوتنی بە دەستهێناوە لەو کۆنفرانسەدا. ئێمە هەر دوای دوو هەفتەپاش کۆنفرانسەکە لە پاڵتۆك گفتوگۆیەکی درێژمان لەسەر ئەو مەسەلەیە کرد و پەنجەمان خستەسەر ئەو شتانەی کە لەوێدا مافەکانی کورد بەتاڵکراوەتەوە لە هێزی خۆی. یەکێك لەو شتانەی کە زۆر گرنگن ئەویش ئەوەیە کەوا هەموو عیراقیەکان بەشداردەبن لە بڕیارە سیاسیەکاندا. کەواتە بەو شێوەیە ئەگەر دوارۆژی عیراق فیدرالی بێت یان نەبێت، یا کورد ئۆتۆنۆمی پێبدرێت یان نەدرێت، ئەوا ئەو بڕیارە دەگەڕێتەوە بۆ هەموو خەڵکی عیراق. لەبەر ئەوە نەك هەر لە کۆنفرانسی لەندەنەوە، بەڵکو زوتریش قەناعەتێکی ئەوها لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی عیراقی عەرەبی و ئیسلامی دروستبوو لە دەرەوەی عیراق کە هەموو عیراقیەکان بڕیار دەدەن کەوا سیستەمی داهاتووی عیراق فیدرالی بێت یان نا؟ ئەو وەختە بۆ یەکەم جارە لەمێژووی مەفهومی چارەی خۆنووسین بەو جۆرە وەرگیراوە کە نەتەوەی سەردەستیش بەشداری بکا لەوەی کە ئایا نەتەوەی بندەست چ مافێکی پی ڕەوا ببیندرێت. ئەگەر وایە تەیموری ڕۆژهەڵات هیچ ڕۆژێك بەوە نەدەگەیشت کە ئەورۆ پێیگەیشتووە. ئەویش ئەوەیە کەلەژێر ئاڵای خۆیان وڵاتی سەربەخۆی خۆیان هەیە. ئەگەر هەموو ئەندۆنیسیەکان بەشداریان بکردایە لە پرۆسەیەکی ئەوهادا، ئەوا ئەگەر ئەو ریفراندەمە سەد جاریش دووبارە ببایەوە، بەو ئەنجامەی ئێستا نەدەگەیشت. لەبەر ئەوە بە قەناعەتی من بەسەر هێزە سیاسیەکانەوە بەتایبەت بەسەر سەرکردە کوردەکان هەندێك شت تێپەڕیوە کە نەدەبا ببێ. بەو مانایە کە یەکێکی وەکو ئەحمەد چەلەبی یا هەر کەسێکی تر لەئۆپۆزسیۆنی عیراقی، گەر بڵێین مەسەلەی بڕیاردان لەسەر فیدرالی دەگەڕێتەوە بۆ هەموو عیراقیەکان، ئەوا هەر لەو کاتەدا سەرکردەکان لەسەریان پێویستە کە کاردانەوەیەکی زۆر بەهێز و پڕ بەپێستی خۆی و لەجێگای خۆی بدەنەوە ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە بۆ ئەوەی ئێمە زیاتر کات بە فیڕۆ نەدەین لەسەر پرۆژەیەك کە دەمانباتەوە ناو پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق کە بەقەناعەتی من بۆ ئێمە ئاستەمە کەوا ناسنامە و تەوەجوهات و قوڵایی ستراتیژی دەوڵەتی عیراق لە سیستەمی عەرەبیدا کە ٢٢ دەوڵەتن بگۆڕین وە زۆر شتی تریش هەن کە ئێمە بەرەوڕووی دەبینەوە.

لە کۆبوونەوەی ناسرییە (٢٠٠٣/٤/١٤) نە باسی کورد کراوە و نە باسی

کوردستانیش کراوە بە ناوهێنان. لە وەش خراپتر لە بەندی دووەمی ئەو چواردە بەندەی کە لە کۆبوونەوەکە لەسەری ڕێککەوتوون ئەوها هاتووە، کە ناسنامەی داهاتوو لە عیراق ناسنامەی ناوچەیی و ئیتنیکی و مەحەللی نابێت، بەڵکو ناسنامەیەکی **عیراقی** دەبێت. لە خاڵی سێهەمیان کە زۆر ترسناکترە بە قەناعەتی من؛ دیسان زۆرینەیە (واتە زۆرینەی عەرەب لە عیراق) دیسان بەشداری پێکراوە لەسەر مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسینی کورد بەوەی کە سیستەمی داهاتووی عیراق فیدرالی بێت بەڵام دوای ڕاپرسیکردن (consultation) لەگەڵ هەموو خەڵکی عیراق کە ئایا ئەم سیستەمە باش دەبینرێ یا خەراپ. ئەمە ترسێکی زۆر گەورەیە و پرسیاریش ئەوەیە کە بۆچی ئەو بەندانە بەسەر نوێنەرانی کورد لە کۆبوونەوەی ناسرییە تێپەڕیون؟ من قەناعەتم بەوە نیە کە ئەمریکاییەکان زۆریان لە نوێنەرانی کورد کردبێ.

ئەگەر پرۆسەی کۆنفرانسی لەندەن و کۆبوونەوەی ناسرییە بەردەوامبێت بەو شێوەیە و هەر لەسەر ئەو بناغەیەش دەستورێکی عیراقی دابمەزرێ، ئەوا ئەو خەتەرە زۆر جددییە و لە سیاسەتیشدا دوایین شت کە نرخی هەبێت پەشیمانبوونەوەیە.

ئەمڕۆ لە عیراق، بە پێچەوانەی ئەوەی کە قسەکراوە، دژی مەسەلەی ریفراندەم و لە ڕوانگەی بۆچوونێکی چەوت کە بەڵێ حکومەتێکی ناوەندی هەیە و دەبی کورد لەو حکومەتە ناوەندییە ئیجازە وەربگرێ. لە عیراقی ئەمڕۆ شتێك نیە بە ناوی حکومەتێکی ناوەندی و دەستهەڵاتێکیش نیە وەکو دەستهەڵاتێکی مەشروع، لە باشترین حاڵەتدا هێزێکی داگیرکەر هەیە، داگیرکەر نەك وەك من خۆم دەیبینم، بەڵکو بە پێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی ژمارە ١٤٨٣، کە ئەمریکا هێزێکی داگیرکەرە و بە پێی ئەو ناساندنەش ئەمریکا بەرپرسیارە لە ئاسایش و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق و یارمەتی ئابووری. بەو مانایە دەستهەڵاتێکی ناوەندی لەوێ (واتە لە عیراق) نیە. عیراق هەڵوەشاوەتەوە و نەتەوە یەکگرتووەکان هەتا ئێستاش بەو ئەنجومەنی حوکمەی عیراق کە لە ٢٥ کەس پێکهاتووە، لە باشترین حاڵەتدا بە بڕیاری ژمارەی ١٥٠٠ی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها بەخێرهاتنی ئەو ئەنجومەنە دەکات و دانی پێدانانێ. لە لایەکی تریشەوە وڵاتە عەرەبیەکان دان بەو ئەنجومەنەدا نانێن و بە ڕەسمی نایناسن و هەر بەو شێوەیە وڵاتە ئەقلیمیەکانیش.

لێرەدا کورد لە ڕووی سیستەمی سیاسیەوە ئەوپەڕی توانا و ئیمکانات و دەرفەتی هەیە کە لە وێدا بە ڕاستی لەو بۆشاییەدا خۆی تەرح بکات؟ ئەمە لە لایەك و لای تریان ئەوەیە کە ئەورۆ ترسێك دروست بووە لە هاوکێشەی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکا و عیراق، ئەویش ئەوەیە کە دەنگۆیەك هەیە گوایە ئەمریکا دەخوازێ زووتر دەربچێ لە عیراق لەوەی کە نیەتی بوو. دوای ڕاگەیاندنەکەی پۆل برێمەر کە ئەمساڵ (٢٠٠٣/٧/١٢) ڕایگەیاند و دەنگێکی زۆری دایەوە لە ئەمریکا بە تایبەتی لە لایەن هەندێك ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی ئەمریکی و بە تایبەتی ئەوانەی ئافرەتان، کە بەڵی ترس هەیە کە دەوڵەتی داهاتووی عیراق دەوڵەتێکی ئیسلامی بێت، ئەگەر ئەو ڕاگەیاندنەی پۆل برێمەر ڕاست بێت کەدەڵێ: من مەسەلەی دەستوری عیراقی بۆ عیراقیەکان بە جێدەهێڵم. ئەگەر ئەوەش کرا، ئەو کاتە باش دەزانین کە ئەمڕۆ لەو ئەنجومەنی حوکمە زۆرینەیەکی ئیسلامی و زۆرینەیەکی عەرەبی هەیە. زۆرینەیەکی ئیسلامی بە تەنیا گرفتێکە و زۆرینەیەکی عەرەبی بە تەنیا گرفتێکی ترە و هەردووکیان بە یەکەوە گرفتێکی زۆر گەورەن بۆ کورد.

لێرەدا لەسەر مێزی دانوستاندن کورد ناتوانی نە ئەمڕۆ و نە سبەینی کاریگەری هەبێت بەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی حوکم تەنها بە تەداخولێکی بەهێزی ئەمریکا نەبێت. ئەو کاتە گەڕانەوە بۆ ئەو هەزاران و ملیۆنەهای گەلی کورد تەنها تاکە وەرەقەیە کە بەدەستەوە دەبێ بۆ ئەوەی کورد بتوانی هاوکێشەکە سەرلەنوێ سەرەوژێر بکات و لە بەرژەوەندی خۆیدا تەواوی بکات.

لەو قسانەی کە ئێستا هەیە لەسەر فیدرالی، واپێدەچی کە گووتاری سیاسی لە کوردستان (بەتایبەتی پارتی و یەکێتی)، وەکو فیدرالی ئارەزوومەندانە دەناسێندرێ. بە قەناعەتی من، ئەو چمکی فیدرالی ئارەزوومەندانە لە بەنجکردن نەبێ هیچی تر نیە. لێرەدا پرسیارێکی جددی دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر فیدرالیەکی ئارەزوومەندانە بوونی هەبێ، ئایا گەلی کورد پرسیاری پێکراوە کە لەسەر بنچینەیەکی ئیختیاری بڕیاری لەسەر دابێ؟ وەڵامیش ئەوەیە: نەخێر. لەبەر ئەوە ئەو بارودۆخە سیاسیەی کە ئێستاش لە باشووری کوردستان هەیە بەو پەرلەمانە و بەو پەیوەندیە لاوازەی نێوان پارتی و یەکێتی، هەرچەندە لەماوەی دواییدا هەندێك گۆڕان کراوە لە نزیکبوونەوەی گووتاری سیاسی، بەڵام بە قەناعەتی خۆم ئەوە تێری

ناکات، بگره ئەگەر ئەمانە یەکیش بگرن، تێریٚ ناکات. ئەمانە پێویستیان بەوە هەیە کەوا دوای ١٢ ساڵ لەم پەرلەمانە بگەڕێنەوە بۆ ئیرادەی گەلی کوردستان و پرسیاری پێبکرێ کەچی داوا دەکات و چی دەوێت و بەشێوەیەکی پاك (نەزیهانە) و بە ئەمانەتەوە باس لە کەموکوڕیەکانی سیستەمی ئۆتۆنۆمی و فیدرالی بکەن و هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش گەلی کوردستان مۆبیلیزەبکری بۆ ئەوەی واقیعەن بزانی کە چ دەخوازی و ئایا ئەلتەرنەتیفی تریش هەیە؟ ئێمە ناتوانین باس لە ئەلتەرنەتیف بکەین، ئەگەر ئەوەی کە هەیە ڕەتنەکەینەوە. ئەمە لە زانستیشدا وایە کە لە پەرەدایمێکی زانستی یان شۆڕشی زانستیدا ئەگەر نیشانەی پرسیار و گومان نەخرێنە سەر ئەوەی کە هەیە، ئەوا زەمینە خۆش نابێت بۆ دروستکردنی ئەلتەرناتیف و لە سیاسەتیشدا هەر بەم شێوەیەیە. دەتوانین بڵێین پرۆسەی ئەمڕۆ سێ بەشە:

١- دەبی بەجددی نیشانەی گومان و پرسیار بخرێنەسەر ئەو بۆچوونانەی کە هەن لەسەر فیدرالی ئارەزوومەندانە یاخود یەکگرتنی ئارەزوومەندانە.

٢- ڕەتکردنەوەی ئەو چەمك و بۆچوونانە.

٣- باس و کارکردن بۆ ئەلتەرناتیف.

مەسەلەی دیموکراسی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. من لەوە دەترسم کە دیموکراسی وەکو وشەیەکی سەرنجڕاکێش (لە هەنگوین شیرینتر و لە بەهەشت خۆشتر) حاڵەتێکی دەروونی لە نێوان ئێمەی کورددا دروستکردبێ، بەو رادەیەی کە ئەگەر بگەینە ئەو خاڵە ئیتر کۆتاییهێنانە بەهەموو گرفتەکان و دەستپێکردنی هەموو چارەسەریەکانە. بە قەناعەتی من ئەو حاڵەتەی بەنجبوونە، دەبێ ئێمە لە بەرامبەریدا حاڵەتێکی هۆشیاری دروستبکەین لەسەر مەسەلەی دیموکراسی و بە تایبەتی لە عیراق، کە بنەماکانی بەعس هەن و زۆریش بە هێزن. بەعس تەنها لە کۆمەڵێك ڕێکخراوی تۆقێنەر و ترسێنەر و موخابەراتی پێکنەهاتووە. تەنها لە حزبێك پێکنەهاتووە کە دەربڕی کولتورێکی ناسیۆنالیزمی بەرە و شۆڤینیزمە، بەڵکو کولتورێکی بەهێزی دروستکردووە و چاندوویەتی لەناو کۆمەڵگای عیراقیدا کە ئاسان نیە بە شەو و ڕۆژێك بنبڕبکرێت. هەر ئەو کولتورە دەتوانێ زەمینەیەکی گونجاوبێت کە جارێکی دیکە هەندیك تەیاری عەرەبی ناسیۆنالیزمی زۆر بەهێز بە ناوێکی تر بێتەوە گۆڕێ و بەکاریبێنێت. تەنانەت ئیسلامی سیاسیش دەتوانێ بە

باشی کەڵك وەرگرێ لەو توندڕەویە کولتوریەی کە لەوی بەهێزکراوە. بنەماکانی بەعس و ئیسلامی سیاسی خەتەر و ڕێگرن لەڕێگای پیادەکردنی دیموکراسی لە عیراق و بگرە بەپێی هەندێ بۆچوون، ئیسلامی سیاسی عیراق توندڕەوترە لەوەی ئێرانیش. یەکگرتنەوەی هەردووکیان، واتە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئیسلامی سیاسی لەعیراق، ترسێکی گەورەتر دروستدەکەن لەسەر ئەم مەسەلەیە، ئەویش ڕێگەی بەکارهێنانی ناسنامەی عیراق وەکو ناسنامەیەکی یەکگر بۆ خۆشاردنەوە لە پشت ئەم ناسنامەیە، هەروەها لە لایەکیتر بۆ تۆقاندن و مەحرومکردنی کورد لە مافەکانی خۆی. لەوێدا من گومانم هەیە لە ئیتیحادی ئیختیاری. میکانیزمی دیموکراسی ئەو مافە بە کورد نادات... ئەمە قسەی د.حاتەم موخلیسە کە ئەندامی کۆمیتەی ٦٥ کەسیەکەیە کە لە کۆنفرانسی لەندەن دەرچوو و لە ئەنقەرە لەوەڵامی پرسیارێك لەبارەی مەسەلەی دیموکراسی و کورد ڕایگەیاند، کە باشە ئەگەر کورد ئەوە چەندین ساڵە خەبات دەکەن بۆ دیموکراسی، فەرموون ئەوە دیموکراسی: ئەوەی کە زۆرینە بڕیار دەدات، دەبێ کەمینە پێی ڕازیبێت. لێرەدا دەبێ ئێمە مەمنون بین، کە لەسەرزاری عەرەبێکا ئەو ڕاستیە دەردەچێت، وەکو ئەوەی کە تێگەیشتنی ئەو بۆ دیموکراسی ئەوەیە. دیموکراسی مەسەلەی نەتەوەیی چارەسەر ناکات و ئەگەر ئەو مەسەلەیەش بە دیموکراسی چارەسەر بکرابا، ئەوا لە بەریتانیا، ئیسپانیا، فەرەنسا و کەنەدا چارەسەردەبوون. کەچی ئەم وڵاتانە ژمارە٢ و ٣ و ٤ و ٥ و ٦ لە لیستی وڵاتە یەکگرتووەکاندا پێکدەهێنن، کاتیك کە باس دێتە سەر مافی مرۆڤ و دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا. دروستکردنی ئەو ئۆتۆماتیکیەتە کە دیموکراسی مەسەلەی نەتەوەیی چارەسەردەکات، نەك دەبێ ئێمە هەر بە گومانەوە تەماشای بکەین، بەڵکو هەتا زووە نیشانەیەکی زەڕبی لەسەر بدەین. مەسەلەی نەتەوەیی کەسایەتی تایبەتمەندی خۆی هەیەو دیموکراسیش کەسایەتی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. دەکرێ یەکێکیان لە خزمەت ئەوەی تریاندا بێت، بەڵام دیموکراسیەکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك چارەسەری مەسەلە نەتەوەییەکە ناکات.

مەسەلەی نەتەوەیی بە پلەی یەکەم ئیرادەی نەتەوەیی و دەسەڵاتی سیاسیە. وەختێك کە ئیرادەی نەتەوەیی و دەسەڵاتی سیاسی کامل نەبوو بەسەر خاکدا، ئەوا ئەو کاتە دەسەڵاتە نەتەوەییەکە بەشێکی بەدەست نەتەوەی سەردەستە. دوێنێ بە چەك و لێدان وکوشتن، بەڵام سبەینێ لە ناو سیستەمێکی دیموکراسیدا. دوێنێ

دەمـانتوانی بـەخێری ئـەنفال و هەڵەبجـەو ڕاگواسـتن و...هتـد دەنگمـان بگەیەنینـە خـەڵکی دەرەوە و بڵـێین، کـە بـەڵێ ئـەو سیسـتەمە ئەوپـەڕی سیسـتەمێکی فاشـییە، کەچی ئەو کاتەش بە باشی گوێمان لێنەدەگیرا. سبەینی ئەگەر عیراقێکـی بـە هەویـە دیموکراسی دروسـتبوو، ئـەوا کەسـێك گوێمـان لێنـاگرێ. ئـەوە ترسـێکی گەورەیـە لـە پێشمان و ئەگەر ئێمە بەجددی تەماشای ئەو خەتـەرە نەکـەین و هەڵێنەسـەنگێنین، ئەوا بە قەناعەتی من ئێمە نـزیکین لـە هەڵدێرێکی زۆر مێـژوویی. حـەز دەکـەم لـە خزمەت ئێوە ئەوە بڵێم کە من ئەو قسانە بە هیچ شـێوەیەك ناکـەم کـە تەئسـیرێکی ئایدیۆلۆژی ئەو قەناعەتە بە من بکا کە بـەم ئەنجامانـە بگـەم. بـەڵکو گەیشـتن بـەو قەناعەتـــە لـــە ئـــەنجامی خوێندنـــەوەی ململانێـــێ ئەتنیکیـــەکان و مەســـەلە نەتەوەییەکان لە جیهان بە گشتی بوو.

جـا بـا تەماشـای مەسـەلەی فیـدرالی و ئۆتۆنـۆمی بکـەین. بەڕاسـتی ئێمـەی کـورد خۆمان خاپاندووە بەوەی کە فیدرالی زۆر زیاترە لە ئۆتۆنۆمی. بەڵام ئەمە هەڵەیـە. فیدرالی و ئۆتۆنۆمی دوو ناون بۆ هەمان شت بەکاردێن و پێناسەکەشـی بـۆ هـەردوو حاڵەت ئەوەیە: دابەشکردنی دەستهەڵات لە نێوان هـەرێمێك و ناوەنـدێك یـان چـەند هەرێمێك و ناوەندێك. بەو مانایە ئۆتۆنۆمیەکی بەهێز لەوانەیە لەفیـدراڵیش باشـتر بێت. من ئەم قسەیە دەکەم لەبەر ئەوەی کە لە ناو زۆربەی زۆری ئێمـەی کـورددا و، لەپاش ساڵی ١٩٩٢ بە تایبەتی قەناعەتێکی ئەوها دروستبووە کە تەنانـەت ناوهێنـانی فیدرالی، کورد دەخاتە ئاستی نەتەوەی سەردەسـت و لەگەڵیـدا یەکسـان دەبێـت. ئـەم شـتەشمان بـە ئیتیحـادی ئارەزوومەندانـە ڕەنگکـردووە، بـەڵام لـە ئەمەشـیاندا هـەر بەهەڵەچووین. لـە سیسـتەمی ئۆتۆنـۆمی و فیـدرالی سێ شـت بەدەسـت دەسـتهەڵاتی ناوەندین کە ئەوانیش سیاسەتی دەرەوە و بەرگری و ئابوورین. مەسەلەی سـەروەری و ئەمانەش ئەوە تەنیا قسەیە و هەمووی لەدەست ناوەنددایە. ناوەند ڕەنگدەدا بـەو سەروەریە. با فیدرالی کوردیش ئەوەندە بەهێزبێت، بە قەناعەتی من لێسەندنەوەی فیدرالی و کەمکردنەوەی ئەو دەستهەڵاتە و ڕەنگکردنی بـەو شـێوەیەی کـە نەتـەوەی سەردەست دەیەوێ، هەروەختێك مومکینە. لەبەر ئەوە ئەگەر بە فیدرالیش ڕازیـبین ئەوا دەبێ کورد ماڤ ڤیتۆی هـەبێت. سـبەینێ ئەگـەر عـیراق بڕیاریـدا بـە کاریگـەری پەیوەندیـەکانی کۆمکـاری عـەرەبی و ئەنـدامبوونی لـە پـەیمانی بـەرگری هاوبەشـی عەرەبی لەسـاڵی ١٩٥٢ خـۆی ڕابکێشـێتە نـاو شـەڕێك لەگـەڵ ئیسـرائیل، کـە لەوانەیـە

لەویٚ چەکی ئەتۆمیش بەکاربێت و مەینەتی ئەو شەڕە بگاتە کوردستانیش، ئەوا ئەو کاتە کورد مافی هەبی کە ڤیتۆ بەکاربێنیٚ و بتوانیٚ بلێ، کە کورد مەسەلەکەی لە فەلەستین نیە، یا بۆ نموونە لە شەڕێك لە نێوان ئێران و عیراق لەسەر شەتی عەرەب یان لە نێوان مەغریب و ئیسپانیا. هەتا ئەگەر ئەمە بەبەشداریکردنی تەنها ١٠ سەربازیش بێت، ئەوا لێرەدا ئیرادەی کورد دەبێتە بەشێك لە ئیرادەیەکی گەورەتر. لێرەدا خەتەر تەنها ئەوە نیە کە کورد لە عیراقدا تەنها ٢٠ - ٢٥٪ پێکدەهێنی لە دانیشتوانی ئەم وڵاتە، بەڵکو کورد دەبێتە بەشێك لە سیستەمێکی عەرەبی کە لە ٢٢ وڵاتی عەرەبی پێکدێن و لەوێدا کورد تەنها ١- ١,٥ی دانیشتوان پێکدەهێنێت. ئەگەر کورد ئەوەی قەبوڵ بێت کە عیراق ببێتە ئەندام لە کۆمکاری عەرەبی و لە پەیمانەکانی تر و بە تایبەت لە پەیمانی بەرگری عەرەبی هاوبەش هی ساڵی ١٩٥٢...بەو مانایە ئەو سیستەمە سیستەمێکی فیکرییە، ناسنامەیە، ئایدیۆلۆژییە، سیاسیە و هەروەها ستراتیژییە. ئەگەر کورد لەو قۆلانە هەموویان براوەبێت و بتوانێت جێگای خۆی مسۆگەر بکات، ئەوا ئەو کاتە ئێمە مومکینە باسێکی دیکە بکەین. بەو مانایە کورد دەبی سێ شت مسۆگەر بکات:

١) ڤیتۆیەکی بیٚ سیٚ و دوو بەبیٚ دانانی فاریزە لە پشتەوە یان زیادکردنی قسەیەك کە ئەم ڤیتۆیە خاوبکاتەوە یا بەتاڵبکاتەوە.

٢) هەبوونی هێزێکی سەربازی تایبەت بە کورد خۆی، کە هەرکاتێك دەستهەڵاتی ناوەندی بە پێی بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی کورد نە جوڵایەوە، ئەوا کورد بتوانیٚ بلێ نەخێر و من هێزی خۆم هەیە و دەتوانم خۆم بپارێزم.

٣) هەبوونی زەمانەتێکی نێودەوڵەتی کە دەبی ئەو زەمانەتە خاوەن ددان (واتە هێز) بێت و تەنها قسەی سەر وەرەقەیەك نەبێت و بگرە لەئاستی نەتەوە یەکگرتوەکانیشدا زۆرجار قسەی سەر وەرەقەیە.

## مەسەلەی ریفراندەم

خوێندنەوەی باری سیاسی باشووری کوردستان وامان لێدەکات کە بڵێین ریفراندەم، دوو ڕووی هەیە. ڕووی ناوەوەی کوردی و ڕووی دەرەوەی (کە پڕۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق و هێزە ئیقلیمیە داگیرکەرەکانی کوردستان و نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و هێزی هاوپەیمانان و بە پلەی

یەکەمیش ئەمریکا دەگرێتەوە). بۆچی ناوەوە و دەرەوە؟ بە قەناعەتی من ئەو مەسەلەی ئۆتۆنۆمیزم و فیدرالیزمە لە نێوانیاندا جیاوازیەکی ئەوتۆ نیە. ئۆتۆنۆمیزم کولتورێکە و فەلسەفەیەکە و بۆچوونێکە خۆی لەناو ڕۆحی ئێمەدا چەسپاندووە. هەندی جار بە ئاشکرا و هەندی جار بە دزۆکی خۆی فەرزدەکات لەسەر بۆچوونەکانی ئێمە و تەعبیریش لەو مەسەلەی ئۆتۆنۆمیزمە هەموو کاتێك برایەتی (برایەتی کورد وعەرەب) بووە، کە برایەتی بە قەناعەتی من لە سیاسەتدا شتێك نیە بوونی هەبێت. لە سیاسەتدا بەرژەوەندی، دۆستایەتی، لە یەکگەیشتنی هاوبەش و بەکارهێنانی هێز هەیە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکان کە ئەمانەش خۆیان لەناو سیاسەتی واقیعی واتە (realpolitik) دا دەبێننەوە. بەڵام لە ناو سیاسەتدا وەکو میکانیزمی فرەلایەن مەسەلەی برایەتی نیە. لێرەدا من لەوە دەترسم وشەی برایەتی زۆرجار بەکاربێ بۆ بەنجکردنی نەتەوەی بندەست و ئەو تەسەوورەی بداتی کە ئەویش لە ئاستی نەتەوەی سەردەستەو هیچ جیاوازیەك نیە لەگەڵ ئەودا، چونکە برایە. ئەو گووتارە زیاتر گووتارێکە بۆ بەنجکردنی ئێمە نەك بۆ وشیارکردنەوەمانە. ئەوەی کورد ئێستا پێویستی پێیەتی نەك هەر وشیاربوونەوەیە، بەڵکو وشیاربوونەوەیە لە پلەی سەد، چونکە ئەو تەحەددایانەی کە لەسەر دۆزی کورد و کوردستان و لەسەر بوونی کورد هەبووە و هەیە بە ڕاستی زۆر توانا و کار دەخوازێ.

ئەوەی کە ڕووی لە ناوەوەیە، ریفراندەم بە کورتی دەبێ ئەو جوڵانەوەیە بێت، کە کۆمەڵگای کوردەواری لە ئاستی دەروونی و فکری و فەلسەفی و دۆزی خۆی هەڵتەکێنێت، هەژانێکی پێبدات و بزوانێکی بەهێزی پێبدات. ئەوەی کە تا ئێستا دەستپێکراوە لە پرۆسەی باس لە ریفراندەم زۆر کەمترە لەو خواستە. دوایش لە کوردستاندا بزواندنی شەقامی کوردی زۆر گرنگە کە بە سەدان هەزار کەس بێنە سەر جادە بۆ ئەوەی ئەو داواکاریە بکرێتە داوایەکی گەلی و پێشچاو بۆ ئەمریکیەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان و بۆ هەموو جیهان. ئەوەی تریشیان لە قۆناغە پراکتیکیەکاندا ئەو کاتە زۆر پرسیار دیتە پێشەوە وەکو دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان و ناوچە بەعەرەبکراوەکان و...هتد. ئەو کاتەی کە ریفراندەم قەبوڵکرا، ئەو میکانیزمی دامەزراندنی سنوور و مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی مەغدوردەبن لەو سنوورکێشانەو شتی تریش. لێرەدا ئەمانە کۆمەڵێك

میکـانیزمن ئێمـه لـه مێـژوودا بـه دەسـتمانەوە هەیـه و لـه نەتەوەیـەکگرتووەکان ئەرشیفێکی دەوڵەمەند هەیە لەو ڕووانەوە بۆ چارەسـەرکردنی ئـەو جـۆرە گرفتانـە. نمونـەی وەکو تـەیموری ڕۆژهەڵات و بەلقان و جێگای تر هەیـە کـە ڕاگواسـتنی یـاخود گۆڕینەوەی ئازادانە (ئارەزوومەندانە) بکـرێ وەکـو ئـەوەی لـە کـاتی خـۆی لـە نێـوان تورکیا و یۆنان کـراوە و کۆمـەڵێك شـتی پـراکتیکی هەیـە کـە دێتـە پێشـەوە و مـرۆڤ دەتوانی ئەمانە وەکو مۆدێلێك بەکاربێنی لە کوردستان بۆ چارەسـەرکردنی هەنـدێك لە کێشەکان.

# ڕەوتی ریفراندەم لە کوێوە بۆ کوێ

**سوید، ٢٠٠٤/٤/٩**
**ئەم بابەتە لە بەهاری ٢٠٠٤ لە هەندێك ماڵپەڕی کوردیدا بڵاوبۆتەوە**

## ناوەرۆکی باس


**دەستپێك**
**١ - ریفراندەم وەکو پرۆژەیەکی نەتەوەیی**
**١ - ١ - ڕەهەندی ئاوڕدانەوە**
**١ - ٢ - ڕەهەندی خوێندنەوەی ئەمڕۆ**
**١ ) سیاسەتی ئەمریکا**
**٢ ) هێزە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیەکانی عیراقی عەرەبی**
**٣ ) هێزە کوردستانیەکان**
**٤ ) هێزە ئیقلیمیەکان**
**١ - ٣ - ڕەهەندی دوارۆژ**
**٢ - بزووتنەوەی ریفراندەم: چۆن وە چ دوارۆژێك**
**٢ - ١ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ریفراندەم**
**٢ - ٢ هەڵوێستی حزبەکان**
**٢ - ٣ ئەگەرەکانی ڕەوتی ریفراندەم بە رووی داهاتوودا**
**٢ - ٣ - ١ قۆناغەکانی گەشەکردنی بزووتنەوەی ریفراندەم**
**١ ) قۆناغی کورتخایەن**
**٢ ) قۆناغی مامناوەندی**
**٣ ) قۆناغی درێژخایەن**
**٢ - ٣ - ٢ پارتە سیاسیەکان**
**٣ - دەرەنجام**

## دەستپێك:

دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە تا ئێستا هیچ جوڵانەوەیەکی سیاسی ـ جەماوەری لە کوردستان نەیتوانیوە بەرادەی رەوتی ریفراندەم بە ماوەیەکی ئەوها کەم ئەم رادەیە لـە جـۆش و خرۆشـدانی جـەماوەری و کۆکردنــەوەی ئــەم ژمـارە زۆرەی خـەڵکانی کوردستان بەدەست بهێنێ. ریفراندەم باس و خواسی زۆر و هەمەرەهەند هەڵدەگرێ. لـەم وتـارەی بەردەسـتدا لـەرووی پێناسـە و نـاوەرۆکی سیاسـیی ـ فیکریـدا بیرۆکـەی ریفراندەم لە پەیوەندیەکی چردایە لەگـەڵ بیرۆکـەی مـافی چـارەی خۆنووسـین وەکـو پرەنسیپێکی سیاسی کارپێکراو وە هەروەها وەکو بیرۆکەیەکی یاسایی نێونەتـەوەیی. لە راستیدا، بەم مانایە، ریفراندەم مافی چارەی خۆنووسینە لە حاڵەتی پیادەکردنیـدا وە مافی چارەی خۆنووسینیش ریفراندەمە لە رووە پرەنسیپیەکەیەوە.

لەم ووتارەمدا هەوڵ دەدەم تیشك بخەمە سەر رەوتی ریفرانـدەم لـە رووی فیکـری و پیادەکردنەوە لە چوارچێوەیەکی زەمەنیدا: ماوەی رۆیشتوو لەم رەوتە و راوەستان لەسەر ئەمرۆی رەوتەکە و هەروەها قسەیەك لە مەر ئەگەرەکانی بەردەم ئەم رەوتـە لە داهاتوودا.

هەڵسـەنگاندنی ریفرانــدەم لــە قــاڵبێکی فیکــری و سیاســیانەدا، پێویســت بــە خوێندنەوەیەکی نەتەوەیی-سیاسیانە دەکات. هەر لە رۆشنایی ئەم خوێندنەوەیەشدا دەشێ هەڵوێستەی لێ وەربگیرێ. رەوتـی ریفرانـدەم دەبـێ دواجـار وەکـو پـرۆژەیـەکی نەتـەوەیی تەماشـا بکـرێ، بـەم پێیـەش دەبـێ لـە سـەرهەڵدان و گەشـەکردنیدا، بـە پەیوەنـدی لەگـەڵ مەسـەلەی زەمـەن، خوێندنەوەیـەکی سـتراتیژیانەی بـۆ بکـرێ: قۆناغی کورتخایەن و مامناوەندی و درێژخایـەن. ئـەوەی پەیوەنـدی بـە جوگرافیـای ریفراندەمەوە هەیە، دیارە باس لـە ریفرانـدەم ئاخاوتنـە لـەم رەوتـە لـە پانتاییـەکی جـوگرافی دیـاریکراو کـە ئـەمیش باشـووری کوردسـتانە. دواجـاریش نــەك هــەر سرووشـتیە، بـەڵکو ئەگـەرێکی بەهێزیشـە کـە ئـەم رەوتـە زوو یـان درەنـگ پانتـایی جوگرافی هـەموو کوردسـتانی مـەزن بگرێتـەوە. بەهـەر حـاڵ ئـەوەی ئـەمرۆ هەیـە و مەبەستی ئەم ووتارەیە رەوتی ریفراندەمە لە باشووری کوردسـتان وە بـە پەیوەنـدی لەگەڵ دۆزی کورد لەم بەشەی کوردستان.

لـەم وتـارەدا هـەوڵ دەدەم بۆچـوونێکی مەنهـەجی و تیوریانـە، بـۆ تێگەیشـتن لـە رەوتی ریفراندەم، پیـادە بکـەم. بـەپێی ئـەم بۆچـوونە ریفرانـدەم وەکـو دیاردەیـەکی

فیکـری لــه قــاڵبی کاردانەوەیــەکی بەپەلــەی وەخــتی دەردەچــێت و دەکەوێتــە چوارچـێوەی خوێندنەوەیـەکی فـراوانتر کـە سـێ ڕەهەنـدی گـرنگ دەگرێتـە خـۆی. بەمــەش ریفرانــدەم دەبێتــە خــاوەنی خوێندنەوەیــەکی مێــژوویی و سیاســی و داهاتووییانەی دیاریکراو. بەم مانایەش ریفرانـدەم بەپەیوەنـدی لەگـەڵ دۆزی کـورد لە باشووری کوردستان خەسڵەتی پرۆژەیەکی نەتەوەیی وەردەگرێ.

## ١- ریفراندەم وەکو پرۆژەیەکی نەتەوەیی

ئەگەر ریفراندەم لە کوردستان وەکو پرۆژەیەکی نەتەوەیی هەڵسەنگێنین، ئەوا بە ئاسانی دەتوانین باس لە سێ ڕەهەندی ریفراندەم بکەین: ١) ڕەهەنـدی ئاوڕدانـەوەی مێژوویــی و خوێندنەوەیــەکی ڕەخنەگرانــەی مێــژوویی - سیاســیانەی باشــووری کوردستان، هەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عیراقـەوە؛ ٢) ڕەهەنـدی خوێندنەوەیـەکی ئـەمرۆی جیۆسـتراتیژیانە و سیاسـیانەی دۆزی کـورد لـەم بەشـەی کوردسـتان؛ ٣) هـەروەها خسـتنەرووی سـتراتیژی ریفرانـدەم و ئەگـەرەکانی شکسـت و سـەرکەوتنی. هەڵبەتە لێرەدا پرسـیاریش ئەوەیـە چ جۆرە سـەرکەوتنێك و لـە چ دیدێکـەوە؟ ئـەم شێوە میتۆدەی نزیکبوونەوە لە ریفرانـدەم یـان خوێندنـەوەی بـەم شـێوەیە ڕێـك لـە خوێندنەوەیەکی زانستیانەی ناسیۆنالیزم، وەکو ئایدیۆلۆژیا و جوڵانەوە و پرۆگرامی سیاسی، دەچێت. ناسیۆنالیزمیش، جا هـەرکامیان بێـت کوردی یـان غـەیرە کـوردی، لەسەر سێ کوچکەی مێژوو و ئێستا و داهـاتوو قـەراردەگرێ. هـەر لێرەشـەوە گرنگـە ئەوە بڵێین کە ناوەڕۆکی گشتگیری ئەم پێکهاتە سێ کوچکەیی (ڕەهەندی)یە دەگۆڕێ بە پێی زەمان و جێگە لە حاڵەتێك بۆ یەکێکی تر.

ئەگەر بۆ نموونە خەبات لە پێناو ئۆتۆنـۆمی و فیـدرالی بێـت، ئـەوا لـە نـاوەڕۆکی ناسیۆنالیزمدا وەکو دەربـڕی سیاسـی و ئایدیۆلۆژیانـەی ئـەم شـێوە خەباتـە یەکسـەر ڕەنگدانەوەی دەبێ لەسەر هەر سـێ ڕەهەنـدی ناسـیۆنالیزم. لەلایـەکی تـرەوە ئەگـەر خەبات بۆ سەربەخۆیی بێت، ئەوا دیسان ڕەنگدانەوەکە لەسـەر هەرسێ ڕەهەندەکە دەبێت، بەڵام بە ناوەرۆکێکی زۆر جودا. بە مانایەکی تر ناسیۆنالیزم بـە ناوەرۆکێـك کە جەخت لەسەر فیدرالیزم دەکات، خوێندنەوەی بۆ رابردوو و ئێستا و داهاتوو زۆر جیـاواز دەبێـت لـە نـاوەرۆکی ئـەو ناسـیۆنالیزمەی کـە جـەخت لەسـەر سـەربەخۆیی دەکات.

## ١ - ١ - ڕەهەندی ئاوردانەوە:

ئاشكرایە كە یەكێك لە ڕووداوە مێژووییە هەرە گرنگەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست هاتنەكایەی دەوڵەتی "مۆدێرن" بوو لە سەرەتای بیستەكانی سەدەی رابردوو. درووستكردنی عێراق ١٩٢٠-١٩٢١ وە دواتر بەشێوەی رەسمی لكاندنی باشووری كوردستان بەم دەوڵەتە دەستكردەوە فەسڵێكی یەكجار گرنگە لە مێژووی هاوچەرخی باشووری كوردستان، وە كوردستانی مەزن بەگشتی. ئەوەی كە گرنگە بگوترێ ئەوەیە كە عێراق پرۆژەی دەوڵەتێكی عەرەبیە هەرچەندە كۆمەڵەی نەتەوەكان و هێزی كۆلۆنیالیست (بەریتانیای مەزن) خوازیاری ئەوەبوون كە مامەڵەیەكی تایبەت لەگەڵ باشووری كوردستاندا بكرێت. لە ئاوڕداناوەیەكی مێژوویی بە پەلەدا هەڵسەنگاندنی ئەو ٨٣ ساڵەی رابردووی دەوڵەتی عێراق، پێویستە بەر لە هەرشتێ جەخت لەسەر ئەوە بكرێتەوە كە كورد لە باشووری كوردستان لە ماوەی ئەم ٨٣ ساڵەدا كێشەكەی تەنها لەگەڵ رژێمی بەعس لە ١٩٦٨ - ٢٠٠٣ نەبووە و بەس، بەڵكو بە درێژایی كات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بووە، ئەو دەوڵەتەی كە بەر لەهەر شتێك دەربڕی پرۆژەیەكی عەرەبی ـ بەریتانی بوو، پرۆژەی بنپێكردنی خەونی كورد بوو لە سەربەخۆیی و كوردستانیبوونیدا، لە شێوەی سەروەرییەكی نەتەوەیی تەواو و بێ مەرجدا.

بەهەر حاڵ بۆ ئێمەی كورد زۆر گرنگە لە كاتی كاركردن لەگەڵ ڕەهەندە مێژووییەكەدا، خوێندنەوەمان بۆ ئەو ٨٣ ساڵە كوردستانیانە و نەتەوەییانە بێت ئەگەر مەبەست گەیاندنی باشووری كوردستانە بە سەربەخۆیی نیشتمانی و سەروەری نەتەوەیی تەواوەتیە. لەم خوێندنەوەیەشدا بە گشتی ئەم ٨٣ ساڵە بە دوو ماوەی جیاواز دەبینرێ، ١٩٢١ - ١٩٩٢ وە ١٩٩٢ - ٢٠٠٣ : لە ماوەی ٧١ ساڵدا (١٩٢١ - ١٩٩٢) هەرچەندە كورد لە باشووری كوردستان هەوڵیدا كە لە دەرگای "برایەتی" و بە دیموكراسیكردن و بە ئاشتی و ژیانی هاوبەش لەگەڵ عیراقی عەرەبی (عێراق بەبێ باشووری كوردستان)دا گوزەران بكا، كەچی ئەوەی كە بۆی گەڕایەوە لە شەرێكی دوور و درێژ و سیاسەتی ئینكار و كۆمەڵێك تراژیدیای لە جۆری هەڵەبجە و ئەنفال و...هتد زێتر نەبوو. لەم ئاووردانەوەیە دەتوانین بە ئاسانی پەنجە ڕاكێشین بۆ ئەزموونی كورد لە پێناو ئاشتی و بیناكردنی عیراقێكی هاوبەش لە نێوان كوردستان و عیراقی عەرەبی لە ئاداری ١٩٧٠ تاوەكو ئاداری ١٩٧٤. یەكێ لەو دەرسانەی كە دەكرێ

له ئەزموونی ئەم چوار ساڵانە هەڵێنجین ئەوەیە کە پێکهاتەیەکی ئۆتۆنۆمی لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەستهەڵاتی سیاسی لە نێوان ناوەند و هەرێمی ئۆتۆنۆمیدا، دەکرێ بە بڕیارێکی دەستهەڵاتی ناوەندی یان پاشگەزبوونەوەی ناوەند بەر لە ژێر پێی هەرێمی ئۆتۆنۆمی (هەرێمی کوردستان) بکێشرێتەوە و کورد بهێنرێتەوە سەر دۆخی سفری سیاسی. ئەو دەرسی ساڵانی ١٩٧٠ - ١٩٧٤ کە بە ئاشتی دەستپێکرد و بە شەرێکی خوێناوی لە ئاداری ١٩٧٤ کۆتاییهات و دواتریش شەڕەکە بە شکستێکی گەورە بۆ کورد لە باشووری کوردستان تەواو بوو ئەوەمان پێدەڵێت کە لە پێکهاتەی (ناوەند - هەرێمی ئۆتۆنۆمی)دا دەستهەڵات بەدەست ناوەندە و دەکرێ ئەم ناوەندە پەشیمان ببێتەوە و حاڵەتی ململانێ بگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیەکانی ناوەند و هەرێمی کوردستان.

له لایەکی ترەوە چونکە کورد لە باشووری کوردستان لە ئاکامی شکستی عیراق لە شەڕی کوێت و ڕاپەرین و کۆچڕەوی گەلی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١وە فەراهەمکردنی جۆرێك لە ئاسایش بۆ هەرنەبێ بەشێکی باشووری کوردستان لە لایەن هاوپەیمانانەوە، بۆی لوا کە کۆچڕەو بکاتە سەرکەوتنی سیاسی و توانی پەرلەمانی کوردستان لە بەهاری ١٩٩٢ بەرهەمبهێنێ. کەواتە لە ئاوڕدانەوەیەکی کوردستانی سیاسیانە بۆ فەترەی ١٩٩٢- ٢٠٠٣ دەبێ ڕاست و ڕێك جەخت بکرێتە سەر ئەوەی کە کورد لە ١٩٩٢ توانی تا ڕادەیەکی باش بەخۆ ببێ و لەم بەخۆبوونەشدا ئیدارەی خۆی و خەملاندنی ماڵی خۆی مسۆگەر بکات. بەم ئاماژەیە مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ بوونی دوو گەمارۆ و کۆمەڵێ تەهدید و سەرچاوەی دەوڵەمەندی زۆر سنوورداریشدا، کورد لە باشووری کوردستان لەماوەی دووازدە ساڵی ڕابردوودا توانی پێشکەوتنی جۆراوجۆر بەدەست بهێنێ. هەڵبەتە ئەو پرۆسەی بەخۆبوونە بە خۆبڕیاردان لەسەر ژیانی خۆ دەیتوانی پێشکەوتنی زۆر زیاتریش بەدەست بهێنێ ئەگەر ململانێ تێکدەرەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی نەبووایە. کەواتە لەم گۆشەبینینەوە و بەم شێوەیە خوێندنەوەی ٨٣ ساڵی ڕابردوو ئەوەمان پێدەڵێ کە گەڕانەوەی کورد بۆ چوارچێوە عیراقیەکە گەڕانەوەیە، بە شێوەیەك یا شێوەیەکی تر، بۆ بارودۆخی ماوەی نێوان ١٩٢١ تا ١٩٩٢. لە لایەکی ترەوە جەختکردن لەسەر سەربەخۆبوون بە مانای کوردستانیکردنی کێشەکەی، پێداگرتنە لەسەر لەدەستنەدانی ئەوەی کە لە ماوەی دووازدە ساڵ (١٩٩٢ - ٢٠٠٤) بەدەستهاتووە،

بەڵکو بیناکردن لەسەری. لێرەدا دەبێ بگۆترێ کە بەر لە کەوتنی رژێمی دکتاتۆری عیراق و دوای کەوتنیشی، بە پێچەوانەی ئەوەی کە کوردستانیبوونی ئەزموونی دووازدە ساڵە جەخت بکرێتەوە، زۆر جار لێرە و لەوێ بەرپرسانی کورد لە راگەیاندنەکانیاندا (بە موناسەبە و بەبێ موناسەبە) جختیان لەسەر ئەوە کردووە کە "عیراقیەکان لە باکووری عیراق توانیویانە لەم ساڵانەدا ئەزموونێکی دیموکراسی پیادە بکەن". بێگوومان ئەم شێوە راگەیاندنانە دەخزێنە ناو هەوڵی بەعیراقیکردنی کورد و سڕینەوەی ناسنامە کوردستانیەکەی وە لەبەرکردنی بەرگێکی عیراقییە، کە بە ناوەرۆك، بمانەوێ و نەمانەوێ، عەرەبیە و گەراندنەوەی کوردە بۆ ناو قەفەسی عیراق.

### ١ - ٢ - رەهەندی خوێندنەوەی ئەمرۆ:

پێویستە لەم بەشەدا بەر لەهەر شتێك ئەوە بگۆترێ کە بزووتنەوەی ریفراندەم تەنها حەز و هەست ونەستی چەند کەسێك نیە کە دواجار دەخوازن هەڵوێستەیەك لە سیاسەت و بارە جیۆستراتیژیەکان وەرگرن بەبێ ئەوەی بە لانی کەم هەوڵی ئەوەیان دابێ کە لەم بارە بگەن. دواجار ئەم بزافە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی رێك و درووستی باری سیاسی و ستراتیژی هەیە، کە لێکدانەوەی هاوسەنگی هێز و تێگەیشتنی ئەکتەرە سیاسیە نێودەوڵەتی و ئەقلیمیەکانیش بگرێتە خۆی.

لە خوێندنەوەی باری سیاسی و ستراتیژی ئەمرۆی باشووری کوردستان دەتوانین زۆر بەگشتی باس لە دوو دانە بۆچوون، یان راستتر بڵێین خوێندنەوە بکەین؛ یەکێکیان هی حزبە تەقلیدیەکانی باشووری کوردستانە کە گووتاری سیاسی و خوێندنەوەیان لە هی ساڵانی ١٩٥٠ ـەکان و ١٩٦٠ ـەکانی سەدەی رابردوو نزیکە، بگرە هەندێك جاریش رێك ئەو گووتارەیە. ئەو شێوە بۆچوون و خوێندنەوەیە کە سەرچاوەی هەڵسووکەوتکردنی ئەم حزبانەیە لەمەر مەسەلەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق و کێشەی باشووری کوردستان وە بە تایبەت دوارۆژی سیاسی ئەم بەشەی کوردستان. بۆچوونەکەی تریش کە دەتوانین پێی بێژین دژەبۆچوون، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کەوا ئەمرۆ، بە تایبەتی دوای تێکشکانی دەوڵەتی عیراق، بارێکی ئیقلیمی و نێونەتەوەیی زۆر جیاواز لەوەی ساڵانی سەدەی پێشوو بەگشتی و بە تایبەت هی پێش ١٩٩٠ ـەکانی سەدەی رابردوو، لە گۆڕێیە.

بۆچــــوونێك كــــه دهتــــوانرێ لــــه چوارچــــێوهى بیرۆكــــهى ریفرانــــدهم و ههڵســهنگاندنهكانى كـه دهبنـه سهرچـاوهى باوهڕپێـدان بـه ههرنـهبێ بهشـێك لـهو خهڵكانهى كه چالاكن له ناو بزووتنهوهى ریفراندهمدا و خوێندنهوهیهكى جیاواز بۆ تهواوى مهسـهلهكان پـێ لهسـهر ئـهوه دادهگـرێ كـه خـهڵكى كوردسـتان بـوارى ههیـه داواى زۆر زێـتر بكـات و ئـهو شتهشـى كـه داواى دهكـات بـه گفتوگـۆى دهوروبـهرى مێزهكـانى ئهنجوومـهنى حـوكمرانى لـه بهغـدا بهدهسـت نایـهت. بـهپێى قورسـى و ئـاڵۆزى كێشـهى كـورد لـه باشـوورى كوردسـتان، بـه تایبـهتى بـههۆى سیاسـهتى شۆڤینیستانهى نهتهوهى سهردهست و ناروونى سیاسـهتى ئـهمریكا لهمـهر مهسـهلهى كورد، بارێكى ئهوهاى هێناوهته گۆڕێ كه ئهگهر گهلى كـورد لـه باشـوورى كوردسـتان به شێوهیهكى جددى بیر له ههڵتهكان و هـهژانێكى سـتراتیژى و سیاسـى هاوكێشـهكه نهكاتهوه، ئهوا به ئهگهرى زۆر كورد ئهم جهولهیهش دهدۆڕێنێ. ریفرانـدهم دهكـرێ، وه بگره پێویستیشـه، ئـهو رهوت و بزووتنهوهیـه بێـت كـه ئـهم ههڵتهكانـه پێویسـته فهراههم بكات.

له خوێندنهوهیهكى سیاسى و ستراتیژیانهى ئهمرۆكهدا، پێویسـته ههمهلایـهنى و ههمهئاستى، سهرچاوهى تیۆریانهى خوێندنهوهكه بێت:

١) **سیاسهتى ئـهمریكا:** خـاڵێكى هـهره گـرنگ ئهوهیـه كـه بـهڵێ راسـته بزووتنـهوهى ریفراندهم به زمانى ههندێ پرنسیپ و ئوسولى یاساى نێونهتهوهیى بانگاشه بۆ مـافى چارهى خۆنووسـین بـۆ خـهڵكى كوردسـتان دهكـات، بـهڵام ئـهوه مانـاى ئـهوه نیـه كـه خـهڵكانى چـالاك لـه نـاو ئـهو بزووتنهوهیـه ئینكـارى بـوونى حاڵـهتێكى سیاسـى و سـتراتیژى دهكـهن كـه بـه تایبـهتى لـه كۆمـهڵێك گۆڕانكـارى بیسـت سـاڵى دوایـى كهوتۆتهوه، به تایبهتى هى دواى ١١ى سێپتهمبهرى ٢٠٠١ و كـهوتنى ڕژێمـى دكتـاتۆر، كهوتۆتهوه. ئا لهم سۆنگهیهوه دهكرێ بگۆترێ كه سیاسهتى ئهمریكا شتێكى یـهكجار گرنگه بۆ ههر گۆڕانكارییێك.

دهكرێ خوێندنهوهیهكى تهقلیـدى و نێگهتیڤانـه، كـه لـه بۆچـوونێكى كوردییـهوه خهسـڵهتى نـهگۆڕاوهیى ههیـه ، بـۆ سیاسـهتى ئـهمریكا خـۆى لـه چـهند خاڵێكـدا بدۆزێتهوه: أ) ئهمریكا جارێك پشتى له كورد كردووه و دهكرێ ئهم جارهش پشت لـه كـورد بكـات؛ ب) ئـهمریكا متمانـهى پـێ نـاكرێ؛ ج) سیاسـهتى ئـهمریكا بـه هـیچ شێوهیهك لهگهڵ ههڵوهشانهوهى دهوڵهتى عیراقدا نیـه؛ د) ئـهمریكا تـورك و عـهرهب

بە گورد ناگۆڕێتەوە؛ ھ) ئەمریکا بەرژەوەندی خۆی باشتر دەزانێ...ھتد. ئەم شێوە بۆچوونە زۆر ترسناك و زەرەرمەندە و ھۆكاری كات و گۆڕانكاریەكانی ناو ئەو كاتە دەحیسێب ناگرێ و لە رووی مامەڵەكردن لەگەڵ دیاردە سیاسی و ستراتیژیەكان لە چواچێوەیەكی نەگۆڕاودا كار دەكات. بەم پێیەش ھەڵگرانی ئەم بۆچوونە رێگە بەخۆیان نادەن كەوا بیر لە ھەندێ ئامرازی خەباتی تازە بكەنەوە، وەكو بۆ نموونە لە رێگەی بزووتنەوەیەكی جەماوەری وەكو ریفراندەم ئیرادەی خەڵكی كوردستان كارا بكرێ و بكرێتە وەرەقەیەكی فشار بۆ سەر ئەكتەرەكانی پەیوەندیدار بە مەسەلەی عیراق و دوارۆژی ناوچەی رۆژھەڵاتی ناوەراستدا.

وەكو ئاشكرایە زۆر كەم دیاردە ھەن لەگۆڕانێكی بەردەوامدابن بەقەد جیھانی سیاسەت. جگە لەوەش لەم چەند ساڵەی دواییشدا گۆڕانكاریەكی زۆر بەسەر سیاسەتی ئەمریكادا ھاتووە وە وادەزانم لە ھەموو ئەم گۆڕانكاریانەش گرنگتر قەبووڵكردنی گۆڕانكاریە لە ناوچەی رۆژھەڵاتی ناوەراست بە ئاماژە و مەبەستی دیموكراتیزەكردن. نەك ھەر ئەوە، بەڵكو ئیمرۆ ئەمریكا باس لە پرۆژە و ھەوڵی چالاكانە بۆ دیموكراتیزەكردنی رۆژھەڵاتی ناوەراستیش دەكات. سەرۆكی ئەمریكا، جۆرج (بۆش)ی كوڕ، لە ووتارەكەی نۆڤێمبەری پاریدا، كە دەربارەی ستراتیژی ئەمریكا بوو، بەرامبەر رۆژھەڵاتی ناوەراست، ئەوەی جەخت كردەوە كە ئەمریكا شەست ساڵە دیموكراتیزەكردنی ناوچەی رۆژھەڵاتی ناوەڕاستی كردۆتە قوربانی پاراستنی ئیستیقرار، بەڵام لەمەودوا ئەمریكا ئامادەیە ئیستیقرار بكاتە قوربانی دیموكراتیزەكردن. ئایا باوەر بەم بۆچوونە بكەین یان نا، ئەمە بۆخۆی پرسیارێكە.

بەھەرحاڵ چەند شتێكی گرنگ ھەن كە دەبێ بیانزانین: یەكەمیان، ئەمریكا بەم قورسیە ھاتۆتە ناوچەی رۆژھەڵاتی ناوەراست تا بمێنێتەوە، نەك ھەر مانەوەیەكی سەربازی - ئیمپریالی كلاسیكی، بەڵكو مانەوەیەك بە گۆڕانەوە و لەپێناوی گۆڕان. پرۆژەی ئەمریكا ھی *رۆژھەڵاتی ناوەراستی مەزن* كە ماوەیەكە باسی لێوەدەكرێ و پێشتریش بەناوی شەراكەتی رۆژھەڵاتی ناوەڕاست ناوزەد كراوە زۆر گفتوگۆی ھێناوەتە گۆڕێ، رێك دەخزێتە ناو چوارچێوەی ئەم بۆچوونەوە. ئەوەی كە زۆر گرنگە ئەوەیە كە ئەمریكا لەم گۆڕانكاریەدا پێویستی بە ھەندێ دۆست ھەیە كە ئامادەبن بینا و ئیستیسمار لەسەر ئەم پرۆژەی گۆڕینی رۆژھەڵاتی ناوەراستە بكەن. ئەم دۆستانە جێگەی متمانە و نەفەس درێژ بن ھەروەھا لەمەش گرنگتر

بەرژەوەنــدیان لــەم گۆڕانکاریــەدا هــەبێ وە لەوێشــدا بەرژەوەندیــەکانیان لەگــەڵ بەرژەوەندیەکانی ئـەمریکادا یـەکانگیر بـبن. کـورد دەتـوانێ رێـك ئـەم جـۆرە دۆسـتە بێت، نەك لەبەر خاتری ئەمریکا، بـەڵکو بـە پلـەی یەکـەم لەبـەر خـاتری خـۆی. بـە کـورتی کـورد بەرژەوەنـدی لـە گۆڕانکاریدایـە. ئەمـە رێـك حاڵـەتێکی هاوپـەیمانی ستراتیژی دەهێنێتە گۆڕێ لە نێوان کورد و ئەمریکا.

لـە ڕاسـتیدا هـەر ئـەم پـرۆژەی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتەیە کـە نـزیکترین دۆسـتانی ئــەمریکا (ئیســرائیلی لــێ دەربچــێت) دژی رادەوەســتن یــان هەرنــەبێ هەڵوێســتی نێگەتیڤیان هەیە بەرامبەری: رەدکردنەوەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن میسر و تورکیـاوە رێك ئەم پرۆژەیەی ئەمریکا لە ناوچە بەبێ هاوپەیمان دەهێڵێتـەوە. جـا مەسـەلەکە بـەو سـادەییە نیـە کـە ئـەمریکا تـورك و عـەرەب بـە کـورد ناگۆڕێتـەوە، بـەڵکو لـەم خاڵەوە چوار شـتی زۆر گـرنگ هـەن: یەکـەمیان، بـەپێی پرەنسـیپێکی کـۆنی هێنـری کیسینگەر دەکرێ دوو لایـەن دژی یـەکتر بـن بـەڵام هـەمان ئـەم دوو لایەنـە دۆسـتی نزیکـی ئـەمریکا بـن. ئـەمڕۆ ئـەمریکا پێویسـتی بـە دۆسـتگەلێك هەیـە لـە ناوچـەی رۆژهــەڵاتی ناوەراســت کــە لەگــەڵ گۆڕانکاریــدا بــن و پشــتی ئــەمریکا بگــرن لــەم گۆڕانکاریــەدا، بــەبێ ئــەوەی هــیچ شــتێکیان لەدەســتدابێت. ئــەم گۆڕانکاریــەی کــە ئەمریکا باسی دەکات نەك هەر خراپ نیە بۆ کورد بەڵکو پڕ بە پێستیەتی و دەکـرێ زۆر لە قازانجیشی بێت؛ دووەمیان، میللەتی ئـەمریکا و سیسـتەمی سیاسـی ئـەمریکی رای گشـتی لـەو وڵاتـە بـە گـرنگ و زۆر هەڵـدەگرن. هێنـانی سـەدان هـەزار کـەس لـە باشووری کوردستان بۆ سەر شەقام دەکرێ رێك هاوکێشـەکە بگـۆڕێ لـە بەرژەوەنـدی کورد. لە راستیدا، کاتێك لە سەرەتای مـانگی ژانیـوەری ئەمسـاڵیش مەسـعود بـارزانی بە پۆل برێمەری گووتـوە کـە ئەگـەر هەنـدێك شـێوەی ناتـەواوی چارەسـەری بەسـەر بەرپرسەکانی کورددا بسەپێندرێن، ئەوا ئەوان دەگەرێنەوە بـۆ رای خـەڵك. شـڵەژانی برێمەر بەم قسەیەی مەسعود بارزانی رێك ئەم بۆچوونە (لـە گرنگـی رای گشـتی لـە ئەمریکا) دەسەلمێنێ؛ سێهەمیان، خوێندنەوەی سیاسەتی ئەمریکا بە چاوێلکەی ١٩٧٠ ـەکانی سەدەی رابـردوو و دیـتنی پـۆل برێمـەر تـەنها وەکـو "شـاگردێکی" کیسـنگەر، رەنگدانــەوەی گرێیــەکی ســایکۆلۆژی - مێژووییــە. کــورد پێویســتی بــەم جــۆرە خوێندنــەوە چـەوت و تەسـکبینانە نیـە؛ چـوارەمیان، هـیچ شـتێك لـە سیاسـەت و پەیوەندیـە نێونەتەوەییەکانـدا نیـە ئـەوەمان پـێ بڵێـت کـە "دەوڵەتـە گـەورەکان

بەرژەوەنـدی خۆیـان لـە هـەموو کـەس و لایـەنێك باشـتر دەزانـن" و کـوردیش، بـۆ نموونە، پێویست ناکات بـە ئـەمریکا بڵێـت کـە بەرژەوەندیـە هاوبەشـەکان کامانـەن. رێـك بەپێچـەوانەی ئـەوە کـورد دەتـوانێ بڵێـت کـە ئێمـە ئامـادەین لەگـەڵ ئێـوەی ئەمریکیدا بڕۆین، ئێوەی ئەمریکی گۆڕانکاریتان دەوێت و ئێمەی کوردیش ئەمەمان دەوێت و دەتوانین ئامراز و ئەزموونی ئەم گۆڕانکاریە بین. لە راستیشدا زۆر جار لـە سیاسەتدا ئەکتەرێکی زۆر بچووکی مەیـدانی سیاسـەتی نێونەتـەوەیی وە بگـرە تاکـە پسـپۆرێکیش راسـتتری هێنـاوە لـە زلهێزێـك لـە خوێندنەوەیـەکی سیاسـی یـان ستراتیژیدا. هەر لێرەوە دەکرێ کورد لـە باشـووری کوردسـتان تەسـەووری تایبـەتی خۆی هەبێ دەربارەی پرۆژەی *(رۆژهەڵاتی ناوەراستی مەزن)*ی ئەمریکی؛ تەسەورێك کە پێهەڵدەگرێ لە بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی کورد و ئەمریکا. لە لایەکی تریشـەوە دۆسـتایەتیکردنی ئـەمریکا دەکـرێ پێویسـت بـەوە بکـا کـە کـوردیش زەریبـەی ئـەم دۆسـتایەتیە بـدات، زوو یـان درەنـگ. دەبـێ ئـەمریکاش بـاش لـەوە حاڵیبکرێـت کـە دۆسـتایەتیکردنی ئـەمریکا لـە لایـەن کوردەوە لـە ناوەراسـتی دەریایـەك لـە ئـەنتی - ئەمریکانیزم شتێکی ئاسان نیە بۆ کـورد. کەواتـە هاوکێشـەی "دۆسـتایەتی" کـورد و ئەمریکا پێویست بە دان و وەرگرتنی دوولایـەنی دەکـات. لـە بۆچـوونێکی ئەوهاشـدا، دەکرێ مرۆڤ بپرسێ ئایا بـۆ نـاکرێ ئـەمریکا سـەرمایە سیاسـیەکەی وەکـو سـەرەتا و نموونەیەك لە چوارچێوەی (رۆژهەڵاتی ناوەراستی مـەزن)دا لـە باشـووری کوردسـتان سەرف بکات هەروەك کاتی خـۆی بـۆ نموونـە لـە کۆریـای خـواروو کـردی کـە دواجـار سـەرکەوتنی بـۆ هـەردوولا تیـابوو: ئـەمریکا دۆسـتێك و پشـتگیرێکی دەسـتکەوت لـە خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا و کۆریای خوارووش پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی - ئـابووری و سیستەمێکی دیموکراسی بەدەستهێنا.

٢) **هێـزە ناسیۆنالیسـتی و ئیسـلامیەکانی عیراقـی عـەرەبی** (عـیراق بـەبێ باشـووری کوردستان): ئاشکرایە کـە هێـزە سیاسـیەکانی کوردسـتان لـە باشـووری کوردسـتان لـە پەیوەندیـەکی بەردەوامـدا بوونـە لەگـەڵ هێـزە عـەرەبی و ئیسـلامیەکانی عیراقـی عـەرەبی بـۆ خەملانـدنی چوارچـێوەیەك کـە تیایـدا مافـەکانی کـورد بـە رەسمـی بناسـرێن. هـەر لەگـەڵ لێـدان و تێکشکاندنی عـیراق لـە شـەری کوێـت ئـەم هەوڵانـە کەوتنە قۆناغێکی چڕبوونەوە. کورد ئیتر بـوو بـە خـاوەنی پەرلـەمان و حکومـەتی خۆی و بەشێکی باشی لە خاکی باشووری کوردستان ئیدارە دەکرد. لەگەڵ ئەوەی کـە

پێویست بوو ئەم حاڵەتە نوێیە لایەنی عیراقی عەرەبی وا لێبکات کە ئیتر سێ و دوو نەکات لە پێزانینی مافەکانی کورد. لەگەڵ ئەوەشدا کە پرەنسیپی فیدرالی بۆ کوردستان قەبووڵکرابوو لە کۆنگرەی ڤیەننا، بەڵام هەر ئەو لایەنانە لە سەرەتاوە مامەڵەی فیدرالیان کردووە لە گۆشەبینینێکی شۆڤینیستی عەرەبیەوە و لە چوارچێوەی ئەو بیرۆکە عەرەبیە کلاسیکیەی کە بە درێژایی کات باو بووە لە بیرکردنەوەی لایەنی عەرەبیدا لە عیراق. ئەم بیرکردنەوەیەش شێوە و دەربڕی جۆراوجۆر خۆی بینیوەتەوە، لە هەمووشیان گرنگتر: یەکبوونی خاکی عیراق بە کوردستانیشەوە؛ قەبووڵنەکردنی کەرکوك وەکو شارێکی کوردستانی؛ مۆنۆپۆل (ئیحتیکار)کردنی دەستهەڵاتە هەرە گرنگەکان وەك بەرگری و سیاسەتی دەرەوە و ئابووری و سیاسەتی دراوی لە لایەن حکومەتی مەرکەزیەوە؛ قەبووڵنەکردنی هیچ جۆرە زەمانەتێکی نێونەتەوەیی، قەبووڵنەکردنی ئەوەی کە کورد خاوەنی سوپای خۆی بێت یان مافی گەڕانەوەی هەبێت بۆ رای خەڵکی کوردستان لە راپرسیەکی یا ریفراندەمێکی ئازاددا.

ئەم حاڵەتە بە روونی رەنگی داوەتەوە لە گفتوگۆکانی لایەنی عیراقی عەرەبی لەگەڵ لایەنی کوردی. پێداچوونەوەیەکی بە پەلە بە راگەیاندنەکەی کۆبوونەوەی ناسریە (لە ناوەراستی ئەپریلی ٢٠٠٣) واتە چەند رۆژێك دوای کەوتنی رژێمی سەدام، بە روونی ئەوە خویا دەکات کە نە ووشەی کورد و نە ووشەی کوردستان لەم راگەیاندنەدا نەهاتوون، کەچی لایەنی هەرە گرنگی بەشداربوو لەم کۆبوونەوەیەدا لایەنی کوردی بوو! لەوە زێتر لە بەندی سێهەمی ئەم راگەیاندنەدا هاتووە کە سیستەمی سیاسی عیراق لە داهاتوودا فیدرالی دەبێت، بەڵام ئەم سیستەمی فیدرالییە تەنها دوای پرسکردن بە خەڵکی هەموو عیراق دەچەسپێ. پێشتریش لە کۆنفرانسی لەندەن (دێسێمبەری ٢٠٠٢) کۆمەڵێك پرەنسیپ رێگەیاندران کە لە کۆیدا زۆر دوورە لە بەبێ پێچوپەنا ناساندنی مافەکانی خەڵکی کوردستان. ئاخر لە خاڵی هەشتەمی راگەیاندنەکەدا، کاتێك باس دێتە سەر جینۆسایدکردنی کورد لە ئۆپەراسیۆنی بەدناوی ئەنفالدا، وا باسکراوە کە رژێمی سەدام ١٨٢,٠٠٠ هەزار "هاونیشتمانی" ئەنفال کردووە. جارێ چۆن دەبێ قەبووڵبکرێ کە بەبێ ناوهێنانی ووشەی کورد باس لە ئەنفال و قوربانیەکانی بکرێ، وەکو ئەوەی باس لە قڕکردنی جووەکان بکرێت بەبێ ئەوەی ناوی خودی جووەکان بهێندرێت! ئەرێ ئەمانە

هاونیشتمانی بوون یا تەواو بە پێچەوانەوە؛ لەبەر ئەوەی کە کەمترین رادەی مافی هاونیشتمانیان نەبوو، ئەنفالکردنیان مومکین بوو. لەراستیشدا ئەمانە هیچ مافێکی هاونیشتمانیان پێ رەوا نەبینرا وە لەسەر ئەم بنچینەیەش ئەنفالکران. لەبەر ئەوە ئەنفالکران چونکە کورد بە گشتی لە کاتی رژێمی سەدام رازی نەبوو هاونیشتمانی بێ بەو شێوەیەی کە رژێمی بەعس دەیخواست. کاتێکیش باس هاتۆتە سەر راپەڕین و ("ئینتیفازە")ی بەهاری ١٩٩١ تەنها باس لە ئینتیفازە دەکرێ و راپەڕینی کوردستان لەناو ئەم ئینتیفازە "عیراقیە"دا شاردراوەتەوە. ئاخر راپەرین یەکێکە لە رووداوە هەرە گرنگەکان لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا وە حەشاردانی لەناو بەرگێکی عیراقی عەرەبیدا گوناهێکی زۆر مەزنە بەرامبەر بە مێژوو و خەباتی سیاسی خەڵکی کوردستان. دەکرێ بپرسین، ئایا بۆ فەڵەستینیەکان توانیان بە جیهان بسەلمێنن کە لە زۆرێك لە زمانەکاندا تەنها وشەی ئینتیفازە بەکاربێت، بۆ کورد نەتوانێ بە عیراقی عەرەبی بڵێ "ئاخر ئەوەی کوردستان ئینتیفازە نەبوو بەڵکو راپەڕین بوو"! ئەمە تەنها مشتێکە لە خەرواری کۆنفرانسی لەندەن کە ناکرێ بە ووردی لێرەدا باسی لێوە بکەم. بەڵام گرنگە ئەوە بگوترێ کە ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی و ئیسلامی "عیراقی" لەو کاتەدا لەوپەڕی بێهێزیدا بوو وە پێویستی بە هەر یارمەتیەك هەبوو.

ئەو بۆچوونەش راست نیە کە دەڵێ فشاری ئەمریکی راگەیاندنی کۆنفرانسی (لەندەن)ی بەو شێوەیەی کە دەرچووە مومکینکرد. سەرچاوەکانی ناو خودی کۆنفرانسەکە وا دەردەخەن کە کورد دەیتوانی دەستکەوتی زیاتر بەدەست بهێنێت لەو کۆنفرانسەدا.

ئەو دوو نموونەیەی ئەنفال و راپەڕین لە راگەیاندنی کۆنفرانسی (لەندەن)دا بەروونی کەمی باوەڕی نەتەوەیی و نائاگایی سیاسییانەی نوێنەرانی کورد کە لە کۆنفرانسەکەدا بەشداربوون دەردەخات، نەك فشاری ئەمریکا.

شۆڤینیزمی هێزە عیراقیە عەرەبیەکان (بە هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکانەوە) لە هەڵوێستیان بەرامبەر فیدرالی و مافەکانی کورد بە ئاشکراترین شێوە دەرکەوت دوای کەوتنی رژێمی سەدام وە بەتایبەتی بە پەیوەندی لەگەڵ دەمەتەقێکردن و بریاردان لەسەر یاسای بنچینەیی بەڕێوەبردنی عیراق کە لە رۆژی ٨ی ئادار (مارس)ی ئەمساڵ بەشێوەیەکی رەسمی دەرچوو. ئەم یاسای کاتییە هەموو

لایەك رازی دەكات، بەڵام هیچ لایەنێكیش بەتەواوەتی رازی ناكات. دەكرێ ئەم بەڵگەنامەیە لە باشترین حاڵەتدا سێ شێوە زیانی لێبكەوێتەوە: ١) ئەم یاسای كاتییە بەڵگەنامەیەكە لە باشترین حاڵەتدا چارەسەری ململانێكانی كورد لەگەڵ ئەوەی كە سبەینێ جارێكی تر دەبێتەوە دەوڵەتی عیراق، دوا دەخات؛ ٢) ئەم یاسای كاتییە لە زەمەنێكدا دێت كە تیایدا كورد بوارێكی زێڕینی بۆ رەخساوە كە تیایدا دەتوانێ كاربكا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەكانی، كورد سر (تەجمید) دەكات و ئەو دەرفەتەی لێ دەدزێت؛ ٣) كورد بە ئیمزاكردنی ئەم یاسای كاتییە موافەقەی كرد لەسەر دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق، ئەو دەوڵەتەی كە سبەینێ مافەكانی كورد ئینكار دەكات، بەڵكو لەوەش خەراپتر دەكەوێتەوە گیانی كورد.

لەم یاسای كاتییەدا، هەر لە دیباجەكەی (پێشەكیەكەی)دا، كە هەڵبەتە بەشێكی گرنگی هەر دەستورێكە، جخت لەسەر "یەكبوونی نیشتمانی عیراق" كراوە. بەكارهێنانی ئەم چمكە زۆر مانا دەبەخشێ و گرنگی تایبەتی هەیە: ١) ئەمە رێك بەردەوامی پرۆژەی شۆڤینیستی عەرەبییە كە دەربڕەكەی یەكبوونی عیراقە، وەكو خاك و ناسنامە و یەك نیشتمان. ئەمەش رێك دژە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی كە دەڵێ دوو خاك (كوردستان و عیراقی عەرەبی) و دوو ناسنامە (عەرەبی و كوردی) وەهەروەها لەوەش گرنگتر دوو پرۆژە (پرۆژەی كوردستانی و پرۆژەی عیراقی عەرەبی) هەیە. مرۆڤ بە راشكاوی دەتوانێ بڵێ كە یەككردنی ئەم دوو ناسنامە و خاك و پرۆژەی سیاسییە رێك قەبووڵكردنی فەلسەفە و بیرۆكەی شۆڤینیستی عەرەبیە لە عیراق، كە لە درێژایی ٨٣ ساڵی رابردوودا كە لە حاڵەتی پراكتیكیدا بەعەرەبكردن و كیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال و...هتد لێكەوتۆتەوە. ٢) بەكاربردنی ئەم چمكە لە دیباجەدا رێك ئەوە دەردەخات كە ئەو مەسەلەی "الاتحاد الاختیاری" وەیا یەكێتی ئارەزوومەندانە كە لایەنی كوردی بەكاریهێناوە و دەهێنێ، تەنها بۆ بەنجكردنی كوردە و خاپاندنێكی سیاسیانەی تەقلیدییە كە لەگەڵ خەڵكی كوردستان كراوە و دەكرێ. ئاخر پێویست ناكات مرۆڤ زانا بێت لە بواری سیاسەت بۆ ئەوەی تێبگات كە جیاوازی گەورە لەنێوان ووشەی "وحدە" (یەكبوون) لەلایەك وە "اتحاد" (واتە یەكیەتی) لەلایەكی ترەوە هەیە. زۆر بە كورتی بە قەبووڵكردنی ووشەی "وحدە" جارێكی كورد تر رێك بۆچوونی رژێمی بەعسی قەبووڵكردووە، ئەو بۆچوونەی كە دوێنێ بە ئاگر و ئاسن نەتواندرا بەئەنجام بگەیەندرێ، ئیمرۆ لە

پەنجەرەی "برایەتیەوە" ترسی بەئەنجامگەیاندنی هەیە. جگە لەوەش لە ماددەی (٥٢)دا جخت لەسەر "عراقاً موحداً" واتە عیراقێکی یەکپارچە کراوەتەوە.

دیارە لێرە مەبەست ئەوە نیە کە بە ووردی هەموو بەندەکانی ئەم یاسای کاتییە بخەینە بەر تیشکی باس و لێکۆڵینەوە، بەڵکو هەرنەبێ هەندێك لە خاڵەکان زۆر پێویستن کە ئاماژەیان پێبکرێ. لە بەندی چوارەمدا هاتووە کە فیدرالی لە عیراق لەسەر بنچینەی رەگەز و ئیتنی و نەتەوەیی و مەزهەبی نیە. ئەمە رێك رووتکردنەوەی جوڵانەوەی سیاسی کوردستانە لە ناوەرۆکە نەتەوەییەکەی و داماڵینی رووی نەتەوەیی و کوردستانیە لە فیدرالیەکەی کوردستان. لەراستیدا ئەمە زۆر کەمترە لەوەی کە بگرە خودی رژێمی بەعسیش کاتی خۆی شایەنی گەلی کوردستانی بینیبوو: لەراستیدا یەکێ لە خاڵەکانی بەیاننامەی ئازار (١١ی ئازار ١٩٧٠) ئەوەبوو کە بزاڤی چەکداری کوردستان دانی پیانربوو وەك جوڵانەوەیەکی نەتەوەیی ئازادیخواز. بێگومان ئەم بەندە گرنگیەکی زۆری هەیە.

لە ماددەی ١٦ (بەندی ج)دا هاتووە کە هەر عیراقیەك ماڤی بەبێ قەید و شەرتی هەبێ کە لە هەر جێگایەکی عیراق مافی ("تملك")ی هەبێت. لەم خاڵەدا دوو مەترسی جددی دەردەکەون: ١) سبەینێ عەرەبەکان لە عیراق بە کرینی مولك لە کوردستان بەشێوەیەکی "برایانە و ئاشتیانە" کوردستانمان لێدەکرن یا هەر نەبێ بە شێوەیەکی جددی جوگرافیای کوردستان تەسکدەکەنەوە و دەشێوێنن؛ ٢) ئەم خاڵە دەبێ بە رێگر لە پێش تەسفیەکردنی پاشماوەکانی سیاسەتی تەعریبی رژێمی بەعس، چونکە ئەو کاتە دەکرێ لە باشترین حاڵەتدا عەرەبە هاووردەکان (یا باشتر وایە بڵێین عەرەبە کۆڵۆنیستەکان) ئەو خان و مولکەیان لێبسەندرێتەوە کە کاتی خۆی لە پرۆسەی تەعریبدا دەستیان بەسەردا گرتووە، بەڵام هەر لە هەمان شوێن دەرفەتیان بدرێتێ کە بمێننەوە وە موڵکی تازە بکرن (هەر بەو پارەیەی کە وەکو قەرەبوو وەریدەگرن) یا بەڵکو هەروەها پێیان ببەخشرێ بە پێی ئەم ماددەیە؛ ئەوەتا هەر بەپێی ماددەی ٥٣ عەرەبە هاووردەکان ماڤی قەرەبووکردنەوەیان هەیە. ئەوەی کە سەرانی کورد ئاگاداری نین وە زۆر پێویستە ئاگاداری بن ئەوەیە کە نموونەی وا هەیە لە جیهان کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بۆی هەیە لەرووی یاساییەوە رێگە نەدات بە نەتەوەی زۆرینە کە خاك بکرێ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا. جا لەبەر ئەوە هەر لەم خاڵەدا فیدرالیەکەی کورد لە ئۆتۆنۆمیش کەمترە!

لەلایێکی ترەوە دەبێ ئەوەش بڵێین کە مەترسی کڕینی خاکی کوردستان بە پارە لە داهاتوودا زۆر بە راشکاوی جختی لەسەر کراوە بەر لە دەرچوونی یاسای کاتی لە رێگەی پرۆژەیەك کە لە لایەن دەستەی ئاشتی و ئایندە پێشکەش بە هەردوو سەرکردایەتی هەردوو حزبە دەستهەڵاتدارەکەی باشووری کوردستان کرا لە رێگەی هەردوو کەسی یەکەم لەم دوو حزبەدا لە سەرەتای مانگی کانوونی دووهەمی ئەمساڵ. (بۆ خوێندنەوەی دەقی پرۆژەی دەستەی ئاشتی و ئایندە بڕوانە *کوردستانی نوێ* ٢٠٠٤/١/٩، ل٣). لە ماددەی (٢٥)دا حوکومەتە ئیقلیمیەکان و پارێزگاکان لەرووی سەلاحیەتی یاساییەوە تا رادەیەکی زۆر وەکو یەك حسێب دەکرێن: بەرێوەبردنی دەوڵەمەندیەکانی سرووشتیی عیراق بە راوێژکاری لەگەڵ حوکومەتە ئەقلیمی و پارێزگاکان دەبێت.

بەپێی ماددەی ٥٣ تا سەرەتایساڵی ٢٠٠٦ دەبێ مەسەلەی کەرکوك و هەموو ئەو ناوچانەی تر کە تا ١٩ی ئادار ٢٠٠٣ لەژێر دەستی حکومەتی بەعس بوون چارەسەر بکرێت. ئەم ماددەیە شتێکی گرنگ دەسەلمێنێ ئەویش قەبووڵکردنێکی پرەنسیپیە کە ئەم ناوچانە قابیلی ئەوەن قسەیان لەسەر بکرێ. جگە لەوەش دڵەراوکێی لایەنی کوردیش دەردەخات بەرامبەر بە کوردستانیبوونی ئەم ناوچانە، یان هەرنەبێ لایەنی عەرەبی وا بۆ خۆی تێدەگات. دەکرێ ئەمەش مەبەستی ئەم لایەنە بووە. لە هەمان ماددەدا هاتووە کە سێ دانە پارێزگا بەیەکەوە دەتوانن یەك ئیقلیمی فیدرالی دروست بکەن. بەم مانایە ئەگەر لایەنی کوردی بۆی هەبێ یەك دانە ئیقلیمی فیدرالی دروست بکات، ئەوا لایەنی عەرەبی لە پراکتیکدا بۆی هەیە ٤ تا ٥ ئیقلیم دروست بکات. بەم پێیەش شتێکی یەکجار گرنگ لەم مەسەلەیە دەکەوێتەوە: بەپێی ماددەی ٦١ ئەگەر لایەنی کوردی یەك مافی ڤیتۆی هەبێت (کە ئەویش دەکرێ لە ململانێی پارتی و یەکێتیدا ببێ بە قوربانی)، ئەوا عەرەبەکان مافی ٤ تا ٥ ڤیتۆیان هەیە. سێ پارێزگای عەرەبی بە یەکەوە دەتوانن هەر شتێك بە ڤیتۆ رەتبکەنەوە کە لە بەرژەوەندی کورددا بێت. دواجار زۆرینەی عەرەبی لەم قۆناغەدا ئەو کاتە دەحەسێتەوە کە ئەم مافی ڤیتۆیە بە تەواوەتی لە دەستوردا لابردرێت. ئینجا قەبووڵکردنی فیدرالی لەلایەن کوردەوە بەبێ ڤیتۆیەکی بێ سێ و دوو و بەبێ سوپای خۆی و بەبێ زەمانەتی نێونەتەوەیی گەرانەوەیە بۆ ناو عیراقی پێشوو، عیراقی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفال و...هتد.

له لایێکی تـرەوە، لەگـەڵ لاوازی ڤیتۆکـەش، ئایـەتوڵا سیسـتانی نـاخوازێ نەتـەوە یەکگرتووەکان ئەم یاسای کاتییە قەبووڵ بکەن و بریاری داوە لەگەڵ نوێنـەری کۆفی ئەنانیش کۆنەبێتەوە ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم یاسایە بئافرێنێت. هۆیـەکی گرنگی ئەم هەڵوێستەش ئەم ڤیتۆ کرچ و کاڵەیە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا.

بـەپێی مـاددەی ٥٦ بـەرێوەبردنی دەوڵـەتی عـیراق لەسـەر بنچـینەی لامەرکـەزی دەبێت وە بەم پێیە حوکومەتە ئەقلیمی و پارێزگاکان بەیەکەوە باسکراوون.

ماددەی ٥٨، کە تایبەتە بە کـەرکوك و ناوچـە بەعـەرەبکراوەکان، گرنگـی تایبـەتی هەیە: ١) لەم ماددەیە و لە هـیچ شـوێنێکی تـری ئـەم یاسـای کاتییـەدا باسـی ووشـەی بەعەرەبکردن ناکرێ ئەمەش زیاتر لە دەلالەتێکی هەیە. ئەوەی گـرنگترە بـە چـمکی کێشـەکانی "عـەقاری" و "مولکیـەت" نـاوی ئاسـەواری تـەعریب دەبـات. ئـاخر کـەی تەعریبکردنی کەرکوك و دەربەدەرکردنی دەیان هەزار خێزانی کورد لەم شـارە و لـە ناوچەکانی تـر گـرفتی عـەقاری و مولکیەتـە؛ ٢) مانـەوەی عەرەبـە هاووردەکـان، کـە هێنـراون بۆ کەرکوك و ناوچەکانی تر مەترسیەکی جددیـە. چـوونکە ئەگـەری ئـەوە هەیە هەر لەم شوێنانە خاك و خانوویان پێ ببەخشرێت، هەرچـەند ماددەکـە باسـی گەراندنــەوەیانیش دەکـات بـۆ ئــەو شـوێنانەی کـە لێیـوە هـاتوون؛ ٣) دواخسـتنی مەســەلەی کــەرکوك وە پێدانــەگرتن لەســەر کوردســتانیبوونی کــەرکوك رەوایــی بەخشـینە بــە ئیـددیعای کوردســتانی نــەبوونی یــان هەرنــەبێ گومانخستنەســەر کوردستانیبوونی (کەرکوك)ە، کە ئەمەش رێگە خۆشکەرە بۆ دۆڕاندنی کەرکوك.

له شێوەی سیاغەکردنی یاسای کاتی وە هەروەها شێوەی کاردانەوە و مامەڵەکردنی لایەنی شیعە لەسەری ئەو پەیامەمان دەداتێ کە: ١) ململانێـی سیاسـی و دیپلۆماسـی هەرەقورس لەبەردەمی کوردە، ئەم ململانێیە لـە رێگـەی ئیمزاکـردن لەسـەر یاسـاکە بەو شێوەیەی کـە هـاتووە چارەسـەر نـەکراوە. ئـەم ململانێیـە تونـد و تـۆڵتر دەبێـت لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی دانەوەی سەروەری بە عیراقیەکان و تەسـلیمکردنی ئـەم سـەروەریە و خۆکێشـانەوەی ئـەمریکا؛ ٢) مەسـەلە هـەرە گرنگـە کوردسـتانیەکان وە تاقیکردنەوەی راستگۆیی و رادەی پراکتیزەکردنـی ئـەوەی لـە دەسـتورەکەدا هـاتووە لــە رۆژانــی داهــاتوودا، بەتایبــەتی دوای دانــەوەی ســەروەری بــە عیراقیــەکان، دەردەکەوێت. بە ئەگەری هەرە زۆریش لایەنی عەرەبی تـا بـۆی بکرێـت لـە مەسـەلە

هـەرە گرنگەکانـدا شۆڤێنیسـتانە رەفتـار دەکـات و ئـەوەی کـە دراویشـە بـە کـورد خاڵیدەکاتەوە لە ناوەرۆکەکەی.

٣ ) **هێزە کوردستانیەکان:** رێك لەبەر ئەوەی کە لەم چەند دێـرەی دواییـ، سـەرەوەدا، گۆترا و لەبەر هـۆی تـریش لـە ململانێـی سیاسـی و دیپلۆماسـی داهـاتوودا لـە نێـوان کوردسـتان و لایەنـەکانی عیراقـی عەرەبیـدا، هێـزی پارتـە سیاسـیەکان و توانـای فەرزکردنی داواکاریە کوردستانیەکان بە هیچ شـێوەیەك تێـرێ ناکـات. لێرەوەیـە کـە لـە داهـاتوودا ئـەم هیـزە سیاسـیانە پێویسـتیان بـەوە هەیـە کـە هـەموو توانـا جەماوەریەکانی کوردستان وەگەڕبخەن و رێگەبدەن کە جادەی کوردستان بەو شێوەی کە پێویستە گوزارش لـە خـۆی بکـات و ئـەو هەژانـە سیاسـی و دیپلۆماسـیە فەراهـەم بکات کە کوردستان پێویستیەتی. لە لایەکەوە پارتی دیموکراتی کوردستان و یـەکێتی نیشتمانی کوردستان دەخوازن بە خەڵك بڵێن کـە ئـەوان رەوایـی نوێنەرایـەتیکردنی خەڵکی کوردستانیان هەیە و پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو هەیە کە بـە پێـی بۆچـوونی ئەوان دەربڕی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە، بەڵام لە لایەکی ترەوە بە هیچ شـێوەیەك رێگە بەوە نادەن کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵ و ئیرادەی ئەم دوو حزبە بواری دەربـڕینی ئیرادەیەکی کوردستانی سەربەخۆ و ئازاد هەبێت. ئاخر هەر ئەو ئیرادە ئازادەیـە کـە ئەوان لە ناخەوە دەترسێنێ. لەبەر ئەوە نەك هەر چیتر ئەم دوو حزبـە دەربـڕی بـە تەواوەتی ئیرادە و خواستە سیاسیەکانی خەڵکی کوردستان نـین بـەڵکو بوونەتـە ئـەو هێزانە کە رێگە نادەن بە هیچ شێوەیەك ئەم ئیرادەیە بـە شـێوەیەکی ئازادانـە خـۆی دەرببڕێ و شوێن پەنجەی دیـار بێـت لـە سیاسـەتە کوردسـتانیەکاندا. لـە راسـتیدا بـە پێچـەوانەی پیشـاندانی رێزگـرتن لـە ئـیرادەی خـەڵکی کوردسـتان، ئـەو ئیرادەیـە لەرێگەی شەڕی خۆکوژی لە ناوەراستی ١٩٩٤ـەوە وە بـەردەوامی ئـەم شـەڕە تـا چـەند ساڵێك بنپێکرا، لە کاتێکدا ئیرادە و بەرژەوەندیەکانی کورد تـەواو لـە دژایەتیـدابوون لەگـەڵ ئـەم شـەڕە وێرانکارانـەدا. لەگـەڵ ئـەوەی کـە پـەیمانێکی ئاشـتی لـە واشـنتۆن مۆرکرا لە ساڵی ١٩٩٨، بە رۆڵێکی کاریگەرانەی ئیدارەی ئەمریکی، ململانێـی پـارتی و یەکێتی لە شێوەی لەتکردنی جەستەی باشووری کوردسـتان تـا ئیمـرۆش بەردەوامـە. شـتێکی تراژیکـۆمی (تراژیـدیای خەنـدەئامێز)ە کـە بـاس لـە رەوایـەتی پەرلـەمانێك بکرێ کە کەمترین هۆ و رەوایـەتی مانـەوەی زۆر دەمێکـە لەدەسـت دابێـت و لـەوەش زێتر هەر ئەم پەرلەمانە چەند جارێك لەسەر دەسـتی ئـەم دوو هێـزە هـەتك کرابـێ.

جا لەبەر ئەوە زۆر سەیر و نامومکین دەبێ ئەگەر هەر ئەو دوو هێزە رێز بۆ ئیرادەیەك دابنێن کە لە رێگەی ریفراندەمێکی ئازادەوە خۆی دەربڕێ. ئیمرۆش پرەنسیپی ئەم دوو حزبە ئەوەیە کە یا نابێت شتێك لەدەرەوەی ئیرادەی ئەوان لە کوردستان هەبێت، یا پێویستە ئەو شتە لەژێر دەستی خۆیان و ئیرادەی خۆیاندا بێت. ئەم دوو هێزە خاوەنی ئەو کولتورە سیاسیە دیموکراسیە نین کە تەحەمولی جوڵانەوەیەکی ملیۆنی جەماوەری، لەشێوەی جوڵانەوەی ریفراندەمێکی سەربەخۆ، بکەن. لە کاتێکدا ئەم دوو حزبە بەردەوامن لە پاراستنی ئەو پرۆسە نێگەتیڤانەی دوو ئیدارەیی لە باشووری کوردستان، کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بە ئیسرارەوە دەخوازێ ئەم دوو ئیدارەییە نەمێنێت. ئەی ئەمەیە رێزگرتن لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و بەرژەوەندییە بەرزە نەتەوەییەکان؟

هەڵبەتە لەمپەر لەم گشتگیریەدا ئەوەیە کە ئینکار ناکرێ لە مەیدانی سیاسی کوردستاندا، جگە لەم دوو هێزە، حزبی تر هەن کە خوێندنەوەیان و هەڵسوکەوتیان جودایە لە دوو زلهێزەکە، بەڵام راستیەکە ئەوەیە کە توانای ئەم هێزانە تێری ئەوە ناکات کە هاوکێشەی سیاسی لە کوردستان بەشێوەیەکی بنەرەتی بگۆڕێ بەمەبەستی وەسەرخستنی داواکاریە کوردستانیەکان و شکاندنەوەی تەرازووی هێز لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان.

ئیمرۆ لە کوردستان دوای ئەو هەموو ساڵە لە حوکمی "حزبۆکراتی" یان "میلیشیاکراتی" یەکێتی و پارتی چینێکی مشەخۆری ناو حزب و ئیدارەکان دروست بوون کە بە هیچ شێوەیەك سەرئێشەیان بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان و ئەم جۆرە باسانە نیە، بەڵکو مانەوەی پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆیەتی، لایەنی عەرەبیش کە پێزانینی خۆی لە رێگەی یاسای کاتی دەردەبڕێ مەبەستێکی شاردراوەی پاراستنی ئەم بارە نێگەتیڤانەیە لە وەختێکدا کە کورد پێویستی بە هەر چرکەساتێك و کاتژمێرێك کات هەیە بۆ بە چاکتر خۆنواندن و خەملاندنی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی.

٤) **هێزە ئیقلیمیەکان:** شاردراوە نیە کە هێزە ئیقلیمیەکان هیچ کاتێك ئەوەیان نەشاردۆتەوە کە دژی هەر پێشوەچوونێکن لە باشووری کوردستان بە ئاراستەی گەیشتنی کورد بە ئامانجە سیاسیەکانی. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم لایەنە ئیقلیمیانە وەکو ساڵانی پێشتر بۆیان دەچێتە سەر کە هەر چۆن و بەهەر شێوەیەك

حەز بکەن رەفتار بکەن بەرامبەر بە کورد. لە لایێکی ترەوە، بەگشتی، دوو حزبەکە (پارتی ویەکێتی) ئیمرۆش لە خوێندنەوەی ١٩٥٠ـەکان و ١٩٦٠ـەکان نـزیکترن تـاوەکو لـە خوێندنەوەیـەکی هەنووکەییانـە کـە مـەرج و بـواری تایبـەتی خـۆی هەیـە و زۆر جیـان لـە هـی سـاڵانی پێشـتر. ئێـران و سـوریا ئیمـرۆ لـەژێر فشـارێکی ئـەمریکین و کاندیدن بۆ گۆڕانکاری گەورە و هەژێنـەر... تورکیـا بـە هـیچ شـێوەیەك ئـەو بـوارەی نیە کە بتوانێ بە هەوەسی خۆی بەرامبەر باشووری کوردستان هەرشتێك بکات.

لە راستیدا باری ستراتیژی تورکیا لە هەموو رۆژێك کزترە و دواجار پێویستی بـەوە هەیە کە لە گرفتە سیاسیە کۆنەکان، لە نـاوەوە و دەرەوە، نـەجاتی بێـت جا چ جـای ئەوەی گرفتی تازە بۆ خۆی دروست بکات. لـە راسـتیدا ئیمـرۆ هەڵەیـەکی سـتراتیژی لەلایەن تورکیاوە، بۆ نموونە هاتنە ناوەوە بەهێز بۆ ناو باشـووری کوردسـتان، زیـاتر خزمـەتی کـورد دەکـات تـا لـە زەرەریـدابێت! دواجـار ئیمـرۆ وەکـو سـاڵانی رابـردوو مومکین نیە ئەم سێ وڵاتە لە دژی کورد هەرچۆن بخوازن هاوپەیمانی بکـەن. ئیمـرۆ بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە هاوپەیمانیە زۆر ئەستەمە و ئەگەر بەرهەمیش بێـت ئـەوا ناتوانێت بەو پەری نێگەتیڤانە بۆ کورد لە باشووری کوردستان چارەنووسساز بێت.

## ١ - ٣ - رەهەندی دوارۆژ:

بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ریفراندەم بتوانێ جوڵانەوەیـەکی کـاتی نـەبێت وە بتـوانێ بـەرووی داهـاتوودا لەسـەر پـێ بوەسـتێت و بـەرەو دوارۆژ وە خـەڵکی کوردسـتان بـە ئاراستەی هەندێ ئامانجی ستراتیژی مۆبیلیزە بکات، دەبـێ ئـەو جوڵانەوەیـە بـەر لـە هەر شتێك خاوەن تەسووری سیاسی خـۆی بێـت. لێـرەدا ئـەم جوڵانەوەیـە لەبـەردەم دووڕیانێك خۆی دەبینێتەوە: ١) خۆشاردنەوە لەپشت راگەیاندن و هـەنگاوی تـەماوی و نادیار و کـەم یـا زۆر، لـە ئاسـتی سـتراتیژیدا، پشـتگیریکردن لـە سیاسـەتی پـارتی و یەکێتی...؛ یا ٢) بـە راشـکاوی باسـکردن لـەوەی کـە ئۆتۆنـۆمی و فیـدرالی تـەنها دوو رووی دراوون تێری چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی ناکەن و کورد دەبێ بە راشکاوی بـاس لـە چارەسـەری بەتـەواوەتی بکـات و لەرێگـەی راپرسـی (ریفرانـدەم)ەوە بـۆی فەراهەم ببێـت کـە بریـار بـدات بـۆ چارەسـەری بـە تـەواوەتی دۆزەکـەی کـە ئـەویش هەڵبژاردنی سەروەری نەتەوەییە لە شێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆدا.

لەلایەکـەوە، ئاشـکرایە کـە ئەلتـەرناتیڤی یەکـەم کـورد بـەرەو داهاتوویـەکی پـڕ مەترسیدار دەبات: لە پرۆسەی رازیبوون لەسەر فیدرالی، کورد حەزبکا و حـەز نـەکا بەشدار دەبێت لە دامەزرانەوەی عیراق، لـە کاتێکـدا ئـەو دەرفەتـەی هەیـە کـە ئەمـە نەکات. پشتگیریکردنی جوڵانەوەی ریفراندەم بۆ زیندووکردنەوەی دەوڵـەتی عیراقـی هەڵوەشـاوە و گـۆڕکراو، رێـك ئـەوە دەگەیـەنێ کـە کـورد نـەك هـەر لـە رێگـەی حزبەکانیـەوە بەشـدارە لـەم بریـارە سـتراتیژیە خۆکـوژە بـەڵکو تـەواوی جـەماوەری کوردستانیشـی لەگەڵـە لەرێگـەی بزووتنـەوەی ریفراندەمـەوە...ئەمـە نـەك هـەر چـەوتیەکی مێژوویيـە کـە بـە زەرەر دەگەڕێتـەوە بـۆ نـەوەکانی ئیمـرۆ و سـاڵانی داهاتوودا، بەڵکو زۆر بـە نێگەتیڤانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ نـەوەکانی سـبەینێی باشـووری کوردستان. چونکە ئەو کاتە ئەوان ناتوانن بڵێن کە زیندووکردنەوەی دەوڵەتی عیراق فەرزکرا لەلایەن ئەم و ئەو هێز، بەڵکو کورد خۆی لە بزووتنەوەیەکی ملیـۆنی وەکـو ریفراندەم لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا بوو... پێشوەچوونێکی ئەوها بۆ هەموو بەشەکانی کوردستانی مەزنیش کاریگەرییێکی نێگەتیڤانەی ستراتیژی زۆری دەبێت...

لە لایەکی تـرەوە، ئەگـەر بزووتنـەوەی ریفرانـدەم دەخـوازێ رێچکەشـکێن بێـت و ئەو هێزە بێت کە لە چوارچێوەی ماڧ چارەی خۆنووسیندا بە ئاراستەی چارەسـەری نەتەوەیی کار بکات، ئەوا دەبێت بەر لەهەر شتێك خۆی بپارێزێت لە پشتگیریکردنی دروست بوونەوەی دەوڵەتی عیراق و هەموو شێوەکانی نیوەچارەسەری، جا ئۆتۆنۆمی بێت یان فیدرالی. چونکە دواجـار هـەر سـیغەیەك لەمانـە بـەعیراقیکردنی باشـووری کوردستان و رەواییدان دەبێت بە حاڵەتی دابەشبوونی کوردستانی مـەزن. لێرەشـەوە پێویستە بە راشکاوی درووشمی کوردستانێکی ئازاد ببێتە ئامانـج و روحـی کـارکردنی بزووتنەوەی ریفراندەم. وە لەگەڵ ئەمەش بە راشکاوی هەموو هەوڵێك رەت بکاتەوە کـە مەبەسـت تیایـدا بێرەنگکـردن و لـەرووی ستراتیسـژیەوە بێنـاوەرۆککردنی ئـەم بزووتنەوەیـە بێـت. ئـەم بزووتنەوەیـە نابێـت رێگـە بـە دوو ئەگـەر بـدات کـە ببنـە راسـتی: یەکـەمیان، رێگەنـەدان بـە بـەکارهێنانی بزووتنـەوەی ریفرانـدەم لـە گفتوگۆکـانی پشـت پـەردە لـە بەغـدا و لێـرە و لـەوێ ؛ دووهـەمیان، بزووتنـەوەی ریفراندەم نابێت بۆ فیدرالی بەکار بێت جا ئەو فیدرالیە هەرچەند بەهێز بێت. لـە رووی پرنسیپەوە ئـەو فیدرامیـە هەرچـەند بـەهێز بێـت رەوایـی دەدات بـە حاڵـەتی دابەشبوون و بەداگیرکراوی مانەوەی کوردستان.

## ٢ - بزووتنەوەی ریفراندەم: چۆن وەچ دواروۆژێك.

لەم بەشەی ئـەم ووتـارەدا هـەوڵی پێداچوونەوەیەکی بەپەلـەی بزاڤـی ریفرانـدەم دەدرێـت و جـەختیش لەسـەر رەوتـی سیاسـیانەی ئـەم بزووتنەوەیـە و ئەگـەرەکانی گەشەکردنی یان بە پێچەوانەوە، پاشەکشە و نشووستی، دەکرێت.

### ٢ - ١ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ریفراندەم:

ئاشـکرایە کـە بزووتنـەوەی راپرسـی (ریفرانـدەم) لـە کوردسـتان وەکـو بزووتنەوەیەکی سنووردار بەشێوەیەکی رێکخراو لە ناوەراستی مـانگی تـەمموزی پـار (٢٠٠٣) هاتە کایەوە. بەڵام بیرۆکەی ریفراندەم و بانگاشەکردن بۆ ئەم بیرۆکەیـە زۆر زووتر هاتووە. لەم بارەیـەوە راسـت نیـە حزبـی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقـی ئـەوە گـران بـە خـەڵك بفرۆشـێ کـە ئـەوان خـاوەنی بیرۆکـەی ریفرانـدەمن. راسـتیەکەی ئەوەیـە کـە بەرزکردنـەوەی درووشمـی ریفرانـدەم لـە لایـەن ئـەم حزبـەوە هـیچ پەیوەندیەکی نەبووە بە ماف چارەی خۆنووسینی کورد و ماف دامەزراندنی دەوڵـەتی نەتـەوەیی کوردسـتان. هـەڵگرتنی ئـەم درووشمـە لـە لایـەن ئـەم حزبـەوە تـەنها بـۆ ئیحراجکردنی پارتی و یـەکێتی بـوو و مەبەسـتیش تەحـەدداکردنی دەسـهەڵاتی ئـەو دوو حزبە بووە، کە ئەمەش خـۆی لـە خۆیـدا پێویسـت ناکـات شـتێکی خـەراپ بێـت، بەڵکە لە زۆر رووەوە باشیش بووە ئەگەر لە دیدی دەسهەڵاتی سیاسیەوە بۆ کێشـەکە بنوراین. لە راستیدا ئەم حزبە هەر لە بنچینەوە بـاوەری بـە ناسـیۆنالیزمی کـوردی نەبووە و نیە و بەڵکو بە دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژی خەراپیشی دەزانێ.

بەهەرحاڵ، خاوەنی ئەم ووتارە دەکرێ بگۆترێ یەکێك بووە لەو کەسانەی باسیان لە ریفراندەم کردووە زۆر زووتر لە دەستپێکردنی ئـەم بزووتنەوەیـە لـە کوردسـتان. هاوکـات نووسـەر و رۆشـەنبیری تـریش زووتـر باسـیان لـەم بیرۆکەیـە کـردووە. سـەرهەڵدانی بزووتنـەوەی ریفرانـدەم وەکـو شـێوەیەکی رێکخـراوی وەرگرتبێـت لـە سـلێمانیەوە لەسـەر دەسـتی چـەند رۆشـەنبیرێك، بـە هەنـدێ ئیشـکال و نیشـانەی پرسیارەوە، دەسـتی پێکـرد. بـە بۆچـوونی خـۆم ئـەم ئیشکال و نیشـانەی پرسـیارانە بەتـــەواوەتی چـــارەنەکراون و گومانـــەکانیش بەتـــەواوەتی نەرەواونەتـــەوە: ١) دەستپێشخەرانی بزووتنەوەکە پەلەیان کرد لە دەستپێکردنیدا و بـە جـوانی حسـێبی ئەوەیان نەکرد کە لە بـاری سیاسـی باشووری کوردسـتاندا هەنـدێ شـت هەیـە دەبـێ

لەبەرچاو بگیرێت. هەرچەندە هەوڵی زۆر درا، وە هەندێکیان سەرکەوتووش بوون، بۆ راستکردنەوەی ئەم هەڵەیە، بەڵام ئێستاش ناهاوسەنگییەك دەبینین لە گرنگیپێدان و گەشەکردنی بزووتنەوەکە لە ناوچەی پارتی لەلایەك و لە ناوچەی یەکێتی لەلایەکی ترەوە؛ ٢) هەرچەندە بزووتنەوەی ریفراندەم لە کوردستان هەوڵی داوە ئەوە بسەلمێنێت کە بزووتنەوەکە وابەستە نیە و سەربەخۆیی تەواوەتی هەیە، بەڵام رووی راستی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان لەبن سێبەر و تەئسیری دوو زلحزبەکاندایە. لە راستیدا فشاری حزبەکانیش هەبووە لەسەر ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان، بەشێوەی جۆراوجۆر. ئاخر ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە لەژێر ئەم سێبەر و تەئسیرە نەبوایە، گوێی بە بیانووی حزبەکان لە نەبوونی ئاسایش نەدەگرت و خۆپیشاندانەکەی ٢١ی فێبریوەری ئەنجام دەدا. نەکردنی ئەم خۆپیشاندانە بووە هۆی لەدەستدانی دەرفەتێکی مێژوویی کە تیایدا گەلی کوردستان دەیتوانی گوزارە لەخۆی بکات و مۆرکی خۆی لە رووداوەکان بدات بەشێوەیەك کە خزمەتی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد بکات؛ ٣) لە راگەیاندنی سەرەتایی بزووتنەوەکەدا هەندێ نرروونی و تەم هەبوو لە شێوەی بۆچوونی ئەم بزووتنەوەیە.

دەتوانین دوورتریش برۆین و بڵێین راگەیاندنەکە باس لە شوێنی شایستەی کورد دەکات لە دەستوری عیراقی داهاتوودا، ئەمە خۆی لەخۆیدا قەبووڵکردنێکی زمنییە کە ئەم بزووتنەوەیە رازییە بە دامەزراندنەوەی عیراق، بەمەرجێك لە دەستورەکەدا باس لە مافەکانی کورد بکات لە عیراقدا؛ ٤) دژایەتیکردنی ئاشکرای رەهەندی سەربەخۆیی لە بزووتنەوەی ریفراندەمدا لە دەرەوەی وڵات لەلایەن بزووتنەوەی ناوەوە، بە بیانووی ئەوەی کە دواجار ئەمە خەڵکی کوردستانە بریار دەدات سەربەخۆیی هەڵبژێرێت یان لەناو سنووری دەوڵەتی عیراقدا بمێنێتەوە. ئاخر ئەگەر ئەمە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و دیموکراتیانەیە، ئەوا جێگەی هەموو بۆچوونێکی تیادا دەبێتەوە؛ ئەم دژایەتیکردنە هەندێ شت دەشارێتەوە کە بۆ خەڵکی کوردستان روون و ئاشکرا نیە. ئاخر بۆ لەناو بزووتنەوەیەکی وەکو، بۆ نموونە، زایۆنیزمدا جێگەی ئەوپەری دینی و ئەوپەری علمانی و ئەوپەری چەپرەو و ئەوپەری راسترەو بۆتەوە. ئەمە رێك سیفەتێکی حزبی و نادیموکراتیانەیە کە خەڵکانێك لەناو بزاڤی ریفراندەمدا ئەو مافەیان پێ رەوا نەبیندرێت کە درووشمی

سـەربەخۆیی بەرزبکەنـەوە. ئایـا ئـەم دژایـەتیکردنی سـەربەخۆییە بۆچـوون و قەناعـەتی ئێلیتی (نوخبـە)ی ریفراندەمـە لـە کوردسـتان یـان سـەپێندراوە لەلایـەن حزبەکان و راستییەکەش بە خەڵك نـاگۆترێ؟ دەبـێ لێـرە بـە راشکاوی بگۆترێ کـە هەرنەبێ ئەوانەی دەسـتەواژەی خۆیـان بـە ئاگاداری و دوور لـە تەئسیری حزبـەکان خستۆتە سەر فۆڕمەکانی ریفراندەم، بۆ سەربەخۆیی ئەمەیان کردووە و هیچی تـر. وە بەم پێیـە هـەر کـەس و لایـەنێك ئـەم دەسـتەواژانە بـۆ مەبەسـتی تـری تـاکتیکی، بەهەرحاڵ کەمتر لە سەربەخۆیی، بەکار بێنێت ئەوا بە ئاسانی خیانـەت دەکـات لـەم هـەموو خەڵکـە. ئـاخر ئـەوەتا ئەنـدامی کۆمیتـەی بـاڵای راپرسـی (ریفرانـدەم) لـە کوردستان (هەڵکەوت عەبـدوڵلا) لـە ووتارەکەیـدا لەبەرامبـەر ئەنجوومـەنی حـوکمی عیراقـی دەڵێـت: "هەڵمـەتی ئیمزاکۆکردنـەوە لـە کوردسـتاندا لـەپێناو سـەربەخۆیی نـەبووە، بـەڵکو لـەپێناو ئـەوە بـووە دەرفـەت بـۆ گـەلی کوردسـتان بکرێتـەوە، کـە ئارەزوومەندانـە رێگـای خـۆی هەڵبـژێرێ، دوا بریـاری گـەلی کوردسـتانیش بەنـدە بـەوەی کـە تـا چـەند عیراقـی ئاینـدە مافـەکانی بـە (چـمانات)ی دەسـتوریەوە بـۆ دەستەبەر دەکات، چونکە گەلەکەمان لەو دەستکەوتانەی تا ئێستا بەدیهێناون نایەتە خوارەوە و یەکێتی ئارەزوومەندانەی نەتەوەکانیش لە عیراقدا مەرجی پێشەکییە بۆ سـەقامگیری و تـەنایی و دیموکراسـی لـە عیراقـدا". (بڕوانـە *خـەبات* ١/٣/ ٢٠٠٤، ل١). پرسیار ئەوەیە ئایا ئەگەر خەڵکی کوردستان دەستەواژەی خستۆتە سـەر فۆڕمـەکانی ریفراندەم بۆئەوەی دواجار خۆی خـاوەنی بریـار بێـت لـە کـاتی پرسـپێکردنی، نـەك نوێنەرانی کۆمیتەی باڵای ریفراندەم بچن لە بەغـدا رازی بـن لەسـەر دامەزرانـەوەی عـیراق و باسـکردن لـە کـورد لـە دەسـتوری عیراقـدا بکـەن بـە ئامـانج و مەبەسـت؟ دواجاریش کۆمیتەی باڵای ریفراندەم لـە کوردسـتان لـە دژایـەتیکردنی سـەربەخۆیی خوازانی ناو رەوتی ریفراندەم بە بیـانووی ئـەوەی کـە ئـەوە خـەڵکی کوردسـتانە کـە بریار دەدات سەربەخۆیی هەڵبژێرێت یان مانەوە لە عیراق، لـە باشـترین حاڵەتـدا لـە نیەتێکی پاکەوە نیە. ئەوەتا بەپێی راگەیاندنی کۆمیتەی باڵای راپرسی (ریفراندەم) لە کوردستان لە ١٩/٣/٢٠٠٤ ئەم کۆمیتەیـە کـەم یـا زۆر هەڵوێسـتی لـە یاسـای کـاتی و فیـدرالی تـا رادەیـەکی زۆر کۆپییێکـە لـە هەڵوێسـتی دوو زلحزبەکـە لـەم دوو شـتە. لەراستیدا رێگەدان بەخۆ بـۆ پشـتگیریکردن لـە یاسـای کـاتی بـە فیدرالیـەکی کـرچ و کاڵەوە و لەهەمان کاتـدا رێگـەگرتن بـە خـەڵکانی تـر کـە باسـی سـەربەخۆیی بکـەن،

لووتکەی دووروووییە! (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕاگەیاندنەکە بڕوانە ڕۆژنامەی *خەبات* ٢٠٠٤/٣/٢١، ل ٣).

## ٢ - ٢ هەڵوێستی حزبەکان:

هەڵوێستی حزبەکان لە بزووتنەوەی ریفراندەم دەکرێ لە چەند خاڵێکدا کۆبکرێتەوە : ١) بەپێی کولتوورێکی نادیموکراتیانە و حزبیانەی ووشک هەر بزووتنەوەیەك دروست بێت ئەوەتا یان لەژێر دەستی ئەم حزبانە خۆیان دەبێت یاخود ئەم بزووتنەوەیە نابێت وەکو بزاڤێکی جەماوەری سەربەخۆ هەبێت؛ ٢) لە هەموو وڵاتانی دونیا، بەو وڵاتانەشەوە کە کەمترین ڕاددەی پێشکەوتنی دیموکراسی تیایە، کاتێ هەڵبژاردن یان دەنگدانی جەماوەری لە جۆری دەستەواژەکۆکردنەوە لە کوردستان بۆ ریفراندەم کرا، ئەوا بەر لە هەموو کەس سەرۆك حزبان و بەرپرسانی حکومەت بەرامبەر کامێرەکانی تەلەفزیۆن و میدیاکان دێن و دەنگی خۆیان دەدەن. ئایا کە لە هەفتەی ریفراندەمدا بە سەدان هەزار مرۆڤی کورد ئژانە سەر جادە و بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە بۆ دەستەواژەکردنی فۆڕمەکانی ریفراندەم. بەرپرسانی پارتی و یەکێتی و دوو ئیدارەکەی سلێمانی و هەولێر لەکوێ بوون لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا؟ چەند لەمانە دەستەواژەی خۆیان خستۆتە سەر ئەم فۆڕمانە هەرنەبێ بۆ ڕێزلێنان لە ئیرادەی ئەم سەدان هەزار کەسە؟ ڕێزگرتنی ئیرادە؟ نا نەخێر، دواجار کەی ڕێز لە ئیرادەی ئەم جەماوەرە گیراوە تا ئیمرۆ بگیرێ، لە راگرتنی شەر، لە یەککردنەوەی دوو ئیدارەکە، لە، لە، لە؟؛ ٣) ئەگەر ئەم دوو زلهێزە دەخوازن خەڵکی کوردستان ڕێز لە پەرلەمان و حکومەتەکانیان بگرێ بە بیانووی ئەوەی کە یەك ملیۆن و ئەوەندە خەڵك لە ساڵی ١٩٩٢ دەنگی داوە بۆ ئەم پەرلەمانە، ئەی بۆ خۆیان کەمترین ڕێز بۆ ئیرادەی هەرنەبێ زێتر لە یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار دەستەواژە ناگرن؟ ئاخر لە سیستەمی دیموکراتدای هەندێ جار چەند هەزار دەنگێك بەسە بۆ گەرانەوە لە بریارێك یان شکاندنەوەی بریارێکی گرنگ بە لایەکدا. ئەو سەرکردانەی ڕێز بۆ ئیرادەی نەتەوەکەیان قایل نەبن کەمترینی ڕاددەی ڕەوایەتیان نیە بۆ نوێنەرایەتیکردنی نەتەوەکەیان؛ ٤) ئەوەتا بیرۆی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ لە ڕۆژی ٩ی ئادار ٢٠٠٤ ڕێزێکی زۆریان بۆ شاندی کۆمیتەکانی ریفراندەم لە دەرەوەی وڵات داناوە و بۆ ماوەی یەك کاتژمێر و نیو

لەگەڵیان بە گەرمی و ڕێزەوە کۆبوونەتەوە کەچی ئەم شاندە تەنها نزیکەی ٥٠,٠٠٠ دەستەواژەی لەگەڵدا بووە، کەچی دەکرێ بپرسین هەڵوێستی زلحزبەکان و پەرلەمانی کوردستان چەند بایەخپێدان و شایەن بووە بۆ ئەو یەك ملیۆن و هەشت سەد هەزار دەستەواژانەی لە کوردستان کۆکراونەتەوە...؛ ٥) لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا هەر ڕێکخراوەیەکی جەماوەری بۆی هەیە یارمەتی ماددی لە حکومەت وەربگرێ. لە سوید ئەگەر کۆمەڵەیەك دروست بکەیت بەمەرجێ ژمارەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لە ١٧ کەس کەمتر نەبێت، ئەوا ئەم کۆمەڵەیە بۆی هەیە زۆر شێوەی یارمەتی ماددی وەربگرێ...ئەی کوا ئەو یارمەتییەی ئەم دوو حکومەتە "دیموکراتییەی" کوردستان دەیدەن بە بزووتنەوە ملیۆنییە جەماوەرییەکەی ریفراندەم ؟ ئەو راستییەی کە هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی باڵای ریفراندەم لە کوردستان مووچەی ئەم یان ئەو حکومەت وەردەگرن کارەکە باشتر ناکات، بەڵکو بگرە خەراپتری دەکات...ئازادی سەرچاوەی بژێو گرنگە بۆ ئازادی بریاری سیاسی و ئیختیاراتەکانی؛ ٦) جێگەی پرسیار و لەرووی بۆچوونێکی دیموکراسیەوە بۆ سیاسەت ئەوە قەبووڵنەکراویشە کە تا ئێستا پارتی و یەکێتی لە ڕێگەی کەسی یەکەمیانەوە نەك هەر پشتگیری بزاڤی ریفراندەمیان نەکردووە، بەڵکو تا بۆیان کراوە خۆیان لێ گێل کردووە !

## ٢ - ٣ ئەگەرەکانی رەوتی ریفراندەم بە ڕووی داهاتوودا :

هەر لە کاتی دەستپێکردنی بزووتنەوەی ریفراندەم کۆمەڵێ پرسیار و گومان بەر چاو و گوێ کەوتن. هەر زوو یەکێ لەو پرسانە ئەوەبوو کە ئایا دوای کۆکردنەوەی دەستەواژەکان و گەیاندنیان بە جێگەی مەبەست بزووتنەوەی ریفراندەم چۆن رەفتار دەکات؟ ئایا ئەم بزووتنەوەیە ئەسڵەن دەمێنێ یان نا دوای ئەم قۆناغە؟ ئایا دەکرێ باس لە بزووتنەوەیەکی ریفراندەمی ستراتیژی و درێژخایەن بکەین ؟ ئاشکراشە کە یەکێك لە پرسە هەرە گرنگەکان ئەوەبوو کە ئایا پەیوەندی ئەم بزووتنەوەیە چیە بە حزبە سیاسیەکانی کوردستان وە هەڵوێستی چیە بەرامبەریان وە بە تایبەت بۆچوونی ئەم حزبانە لەمەر دوارۆژی سیاسی باشووری کوردستان. لێرەدا دوو حزبە خاوەن دەسەڵاتەکە، پارتی و یەکێتی، گرنگی و رۆڵی تایبەتی و بگرە چارەنووسسازیشیان هەیە و دەشبێت.

## ٢ - ٣ - ١ قۆناغەكانی گەشەكردنی بزووتنەوەی ریفراندەم:

دیارە هەر لە سەرەتاوە بۆچوون و دەنگی وا هەبوون كە بەڵێ ئەم بزووتنەوەیە شتێكی كاتی نیە و دەكرێ ببێ بە پرۆژەیەكی سیاسی كە بە نەفەسێكی درێژەوە وە بۆ ماوەیەكی دوور و درێژ كار بكات. بە بۆچوونی خۆم لەبەر كۆمەڵێك هۆ دەكرێ بڵێین كە بزووتنەوەی ریفراندەم هاتووە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە. لە هەموویان گرنگتر لەم هۆیانە: ١) لە خوێندنەوەیەكی مێژوویی و سیاسیانە و دوارۆژانەی خەباتی چەكداری وە بە تایبەتی بە بەستنەوەی ئەم خوێندنەوەیە بە جوگرافیای سیاسی كوردستان، ئاستەم نیە بگەینە ئەو ئاكامەی كە بەڵێ خەباتی چەكداری هەرنەبێ بە شێوازە كلاسیكیەكەی گرنگی خۆی لەدەستداوە وە ناتوانێ لە داهاتوودا ئەلتەرنەتیفی خەبات بێت؛ ٢) ئەو گۆڕانكاریانەی بەسەر جیهاندا هاتوون لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی سارد وە لەبەر زۆر هۆكار ئاسانبوونی گەیشتنی دەنگی كورد بە جیهانی دەرەوە، بیركردنەوە لە هەندێ ئەلتەرنەتیفی تر فەراهەم بووە، كە دەكرێ پەرەپێدانی بیرۆكەی ریفراندەم و وەسەرخستنی بۆ ئاستی پرۆگرامێكی سیاسی و ستراتیژیك ببێ بەو ئەلتەرنەتیفە. لە رۆشنایی ئەم بۆچوونەوە دەكرێ باس لە سێ قۆناغی پێشوەچوونی ریفراندەم بكەین: ١) قۆناغی كورتخایەن؛ ٢) قۆناغی مامناوەندی؛ ٣) قۆناغی درێژخایەن.

### ١) قۆناغی كورتخایەن:

ئەم قۆناغە ئەو ماوەیە دەگرێتەوە كە لە سەرەتایدا ئەم بزووتنەوەیە شێوەیەكی رێكخراوەیی وەرگرت (لە ناوەراستی مانگی جولای - تەمموزی ٢٠٠٣) وە تا كۆتایی ئەم ماوەیە كە رۆژی دەرچوونی دەستوری كاتی عیراقە (لە ٨ی ئادار ٢٠٠٤). لەم ماوەیەدا جگە لە كۆمیتەی ریفراندەم لە كوردستان ژمارەیەكی زۆری كۆمیتەی ریفراندەم سەریان هەڵدا لە دەرەوەی كوردستان و بەشێكیش لەم كۆمیتانە بە راشكاوی بانگەشەی سەربەخۆیی كوردستانیان كردووە و دەكەن. بەرزكردنەوەی درووشمی سەربەخۆیی دوو مانا یان گرنگی هەبوو : یەكەمیان، بەم مانایەی كە مۆبیلیزای خەڵكی بكرێ كە بۆ سەربەخۆیی دەنگ بدات كاتێ كە ریفراندەم فەراهەم بوو. دووهەمیان، وە ئەمەش زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ریفراندەم خۆی لەناو هەندێ درووشمی تەماوی و نادیار نەشارێتەوە بۆ ئەوەی دواجار بۆ

حزبە دەسەڵاتدارەکان مومکین نەبێت کە ئەم بزووتنەوەیە بۆ هەندێ مەبەستی تاکتیکی یان بۆ فیدرالی بەکاربهێنن. سێهەمیان، بۆ ئەوەی لەرێگەی بەرزکردنەوەی ووشەی سەربەخۆیی، بزووتنەوەکە ببێ بە خاوەن ناسنامە و ناوەرۆك، کە هەر یەکێکیان لە ئەویتر گرنگترن بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی - کۆمەڵایەتی. بەگشتی بۆ خەڵك ئاشکرایە کە کۆمیتەی باڵای ریفراندەم لە کوردستان بەتایبەتی لەرێگەی بەرنامەی کوردسات (بەرەو رێفراندۆم) نارازیبوونی خۆیان دەربریوە بەرامبەر بە درووشمی بەرزکراوەی ریفراندەم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان. بەگشتی لەم قۆناغی کورتخایەنەدا هەندێ دەسکەوت بەدەست هاتن، لەوانە کۆکردنەوەی نزیکەی ١,٨٠٠,٠٠٠ دەستەواژە لە باشووری کوردستان وە نزیکەی ٥٠,٠٠٠ لە دەرەوەی وڵات. وە هەروەها خۆپیشاندانە مەزنەکانی ٢١ی فێبریوەری (٢٠٠٤) لە دەرەوەی کوردستان، کە مەزنترینیان هی ستۆکهۆڵم بوو بە بەشداری نزیکەی ٥,٠٠٠ کەس. هەروەها نووسینی یاداشتێك وە ئیمزاکردنی لە لایەن ١٣ کۆمیتەی باڵای ریفراندەم (دووانزەیان لە دەرەوەی وڵات و یەکێکیان لە کوردستان). پێشکەشکردنی هەمان یاداشت بە ئیمزای هەر ١٣ کۆمیتەوە بە زۆر لایەن، بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرکەوتنێکی دیپلۆماسی گرنگ بووە بۆ بزووتنەوەی ریفراندەم. هەر بە پەیوەندی لەگەڵ دانی ئیمزاکان بە لایەنەکانی پەیوەندیدار هەندێ سەرکەوتنی دیپلۆماسی بەدەست هاتووە، لەوانە بەگەرمی پێشوازیکردنی شاندی کۆمیتەی باڵای ریفراندەم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان ــ سوید، لەلایەن سەفارەتی بەریتانیاوە لە ستۆکهۆڵم. هەروەها پێشوازیکردنی شاندی کۆمیتەکانی ریفراندەم لە دەرەوەی وڵات لەلایەن بیرۆی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ لە (٢٠٠٤/٣/٩) و کۆبوونەوە لەگەڵیان بۆ ماوەی کاتژمێر و نیوێك سەرکەوتنێکی گەورەی دیپلۆماسی بوو بۆ بزووتنەوەی ریفراندەم. لە لایێکی ترەوە، بریاری کۆمیتەی باڵای کوردستان بە پاشگەزبوونەوە لە خۆپیشاندانە سەرتاسەریەکەی ٢١ی فێبریوەری، هەنگاوێك بوو بۆ دواوە، بگرە هەنگاوێکی زۆر نێگەتیڤانەش بوو. ئایا بیانووی نەبوونی ئاسایش وەکو هۆیەك بۆ ئەنجامنەدانی ئەم خۆپیشاندانە سەرتاسەریە لە کوردستان دەتوانێ چەند قانیعکەرانە بێت؟ باشترە ئەم پرسیارە بۆ تاکە کەس و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەجێ بهێڵین. بێگومان دەتوانرێ لە دوارۆژدا تیشکی زێتر بخرێتە سەر ئەم پرسیارە.

## ٢ ) قۆناغی مامناوەندی:

ئاشکرایە کە بزووتنەوەی ریفراندەم سەرکەوتنی تەواوی بەدەست نەهێنا لە قۆناغی کورتخایەندا. سەرکەوتنەکە، لە حاڵەتی بەدەستهاتنیدا، دەکرا مسۆگەرکردنی مافی ریفراندەم بێت بۆخەڵکی کوردستان بەر لە بریاردان لەسەر دەستوری کاتی. بەم مانایە، بێگومان بریاردان لەسەر دەستوری کاتی بە ئیمزای نوێنەرانی کورد خەباتی گەلی کوردی لە باشووری کوردستان خستە دوای هێڵی بڕیاردان لەسەر دەستور. واتە خەباتی بزووتنەوەی ریفراندەم، بە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی دوارۆژی دەوڵەتی عیراق، پێینایە ناو قۆناغی مامناوەندیەوە.

ئەم قۆناغە دەکرێ هاوتەریب بێت لەگەڵ قۆناغی راگواستن لە هەوڵەکانی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقدا لە رووی دەستور و حکومەتێکی دایمی کە لەوانەیە تا کۆتایی ٢٠٠٥ وە سەرەتای ٢٠٠٦ درێژە بکێشێ، واتە تا هاتنەکایەی دەستوری دایمی و حکومەتێکی هەڵبژێردراو.

لەم قۆناغی مامناوەندیەدا بزووتنەوەی ریفراندەم لە کوردستان و دەرەوە پێویستی بە خۆرێکخستن هەیە بە نەفەسێکی درێژتر وە بە زێدەکردنی توانا جەماوەری و فیکریەکانی بزووتنەوە. هەر لە ئێستاوە دەبێ ئەوە بگۆترێ کە ئەم بزووتنەوەیە پێویستە هەموو هەوڵێك بدات بۆ ئەوەی لەم ماوەی راگواستنەدا هەرنەبێ موافەقەی رێکخستنی ریفراندەم، بە پشتگیری نەتەوە یەکگرتووەکان، بەدەست بهێنێت.

بەڵام گرنگە ئەم بزووتنەوەیە لەهەمان کاتدا هەوڵی ئەوە بدات کە ئەگەر ئەمە فەراهەم نەبوو، بە یارمەتی کۆمەڵگەی مەدەنی نێونەتەوەیی و رێکخراوە ناحکومەتیەکان، **ریفراندەمێکی ناڕەسمی** رێکبخات. بەڵام ئەم جۆرە ریفراندەمە فەراهەمکردنی ئاسان نیە و لەوانەشە ئەو تەئسیرە چارەنووسسازەشی نەبێ بە ئاراستەی گەیاندنی کورد بەو رۆژەی کە لە رێگەی ریفراندەمێکی رەسمییەوە (بە پشتگیری نەتەوە یەکگرتووەکان) بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات. ئەوەی پەیوەندی بە شێواز و میتۆدی رێکخستنی بزووتنەوەی ریفراندەمەوە هەیە، گرنگە گۆڕانکاری زۆر بەسەر ئەو لایەنانەی بوونی ئەم بزووتنەوەیەدا بێت: لە بزووتنەوەیەکی کاردانەوەی بە پەلە بۆ بزووتنەوەیەکی رێکخراوەیی دیموکراسی جەماوەری.

## ٣ ) قۆناغی درێژخایەن:

ئەم قۆناغە بەگشتی ئەو کاتە دەست پێدەکات کە قۆناغی ڕاگواستن تەواو دەبێت واتە دەوڵەتی عیراق بە دامەزارو و دەستورەکەیەوە دەبێتە ڕاستیەکی سیاسی. جگە لەوەی لە سەرەوە باسکرا دەربارەی ئەلتەرنەتیڤەکانی خەبات، لەوە دەچێت کە کورد ئیتر بە شێوەیەکی گشتی لە داهاتوودا شێوەی تری خەبات بەکاربهێنێ کە تیایدا سوود وەرگرتن لە زۆربەی هەرە زۆری توانا جەماوەریەکەی خەڵکی کوردستان وەربگرێ. چیتر خۆڕێکخستن و خۆپیشاندانی جەماوەری شتی نامومکین نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە؛ ئەوەی دوێنێ فەراهەم نەبوو و کوشتنێ بە کۆمەڵی بەدواوەبوو، سبەینێ مومکین دەبێت. ئەوەو پاشەکشە لە خەباتی تەقلیدی و بەسەرداچوونی کات بەسەر هەندێ میتۆدی خەبات و خواستی ئاشکرای خەڵك کە ڕاستەوخۆ، بەبێ چاوەڕێکردنی بریارەکانی پشتی پەردە، بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، لە داهاتوودا توخمی گرنگ و بگرە باڵادەست دەبن لە سیاسەتە کوردیەکاندا.

لەم گۆشەبینینەوە دەتوانین بڵێین هەر لە ئێستاوە دەکرێ باس لە بزووتنەوەیەکی ریفراندەم بکرێ کە دەکرێ کورد بگەیەنێ بە ئامانج نەك هەر لە باشووری کوردستان بەڵکو لە بەشەکانی تری کوردستانیش، وە ئەمەش هەڵبەتە، لایەنی ژیۆپۆلیتیکی (ریفراندەم)ە لە قۆناغی درێژخایەندا. جگە لەوە ئەم بزووتنەوەیە لە پەیامە کولتوری و سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکەیدا کۆمەڵێك سوودی زۆر گرنگی هەیە بۆ گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی بە ئاراستەی دەوڵەمەندکردنی ناوەرۆکە دیموکراتیەکەیەتی و بەهێزکردنیەتی لە ئاستە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکەیدا: ١) ئیرادەی تاکی کورد بەشێوەیەکی تازە و ڕێگەی بەهێزکردنی ئەوەی پێی دەبێژرێ دیموکراسی ڕاستەوخۆ بەهێز دەکات؛ ٢) جخت دەکاتە سەر ئەم ئیرادەیە وە بە شێوەیەکی دیموکراسیانەتر وە بەرجەستەتر تاکی کورد بە سیاسەت و دوارۆژی ئەم تاکەوە خەریك دەکات؛ ٣) کۆمەڵی کوردەواری دەکا بە خاوەن کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کوردی، بە شێوەیەك کە پێشتر فەراهەم نەبووە؛ ٤) باس لە مافی چارەنووس و سەروەری لە لایەنی تاکەکەسی و بەکۆمەڵی ئەم دوو مەفهومە فەراهەم دەبێت؛ ٥) ڕۆڵی نێگەتیڤانەی حزب و حزبایەتی کەم دەکاتەوە؛ ٦) بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بوارێکی موناوەرەی کەم دەهێڵێتەوە کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی کورد خۆ بدوزێتەوە، چونکە ریفراندەم

دواجـار باسـه لـه پرەنسـیپێکی ئـەم ڕێکخـراوە جیهانییـە و لـە میتـۆدێکی یاسـای نێونەتەوەیی کە زۆر جار بەکارهاتووە بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکان کە بە شـێوەی تـر چارەسـەریان هـیچ مـومکین نـەبووە، دوا نموونـەش تـەیموری ڕۆژهەڵاتـە کـە بـە سەربەخۆیی خۆی گەیشت لە ڕێگەی ریفراندەمەوە؛ ٧) چەکی فڕکـردن و بەکۆمـەڵ کوشتنی کورد لەدەست دوژمن دەردەهێنێ، چونکە خـۆی چـەك بـەکارناهێنێ. ئـاخر بەم شێوەیە کـورد دوژمنەکـەی ڕووتدەکاتـەوە لـە ڕەوایـی بـەکارهێنانی چـەك، واتـە زەبـر و زەنـگ؛ ٨) لـە ڕووی نێونەتەوەییـەوە مـۆرێکی ئاشـتیخوازانەی دوور لـە بەکارهێنانی زەبر و زەنگ دەدات لەبزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان.

## ٢ - ٣ - ٢ پارتە سیاسیەکان:

هـەر لـە سـەرەتاوە پێویسـتە ئامـاژە بـە ئـەوە بکـرێ کـە کولتـوری سیاسـی دوو زلحزبەکە (پارتی و یەکێتی) نامۆیـە بـە دیـاردەی مامەڵـەکردن بـە دڵێکی فـراوان و بەبێ پیشاندانی نیگەرانی و کاردانەوەی نێگەتیڤانە بەرامبەر بـە سـەرهەڵدانی هـەر بزووتنەوەیـەکی جـەماوەری، بەتایبـەت ئەگـەر پانتـایی جوگراڤی ئـەم بزووتنەوەیـە هەموو کوردستان بگرێتەوە و ژمارەی پشتگرانیشی بە ملیۆنەها بن. هەڵوێسـتی ئـەم دوو حزبە بەرامبەر ئـەم بزاڤـی ریفرانـدەمـە، لـە باشـترین حاڵەتـدا، بـە پەردەیـەکی تەماوی داپۆشراوە و بگرە هەڵوێستەکە نا "موقەددەس" یشە. هەڵوێستی تـا ئێسـتای ئەم دوو حزبانە لـە سـەرەوە ئامـاژەی پێـدراوە، وە ئـەوەی لـەم بەشـەی ئـەم وتـارەی بەردەستدا گرنگە بگۆترێ مەسـەلەی هەڵوێسـتەیە لـە بزاڤـی ریفرانـدەم لـە ڕۆژانـی داهاتوودا. بە بۆچوونی خۆم شـەڕی (یـا ڕاسـتتر بڵـێین خـەباتی) کـورد لـە بەرامبـەر دامەزراندنـەوەی دەوڵـەتی عـێراق، لـە ڕووی سیاسـی و قـانوونی و دیپلۆماسـیەوە، لـە باشـترین حاڵەتـدا دواخـراوە بـۆ ڕۆژانـی داهـاتوو. وە تێبـینی ئـەوە دەکـرێ کـە لـەم شـەڕەدا ڕۆژ بـە ڕۆژ کـورد پێگـەی سیاسـی لاوازتـر دەبـێ. ئـەوەتا دوو زلحزبەکـە لـە ڕووی پرەنسـیپیەوە ڕازیبـوونی خۆیـان دەربڕیـوە لەسـەر هەڵوەشـانەوەی هێـزی پێشمەرگە وە بەوەی کە هـەموو هێزەکـانی چـەکداری لـە عیراقـی داهـاتوودا لـە ژێـر فـەرمانڕەوایی بەغـدادا بـن. هـەروەها بـە ئەگـەری زۆر، هاوتـەریب لەگـەڵ کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئەمریکا، بە ئیحتیمالی زۆر هێزە سیاسـیەکانی عیراقـی عـەرەبی هەنگاو دوای هەنگاو دەگەڕێنەوە دواوە لەوەی کە لەمەر فـایلی کوردییـەوە بڕیاریـان

لەســەر داوە. لــە پێشوەچــوونێکی ئــەوهادا ئــەم دوو حزبــە دەکەونــە بــەر دوو ئەلتەرنەتیف: ١) گەڕانــەوە بــۆ چــەك؛ ٢) جـۆش و خرۆشـدانی خـەڵکی کوردسـتان و ڕێگەدان بە هەژاندنی شەقامی کوردی.

وادەزانم لەبەر زۆر هۆ گەرانەوە بۆ چەك، هەرنـەبێ لـەو بـار و دۆخـەی ئێسـتەدا هـیچ مـومکین نیـە... چـەك بەرامبـەر بـە کـێ، ئـەمریکا ؟ کەواتـە پـەنابردن بـۆ ئەلتەرنەتیڤی دووهەم نەك هەر ئەگەر دەبێت، بـەڵکو دەبێتـە زەروورەتێـك کـە نـە پارتی وە نە یەکێتی ناتوانن خۆیانی لێ لابدەن. بـەڵام پرسـیار ئەوەیـە تـا ئـەو کاتـە بزووتنــەوەی ریفرانــدەم بــەکوێ گەیشــتووە؟ وە ئایــا لــە گەڕانــەوەی بــە ئاشــکرای حزبەکان بۆ ریفراندەم چۆن رەفتـار لەگـەڵ ئـەم بزووتنەوەیـە دەکـەن ؟ ئایـا باشـتر نیە هەر لە ئێستاوە بزووتنەوەی ریفراندەم خۆی بۆ ئەو ئەگەرانە ئامادە بکات و بە ئاراستەیان کار بکات ؟ ئەمانە هەندێ پرسیارن، کردنیان پێویست بێت.

بەهەرحاڵ شتێك دەبێ بە راشکاوی بگوترێ ئـەویش ئەوەیـە ئەگـەر بزووتنـەوەی ریفرانــدەم دەیــەوێ بــبێ بــە هێــز و توانایــەك کــە تێــری بەدەســتهێنانی خەونــە سیاسیەکانی خەڵی کوردستان بکات، ئەوا پێویستە: ١) بە هەموو شـێوەیەك خـۆی لـە گەمەی دوو زلحزبەکە بپـارێزێ؛ ٢) هیـوا و ئـاوات بینـاکردن وە حیسـابکردن لەسـەر هاریکاری و پشتگیری بێ مەرج لـە لایـەن ئـەم دوو حزبـەوە، چـەوتییەکی گەورەیـە. ئــەم دوو حزبــە بــەبێ حســێبکردنی دان و وەرگــرتن و دوور لــە گۆشــەبینینی دەستهەڵاتەوە ناتوانن هەڵسوکەوت لەگـەڵ هـیچ بزووتنەوەیـەکی جـەماوەری بکـەن، ئاخر ئەمە کولتوری سیاسیانە، بەرژەوەندی تەسکی حزبایـەتیش هێـزی داگیرکـەر و بریاردەری عەقلی ئەم حزبانەیە؛ ٣) زۆر ئاستەمە، هەتا بگـرە مـومکینیش نیـە، کـە خاڵێکی سازش لە نێوان بۆچوونی تەسکی تاکتیکیانەی زلحزبەکان لەمەر ریفرانـدەم لەلایەك، وە تێرامانی ستراتیژیانە و سەربەخۆییانەی خـەڵکانێکی بێلایـەن و دڵسـۆز دەربــارەی هــەمان بزووتنــەوەی ریفرانــدەم فەراهــەم بکــرێ؛ ٤) ئەگــەر خــەڵکانی سەربەخۆ لەناو بزاڤی ریفراندەمدا لـەو بـاوەڕەدابن کـە زلحزبـەکان هـەروا دەسـتە و ئەژنۆ و بێلایەن دەبن بەرامبەر بزووتنەوەی ریفراندەم، ئەوا ئەو باوەڕەیـان چـەوت و سادەیە. لەراستیدا دەبێ کەسـانی سـەربەخۆ لـەناو ئـەو بزووتنەوەیـە سـتراتیژێکی روون و سەربەخۆیان هەبێت ئەویش ئەوەیە کـە ئەگـەر گومـان دەکـرێ کـە هـەرزوو زلحزبــەکان بزووتنــەوەی ریفرانــدەمیان داگیرکــردووە، ئــەوا پێویســتە خــەڵکانی

سـەربەخۆ هەوڵبـدەن بزووتنەوەكـە ئـازاد بكـەن وە ئەگـەریش لـەو بـاوەڕەدان كـە داگیرنـەكراوە بـەڵام مەترسـی داگیركردنـی لەسـەرە ئـەوا دەبـێ ڕێگـەی ئـەو هـەوڵی داگیركردنـە بـەهیچ شـێوەیەك نـەدەن. هـەر هەڵوێسـتێكی تـر دوور لـەم هەڵوێسـتە دەكـرێ بـە كاریسـە بـۆ بزووتنـەوەی ریفرانـدەم بەگشـتی تـەواو بـبێ بـۆ ئیمـرۆی ریفراندەم و شكستێكیش بێت بۆ بـیری سـەربەخۆیی نـاو بزووتنـەوەی ریفرانـدەم و ئاسەوارێكی سیاسـی نێگەتیڤانەشـی ببێـت بـۆ بیرۆكـە و بزووتنـەوەی ریفرانـدەم لـە دوارۆژدا؛ ئـەو كەسـانەی لـەژێر پـەردەی بێلایـەنی تـا ئێسـتا ئامـادە بوونـە لـەناو بزووتنـەوەی ریفراندەمـدا دەسـتی زلحزبـەكان، هـی ئـەو یـا ئـەویتر، بـن و یاریـەكی "ناپیرۆزی" زلحزبەكان بكەن، هەتا زووە باشـترە دەسـت لـەم گەمەیـە هـەڵگرن: هـەر شتێك لەكاتی خۆیدا ئاشـكرا دەبێـت، گەمـە ناپیرۆزەكـانیش لـەرۆژی خۆیانـدا ریسـوا دەكرێن.

## ٣ ) دەرەنجام :

لـەم ووتارەمـدا هـەوڵی ئـەوەم داوە كـە بیرۆكـەی ریفرانـدەم وەكـو دەربڕێكـی ئایدیۆلۆژیانـە و سیاسـیانەی ناسـیۆنالیزمی كـوردی ببیـنم. بـەم مانایـە بیرۆكـە و بزووتنـــەوەی ریفرانـــدەم، بـــۆ ئـــەوەی ببێتـــە ئـــەو ئـــامرازی خـــەباتی سیاســـی و دیپلۆماسیانەی چارەنووسساز لە گەیاندنی خەڵكی باشووری كوردسـتان بـە لووتكـەی سـەركەوتن، وەكـو ئەلتەرنـەتیڤێكی سـتراتیژی بینـراوە. شانبەشـانی بۆچـوونێكی ئـەوهاش مەترسـی بـە تـاكتیكی مامەڵـەكردن و سـەودای سیاسـیكردن بـە بیرۆكـە و بزووتنەوەی ریفراندەم خراوەتە ژێر تیشكی باس.

ناسیۆنالیزم بەگشتی، لە ناوەرۆكی فیكریدا سێ ڕەهەنـدی گـرنگ دەگرێتـە خـۆی: ١) ئاووردانـــەوە؛ ٢) خوێندنـــەوەی ئیمـــڕۆ؛ ٣) چـــەكداربوون بـــە تەســـەوورێكی سـتراتیژیانەیە بـۆ داهـاتوو. ریفرانـدەمیش لـە خوێندنـەوەی نەتـەوەیی سـتراتیژیدا هـەمان ئـەو سـێ ڕەهەنـدە وەردەگـرێ. بـەم مانایـەش بزووتنـەوەی ریفرانـدەم نـابێ تـەنها بزووتنـەوەی جـۆش و خرۆشـدانی جـەماوەر و سـوودلێوەرگرتنێكی كـاتی یـا تـاكتیكی بێـت بـەڵكو ڕەوتێكـی بـە نـاوەرۆكی ئایـدیۆلۆژی و سیاسـی نەتـەوەیی (كوردسـتانی) بێـت: نـەك دەربـڕی هەڵچـوونێكی كـاتی بـەڵكو خوێندنەوەیـەكی هەمەلایەنی بێت. نزیكبوونەوە لە ریفراندەم بـەم شـێوەیە دەكـرێ ریفرانـدەم نـەك

هەر بکا بە ئەلتەرنەتیڤێکی سیاسی هەنووکەیی بۆ باشووری کوردستان، بەڵکو بگـرە لـە خـەباتی درێژخایـەنی ئـەو بەشـەی کوردسـتان و بەشـەکانی تـریش بـبێ بـە ئەلتەرنەتیڤێکی پڕ بە پێست.

لە ئاوردانەوەیەکی مێژووییانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە خەونی ئازادی کورد لە دژایەتیدا بووە لەگەڵ ئەو راستیەی کە باشووری کوردستان بە زۆر لکێندراو بووە بـە دەوڵەتی عێراقـەوە وە فیـدرالی لـە باشـترین حاڵەتـدا نیمچـە ئازادیـەك مسۆگەر دەکات وە ئەو نیمچە ئازادییەش وابەسـتەیە بـە هەڵسوکەوتی نەتـەوەی سەردەسـت. دەکرێ فیدرالی لە هەندێك حاڵەتدا بە رەواییکردنی داگیرکردنی کوردستانیش بێت.

لە رۆشنایی بۆچوونێکی ئەوهادا، دەکرێ ئەوە بڵێین کە بۆ زامنکردنی دوارۆژێکی باشـتر بـۆ خـەڵکی باشـووری کوردسـتان، دوارۆژێـك کـە دوور بێـت لـە مەترسـی بـەکارهێنانی چـەکی زۆرینــە ("لەســەر بنــەمای دیموکراســی") لــە هێنانەکایــەی دکتاتۆریــەتی زۆرینــەی عــەرەبی، پێویســتی بــە هەڵتــەکانێکی جــددی هەیــە کــە ئاکامەکـەی گەیانـدنی کـورد بێـت بـە سـەروەری نەتـەوەیی. تـەنها ئـەم سـەروەریە نەتەوەییەیــە کــە دەتــوانێ دوارۆژێکـی روون بــۆ نــەوەکانی دوارۆژ لــە کوردســتان مسۆگەر بکات. لە راستیدا هەموو ئەو شتانەی کە لە پرۆسەی گفتوگۆ و دانوسـاندن لە نێوان لایـەنی کوردی (بـە هـەموو هێزەکانـەوە) و لایـەنی عـەرەبی (بـە هـەردوو رەوتەکەی، هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستە عەرەبیەکان) تەنها ئەوە نیشان دەدات کە لایەنی عەرەبی لەگەڵ ئەوەدا نیە کورد بە مافەکانی بگات و نەوەکانی داهـاتووی بـە دوارۆژێکی رۆشن شاد ببن. لە راستیدا گووتاری سیاسی لایەنـەکانی عیراقـی عـەرەبی هێشتا هەر گووتارێکی شۆڤێنیستسە لەمەر کورد و مافەکانی. ترسی هـەرە گـەورەش لەم جۆرە گووتارەدا ئەوەیە کە لایەنی عەرەبی گەیشتۆتە قەناعـەت کـە دیموکراسـی نەك هەر مەترسـی نیـە بـۆ هـەژمۆنی ئـەو لایەنـە (وەك نەتـەوەی زۆرینـە) بـەڵکو بگرە "دیموکراسی" رێك ئەو ئامرازەیە کە ئـەو هەژمۆنیـەیان بـۆ مسۆگەر دەکـات. ئاخر ئەوەتا ئایـەتوڵا سیسـتانی لـە هـەموو کـەس و لایـەنێك دیموکراسـیترە بـە پێـی لۆژیکە عەرەبیەکەی کە دەبێژێ "رب کلمه حق ارید بها ...".

لە رۆشنایی ئـەم تێگەیشـتنەوە، ئەگـەر کـورد لـەم بارودۆخـەدا تـەکانێکی سیاسـی هەژێنــەر بــە بارەکــە نــەدات لــە رێگــەی کــارکردنی تــەواوی خــەڵکی کوردســتان لــە چوارچێوەی بزووتنەوەی ریفراندەمدا، ئەوا دەکرێ لە باشترین حاڵەتدا چارەسـەریە

راستەقینەکەی کێشەی کورد دوابخرێ. بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە سەرکەوتووانە بە دوائامانج بگات، دەبێ جێگای موزایەدەی حزبی تیادا نەبێتەوە و تەنها و تەنها ئیرادەی خەڵکی کوردستان تیایدا سەردەست و بڕیاردەر بێت. ئەو فیدرالیەی لە دەستوری کاتیدا هاتووە نەك هەر تێری ئەوە ناکات کە کێشەی کورد لە باشووری کوردستان چارەسەر بکات، بەڵکو ئامرازی سڕکردنی کورد و هێز و تواناکانیەتیشی لە زەمەنێکدا کە کورد دەکرێ زۆر زێتر بەدەستبهێنێ. تێپەربوونی ئەم زەمەنە لەبارە، بەبێ بەکارهێنانی بە شێوەیەکی چالاکانەتر، چەوتییێکی سیاسی هەنووکەییە و بە ئەگەری زۆریش کاریسەیەکی مەزن دەبێ بۆ نەوەکانی سبەینێ.

هەڵبەتە لە خوێندنەوەی توخمە هەرە کاریگەرەکانی مەیدانی سیاسەتە کوردیەکان ناکرێ ئەوە بگۆترێ کە دەوڵەتی کوردی لە باشووری کوردستان لەسەر خوانچەیەکی زێرین پێشکەش کراوە و ئەوەی لەسەر کوردە تەنها دەستی بۆ ببا و ئەم دەوڵەتە وەرگرێ. لەلایەکی ترەوە دەکرێ بەئاسانی بگۆترێ کە بارودۆخە ژیۆ-سیاسیەکان بەهیچ شێوەیەك وەك هی دوێنێ نین و ئیمرۆ لە هەموو رۆژێك ئاسانترە کە کورد بە کۆمەڵگای جیهانی بڵێت کە ئەو کۆمەڵگە نێونەتەوەییە ۸۰ ساڵ زێترە غەدری بەزۆرلکاندنی باشووری کوردستان و هەموو ئەو تراژیدیانەی لەو پێوەلکاندنە کەوتوونەتەوە قەبووڵ کردووە و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەم کۆمەڵگایە رێگە بە کورد نەگرێ کە خۆی لەم زوڵمە رزگار بکات.

هەرنەبێ ئەو خەڵکانەی کە تەواو بێلایەن و سەربەخۆن لەناو بزووتنەوەی ریفراندەمدا دەبێ بە شێوەیەکی زۆر راشکاوانە و بە هەڵسوکەوتێکی زۆر دیموکراسییانە گووتاری خۆیان بە ئاراستەی خەڵکی کوردستان بخەملێنن. دەبێ کاتی ئەوە بەسەردا چووبێت کە کورد تەنها داوای قوربانی و قەبووڵکردنی ماڵوێرانی لێبکرێت بەناوی خەباتی نەتەوەیی. کورد بەو رادەیەی کە لەلایەن سەرکردەکانی چاوەروانی قوربانی و خۆبەکوشتدانی لێکراوە، لەلایەکی ترەوە بەرادەیەکی کەمیش گوێ لە ئیرادەی نەگیراوە. هەڵسوکەوتی سەرانی کورد لە باشووری کوردستان لەمەر بزووتنەوەی ریفراندەم و خواستی کورد لە بەدەستهێنانی سەروەری نەتەوەیی تا ئێستا کەمترین رادەی رێزگرتنی ئەم سەرکردانەی لەمەر ئەو ئیرادە رەوایەی خەڵکەکە پیشان نەداوە. لەوەش خەراپتر، ئەو ئیرادەیە (کە خۆی پیشاندا لەرێگەی نزیکەی ۲ ملیۆن دەستەواژەوە، کە دەکرا زۆریش لەم

ژمارەیە زێتر بێت) بۆ فیدرالیەکی بەنیوەناچڵی بەکارهات، کە ئەمەش بنپێکردنی ئەو ئیرادەیەیە و هیچی تر.

بە بەکارهێنانی نزیکەی دوو ملیۆن ئیمزا بۆ وەدەستهێنانی فیدرالی، مانای ئەوە دەبەخشێت کە بۆ یەکەم جار کورد بە ئیرادەی خۆی قەبووڵی دابەشبوون و بەداگیرکراوی مانەوەی نیشتمانەکەی دەکات. بەڵام تا ئەو جێگەیەی تەرتیباتی فیدرالی شێوەی گفتوگۆ و تەنها بڕیاری سەرکردە کوردەکان وەرگرێ، بەبێ خستنە پاڵی دوو ملیۆن ئیمزای خەڵکی کوردستان، ئەوا دەکرێ ئاکامە نێگەتیڤەکانی کەمتربن. چونکە ئەو کاتە دەکرێ لە داهاتوودا.

هەرنەبێ بگوترێ خۆ ئەو بڕیارەی سەرکردەکان دەنگ و ئیرادەی خەڵکی کوردستانی لەپشت نەبووا پێویستە ئەوانەی کە لەناو بزووتنەوەی ریفراندەمدا چالاکن و خۆیان لەرووی حزبیەوە بە سەربەخۆ دەزانن زۆر بە ترسێکی گەورە و ویژدانێکی زیندوو لەگەڵ دیاردەی ریفراندەمدا کار بکەن، نابێ رێگە بدەن کە بکەونە چەوتییەکی ئەوها کەوا ببێتە هۆی ئەوەی لەلایەن نەوەکانی سبەینێوە وەبەر نەعلەتی مێژوو بخرێن. ئەوانەی لە دەرەوەی رەوتی ریفراندەمیشن و بە ویژدانی زیندووەوە لە هەڵوێستەدان بەپەیوەندی لەگەڵ دۆزی نەتەوەکەیان هەروا بە ئاسانی ناتوانن زەربێك بەسەر تەواوی بزووتنەوەی ریفراندەمدا بهێنن و لەسەر ئەم جۆرە هەڵوێستە بژین. ئاخر دواجار ریفراندەم باسە لە ئیرادەی نەتەوە و هەر تاکێکی ئەو نەتەوەیە و هەڵوێستەشە لە مێژوو وخوێندنەوەیە. ریفراندەم شێوەیەکی هەرە شارستانی و دیموکراسی و هاوچەرخانەیە بۆ وەدەستخستنی خەونی خەڵکی کوردستان لە سەروەری نەتەوەییدا. ئیمڕۆ دەرفەت و تەحەددا لە پێش دەرگەی هەر کوردێکە. پرس ئەوە نیە ئایا ئەو دەرفەت و تەحەددایە لەراستیدا لەپێش دەرگەن یان نا، بەڵکو پرسیار ئەوەیە چۆن بەرخوردیان لەگەڵدا دەکەین!

# ڕاگەیاندنێك دەربارەی دەستكێشانەوەم لەبزووتنەوەی ریفراندەم

**سوید ٢٠٠٤/٧/١٠**
**ئەم ڕاگەیاندنە لەهاوینی ٢٠٠٤ لە هەندێك ماڵپەڕی كوردیدا بڵاوبۆتەوە**

دەمەوی لێرە بەهەموو خوێنەرانی هێژا ڕابگەیەنم كەمن لەكۆتایی مانگی مای ئەمساڵەوە وازم هێناوە لەكۆمیتەی باڵای ریفراندەم - سوید. هەر لێرەشەوە ڕایدەگەیەنم كە من بە هیچ شێوەیەك خۆم بە ئەندام و پشتگیری ئەوەی پێی دەگوتری بزووتنەوەی ریفراندەم كە پێكهاتووە لەكۆمیتەكانی ریفراندەم لە دەرەوەی وڵات و كۆمیتەی باڵای ریفراندەم لە كوردستان نازانم. لەلایەكی ترەوە جخت لەسەر ئەوە دەكەمەوە كە لە ڕووی فیكریەوە لایەنگری ریفراندەمێكم كە تەواو سەربەخۆ بێت و وابەستەی هیچ حزبێك و دەستەو تاقمێك نەبێت؛ ریفراندەمێك كە لە ناوەڕۆكە فیكریەكەیدا تەنها و تەنها جێگەی خەباتكردن بۆ سەربەخۆیی كوردستان و سەروەری نەتەوەیی خەڵكەكەی ببێتەوە و وەكو بزووتنەوەش لە پراكتیكدا دووربێت لە هەموو جۆرە موزایەدە و تاكتیك و یاری پشت پەردە، جا ئەمە بە ڕێگەی دەست تێكەڵاوكردنی هەر حزب و تاقمێك بێت. لە لایەكی ترەوە، ئێستاش لەو باوەڕەدام كە ریفراندەمێك كە تەنها و تەنها بەرژەوەندیە نەتەوەییەكانی خەڵكی كوردستان لەبەرچاو بگری و پشت ئەستوور بێت بە ئیرادەی خەڵكی كوردستان و لەئاستی هزر و پراكتیكدا ڕەنگدانەوەی ستراتیژ و سیاسەتێكی نەتەوەیی بێت، ئەوەندە دەهێنی مرۆڤی كورد خەباتی بۆ بكات و بگرە قوربانیشی لە پێناودا بدات. ڕێگەم بدەن، خوێنەرانی هێژا، لەخوارەوە هەڵوێستی خۆم لە ڕێگەی هەندی خاڵەوە ڕوونبكەمەوە:

١) گرنگیدانم به ریفراندەم زۆر کۆنترە لە هاتنە مەیدانی کۆمیتەی باڵای ریفراندەم لە کوردستان، بەڵام لەڕووی پراکتیك و ڕێکخستنەوە مانگی ئۆگۆستی ساڵی پار وەکو بەرپرسی کۆمیتەی ریفراندەم بۆ سەربەخۆیی کوردستان - باشووری سوید کەوتمە ناو خەباتی ریفراندەم و دواتریش وەکو بەرپرسی کۆمیتەی باڵای ریفراندەم ـ سوید. دیارە هەر لە سەرەتاوە بۆچوونێکی وا لە لایەن هەندی کەس، بە تایبەتی توێژی ڕەوشەنبیر و خاوەن ئەزموونی سیاسی، هەبوو کە بەڵی ریفراندەم بەشێکە لە یاریەکی سیاسی پشت پەردە و لەبەر ئەوەش ئەوەندە ناهێنی مرۆڤ خۆی پێوەخەریك بکات... هەر لەو سۆنگەیەوە دەست بە کار بوونم لە ناو ریزەکانی بزووتنەوەی ریفراندەم لەسەر قەناعەتێکی تایبەتی بوو کە ئەویش ئەوەبوو: "ئەگەر ریفراندەم داگیرکراوە لەلایەن هێزێك یا چەند هێزێکی سیاسی بە تایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوا پێویستە ئازادی بکەین وەئەگەر سەربەخۆیە بەڵام هەوڵی داگیرکردنی دەدرێ، با لێنەگەڕێین داگیر بکرێ". دیارە ئەم ململانێیە لە پرۆسەی کارکردندا زەق بووەوەو یەکی لە شێوەکانی ئەم ململانێیە ئەوە بوو کە ئەو کۆمیتەو کەسانەی کە بانگەشەی سەربەخۆییان دەکرد بۆ باشووری کوردستان لە ڕێگەی ریفراندەمەوە، کەوتنەژێر فشاری کۆمیتەی باڵای ریفراندەم لە کوردستان. کۆمیتەی باڵای کوردستان دیارە بیانۆکەی ئەوە بوو کە با لێگەڕێین خەڵکی کوردستان خۆی بڕیار بدات کەچی دەوێت: سەربەخۆیی یاخود مانەوە لەچوارچێوەی عیراقێکی یەکبوودا. هەر لێرەوە پێویستە بگوترێ کە لەلایەنی پرنسیپ و لۆژیکەوە ئەم بۆچوونەی کۆمیتەی باڵای کوردستان ڕاست بوو، بەڵام لە ڕووی پراکتیکەوە ئەم فشارەی دەربڕی یاریەکی سیاسی، لە باشترین حاڵەتدا، نادیار و نیگەرانئامێز بوو.

کۆمیتەی باڵای کوردستان نەك هەر دەنگێکی باسکردنی لە سەربەخۆیی کوردستانی ڕەتدەکردەوە بەو بیانۆیەی سەرەوە، بەڵکو چەند هەنگاوێکی پراکتیکیشیان هەڵێنا کە دروست دژایەتی تەواوی هەبوو لە گەڵ بیرۆکەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان. بۆ نمونە، لە ڕاگەیاندنێکیدا بە بۆنەی دەرچوونی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی عیراق، کۆمیتەی باڵای ریفراندەم لە کوردستان هەندێك لایەنی ئەم یاسا کاتیەی بە باش زانی بۆ خەڵکی کوردستان...[1] من وادەزانم ئەم هەڵوێستە ڕێك قەبوولکردنی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق بوو وە ئەمەش خۆی

لە خۆیدا سەد لەسەد دژی ئەو درووشمەی کۆمیتەکە بوو کە دەڵی لێگەڕێن با خەڵکی کوردستان خۆی بڕیار بدات کە لە چوارچێوەی عیراقدا بمێنێتەوە یا سەربەخۆ بێت. ئاخر گەر مرۆڤ ئەم یاسای کاتیەی بە باش زانی، کەواتە بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵکی کوردستان بیرۆکە و پرۆسەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقی قەبووڵکردووە، کە ئەمەش ڕێك لە دژایەتی دایە لە گەڵ پرنسیپی گەڕانەوە بۆ ڕاپرسی گشتی. ئاخر بە ئاسانی مرۆڤ دەتوانی بڵی لەو، کەم یا زۆر، دوو ملیۆن کوردستانیەی کە ئیمزایان کردووە بۆ ریفراندەم زۆربەی هەرە زۆری بە مەبەستی گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان کراوە. ئەی دەکری بپرسین ئایا کۆمیتەی باڵای کوردستان ئەو مافەی چۆن بەخۆیدا کە بەخێرهاتنی دامەزرانەوەی دەوڵەتی عیراق بکات لە ڕێگەی بە باش زانینی هەندێ لایەنی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی عیراق، لە کاتێکدا ڕوحی ئەم یاسای کاتییە جخت لەسەر یەکبوونی عیراق، بە کوردستانیشەوە، دەکاتەوە... نمونەی تریان ئەو وتارەیە کە نوێنەری کۆمیتەی باڵای ریفراندەم لە کوردستان پێشکەشی کرد لە بەردەم ئەنجومەنی حوکمی عیراق لە ٢٠٠٤/٢/٢٨. لەخاڵی چواری وتارەکەدا، ڕێك ئەوها هاتووە: "دەمانەوێت جخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە هەڵمەتی بزووتنەوەی ڕاپرسی لە کوردستان لە پێناو سەربەخۆییدا نیە، بەڵکو لە پێناو ڕەخساندنی دەرفەتی هەڵبژاردندایە، چونکە دوا بڕیاری گەلی کوردستان سەبارەت بە عیراق گرێدراوی ئەو ماف و زامنکاریە دەستوریانەیە کە عیراقی داهاتوو بۆ ئەو گەلەیان دەستەبەر دەکات."[٢] هەروەها لە وتارەکەدا هاتووە کە"یەکیەتی ئارەزوومەندانەی نەتەوە جۆربەجۆرەکانی عیراق سەرەتایەکە بۆ ئارامی و ئاسایش و دیموکراسی."[٣] ئەم دوو بڕگەی وتارەکە: ١) دژە بەو ئیرادەی سەربەخۆییە کە ئەم دوو ملیۆن ئیمزایە دەریبڕیوە و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بە گشتی گوزارەی لێدەکات، ئەوپەڕی نەپاراستنی ئەمانەت و بەرپرسیە لە لایەن کۆمیتەی باڵای کوردستانەوە...؛ ٢) ئەم ووتارە قەبووڵکردنی دامەزرانەوەی دەوڵەتی عیراقە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی خەڵکی کوردستان، کەچی ئەم گەڕانەوەیە ڕوح و کرۆکی بیرۆکەی ریفراندەم بووە؛ ٣) بیرۆکەی "یەکیەتی ئارەزوومەندانە" ڕێك دەربڕێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسیانەی دوو زلحزبەکە (پارتی و یەکێتی)یە و ئەگەر بزووتنەوەی ریفراندەمیش تەنها درووشمەکانی ئەم حزبانە دووبارە بکاتەوە، ئەوا سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدات... ئاخر ڕاستیەکەی ئەوەیە کە کورد لە باشووری

کوردستان تا سەر ئێسقان مەجبوور کراوە کە لە چوارچێوەی عیراقدا بمێنێتەوە و پارتی و یەکێتیش حاڵەتەکەیان قەبووڵە، جا ناوزەدکردنی ئەم حاڵەتە بە یەکیەتی ئارەزوومەندانە هیچ لە واقیع ناگۆڕێ. پرسیار ئەوەیە ئایا چەند لەسەد لە خەڵکی کوردستان دەنگ بۆ ئەو "یەکیەتی ئارەزوومەندانە" دەدەن ئەگەر بواری هات و بە ئازادی و بێ سێ و دوو ڕاپرسی گشتییان بۆ بگونجێت... جا ئەم ئارەزوومەندانەیە لە کوێوە هاتووە؟ جێگەی ئاماژەیە کە نووسەری ئەم ڕاگەیاندنە پێشتریش ئەم مەسەلەیەی لەگەڵ کۆمیتەی باڵای کوردستان کردۆتە بابەتی قسەلێکردن، بەڵام ئەم کۆمیتەیە ئامادەنەبووە بەخۆیدا بچێتەوە و ڕەخنە لە خۆی بگرێ.[٤]

٢) من کە بڕیارمدا بە شێوەیەکی چالاکانە، نەك هەر لە ڕێگەی نووسین و بەشداری لە کۆڕ و سمینار، بەڵکو بگرە لە کار و چالاکی کۆمیتەکانی ریفراندەمدا دەستبەکاربم، لەو باوەڕەدا بووم کە باری سیاسی کوردستان بە تایبەت دوای کەوتنی دکتاتۆر، پێویستی بە هەڵتەکان و هەژانێکی سەرتاسەری هەیە وە دەکرێ بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە شێوەی ریفراندەم ببێتە ئامرازی ئەو هەڵتەکان و هەژاندنە... بەڵام ئیمڕۆ، دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر دامەزراندنی کۆمیتەی باڵای ریفراندەم لە کوردستان وە دواتر کۆمیتەکانی ریفراندەم لە دەرەوەی وڵات، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی ریفراندەم خۆی پێویستی بە هەڵتەکان و هەژان هەیە بە ئاراستەی سەربەخۆیی بە تەواوەتی ئەم بزووتنەوەیە و تەندرووستبوونی. ئیمڕۆ ئینکاری ئەوە ناکرێ کە پارتی و یەکێتی بە چڕی و بە توندی دەستیان خستۆتە ناو بزووتنەوەی ریفراندەم، هەڵبەتە بە مەبەستی ئەوەی کە ئەم بزووتنەوەی ریفراندەمە لە چوارچێوەی بۆچوونە ئایدیۆلۆژی و سیاسیەکانی ئەم دوو حزبە دەرنەچێت. ئەوەش ڕێك بە مانای دابەزاندنی بزووتنەوەکەیە بۆ ئاستی تاکتیکی و موزایەدە و لە باشترین حاڵەتدا بەکارهێنانی هەر وەختێك ئەم حزبانە حەز بکەن. ئاخر ئەمە لە شانۆگەری تێپەڕ ناکات وەختێك پەرلەمانی کوردستان لە کۆتایی مانگی فێبریوەری ئەمساڵ ئاگادارکراوەتەوە لە هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا و دواتر لە دوو ملیۆن ئیمزاکە ئاگادارکراوون، بەڵام هەر لەو کاتەوە تا کۆتایی مانگی حوزەیران ئەم پەرلەمانە بێدەنگ بوون و کاردانەوەیەکی پڕ بە پێستیان نەبوو بەرامبەر بە بزووتنەوەی ریفراندەم و ئەم دوو ملیۆن ئیمزایەی کە کۆکرابوونەوە. بەڵام کە دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان (ژمارە ١٥٤٦)

و گەڕانەوەی سەروەری بۆ عیراق (کە بڕیار بوو لە حوزەیران ٢٠٠٤ بە شێوەیەکی ڕەسمی ئەنجامبدرێ) نزیکبوونەوە، جارێکی تر پەرلەمانی کوردستان دوو ملیۆن ئیمزاکەی پێدەدرێ و پەرلەمانیش پشتگیری خۆی بۆ ریفراندەم پیشان دەدات و بەڵێنی گرنگیپێدانیش دەدات.[٥] ئەم هەڵسوکەوتانەی پەرلەمانی کوردستان کە خۆی چەند جارێك پێشتر "هەتك" کراوە لەلایەن دوو هێزی ململانی (پارتی و یەکێتی) و نەیتوانیوە دەربڕی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بێت، چۆن دەتوانێت ڕێز بۆ ئەو ئیرادە جەماوەریە دابنێت کە بزووتنەوەی ریفراندەم، بە تایبەتی ئەو دوو ملیۆن ئیمزایە، گوزارەی لێدەکات. کێشەی کورد بە موزایەدە و تاکتیکی سنورداری حزبی چارەسەر ناکری و باشترە کۆمیتەی باڵای کوردستان ڕاستیەکان بە خەڵك بڵێت لەوەی کە بیانشارێتەوە. ئەوە لە کاتێکدا هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونم، کۆمیتەی باڵای ریفراندەم لە کوردستان لە ڕاگەیاندنەکانیدا چەند جار جختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێ پارتە سیاسیەکانی کوردستان ئەوپەڕی شەفافیەت بنوێنن بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، کەچی هەمان کۆمیتە بە پێی پێویست شەفافیەتی پراکتیزە نەکردووە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و بە تایبەتیش خاوەنەکانی ئەو دوو ملیۆن ئیمزایە. دەبێ لە هەمان کاتدا ئەوە بگوترێ کە تا ئیمڕۆش، هەرنەبی لە دەرەوەی وڵات، خەڵکانێکی تەواو سەربەخۆ هەن کە بۆچونیشیان سەربەخۆیی کوردستان و دیموکراسیبوونی بزووتنەوەی ریفراندەمە. لە لایەکی ترەوە گومانم هەیە کە ئەم کەسە دڵسۆزانە بتوانن کارێکی وا بکەن کە بزووتنەوەی ریفراندەم بە ئاقاری سەربەخۆییبوونی بزووتنەوەکە و درووشمی سەربەخۆییبووندا ببەن. ئەوەی پەیوەندی بە دەستکێشانەوەی منەوە هەیە لە بزووتنەوەی ریفراندەمدا ئەوەیە کە ئەو کەسە دڵسۆز و بێلایەنانە تێری ئەوەناکەن کە سەربەخۆیی بزووتنەوەی ریفراندەم مسۆگەر بکەن و دواتر بیپارێزن. هەر لێرەشەوە دەکرێ ئەوە بڵێین کە خەڵکانێکی زۆری دڵسۆز و بێلایەن هەبوون لە دەرەوەی بزووتنەوەی ریفراندەم کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ریفراندەم ئامادەنەبوون بێنە ناو ڕیزەکانی ئەم بزووتنەوەیە بە بیانووی سەربەخۆنەبوونی بزووتنەوەکە... دوورکەوتنەوەی ئەو کەسانەو پشتگیری نەکردنیان هۆیەکی گرنگ بوو لە کارئاسانی بۆ "داگیرکردنی" بزووتنەوەی ریفراندەم یا هەرنەبی ئیفلیجبوون و قەتیسبوونی بزووتنەوەکە.

٣) ڕاستە لە کاتی وازهێنانم لە کۆمیتەی باڵای ریفراندەم بۆ سەربەخۆیی کوردستان - سوید لە کۆتایی مانگی مای، ململانی لەسەر ماهیەت و شێوەی کاری کۆمیتەکانی ریفراندەم و بزووتنەوەی ریفراندەم بە گشتی لە چڕبوونەوەدابوو وە هەر ئەو ململانێیەش ئەوەندەی دەهێنا ماوەیەکی کەمێك زیاتر بمێنمەوە و تا دەکری کار بکەم بە ئاراستەی ئەوەی کە باوەڕم پێبوو لە مەر خەسڵەت و ئامانج و ئامرازەکانی کارکردنی بزووتنەوەی ریفراندەم. بەهەر حاڵ خەراپی باری تەندرووستیم وایکرد کە بەبی چاوەڕوانکردنی زێتر هەر ئەو کاتە (واتە لە کۆتایی مانگی مای ڕابردوو) بە شێوەیەکی فەرمی دەست لە بزووتنەوەکە بکێشمەوە.

## پەراوێز

١) بڕوانە ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای بزووتنەوەی ڕاپرسی (ریفراندەم) لە کوردستان، ڕۆژنامەی *خەبات*، ٢٠٠٤/٣/٢١، ل٣.

٢) بۆ دەقی وتارەکە بڕوانە ڕۆژنامەی *ڕێوان*،١ی مارت ٢٠٠٤،ل١.

٣) هەمان سەرچاوە.

٣) بۆ زیاتر زانیاری بۆ نمونە بڕوانە بابەتی ڕەوتی ریفراندەم لە کوێوەبۆ کوێ کە لە چەند سایتێکی کوردی بڵاوبۆتەوە بۆ نمونە.(http://www.kurdishmedia.com) بەشی kurdish.

٥) بڕوانە، بۆ نمونە، *کوردستانی نوێ*، ٢٠٠٤/٦/٩، ل١.

# تەوەری دووەم

# به بڕوای من فیدراڵی ناتوانێت چارەی کـێشەی نەتەوەیی بکات، دەتوانێت لە باشترین حاڵەتدا نیوە چارە بێت

**چاوپێکەوتنی کوردستانی نوێ ١٦ و ١٧ و ١٨ی فێبریوەری ٢٠٠٤**
**سازدانی توانا ئەحمەد و جەمال حوسێن**

**ك. نـوێ:** سـەرەتا وەکـو دەروازەیـەك بـۆ چـوونە نـاو ئـەو گفتوگۆیـە، پێویسـتە لـەو گۆڕانکاریە گەورەیە کە لـە عێراقدا روویـدا لـە ڕووخـانی رژێمـی بـەعس، لـە هـاتنی هێـزی هاوپەیمانـەکان بـۆ عـێراق دەسـت پێبکـەین، پرسـیارەکە لێـرەدا ئەوەیـە ئـەو گۆڕانکاریانە چۆن دەبینیت و شوێنگە و رۆڵی کورد بەڕای تۆ تێیدا چۆنە..؟

**ب. یاسـین:** بـە بـڕوای مـن بـۆ باشـتر تێگەیشـتنی ئـەو گۆڕانکاریانـە، پێویسـتە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای نەوەدەکان، کاتی چوونە ناوەوەی عێراق بۆ کوێت و ئـەوەی مـن پێـی دەڵێم تێکشکاندنی سـەرێکی سێگۆشـەی غـەزەب کـە عێراقـە. کـورد تـوانی هەناسـەیەك بـدات، پەنجەرەیـەکی بـۆ کرایـەوە، وەکـو دەرفـەت، دوایـیش قۆنـاغی گـەمارۆدانی عـێراق و سیاسـەتی تـەنگ پێهەڵچـنین (containment) لـە لایـەن ئەمریکاوە بەرامبـەر بـە عـێراق و ئـەو دەرفەتـەی کـە درا بـە کـورد بـۆ ئـەوەی هـەر نـەبێت بەشـێك لـە کوردسـتان ئیـدارە بکـات، هاتـە کایـەوە. دەتـوانین بڵـێین ١١ی سێپتەمبەر وەرچەرخانێك بوو، ئەو دەرفەتـەی رەخساند کـە عـێراق جارێکی دیکە ببێتـە چـەقی بایەخپێـدان لـە لایـەن ئـەمریکاوە، بـەو مانایـەی کـە چـەکی کۆکـوژی عێراق بەسـترایەوە بـەو ئەگـەرەی کەتیرۆریستان لـە قۆنـاغی داهـاتوودا بـەکاربهێنن، ئەگەر ئەو چەکە کۆکوژانە لە دەستی هەندێك رژێمی توندڕەو و رادیکـاڵ بـن، دیـارە بەدەسـتهێنانیان ئاسـانترە. لـەو خاڵـەوە ئـەمریکا عێراقـی کـردە چـەقی گرنگیپێـدان،

ئەوەش بووە هۆی سەرخستنی هەوڵەکان بۆ روخاندنی رژێمی عێراق، ئەو سەنگەی کە کورد هەر زووتر پەیدای کردبوو بەمە زێدەتربوو، بەڵام ئەو سەنگە رووبەڕوی هاوکێشەیەکی سیاسیی ئاڵۆز بۆتەوە.

بە بڕوای من ئەو وەزعەی دەوڵەتی عێراق، لە دامەزراندنیەوە زیاتر لە چوار کێشەی گرنگی هەبووە، یەکێکیان مەسەلەی شیعە، ئەوەی دووەم مەسەلەی کورد، ئەوەی سێیەم مەسەلەی سنوورەکان، ئەوەی چوارەمیان ئەوەیە کە کۆمەڵگای عیراقی و کۆمەڵگای دەوڵەتی عوسمانی بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگایەکی تەقلیدی بوو بە شەو و رۆژێك بوون بە خاوەنی چوارچێوەیەکی مۆدێرن کە دەوڵەتی مۆدێرنە جێبەجی نابێت، ئەو چوار کێشەیە، چوار کێشەن لێرەن، ئەمڕۆ هەن، کورد، سوننەی عەرەب، شیعە، کۆمەڵگای تەقلیدی، کردنی بەخاوەنی چوارچێوەیەکی مۆدێرن، کە لە وێدا مرۆڤ هاووڵاتی ئەو نیشتمانە بێت لەبەر ئەوەی کەوا سەر بە خێڵی فلان، خێزانی فلان، ناوچەی فلانە کارێکی قورسە. لەبەر ئەوە ئەو کێشانەی کە بەرەوڕووی عیراق بوونەتەوە، یا بەرەوڕووی ئەو ئەکتەرانە بوونەوە کە عیراقیان دامەزراند، ئەمڕۆ ئەو کێشانە نەك هەر بزرنەبوونە، بەڵکو بەچڕی لێرەن/ئامادەن.

**ك. نوێ:** تۆ باست لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق کرد، ئەوەی من بزانم تۆ لە یەك دوو شوێن ئاماژەت پێداوە کە سەردەمی ئێستای عێراق و ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئێستا هەن تاڕاددەیەکی زۆر لێکچوونێك هەیە لە ئێستا و سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق.. دەکرێت لەسەر ئەوە قسەمان بۆ بکەیت..؟

**ب. یاسین:** بە بڕوای من لەیەکچوونەکان زۆرن. هەڵبەتە ئەو (٨٢) ساڵەی کە تێپەڕیوە دوای دامەزراندنی عێراق هەندێك خاڵی جیاوازیش دروستدەکات. بەڵام لەیەکچوونەکان لەوێدایە کە بەریتانیەکان کاتی خۆی موسڵی ئەو وەختەیان - باشووری کوردستانیان - خستە سەر عێراق، لەڕاستیدا هەر لەبەر ئەوە نەبوو کە کوردستان خاوەنی نەوتێکی زۆر بوو، بەڵکو لەبەر شتێکی تر بوو کە کەمتر باسی لێوەکراوە، ئەویش ئەوەیە خستنەسەری کورد لایەنی ئیتنیکی و مەزهەبی لە عیراقدا واتە دروستکردنی جۆرێك لە باڵانس، واتا هاوسەنگی لە نێوان شیعە کە زۆرینە بوون، لەگەڵ باقیەکەی تر کە سوننەی عەرەب و سوننەی کورد بوو. ئەو ترسە بە بڕوای من ئەوڕۆ ئامادەیە، واتا ئەگەر جارێکیتر ئەمریکا ئەو پرۆژەیەی

بەریتانیا لە مێژووەوە بهێنێت و لەسەر سیاسەتی ئەمڕۆ پیادەی بکات، دەکرێت کورد وەکو زەروورەتێك تەماشابکرێت، کە ئەوە لە هەندێك لایەنی کوردیەوە بیستوومە و بەخۆشبینیەوە تەماشای دەکرێت، وەك ئەوەی کورد ڕۆڵی دروستکردنی باڵانسی هەبێت.. پێمواپە کورد دەبێت بە نیگەرانیەوە بڕوانێتە ئەو مەسەلەیە، چونکە ئەو وەختە کورد حەز بکات یان نا بە زۆرەملی و لەبەر ئەو ڕۆڵە گرنگە دەخرێتەوە سەر عیراق.

لێکچوونێکی دیکە کە بە بڕوای من مەسەلەی پەیوەندی بزووتنەوەی سیاسییە لەگەڵ ڕەهەندی زەمەن. لە سەرەتای بیستەکان کورد کاتێکی زۆر زیاتری بەدەستەوە بوو کە بتوانێت لە ناو عیراقی داهاتوودا جێگای خۆی بکاتەوە.. لە ساڵی ١٩١٨ کە دەوڵەتی عوسمانی ڕووخا، هەتا ساڵی ١٩٢٥ کە عیراق بوو بە خاوەنی دەستور، واتا (٧) ساڵمان بە دەستەوە بوو بۆ مانۆڕی سیاسی، هەندێك هەوڵ و کۆشش کرا لەوێ، بەڵام تێری ئەوەی نەدەکرد کەوا کورد ببێت بە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسیی، جا چ سەربەخۆ یان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا. ئەمڕۆ بە بڕوای من حساب لەسەر مانگ و هەفتەیە، واتا بە ماوەی چەند مانگێك ڕەنگە عیراق بکرێت بە خاوەنی دەستور و لەو دەستورەدا ئەگەر کورد وەك نەتەوەیەك، جێ پێی خۆی بە شێوەی بەرچاو نەکردەوە و وەك نەتەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکرا و بواری ئەوەی پی نەدرا کە هەر وەختێك بیەوێت بڕیار لەسەر مافی چارەی خۆنووسینی خۆی بدات، دەتوانم بڵێم ڕەنگە ئەوە وەك شکستێکی سیاسی بۆ کورد بشکێتەوە..

**ك. نوێ:** هەیە پێی وایە لێکچوونێکی ئەوتۆ لە نێوان ئێستای عیراق و عیراقی سەدەی ڕابردوو نییە، بەو واتایەی هاوپەیمانان و ئەمریکا بەرنامەیەکی ستراتیژیان بۆ عیراق هەیە و لەبەرنامەیدا نیە جگە لەوەی کە عیراق یەکخەنەوە، تۆ پێتوانییە هەوڵدانی کورد بۆ تەجاوزکردنی پڕۆژەی ئەمریکی بۆخۆی هەوڵدانێکی مەترسیدارە..؟

**ب. یاسین:** بە بڕوای من لەو جێگایەی کە پڕۆژەی ئەمریکی دەستپێدەکات، لە وێندەری هەموو شت تەواو نابێت. کورد پێویستە خۆی هەندێك پڕۆژە گەڵاڵە بکات کە پڕۆژەی کوردی - ئەمریکاییە. پڕۆژە کوردییەکان پێویست ناکات هەموو جارێك سەد لەسەد لە فلتەری عیراقیدا یان وەك پێشوو لە فلتەری ئۆپۆزسیۆنی عیراقدا

تێبپەڕن. بە بڕوای من بە حسابی ئەوەی کە کورد تاکە باوەشێکە لە جیهانی ئیسلامیدا کە سەد لەسەد کراوەیە بەڕووی ئەمریکادا. ئەو بوونی باوەشە، تەنها لە ئاستی هێڵێکی سیاسی سەرکردایەتی سیاسی و بزووتنەوەی سیاسیمان نیە، بەڵکو لە شەقامی کوردی بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی کوردستان زۆر بە هاوسۆزی تەماشای ئەمریکا و بوونی ئەمریکا دەکەن. ئەوە خۆی لە خۆیدا سەرچاوەیەکە یاخود ماددەیەکی خاوە دەکرێت پرۆژەیەکی کوردیی-ئەمریکی لەسەر بینابکرێت. بە بڕوای من ئەو مەترسییە کە هەیە وەکو پێشتر وتم؛ کە ئەمریکا پرۆژە مێژووییەکەی بەریتانیای بیستەکان پێکەوەلکاندنی کورد بۆ هاوسەنگی جارێکی تر دووبارە بکاتەوە. پرسیار لەسەر ئەوەیە، ئایا ئێمە ئاگاداری ئەو مەترسییەین، ئەگەر ئاگاداری ئەو مەترسییەین چ کارێکمان کردووە کە ئەو مەترسییە (یا سیناریۆ)یە دووبارە نەبێتەوە..

**ك. نویّ**: ڕەنگە ئەو وەڵامەی تۆ بمانباتە سەر پرسیارێك ئەویش ئەوەیە ئێستا تۆ چۆن سەیری ستراتیژی کورد دەکەیت، ئەو ستراتیژیەی کورد پێی ڕووبەڕووی ئەو ڕەوشە سیاسیەی ئێستا دەبێتەوە، بەتایبەت لە بەغدا..؟

**ب. یاسین**: بە بڕوای من ئەو ڕەوشە ستراتیژیەی کە ئێستا هەیە ئەو هەوڵانەی کە هەن، لە بەغدا بۆ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق، هێشتا هەموو دەرگاو پەنجەرەیەکی بەرامبەر بە کورد دانەخستووە. بەڵام بە بڕوای من کورد تەسەورێکی پێدراوە، بە تایبەتی لە کۆنفرانسی لە ندەن لە دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٢، بەوەی کە کورد دەتوانێت سەری ڕم بێت بۆ پیادەکردنی پرۆژەی دیموکراتی لە عیراقدا. بە بڕوای من قەناعەت هێنان بەوەی کە کورد دەتوانێت سەری ڕم بێت بۆ پیادەکردنی پرۆژەی دیموکراتی لەعیراق، خۆی لە خۆیدا چەوتییەکی سیاسییە لە لایەنی کوردییەوە. کورد ناتوانێت پرۆژەی دیموکراتی لە عیراق پیادە بکات و ناشتوانێت ببێتە ئەکتەری دامەزراندنەوەی عیراق. بە بڕوای من ئەو ڕۆڵ بەخۆ بەخشینەش خۆی لە خۆیدا جۆرێك لە موفارەقەیەکی سیاسی زۆر گەورەی تێدایە بەو مانایەی کە من بەراوردم کردووە بەوەی کە کاتی دەوڵەتی ئەڵمانیای نازی تێکشکا لە ئەنجامی جەنگی دووەمی جیهانی، وەك ئەوەی جووەکانی ئەو کاتە بێن جارێکی دیکە داوای ئەوە بکەن دەوڵەتی ئەڵمانیای نازی زیندوو بێتەوە و دابمەزرێتەوە و

ئەوجا بچن لە گەڵ دەوڵەتی ئەڵمانیای نازی بکەونە قسەکردن. رەنگە یەکێك بڵێت؛ ئاخر بەراوردکردن لە نێوان عیراقی پاش سەدام لەگەڵ ئەڵمانیای نازی شتێکی بی ئینسافییە، من دەڵێم؛ نەخێر. کێشەی کورد لە گەڵ حوکمی بەعس نەبووە بە تەنها، کێشەی کورد لە گەڵ دەوڵەتی عیراقدا بووە. هەر لەو رۆژەی کە پرۆژەی پیرسی کۆکس سەریگرت، هەر لەو رۆژەی پرۆژەی عەبدولرەحمان نەقیب لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق بەو شێوەیە سەریگرت، ئەو وەختە تۆ کەوتوویتە ململانێیەك لەگەڵ دەوڵەتێکدا کە ئینکاری مافەکانی تۆی کردووە. جا ئەو دەوڵەتە لەسەردەمی مەلەکی بێت، کۆماری بێت، دوای ئەوە بێت، لەسەردەمی بەعس بێت...هتد راستە لەسەردەمی بەعسدا هەندێك شت کراوە کە لە پێشتردا نەکراوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی من دەخوازم جخت لەسەر ئەوە بکەم کە پێکهاتەی دەوڵەتی عیراق خۆی لە خۆیدا هەڵەیەکە، بەو مانایەی ناعەدالەتیەکی مێژوویییە بەرامبەر بە کورد، ئەو ناعەدالەتیە نابێت جارێکی تر زیندووببێتەوە یاخود بەردەوامی وەربگرێت.

**ك. نوێ:** ئایا ئەگەری پێکەوەژیان لەناو دەوڵەتی عیراقدا هەیە کورد لەگەڵ عەرەب..؟

**ب. یاسین:** من پێموایە ئاسان نابێت. یەکێك لەو خاڵانەی کە زۆر گرنگە ئێمە جختی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە زۆرینە و کەمینە مەسەلەیەکە یەکجار یەکجار گرنگە. باسکردن لە دیموکراتی باسێکی جوان و خۆشە، دیموکراتی وەك وشەیەکی هەنگویناوی شیرین و جوان لە مێشکی ئێمەدا جێگای بۆتەوە، بەتایبەتی کە میللەتێك مەحرومکراوە لێی. خەباتی ئێمەی کورد لە پەنجا ساڵی رابردوودا، کەم یان زۆر، بۆ دیموکراتی بووە. بەڵام من لەو چرکەساتەدا وا هەست دەکەم کە پیادەکردنی دیموکراتی لە عیراق دەتوانێت حاڵەتێکی شەرعی بدات بە نەتەوەی سەردەست بە پەیوەندی لە گەڵ نەتەوەی بندەست. بەو مانایەی کە زۆرینەی عەرەبی کە (٧٥٪)یە بەرامبەر بەکورد (٢٣٪- ٢٥٪)یە، من بە شێوەیەکی رێژەیی دایدەنێم، لەبەر ئەوەی جێگای ئاسووری و کلدان و تورکمان دەبێت لەوێ ببێتەوە. ئەو نابەرامبەرییە لە حاڵەتێکی دیموکراتیدا بە تایبەتی لە بڕیارە ستراتیژیەکاندا کورد ناچاردەکات بچێتە ناو هەندێك شەڕەوە، کە هی خۆی نییە. هەندێك ململانی

لەنێوان عیراق و وڵاتان کە هی خۆی نییە، هەندێك مامەڵەی ستراتیژی کە هی خۆی نییـە، لـە کاتێکـدا ئەگـەر خـۆی قبـووڵی ئـەوەی کـردووە بـە میکـانیزمی دیمـوکراتی دەوڵەتی عیراق بەڕێوە بچێت، ئـەو وەختـە دەبێـت سـەر دابنـەوێنرێت بـۆ زۆرینـەی عەرەبی. راستە لـە وێـدا تـەواوکردنی سیسـتمی دیمـوکراتی بـە سیسـتمێکی فیـدراڵی دەبێت، بەڵام ئایا ئەو سیستمەی فیدراڵییە، چۆن دەبێت..؟ لە ڕاستیدا ئـەوە جێگـای گفتوگۆیە. من گومانم هەیە لەوەی کەوا کورد بتوانێت بچێتەوە دەوڵـەتی عیراقـەوە وەك نەتەوەیـەك کـە خـاوەن ئـیرادەی خۆیـەتی. بـە بـڕوای مـن فیـدراڵی ناتوانێـت چارەی کێشەی نەتەوەیی بکات، دەتوانێت لە باشترین حاڵەتدا نیوە چارە بێت، ئێمـە بەڵگـەشمان ئەوەیـە لـە ئـەزموونی وڵاتـانی سۆسیالیسـت لـە سـۆڤییەت بگـرە تـا یوگۆسلاڤیا و هەروەها لەئەزموونی وڵاتانی ڕۆژئاواییش ئەو چارەسـەرە فیدراڵییانـە ئـەوەمان پێشـان دەدەن، کـە لـە باشـترین حاڵەتـدا نیمچـە چارەیە، چـارەیەکی تـەواو نییە. چـارەیەکی تـەواو ئەوەیـە کـە ئـەو نەتەوەیـە خـاوەنی سـەروەریی خـۆی بێـت، بڕیاری سیاسی و ئیرادەی نەتەوەیی خۆی بە دەستی خۆی بێت و لـە جێگایـەکی تـر ئەو ئیرادەیە سنووردار نەکرێت بە هەندێك مەرجی دیکە، کـە نەتـەوەی سەردەسـتی زۆرینە بۆی دادەنێت، لە چوارچێوەی دیموکراتیشدا دەبێـت تـۆ بـەو سـنوورانە رازی بیت..

**ك. نوێ:** دێمەوە سەر ئەو لێکچوونانەی ئـەڵمانیای نـازی و دەوڵـەتی عیراقـی، راسـتە ئەگـەر لێکچـوونێك هـەبێت لـە نێـوان ئـەڵمانیای نـازی و عیراقـی بەعسـیدا، ئـەوا لێکچوونێك لەنێوان جوولەکە و کـورددا نییـە، چـونکە جوولەکـەکان لـە بـەر ئـەوەی چارەیان هەبوو بە کۆچکردن بۆ ئەو دەوڵەتەی کە تازە دروستیان کردبوو، بـەڵام لـە بەر ئەوەی کە کورد چارەیەکی نییـە، بـە پێـی تێـڕوانینی سیاسـی، واتـا بڵـێین کـورد چارەیەکی نییە و ناکرێت کۆچ بکات بۆ شوێنێکی تر. تاکە دەروازە بۆ ئەوەی ڕەنگـە لەو دەروازەیـەوە بـۆ رزگـاربوون لـەو مێـژووە تراژیدیایـە بریتیـە لـەوەی کـە عـیراق بەدیموکراسی بکرێت، چونکە بۆچـوونی جیابوونـەوە لـە عـیراق ئێسـتا پرۆسـەیەکی مەحاڵە..؟

**ب. یاسین:** هەڵبەتە من باس لەوە ناکەم ئایا جووەکان باشـتربوو هـەوڵی ئـەوە بـدەن یـان نـا. بـەڵام بەراوردەکـەی مـن ئەوەیـە کـە ئـەمڕۆش لـەدونیادا پێـنج جـوو

کۆناکرێتەوە تەسەوری ئەوە بکات ئەو شتە رووی بدایە. ئەوەی کە من مەبەستمە زیاتر هەڵوەستەیەکی ئەخلاقییە، سەبارەت بە کورد. بە بڕوای من ئەوە گرنگە بزانین کە کێشەی ئێمە لە گەڵ رژێمی بەعس و سەردەمی بەعس نەبووە، بەڵکو لەگەڵ هەموو دەوڵەتی عیراقدا بووە. مەسەلەی دیموکراتی نەك هەر چارەی کێشەکان ناکات، بەڵکو شەرعییەتی داگیرکردن و سەردەستی و بندەستی و براگەورە و برا بچووك دەچەسپێنێت؛ بە جۆرێك کە ئەو وەختە تۆ بەڕاستی ناتوانیت خۆتی لی رزگاربکەیت، چونکە ئەگەر عیراق ناونیشانێکی دیموکراتی وەرگرت، سیستمەکە بووە سیستمێکی دیموکراتی. ئەو وەختە جیهانی دەرەوە تێناگات بۆ کورد رازی نییە بەوە. لە حاڵەتێکیشدا هەر ئەو سیستەمە دیموکراتیە لە بەر ئەوەی عیراق بەشێکە لە سیستمی عەرەبی کە بیست و دوو دەوڵەتی عەرەبیی تێدایە، بەبی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبیش دەبێت عیراق و هەر وڵاتێکی تر ناو و ناونیشانی عەرەبی هەبێت، مولتەزیمە بەرگری بکات، لە هەر وڵاتێکی تری عەرەبی و بە تایبەتییش پەیمانی هاوبەشی عەرەبی کە لەساڵی ١٩٥٢ مۆرکراوە بە پێی ئەو پەیمانە هەر دەوڵەتێکی عەرەبی مولتەزیمە بەوەی بەرگری لە وڵاتە عەرەبیەکانی تر بکات. بەو مانایەی ئەگەر سبەینی عیراق بووە بەشێك لە، بۆ نموونە، شەڕێکی عەرەبی- ئیسرائیلی لەوێدا کە چەکی ئەتۆمی بەکارهات، ئەو کاتە کوردستان بەشێکە لە عیراق و کوردستانیش لەو شەڕە گلاوە کە بەهیچ شێوەیەك هی خۆی نییە. شەڕێکی تر لەنێوان عیراق و ئێراندا ببێتەوە لەسەر (کەنداوی عەرەب) بە هیچ شێوەیەك ئەو شەڕە شەڕی کورد و عەرەب نییە، بەڵام لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا لە پەرلەمانی (اتحادی) یەکگرتووی فیدراڵی مەرکەزیدا ئەگەر زۆرینە دەنگی بۆ ئەوە بوو کە بەڵی دەبێت ئەو شەڕە بکرێت، ئەو وەختە کورد دەبێت ئەو شەڕە بکات کە شەڕی خۆی نییە.

**ك. نوێ:** بەڵام دیموکراتی تەنها دەسەڵاتی زۆرینە نییە، بەڵکو رێزگرتنیشە لە کەمینە، لە حاڵەتێکیان کە کورد کەمینەیە لە عیراق کە لە چوارچێوەی فیدراڵییەت خۆی دەدۆزێتەوە، ئایا فیدراڵی کۆمەڵێك ماف نادات بەکورد وەکو نەتەوەیەك لەو دەوڵەتەدا کە لەکۆمەڵێك بڕیاردا سەربەخۆ بێت، یان هەموو بڕیارەکان ملکەچی مەرکەز نەبێت..؟

**ب. یاسین:** بەدڵنیاییەوە کەباس لە فیدراڵی دەکەین، کۆمەڵێك نموونەمان دێتە بەرچاو کە لەوێدا جیاوازی هەیە لە نێوان حاڵەتێك بۆ حاڵەتێکی دیکە، ئەمڕۆ لە حاڵەتی عیراقدا بەڕاستی ڕەتکردنەوەیەکی بەهێز هەیە لە لایەن عیراقی عەرەبی، جا چ شیعی، چ سونی، چ ئیسلامی، چ غەیری ئیسلامی بۆ فیدراڵیەتێك کە لەسەر بنەمای جوگرافی - نەتەوەیی بێت، یان ئەوەتا لە باشترین حاڵەتدا عیراق بکرێتەوە سێ بەش، هەر وەکو کە دەوڵەتی عوسمانی کردی بەسەرەوە و ناوەڕاست و خوارەوە، کە لەوێشدا جارێکی دیکە شوناسی کوردی بزردەبێت لە ناو شیمالێك کە لە وێدا وشەی کوردستان بەکارنایەت. بەهەر حاڵ من نامەوێت بچمە ناو ئەو گفتوگۆیانەوە، بەڵام دەمەوێت لەوێ ڕاوەستم کە؛ ئایا ئەو فیدراڵیەی کە عەرەب قبووڵی دەکات ئەو مافانە بەتۆ دەدات کەبڵێیت؛ نەخێر من شەڕ لەسەر (شەتی عەرەب) ناکەم.. کە بڵێیت؛ نەخێر من شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل ناکەم، کە بڵێیت؛ نەخێر من شەڕ لەگەڵ ئیسپانیا ناکەم بۆ بەرگریکردن لە مەغریب. ئەو وەختە ئێمە باس لەوە دەکەین کە هەندێك گرەنتی هەبێت لەو پەیوەندیە فیدراڵییە، کەسی شێوەیە، بەبڕوای من و جگە لەو سێ زەمانەتە فیدراڵی کە ڕۆحی تێدا نەبێت: زەمانەتی یەکەم بە پێی یاسایەکی نێونەتەوەیی و هێزێکی گەورەی وەك ئەمریکا زەمانەتی ئەوە بدات:

یەکەم؛ کە کورد نابێت ناچار بکرێت بە بڕیارێك کە خۆی حەزی لێنەکات، یان دژی بەرژەوندیەکانی بێت.. دووەمیان؛ کورد خاوەنی هێزێکی چەکداری خۆی بێت لە کاتێکدا ئەگەر ناوەند ویستی شتێکی بەسەردا بسەپێنێت، ئەوە دەتوانێت سەنگەری بەرگری لە خۆکردنی هەبێت.. ئەوەی سێهەمیان؛ کە بەبڕوای من زۆر گرنگە حەقی ڤیتۆیە، لە ناو پێکهاتەیەکی فیدراڵیدا دەبێت حەقی ڤیتۆ بدرێت بەو پێکهاتانەی کە بچووکن بەرامبەر هێزە گەورەکان.. ئێستا ئەگەر لە یەکێتی ئەوروپا و لەوەی کە هێشتا شێوەیەکی فیدراڵی وەرنەگرتووە، بەڵام زۆر نزیکە لە شکڵی فیدراڵییەوە، لەوانەیە لە قۆناغی داهاتوودا یەکێتی ئەوروپا ببێت بە فیدراڵی. بەلجیکا و لۆکسۆمبۆرگ مافی بەرامبەر بە ئەڵمانیا هەیە لە هەندێك حاڵەتدا ئەگەر بێتە سەر مەسەلە گرنگەکان.. دەتوانێت خۆی بکێشێتەوە، دەتوانێت ڤیتۆ بەکاربهێنێت، هەتا هاتنی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا.. هەندێك لە وڵاتەکان ئێستا باس لەوە دەکەن کە ڤیتۆ بەکاردەهێنن.. یەکێك لەوانە بۆ نموونە نەمسایە، واتا زامنکردنی ڤیتۆ زائیدەن ئەو دوو شتەی تر، ئەگەر ئەوسێ زەمانەتە نەبێت بە بڕوای من فیدراڵی لە

حوكمی زاتی زۆر زیاتر نییە/نابێ. بە پێی لێکۆڵینەوەی زانستیانەش هەندێك ئۆتۆنۆمی هەیە دەتوانم نموونەش بدەم زۆر لە فیدراڵی بەهێزترن، وەك (ئۆلاند)، کە دورگەیەکی نێوان سوید و فینلەندایە. ئەوەی (گرینلاند) دورگەیەکە سەر بە دانیمارکە، ئۆتۆنۆمیەکەی زۆر لەو فیدراڵییە بە هێزترە کە ئێستا لە لایەنی کوردیەوە پێشکەش بە بەغدا کراوە. چونکە مافی ئەوە بە گرینلاندی ئۆتۆنۆم دراوە، کە خۆی بکێشێتەوە لە یەکێتییەکدا کە دانیمارك تێیدایە، کەلەڕاستیدا لەساڵی ١٩٨٢ ئەوەش رویدا. گرینلاند بڕیاریدا لە ئەنجامی ریفراندۆمێکدا کە لە گرینلاند کرا، خۆیان بکێشنەوە لە یەکێتی ئەوروپا..

**ك. نویّ:** بەپێی بۆچوونی تۆ؛ پێدەچێت کێشەی کورد لە عیراقدا بە تەنها کێشە نەبێت لە گەڵ هێزێکی سیاسی، بەڵکو کێشەیەکە لەگەڵ کەلتورێکدا کە کەلتوری دەوڵەتی عیراقە، واتا ئەو کەلتورەی کە دەوڵەتی عیراقی لەسەر دروستبوو، بەپێی ئەو کەلتورە کورد ڕوبەڕووی ئەنفال و کیمیاباران و گەورەترین پرۆسەی لەناوبردن بووەوە..؟

**ب. یاسین:** بەڕای من ئەو کەلتورەی کە باسی لێدەکرێت قووڵاییەکی ئیقلیمیشی هەیە. لە ڕاستیدا ئەمڕۆ ئێمە قووڵاییەکی عەرەبی دەبینین، کە زۆر دەنگ هەن لە دەرەوەی عیراق لە وڵاتانی عەرەبی لە مەسەلەی رەتکردنەوەی فیدراڵی جوگرافی و نەتەوەیی بۆ کورد. زۆر لە مەلیك مەلیکترن، بەو مانایەی رەفزەکەی ئەوان بڕاوەترە لە عەرەبێکی عیراقی، واتە عیراق ناتوانێت دابڕێت لە قووڵاییەکی کەلتوری، لە قووڵاییەکی ئایدیۆلۆژی کە ناسیۆنالیزمی عەرەبییە. تۆ تەنها بەرەوڕووی توخمی عەرەبی لە عیراق نابیتەوە. بەڵکو تۆ بەرەنگاری سیستەمێك دەکەیت کە لە وێدا عیراقی عەرەبی بەشێکە و دەخوازێت تۆش وەك کورد بکات بەبەشێك لەو سیستەمە..

**ك. نویّ:** وەك باسمانکرد؛ بوونی کورد لەناو عیراقدا بوونێکی ناچارییە و چارەسەری فیدراڵیش نیو چارەیە، پێت وایە ئێستا چ ئەگەرێك لە بەردەم کورددا هەیە بۆ ئەوەی ستراتیژێکی بەدیل پێشکەش بکات..؟

**ب. یاسین:** بە قەناعەتی من ئێمە هەندێك کاتمان لە دەستداوە، وەختێکی کەم ماوە،

لەو وەختە کەمەی کەماوە، ئێمە دەتوانین ئیرادەی نەتەوەی کورد ئەکتیف (کارا) بکەین و ئەوە پێشانی ئەمریکا و دونیا بدەین کە بەڵی کورد دەخوازێت سەروەریی خۆی هەبێت و وڵاتی خۆی هەبێت. پێویستە ئەو ئیرادەیە لە ڕێگای دەوڵەتێکی سەربەخۆ تەعبیر لە خۆی بکات. بە قەناعەتی من گەڕانەوە بۆ ئیرادەی خەڵك و ئەکتیڤکردنی ئیرادەی جەماوەری کوردستان یەکێکە لە شێوە هەرە باشەکان، گەڕانەوە بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان لەڕێگای جووڵانەوەیەکەوە وەك جووڵانەوەی ریفراندۆم، کە لەسەر پێیە، بەڵام پڕ بەپێستی نییە و لاوازە و ئەگەریش هەیە ئەگەر بزووتنەوەیەکی باشی تێنەکەوێت و جووڵەیەکی باشی پێ نەدرێت، ڕەنگە بەرەو دواوەش بڕوا. بەڵام دەکرێت ریفراندۆم خزمەتێکی گەورەی یەکبوونی تەنانەت ئیدارەکانی کوردستان و بڕیاری سیاسی و کۆکردنەوەی جەماوەری کوردستان لە پشت سەرکردایەتی سیاسی بکات و ئەمریکا و دونیاش بزانێت کە ئەو پێنج کەسەی لە ئەنجومەنی حوکمن، تەنها نوێنەرایەتی چەند هەزار کەسێك ناکەن، بەڵکو لەڕێگای ئەکتیڤکردنی ئەو بزووتنەوەیەوە باسکردن لە ئیرادەی ئەو چەند ملیۆن کەسەوە باسە لە چارەنووس و داهاتووی یەك نەتەوە.

**ك. نویّ:** باسی ئەوەمان کرد کە کێشەی کورد لە ناو هاوکێشە و کێشەی گەورەتر، هەندێك جار فەرامۆشکراوە، تۆ باست لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان کرد، کە چالاك بکرێت، بەڵام هەستدەکەیت کە کورد وەك ئەزموونێکی سیاسی لەناو هەناوی خۆیدا رووبەڕووی پارچە پارچەبوون و کەرتبوون بۆتەوە، لەوەوە چالاککردن و بە گەڕخستنی ئیرادەشی تووشی قەیران بۆتەوە..؟

**ب. یاسین:** دابەشبوونی ئەو دوو حکومەتیە لە حاڵەتێکی سیاسی لە کوردستاندا کە لە ڕاستیدا لە خەباتی نەتەوەییدا زۆر شازە و من ترس لەوە دەکەم کە حاڵەتی بوونی دوو حکومەت لە کوردستان دەتوانێت تەبریرێك بدات بە لایەنی عەرەبی لە عیراق کە بەڵی فیدراڵی پارێزگاکان باشترین ڕێگایە، چونکە دوو حکومەت هەیە لەوێ، با دوو پارێزگای کوردستان بدەین بە (ی.ن.ك) و دوو پارێزگاش بدەین بە (پ.د.ك) و ئەوانی دیکەش بە شێوەی پارێزگا ئیدارە بکرێن. ئەوە مەترسییەکی زۆر گەورەیە، واتا هەم لە بواری سیاسەتی واقیعی، هەم لە ئیقناعکردنی لایەنەکانی تر وەکو لایەنی ئەمریکی، ڕەنگە ئەو کاتە بڵێ ئەو میعمارە سیاسیەی کە هەیە دەستی

لێمەدەن باشترە، مادام کورد یەك ناگرێت، ئەو کاتە ئەو حاڵەتەی کە هەیە دەتوانین بیکەین بە بنەما بۆ فیدراڵیەتی پارێزگاکان..

**ك. نوێ:** ئێستا زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە یەکێتی و پارتی ئیدارە یەکبخەن، ئەوە پرسیارێك دروست دەکات، بۆچی تا ئێستا ئەو ئیدارەیە یەك نەخراوە، ئایا هەست ناکەیت کە ژێرخانێك نیە وابکات کە ئەو یەکخستنەوەیە بکاتە پێویستیەکی مێژوویی. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریش یەکخستنەوەی ئیدارە وەك تەکتیکێك رەنگە ئەو دەرئەنجامە سیاسیە گەورەیەی لێ نەکەوێتەوە کە کورد پێویستی پێیەتی، واتا رەنگە نەتوانێت گووتاری سیاسی کورد وا رێکبخات کە راستگۆییەکی تێدابێت بۆ ئەوەی هەموو هێز و گرووپەکان بتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن و دواجاریش گوزارشت لە هێزی کوردی بکەن بەرامبەر بە دەرەوە، رات لەم بارەیەوە چیە..؟

**ب. یاسین:** بە قەناعەتی من دەبێ بە دوو قۆناغ بکرێت، لە قۆناغی یەکەمدا یەکبوونێکی سیاسی دروست ببێ، لەوێدا پارتی و یەکێتی و هەموو هێزەکانی تر بە یەك بڕیار، بە یەك دەنگ مەسەلەکان چارەسەر بکەن، ئەو وەختە یەکگرتنی حکومەت لە ئاستێکی سیمبۆلیدا، بە دانانی میکانیزمێك دەتوانێت وردەکاری یەکبوونی ئەو دوو حکومەتە لە ماوەیەکی باشدا چارەسەر بکات، بەڵام ئەمڕۆ گرنگ ئەوەیە بڕیاری سیاسی یەکبخرێت و رۆڵی جەماوەری کوردستان چالاك بکرێت و بخرێتە پشت ئەو بڕیارە سیاسیە، ئەوە چۆن دەکرێت؟ بە ڕاستی ئەوە کۆمەڵێك هەنگاوی زۆر بە پەلەی دەوێت کەمن گومان دەکەم پارتی و یەکێتی هەتا ئەمڕۆش ئامادەبن بۆ هاویشتنی ئەو هەنگاوانە..

**ك. نوێ:** ئێمە باسی یەکگرتنەوە دەکەین، ئەو یەکگرتنەوەیەی کە دەکرێت جێگای هەموو هێز و گرووپەکانی تێدابێت، هەستدەکەیت ئەوەی پارتی و یەکێتی دەیکەن، تەنیا دانیشتنێکی (دوولایەنە)یە بۆ روبەڕوبوونەوەی ئەو رەوشە سیاسیە، لە لایەکی تر هەستدەکەیت خەم ساردییەك هەیە چ لە لای خەڵك و چ لە لای رۆشنبیران و رووناکبیرانی کوردیش بەوەی کەمتر خۆیان بە خاوەنی ئەم کێشەیە دەزانن بەرنامەیەکیان پی نیە بیخەنە روو بۆ ئەوەی ببێت بە بنەمایەك بۆ ئەوەی یەکێتی

و پارتی ناچاربن یەکبگرنەوە..؟

**ب. یاسین:** من ڕێزم هەیە بۆ ئەو بۆچوونە کە لە پرسیارەکەدا خۆی دەربڕی، بە قەناعەتی من نە جەماوەر، نە خەڵکی ڕۆشنبیر بێدەنگ نەبووە و کاری خۆیان کردووە، بەندەش لە هەندێك لەو هەوڵانەدا تێکەڵبووە. کاتی خۆی لە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاشتی نەتەوەیی لە لەندەن کە وەفدێکیش نێردرا بۆ کوردستان و هەوڵی خۆشی دا و پرۆژەیەکی تێر وتەسەلیشی هەبوو، بە ڕاستی هەتا لەسەر وردەکاری و میکانیزمی یەکبوونەوەی دوو حکومەتەکەش پێشنیاری تۆکمەمان هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەو پێشنیار و بیروبۆچوونانە و ئەو فشارە جەماوەریانە هەتا ئێستا تێری نەکردووە. کە تێریشی نەکردووە لە بەر ئەوە نەبووە کە هەوڵ نەدراوە، بەڵکو لە بەر ئەوە بووە لە لایەن ئەو هێزە سیاسیانەی کە لە ململانێدا بوون، بە تایبەتی یەکێتی و پارتی، بە پێی پێویست ئەو هەوڵانەیان لە جێی خۆی دانەناوە. بە مانایەکی تر بە تەواوەتی گوێیان لێنەگیراوە، لە بەر ئەوە بێئومێدیەك دروستبووە، ئەو بێئومێدیەش مەترسیەکی زۆر گەورەی هەیە و تێکشکاندنی ئەو حاڵەتەش بە هەڵتەکاندنێك دەبێت. لەوانەیە بزووتنەوەی ریفراندۆم ئەگەر ببێت بە بزوتنەوەیەکی جەماوەری بتوانێت لە میانەی پێشکەوتنیدا هەندێك کاریگەری لاوەکی هەبێت، یەکێك لەوانە ئەوەیە یەکخستنەوەی جەماوەری کوردستان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو لە ئیدارەی ناوچەی پارتییە یان لە ناوچەی یەکێتییە. کۆبوونەوە لە دەوری بیرۆکەیەك کە دەتوانێت هەژان و جووڵاندنێك بە کۆمەڵگای کوردەواری بدات، ئەو ڕۆژانەش دەنگی خەڵك زۆر دەبیسترێت لەوەی کەوا بۆ یەکبوون ناکرێت و حکومەتێکی یەکبوو دروست ناکرێت، هەتا لە لایەنەکانیش داوای ئەوە دەکەن. بە ڕاستی من زۆرجار کوردستانی نوی دەخوێنمەوە لە نووسینەکانی بە ڕاشکاوی داوای یەکبوونی ئیدارەکان دەکرێت، بەڵام بۆ گوێی لێناگیرێت، دەبێت بە ڕاستی پرسیارەکە لەوانە بکرێت کە گوێ لەو بیر و بۆچوونانە ناگرن، نەك ئەو بیروبۆچوونانە نین، هەن، بەڵام گوێیان لێناگیرێت..

**ك. نوێ:** بەڵام ڕەنگە گوێ لێنەگرتن بەو مانایە قسەی لێبکەین، کە تەنیا ئەوە نەبێت هێزێکی سیاسی بێت لە خۆیەوە گوێ لەڕۆشنبیر بگرێت یان نەگرێت، لە هێزێکی فشار بگرێت یان نەگرێت. بەڵکو دەبێت ئەو گوێگرتنە یان ئەو فشارەی

دروستی دەکات دەبێت فشارێکی مەوزووعی بێت، واتا بتوانێت خەڵك لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە.. بۆ نمونە داخوازی یەکگرتنەوەی ئیدارە، داخوازی ئەوەی کە پێویستە کورد بە یەکگرتوویی روبەڕووی ئایندە ببێتەوە، داخوازییەکە بڕواناکەم هیچ کوردێك ئەوەی نەوێت، بەڵام بۆ نابێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورە، کە یەکێتی و پارتیش قووت بدات..؟

**ب. یاسین:** من بەڕاستی هیوام خواستووە بۆ ئەو شتە ئەگەر نا باشترین شێوە هاتنە سەرجادەی خەڵکە بە هەزاران و دەههەزار بۆ داواکردنی بە دەستهێنانی ئەو ئامانجە. بۆ نەکراوە بەڕاستی من ناتوانم وەڵامی تەواوی ئەو پرسیارە بدەمەوە، بەڵام دەتوانم لە گەڵتدا کۆکبم لە ناوەرۆکی پرسیارەکەتدا کە ئەوە دواشتە خەڵکی کوردستان بڕژێتە سەرجادە بەدە هەزار و سەد هەزار، تا ئەو داواکاریە جێبەجی نەکرێت جادەکان بەجی نەهێڵن. ئەمڕۆ خۆپێشاندان زۆر لە بارە، ئەوە خەڵك لە بەغدا بۆ سەدام حسێن خۆپێشاندان دەکات، لە کاتێکدا ئێمە لە عیراقی دوای سەدام حسێن دا دەژین، بۆ مومکین نیە خەڵکی کوردستان بۆ ئامانجێکی ئاوەها رەوا، گرنگ، ستراتیژی، کە خەڵك هەمووی کۆکن لەسەری خۆپیشاندان بکات؟

**ك. نوێ:** پێت وانیە ئەمە بەشێکی پەیوەندی بە یادەوەری سیاسی جەماوەری ئێمەشەوە هەیە، بەوەی تێگەیشتنی خەڵك بۆ گۆڕان وایە کە خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێك شتی تازە دەخاتەوە، ئەوە فەرامۆشدەکات کە هەموو گۆڕانێك پێویستی بە کاراکتەری تازە هەیە، ئێستاش خەڵك پێی وایە ئەمریکا بە شێوەیەکی چالاك هاتۆتە ئەم ناوچەیەی ئێمە و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەموو ئەو قەیران و کێشانەی کە هەن چارەسەردەکات، بەڕای تۆ ئەوە بەشێکی گرفتەکە نیە..؟

**ب. یاسین:** پرسیارێکی جوانە و ئەگەری زۆریش هەیە کە لە کۆمەڵگای کوردەواری، هەندێکجار هەتا پشت بە هەندێك شتی غەیبی ببەسترێ، کە شت لە خۆیەوە دەکرێت، یاخود لە جێگایەکی دیکەوە شتەکان چارەسەردەکرێن، بۆ من پێوەی خەریك بم؟ ئەوە ئەگەرێکە، بەڵام ئەوەی دەتوانم بیڵێم تا ئێستا ئەو خۆپێشاندانەی کە کراوە لە کوردستان بۆ گێڕانەوەی ناوچە کوردیەکان بۆسەر کوردستان وەك خانەقین و ئەوانە دیارە بەرهەمی خۆی هەبووە، بەو مانایە خۆپێشاندانی خەڵك دەتوانێت بەرهەمی راستەوخۆی هەبێت. نەك هەر پەیامێکە

بۆ یـەكێتی و پـارتی، بـەڵكو دەتوانێـت پـەیامێكیش بێـت بـۆ ئـەمریكا، كـە لەوێـدا دەتوانێـت دەوری ئـەمریكا زیـاتر ئـەكتیف بكـات بـە ئاراسـتەی یەكگرتنـەوەی دوو ئیدارەكـە، بـەڵام مـن لـە گـەڵ ئـەوەدام بـە دروشـم و نووسـین و نامـە لەوانەیـە لـە داهاتووشـدا تێـرێ نـەكات، كـە پـارتی و یـەكێتی بكـات بەیـەك. ئەگـەر فشـارێكی جەماوەری زۆر زۆر بەهێز دروست نەبێت كە لە دیواری دەسەڵات بدات، ئەو وەختـە رەنگـە بتوانێـت ئـەو هەژاندنـە سیاسـیە دروسـت بكـات، كـە بەرهەمەكـەی یـاخود ئەنجامەكەی یەكگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە بێت.

**ك. نویێ:** لە دەرەوەی ئەو تێڕوانینە (غەیبی)یـەی كـە باسـت كـرد بـۆ گۆڕانكـاری لـە ناوچـەكەدا، پێتوایـە رۆڵـی راسـتەقینەی ئـەمریكا لـە عیراقـدا چـی دەبێـت، واتـا مەبەستم ئەوەیە بڵێم: لەگەڵ هاتنی ئەمریكا چ گۆڕانێك رووبەڕووی ناوچەی ئێمـە دەبێتەوە..؟

**ب. یاسین:** ئەگـەر بگەڕێینـەوە سـەر وتارەكـەی جـۆرج بـۆش لـە ناوەڕاسـتی مـانگی نۆڤەمبەر، وتارەكەی كە بۆ سیاسەتی ئەمریكا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، زۆربـەی زۆری وڵاتـەكان ناویـان هـات، لـەو وتـارەدا شـتێكی یـەكجار گـرنگ وتـرا، كـە ئـەویش ئەوەیە؛ ئەمریكا دوای شەست ساڵ لە سیاسەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیارە لـە دوای جـەنگی جیهـانی دووەمـەوە حسـابی كـردووە. بـۆ ئـارامی كـاری كـردووە و گرنگی بە مەسەلەی دیموكراتی نـەداوە و دیمـوكراتی بـەو مانایـە وەك هەڕەشـەیەك بووە بۆ سەر ئارامی، بەڵام بە قسەی جۆرج بۆش ئێستا ئامادەن كـە سـەرمایەگوزاری لەسەر دیموكراتی بكەین، هەتا ئەگەر لەسەر حسابی ئیستقراریش بێت. ئەگـەر ئـەو مەسەلەیە وابێت دەتوانین بڵێین؛ ستراتیژی ئەمریكا گەڕانەوەیە بـۆ ناوچـەكە نـەك بـە شـێوەی هێـز و دروسـتكردنی بنكـەی سـەربازی و بـە شـێوەیەكی كلاسـیكی بـۆ دامەزرانـدنی ئیسـتقرارێك كـە خـۆی حـەزی لێـدەكات، بـەڵكو پرۆژەیەكـە، كـە جێبەجێبوونی سیستمی دیموكراتی لەگەڵ خۆی دەهێنێت. ئەوە لێرەدا بـەرەو رووی پرسیارێكمان دەكاتەوە، ئەوە وەك ستراتیژێكی جۆرج بۆش بەرامبـەر بـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست كە لـەو وتـارەدا راگەیەنـدرا، تـا چ ئاستێك دەتوانێت پیـادەی بكـات، ئـەوە پرسـیارێكی زۆر گرنگـە. بـە قەناعـەتی مـن وەڵامدانەوەشـی پەیوەنـدی بـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ئیسـلامی تونـدڕەو هەیـە، بـە سیاسـەتی نـاوەوەی ئـەمریكا،

هەڵبژاردنــەکان، کــی دەردەچــێت، کــی دەرناچــێت، ئــەوەی (لــە هەڵبژاردنــەکان) دەردەچـێت ئایـا لەسـەر هـەمان سیاسـەتی جـۆرج بـۆش بـەردەوام دەبێـت، یـان سیاسەتەکە دەگۆڕێت. بەڵام بە قەناعەتی من بە شێوەیەکی گشتی هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچـەی ئێمـە بـەو قەبارەیـە، مەسـەلەیەکی کـاتی نیـە و لـە چوارچـێوەی ئـەو خەونەدایـە کـە لەسـەرەتای نـەوەدەکان لەلایـەن ئەمریکاییـەکان لـە دایکبـووە، کـە ئـەویش دامەزراندنـەوەی سیسـتمی نـوێی جیهانییـە، بـە میعمـارێکی ئـەمریکی، کـە ئـەمریکا خـۆی میعمـاری ئـەو سیستمە بێت. بـە قەناعـەتی مـن ١١ی سـێپتەمبەر و تێکشـکاندنی عـیراق و رووخـانی دیکتـاتۆر دەرگایـەکی تـازە، پەنجەرەیـەکی تـازەی کـردەوە بـۆ ئـەمریکا لـە تاقیکردنـەوەی عـیراق، کـەمن لـەوتارێکی خۆمـدا لـە ١٩٩٣ پێمگۆتـووە تاقیکردنـەوە، کـە لـەو تاقیکردنەوەیـەدا توانـای خـۆی تاقیبکاتـەوە و پرۆژەی خۆی بۆ دیموکراتیکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاقیبکاتـەوە. بـە قەناعـەتی من سەرکەوتنی ئەمریکا لە عیراق لەناو سنوورەکانی عـیراق راناوەسـتێت، نـەك هـەر دەچـێت بـۆ وڵاتـەکانی تـر و سیسـتمەکان دەگۆڕێـت، بـەڵکو کاریگەریـەکانی هـەم ئیقلیمی دەبێت، هەم جیهـانیش دەبێـت. بـەڵام بەرامبـەر بـەوە شکسـتی ئـەمریکا لـە عیراق شکستێك دەبێت لە قەبارەی ئەوەی ڤێتنام کە بۆ چل تـا پـەنجا سـاڵ ئـەمریکا ناتوانێت راستی بکاتـەوە. بـەو مانایـە ئـەمریکا نابێـت - ئەگـەر وەك ئەمریکاییـەك بیربکەیتـەوە - ئـەو شـەڕە بـدۆڕێنێت و لـەو تاقیکردنەوەیـە سـەرنەکەوێت. بـەڵام پرسـیار ئەوەیـە ئایـا ئـەمریکا لەوردەکاریـدا بەرنامەیـەکی تێـرو تەسـەلی هەیـە بـۆ گۆڕینی عیراق بەدیموکراتی، من گومانم هەیە لەوە.. لـە مـانگی دووەوە تـا ئێسـتا لـە پێش کەوتنی دیکتاتۆرەوە تا ئێستا هەشت جار ئـەمریکا سـتراتیژی خـۆی لـە عـیراق گۆڕیـوە، هـەم لـە وردەکـاری، لـە مەسـەلە مەیدانیـەکان و عەسـکەریەکان، هـەم لـە مەسـەلە سیاسـیەکان، بـە شـێوەیەکی گشـتی لایـەنی کوردی کـەم یـا زۆر لـەو ئاسـتە نەبووە کە کاربکاتە سەر رەوتـی سـتراتیژی ئـەمریکا لـە ناوچـەکە. بـەو مانایـەی کـە کورد بکاتـە لایـەنێکی سـتراتیژی بـۆ ئـەمریکا، بۆیـەش ئەگـەری زۆر هەیـە ئـەمریکا پلانەکانی بۆ عیراقی داهاتوو بگۆڕێت بە پێی هەندێك گۆڕان لە عیراق، بەڵام ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کـە عـیراق حاڵـەتێکی یـەکجار زەحمەتـە، تاقیکردنەوەیـەکی یەکجار قورسە. سەرکەوتنی ئەمریکا دەتوانێت ببێت بە پایەگایـەکی یـەکجار گـرنگ بۆ سەرکەوتنی ئەمریکا لە هەندێك پرۆژەی داهـاتوو لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و لـە

جیهانیشدا.

**ك. نــویْ:** ئامــاژەت بــەوەدا کەئــەمریکا لــە دوای ۱۱ی ســێپتەمبەرەوە ئەگــەر لەســەر حسابی ئیستیقراریش بێت دیموکراتی قبووڵە، بەڵام بۆچی؟ لە بەر ئەوەی کە ئەمریکا لە ۱۱ی سێپتەمبەرەوە تێگەیشت ئیستیقرار روونادات ئەگەر دیموکراتی نەبێت، ئایا پێت وانیە پێداگرتن لەسەر سەربەخۆیی کە تۆ جەختی لەسەر دەکەیت بۆخۆی یەکێکە لە عاملە سەرەکیەکانی نائیستیقرار و تێکدانی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نانەوەی پشێوی. بیریشمان نەچێت ئێستا هێزە ئیقلیمیەکانی دژ بە فیدراڵی لە بەر ئەوەی لە حاڵەتی پەرتەوازەییدان و ئیستا لە پەراوێزدان بۆیە مەسەلەی فیدراڵی لە عیراقدا تا ئەندازەیەك بە شێوەیەکی ئاسایی دەڕوات. پێت وانیە ئەگەر بێتە سەر باسی سەربەخۆیی هەموو هێزە پەرتەوازەکان یەکدەگرنەوە بە هەرێم و هێزەکانی ناو عیراقیشەوە..؟

**ب. یاسین:** هەڵبەتە تۆ کۆمەڵە پرسیارێکت کرد، هەموویشیان گرنگن. سەبارەت بەوەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە باشووری کوردستان دەبێتە هۆی نەبوونی ئارامی، ئێمە دەتوانین دوو شت بڵێین: لە زۆر جێگای دونیادا دامەزراندنی دەوڵەت بۆ ناوچەیەك بووە بە هۆکارێك بۆ ئیستیقرار و بڕانەوەی ململانێیەکی خوێناوی کە (۳۰ - ٤۰) ساڵی پێچووە و خەسارەتێکی زۆر لە لایەنەکانی ململانێی داوە، دەتوانین پرسیارەکەی تۆ بە پێچەوانەوە وەربگرین، دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی چارەسەری کێشەی کورد و کێشەی عیراقە، ئێمە تا ئێستا بە قەناعەتی من نەمانتوانیوە نە لە عیراقی عەرەبی، نە لە دونیا بگەیەنین، کە بەڵی چارەکردنی کێشەی کورد بە پلەی یەکەم چارەکردنی کێشەی عیراقە، بەڵام وروژاندنی کێشەی کورد و تورکیایە، کوردو ئێرانە، کوردو سوریایە. من مەبەستم ئەوەیە سەبارەت بە تورکیا بە قەناعەتی من تورکیا ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێك زیاتر بواری مانۆر و کاریگەری هەیە لەسەر پاشەڕۆژی کوردستان، ئەگەر وای دابنێین، ئەمڕۆ بەسەدان هەزار خەڵك بێتە سەرجادە لەکوردستان داوای سەربەخۆیی کوردستان بکات، جا چ لەژێر دروشمی بڕیاری چارەی خۆنووسین، یان هەر شێوەیەکی دیکە بێت و داوای سەربەخۆیی کوردستان بکات. تورکیا بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت بۆ یەکەمجار لە هەشتا و دوو ساڵی رابردوو لە عیراقدا یەك سەربازیش بنێرێتە ناو عیراق، چونکە

بە پێی بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، دوای کەوتنی سەدام، ئەمریکا بەرپرسە لە لایەنی ئاسایشی عیراق. کەواتە ناردنی هەر سەربازێکی تورکیا بۆ عیراق، پێنانە لە سەری سەربازێکی ئەمریکی کە ئەوەش لەوانە نییە بکرێت. ئەوە لایەنێکیان، لایەنی دووەمیان: سی ساڵ زیاترە تورکیا بەدەست کێشەی قوبرسەوە دەناڵێنێت، کە کێشەیەکە بۆ خۆیان دروستیان کرد، بەڵام دەخوازن لێی رزگاربن، ئەمڕۆ تورکیا ناتوانێت قوبرسێکی دیکە خەڵق بکات، ئێمە دەبێت لە ئاستی ستراتیژەوە تەماشای مەسەلەکان بکەین. دوو راگەیاندن لەلایەن سەرۆك وەزیرانی تورکیاوە یان وەزیری دەرەوەی تورکیا هەموو شتێك نیە، بەڵکو ئەمڕۆ لەو قەناعەتەدام لە هەشتا و دوو ساڵی رابردووی عیراقدا بۆ یەکەم جارە تورکیا ناتوانێت بەو ئاسانیە هێزە سەربازیەکانی بنێرێت بۆ کوردستان: سوریا و ئێرانیش هەردووکیان لە قوڵی شەیتانن لەگەڵ کۆریای سەرەوە هەرسێکیان لەژێرەوە وەك ئامانجێکی ئەمریکان. راستە بارودۆخی عیراق لە وانەیە ئەو رووبەڕووبوونەوەیەی لەگەڵ سوریا و ئێران هەندێك دواخستبێت، بەڵام ئەو ئەگەرە هەرماوە، بە قەناعەتی من نە سوریا نە ئێران ئەو هەڵەیە ناکەن بە هێزێکی سەربازی بێنە ناو کوردستانەوە.

کاتێك ئەگەر کورد باسی لە وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی کرد، ئەو وەختەش کە کورد سەرکەوتوو بوو، پیشانی ئەمریکاییەکانی بدات کە ئەوە ئیرادەی ملیۆنان خەڵکە. من رایەکانی هاری شووت- م خوێندۆتەوە، دەڵێت؛ ئەرکی ئێمەیە هاتووین بۆ ئێرە گوێ لە ئیرادەی خەڵك بگرین. من لە یەکێك لە فەرمانبەرانی نەتەوەیەکگرتووەکانیشم دیوە لە چاوپێکەوتنێکی (TV) دا پرسیاری لێدەکەن لەسەر مەسەلەی ریفراندەم، لە وەڵامدا دەڵێت؛ ئێمە بۆ نا، ئەگەر خەڵك داوای بکات، لەسەرمانە گوێ لە خەڵك بگرین. بەو مانایە کورد دەبێت ئەو حاڵەتی پاشەکشەیە تێك بشکێنێت و خۆی بەرەوڕووی مەترسیەکی مێژوویی گەورە نەکاتەوە... لە هەمان کاتیشدا رۆڵێکی گەورەش ببینێت، بەو مانایەی کە من پێش ساڵێك لە وتارێکدا نووسیومە: کورد لە بن لووتکەیە یان ئەوەتا پاڵێکی پێویستە بۆ سەر لووتکە، یانیش ئەوەتا جارێکی دیکە لە بن لووتکە شۆڕدەبێتەوە. ئەوەش بە پەیوەندی لەگەڵ زەمەن؛ ئەو زەمەنەی ئەمڕۆ لەدەست کورددایە، زەمەنێکە کە لە هەر رووداوێك دەتوانێت جێگای پەنجەی خۆی دیاربێت، جا چ سەلبی بێت چ ئیجابی.

هـەموو زەمـەنێك وەك یـەك نیـە و سـەعاتێكیش لـە دەرەوەی رووداودا وەكـو ئانشـتاین دەڵێـت؛ بـە سـەعات حساب نیـە. ئێمـە لـە حاڵـەتێكی مێـژوویی یـەكجار ئیستیسنائی و یەكجار گرنگدا دەژین. لەدەستدانی ئەو كاتە بە مقۆمقۆ و گفتوگۆ لە سەر شێوەی فیدراڵی و ئەمانە ئەو فرسەتەی كە ئـەمڕۆ لـە دەستمانە كـە هـەزارانی خـەڵك بێنـە سـەرجادە ئـەو فرسـەتەمان لەدەسـت دەدات. ئێمـە ئـەمڕۆ وەك كـورد بەشدارین لە دروستكردنەوەی دەوڵەتی عیراق كـە لەگـەڵ هـەمان دەوڵەتـدا سـبەینی بچین داوای مافەكانی خۆمان بكەین. ئەوە یەكێكـە لـەموفارەق (پـارادۆكس)ە گـەورە مێژووییەكانی كورد.

**ك. نـویٰ:** كەواتـە تـۆ رات وایـە كـە كـورد لـە بـەردەم هـەردوو ئەگەردایـە، یـان سپێدەیەكی باشتر یان سپێدەیەكی خراپتر، كاراكتەری سـەرەكی هەڵبـژاردنی یـەكێك لەو ئەگەرانە كورد خۆیەتی..؟

**ب. یاسین:** سەدی سەد بەرەوڕووی ئەو دوو ئەگەرەیـە، تـەواو وەك دوای تـەواوبوونی جەنگی جیهانی یەكەمە. یان ئەوەتا كورد دەبوو بە خاوەن دەوڵەت، یان ئەوەتا كورد بۆ هەڵدێر، كـەدیارە بـەوەی دووەمیـان كەوتـەوە. لـە گـەڵ بـوونی هەنـدێك دەرفـەت وەك حكومـەتی سـلێمانی، هـەروەها جێگـای كـورد بەشـێوەیەكی یـەكجار سنووردار لەناو سیاسەتی بەریتانیا و (عصبە الامم) كۆمەڵەی نەتەوەكان و دەوڵـەتی عـیراق بـوەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا دۆخەكـە جـارێكی تـر بـە دابەشـكردنی كوردسـتان و مەحرووومكردنی كورد لـە سـەروەری خـۆی تـەواوبوو. واتـە ئێسـتا ئێمـە بـەرەوڕووی دوو ئەگــەرین، ئەگــەری هەڵــدێران یــا پاڵپێوەنــان بــۆ لووتكــە. بــە بــڕوای مــن بزوتنەوەیەكی وەك ریفراندەم ئەگەر بزووتنەوەیـەك بێت وەك پێویست مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، دەتوانێت ببێتە ئەو پاڵپێوەنانە بۆ سەر لووتكە.

**ك. نویٰ:** لە میانـەی قسـەكاندا باسـی دەسـتورت كـرد، ئەگـەر عـیراق بـووە عیراقێكـی دەستوری، رەنگە بۆ كورد زەحمەت بێت بتوانێت گۆڕانكاری بكات، چونكە عـیراق بـە شێوەیەكی دەستوری دروست دەكرێتەوە، بـەڕای تـۆ ئەگـەر ئێمـە ئێسـتا بێینـە سـەر شەڕی دەستور، كورد دەبێت ئیش بۆ چ دەستورێك بكات..؟

**ب. یاسـین:** بـە بـڕوای مـن دەبێـت جـاریٰ پـێش هـەموو شـتێك هەوڵبـدرێت كـە

گرێبەستێکی (عقد) نەتەوەیی لە نێوان عیراقی عەرەبی و کوردستاندا هەبێت. بەر لە دەستور کە چوارچێوەیەکی سیاسی عیراقی داهاتووە، ئەگەر ئەو عەقدە هەر مومکین نەبوو، بیرۆکەکانی ئەو عەقدەی کە لە بیری ئێمەی کورددایە بخرێنە ناو دەستورەوە کە گرنگترینیان ئەوەیە کە کورد مافی چارەی خۆنووسینی هەیە. کورد مافی ئەوەی هەیە ریفراندەم بکات، لە کاتێکدا ئەگەر دەوڵەتی عیراق سەرکەوتوو نەبوو لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد وەك پێویست. یاخود لە حاڵەتی ناکۆکی لە نێوان هەرێم و دەوڵەت یان حکومەتی یەکگرتوو (إتحادی)، ئەوەتا کورد بۆی هەیە نەك بگەڕێتەوە دادگایەکی دەستوری کە ئاوا پێشنیارکراوە، چونکە لە دادگای دەستوریشدا لەوانەیە زۆرینەی عەرەبی هەبێت و لەوێشدا تۆ بیدۆڕێنیت، یان لەدادگای دەستوریدا وەرگێڕانێکی (ترجمە) چەوتی دەستور و قانوون بکرێت لەوێشدا تۆ دۆڕاوبیت. واتە پێویستە مافی گەڕانەوە بۆ ئیرادەی خەڵك، مافی چارەی خۆنووسین، ریفراندەم لە دەستوردا وەك مافێکی کورد بچەسپێت. ئەو شێوە چارەیە ئێستا لە سودان هەیە، ئەو پەیمانە ئاشتیەی کە لەسەر رێیە لە نێوان خەرتووم و باشووری سوودان فیدراڵی دەدات بە باشووری سودان، بەڵام دوای سێ تا شەش ساڵ، ئەوەش مەرجی رێککەوتنە، باشووری سوودان بەبێ مەرج بۆی هەیە ریفراندەم بکات لەسەر ئەوەی کە ئایا لەگەڵ خەرتووم بمێنێتەوە، یان جیابێتەوە. بە قەناعەتی من لە نێوان ئەوانەی لە ناو ریفراندەمدا بەشێوەیەکی ئاشکرا باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن و لە (لایەکی ترەوە) ڕەوتی سیاسی گشتی کوردیدا کە داوای فیدراڵی دەکات، چارەی سێیەم هەیە ئەویش ئەوەیە کە تۆ فیدراڵی قبوولْ بکەیت، هەم رێککەوتننامەیەکی ئاواش هەبێت کە دوای سێ ساڵ یان شەش ساڵ ئەگەر کورد حەزی کرد لە ئەنجامی ریفراندەمێکدا بڕیاربدات بمێنێتەوە لە عیراق یان جیابێتەوە، هەروەك لە پەیمانی سیڤەردا هاتووە. لە سیڤەر کوردستانی سەربەخۆ ئیقرار نەکراوە، بەڵکو بۆ یەکەم جار ئۆتۆنۆمیە، دوای ساڵێك کوردستانێکی سەربەخۆ لە ئەنجامی راپرسیەکی گشتی یان دەنگدانێکی گشتی لە ناو ئەو ناوچەیەی کە نەخشەی کوردستانی لێپێکدەهات دروست دەبوو..

**ك. نویّ**: هەست دەکەیت تا ئێستا بزاڤی سیاسی کوردی یان وتاری سیاسی کوردی زیاتر ئیش لەسەر شتی زارەکی (شفهی) دەکات، بۆنموونە زۆر شت هەیە وەکو

بەڵگەنامــە نەمانخســتۆتەروو كــار بــە ئیشــی دۆكیــومێنتی ناكرێــت، پێتوانیــە تەركیزنەكردنە سەر ئەو ڕەهەندە بەڵگەنامەییە زیانێكی زۆرمان لێبدات..؟

**ب. یاسین:** پێموایە دوو خاڵی گرنگ هەیە ئـەوەی خـۆت باسـتكرد كـە زۆرجـار شـتی زۆر گرنـگ و چارەنووسساز بە زارەكی كراوە و نەخراوەتە سەر كاغەز و پرۆتۆكۆڵ و ئەمانە. سەرەڕای ئەوەی كە ئـەو شـتانەی كـە بوونەتـە پرۆتۆكـۆلیش بـە یـەك وشـە شتێكی زۆرچارەنووسساز بڕیاری لەسەر دراوە. ئەویش لە بەرژەوەندی كورد نەبووە. من ئاماژە بۆ بەندێكی كۆنفرانسی لەنـدەن (كـە لـە دیسـەمبەری پـاردا كـرا) دەكـەم، لەوێدا باس لە بڕیاری پەرلەمانی كوردستان دەكات سەبارەت بە فیدراڵی، كـە وشـەی **ئـیحترام**ـ ی بـۆ بـەكارهێناوە لـە جیـاتی **ئیقـرار**، لـە نێـوان ئیحـتیرام و ئیقـراردا جیاوازیەكی یەكجار زۆر هەیە. ئەوانەی كە ئەو پرۆتۆكۆلە ئیمزا دەكەن، لە سەریان پێویستە بە حەدی حەرفی جەڕ (preposition)ێك لە سیاغەدا وەستابن، ئاگاداربن و قانوونییەكی چاك بن، زمانزانێكی چاك بن، ئەگەر بگەڕێیینەوە ئەو مقۆمقۆیەی لە ێوان فەلەسـتینیەكان و ئیسـرائیلدا پـە یـدابوو لەسـەر مەسـەلەی ڕێككەوتننامـەی ئۆسلۆ لە لایەنی زمانەوانی و قانوونیەوە، دوایـی فەلەسـتینییەكان بۆیـان ئاشـكرابوو كــە پێویســتیان بــە كۆمــەڵێك راوێــژكاری قــانوونی و زمانــەوانی هــەبوو كــە ئیسرائیلیەكان هەیان بوو، بەڵام ئەوان نـەیان بـوو و (لەبـەر ئـەوە) هەنـدێك شـتیان بەسـەردا تێپـەڕی. هەنـدێك خـاڵی گـرنگ كـە تـۆ باسـت كـرد وەك ئـەوەی تـا ئێسـتا شتەكان زارەكین. مـن باسـم كـرد شـت خسـتنە سـەركاغەز لـە خاڵێكدا كۆدەبێتـەوە، ئـەویش ئەوەیـە بزوتنـەوەی كـورد تـا ئێسـتا كولتـووری دەوڵـەتی نیـە. كولتـووری دەوڵەت شتێكە بە ڕاستی كـورد هێشـتا پێـی نەگەیشـتووە لەبـەر ئـەوەی خـەباتی بـۆ دەوڵەت نەكردووە. لەبەرئەوەی خەباتی بۆ شتێكی تر كردووە كـە دەوڵـەت نیـە. بـە بـڕوای مـن بزوتنـەوەی كـورد بـوونی بـە خـاوەن كولتـووری دەوڵـەت و عەقڵیـەتی دامــەزراوە و عەقڵیــەتی پرۆتۆكــۆڵ و نووســینەوەی شــتەكان و بــەقاڵبكردنی لــە چوارچێوەی ئەو داب و نەریتانەی كە لە ناو كولتووری دەوڵەتدا هەیە، مەسەلەیەكە هێشـتا كـورد پێـی نەگەیشـتووە، هـەوڵی زۆریشـی دەوێـت و یـەكێك لـە تەفسـیرەكان ئەوەیە كـە ئێمـە بـۆ دەوڵـەت هـەوڵمان نـەداوە، ئەگـەر بـۆ دەوڵـەت هـەوڵمان بدایـە، هـەوڵی ئـەوەشمان دەدا بـبین بـە خـاوەنی ئـەو كولتـووری دەوڵەتـە. بـۆ ئـەوەی ڕووبـەڕووی ئـەو پرسـیارە بـین، ئایـا سـبەینی كـە بـووین بـە خـاوەن دەوڵـەت ئـەو

کولتووره له کویْ بهیْنین، ئەوه پرسیاریْکی زۆر گرنگه و زانایان لەسەر سیاسەت و میْژووی رۆژهەلاتی ناوەڕاست زۆر لەسەری راوەستاون. له جیاوازی نیْوان دەولەتی ئیسرائیل و دەولەتی عەرەبی، بۆچوونیْکی وا هەیه به گشتی که له لای جووەکان دەولەت دروستبوو بوو، بیرۆکەی دەولەت هەبوو، هیْشتا دەولەتی ئیسرایل به رەسمی دروست نەبوو بوو. بەلام له حالەتی عەرەب، ئەوان واته عەرەب بوون به خاوەنی دەولەت بەلام هیْشتا بیرۆکه و کولتووری دەولەتیان نەبوو. ئەوه جیاوازیەکی یەکجار گرنگ و گەورەیه، ورووژاندنی ئەو مەسەلەیه بەڕاستی دەگاته ئاستی ستراتیژی.

# پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و چەند خوێندنەوەیەك

**چاوپێکەوتنی *کوردستانی نوێ*، مانگی مای ساڵی ٢٠٠٤، سازدانی مەجید ساڵح**

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرۆژەیەکی (رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە)ی ئامادەکردووە و وا بڕیارە لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا بیخاتە بەردەست وڵاتانی گرووپی هەشت. پرۆژەکە لە بنەڕەتدا بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی گشتگیر لە وڵاتانی عەرەبی و ئێران و ئیسرائیل و ئەفغانستان و تورکیا و پاکستان خراوەتەڕوو، هەروەها بۆ پێکەوەگرێدانی ئەو وڵاتانە لە چوارچێوەی ناوێکی نوێ (رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە).. ئێمە لە *کوردستانی نوێ* دا تەوەرێکی تایبەت بەو پرۆژەیەمان کردۆتەوە و ئەم پرسیارانەمان خستووەتە بەردەستی (د.بورهان یاسین) و سەرەتا پرسیمان:

**ك. نوێ:** بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی کە جیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدا دەژی، (وەك لە پێشەکی پرۆژەکەدا هاتووە) پێویست دەکات ریفۆرمی گشتگیریی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی خێرا لەم ناوچەیەدا ئەنجامبدرێت، ئایا ئەمریکاییەکان تا چ رادەیەك راستگۆن لە خستنەڕووی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە..؟

**ب. یاسین:** پێشەکی رێگام بدەن کە دەستخۆشیی لەرۆژنامەکەتان (کوردستانی نوێ) بکەم بۆ کردنەوەی ئەم باسە تایبەتەی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە. کردنەوەی ئەم باسە بۆ کورد و لە بۆچوونێکی کوردییەوە نەك هەر کاتیەتی، بەڵکو درەنگیش کەوتووە. بەر لەهەر شتێك، پێویستە بیرۆکەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بۆ ریفۆرم

کە ئێستا ناسناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی وەرگرتووە، بخەینە چوارچێوە مێژوویی و سیاسی و ستراتیژیی و فیکرییەکەیەوە. لە ڕووی مێژووییەوە دەکرێت ئەوە بڵێین کە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد لەکۆتایی ۱۹۸۰کانی سەدەی ڕابردوو، ڕێخۆشکەر بوو بۆ نەك هەر باسکردن لە گۆڕانکاری، بەڵکو ئەم گۆڕانکارییە بە هۆی کۆتاییهاتنی ئەم جەنگی ساردە مومکینیش بوو. دەکرێت کۆنفرانسی مەدرید بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین بخرێتە ناو ئەم چوارچێوەیەوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە هەڵسوکەوتی ئەمریکا بەرامبەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو کاتە بە گشتی لە چوارچێوەیەکی کلاسیکی بۆ بینینی کێشەکانی ناوچە دەرنەچوو کە سێ کۆڵەگەی هەرە گرنگی ئەم بۆچوونەش، ئاسایش و نەوت و ململانێی عەرەب و ئیسرائیل بوو.

لەڕووی ستراتیژییەوە دەکرێت ۱۱ی سێپتەمبەری ۲۰۰۱ بەوەرچەرخان تەماشا بکەین. ئەم ڕووداوە جارێکی تر و بە شێوەیەکی نوێتر و بەرەهەندی تازەوە ناوچەی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هێنایە ناوەندی (لەڕاستیدا هەرە ناوەندی) بۆچوونی ستراتیژیی ئەمریکا بەرامبەر ئەو ناوچەیە. زۆر بە کورتی سێکۆچکەیەك بوو بە کۆنسێپتی ستراتیژیی تازەی ئەمریکا کە سەرێکیان چەکی کۆکوژی و سەری تریان تیرۆریزمی ئیسلامی و سەری سێهەمیشیان ئەو ڕژێمانەی کە خاوەن ئەو جۆرە چەکەن. ئەگەری ئەوەی کە ئەم ڕژێمانە ئەم جۆرە چەکانە بدەن بە گرووپە تیرۆریستییەکان هەر سێ سەری سێکوچکە (سێگۆشە)کەی بە توندی بە یەکەوە بەستەوە. ئەم بۆچوونە نەك هەر بووە چوارچێوەیەکی ستراتیژیی بۆ وەرگرتنی هەڵوەستەیەکی نوێ لە بەرامبەر ڕژێمی سەدام حسێن، بەڵکو هەر ئەوەش بە ماوەیەکی کەم بووە یەکێك لە سەرچاوەکانی بیرکردنەوە، یان ڕاستتر بڵێین؛ بە هێزکردنی ئەو بۆچوونەی کە کلاسیکی نیە، واتە تەنها لە سۆنگەی ئاسایش و هێمنییەوە گرفت و چارەسەرییەکان نابینێت و دەخوازێت دوورتر بڕوا و پرۆژەیەکی موتەکامیلی پێبێت بۆ گۆڕانکاریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

هەر لێرەشەوە پێویستە باس لە سەرچاوە فیکرییەکەی هەوڵە تازەکانی ئەمریکا بۆ ریفۆرم لە ناوچەدا بکەین. لێرەدا ئاماژەکردن بە دوو سەرچاوە گرنگە:

١ـ ئەو گفتوگۆ فیکری و ستراتیژیانەی کە کران دوای ۱۱ی سێپتەمبەری ۲۰۰۱، کە بۆچوونێکی سەرەکی لەوێدا ئەوەبوو کە بەڵی کێشەی تیرۆریزم تەنها بە بۆچوون و

ئامرازی کلاسیکی، واتا تەنها بە ڕێگای بەکارهێنانی زەبر وزەنگ چارەسەر ناکرێت. بەڵکو چارەسەری لە لەناوبردنی هەژاری و نەخوێندەواری و..هتد دایە لەو ناوچانەی کەسەرچاوەی تیرۆریزمن. ٢- ئەو راپۆرتەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ٢٠٠٢دا دەربارەی حاڵەتی پێشوەچوونی، یان راستتر بڵێین؛ دواکەوتنی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناوچەی عەرەبیدا زەنگێکی زۆر گرنگ بوو بۆ لایەنەکان و هەروەها وروژاندنی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە ئەم راپۆرتە پێی گەیشتووە، ریفۆرم لە ناوچەی عەرەبیدا زەرورەتێکی بەلگە نەویستە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە گوترا، دەکرێت بڵێین؛ کە داواکاریی بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم و گەڵاڵەکردنی هەندێك پرۆژە لەم بارەیەوە ئەڵتەرناتیڤێکی تاکتیکی و کاتی نییە، بەڵکو ئەڵتەرناتیڤێکی ستراتیژییە. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەو ریفۆرمانەی ئەمریکا باسیان لێوە دەکات، هەتاکو ئێستا توانرابێت لە چوارچێوەیەکی پوخت و تێر و موتەکامیلدا رێکبخرێت، من گومانم لەوە نییە کە نیازەکە هەیە، بەڵام پرس و گومانەکان لەسەر ناوەرۆکی فیکری و ئامانجەکان و ئامراز و میتۆدەکانی پیادەکردنی پرۆژەکەن، ئەم باسەش لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەلی پێویستە.

**ك. نوێ:** بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکەیان ئەمریکاییەکان بە نیازن لە مانگی حوزەیرانی داهاتوودا بیخەنە بەردەم سەرکردایەتیی وڵاتانی گرووپی هەشت، ئێوە پێتانوایە ئەو وڵاتانە لەم هەنگاوەدا رەزامەندبن لەسەر ئەو نەخشەیە، یان ئەوانیش نەخشەی تایبەتییان دەبێت..؟

**ب. یاسین:** جاری بە باوەڕی من، هەروەك لە سەرەوە ئاماژەم بۆکرد، هێشتا ئەو نەخشەیە، یان راستتر بڵێین ئەو پرۆژەیە، موتەکامیل نییە و لە باشترین حاڵەتدا پرۆژەیەکە پێشکەش دەکرێت بە کۆبوونەوەی باڵای گرووپی هەشت کە لەوێدا پرۆژەکە جێگای گفتوگۆ لەسەرکردن و گۆڕانکارییە. هەتا ئێستا هەڵوێستەکان دەربارەی پرۆژەی ئەمریکا بۆ ریفۆرم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شێوەی جۆراوجۆری وەرگرتووە. لێرەدا دەکرێت لە ڕووی چوارچێوەی هەرە گشتی پرۆژەکە باس لە هاوئاهەنگی لە نێوان ئەکتەرە نێونەتەوەییەکاندا بە تایبەتی وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا بکەین کە ئەوانیش بەگشتی خوازیاری ریفۆرمکارین لەو ناوچەیەدا. لە

لایەکی تـرەوە لـە بۆچـوونەکاندا دەربـارەی نـاوەرۆکی پـرۆژە و ئـەو مەسـەلانەی کـە پرۆژەکە دەیانگرێتەخۆ و شێوە و ئامرازەکانی بەجێگەیانـدنی جیـاوازیی زۆر بـەدی دەکرێت. لێرەدا دەکرێـت بـە تایبـەتی باسـی هەڵوێسـتی ئـەڵمانیا و فەرەنسا و یابـان بکەین. ئەم سێ وڵاتە لەگەڵ ئەوەدان کەڕیفۆرم بکرێت، بەڵام بۆ نموونـە ئـەڵمانیا و فەرەنسا پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کەوا ریفۆرم پێویستە لە ناوچەدا، بـەڵام نـەك بـە لەبەرچـاوگرتنی هەڵوێسـت و تێـڕوانینی وڵاتـانی ناوچـە، بـەڵکو بـە هاوکـاریی لـە گەڵیاندا، دیسانەوە گرنگیی تایبەتیی پێبدرێت. یابـان لـە لای خۆیـەوە هەڵوێسـتێکی رەخنەگرانـەی هەیـە لـە پرۆژەکـەی ئـەمریکا و شـارەزایان بـاس لـەوە دەکـەن کـە یەکەمجارە یابان، دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بە ئاشکرا خۆی دوور دەخاتـەوە لـە سیاسـەتی ئـەمریکا و بانگەشـە بـۆ هەنـدێك بۆچـوونی تـازە دەکـات کـە تیایانـدا لەبەرچـاوگرتنی بۆچـوونی لایـەنی عـەرەبی لـە هاوکێشـەی ململانێـی عـەرەبی- ئیسرائیلیدا بەرچاوە. هەڵبەتە لەمپـەر لـەم بۆچـوونەی یابانـدا بەشـداریی لەشـکری ئەم وڵاتەیە لە عیراق، هەرچەندە بەشدارییەکە لە ڕووی ژمارەی سەربازانی بەشـدار سنووردارە. بەهـەرحاڵ تەسـەور ناکـەم ئاسـانبێت کـە کۆبوونـەوەی گرووپـی هەشـت پرۆژەیـەکی هەمەلایـەنی و بـڕاوەی لێبکەوێتـەوە، بـەڵکو لـە باشـترین حاڵەتـدا دەرئەنجامی کۆبوونەوەکە راگەیاندنێکی پرەنسیپی بۆ پێداویستی ناوچە بـە ڕیفـۆرم دەبێت. ئەوەی کە ئیمڕۆ مرۆڤ دەتوانێت بیڵێت ئەوەیـە کـە بـاری ئـاڵۆز و گرفتـاوی ستراتیژی ئـەمریکا لـە عـیراق و زۆر بـە تایبـەتی دوای مەسـەلەی بەندیخانـەی ئـەبو غرێب بە ئەگەری زۆر ئەمریکا والێدەکات کە لەم کۆبوونەوەیەدا گرنگی زیاتر بـدات بە بۆچوونی بەشدارانی کۆبوونەوەکە. بە بۆچوونی خۆم گۆڕانکـاریی لـە هەڵوێسـتی ئـەمریکا بـەرەو تێگەیشـتنی زیـاتر لـە لایـەنی عـەرەبی فەلەسـتینی لـە هاوکێشـەی ململانێی عەرەبی - ئیسرائیلیدا دەڕوات و هەڵوێستی ئاشکرا و پۆزەتیڤانـەتر بـەرەو چارەسەری کێشەکە دەکرێت یارمەتیـەکی زۆری ئـەمریکا بـدات بـۆ نزیکبوونـەوە لـە لایەنەکانی تر لە چوارچێوەی گرووپی هەشتدا.

**ك. نوێ:** دەبێت ئەوەش لە بیرنەکەین کە پێشتر چوارچێوە و پرۆسـەیەکی هاوکـاری و گۆڕانکـاری یـەکێتی ئـەوروپا لـە گـەڵ وڵاتـانی دەریـای سـپی ناوەڕاسـت هـەبووە و ئێسـتاش بەردەوامـە بـە نـاوی پرۆسـەی بەرشـلۆنە کـە لـە ناوەڕاسـتی ١٩٩٠ـەکانەوە

لەسەر پێیە. ئایا هەروا ئاسان دەبێت بۆ ئـەمریکا کـە حیساب بـۆ ئـەو پرۆسـەیەی بەرشلۆنە نەکات، ئەگـەر هـەر کـردی کـە تائێستا کردوویـەتی، ئـەو کاتـە هەڵوێستی یەکێتی ئەروپا چی دەبێت..؟

**ب. یاسـین:** بــە بــاوەڕی خــۆم دۆزینــەوەی چارەســەرێك بــۆ كێشــەی فەلەســتین یارمەتیـەکی هـەرە زۆری ئـەمریکا لـە هـەر پرۆژەیـەکی ریفۆرمکاری لـە ناوچـەدا دەدات. ئـەم چارەسـەریە دەکرێـت تاڕاددەیـەکی یـەکجار زۆر ببێتـە هـۆی دەرهێنـانی بەرە لەژێر پێی ئەو هێز و رژێم و گرووپانەی کـە کێشـەی فەلەسـتین بـەکاردەهێنن بۆ مۆبیلیزەکردنی ملیۆنـەها خـەڵك و توانـا تیرۆریسـتیەکان لـە ناوچـەی عـەرەبی و جیهانی ئیسلامیدا. لە ڕێگای ئەم چارەسەرکردنە ئـەمریکا دەتوانێـت، تـا ڕاددەیـەکی یەکجار زۆر، ئەو باوەڕەی (میسداقیەت)ـە بگەڕێنێتـەوە کـە سـاڵەهای سـاڵە بـە هـۆی پشـتگیریکردنی، زۆربـەی جـار بـێ مـەرجی، دەوڵـەتی ئیسـرائیل. گەڕانـەوەی ئـەم میسداقیەتە دەبێتە کارتی بەخێرهێنانی ئەمریکا بۆ ناوچـە. بـە پێچەوانەی ئەمـە، واتا یارمەتینەدانی ئەمریکا بۆ فەراهەمکردنی چارەسەریەکی راستەقینە بۆ کێشـەی فەلەستین، سەرکەوتنی ئەمریکا لـە پـرۆژەی ریفـۆرم و شـەڕەکەیدا دژ بـە تیرۆریـزم زۆر سەخت دەبێت و هێز و توانای زیاتری دەوێت و زۆریش دوادەکەوێت.

**ك. نـویٚ:** لـە دوو سـاڵی رابـردوودا ئەمریکاییـەکان توانییـان دوو کۆسـپی گـەورەی بـەردەمی نەخشـەکەیان کـە خـۆی لـەرژێمی (تاڵیبـان و سـەدام)دا دەبینیـەوە لـەڕێی هەڵبگرن، بەڵام هێشتا ئەو دوو وڵاتە نەبوونەتە دوو نموونەی جوان، بۆ پیادەکردنی تێکڕای نەخشەکە، بەڕای ئێوە ئەمریکا دەتوانێت چی بکات بۆ تێپەڕانـدنی ئـەو بـار ودۆخە..؟

**ب. یاسین:** سەرکەوتنی ئەمریکا لەئەفغانستان و عیراق تا ئێستا لە باشـترین حاڵەتـدا سـەرکەوتنێکی کلاسـیکیانەی سـەربازی رووت بـووە. راسـتە لـە هـەردوو حاڵەتـدا کۆمـەڵێك کـار ئەنجامـدراون کـە لـە گۆشـەبینیەکی کورتخایەنـەوە دەکرێـت وەکـو دەستکەوتی سیاسی بۆ ئەمریکا ببیندرێن. بەڵام پرسـیار ئەوەیـە ئایـا تـا چـەند ئـەم دەسـتکەوتانە لـە ڕووی سـتراتیژیی درێژخایەنـەوە بینایـان لەسـەر بکرێـت. مـن لـەو باوەڕەدام کە ئەمریکا ئەگەر مەبەستی ئـەوەبێت کـە عـیراق و ئەفغانسـتان بکـات بـە دوو نموونەی گۆڕانکاری بۆ ناوچـەی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی گـەورە، ئـەوا بـە ئاسـانی

دەکرێت بڵێین کە؛ عیراق و ئەفغانستان دوو وڵاتی هەرە بەزەحمەتن بۆ کردنیان بەدوو نموونەی گۆڕانکاریی سەرکەوتوو لە پرۆسەی ریفۆرمکاریدا لە ناوچەدا. هەریەك لەو دوو وڵاتە لەبەر هۆی مێژوویی و سیاسیی تایبەتیی خۆی و لەبەر هەندێك هۆی هاوبەشیش کە لەوێدا دوو بەرەی ئیستیقتاب بۆ هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستیەکانی دژ بە ئەمریکا گرنگترینیانن. دەکرێت ئەمریکا چی بکات بۆ سەرکەوتنی لە ئەزموونەکەی لەم دوو وڵاتەدا..؟ ئەمە پرسێکی گرنگە و وەڵامدانەوەی لێوردبوونەوەی زۆر تایبەتی دەوێت، کلیلی ئەو لێوردبوونەوەیەش لە لایەك بینینی خاڵە گشتگیرەکان و لە لایەکی ترەوە هەڵسەنگاندنی خاڵە تایبەتمەندیەکانی بەو دوو وڵاتەیە.. بەهەرحاڵ هەندێك شت هەن زۆر گرنگن بۆ سەرکەوتنی ئەمریکا لەم دوو ئەزموونە سەختەدا: ١) ئێستاش ئەمریکا پێویستیی بە هەندێك خوێندنەوەی سیاسی و ستراتیژی دروستتر هەیە کە جوودابێت لەو خوێندنەوانەی کەتا ئێستا کردوویەتی بۆ باری ناوچە بە گشتی؛ ٢) رۆڵی ئەمریکا لەم دوو وڵاتەدا نابێت وەکو مەسەلەی کۆمارییەکان و لەناو ئەوانیشدا بە تایبەتی موحافیزکارە نوێیەکان ببینرێت. پێویستە ئەمریکاییەکان، بە جیاوازی بۆچوونی سیاسی و ئایدیۆلۆژیان، مەسەلەی عیراق و ئەفغانستان وەك دوو مەسەلەی نەتەوەیی یان نیشتمانی بۆ هەموو ئەمریکا ببینن. ئەم دوو وڵاتە، بەتایبەتی عیراق، دوو تاقیکردنەوەی ستراتیژین و خۆلێدزینەوەیان هەتا لەلایەن دیموکراتەکان ئەگەر لە هەڵبژاردنی داهاتوودا سەرکەوتن نابێت بکرێت و ئەگەر کراش، کەمن باوەڕم وانییە بکرێت، ئەوا دەبێتە شکستێکی زۆر گەورە بۆ ئەمریکا. ئەمریکا هیچ چارەی تری نییە تەنها ئەوە نەبێت کە دەبێت سەربکەوێت لەو دوو تاقیکردنەوەیەدا. بەڵام چۆن ئەم سەرکەوتنە بەدەست دێت، ئەمە پرسێکی ترە؛ ٣) سەرکەوتنی ئەمریکا لەم دوو وڵاتە زامن نابێت ئەگەر پلانێکی تێر و پڕ و درێژخایەن بەرامبەر ئەم دوو وڵاتە و تەواوی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی رێنیشاندەری سیاسەتی ئەمریکا نەبێت.

ئەز لەو باوەڕەدام ئەو سیاسەتەی کە ئەمریکا گرتوویەتیەبەر لە عیراق لە زۆر رووەوە چەوت بووە. بە پێداگرتنی ئەمریکاییەکان لەسەر پەیڕەوکردنی بۆچوونی بەریتانیەکان، هی ٨٠ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا، بە ئەگەری زۆر دەبێتە یەکێك لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی پرۆژەکەیان لە عیراق؛ بە زۆرەملی خستنەپاڵی باشووری کوردستان بۆ سەر عیراق زەرەر دەگەیەنێت بە خودی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و

لەوانەشە ببێتە هۆی لەدەستدانی هاوپەیمانییێکی زۆر گرنگ لە جیهانی ئیسلامیدا، کە ئەویش کوردە لە باشووری کوردستان. ئەم هاوپەیمانییە تەنها گرنگیەکی سەربازی کلاسیکی نیە، بەڵکو باشووری کوردستان دەکرێت بەئاسانی بکرێت بەو نمونە پۆزەتیڤەی کە ئەمریکا پێویستی پێیە. زۆر بە تایبەتی ئیدارەی بوش، نیشانی بدات بە رای فەرمی و نافەرمی ئەمریکی..، بەڵام ئەوەی تا ئێستا کراوە پێچەوانەکەی بووە: بەزۆر پێکەوەلکاندنی دوو جیهانی لەیەك جوودا، یەکێکیان بەر لە ماوەیەکی کەم بەشایی و زەماوەند پێشوازیی لە ٩ی ئەپریل ساڵڕۆژی کەوتنی دیکتاتۆر کرد و ئەویتریشیان تا بکرێت بە کوشتن و وێرانکاری.. ئەمریکا هەڵەیەکی مێژوویی دەکات ئەگەر بە جددی و بەدیدێکی ستراتیژیی جیاوازی نەکات لە مامەڵەکردنی ئەوانەی یارمەتی ئەمریکا دەدەن بۆ ئەوەی ئەمریکا لە ناوچەدا سەربکەوێت لە لایەك و ئەوانەی بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدەن چۆکی ئەمریکا بشکێنن.. بە هەند هەڵنەگرتنی هاوپەیمانی کوردی ئەمریکی و هەڵنەسەنگاندنی لە ئاستێکی ستراتیژی دوورخایەندا دەکرێت بە هەمان پلە زیانێکی یەکجار زۆر بدات لە کورد و ئەمریکا.

**ك. نویّ**: بە زۆری پرۆژەکە جخت لەسەر گۆڕان لە وڵاتە عەرەبیەکاندا دەکات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیانەی کە خودی کۆمەڵگای عەرەبی و ئاینی ئیسلام کەمترین زەمینەی ریفۆرمیان تێدایە، ئاستەنگەکانی ئەو پرۆژەیە لە جیهانی عەرەبیدا خۆی لە خۆیدا دەبینێتەوە..؟

**ب. یاسین**: بەڵی وایە ئەمەش لەبەر زۆر هۆ، کە لێرەدا باوەڕدەکەم بوار نیە بە وردی بچینە ناویان. بەهەرحاڵ دەکرێت ئەوە بڵێین: کە لە جیهانی عەرەبیشدا بە درێژایی کات خەڵکانێك هەبوون کە نەك هەر حەزیان بە ڕیفۆرم کردووە، بەڵکو لە ڕاستیدا خەباتیشیان بۆکردووە و قوربانیشیان بۆداوە. هەڵبەتە پرسیار ئەوەیە دەکرێت ئەمریکا دەستی بگاتە هێزە ریفۆرمخوازەکان لە ناوچەدا و چۆن دەتوانێت نیازی خۆی بۆ ریفۆرمکاری بداتە پەسەندکردن لە ناو مێشك و دڵی ئەم هێز و خەڵکانەدا.. بە بڕوای من ئەوەی لە ٥٠ ساڵی رابردوودا روویداوە بەمانای پشتگیریکردنی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل و پیادەکردنی هەندێك توخمی سیاسەت کە سەرچاوە فیکریەکەی لە باشترین حاڵەتدا دووڕوویی و لەوەش خراپتر تێکەڵبوونی

مـــەرامی ئیمپریـــالی و زایـــۆنی بـــاری وێنـــەی زۆر ڕەشـــکردووە لـــەناو عـــەرەب و موسڵمانانیدا. باشکردنی ئەم وێنەیە لە موعجیزە کەمتر نییە. ئەگەر بتـوانین وشـەی موعجیزە لە پەیوەستەگییەکی ئاوەهای سیاسیدا بەکاربهێنین. ڕێك ئەم وێنە خراپە و باوەڕنەبوونە بە ئەمریکا، کە بەشێکی گرنگە لە پێکهاتـەی کولتـووریی سیاسـی ناوچـە، کۆسـپی هـەرە گـەورەن لەسـەر ڕێگـای پەسـەندکردنی هـەر پرۆژەیـەکی ئەمریکا.. گرنگە لێرەدا ئـەوەش بڵێین کـە تاڕاددەیـەك ئـەم وێنەیـەی ئـەمریکا بـە هەمان خەستی لە گووتاری ڕژێمەکان و توخمی ئۆپۆزسیۆن (جا چ هێـزی ئیسلامی بن، چەپ بن یان خەڵکانی ڕۆشنبیر). بە مانای تر ئەم وێنەیە لە لای ڕیفۆرمخـواز و ئەوانـەی کـە دژ بـەڕیفۆرمن، وەکـو یـەك ڕەنگیداوەتـەوە.. کەواتـە چـاککردنەوەی وێنەی خۆ (واتا وێنەی ئەمریکا) لە مێشکی (فەرمی و نافەرمی) تـاك و بـە کۆمـەڵی خەڵکانی ناوچە.. بە تایبەتی لە ناوچەی عەرەبیدا، دەبێت لە لاپەڕەی نەنووسـراوی هـەرە گرنگـی پـرۆژەی ریفۆرمکـاری ناوچـەدا بـن، بـۆ ئـەوەی ئـەمریکا دەرفـەتی سەرکەوتنی هەبێت لە پرۆژەکەدا، زۆرجار سـەرمایەی زلهێزێـك، یـان هـەر هێزێکـی سیاسـی، لـە شـێوەی سـەرمایەی مسـداقیەت/متمانـە (credibility)دا هـەروەکو دەوڵەمەنـدی مـاددی و هێـزی سـەربازی گرنگـە، بگـرە لـەم حاڵەتـەی ئێمـە باسـی لێوەدەکەین گرنگتریشە..

**ك. نویْ:** هـەر بـە دەرکـەوتنی ڕووخساری سـەرەتاییەکانی پرۆژەکـە، چـەند وڵـاتێکی عەرەبی کەوتنـە خۆیـان و ڕیفـۆرمی ڕێـژەییان لـە هەنـدێك بـواردا ئەنجامـدا، ئێستا مقۆمقۆی ئەوەیانە کە پرۆژەیەکی بـەدیل (گـۆڕان لـەناوخۆ و لـەدەرەوە) بخەنـەڕوو، پێتان وایە عەرەبەکان بتوانن بە لایەنی کەمەوە لەم گۆڕانکارییە سەربەخۆ بن..؟

**ب. یاســین:** نـــا، نـــەخێر هەوڵــە عەرەبییـــەکان نـــاتوانن ســـەربەخۆبن. دەرکـــەوتنی ئەڵتەرناتیڤی عەرەبی بۆ ڕیفۆرم کردارنیە، بەڵکو پەرچەکردارە، هـەر ئـەوەش ڕێك وامان لێدەکات هەوڵەکان سەربەخۆ نەبینین، هەر نەبێت لە بۆچوونێکی فەلسەفیدا. هـەوڵی ڕیفـۆرم لـە ناوچـەی عـەرەبی لـە بیسـت سـاڵی دواییـدا، ئـەوە هەڵبەتـە بـە گشـتگیرییەکی زۆرەوە، زۆرتـر شـێوەی پەرچـەکرداری وەرگرتـووە یـان بـە مەبەسـتی پاراستنی هەندێك ڕژێمی سیاسیی بووە: لەسەرەتای ١٩٨٠کان بـە تایبـەتی لـە وڵاتـانی عەرەبی ناوچەی کەنداو وەك کاردانەوە و هەوڵی خۆپاراستن لـە شۆڕشـی ئێـران: لـە

دوای ناوەڕاستی ١٩٨٠کان وەك کاردانەوە بەرامبەر گلاسنۆس و پەرەسترۆیکا و کەوتنی کۆمەڵێك ڕژێمی تۆتالیتێر لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و دواتریش جەنگی دووەمی کەنداو.. لە گووتاری عەرەبیدا، بە تایبەت هی فەرمی، ئەم ڕۆژانە دەردەکەوێت کە هەوڵەکانی ئەڵتەرناتیڤ لە لایەن وڵاتانی عەرەبییەوە بۆ گۆڕانکاری. لە هەوڵی پاراستنی ڕژێمەکانی عەرەبی دەرناچن و هەنگاوی نێگەتیڤانەش بەرامبەر بە هەوڵی ریفۆرم کە لە"دەرەوەڕا" دێن. بە باوەڕی من ئەم کاردانەوەی عەرەبییە بۆ ریفۆرم بەلانی کەمەوە ناتوانێت یەکانگیرببێت لەگەڵ هەوڵەکانی ئەمریکادا، چونکە: ١) گووتاری سیاسی عەرەبی تا ئێستاش زۆر بە توندی دیلی بیرکردنەوەیەکی پۆستکۆلۆنیالییە، بەو مانایە جیهانی ڕۆژئاوا ناتوانێت ببێتە مایەی بەرەوپێشبردن و باشکردنی باری ژیانی ناوچەکە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەر هەوڵێکی ڕۆژئاوا بۆ ریفۆرم لە ناوچەکەدا هەر دەستتێوەردانە و ئەوەی لێیشی دەکەوێتەوە تەنها گرفت و مەینەتی زێترە؛ ٢) ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بە پلەی یەکەم بە هۆی ململانێی عەرەبی- ئیسرائیلی، جەختی زۆرتر لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی ململانێکە بووە. کاتێکیش باس هاتۆتە سەر لایەنی شارستانی ململانێکە، ئەوا بەپێی ئەم بۆچوونە جیهانی ڕۆژئاوای ئیمپریالی (بە تایبەتی ئەمریکا) و زایۆنیزم یەکدەگرنەوە بۆ داگیرکردنی ناوچە و مەحرووم‌کردنی گەلانی ناوچە لە هەموو ئامراز و هۆکارێکی پێشکەوتن. ئەم گۆتاری ناسیۆنالیستی عەرەبییە بە شێوەیەك دیلی بۆچوونی پۆستکۆلۆنیالانە بووە کە دواجار وایلێهاتووە کە بکەوێتە هەڵوێستێکی نێگەتیڤانە بەرامبەر بە جیهانی ڕۆژئاوا و ئەو کولتووورە سیاسیەی لەوێدا بەرهەمهاتووە یان دەوڵەمەند کراوە، وەکو بۆ نموونە بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ. ئەم بۆچوونە کە نەك هەر ناسیۆنالیستی عەرەبی بووە، بەڵکو هەندێك جار عەرەبی- ئیسلامی و یان بگرە رووت ئیسلامیش بووە، نەیتوانیوە بنەماکانی سیستمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ وەکو دوو بیرۆکەی گەردوونی (universal) و رووتکراوە لەناسنامە ڕۆژئاواییەکانیان ببینێت؛ ٣) ئەو ڕاستییەش دەبێت بگوترێت کە ڕووی تری دراو ئەوەیە کە، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، لە ماوەی زێتر لە ٥٠ ساڵی رابردوودا ئەمریکا پشتگیریەکی بە هێزی لە دەوڵەتی ئیسرائیلی کردووە.

لە مێژوودا (کۆن و نوێ) زۆرجار "ریفۆرم" یان گۆڕانکاری کراون بۆ پاراستنی بنەما کۆنەکان نەك بۆ بەرهەمهێنانی هەندێك بنەمای تازە، ئەم جۆرە هەوڵانەش

تەمەنکورت بوون، یان دواجار ڕێگایان خۆشکردووە بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی، هەرچەندە ئەم گۆڕانکاریە بنەڕەتییانە لە سەرەتادا مەبەست نەبوون..

بە بڕوای من ئیتر دەرگای گۆڕانکاری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کراوەتەوە، ئەمەش بە هۆی زۆر فاکتەرەوە و داخستنی ئەم دەرگای گۆڕانکاریەش لە سنووری نامومکین نزیکترە تا مومکین، بەڵام هەڵبەتە ئەم گۆڕانکاریە پڕگرفت و ململانێ و قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبێت: ئەمەش بە گشتی سروشتی هەر گۆڕانکاریەکی گەورەیە. بەر لە چەند ساڵێك لە پەرلەمانی تورکیدا نزیکبوونەوەیەکی بەلاغی لەسەر زمانی کوردی کرا کە دەڵێت: ئەگەر هۆدەیەك بێ دیواربێت، پێویست ناکات تۆ خۆت ماندوو بکەیت بە دانانی دەرگایەکی پتەو بۆی..! بەم مانایە کاتێك بۆ نموونە چەند تەلەفزیۆنێکی ستەلایتی کوردی هەبێت کە کورد لە تورکیا تەماشایان بکات، ئەوا ڕێگانەدان بە تەلەفزیۆنی کوردی لە تورکیا هیچ مانایەکی بۆ نیە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمڕۆ، کەم یان زۆر، وەکو ئەم هۆدە بێ دیوارەی لێهاتووە، دەرگادانان بۆی ناتوانێت ڕژێمەکانی ناو هۆدە بێ دیوارەکە لە تەوژمی گۆڕانکاری بپارێزێت..

**ك. نوێ:** لە حاڵەتی جێبەجێبوونی پرۆژەکەدا، ئەو گۆڕانکاریە جیۆپۆلەتیکیانە چین کە پێشبینی دەکرێت لە ناوچەکەدا ڕووبدەن..؟

**ب. یاسین:** ئەگەر مەبەستتان لە گۆڕانکاری ژیۆپۆلەتیکی گۆڕانکاری بێت لە سنووری سیاسی دەوڵەتان لە ناوچەدا، ئەوا بە ئاسانی دەتوانین بڵێین؛ هیچ گۆڕانکاری ژیۆپۆلەتیکی لە ناو پرۆژەی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی گەورە تا ئێستا جێگای نەبۆتەوە. نەك هەر ئەوە، بەڵکو لە ناو پرۆژەکەشدا کە لەچوار کۆڵەگە (pillar)ی هەرە سەرەکی پێکهاتووە، نە لە شێوەی کۆڵەگەیەکی تایبەتیدا و نە هیچ خاڵێك لە ناو چوار کۆڵەگەی ئەم پرۆژەیەدا باسی مافی کەمە نەتەوەیی و مەزهەبی و دینیەکان نەهاتووە، نە بەزۆر و نە بەکەم. ئەوە دەڵێم؛ چونکە باس لە کەمایەتیەکان ڕێ خۆشدەکات بۆ باسکردن لە مافی چارەی خۆنووسین و دەوڵەتی سەربەخۆ، کەواتە نەخشەی ژیۆپۆلەتیکی گۆڕاو. ئەوەش وەکو ئەگەر دەمێنێتەوە کە ئایا لە قۆناغەکانی داهاتووی گەڵاڵەبوونی پرۆژەکە جێگای باسکردن لە کەمایەتیە نەتەوەییەکان دەبێتەوە یان نا..؟ وادەزانم گۆڕانکاری ژیۆپۆلەتیکی هەرە

نزيك، له ڕاستيدا هەره گرنگيش بۆ سەركەوتنى پرۆژەی ئەمريكا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەوره، راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستينە. لەلايەكی ترەوە هەر نەبێت يەكێك لەشارەزايان كە باسی لەپرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە كردووە ئەو پرسيارە دەكات: ئايا ئەگەر كێشەی فەلەستين بە دامەزراندنی دەوڵەتێكی فەلەستينيی سەربەخۆ چارەسەر ببێت، ئايا كێشەی كەشمير و كورديش بە دامەزراندنی دەوڵەتی كەشمير و كوردستانی سەربەخۆ تەواودەبن..؟

ئەز بەدووری نازانم پرۆژەی ئەمريكا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە هەندێك لاپەڕەی نەنووسراوی هەبن؛ ئەو لاپەڕانەی كە هەر ئێستاش هەن، بەڵام شاردراوەن و رانەگەيەنـدراون و لـە كـاتی گونجـاوی خۆيـدا دەكرێـت رابگەيەنـدرێن يـاخود بەشێوەی هەنـدێك گۆڕانكـاريی كـە لـەڕووی پراكتيكييـەوە بەسـەر پرۆژەكـەدا دێـن بەپێی هەندێك پێداويست لەڕۆشنايی (realpolitik)دا..

بەڵام ئەگەر مەبەستتان پێناسە هەره فراوانی وشەكەيە، ئەوا بە ئاسانی دەكرێت بڵێين؛ بەڵێ لە حاڵەتی جێبەجێبوونی ئەم پرۆژەيە گۆڕانكاری ژيۆپۆلەتيكی گەورە روودەدەن بە هۆكاری ئەم پرۆژەيەوە. بە مانا هەره فراوانەكەی، چەمكی ژيۆپۆلەتيك سيستمی سياسيش دەگرێتەوە، بەم پێيە يەكێك لە پێوەرەكانی بەهێزی يان بێهێزی هەر وڵاتێك سيستمە سياسيەكەی وڵاتەكەيە. زۆر بە گشتی ريفۆرم لە بوارەكانی ئـابووری و كۆمەڵايـەتی و بـواری ديموكراسـی و..هتـد دەبنـە هـۆی گۆڕانكـاريی ژيۆپۆلەتيكی لە ڕەهەندی سيستمی سياسيەوە.

**ك. نـوێ:** نەخشـەی پـرۆژەی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتی گـەورە پڕاوپـڕ ئـەو ناوچـانە دەگرێتەوە، كە كوردستانيان بەسەردا دابەشكراوە، كورد چيی پێـدەكرێت بـۆ ئـەوەی لە حاڵەتی جێبەجێكردنيدا بە قازانجەوە دەربچێت..؟

**ب. ياسين:** بە بڕوای مـن دەنگێكـی زۆر گـرنگ كـە دەبێـت ببێـت لـە بـاس و خواسـی پرۆژەی ئەمريكا بۆ ريفۆرم لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، دەنگی خـەڵكی كوردسـتان و دۆزەكەيـەتی. شـتێكی حاشاهەڵنەگرە كـە كێشـەی كـورد بەدرێـژايی ٨٠ سـاڵی رابـردوو كێشـەيەكی هـەرە گرنگـی ئيتنيكـی- سياسـی بـووە كـە ڕووبـەڕووی كۆمەڵێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتـەوە. هـەتا ئيمـڕۆ ئـەم كێشـەيە بـەبێ چارەسەرێكی بنەڕەتی ماوەتەوە.

نکوڵی لەوە ناکرێت کە زلهێزەکان بە ئەمریکاشەوە تا ئێستا ناخوازن کێشەی کورد بە تایبەتمەندیەکی خۆیەوە ببینن، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا وەکو بەشێك لە کێشەی سیاسی ناوخۆی ئەو وڵاتانەی کە کوردی تێدا دەژی، ببینن. نەك هەر ئەوە، بەڵکو زۆربەی کات چاوپۆشیش کراوە لە قەوارە و رۆڵی ئەم کێشەیە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە لایەکی ترەوە لە ڕۆژێکی وەك ئیمڕۆدا گرنگیی بوونی سەکۆیەك یان چوارچێوەیەکی نەتەوەیی کوردستانی کە لەوێدا گوزارە لە پرسە هەرە سەرەکی و گشتیەکان بکرێت و چوارچێوەیەکی هەرە گشتی کێشەی کوردستانی پێناسە بکرێت و بە جیهان بناسێنرێت نیە. لە دەرەفەتێکی وەکو ئیمڕۆدا گومان لەوەدا نیە چوارچێوەیەکی گشتی ئەوها دەکرا خزمەتێکی گەورە بگەیەنێت. لە پێناسەکەیدا کە سەکۆیەکی ئەوها بەرهەمی دێنێت پێویست نیە سیاسەتی سفر یا سەد (بە مانای هیچ یان هەموو) پیادە بکرێت. بەڵکو دەکرێت لەوپەڕی بۆچوونێکی پراگماتیکی و فراواندا گوزارە لە چوارچێوە هەرە گشتیەکەی کێشەی کوردستان بکرێت. بە بۆچوونی من ئیمڕۆش درەنگ نیە ئەگەر هێزە سەرەکیەکانی کوردستان بە پەلە پرۆژەیەکی کوردی (یان تەسەورێکی کوردی لەسەر هەر پرۆژەیەکی ریفۆرم) بخەمڵێنن و بخەنە ڕوو.

بە باوەڕی من ئەو رۆژە بەسەرچوو کە بە هۆی جوگرافیای سیاسی کوردستان، کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەتوانێت بە ڕاشکاوی تەسەوری خۆی بدات دەربارەی کێشەکانی ناوچە و چۆنیەتی چارەسەرییان. هەر نەبێت لە چوارچێوەی چەند خاڵێکدا دەکرێت کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەیەندرێتە هەر ئەکتەرێکی نێونەتەوەیی کە ڕاستەوخۆ پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دەخەمڵێنێت یان کاریگەری بەسەرەوە هەیە، بەتایبەتی ئەوەی لەبەر دەرگایە کۆبوونەوەی گرووپی هەشتە کە لە مانگی حوزەیراندا دەکرێت. کورد ئیمڕۆ لە شێوەیەکی هەرە فراواندا دەتوانێت بڵێیت: ١) پرچەککردن و میلیتاریزم لە تورکیا و عیراق و ئێران و سوریا تاڕاددەیەکی زۆر پەیوەندی بە حاڵەتی ناهێمنی و گرژییەوە لەو وڵاتانەدا هەبووە و هەیە کە ئەوەش دەرهاویشتەیەکی راستەوخۆی کێشەی کورد بووە؛ ٢) ئەم گرژی و حاڵەتی ناهێمنییە کاریگەریەکی یەکجار زۆر نێگەتیڤانەی هەبووە بۆ سەر پرۆسەی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەدا، چونکە بۆ ساڵانێکی زۆر لەم وڵاتانەدا سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی بەکارهێندراون بۆ

بـەزەبروزەنگ "چارەســەرکردنی" کێشــەی کـورد. ئـەم شـێوە سیاســەتە نـەك هـەر چارەســەری کێشــەکەی لێنەکەوتۆتــەوە، بــەڵکو دەرئەنجامەکــەی هــەر وێرانکــاری و پرۆســەیەکی تراژیـدیاوی بـووە؛ ٣) باسـکردن لـە دیمـوکراتیزەکردن و پێشـکەوتن و گەشەپێدان و فێربـوون و کۆمـەڵگای شارسـتانی لـەم وڵاتانـە فەراهـەم نابێت ئەگـەر چارەسەرکردنێکی بنەڕەتی کێشەی کورد نەکرێت. بە باوەڕی مـن کـورد دەرفـەتێکی لەپێشە، ئەمە بە پلەی یەکەم ئەرکی سەرشانی سـەرانی کـوردە و زۆر بـە تایبـەتیش بەرپرسـانی هێـزە سـەرەکیەکان، کـە هـەموو هـەوڵێك بـدەن لـە ڕێگـای ئـەمریکا و ئـەڵمانیا و فەرەنسا و وڵاتـانی تـری ئەنـدام لـە گرووپـی هەشـت و ئەنـدامانی تـری یەکێتی ئەوروپا لە پێناو هەر نەبێت، بە ڕستەیەکیش بێت، بـاس لـە کێشـەی کـورد بکرێت لە سیغەی کۆتایی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا، لەم بارەیەوە هێزە سیاسیەکانی باشووری کوردستان بەرپرسی تایبەتییان دەکەوێتە سەرشان.

ئەگەر نەکرا لە ناو لاپەڕە نووسراوەکانی پرۆژەکە جێگای کورد ببێتەوە، دەکرێت بە بیرکردنەوە لە هەنـدێك شـێوازی جیـاواز لـە شـێوە کلاسـیکیەکەی بزاڤـی سیاسـی کوردی لە باشوور و جیـا لـەوەی کـە تـا ئێسـتا ئەمریکاییـەکان کردوویانـە لـە عـیراق ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکی تردا ببردرێت لـەوەی کـە تـا ئیمـڕۆ هـەبووە، بـە شێوەیەك کە زێتر لە بەرژەوەندی ئەمریکا و خەڵکی کوردستاندا بێت.

# هەڵبژاردنەکانی عیراق و پۆستی سەرۆککۆماری
# لە گۆشەبینینی دامەزراندنەوەی
# دەولەتی عیراقەوە

**خەڵکی کورد لە باشووری کوردستان بەشداریان کرد**
**لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتێك کە دواجار بچن**
**داوای مافەکانیان لە هەمان دەوڵەت بکەن!**

**سوید ٢٠٠٥/٥/١**
**ئەم بابەتە لە بەهاری ٢٠٠٥ لەهەندێك ماڵپەڕی کوردیدا بڵاوبۆتەوە**

## ناوەڕۆکی بابەت


- لەبڕی پێشەکی
- هەڵبژاردنەکانی عیراق
- پۆستی سەرۆککۆماری
- پۆستی سەرۆککۆماری و سیاسەتە کوردیەکان
- پۆستی سەرۆککۆماری: دەرفەت یا لەدەستدانی دەرفەت!
- ئەزموونی بوونی کورد لە ناوەندی دەستهەڵات
- دەرئەنجام
- پەراوێزەکان

## لەبڕی پێشەکی

وەکو ئاشکرایەڕووخانی ڕژێمی بەغدا ڕووداوێکی یەکجار گرینگ بوو لە مێژووی عیراقدا بە گشتی و باشووری کوردستاندا بە تایبەتی. ڕووخانی ڕژێم لە ئاکامی کودەتا یا پیلانگێران نەبوو، بەلکو ڕوخانێکی بنەرەتی و بە تەواوەتی دەوڵەتی عێراق و دامەزراوە هەرەگرینگەکانی بوو، لەپێش هەمووشیانەوە دامەزراوەکانی زەبرو زەنگ. هەڵوەشانەوەی دامەزراوەکانی زەبر و زەنگ، بە تایبەتی هێزی چەکداری، تێکشکانی کۆڵەگەیەکی هەرەگرینگ بوو کە دەوڵەتی عیراقی لەسەر بیناکرابوو. هەروەها دەتوانین، لە هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عیراقدا، باس لە ڕوخان و شکستی زۆر لەو بۆچوونە فیکری و سیاسیانەی کە دەوڵەتی لەسەر دامەزرابوو، یاخود لە پرۆسەی بوونی ئەو دەولەتەدا بە توندی جێگەی خۆیان کردبۆوە.

هەڵبەتە ئەو پرسیارەی بە تایبەتی بۆ کورد گرینگە ئەوەیە ئایا ئەم دەوڵەتە چەندە دەکری دووربخرێتەوە لە بنەماکانی زەبر و زەنگ و بنەما ئایدیۆلۆژی و سیاسیەکانی عیراقی پێشوو. بە مانایەکی تر لەم ڕووەوە چەند عیراقی دوای سەدام دەتوانی عیراقێکی نوی بی.

دیارە ڕووخانی دەوڵەتی عیراق گەلی کوردی لە باشووری کوردستان بەرەوڕووی پرسیارێکی گەلێ گرنگ کردەوە کە لە راستیدا لە هەمان ئەو پرسیارە دەچی کە لەدوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی هاتە پێشەوە. بەڕووی هەردوو ڕووداودا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا کورد لە باشووری کوردستان قەبوڵ دەکا ببێت بە بەشێك لەو دەوڵەتەی کە دادەمەزرێ/دادەمەزرێتەوە یا هەوڵی بەخۆبوون و ڕەدکردنەوەی ئەم دەوڵەتە دەدات و بەم پێیەش خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی خۆی سەردەخا بۆ ئەلتەرنەتیفی تر، واتە ئەلتەرنەتیفی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی تایبەت بەخۆ؟

لەم وتارەی بەردەستدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە نادەم. لە لایەکی ترەوە بەبی کردنی ئەو پرسیارە ئاستەمە بچینە ناو ئەو بابەتانەی کە بە شێوەیەك یا شێوەیەکی تر پەیوەندیدارمان دەکەن بەم پرسیارەوە. بە باوەری من تەواوی ئەو پێشوەچوونانەی دوای روخانی ڕژێمی بەعس و دەوڵەتی عیراق، دەکری بە شێوەیەك یا شێوەیەکی تر، وەتا ئەو جێگەیەی خەڵکی باشووری کوردستان مەبەستی لێدوانە، بخرێنە ناو چوارچێوەی ئەو پرسیارەی سەرەوە.

مەبەستی ڕاستەوخۆ لەم وتارەی بەردەست هەوڵدانە بۆ خوێندنەوەیەکی تر بۆ هەلبژاردنەکانی عیراق (٢٠٠٥/١/٣٠) وە هەروەها دواتر هەلبژاردنی کوردێك، واتە بەڕێز جەلال تاڵەبانی (دواتر لەم وتارەدا تاڵەبانی)، بۆ پۆستی سەرۆککۆماری لە عیراق. ئەو بۆچوونەی کە پیادەشیدەکەم لەم وتارەدا بریتیە لە هەڵسەنگاندن و باسکردنی هەلبژاردن و مەسەلەی پۆستی سەرۆککۆماری لە چوارچێوەی پرۆسەی سەرلەنوی دامەزرانەوەی عیراق لە ڕوانگەی ململانێی پەیوەندیدار بە دوارۆژی کورد. وە هەر لەم چوارچێوەیەشەوە ڕاوەستانێك لەسەر لایەنی پەیوەندیە (کوردی - کوردی)ەکان دەکەم بە پەیوەندی لەگەڵ ئەم پرۆسەو پرسی دەسەڵاتە، بە تایبەتی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان (دواتر لەم وتارەدا پدك و ینك). لەم وتارەدا باسکردن لە پۆستی سەرۆککۆماری پەیوەندیدارکراوە بە کۆمەڵێك مەسەلەی تر لەوانەش پرسی پەیوەندیە (کوردی - کوردی)ەکان، پرسی دەسەڵاتی سیاسی و شێوەی کارکردنی کورد لەگەڵ دەوڵەتی عیراق و پەیوەندیە(کوردی - کوردی)ەکان.

بەهەر حاڵ، مەبەست لەم باسە بە زەرورەت ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی بە مانای ووشە ئەکادیمی نیە، بەڵکو بەشداریەکە لەو گفتوگۆیانەی کە لێرەو لەوی لەسەر هەندێك پرسی پەیوەست بە عیراق و باشووری کوردستان دەکرێن.

## هەڵبژاردنەکانی عیراق

دەشێ یەکەم هەڵبژاردنەکانی عیراق، دوای روخانی رژێمی بەعس، لە گۆشەبینینی جودا جوداوە تەماشا و ڕاڤەبکرێن. ئەوەی لە گووتاری رەسمی کوردیدا زۆر کەم ئاماژەی پێکراوە ئەو ڕاستیەیەکە ئەم هەلبژاردنانە یەکسەر دەچنە خانەی پرۆسەی سەرلەنوی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق و سەرلەنوی لکاندنەوەی باشووری کوردستان بەو دەولەتەوە. بە بۆچوونی من بەشداریکردنی کورد لە باشووری کوردستان لەو هەڵبژاردنانەدا، بە تایبەتی هەلبژاردنی پەرلەمانی عیراق، بە بڕیاری یەکبووی سەرکردایەتی سیاسی وە بە بەشداریکردنی زێتر لە ٧٠٪ لە خەڵکی کوردستان، رووداوێکی سیاسی یەکجار گرنگ بوو لە پرۆسەی لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی عیراقەوە.

هەڵبەتە ئەم پێشوەچوونەش زۆر ئاکامی هەنووکەیی و پەیوەندیدار بە دوارۆژی

باشووری کوردستانی لێدەکەوێتەوە. بە باوەڕی من یەکێك لە گرنگترین ئەم ئاکامانە ئەوەیە کە بەشداری لەم هەڵبژاردنانەدا بە بڕیاری سیاسی و بە بەشداری ئەم ڕێژەیەی خەڵکی کوردستان بیانویەکی زۆر گرینگ، بە هەرسێ ڕەهەندەکانی ڕابردوو و ئێستا و دوارۆژ، لە دەست خەڵکی باشووری کوردستان دەردەهێنێت: ١) ڕەهەندی ڕابردوو (ڕەهەندی مێژوویی): وەك ئاشکرایە لە گووتاری سیاسی و بگرە لێکۆڵینەوە ئەکادیمیەکانیشدا بەردەوام بانگاشەی ئەوە کراوە (یا بیانوی ئەوە هێنراوەتەوە) کە بەڵی باشووری کوردستان ئەو هەموو ساڵانە (ئێستا ٨٤ ساڵە) بە زۆرەملێ و بەبێ ویستی خەڵکەکەی لکێندراوە بە دەوڵەتی عیراقەوە. ترسی ئەوە هەیە، کە بە بەشداریکردنی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا وە لەڕێگەی ئەم بەشدارییە ڕەووایی بەخشین بە لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە عیراقەوە، گەلی کورد ئەم بیانوە مێژووییە لە دەست بدا؛ ٢) ڕەهەندی ئێستا (ڕەهەندی هەنوکەیی): بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا هەموو ڕەواییەکی بەخشی بە لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە عیراقەوە وە بەم مانایەش کورد بیانویەکی سیاسی هەنوکەیی (لە خەباتی ئیمڕۆیدا) بۆ گوزارش لە خۆی و کوردستان و مافەکانی بۆ جیابوونەوە لەدەست دا. ئیمڕۆ کورد ناتوانێ بە ئاسانی بەڕای گستی نێونەتەوەیی بڵێ کە باشووری کوردستان وا خەریکە بە زۆر دەلکێندرێتەوە بە عیراقەوە. بە مانایەکی تر جوڵانەوەی سیاسی لە باشووری کوردستان ناتوانی ڕووی گلەیی لە کۆمەڵگەی جیهانی بێ چونکە خۆی تێکەڵبووە، بە"بەشداریەکی ئازاد و دیموکراسیانە"، لە پرۆسەی سەرلەنوی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق؛ ٣) لە ڕەهەندی دوارۆژەوە: ڕوو لە دوارۆژ، لەوە دەترسم کە ئەم بەشدارییە لە هەڵبژاردنەکاندا نەوەکانی دوارۆژیش، هەرنەبی لە باشووری کوردستان، بێبەش بکات لەو بیانویەی کە باوك و باپیرانیان لە کاتی دامەزرانەوەی عیراق بە زۆر لکێندراون بەو دەوڵەتەوە.

گرنگە هەر زوو ئەوەش بڵێین کە هەڵبژاردنەکان یەکەم و تاکە ئێستگە نەبوون لە پرۆسەی دامەزراندنەوەی عیراق، بەڵام بێگومان لە ڕووی ڕەوایی سیاسیەوە و بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە لەسی خاڵی سەرەوە خرایەڕوو، گرنگترین و چارەنووسسازتریانە. دیارە ئێستگە گرینگەکانی بەشداریکردنی کورد لە ئاستی سەرکردە سیاسیەکەی لە پرۆسەی سەرلەنوی بیناکردنەوەی عیراق جگە لە

کۆنفرانسی لەندەن (دیسەمبەری ٢٠٠٢ )، کە بەر لە ڕووخانی ڕژێمی سەدام ئەنجامدرا، ئەمانەن: کۆبوونەوەی ناسریە (ناوەڕاستی ئەپریلی ٢٠٠٣)، پەیمانی ئیدارەی دەوڵەت لە نێوان تاڵەبانی و پۆل برێمەر لەنۆڤێمبەری ٢٠٠٣، یاسای ئیدارەی دەوڵەت (مارسی ٢٠٠٤)، وە لە هەمووشیان گرنگتر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکانە (ژمارە١٥٤٦، لە ٢٠٠٤/٦/٨).

ئەم ئێستگانە هەموویان گرینگن لە پرۆسەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقدا، هەر یەکەیان بە شێوەو ڕادەی خۆی، بەڵام گرینگترینیان لە ڕووی ڕەواییدانی سیاسی و یاسایی لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی عیراقەوە، بەشداریکردنە لە هەڵبژاردنەکاندا؛ ئیتر ئاسان نیە بۆ خەلکی کورد کە بڵی لکاندن بڕیاری چەند کەسانێك بوو لە سەرکردایەتی سیاسی کورد و خەڵکی کوردستانیش پرسی پێنەکراوە. ڕاستە کە لە هەڵبژاردنەکاندا پرسیارێکی ڕاستەوخۆ نەکرابوو دەربارەی بۆچوونی خەڵکی لەمەر لکاندنی باشووری کوردستان بە عیراقەوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە کەس ناتوانی نکۆڵی لەوە بکات کە هەڵبژاردنەکان ئێستگەی هەرە گرینگن لە لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە عیراقەوە و لە دوارۆژیشدا بە ئەگەری زۆر بەم شێوەیە دەبینرێ و لەلایەن بەرهەڵستکارانی سەربەخۆیی کوردستانیش لەم ئاراستەیەدا بەکاردێت.

## پۆستی سەرۆککۆماری

بۆ وەدەستهێنانی پۆستی سەرۆککۆماری یا سەرۆکوەزیران بۆ کوردێك، هەوڵی زۆر درا لە لایەن لیستی هاوپەیمانی کوردستانیەوە. هەر زوو، لە پێش هەڵبژاردنەکانەوە، هاوپەیمانی کوردستانی کەوتە هەوڵی پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە یەکێك لەو پۆستانە بدرێ بە کورد.

هەروەك دەزانری لە ڕێکەوتنێکی هەردوو مەکتەبی سیاسی پدك و ینك (٢٠٠٤/١٢/١) چوارچێوەیەك بۆ دابەشکردنی دەستهەڵات و پۆستەکان بڕیاری لەسەر درا. دیارە مەسەلەی هەرە گرینگ ڕێککەوتن بوو، هەڵبەتە بەبێ گەڕانەوەی پێشوەخت بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەسەر ئەوەی کەوا تاڵەبانی کاندیدکراوی کورد بێ بۆ پۆستی سەرۆککۆماری عیراق و بەڕێز مەسعود بارزانی (دواتر لەم وتارەدا بارزانی) دەستنیشانکرا بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، ئەو پۆستەی کە هێشتان

پەرلەمان بڕیاری لەمەڕ وەرنەگرووە. من وایبۆدەچم کە بەم بڕیارە نەك هەر لەیەکتر نزیکبوونەوەی پدك و ینك هەنگاوێك بەرەو پێشەوەنەچوو بەڵکو ئەم بڕیارە، دواتر لە ئاستی پراکتیکیدا و ئەو ڕووداوانەی کە لە هەڵبژاردنی تاڵەبانی وەك سەرۆککۆمار کەوتنەوە، بوونەتە مایەی نیگەرانی خەڵکی کوردستان. لە ڕاستیدا لەم ڕۆژانەدا پەیوەندیەکانی پدك و ینك ئەوەندە گرژیان پێوە دیارە کە زیاتر هەواوکەشی ڕۆژانی بەر لە جەنگی خۆکوژی بەبیردەهێننەوە. دیارە تا تاڵەبانی هەڵنەبژێردرابوو وەك سەرۆککۆمار دەرفەتی ئەوە زیاتر بوو کە کورد بەیەك دەنگ گووتارە سیاسیەکەی بخەملێنی و بە یەك هەنگاو لە ململانێ ئالۆزە سیاسی و دەستوری و دیپلۆماسیەکانی پەیوەندیدار بە کوردستان و عیراق بەرەو پێشەوە بڕۆن.

ئەوەی کە جێگەی نیگەرانیە تەنها ئەو گرژی وحالەتی ململانێ ئاشکرایە نیە کە ڕاستەوخۆ لە ڕۆژانی دوای هەڵبژاردنی تاڵەبانی، لێرە و لەوێ، لە نێوان لایەنگران و ئەندامانی پدك و ینك دەرکەوت، بەڵکو ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەم دابەشکردنی دەستهەڵاتە لە نێوان تاڵەبانی و بارزانیدا ببێتە بنەما بۆ سەرهەڵدانی دوو جۆرە سیاسەت، یا ڕاستتر بڵێین دوو ئاراستەی سیاسی: یەکێکیان باوەڕی بەوە بێ کە هەموو قورساییەکان بخرێنە بەغدا ئەوی تریش بە پێچەوانەوە هەنگاو بە هەنگاو لە بەغدا دوربکەوێتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی باشووری کوردستان و جولانەوەی سیاسی لەم بەشەی کوردستان کە کورد بەم شێوەیە لە لایەکەوە خاوەن دەستهەڵات بێت لە بەغدا بەڵام لە هەمان کاتیشدا دۆزەکەی بە تەواوەتی لەم بەشەی کوردستان چارەسەر نەکرابێ و بەردەوامبێ لە داواکارییەکانی بەڕووی بەغدادا. لەڕاستیدا کێشە هەرەگرنگەکان دەربارەی کەسایەتی سیاسی و دەستوری سیستەمی فیدرالی و مەسەلەی کەرکوك لەگەڵ ئەویشدا ئەو ناوچانەی کە دەبی بخرێنەوە سەر کوردستان و هەندێ مەسەلەی تری گرینگ هێشتان چاوەڕوانی چارەسەری بنەڕەتین. بە گشتی کەسایەتی کورد وەکو پێکهاتەیەکی سیاسی و یاسایی لە ناو عیراق و ناسنامەی ئەم وڵاتە (دەوڵەتە)دا مەسەلەیەکی یەکجار گرینگە و مانەوەی عیراق بە ناسنامەی پێشتری وەك دەوڵەتێکی عەرەبی یەکێك لە تەحەدداکانی دوارۆژ دەبێت. لە ڕاستیدا ڕاگرتن و ئیدارەکردنی (بە مانا سیاسیەکەی ووشەی ئیدارە) هاوسەنگی لە ناو ئەم هاوکێشە تازەیەدا، بە حاڵەتە

سیاسـی و دیپلۆماسـیەکەیەوە، کـارێکی ئاسـان نابێـت. حاڵـەتی پەیوەندییـە ناسەقامگیربوو ورگرژەکانی پدك و ینك دەکرێ هەڕەشەیەکی هەرە جددی بێت بۆ ئەو ئیدارە پێویستە.

ئەو بارودۆخە هەنووکەییە چارەنووسسازەی کە باشووری کوردستانی بەرەوڕوو بۆتەوە نەك هەر پێویستی بە ئەم خۆهەڵکێشانی پدك و ینك لەبەرامبەر یەکتر نیە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەم خۆهەڵکێشانە بەرامبەر یەکتر دەتوانی هۆکارێك بێت بۆ سەرهەڵدانی ڕوداوی تێکدەر و بگرە پشتشکێنیش بۆ خەڵکی باشووری کوردستان: وەختێك پدك سەرکەوتنێکی ینك بەزەرەری خۆی دەزانێ، نەك بە قازنجێك بۆ خەڵکی کوردستان، وەختێکیش ینك سەرکەوتنێکی پدك بەزەرورەت بە زیان بۆ خۆی لە قەلەم دەدات، نەك بە قازانج بۆ خەڵکی کوردستان، ئەو کاتە دەبی بزانین کە پەیوەندیەکان هی تەبایی نین بەڵکو هی ململانێیەکی تێکدەرن.[1] پرسیار ئەوەیە ئایا گەر تاڵەبانی لە چوارچێوەیەکی قانونیدا تەنها ٨-٩ مانگ سەرۆك کۆماری عیراق بێت دوای ئەوە گەر هەڵنەبژێردرێتەوە دەبێ بە حوکمی قانون وازبێنی لە سەرۆکایەتی ئایا ئەو کاتە بارزانیش واز لە سەرۆکایەتی دەهێنێ؟ لەوە دەترسم کە بارزانی وا تێبگا و بەو ئاراستەیەش کار بکا کە ئیتر هەتا هەتایە سەرۆکایەتی هەرێم هی ئەو و بنەماڵەکەیەتی. ئایا لە بەرامبەر پێشهاتێکی ئەوهادا ینك چۆن هەڵسوکەوت دەکا و کار و کاردانەوەکان لە نێوان ئەو دوو هێزەدا لە باشووری کوردستان بەرەو کوێ دەبەن؟

## پۆستی سەرۆککۆماری و سیاسەتە کوردیەکان

هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، هەر هەنگاوێك بۆ بەشداریکردنی کورد لە دەسەڵاتی مەرکەزیدا دەتوانێ لە باشترین حاڵەتدا شیرێکی دووسەر بێت: سەرێکیان بەکاربێت لە ململانێ سیاسی و دەستوریەکاندا بە ئاراستەی وەدەستهێنانی مافەکانی کورد، کە دیارە ئەمە ڕێك باوەڕی سەرکردایەتی سیاسیە لە باشووری کوردستان. لە لایەکی ترەوە سەری تری شیرەکە دەتوانی (یا هەرنەبی ئەگەری ئەوەی لێدەکرێ) کە ڕێك بە پێچەوانەوە کورد خۆی ببڕێ. سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان نایەوێ ئەو سەرەی (دووهەمی) شیرەکە ببینێ، یا هەرنەبی ناخوازی بە شێوەیەکی کراوە و ئاشکرا باسی لێوەبکا. لێرەدا هەوڵی ئەوە دەدەم کە

بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکان و وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماری لە لایەن کەسێکی کوردەوە وەکو شیرێکی دووسەر تاوتوێ بکەم.

تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بە ئەگەری یەکەمەوە (واتە لایەنی پۆزەتیفی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانەوە) هەیە، ئەگەر خۆشبینانە تەماشای پێشوەچوونەکان بکات، مرۆڤ دەتوانی بڵی کە کۆمەڵێك هۆکار دەتوانن ببنە ڕێگەخۆشکەر بۆ ئەوەی کورد لە ڕێگەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان بتوانی ئامادەبوون و ڕۆڵی چالاکانەی لە دەستەهڵاتی ناوەندیدا ماف و ئامانجە نەتەوەییەکانی مسۆگەر بکات. ئەوەی کە زۆریش گرنگە کە ئەگەر کورد، لە باشترین حاڵەتدا، لە ڕێگەی بەشداری چالاکانەی لە ناوەندی دەستەهڵاتەوە ئەو مافانەی بەدەستهێنا دەبێ ڕێکەوتن و دەستور و یاساکان بە شێوەیەك بن کە ئەگەر عیراق لە تاقیکردنەوەی دیموکراسی و سیستەمی فیدرالیدا پاشەکشەیکرد ئەوا کورد پێویست نەکات جارێکی تر ملی شاخ بگرێتەوە. بە باوەڕی من بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری ئەوەی کە ئەزموونی عیراق لەوانەیە پاشەکشێیەکی جددی بکات، شتێکی هەرە زەروری ئەوەیە کە دەبێ ئەو شتانەی کە کورد لە ڕێگەی بەشداریکردنەوە بەدەستی دێنێ لە چوارچێوە سیاسی و دەستوری و یاساییەکان پەراوێزێکی پێویست بۆ کورد مسۆگەر بکات بە ڕووی هەر ئەگەرێکدا. جگە لەوە پێویستە کورد خاوەنی هێزی چەکداری خۆی بێت، ئەم هێزەش بە بڕیاری کورد خۆی بجولێتەوە. ئەگەرنا زەمانەتی نێونەتەوەیی ئاشکرا و ڕوون پێویستن بۆ ئەوەی کورد لە کاتی پێویستدا بۆیان بگەڕێتەوە. بەستنەوەی زەمانەتێکی ئەوها بە ماق بەکارهێنانی هێز یا ماق داواکردنی بەرگری لە نەتەوەیەکگرتوەکان یا هێزێکی دەرەکی (با بڵێین بۆ نمونە ئەمریکا) وە بەستنەوەی ئەم زەمانەتانە بە ماق گەڕانەوە بۆ حوکمی خەڵك لە ڕێگەی ریفەراندەمێکی بێ مەرج و بێ هیچ پەناوپێچێکی دەستوری یا یاسایی، دەتوانن یارمەتیدەربن بۆ کورد بۆ ئەوەی جارێکی تر نەگەڕێتەوە دۆخێك کە لەهی دوێنی بچێت، ئەگەر پاشگەزبوونەوەیەك لە تەواوی پێکهاتەی دەستەهڵات و پێکهاتەی سیاسی لە عیراق ڕوویدا. بە باوەڕی من لایەنە نێگەتیڤەکانی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان بەو قورسیەوە (بە مانایەکی تر سەری تری شیرەکە کە دەکری کورد خۆی ببڕێ) هەر زوو دەکرێ بڵێین دەرکەوتوون. لە ڕاستیدا هەر زوو بەر لە ڕووخانی ڕژێمی سەدام، بەڵام بە تایبەتی دوای کەوتنی ئەو ڕژێمە،

بەشداریکردنی کورد بە هەموو قورسایی سیاسیەوە لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقدا کۆمەڵێك ئاکامی نێگەتیڤی لێکەوتەوە. لە گۆشەبینینی فەلسەفەی سیاسیەوە ئەم بەشداریە نەك هەر ئاماژە بەڵکو بەرجەستەبونێکیشە بۆ ئەو بۆچوونەی کە پێدادەگری لەسەر ئەوەی کە کێشەی کورد کێشەی نەتەوەیەکی دابەشکراو نیە، بەڵکو کێشەی چەند گەلێکی دابراوە لە یەکتر و هەر یەکەشیان لەم گەلانە دەبێ بە شێوەی تایبەتی خۆی چارەسەر بکات. ئەوەشی کە کوردێك بوەتە سەرۆککۆماری عیراق، وە کە ئەمەش دەکرێ لە هەر وڵاتێکی تر کە کوردی تێدا دەژی ڕووبدات، بە پێویست شتێکی پۆسەتیف نیە بەڵکو دەکرێ زۆر نێگەتیڤیش بێت بۆ سیاسەتە کوردیەکان، لە ئاستی ناوەخۆیی و جیهانیدا. بە مانایەکی تر ئەم حاڵەتەی کە لە عیراق ڕوویداوە دەکرێ ببێ بە"بەنجێکی" یا ئامرازێکی سڕکردنی دیپلۆماسی لە ڕووی دەرەوەی (یا نێونەتەوەیی) کێشەی کورد و جارێکی تر کێشەی کورد بە توندی بەناوخۆیی بکاتەوە. کەس ناتوانێ ئیمڕۆ لەوە سڵبکاتەوە کە لایەنی کوردی لە باشووری کوردستان بە تەواوەتی وازیان لەو دیپلۆماسیەتە هێناوە کە باس لە زوڵم و زۆر (یا هەرنەبێ ئەگەری دووپاتبوونەوەی زوڵم و زۆر) لە کورد دەکات. نەك هەر ئەوە بەڵکو بگرە ئەم دیپلۆماسیەتە باس لە ئەگەری هەڵگەڕانەوە و شکستهێنانی ئەزموونی عیراق لە دیموکراسی و سیستەمی فیدرالیش ناکات، وەکو ئەوەی کورد ئیتر پشتراستە لەوەی کە ئەم ئەزموونە سەد لە سەد سەرکەوتوو دەبێت و لەبەر ئەوەش پێویستی بەوە نیە بە ڕووی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا گوزارش لە ئەگەرەکانی سبەینێ بکات. لە ڕاستیدا ئیمڕۆ کورد خۆی چەند سەفارەتێکی بەدەستەوەیە و بەم شێوەیەش کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وا دەزانی ئیتر کورد دەستهەڵاتی بەدەستە و پێویستیشی بە باسکردنی مەسەلە تایبەتیەکانی خۆی نیە و "تەنانەت ئەوە کوردە لە عیراق کە مافی خەڵکی تریش دەدات." لێرەدا پێویستە ئەگەری ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی بێتە ئەو قەناعەتەی کە ئیتر کورد لە عیراق چیتر پێویستی بە باسکردن لە زەمانەت و پشتگیری نێونەتەوەیی نیە و پێویست ناکات کورد لە دوارۆژی خۆی نیگەران بێت. دەکرێ ئیمڕۆ کۆمەڵگای جیهانی لەو باوەڕەدا بێت کە "مەسەلەیەکیش نەماوە لە عیراق بە ناوی مەسەلەی کورد" بەڵکو ئەو شتەی کە هەیە پرۆسەیەکی دیموکراسیانەیە کە کوردیش بە شێوەیەکی یەکسان تێیدا چالاکانە بەشدارە.

لـه ڕووی ناوەخۆییـەوە دەکـرێ بەشـداری کـورد لـە هەڵبژاردنـەکان و وەرگـرتنی پۆستی سەرۆککۆماری لە لایەن تاڵەبانیەوە ببێتە هۆی بەنجبوونی کورد لە باشووری کوردسـتان و بـەم مانایـەش ببێتـە هـۆی ئـەوەی کـە کـەمتر پێـداگریێ لەسـەر داواکاریـەکانی خـۆی و چـیتر مەسـەلەی تـرس لـە دواڕۆژ و گومـان لـە لایەنـەکانی عیراقی عەرەبی و هەڵگەڕانەوەیان لە قۆناغەکانی داهاتوودا بـە هەنـد هەڵنـەگری و بەم پێیەش باس لە زەمانەتی نێونەتەوەیی نەکات. بە بیانوی ئەوەی کە کورد خۆی لە دەستهەڵاتی ناوەندیدا خاوەن قسەیە، جا بۆ ئەوەندە پیٚ لەسەر داخوازیـەکانی لـە ڕۆخ (لەکوردستان) داگرێ. بە پێی بۆچوونێکی ئەوها، کورد لە عیراق مەزلوم نیـە و پێویستیش ناکات باس لە شتێکی ئـەوها بکات چونکە خـۆی خاوەن دەسـتهەڵاتە لـە ناوەند. لە ڕاستیدا ئەم پەڕینەوە، یەکسەر و بە پەلەیە و بێ پێشەکییە، لە سیاسەت و دیپلۆماسـی کوردیـدا (لـە حاڵـەتی مـەزلوم و غـەدرلێکرا و بـۆ حاڵـەتی دەسـەڵاتداربوون) دەکـرێ بـە زەرەرێکـی سیاسـی و دیپلۆماسـی گـەورە بـۆ کـورد بگەڕێتـەوە. لـە ڕاسـتیدا دەمێکـە (هەڵبەتـە لـە دوای ڕووخـانی ڕژێمـی سـەدام)ەوە ڕاگەیانـدنی (بینـراو و بیسـتراو و نووسـراو)ی پـدك و ینـك ڕۆژانـە مێشکی خـەڵکی دادەگرن بە وشەی وەکو "عیراقی فیدرال" و "عیراقی نوێ" و شتی لەم جۆرە. ئـەوە لە کاتێکدا کە لە باشترین حاڵەتدا هێشتان زووە بـاس لـە عیراقـی فیـدرالی و عیراقـی نوێ وەکو دوو چمکی دەسـتوری و سیاسـی سـەقامگیربوو بکـەین. عیراقـی فیـدرالی و عیراقـی نـوێ وەکـو حاڵـەتی واقیعـی و چەسـپاو لـە پـێش ئیمەوەیـە و ململانێیـەکی سیاسی و دەستوری و گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بۆچوونی سیاسـی و ئایـدیۆلۆژی لایەنـە عـەرەبی وئیسـلامییەکانی عیراقـی عـەرەبی (عـیراق بـەبی باشـووری کوردسـتان) دەخوازێ. مرۆ دەتوانی بپرسێ چەندن ئەو کەناڵی ڕاگەیانـدن و بڵاوکراوە و هێـز و حزبە سیاسیە عەرەبیانەی کە چمکی عیراقی فیدڕالی بەکار دەهێنن. سـەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان پێویست بـوو لێووردبوونەوەیـەکی جددی بکات لـەو پەڕینەوە سیاسی و دیپلۆماسیە لە حاڵەتێك بۆ حاڵـەتێکی تـر کـە لـە یـەکتری تـەواو جیاوازن. پرسـیار ئەوەیـە ئایا باشـتر نـەبوو کـە کـورد ئـەوها زوو دیپلۆماسـی خـۆی تەجمیـــد نەکردایـــەو بەردەوامبوایـــە لەخســـتنەڕووی ســـیناریۆ و ئەگـــەرە نیگەرانئامێزەکان لە پێشووەچوونەکانی عیراق و مەسەلەی کورددا؟

ئێستا با بپرسین ئایا دەسـتهەڵاتە حەقیقیـەکانی تاڵـەبانی (وەك سـەرۆك کۆمـاری

عیراق) چەندن و ئایا دەتوانێ چی بکات وە بۆ ماوەی چەند لە ناوەندی دەستهەڵاتی ناوەندەوە؟

بەر لە هەر شتێك بە پێی یاسای کاتی ئیدارەی دەولەت تالەبانی ناتوانێ هیچ بڕیارێك وەرگرێ بەبێ بەشداری هەردوو جێگرەکانی. بڕیارەکان دەبێ لە لایەن هەرسێ ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (سەرۆك کۆمار و دوو جێگرەکەی) بدرێن وە تالەبانی خۆی بەر لە هەر کەسێك ئەو ڕاستیە دەزانێ.[٢] جگە لەوەش تالەبانی تەنها بۆ ماوەی چەند مانگێك وەکو سەرۆك دەمێنێتەوە و لەو ماوەیەشدا دانانی دەستور گرینگترین شتە، کە ئەو وەك سەرۆککۆمار کاریگەریەکی زۆری بەسەرەوە نابێت. بەم پێیە زۆر زەحمەتە مرۆڤ لە دەربڕینی ئەو هەموو خۆشحاڵی و گێڕانی ئەو هەموو ئاهەنگانە بگات لە کاتێکدا هەموو لایەك دەزانن کە تالەبانی لە مەسەلەی دەنگدان لەسەر بڕیارەکان و مەسەلەی "سەلاحیات" کەم یا زۆر یەکسانە بە کەسێکی وەك غازی ئەلیاوەر. ئەوە لە کاتێکدا بۆ هیچ کەس شاراوە نیە کە کورد بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عیراق، بە تایبەتی لە ٤٠ ساڵی دواییدا، قوربانیەکانی بێسنوور بوون لەپێناو وەدەستهێنانی مافەکانی وە لە هەڵبژاردنیشدا لیستی هاوپەیمانی کوردستانی ٢٦٪ دەنگی لە سەر ئاستی هەموو عیراق هێنا. لە کاتێکدا لیستەکەی ئەلیاوەر تەنها نزیکەی ١٪ دەنگی هێنا، لە گەڵ ئەوەشدا ئەلیاوەر، کەم یا زۆر، دەسەڵاتی یەکسانە، بە دەسەڵاتەکەی تالەبانی لە چوارچێوەی دەستەی سەرۆکایەتیدا.

لەمەسەلەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماریدا لە لایەن کوردێکەوە، دەکرێ پرسیارێك بوورژێنین ئەویش ئەوەیە ئایا کورد وەکو گەل (لەچوارچێوەی عیراقدا) دەبی باجێکی سیاسی و بگرە ستراتیژی چەند گەورە بداتە لایەنی عەرەبی لە عیراق بۆ ئەوەی ئەم لایەنی عەرەبیە قەبوول بکات کە کوردێك ببێ بە سەرۆککۆماری ئەو دەوڵەتەی کە خۆیان بە وڵاتێکی عەرەبی لە قەلەمدەدەن و قەبوڵیش ناکەن ئەم ناسنامەیەی بگۆڕدرێ؟ وە ئایا ئەم سەرۆککۆمارە کوردە دەبێ تا کام ڕادەی دڵسۆزی بۆ "خاك" و "گەلی" عیراق، وەك دەوڵەتێکی عەرەبی، کار بکات بۆ ئەوەی لایەنی عەرەبی قەبوڵی ئەوە بکا ئەم کوردە سەرۆککۆماری بێت. ئەوەی ڕاستی بێت هەر زوو ئاشکرایە کە تالەبانی لە کۆمەڵی شتی گرنگدا دیاریکردوە کە عیراقیەکی دڵسۆزە و لە پێناو فەراهەمکردن و وەسەرخستنی پرۆژەی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی

دەوڵـەتی عـێراق ئامادەیـە زۆر شـت بکـات، ئەگـەر چـی ئـەم شـتانە وەڵامـدەرەوەی ڕاستەقینەی خواست و نیگەرانیەکانی کورد لە باشووری کوردستانیش نەبن.

لێرەدا جێگەی ئاماژەیە کە تاڵەبانی، وەکو نمونەیەك بۆ ئەو باجەی کورد دەیدات لە پرۆسەی وەرگرتن و پاراستنی پۆستی سەرۆککۆماری، لە وتاری خۆیـدا بـە بۆنـەی کردنـەوەی پەرلـەمانی عـێراق لاپەڕەیـەکی گرنگـی لـە مێـژووی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان لـەبیرکرد کـە ئـەویش ڕاپەڕینەکـەی (ئـاداری ۱۹۹۱) بـوو. نـەك هـەر ئـەوە بەڵکو تاڵەبانی لە دەستپێکی وتارەکەیدا ئامـاژەی بەڕاپـەڕینی خـوارووی عـێراق کـرد بەبی ئەوەی کەناوی ڕاپـەڕینی کوردسـتان بێنێـت. تاڵـەبانی نـاو و ئاوەڵنـاوێکی سـەد لەسـەد عـەرەبی و ئیسـلامی بـەکار بـرد بـۆ گـوزارەکردن لەڕاپەڕینـەکانی خـوارووی عـێراق و باشـووری کوردسـتان بـەبی ئـەوەی نـاوی هـیچ ڕاپـەڕینێکی کـوردی یـا کوردستانی بهێنێت. لە وتارەکەیدا تاڵەبانی ناوی"ئینتیفـازەی شـەعبانی"[٣] دەهێنێ بـۆ ڕازیکردنـی لایـەنی عـەرەبی و لـەم لایەنەشـدا بـە تایبـەتی تـوخمی ئیسـلامی. تاڵەبانی وەك سەرۆککۆمارێکی کورد لەم حالەتەدا، دیارە بۆ نیشاندانی دڵسۆزی خۆی بـۆ عیراقـی "عـەرەبی" نـەك هـەر مێـژوو و ناسـنامەی کـوردی لـە نـاو مێـژوو و ناسـنامەی عـەرەبی و ئیسـلامیدا شـاردۆتەوە، بـەڵکو لـە ڕاسـتیدا دەشیانسـڕێتەوە، چونکە شاردنەوە دەکرا، بۆ نموونە، بەم جۆرەبێت: "ئینتیفازەی گەلانی عیراق." لـە لایـەکی تـرەوە تاڵـەبانی دەرفـەتی هـەبوو نـەك هـەر بـاس لـە ڕاپـەڕینی خـەڵکی کوردستان بکات بەدوو وشەی عەرەبی، کە ئەوەشـی نـەکرد، بـەڵکو دەیتـوانی چـەکی "ڕاپـــەڕینی خـــەڵکی کوردســـتان" نـــاواخنی وتارەکـــەی بکـــات. هـــەروەك چـــۆن فەلەسـتینیەکان سـەرکەوتوو بـوون لـە سـەپاندنی وشـەی "ئینتیفـازە"لـە جیهـانی سیاسی و ئەکادیمیدا، دەبـێ کوردیش چاوی لـەوە بێـت کـە هەرنـەبێ لەسـەر ئاسـتی ڕەسمـی و نـاڕەسمی عیراقـدا وشـەی ڕاپـەڕینی کوردسـتان بسـەپێنین. لـە ڕاسـتیدا ناونـەهێنانی ڕاپـەڕینی باشـووری کوردسـتان نـەك هـەر کـورد لـە مێـژووی عیراقـدا پەراوێز دەکات و گرنگیەکی پلە دووی پێدەدات، بەڵکو ڕێـك ئـەم گەلـە دەتوێنێتـەوە لـە نـاو "بەودەقـەی" عیراقیـدا. بـە پێـی وتارەکـەی تاڵـەبانی (هەڵبەتـە لـە باسـی ڕاپەڕیندا) کورد لە ناو ناسنامەی عەرەبی ئیسلامیدا تواوەتەوە. شاردنەوەی کورد لە باشـووری کوردسـتان لـە نـاو چوارچـێوە و ناسـنامەی عیراقـدا جـارێکی تـر مانـای پەراوێزکردنەوەی کوردە لە عیراقـی ("نـوێ و فیـدراڵی")ی دوای سـەدام: ئـەوە ڕێـك

ئـەو شـتـەبوو كـە لايـەنی عـەرەبی لـە عـيراق هـەولّی بـۆ دەدا لـە مـاوەی ٨٤ سـالّی ڕابردوودا.

جگەلەوەش، هەر زوو تالّەبانی هەندێ هێمای داوە كە زیاتر بۆ ڕازیكردنی لایەنی عـەرەبین و لـە پێنـاوی فەراهـەمكردنی سـەرلەنوی دامەزرانـەوەی دەوڵـەتی عـیرق و ئەوەی پێیدەگوتری یەكبوونی نیشتمانی عیراق ئەمەش جارێكی تر بۆ ئەوەی خـۆی بداتە قەبوولكردن وەكو سەركردەی هەموو عیراقیـەكان نـەك هـەر كـورد. بـۆ نمونـە تەنها چەند ڕۆژێك دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆككۆماری، تالّەبانی جختیكردەوە كە كـەركوك شـارێكی عیراقیـە.[٤] ڕاسـتە ئەمـە یەكـەم جـار نیـە كـە لایـەنی كـوردی بـە تایبەتی تالّەبانی شتی ئـەوها ڕادەگەیـەنێ بـەڵام ڕاگەیانـدنی تالّـەبانی ئـەم جارەیـان تایبەتمەنـدی و گرنگیـەكی تایبـەتی هەیـە و نـاكرێ لـە چوارچـێوەیەكی نوێـدا نـەیبینین و هەڵینەسـەنگێنین. جگـە لـەوە لـە چاوپێكەوتنێكی تەلـەڤزیۆنی لەگـەڵ سەتەلایتی ل ب سی لە بەرواری ٢٠٠٥/٤/١١ لە ناواخنی پرسیارێكدا نـاوی عـیراق وەك "دەوڵەتێكی عەرەبی" ئاماژەی پێكراوە؟[٥] كەچی تالّەبانی بە هیچ شێوەیەك هەوڵی ئەوەی نەداوە كە بڵێ ئاخر عیراق چیتر دەوڵەتێكی عەرەبی نیـەو خـەباتی كوردیش لە ٨٤ سالّی ڕابردوودا لەسەر ئەوە بووە كـە ناسـنامەی دەولـەتی عـیراق بگـۆڕدرێ بـە شێوەیەك كە ڕەنگدانەوەی ڕاستیە ئیتنیكی و نەتەوەییـەكانی نـاو ئـەو وڵاتـە بێـت. دیـارە بـەردەوامبوون لەسـەر قـەبولكردن و بـەكارهێنانی ناسـنامەی "دەوڵـەتی عەرەبی" بۆ عیراق ڕێك بەردەوامی عیراقی دوێنێیـە و دوور نیـە لـە داهاتووشـدا بـۆ كـورد ململانـێ و مەینەتیـەكانی دوێنێـێ دووبـارە ببنـەوە. چـەمكی عـیراق وەك "دەوڵەتێكی عەرەبی" نـەك هـەر كـورد لـە باشووری كوردسـتان جـارێكی تـر بـەرەو ڕووی شۆڤینیزمی عەرەبی لە عیراق دەكاتەوە بەڵكو ئەوە ڕێك عیراق وەكو بەشـێكی دانەبڕاو لـە ئـەوەی پێیـدەگۆتری "نیشـتمانی عـەرەبی" دەهێڵێتـەوە: لـەم حالّەتـەدا كورد نەك هەر وەكو بەشێك لە عیراق "وەكو وڵاتێكی عـەرەبی" دەمێنێتـەوە بـەڵكو دەشـبی بـە كەمایەتیـەكی زۆركـەم دەسـتهەڵات لەچوارچـێوەی پێكهاتـە كولتـوری و سیاسـی و ئادیۆلۆژیەكـەی ("نیشـتمانی عـەرەبی/سیسـتەمی عـەرەبی")دا. ئەگـەر لایەنی عەرەبی لـە عـیراق پـێ لەسـەر ئـەوە دابگـری كـە ناسـنامەی عـیراق دەبـێ بـە عەرەبی بمێنێتەوە كەواتە دەخوازن جارێكی تر كورد بە ژێردەستەیی و بە پلـە دوو بمێنێتەوە، ئەم جارەیان لە ژێر ناوی برایەتی و عیراقی نوێ و دیموكراسی... هتد!

## پۆستی سەرۆككۆماری: دەرفەت یا لەدەستدانی دەرفەت؟

هەرەوكو پێشتر ئاماژەیپێكرا لە سیاسەتە كوردییەكاندا لە باشووری كوردستان بە تەواوەتی حاڵەتێكی نوێ هاتۆتەكایەوە: كورد "پێیەكی لە ناوەوەیە و پێیەكیشی لە دەرەوەیە." ئەم حاڵەتە دەكرێ لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسیەوە كاریگەرییەكی چارەنووسسازی هەبێت بۆ دۆزی كورد لەو بەشەی كوردستان. هەرچەندە لەوە دەچێ كە سەرانی كورد لە باشووری كوردستان خۆیان نەخوازن مەسەلەكان ئەوها ببینن، بەڵكو ئەوان دەڵێن كە ئەوان (واتە سەركردایەتی سیاسی) هەموویان بە تەواوەتی لە ناو پرۆسەی دروستكردنەوەی دەولەتی عیراقدان. بە بۆچوونی من هەرەچەندە بارزانی، بۆ نموونە، لە گفتوگۆیەكی تەلەڤزیۆنیدا (لەگەڵ كەناڵی ئەلعەرەبیەدا)(٦) ئەوەی جختكردەوە كە ئەو لە كوردستانەوە زێتر دەتوانی خزمەتی عیراق بكا، بەڵام لەوە دەچێ ڕاستییەكەی ئەوەبێ كە لە ماوەی دواییدا بارزانی لە ڕێگەی زێتر لە ئاماژەیەكەوە پیشانیداوە كە ئەو، بە بەراوورد لەگەڵ فەترەی بەر لە ئێستا، لە بەغدا دووركەوتۆتەوە. ئامادەنەبوونی بارزانی لە كردنەوەی یەكەم پەرلەمانی هەڵبژاردووی عیراق زیاتر لە هێمایەك دەبەخشێ. لەوەش گرنگتر ئامادەنەبوونی بارزانی بوو لەو كۆبوونەوەی پەرلەمانی عیراق كە تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی تالەبانی بۆ پۆستی سەرۆككۆماری و دواتریش ئامادەنەبوونی بوو لە مەراسیمی سوێندخواردنی تالەبانی وەك سەرۆككۆمار.

لە ئاراستە كوردییەكەشیدا ئەم ئامادەنەبوونە هێمایەك بوو كە دەكرێ، هەر نەبی بۆ چاودێرێك كە لە دەرەوەڕا دەڕوانێتە پەیوەندیە (كوردی - كوردی)ەكان، وەكو پێشوەچوونێكی نێگەتیف لەم پەیوەندیانەدا بخوێندرێتەوە. ئەوەی كە لێرەدا گۆترا زیاتر جختكردنەوەیە لەسەر ئەوەی كە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان بەعیراقیكردنەوە (كاركردن لە ناوەندەوە) لە لایەكەوە وە بەكوردستانی دیتن (خۆ لەدەرەوە هێشتن) لە لایەكی ترەوە. مەبەست لێرەدا زیاتر جختكردنەوەیە لەسەر نیگەرانیەك بەو مانایەی كە ئەگەری ئەوە هەیە هاوئاهەنگی و تەبایی پدك و ینك تێری ئەوە نەكەن كە سەركردایەتی سیاسی ئەم دوو حزبە بتوانن پڕ بە پێست مامەڵە لە گەڵ ئەم حاڵەتە تازەیە لە سیاسەتی كوردیدا بكەن. هەرچەندە سیاسەتی ڕەسمی پدك بەشداریكردن بووە لە پرۆسەی دامەزراندنەوەی عیراق بەڵام دەكرێ هەندێك لە هەڵسوكەوتەكانی بارزانی لە ماوەی دواییدا هێمایەك بن بۆ شێوە

دودڵیەك و جیاوازیەك لە بۆچوونەکاندا لەمەر پەیوەندییەکانی کورد بە بەغداوە!
بە هەر حاڵ ئەگەر چی هەندێك زووش بێت کە پێشوەخت باس لە ئەگەر و ئاکامەکانی ئەو "خۆدوورگرتنە" و ئامادەنەبوونەکانی بارزانی لە بەغدا بکەین، هەروەك پێشتر گۆترا، بەڵام بێگومان ئەم دیاردەیە دەبێ هەرنەبێ جێگەی سەرنج و پرسیار بێت. وادەزانم لێرەدا جێگەی خۆیەتی هەرنەبی دوو پرسیار بکەین: ئایا دەبێ ئەم ئامادەنەبوونە بخرێتە چوارچێوەی پەیوەندییە (کوردی - کوردی)یەکان، واتە پەیوەندیەکانی نێوان پدك و ینك وە لەم چوارچێوەیەشدا ڕاڤەبکرێن؟ یا ئەوەتا ئەم ئامادە نەبوونە هێماییێکە هەڵقوڵاوە لە نیگەرانی و گومانەکانی بارزانی لەمەر پرۆسەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق و ڕۆڵی کورد و مافەکانی لەو دەوڵەتەدا؟ بەهەر حاڵ بۆ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە پێویست دەکات کە پرسیارەکان بە شێوەی گرێدرا و بەیەکەوە نەوەك دابڕاو لە یەکتر ببینرێن. من باوەڕم وایە جختکردنەوەی تالەبانی لە چەند بۆنەیەکدا لەسەر ئەوەی کە ئەو لە لایەن بارزانییەوە کاندیدکراوە و پشتگیری تەواوی ئەوی هەیە، بەزەرورەت تەنها دەربڕینی پێزانین نیە بۆ ڕۆڵی بارزانی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی تالەبانیدا، بەڵکو دەکری ئەم جختکردنەوەیەی تالەبانی دەربڕینی شێوە نیگەرانیەك بێت و بۆ ڕێگرتنیش بێت لە خۆدزینەوەی بارزانی لەو ئەگەرانەی کە دەکرێ لە قەبولکردنی کورد بۆ پۆستی سەرۆككۆماری و بگرە تەواوی پرۆسەی دامەزراندنەوەی دەولەتی عیراق بکەونەوە، جا چ لە پەیوەندیە (کوردی - کوردی)ەکان وە چ لە پەیوەندی کورد بە عیراقەوە. هەر هەڵەیەك لەم هاوکێشە یا پەیوەندیەدا دەکرێ لە ئاستی ستراتیژی بەزیانێکی گەورە بۆ کورد تەواو ببێ.  پەیوەندیدار بەم باسەوە هەر لێرەدا ناکرێ باسی ڕووەکەی تری دراو نەکەین کە ئەویش مەسەلەی سەرۆکی هەرێم و مەسەلەی "مەرجەعیەتە". دیارە وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا بەشێکی ڕێككەوتنی دوومەکتەب سیاسیەکەی پدك و ینك ئەوەبوو کە بارزانی ببێ بە سەرۆکی هەرێم. لەو بارەیەوە دەتوانین بڵێین کە جولانەوەی سیاسی باشووری کوردستان لە سی (٣٠) ساڵی دواییدا دەریخستوە کە کورد لەو بەشەی کوردستان زۆر بە زەحمەت وەبۆ ماوەی زۆر کورت توانیویەتی ناوەندێکی بڕیاری سیاسی یەکگرتوو یا بە مانایەکی تر"مەرجەعیەتێکی" سیاسی نەتەوەیی بهێنێتە بەرهەم. بۆ نموونە دەکرێ بەرەی کوردستانی، کە لە کۆتایی ١٩٨٠کان تا دەستپێکردنی شەڕی خۆکوژی

لـه ناوەڕاسـتی ١٩٩٤دا، بـە هـەموو کـەم و کورتیەکانیـەوە، وەکـو خـاڵێکی گـەش و سەرکەوتن لە پرۆسەی کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی ناوەندێکی بریاری نەتەوەیی، کـە ئیمڕۆ ناوی "مەرجەعیەتی" بۆ بەکاردەهێندرێ، ببینین. دیارە کورد، بـە هـۆی ئـەو جەنگە خۆکوژییەی نێوان پدك و ینك وە زۆر هـۆی تـرەوە، سـەرکەوتوو نـەبوو لـە چەسپاندنی پەرلەمانێکی ڕاستەقینە (بە مانای ووشە پەرلەمان) کە ڕوو لـە دەرەوە ببێتە هۆکارێکی سەرکەوتنی دیپلۆماسی نەتەوەیی بۆ باشووری کوردسـتان و ڕوو لـە عیراقی عـەرەبیش سەرچاوەی یەکدەنگی و ڕوو لـە کۆمـەڵگای کوردسـتانیش خـاڵی ڕەوایییپێدانی سیاسی و سەرخستنی ئەزموونێکی ڕاستەقینەی دیموکراسی بێت.

دەکرێ هەر لێرەدا بڵێین کە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی پەرلەمانی پێشوو ئیمـڕۆش بە توندی ئامادە و بەردەوامن وە ناکرێ مرۆڤ زۆر گەشبین بێت بـە کـار و خزمـەتی ئەو پەرلەمانەی کە لـە هەڵبژاردنـەکانی ٣٠ ژانـوەری ٢٠٠٥ کەوتـەوە. دەبـێ لای هـەر کەسـێك ئـەو ڕاسـتیە جێگـەی پرسـیار بێـت کـە لـە دوای هەڵبژاردنـەکانی عـیراق سەرکردایەتی پدك و ینك هەموو وزە و هەوڵەکانیان خستەگەڕ شان بەشانی "بـرا" عەرەبەکان لە پێناو هەرچی زووتر کۆبوونەوەی پەرلەمانی عیراقی. لەلایەکی ترەوە کات و وزەیەکی یەکجار کەم خرایە گەڕ بۆ هەرچی زووتـر کۆبوونـەوەی پەرلـەمانی کوردستان. ئایا دەکرێ بڵێین پەرلـەمانی عیراق بـۆ کـورد گرینگترە لـە پەرلـەمانی کوردستان؟ ئایا هـۆی چیە کـە بەرپرسـانی پـدك و ینـك بریارێك بنـپی دەکـەن کـە خۆیـان کـاتیخۆی داویانـە ئـەویش ئەوەیـە کـە دوای ١٠ ڕۆژ لـە ڕاگەیانـدنی ئـەنجامی هەڵبژاردنەکان دەبێ پەرلەمانی کوردستان کۆبببێتەوە؟ وە ئایا نـەدەکرا ئـەو هـەموو مـاوە زێڕینــەی کــە تێپــەڕیوە بەکاربهێنــدرێ بــۆ بەســتنی ژمارەیــەکی زۆر لــە کۆبوونـەوەی پەرلـەمان کـە تیایانـدا بـە شـێوەیەکی کـراوەو ئاشکرا گفتوگۆ لەسـەر مەسەلە هەرە چارەنووسسازەکان، لەوانەش مەسەلەی دواڕۆژی باشووری کوردستان و مەسەلەی دەستور، بکرایـە؟ لێـرەدا دەکـرێ ئـەوە بڵـێم کـەتا ئیمـڕۆش دوو ناوەنـدی بڕیـار هـەن کـە ئـەوانیش دوو مەکتەبـە سیاسـیەکەی (پـدك و ینـك)ن وەهەرچـی پەرلەمانی کوردستانە لە ڕاستیدا تەنها کاری ئەوەیـە کـە"بـەرگێکی" یاسایی لەبـەر ئەو بڕیارانە بکات کە ئەو دوو مەکتەب سیاسیە بەیەکەوە دەیـدەن. دەکـرێ پرسـیار بکـەین ئایـا چ پەرلـەمانێکی ڕاسـتەقینە لـەم جیهانـەدا هەیـە کـە نـەزانی بودجـەی وڵاتەکـەی چــەندە و چــۆن دەوڵەمەندیــەکانی نەتــەوە تەســەروفیان پێــدەکری و

لەماوەی ١٣ ساڵیش لە بوونیدا تەنها یەك دانە لێپرسینەوەشی ئەنجام نەدابێ بەرامبەر وەزیرێك یا بەرپرسێكی حكومەت...هتد؟

ئەوەی ئیمڕۆ كورد پێویستی پێیەتی پەرلەمانێكی ڕاستەقینەیە نەك حوكومڕانی حزب و بنەماڵەو تاكەكەس. كورد پێویستی بە دووبارەكردنەوەی ئەزموونی وڵاتانی سیستەمی سۆسیالیستی پێشوو نیە چونكە لەم سیستەمانەدا سەرۆك (یا سكرتێری گشتی) خۆی حزب بوو و حزبیش دەوڵەت بوو. ڕاستە لەم سیستەمانەدا شتگەلێك هەبوون بە ناوی پەرلەمان و دەستور و یاسا بەڵام كاتێك حزب و سەرۆك خۆیان دەوڵەت بن ئەم چمكانە و شتێكیش بە ناوی كۆمەڵگای مەدەنی و دیموكراسی و دەوڵەتی یاسا لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵكدا مانا و ڕەنگدانەوەیەكی پراكتیكی نابێت. لە راستیدا تێبینیدەكری كە شتێكی زۆر تازەی ئومێدبەخش لە هەڵسوكەوتی (پدك و ینك)دا لە مەر پرسە هەرە گرینگەكان وە لەسەر هەمووشیانەوە خەملاندنی مەركەزێكی نەتەوەیی (واتە پەرلەمانێكی ڕاستەقینەو بەهێز)، كەزەرووەرەتێكی هەنووكەیی و مێژووییە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو مەركەزەدا بریارە هەرە چارەنووسسازەكان بدرێن و هەنگاوە هەرە ستراتیژیەكان بنرێن، نیە.

لەوەش زیاتر من گومانم هەیە لەوەی كە سەركردایەتی پدك و ینك تا ئێستا توانیبێتیان بە شێوەیەكی شایەستە و توكمە ئەو هەموو مەسەلانە چارەسەر بكەن كە كاتی خۆی بوونە هۆی هەڵگیرسانی شەری خۆكوژی. هەڵبەتە یەكێك لە مەسەلە هەرە گرینگەكان مەسەلەی دەستهەڵاتی سیاسیە. لەم گۆشەبینینەوە وە لە چوارچێوەی هاوكێشەی گۆڕانكاریە چارەنووسسازەكانی پەیوەندیدار بە دوارۆژی باشووری كوردستان، كورد بە ژمارە تێری ئەوە ناكات كە پڕ بە پێستی لەگەڵ پرس و پێداویستە هەنووكەییەكان هەڵسوكەوت بكات، بەڵكو لەوەش زیاتر نەبوونی ناوەندێكی سیاسی، كە لەسەر بنچینەیەكی دیموكراسی و مۆدێرن و نەتەوەیی دامەزرابی و پشتگیری تەواوی خەڵكی كوردستانی مسۆگەركردبی لایەنی كوردی لە هاوكێشەكەدا لاوازتر دەكات. لە بەرامبەر ئەو حاڵەتە كوردییە لایەنی شیعە نەك هەر بە ژمارە زۆرینەن بەڵكو ئەوان مەرجەعیەتێكیان هەیە كە نەك هەر هێزە دینییەكانی كۆكردۆتەوە بەڵكو هەندێك كەس و گروپی شیعەی عەلمانیشی لەچوارچێوە و لەژێر سیبەری خۆیدا كۆكردۆتەوە.

## ئەزموونی بوونی کورد لە ناوەندی دەستهەڵات

لە ئاوڕدانەوەیەکی بە پەلە لە مێـژووی عـێراق بۆمـان دەردەکـەوێت کـە کـورد لـە هەندێ کاتدا ئامادەییەکی "فیعلی" لە ناوەندی دەستهەڵاتی سیاسـی دەوڵـەتی عـێراق هەبووە. بۆ نموونە لە سەرەتای ١٩٣٠کان مێژوونووسی کورد موحەممەد ئەمین زەکی نەك هەر وەزیری بەرگری عـێراق بـوو بـەڵکو ئـەو وەزارەتـەی بـە دەسـتەوە بـوو بـە تەوای دەستهەڵاتەوە، بگرە کـاتێکیش بڕیـار دراوە کـە بـە فڕۆکـەی جـەنگی ناوچـەی بارزان بۆمباباران بکرێ ئەو رەفزی کردوە کە ئەم بڕیارە بەجێبگەیێنێ.

بەڵام، بە شێوەیەکی گشـتی هاوتـەریب لەگـەڵ بـەهێزبوونی ڕەوتـی ناسـیۆنالیزمی عەرەبی لە عیراق بە تایبـەتی لـە دوای کودەتاکـەی ١٩٦٣، پرۆسـەی زیـاتر سـەپاندنی ناسـنامەی عــەرەبی لەســەر دەوڵــەتی عــێراق (وەك خــاك و گــەل) و چــڕبوونەوەی هەوڵەکان بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی عیراق لە سیستەم و سیاسـەتە عەرەبیەکانـدا، کـورد لـەو وڵاتـە ڕۆژ دوای ڕۆژ پـەراوێزکراوە. لـە ڕاسـتیدا هـەتا بگـرە لـە مـاوەی "مـانگی هەنگوینیدا" (ئاداری ١٩٧٠ تا ئاداری ١٩٧٤) لە نێوان کـورد و دەولـەتی عیراقـدا، کـورد بە هیچ شێوەیەك نەیتوانی بە یەك دانە نوێنەریش بەشداری بکات لە (ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆرش)دا، کـە گـرینگترین دامـەزراوەی دەسـتهەڵاتی یاسـادانان و بەجێگەیاندن بوو لە عیراق. لە سەروبەندی شەڕی دووەمی کەنـداو، وە بـە تایبـەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەغدا، سەرانی کورد لە ناو ڕووداوەکانـدا بـوون و هـەر زووش تێکـەڵبوون لەگـەڵ پرۆسـەی سـەرلەنوی دامەزراندنـەوەی دەوڵـەتی عـێراق. بـە پەیوەندی لەگەڵ ئەم پرۆسەیە و ڕۆڵی کورد لەوێدا سـەرانی کـورد جختیـان لەسـەر ئەوە کردۆتەوە کە کـورد ئـەم جارەیـان: ١) وەك هاونیشـتمانی "پلـە دوو" ناچێتەوە ناو دەوڵەتی عیراق؛ ٢) وابەستەبوونی کورد و باشووری کودستان بە عیراقەوە لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئارەزوومەندانە دەبێ. بەڵام بە چاوخشاندنێك بە هەندی نموونـە لە چۆنیەتی بەشـداریکردنی کورد لـە پرۆسـەی سـەرلەنوی دامەزراندنـەوەی عـێراق بۆمـان دەردەکـەوێ کـە کـورد، ئەگـەر چـی بـە ڕواڵـەت قورسـیەکی زۆری لـە ناوەنـد هەبووە و لەو ناوەندەشەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسـەر پرۆسـەکە هـەبووە، بـەڵام هەرنـەبی هەنـدێك لەڕاسـتیەکان شـتێکی تـر دەڵێن بـە تایبـەتی ئـەوەی کـە لایـەنی عەرەبی لەم پرۆسەیەدا لـە هـەوڵی بەردەوامـدا بـووە، بـەپێی عەقلیـەت و زهنیـەتی سـەرانی عیراقـی دوێـنێ، بـۆ پـەراوێزکردنی کـورد. لـەوەش خـەراپتر قـەبووڵکردنی

لایەنی کوردی، بە ئاگاداری یا بێ ئاگاداری، هی ئەم حاڵەتە هێمایەکی نیگەرانئامێزە بە ڕووی دوارۆژی باشووری کوردستاندا. هەروەك گووتمان، زۆر نموونە لە روداو و هێمای پەیوەندیدار بە ڕۆڵی کورد لە پرۆسەکەدا هەن ئەوە دەردەخەن کە کورد جارێکی تر خەریکە بەپەراوێز دەکرێتەوە لە عیراق وە هەندێك لە نموونەکانیش ئەمانەن کە لەخوارەوە لە چوار خاڵدا لەسەریان ڕادەوەستم:

١) <u>بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان ژمارە ١٥٤٦ لە ٢٠٠٤/٦/٨</u>: بە بۆچوونی خۆم ئەم بڕیارە زۆر چارەنووسساز بوو بۆ باشووری کوردستان، بە تایبەتی بە پەیوەندی لەگەڵ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق و دوارۆژی کورد لەو دەوڵەتەدا. لە ڕاستیدا ئەم بڕیارە زیاتر پەیمانی (لۆزان)مان بیردەخاتەوە. بە تایبەتیش بە بەراورد لەگەڵ بڕیارێکی پێشتری نەتەوەیەکگرتوەکان لە مەر عیراق و بارودۆخی کورد لەم وڵاتە (واتە بڕیاری ٦٨٨ لە ١٩٩١/٤/٤) و ئەو ناوچە ئاسایشەی کە لەو بڕیارە کەوتەوە، دەتوانین بڵێین کە بڕیاری ١٥٤٦ پەرینەوەیە لە پەیمانی سێڤەر بۆ پەیمانی لۆزان. ڕاستە ئەم بەراووردکردنە قسەو باسی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام مەبەست لەو بەراووردکردنە بەپەلەیە ئەوەیە کە دوای ئەوەی لەڕێگەی بڕیاری (٦٨٨)ـەوە دۆزی کورد لە عیراق بوو بە فاکتەرێکی نێونەتەوەیی و هەر لەڕێگەی ئەم بڕیارەوە ڕێگە خۆشکرا بۆ فەراهەمبوونی هەندێك میکانیزم بۆ پاراستنی کورد لە دەستدرێژی ڕژێمی سەدام. بەم پێیە دەرفەتێکی ڕاستەقینە بۆ کورد ڕەخسا کە شێوە ئازادیەك، لە جۆری ئیدارەی خۆیی، بەدەستبهێنێ. بە پێچەوانەی ئەوەوە بڕیاری ١٥٤٦ مەسەلەی کوردی جارێکی تر بە توندی کردەوە بە مەسەلەیەکی ناوەخۆیی و بگرە ڕێگەشی خۆشکرد بۆ لەبیربردنەوەی، لە ڕاستیدا: أ) تەواوی بڕیارەکە جختکردنەوەیە لەسەر دوو شتی گرینگ، کە بەزەرورەت بەدڵی لایەنی عەرەبین، کە ئەوانیش مەسەلەی سەروەری و یەکبوونی خاکی عیراقن. لە لایەکی ترەوە، هەر ئەو دوو پرەنسیپە دەتوانن پشتشکێن بن بۆ کورد لە باشووری کوردستان ئەگەر بەرەوڕووبوونەوەیەك ڕوویدا لە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و لایەنی عەرەبیدا لە عیراق. بە ڕاستیش بڕیاری ١٥٤٦ هیچ پەراوێزیکی بۆ کورد جێنەهێشتووە کە لەکاتی پێویستدا نیگەرانی و سکاڵاکانی خۆی بەرەو ڕووی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بکاتەوە، بەم مانایەش قەبوڵکردنی کورد بۆ ئەو بڕیارە

قەبوڵکردنی داخستنی دەرگەو پەنجەرەکانی کوردە لە باشووری کوردستان بە ڕووی کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا؛ ب) ناوی کورد و کوردستان بە هیچ شێوەیەك لەو بڕیارەدا نەهاتوە، نە بە ئاماژە بۆ عیراقی دوێنێ نە هی ئیمڕو و نە هی دواڕۆژیش. ئەم بڕیارە هیچ حیسابێك بۆ نیگەرانیەکانی کورد، ڕۆژ لەدواڕۆژ، ناکات؛ ج) لەگەڵ ئەوەشی کە سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان هەوڵێکی زۆی دا بۆ ئەوەی لە بڕیارەکەدا هەر نەبێ ئاماژەیەکی پێزانین یا قەبووڵکردنی یاسای کاتی ئیدارەی دەولەت هەبێت، بەڵام لە بەرامبەر ڕەفز و ڕەدکردنەوەی ئەم داواکاریە لە لایەن مەرجەعی شیعە (ئایەتوڵلا سیستانی) ئەم داواکارییەی کورد پشتگوێخرا؛ د) لە دیباجەی بڕیاری ١٥٤٦دا هاتووە کە نەتەوەیەکگرتوەکان "پێشوازی لە ئیلتیزامی حکومەتی کاتی عیراق، بۆ کارکردن بە ئاراستەی عیراقێکی فیدراڵ و دیمۆکرات و پلورال و یەکبوو، دەکات."(٧)

لێرەدا دەکری مرۆڤ کۆمەڵێ تێبینی لەسەر بڕیارەکە هەبێ کە گرنگترینیان ئەمانەن: بەر لەهەر شتێك، لە کاتێکدا زۆربەی ئەو شتانەی کە لە دیباجەی بڕیارەکەدا لە کۆمەڵێك خاڵدا هاتوون هەندێ وشەی وەکو جختکردن یا پێزانین یا هێڵبەژێرداهێنان بۆ بەکارهاتوە، بۆ خاڵی فیدڕالی، جگە لە هەموو لاوازییەکانی خاڵەکە، وشەی پێشوازی بۆ بەکارهاتوە، کە لەڕووی داڕشتنەوە بە تایبەتی لە گۆشەبینینی یاساییەوە، زۆر لاوازە. جگە لەوە ئەو (ئیلتیزام)ەی بە سیستەمی فیدرالیەوە کە لە خاڵەکەدا هاتووە ڕاستەوخۆ هی نەتەوەیەکگرتوەکان نیە بەڵکو وەکو مەسەلەیەکی ناوەخۆیی پەیوەندیدارکراوە بە هەڵوێستی حکومەتی کاتی عیراقەوە. پرەنسیپی فیدرالی لەم خاڵەدا لەوەش لاوازترکراوەتەوە چونکە خاڵەکە ڕاستەوخۆ باس لە ئیلتیزامی حکومەتی کاتی عیراق بە فیدرالەوە ناکات بەڵکو باس لە ئیلتیزامی حکومەتی کاتی عیراق دەکات لە "کارکردنی" بەئاراستەی فیدرالی. جگە لەوەش لە کاتێکدا کە پرەنسیپی سەروەری و یەکبوونی خاکی عیراق سیفەتی جختکردنەوە وەردەگرن، خاڵی فیدراڵی سیفەتی پێشوازی وەردەگرێت، واتە لە لایەن بڕیارەکەوە تەنها پێشوازیلێکراوە. هەروەها شتێکی زۆر گرنگ لەو خاڵەدا ئەوەیە کە مەسەلەی فیدرالی کراوە بە شتێکی کاتی چونکە بە پەیوەندی لەگەڵ بوونی حکومەتی کاتی عیراق باسی لێوەکراوە. بە مانایەکی تر حکومەتەکانی دوای حکومەتی کاتی دەتوانن ئازادبن لە خۆبەستنەوە بە مەسەلەی فیدرالیەوە! جگە

لەوەش ناوی کورد یا کوردستانی عیراق وەیا حکومەتی ئیقلیمی کوردستان بە پەیوەندی لەگەڵ خاڵی فیدرالی بە هیچ شێوەیەك نەهاتووە بەم پێیەش سیستەمە فیدرالیەکە دوورخراوەتەوە لە هەموو سیفەتێکی ئیقلیمی و ئیتنیکی و نەتەوەیی. بەم مانایەش فیدرالیەکە زیاتر بەلای فیدرالی (ئیداری)دا دەبات، کە ئەمەش بەردەوام خواستی لایەنی عەرەبی بووە؛ ح) بەندی ٧ لە بڕیارەکە، کە کۆمەڵێك خاڵی لەخۆ گرتوە، بەگشتی باس لە یارمەتی و پشتگیری نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ حکومەتی کاتی عیراق لە کۆمەڵی بواردا دەکات. یەکێك لەم بوارانە لە خاڵی (٧/١/٣) باسی لێوەکراوە ئەویش مەسەلەی پرەنسیپی ڕێککەوتن (توافق)ە. لەو خاڵەدا هاتوە کە نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان لە عیراق "هانی دیالۆگی نیشتمانی و بیناکردنی ڕێککەوتن بۆ دانانی دەستورێکی نیشتمانی لە لایەن گەلی عیراقەوە دەدات."[٨] لە ڕاستیدا ئەم خاڵە ناڵێ دانانی دەستوری داهاتوو لە عیراق پێویستە لەسەر بنچینەی ڕێککەوتن بێت. جگە لەوەش نەك هەر نەتەوەیەکگرتوەکان بەڵکو هیچ لایەنێکی تریش لەم خاڵەدا "مولەزەم" نەکراون. هەروەها ئەو خاڵە تەنها باس لە"بیناکردنی ڕێککەوتن" وەك پرۆسەیەك دەکا نەوەك ئەوەی کە ڕێککەوتن پرەنسیپێك بێت لایەنەکانیش لە کاتی دانانی دەستوردا پێیەوە پەیوەست بن، چونکە کارکردن بۆ ڕێککەوتن دەکرێ بەبێ بەرهەمهێنانی ڕێککەوتنیش تەواو ببێ. جگە لەوەش لایەنێکی تری لاوازی ئەو خاڵە ئەوەیە کە ئەو ئامانجانەی کە بەگشتی لە چوارچێوەی بەندی ٧دا دیارکراون، کە مەسەلەی ڕێککەوتن یەکێکە لە خاڵەکان، کاتێك بەجێدەگەیەندرێن ئەگەر "باروودۆخ ڕێگە بدات" وە ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتوەکانیش لە یارمەتیدان بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئامانجانە لەسەر داواکاری حکومەتی عیراق دەبێ.[٩] ئەوە لە کاتێکدا ئەو تەسەوورەی کە سەرکردایەتی کوردی لە باشووری کوردستان داویەتی بە"ڕای گشتی" کوردی، دەربارەی مەسەلەی ڕێککەوتن لە بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکاندا، لە باشترین حاڵەتدا وێنەیەکی ناتەواو و بگرە چەوتیش بووە. بۆ نموونە بارزانی دەڵێ "فیدرالیزم و دەستوری ڕێککەوتن داوای کوردن و لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشدا هەن"[١٠] وە هەروەها دەڵی "بڕیاری ١٥٤٦ی ئەنجومەنی ئاسایش ئاماژە بەوەدەکات کە دەبێ دەستوری عیراق بە ڕێککەوتن دابڕێژرێ"[١١] ئەم هێمایە و زۆریتریش لەم جۆرە، کە چ لەلایەن ینك یا پدك ڕاگەیەندراون، بوونەتە هۆی شێوە

تەوەهومێك لای خەڵكی باشووری كوردستان كە ئیتر ئەو خەڵكە با پشتڕاست بن چوونكە "فیدرالیزم و دەستوری ڕێككەوتن" بڕیاریان لەسەر دراوە؛ خ) دوو بەڵگەنامە، كە یەكێكیان نامەیەكی سەرۆكوەزیرانی حكومەتی كاتی عیرق ( ئەیاد عەللاوی)ـەو ئەوی تریشیان نامەیاكی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریكا (كۆلن پاول)ـە، دراون بە نەتەوە یەكگرتوەكان (تەنها ٢ ڕۆژ بەر لەدەرچوونی بڕیاری ١٥٤٦). جێگەی گرینگی پێدانە كە ئەو دوو نامەیە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتوەكانەوە قەبوڵكراون وەك دوو بەڵگەنامەی لكێندراو بە بڕیارەكەوە، واتە بڕیاری ١٥٤٦. ئەوەی كە گرنگە لەم پەیوەندەدا ئەوەیە كە لە نامەكەی عەللاویدا نە ناوی كورد نە كوردستان و نە سیستەمی فیدرالی و نە پرەنسیپ یا میكانیزمی ڕێككەوتن بە هیچ شێوەیەك نەهاتوون. لە بەراوردێكی ووردی هەردوو نامەكەی عەللاوی و پاولدا بۆمان دەردەكەوی كە شێوە نزیكیەكی ئەوتۆ هەیە لە نێوان ئەو دوو نامەیەدا وەك ئەوەی هەمان كەس، یا لە هەمان سەرچاوەوە، ئەو دوو نامەیە نووسرابن. بە هەر حاڵ لە لێوردبوونەوەیەكی بە پەلە لە نامەكەی عەللاوی زۆر شتمان بۆ دەردەكەوێ وە دەكرێ بە شێوەی پرسیار بیانخەینەڕوو: ئایا ڕۆلی ئەو هەموو بەرپرسە كوردانەی كە لە ناوەندی دەستهەڵاتدان (لەبەغدا)، هەرنەبێ جێگری سەرۆككۆمار و جێگری سەرۆكوەزیران و وەزیری دەرەوە (كە كوردن)، چی بووە لە خەملاندنی ناوەڕۆكی ئەم نامە گرنگەدا؟ ئایا ئەو بەرپرسە كوردانە ئەسلەن پرسیان پێكراوەوە (لە نووسینی ئەو نامەیە)؟ ئەگەر ئەوەش كرابی چۆن ئەو بەرپرسانە ڕازیبوونە بە ناوەڕۆكی ئەو نامەیە؟ ئەگەر پرسیشیان پێنەكراوە و لە نامەكە بێخەبەرن و دوای دەرچوونی نامەكان، وەكو هەركەسێك، لە نامەكە ئاگادار بووبن، ئایا ڕۆڵی ئەوان لە بەغدا لە نوێنەرایەتیكردنی كوردا چەند بە سوود و ڕاستەقینەیە؟ ئەو پرسیارانە بەرەوڕوی تەواوی سەركردایەتی سیاسی باشووری كوردستان دەبنەوە، بە تایبەتی ئەوانەی كە بەناوی نوێنەرایەتیكردنی كورد لە باغدان، زۆر بەتایبەتیش د. بەرهەم سالح كە جێگری عەللاوی بوو و هوشیار زێباری وەك وەزیری دەرەوەی عیراق. بە باوەڕی من ئەو پرسیارانە گرنگن وە بە لایەنی كەمەوە دەبێ نیگەرانئامێز بن هەر نەبێ بۆ ئەوانەی خەمخۆری دواڕۆژی باشووری كوردستانن. هەروەها ئەو پرسیارانە نیشانەی پرسیاریش دەخەنە سەر ئەو بۆچوونەی كە بە زەرورەت بڕوای بەوە هەیە كە بەشداری و بوونی كورد لە

ناوەند دەتوانێ دامەزرانی عیراقێکی فیدرال و نوێ مسۆگەر بکات!

بە باوەڕی من کورد لە باشووری کوردستان ئەو دەرفەتە مێژووییەی لەدەستدا کە تیایدا، بەر لە دەرچوونی بڕیاری ١٥٤٦، پێ لەسەر هەندێ هێلی سوور دابگرێ و لەو هێڵە سوورانەش نەگەڕێتەوە. یەکێك لەو هێڵەسوورانەش پێداگرتن دەبوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ ناوی کورد یا کوردستان لە بڕیارەکە بە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی فیدرالی بهاتایە و یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەتیش قەبوڵبکری وەکو هێڵی گشتی (لە بڕیارەکەدا) و بنەما لە دانانی دەستوری دایمی عیراق. لە کاتی قەبوڵنەکردنی داواکاریە کوردییەکان پێویستبوو سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان لەوە نەترسایە ئەگەر قەیرانێکی سیاسی و دیپلۆماسیش لە ئەنجامی ئەو پێداگرتنە بکەوتبایەوە. لە ڕێگەی قەیرانێکی ئەوها دەکرا سنوورێك دابنرێ بۆ مڕاوەغە و هەڵوێستە نێگەتیڤەکانی لایەنی عەرەبی و ڕوو لە دواڕۆژیش هەندێ زەمانەتی گرنگ بۆ کورد مسۆگەر بکرانایە. پێویستە ئەوە بزانین کە لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، هەر نەبێ هەندێك جار، ئەکتەرانی سەر مەیدانی سیاسەتی جیهانی نەك هەر لە قەیران ڕاناکەن و خۆیانی لێنادزنەوە بەڵکو بە پێچەوانەوە قەیرانیش لە کاتی موناسیبدا خەلقدەکەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو قەیرانەوە تەجاوزی حاڵەتێك بکەن کە تیایدا ئەکتەری پەیوەندیدار (واتە ئەو ئەکتەرەی کە قەیران دروست دەکات) وادەزانی کە بەرژەوەندییەکانی کەوتوونەتە مەترسیەوە. بەو مانایە چەوتیەکی مەزنی سەرکردایەتی کورد لە باشووری کوردستان لە ماوەی دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام ئەوەبوو کە نەك هەر هەوڵی نەدا قەیران لەگەڵ لایەنی عەرەبی و بەڕووی کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا دروست بکات بەڵکو ئەو سەرکردایەتیە بەردەوام هەوڵی جددیشی داوە کە خۆی لە هەر جۆرە قەیرانێك دورخاتەوە و لەبڕی ئەوەش هەموو وزە و توانای خۆی لە گفتوگۆی ژوورە داخراوەکاندا سەرف بکات. بە باوەڕی من لە ڕێگەی قەیرانێکی (سیاسی - دیپلۆماسی)ەوە سەرکردایەتی سیاسی دەیتوانی بە ڕاشکاوانە نیگەرانی و ناڕازیبوون و ترسەکانی، ڕووە و دواڕۆژی کورد، بە باشترین شێوە بە ناوەوەو دەرەوە بگەیێنێ و ئیرادەی خەڵکی کوردستانیش مۆبیلیزەبکا و پەیامێکی لە ئاست و پێویستیش بە ڕێگەی ئەو قەیرانەوە بگەیەنێتە لایەنی عەرەبیش. لە قەیرانێکی ئەوهادا دەکرا بە شێوەیەکی جددی ئەلتەرنەتیڤی ریفراندەم بخرێتە مەیدانە پراکتیکیە ڕاستەقینەکەیەوە. ڕاستە کە سەرکردایەتی

سیاسی بە ماوەیەکی زۆر کەم بەر لە دەرچوونی بڕیاری ١٥٤٦ هەندێ داواکاری لە ڕێگەی نامەیەکی تاڵەبانی و بارزانیەوە (لە ٢٠٠٤/٦/١) خرایە بەر چاوی سەرۆککۆماری ئەمریکا وە"تا ڕادەیەکی کەم" پێیان لەسەر داگرت وە لەو داواکاریانەش پۆستێکی ژمارەیەك بوو (سەرۆککۆماری یا سەرۆکوەزیران) کە بدری بە کورد.[١٢] دیارە ئەو داواکاریانە بە شێوەی پێویست پێیان لەسەر دانەگیرا و نەگەیشتە ڕادەی قەیرانێکی سیاسی و دیپلۆماسی.

٢) کۆمیسیۆنی "سەربەخۆی" هەڵبژاردنەکان و کورد:دەکرێ مرۆڤ بپرسێ ئایا بۆ وە چۆن کۆمیسیۆنی بەناو سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە بڕیارێك دەیان هەزار کوردی دەرەوەی وڵاتی لە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بێبەشکرد، ئەگەرچی کورد دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ناوەندی دەستەهەڵاتی سیاسی بووە؟ ئەوە و لە کاتێکدا ئەم کۆمیسیۆنە بەر لە هەڵبژاردنەکان بە نزیکەی نۆ مانگ بەپێی بڕیاری (ژمارە ٩٢، لە ٢٠٠٤/٥/٣١) دامەزرابوو. ئایا لەم بڕیارەی کۆمیسیۆن نوێنەرانی کورد لە بەغدا (لە ناوەندی دەسەڵات) بە تەواوەتی بێخەبەر یا پەراوێز کرابوون وە ئەگەر نا ئایا ڕۆڵی ئەم نوێنەرانە چی بووە لەم بڕیارە گرنگەدا؟ ئەم پرسیارە، هەر وەك هەندێ پرسیاری سەرەوە، پێویستە ئەوانە نیگەران بکات کە بڕوایان بەوە هەیە کە کورد ئیتر هاونیشتمانی پلە یەکە لە عیراقدا و بوونیشی لەم دەوڵەتەدا لەسەر بنچینەی یەکیەتی ئارەزوومەندانەیە! ئەوە و زۆر شتی تر، لە کاری کۆمیسیۆن و یاسا و بڕیارەکان و هەڵسوکەوتەکان بەر لە هەڵبژاردن، بەپەراوێزکردنی کورد لە، ئەوەی پێیدەگوترێ، عیراقی نوێدا دەردەخەن.[١٣] لە لایەکی ترەوە زۆر جێگەی سەرنج و گرینگیپێدانە کە تەنها سێ هەفتە بەر لە هەڵبژاردنەکانی عیراق دوو وەزیر لە ئیدارەکانی هەولێر و سلێمانی ئەوەیان پشتراستکردەوە کە بەڵێ بڕیارێکی لەم جۆرە هەیە بەڵام ئەوان (واتە ئەم دوو وەزیرە) ئاگاداری هۆکارەکانی ئەو بڕیارە نین کە کوردانی دەرەوەی وڵات لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بێبەش دەکات.[١٤]

٣) هەندی هێما و پەیامی ناسیۆنالیستی عەرەبی بەر لەهەڵبژاردنەکان: بەر لە هەڵبژاردنەکانی عیراق دەنگی زۆر بەرزبوونەوە کە هەموویان هێمای ئاشکران بۆ ئەوەی کە کورد خەریکە دەوڵەتی عیراق لەگەڵ خەڵکانێك دادەمەزرێنێتەوە کە ڕێك مەبەستیان سەرلەنوی بیناکردنەوەی دەستەهەڵاتێکی مەرکەزییە لەسەر بنچینەی

خواستی زۆرینە و ناسنامەی عەرەبی دەوڵەتی عیراق. لە لایەکی ترەوە شتێکی ترسناك و نیگەرانئامێزە کە ئەو دەنگە عەرەبیانە بەبێ بەرپەرچدانەوەی لایەنی کوردی ئاشکرا و پڕ بە پێست مانەوە. جگە لەوەش پێناچی ڕاگەیاندنی حزبە دەستهەڵاتدارەکانی کوردستان بە پێی پێویست ئەو شێوە بۆچوونە عەرەبیانە بگەیێننە خەڵکی کوردستان و بەم شێوەیەش ئەو خەڵکە وێنەیەکی راست و دروستی لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی پەیوەندیدار بە دوارۆژی خۆی دەستناکەوێت. رۆژانە بەکارهێنانی چمکی "عیراقی فیدرالی" و "عیراقی نوێ" دەکری ڕۆلێکی زۆر نێگەتیڤی هەبێ لە شاردنەوەی بۆچوونە ڕاستەقینەکانی لایەنی عەرەبی لە مەر دوارۆژی کورد و عیراق. لێرەدا تەنها چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو لەو ڕاگەیاندنە عەرەبیانە، کە چەند ڕۆژێك بەر لە هەڵبژاردنەکان دەرچوون، کە ڕێك ڕەنگدانەوەی زهنیەت و کولتوری سیاسی عیراقی دوێنێن. لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لە بەغدا (٢٠٠٥/١/١٩) وەزیری ناوەخۆی عیراق (فەلاح ئەلنەقیب) هانی سوننە و شیعەی عەرەب دەدات کە"شان بە شانی یەکتر کاربکەن لە پێناو پاراستنی یەکیەتی و عەرەبیبونی عیراق" وە هەروەها دەڵێ "عیراقیە عەرەبەکان بڕبڕەی پشتی یەکبوونی وڵات پێکدەهێنن."[١٥] پرسیار ئەوەیە ئایا ئەگەر سوننە و شیعەی عەرەب بڕبڕەی پشتی عیراق پێکبهێنن ئەی کەواتە کورد، کە ئەویش گوایە هاونیشتمانی پلە یەکە، کام بەش لە جەستەی دەوڵەتی عیراق پێکدەهێنێ؟ دیارە ئەلنەقیب لەم ڕاگەیاندنەدا خوازیارە کە عەرەبی سوننەش بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ زێدەکردنی سەنگی یا قورسایی عەرەب و لەو ڕێگەیەشەوە سەلامەتی بڕبڕە عەرەبیەکەی پشتی دەوڵەتی عیراق مسۆگەر بکات. سەیر لەوەدایە کە ئەم ڕاگەیاندنە نەك هەر بەبێ وەڵامێکی پڕ بە پێستی لایەنی کوردی ماوەتەوە، بەڵکو لایەنی کوردی خۆیشی هەوڵی جددی دا بۆ ئەوەی عەرەبی سوننە مەزهەب بەشداری چالاکانە لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن. بۆ نمونە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە میوانانی لە عەرەبی سوننە ماوەیەکی زۆر کورت بەر لە هەڵبژاردنەکان، بارزانی هەوڵی جددی دەدات بۆ ئەوەی عەرەبی سوننە تێکەڵاو بە پرۆسەی سەر لەنوی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق ببن و بەشداری چالاکانەش لە هەلبژاردنەکاندا بکەن. بارزانی لەو بۆنەیەدا بە میوانە سوننە عەرەبەکانی دەڵێت "ئێمە دەمانەوی لە دڵەوە لە پاڵتان بوەستین و یارمەتیتان بدەین، ئەگەر ئەوە

بکرێ، من بەڵێنتان دەدەمی ئەوەی لە ئێوەم گوێلێدەبێ، وەك خۆی بگوازمەوە بۆ حکومەتی کاتی و نەتەوەیەکگرتوەکان و ویلایەتە یەکگرتوەکان و بەریتانیا و لایەنە پەیوەندیدارەکان... بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە نابێ موقاتەعەی سوننی بۆ هەڵبژاردن هەبێت."(١٦) هەڵبەتە مرۆڤ لە هەوڵەکانی لایەنی عەرەبی دەگات کاتێك دەخوازن زۆربەی عەرەب، بە سوننەو شیعەوە، بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن و بەم شێوەیەش بڕبڕەی پشتی بەعەرەببوونی دەوڵەتی عیراق بپارێزن، بەڵام تێگەیشتنی هەوڵێکی ئاوها لە لایەن سەرکردەیەکی کوردەوە زۆر ئاستەمە! یاریکردن بە کارتی عەرەبی سوننە لە بەرامبەر شیعەی عەرەب بە ئەگەری یەکجار زۆر بەزەرەرێکی گەورە بۆ کورد دەگەڕێتەوە: کورد هەڵەدەکات ئەگەر وا باوەڕ بکات کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە بۆچوونی سوننە و شیعە لەمەر مەسەلەی کورد.

ڕاگەیاندنێکی تر کە بە ماوەیەکی کەم بەر لە هەڵبژاردن لە لایەنی عەرەبییەوە دەرچوو، هی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم بوو، کە ئەم ڕاگەیاندنەشیان پێویستی بە وەڵامدانەوە دەکرد لە لایەنی کوردیەوە. لەم ڕاگەیاندنەدا ئەلحەکیم هەندێك شتی هەستیاری باسکردوە: ئەو دەڵی "ئێمە لەگەڵ فیدرالین ئەگەر لە سەر بنچینەی ئیداری بێ و بۆ هەموو عیراق بێ و لەلایەن هەموو گەلی عیراقەوە قەبوول بێت وە ئەم شتەش دەبێ لەلایەن گەلی عیراقەوە دەنگی لەسەر بدرێ."(١٧) ڕاگەیاندنێکی ئەوها وە لە کاتێکی ئەوها هەستیاردا (تەنها چەند ڕۆژێك بەر لە هەڵبژاردنەکان) نەك هەر وەڵام نەدراوەتەوە لە لای لایەنە کوردیەکانەوە بەڵکو ئەم هەواڵە، وەك تێبینی دەکرێ، وەك خۆی لە بڵاوکراوەی لایەنێکی کوردی وەکو خۆی وە بەبێ بەرپەرچدانەوە بڵاوکراوەتەوە.

٤) <u>وتاری سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتی عیراق</u> : لە ٢٠٠٤/٩/٢٤ سەرۆکوەزیرانی حکوموتی کاتی عیراق (عەللاوی) وتارێکی دور و درێژی لە بەردەم کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان خوێندەوە. لەم وتارەدا، کە ڕاستەوخۆ لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی بی بی سی بڵاو بوویەوە، عەلاوی نەباسی کورد و نەکوردستان و نەفیدرالیشی کرد. جگە لەوەش لە ئاماژەکردنی بە ئاراستەی بابەتی هەڵەبجەو ئەنفال عەلاوی لە بڕی ئەوەی ئەو دوو ڕووداوە بە ناوی خۆیانەوە ناوبهێنی و لەو ڕێگایەوە باس لە زوڵم و زۆری ڕژێمی سەدام بەرامبەر بە کورد بکا عەلاوی بە گشتی باسی لە کۆکوژی دەیان هەزار هاونیشتمانی عیراقی کرد. ئەم شێوە گوزارشەی عەلاوی لە قوربانیانی

هەڵەبجە و ئەنفال تازەنیەوەهی هەموو ئەو عەرەبە ناسیۆنالیست و ئیسلامیستانە یەکەدەخوازن لەسەر بنچینە ئایدیۆلۆژیەکانی عیراقی دوێنێ، عیراقێکی بە ناو نوێ دابمەزرێننەوە. پێویستە کورد خۆی بەر لە عەلاوی و بەر لە لایەنی عەرەبی لە عیراق ئەوە بزانێ کە ناکرێ قوربانیانی هەڵەبجە و ئەنفال وەکو هاونیشتمانی عیراقی ناوببردرێن.

لە ڕاستیدا ئەم قوربانیانە هیچ مافێکی هاونیشتمانیان پێڕەو نەدەبینرا لە دیدی ڕژێمی سەدامەوە و لەبەر ئەوەش لە ناوبردنی ئەم قوربانیانە ئاسان بوو. کاتێك ئێمە دەزانین ڕژێمی سەدام بەیەك بڕیار مافی هاونیشتمانی لەو عیراقیانە وەرگرتەوە کە لە دەرەوەی عیراق دەژیان و قەبولیان نەدەکرد بگەڕێنەوە، ئەی هەر ئەو ڕژێمە چۆن مافی هاونیشتمانی بەو کەسانە ڕەوا دەبینێ کە بەپێی بۆچوونی هەمان ڕژێم موستەحەقی کیمیباران و (ژینۆساید)کردن بوون.[١٨] جێگەی گرینگیپێدانە کە هوشیار زێباری هاوڕێ بوو لەگەڵ عەلاویدا لە سەردانەکەی بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان وە ئامادەشبوو لەو کاتەی کە عەلاوی وتارەکەی خوێندەوە. پرسیار ئەوەیە ئایا زێباری چەند ئاگاداری ئەو وتارەبوو وەچەندیش پرسیاریپێکرابوو بۆ ئامادەکردنی وتارەکە وە ئەگەر ئاگاداربوو و پرسیشی پێکرابوو بۆ هەوڵی نەدا کە هەندی شت دەربارەی کورد و فیدرالی جێگایان ببێتەوە لە ناو وتارەکەدا؟ ئایا ئەسلەن زێباری وتارەکەی دیوە؟ ئایا دەکرێ بڵێین کە ئەو وتارە و شتی تریش لەو جۆرە لە سەر نوێنەرانی کورد لە بەغدا دەسەپێندرێن بەڵام ئەو نوێنەرانە بە ڕاشکاوی بە خەڵکی کوردستان ناڵێن لە بەغدا چی دەکرێ؟

ئەو نمونانەی کە لێرەدا ( لەچوار خاڵی سەرەوە) باسیان لێوەکرا ئەوەمان بە حەتمی پێناڵێن کە تاڵەبانی وەك سەرۆککۆماری عیراق بێدەستەهەڵات دەبێ و هیچپیشی بۆ کورد پێناکرێ. بەڵام، لە هەمان کاتدا، ئەو ڕوداو و پێشوەچوونانە (لەو نمونانەی سەرەوە) دەکرێ شتێکمان پێبڵێن کە ئەویش ئەوەیە: کورد لە گەڵ بوونی بەردەوامی وە بەقورسایی زۆریشەوە لە ناوەندی دەستەهەڵاتی سیاسی لە بەغدای عیراقی فیدراڵ و نوێدا، تا ڕادەیەکی زۆر پەراوێزکراوە. لێرەوە مرۆڤ دەتوانی بۆچوونێك بخاتەڕوو ئەویش ئەوەیە کە مەسەلەکان لە ڕێگەی وەرگرتنی هەندێك پۆستی باڵا لە حکومەتی ناوەندی لە بەغدا چارەسەرناکرێن وە ناکری پۆستی سەرۆککۆماریش لەو ئەگەرە بەدووربێ.

## دەرئە نجام

ئاکامێکی ڕاستەوخۆی بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا ئەوەیە کە پێش وەخت بەم بەشداریکردنە کورد باجێکی گەورەی داوە. لایەنی هەرە مەترسیداری ئەو بەشداریە ئەوەیە کە خەڵکی باشووری کوردستان، نەك تەنها وەکو سەرکردایەتی سیاسی بەشداری چالاکانەی لە دامەزراندنەوەی دەولەتی عیراقدا کرد و بەم شێوەیەش بە"ڕەزامەندی خۆی" ڕەواییەکی سیاسی و یاسایی بەم دامەزراندنەدا. لە لایەکی ترەوە دەستکەوتەکانی لەو بەشداریەدا هێشتان دیار نین و لە باشترین حاڵەتدا لە رۆژانی داهاتوودا کار و خەباتی زۆری دەوی وە کورد ئەو خەباتە بەرامبەر خودی ئەو دەوڵەتە دەکات کە خۆی لە دامەزراندنەوەیدا رۆڵێکی گرینگی بینی. بە مانایەکی تر ئەو سیناریۆیەی کە نوسەری ئەو وتارە، بە شێوەی پرسیارێك، بەر لە نزیکەی دوو ساڵ، وە بەردەوام لە ماوەی دوو ساڵی دواییدا، باسی لێوەکردووە خەریکە دەبێ بە راستی. پرسیارەکەش ئەوەبوو: ئایا کورد خەریکە بەشداری لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتێکدا دەکات کە دوایی بچێ لە هەمان دەوڵەت داوای مافەکانی بکا؟[١٩]

ناکرێ وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماری لە لایەن کوردێکەوە بە شێوەیەکی دابڕاو لە پەیوەندیە (کوردی کوردی)ەکان هەڵبسەنگێنین. ئەگەری ئەوەی کە وەرگرتنی پۆستی سەرۆککۆماری لە لایەن تالەبانیەوە ململانێ لە نێوان پدك و ینك بهێنێتە گۆڕێ کە زیاتر لە گۆشەبینینی دەستهەڵاتی سیاسی و مەسەلەی ئەوەی کام لەو دوو حزبە دەسکەوتی زیاتر بەدەستدەکەوی و ئەو دەستکەوتانە چین. دەشبێ لێرەدا بگۆترێ کە ئەگەر پدك و ینك بە سیاسەتێکی شیاوتر لەوەی کە لەسەر پێیە هەلسوکەوت لەگەڵ ئەو قۆناغە هەستیارەدانەکەن دوور لە موزایەدەکاری و هەندێك تاکتیکی سیاسی نادیمۆکراتیانە، ئەوا مەترسییەکی جییدی هەیە کە کورد توشی چۆکشکان و کاریسەیەکی نەتەوەیی ببێت... خۆدوورنەگرتنی پدك لە مامەڵەکردنی ینك لەگۆشەیەکی خۆبەزلزانیەوە (وەکو ئەوەی سەرکەوتوو بەرامبەر دۆڕاو) خزمەت بە کاری هاوبەش و هاوئاهەنگ لەسەر پانتایی سیاسی باشووری کوردستان ناکات. جگە لەوەش ناکرێ چیتر پارتی و یەکیەتی ئیرادەی خەڵکی کوردستان پەراوێز بکەن و چیتریش هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ رۆتین و جوانکردنی ڕووی دزێوی دەسەڵاتی حزبی بێ، چونکە لەم جۆرە رەفتارە خەڵکی کوردستان

زەرەرێکی گەورە دەکات. یاریە سیاسیە نادیمۆکراتیانەکەی پارتی و یەکیەتی، بە تایبەتی‌جارێکی تر ئیفلیجکردنەوەی پەرلەمان، خەریکە ڕێگە خۆشدەکات بۆ حاڵەتێك کە تیایدا خەڵکی باشووری کوردستان چاوبڕنە دەستهەڵاتی سیاسی لە بەغدا بۆ چاکسازی وچەسپاندنی دەوڵەتی یاساو پیادەکردنی پرۆسەیەکی "دیمۆکراسی ڕاستەقینە"!

ئەمڕۆ خەڵکانێکی زۆر هەن کە نەك هەر شانازی بە"ئەزموونی" ١٣ ساڵی ڕابردووی باشووری کوردستان ناکەن، بەڵکو ئەو خەڵکانە لەو باوەڕەشدان کە ناکرێ ئەو کولتورە سیاسیەی کە سەرچاوە و چوارچێوەی فیکری ئەو "ئەزموونە" بوو چیتر بنەما بێت بۆ کاری سیاسی لەو بەشەی کوردستان. ئیمڕۆ ینك و پدك لە بەرامبەر تاقیکردنەوەیەکی سەختدان: یا چاککردنێکی بنەڕەتی وە یا کرانەوە بە ڕووی ئەگەری ئەوەی تەوژمی دیموکراسی ڕاستەقینە لە شێوەی ئۆکرانیا و جیۆرجیاو زۆر جێگای تریش ڕوو بکاتە کوردستانیش: ئەو هۆکار و بارودۆخانەی کە یارمەتی ئەو دوو هێزەی دا دەسەڵات بگرنە دەست لە کوردستان، هەمان ئەو هۆکار و بارودۆخە دەتوانن لە کاتی گونجاودا یارمەتی خەڵکەکەش بدەن ئەو سیاسەتە هەڵبژێرن کە خزمەتی بەرژەوەندیەکانیان دەکات! ئەو شێوە یاریە سیاسیەی کە ئیمڕۆ لە باشووری کوردستان لەسەر پێیە (دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی عیراق و سیاسەتە کوردیەکان لەم پەیوەندەدا، بە مانای بوون لە ناوەند لە لایەکەوە و دەربڕینی ناڕەزایی لەو ناوەندە و فشارخستنەسەری لە لایەکی ترەوە) بەر لەهەر شتێك بەرپرسیاریەکی مێژوویی و ئاستێکی بەرزی لە تێگەیشتن و خوێندنەوەی نەتەوەییانە و ئەزموون لە بواری مومارەسەی دیپلۆماسیدا دەخوازێ. ئەگەر و ترسی ئەوە دەبی بە جددی لەبەر چاو بگیرێ کە"ناوەند" و "پەراوێز" ببنە دوو جەمسەری ململانێ کە تیایدا ململانێی پدك و ینك بە شێوەیەکی زۆر تێکدەرانە بە دژی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان بشکێتەوە!

لەم وتارەی بەردەستدا ژمارەیەك نموونە لە بەشداری کورد لە دامەزرانەوەی دەوڵەتی عیراق و چەندی و چۆنیەتی ئەو بەشداریە بەکردار، قسەیان لەسەر کراوە. لەگەڵ ئەوەی ئەو حاڵەتانەی کە باسیان لێوەکراوە ئەوە دەردەخەن کە هەر چەندە کورد نوێنەری هەن لە پۆستی هەرە بەرز لە پێکهاتەی دەوڵەت و لەگەڵ ئەوەشی کە سەرکردەی سیاسی هەوڵ دەدات وێنەیەکی گەش و پڕ لە ئومێد دەربارەی دواڕۆژی

کورد لە دەوڵەتی عیراقدا پیشان بدات، کەچی لە لایەکی ترەوە ترسێکی جددی هەیە کە کورد لە عیراق جارێکی تر پەراوێز بکرێتەوە. بەشداریکردن لە دەستهەڵاتی پێکهاتەیەکی گەورەتر (لە حاڵەتی ئەو وتارەدا دەستهەڵاتی مەرکەزیە لە بەغدا) بە پێی ڕێسا و گەمەی دیموکراسی ئەوە دەخوازێ کە ئەو هێزەی دەبێتە بەشێك لە دەستهەڵاتی ئەو پێکهاتە گەورەیە دەبێ ئامادەبێ هەندێك شت بدات تا هەندێك شت وەرگرێت. دیارە بەشداری کورد لە دەسەڵاتی ناوەندی قەبوڵی لەمپەڕ ناکات لەم ڕێسایەدا. لە لایەکی ترەوە ترسی ئەوە هەیە کە بەشداری کورد لە دەستهەڵاتی ناوەندی لە سەر بنچینەیەك بێت کە تێیدا کورد قەبووڵبکات باجێکی زێتر بدات لەوەی کە وەریدەگرێ. لەوەدەچێ کە لایەنی عەرەبی تا ڕادەیەکی زۆر پشتڕاست بێت لەوەی کە زیاتر بە دەست دێنێت لەوەی کە لەدەستی دەدات لە قەبوڵکردنی ئەوەی کە کوردێك ببێتە سەرۆککۆمار و هەر لەبەر ئەوەش بێت کە ئەو لایەنە قەبولیکرد کە تاڵەبانی ببێ بەسەرۆککۆمار!

دەشی پۆستی سەرۆککۆماری لە ڕووی سیمبۆلیەوە سەرکەوتنێك بێت بۆ کورد، بەڵام ئەگەری ئەوەی کە ئەو دەسکەوتە سیمبۆلییە لە لایەکی ترەوە زەربەیەك بێت لە گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە ڕوانگەی سیاسەتی واقعییەوە.

دواجار لەوانەیە تاڵەبانی بتوانی خزمەتێکی گەورە بە کورد بکات ئەگەر پۆستە سەرۆککۆمارییەکەی بەکاربێنێت بۆ هێنانەکایەی قەیرانێکی سیاسی و دیپلۆماسییانە، ئەگەر لە ڕۆژانی هەرەدوایی پۆستەکەشیدا بێت. لە ڕێگەی قەیرانێکی ئەوهاوە، هەرچەندە باوەڕم وایە کورد لە باشووری کوردستان کاتێکی زۆری لەدەستدا و زۆریش درەنگ کەوت، گەلی کورد دەتوانێ ڕاستی نیگەرانی و ترسەکانی خۆی لە مەر دوارۆژی سیاسی باشووری کوردستان بگەیەنێت. پەیامی لایەنی کوردیش لە قەیرانەکەدا دەتوانی ئەوەبێت کە ڕاستە کورد بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا کردوە و ڕاستیشە کە هەندی پۆستی دەستکەوتوە، بەڵام لە مەسەلە بنەرەتیەکاندا کورد بەزۆرەملێی زۆرینەی عەرەبی جارێکی تر مافەکانی زەوتدەکرێنەوە، دوێنی بە حوکمی زەبر و زەنگ و تۆقاندن، بەڵام ئیمڕۆ بە حوکمی زۆرینەی بەناو دیموکراسی (بەشێوە و مەرجەکانی نەتەوەی سەردەستی زۆرینە).

جێگەی خۆیەتی بڵێم کە ئەو بارە قورسەی کە لەسەر شانی کوردە لە پرۆسەی دامەزراندنەوەی عیراق دوو کەرەت زۆر گرانە: جارێکیان فەراهەمکردنی بنەمایەکی

دیموكراتی و عەلمانی بۆ دەوڵەتی عیراق و ئەوەی تریشیان وەدەستهێنانی فیدرالییێکە بە كۆمەڵێك زەمانەتەوە كە ئەگەر پاشەكشە ڕوویدا لە ئاستی سیستەمی سیاسی لە عیراقدا ئەوا كورد هەرنەبێت خۆی بەو زەمانەتانەوە بگرێتەوە. بە بۆچوونی خۆم زۆر ئاستەمە كورد بتوانێت وا لەبەرامبەرە (عەرەبی)ەكەی بكات كە لە هەر دوو ئاستدا چۆكدابدات!

عیراقی ئیمڕۆ تا ڕادەیەكی زۆر هەر عیراقی دوێنێیە و زۆرینەی عەرەبییش دەخوازێت عیراقێك دامەزرێنێتەوە كە زۆر لە هی دوێنی جیا نەبێت هەر نەبێت لە ڕووی هەڵوێستی زۆرینەی عەرەبییەوە لەمەڕ دۆزی كورد.

---

* تێبینیەكی گشتی: قەڵەوكردنەوەكا لەم وتارەدا، بەمانای جختكردنەوە هاتوون.

## پەراوێزەكان

١) پەیوەندییەكانی زۆربەی هێزە كوردستانیەكان لەگەڵ یەكتردا ڕەنگدانەوەی لاوازی كوردستانیبوون و لاوازی كولتوری سیاسی دیموكراسیيانەی پێوەدیارە. ئەم بابەتە بە شێوەیەكی فراوانتر لە لایەن نوسەری ئەم وتارە قسەی لەسەر كراوە. بڕوانە بۆ نمونە گۆڤاری گزینگ، ژمارە٣٠، زستانی ٢٠٠١.

٢) بڕوانە گفتوگۆی تاڵەبانی لەگەڵ ڕۆژنامەی *الشرق الاوسط*، ٢٠٠٥/٤/١٠.

٣) بۆ دەقی وتاری تاڵەبانی بڕوانە *كوردستانی نوێ* ٢٠٠٥/٣/١٧، ل ٣.

٤) گفتوگۆی تاڵەبانی لەگەڵ ڕۆژنامەی الشرق الاوسط، ٢٠٠٥/٤/١٠.

٥) دەقی چاوپێكەوتنەكە: ٢٠٠٥/٤/١٣

(http://www.pukmedia.com/hewall/arabicnews)

٦)سەتەلایتی *العربیه*، ٢٠٠٥/٤/١٧، وەڕۆژی دواتر (٢٠٠٥/٤/١٨) دەقی گفتوگۆیە كە لە ڕۆژنامەی خەباتبڵاوبۆتەوە.

٧) بۆ دەقی بڕیاری ١٥٤٦ بڕوانە:

(http://www.un.org/news/press/docs/2004/sc8117.doc.htm)

٨) سەرچاوەی پێشوو.
٩) سەرچاوەی پێشوو.
١٠) *خەبات*، ١٦ /٢٠٠٤/٦، ل ١.
١١) *خەبات*، ٢٠٠٤/١/١٢، ل ٣.
١٢) بۆ دەقی نامەکەبڕوان، بۆ نمونە: ٢٠٠٤/٦/٧
urdistannet.org (http://www.kurdistannet.org)
١٣) بۆ بابەتێك دەربارەی کاری کۆمیسیۆن و بابەتە پەیوەندیدارەکان بڕوانە جەوهەر نامق سەلیم، "فەرمانی پۆل برێمەری ژمارە ٩٢ و..."، لە *خەبات*، ڕۆژانی ١٣ و ٢٠٠٥/١/١٤، هەردووکیان ل ٩.
١٤) بەشی کوردی *دەنگی ئەمریکا*، پرۆگرامی تایبەتی (هەلۆ ئەمێریکا)، گفتوگۆ لەگەڵ دوو وەزیری ئیدارەکانی سلێمانی و هەولێر (عەبدورەزاق میرزا و د. شەفیق قەزاز)٢٠٠٤/١/٨.
١٥) ڕادیۆ *سەوا*، بەشی ڕاپۆرتەنوسراوەکان: ١٩/١/٢٠٠٥ (http://www.radiosawa.com/)
١٦)*خەبات*، ٢٠٠٥/١/١٢، ل ٢.
١٧) *الاتحاد المرکزی*، ١/١٩/ ٢٠٠٥ (http://www.pukmedia.com/)
١٨) بڕوانە د. بورهان یاسین، "ڕەوتی ریفراندەم لەکوێوەبۆ کوێ"، کە لە هەندێك سایتی کوردی بڵاوبۆتەوە بۆ نموونە لە http://www.kurdish media لەناوەڕاستی ئەپریلی ٢٠٠٤، بەشی کوردی.
دەربارەی ئەو ناوچانەی کەبەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن وەچۆن هەر زوو لەپایزی ١٩٨٧ (نزیکەی شەش مانگ بەر لەدەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئانفال) بڕیاری ئەوەدرا کە ئەوانەی لە (١٧ ئۆکتۆبەری ١٩٨٧) وە دەکەونە ئەو دیوی ئەو هێڵەی، کە لە لایەن ڕژێمەوە دیاریکرابوو، هەموو مافێکیان لێدەسەندرێتەوە، هەتا بگرە مافی وەرگرتنی خۆراك، وە بەپێی هەمان بڕیار، لە قۆناغی بەجێگەیاندنی (واتە سەربازیی) ئەنفالدا، ئەو خەڵکانەی ئەو دیوی هێڵەکە دەبوایە بەتەواوەتی لەناوببردرێن.
١٩) نوسەری ئەم وتارە هەر زوو (ڕاستەوخۆ دوای کەوتنی ڕژێمی بەعس) بە شێوەی پرسیار ئەو ئەگەرەی خستەڕوو لە کۆمەڵێك کۆڕ و نووسیندا. پرسیارەکە بەم شێوەیە بوو: ئایا کورد خەریکە دەوڵەتێك دامەزرێنێتەوە کە دوایی لە هەمان دەوڵەت داوای مافەکانی بکات؟ ئەم پرسیارە، بۆ نموونە، کراوە لە کۆڕێك لە شاری ستۆکهۆلم لە٢٠٠٣/٤/١٩، کۆڕێکی تر لە شاری (مالمۆ)ی سوید لە٢٠٠٣/٨/٢٢ وە چەند کۆڕێك لە کوردستان لەسەرەتای مانگی ژەنوەری ٢٠٠٤، جگە لە چەند نووسراوێکیش، لەوانە بۆ نموونە گۆڤاری گزینگ ژمارە ٣٨.

# گەمەی دەستور
# و چارەنووسی باشووری کوردستان*

**سوید، ٢٠٠٥/١٠/١**
**ئەم بابەتە لە پایزی ٢٠٠٥ لە هەندێك ماڵپەڕی کوردیدا بڵاوبۆتەوە**

## ناوەڕۆکی بابەت


- پێشەکیەکی پێویست
- ئێستگەکانی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق
- ئەوەی کە لایەنی کوردی حسێبی بۆنەکردوە لە دەستوردا
- خوێندنەوەیەکی گشتی ڕەشنووسی دەستور
- ناوەڕۆکی دەستور
١ ) دیباجە
٢ ) ناسنامەی عیراق و قوڵایی عەرەبی
٣ ) جارێکی تر مافی چارەی خۆنووسین
٤ ) دەستهەڵاتەکان
٥ ) خاوەنداریەتی نەوت و گاز
٦ ) کەرکوك و مادەی ( ٥٨ ) و پرسی سنووری هەرێمی کوردستان
- هەندێ گفتوگۆی تر و دەرەنجامەکان
- پەراوێزەکان

## پێشەکیەکی پێویست

لە چوارچێوەی ئەوەی پێیدەگوترێت پرۆسەی سیاسی لە عیراق، لە دوای کەوتنی رژێمی سەدام تا ئێستا، بەرهەمهێنانی دەستور هەنگاوێك و ئێستگەیەکی هەرە گرنگە لە بەعیراقیکردنەوەی باشووری کوردستان.

لەم وتارەمدا هەوڵدەدەم، لە گۆشەبینینێکی کوردییەوە، تیشك بخەمە سەر مەسەلەی دەستوری هەمیشەیی عیراق بە پەیوەندی لەگەڵ چارەنووسی باشووری کوردستان. لە بۆچوونێکی مەنهەجیەوە ئەو تیشك خستنەسەرە یارمەتی وەردەگری لە هەندێك زانیاری مێژوویی و خوێندنەوەی سیاسی و دیپلۆماسی پرۆسەکە، بە هەندێك بەراوردیشەوە تا ئەو جێیەی دەرفەت دەبێت.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە ئەم وتارەی بەردەست لە رۆژنامە بڵاو دەبێتەوە، هەوڵدەدەم لە هەموو بوارەکاندا سنووورداری قەوارەی وتار لەبەر چاو بگرم. بە بۆچوونی من ناکرێ دەقی ئەم ڕەشنووسی دەستورە، کە دیارە هەر زوو دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بڕیاری دەنگ لەسەر دانی (بە بەڵێ) داوە و هانی خەڵکی کوردستانیش دەدات بۆ دەنگ لەسەر دانی، بە شێوەیەکی دابڕاو لە هاوکێشە سیاسی و پەیوەندیە دیپلۆماسیەکان هەڵبسەنگێندرێ. ئەوەی لەم بارەیەوە زۆر ئاماژەی پێدەکری و گرنگیەکی تایبەتی وەرگرتووە بابەتی ڕۆڵ یا فشاری ئەمریکیەکانە لە فەراهەمکردنی بەرهەمهێنانی دەستوردا. یەکێك لەو وادانانەی (گریمانی تیوری) کە دەخوازم لەم وتارەمدا پیادەیبکەم ئەوەیە کە ئەوەی دەستهەڵاتی کوردی لەم ڕەشنووسەدا بەدەستیهێناوە زیاتر دەربڕ و ڕەنگدانەوەی قەناعەتێکی سیاسیانەی کلاسیکی ئەو سەرکردەیە کە دەتوانرێ لە چەمکی فەلسەفەی سیاسی "**ئۆتۆنۆمیزم**"دا کورتبکرێتەوە.

سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان ئێستاش هەڵگری هەمان ئەو بۆچوونەیە کە تەمەنی ڕەسمی، زۆر یا کەم نزیکەی ٦٠ساڵ دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە ڕێگەی چارەسەری بۆ کێشەی کورد تەنها ئۆتۆنۆمی (دواتر فیدڕالی) بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عیراقە و پێویستە هەر کەم و زێدەییەکیش لە ڕەشنووسی دەستوردا لەم چوارچێوەیەدا شیبکرێتەوە.

## ئێستگەکانی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق

گومان لەوەدا نیە کە یەکێك لەو ئاکامە هەرە گرنگانەی لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس کەوتەوە ئەوە بوو کە عیراق وەکو دەوڵەت، بە هەموو دامودەزگاکانی و لەڕەهەندی سەروەری (بەڕەهەندی عەرەبی و جیهانیشەوە) هەڵوەشایەوە. دەبێ لە ڕۆشنایی ئەم ڕووخان و، لەڕووی ژیۆپۆلیتیکیشەوە، هەڵتەکانە بنەڕەتیە و بە پێی ئەوەی کە کورد لەو کاتەدا لە باشوور ئەزموونێکی ١٢ ساڵەی لە بەخۆبوون تێپەڕکردبوو، دەستکەوتەکان و لەدەستچووەکانی کورد، بە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی دەستور، بنرخێنرێن.

لە پێداچوونەوەیەکی گشتی بە ئێستگە هەرە گرنگەکانی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقدا، ئەم جارەیان بە ویست و خواستی دەستهەڵاتی سیاسی و "خەڵك" لە باشووری کوردستان، تێبینی دەکرێ کە لایەنی کوردی بەشداریەکی چالاکانەی لەو دامەزراندنەوەیەدا کرد، بەبێ ئەوەی کە داواکاریەکانی بە شێوەیەك سەربخات کە لە ئۆتۆنۆمی زۆر زێتر بێت و حسێبی ئەوەشی کردبێ کە ئەگەر سبەینی پرۆسەی دیموکراسی و سیستەمی فیدراڵی پاشەکشەی کرد جارێکی تر پێویستنەکات کورد دووچاری خەباتی شاخ ببێتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت کۆبوونەوەی ناسریە (لە ٢٠٠٣/٤/١٤) و یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت (دەستوری کاتی) و بڕیاری ١٥٤٦ی (٢٠٠٤/٦/٨) نەتەوەیەکگرتوەکان و هەڵبژاردنە گشتیەکانی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ و ئێستاش دەستوری هەمیشەیی (هەڵبەتە دوای دەنگدان لەسەری) لە ئێستگە هەرە گرنگەکانی ئەو دامەزراندنەوەیەن. بە هەڵسەنگاندنێکی گشتی ئەوەی کە لەم ئێستگانە (کەوتۆتەوە/دەکەوێتەوە)، لە گۆشەبینیبی کوردیەوە، دەکرێ بە گشتی چەند خاڵێك تێبینی بکەین: ١) ڕەهەندی نێونەتەوەیی مەسەلەی کورد لە"عیراق"، تا ڕادەیەکی زۆر لاواز کراوە و مەسەلەی کورد بە توندی کراوەتەوە مەسەلەیەکی "عیراقی". پرۆسەی بەناوخۆیکردنەوەی مەسەلەی کورد، دوای ئەوەی قۆناغێکی باشی بڕیبوو لە بەنێونەتەوەییبوون بە تایبەتی لە ڕووی یاسای نێونەتەوەییەوە. لەڕاستیدا، بۆ نموونە، بڕیاری (١٥٤٦)ی نەتەوەیەکگرتوەکان نەك هەر ئاماژە بە بوونی کێشەی کورد لە عیراق ناکات (نە لە ڕەهەندە مێژووییەکەی، نە لە ڕەهەندی هەنووکەیی سیاسی و دیپلۆماسی و نە لە ڕەهەندی دواڕۆژیش). تەنها ئاماژەیەکیش لەو بڕیارەدا

بــه مەســەلەی فیــدرالی کرابــێ ئەوەیــە کــە فیــدراڵی مەســەلەیەکی ناوەخۆیــە و نەتەوەیـەکگرتوەکان بـەپێی ئـەم بڕیـارە تـەنها پێشـوازی لـە کـاری حکومـەتی کـاتی عــیراق بــۆ فیــدراڵی دەکــات.[1] بــە گــوێرەی ئــەم دەربڕینــەی بڕیارەکــە، نــە نەتەوەیـەکگرتوەکان خۆبەسـتنەوە (ئیلتیـزام)ێکـی بـە مەسـەلەی فیـدراڵی و نـەش فیـدراڵی بـە پێـی بڕیارەکـە کراوەتـە مەسـەلەیەك بـۆ حکومەتـەکانی عـیراق لـە داهاتوودا، بەڵکو تەنها وەکو کار- بۆ- کردنی حکومەتی کاتی عیراق لـە قەڵـەم دەدات. بە مانایەکی تر کورد بە پێی ئەم بڕیارە کەوتەوە ژێـر "ڕەحمـەتی" عیراقـی خـاوەن سەروەری و یەکبوو؛ ٢) کورد جارێکی تر خەریکە پەراوێزدەکریتەوە لە عیراق، ئـەم جارەیان بە بەشداری "چاڵاکانەی" سەرکردایەتی کورد خۆی لـەو پەراوێزکردنـەدا و لەوەش زێتر راپێچکردنی جەماوەریش لەم پرۆسەیەدا.

## ئەو شتەی کە لایەنی کوردی حسێبی بۆنەکردووە لە دەستوردا

لەخوێندنەوەیەکی مێژوویی بـە پەلـە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە کـورد ئـەزموونێکی دوور و درێــژی هەیــە لــە گفتوگــۆ و پــەیمانی شــکاو و...هتــد. هــەر کاتێــك پێشوەچوونێك، گەر چی کەمیش بوبێت، لە عیراق بەدەستهاتبێت ئەوا پەیمانشـکێنی و پاشەکشەیەکیشی بـەدواوەبووە. ئـەوەی ئـەم جارەشـیان لایـەنی کـوردی بـە جـددی بیری لێنەکردۆتەوە، یا هەر نەبێ کاری جددی بۆ نەکردوە، ئەو پرسیارەیە: ئایا ئەم جارە(ش) ئەگەر ئەزموونی دیموکراسی و فیدراڵی پاشەکشەیکرد، کورد پەنا بـۆ چـی دەبات؟ وڵاتێك کە کورد خۆی درووسـتی کـردەوە و کـورد، لـە تێگەیشـتنی کۆماڵگـەی نێونەتەوەییەوە وەکو بەشێکی چاڵاك و "یەکسان" لە دەستهەڵاتی ئەم وڵاتەدا بینـرا. بەڵکو بگرە ئەوهاش تەماشاکرا کە بەشی شێری لـەو دەسـتهەڵاتەدا هەیـە، ئـەو کاتـە هەر ئەوها بە ئاسانی نـاتوانێ سـبەینێ بەرهەڵسـتی هـەمان دەوڵـەت بکـات. هەڵبەتـە دوای ئەوەی کە خـەڵکی کوردسـتان "وەکو گـەل" بڕیـاری ئـەوە دەدا کـە ڕەشنووسـی دەسـتور قـەبوڵ بکـات، ئــەوە ئــەو کاتــە پرۆســەی بەعیراقیکردنــەوەی باشــووری کوردسـتان دەگاتـە ئێسـتگە و ئاسـتی هـەرە چارەنووسـاز. ململانێـی کـورد لەگـەڵ دەوڵەتی عیراق دوای هێڵی دەسـتور (واتـە دوای دەنگـدان بـە بـەڵی لەسـەر دەسـتور) دەکەوێتە قۆناغی هەرە سەخت، چونکە کورد بـە پێـی ئـەم پێشوەچوونە دەکەوێتـە پێگەیەکی سیاسی و دیپلۆماسی و ستراتیژی زۆر لاوازتر لە ئەوەی ئیمڕۆ.

دواجار ئەوەی کە گرنگ و مەحەکە ئەوەیە ئایا ئەوەی لە دەستوردا هاتووە تا چ رادەیەك وە بە چ شێوەیەك بەجێدەگەیێنرێت. گرنگترین خاڵیش کە لێرەوە لەبەر چاو بگیرێ ئەوەیە کە لە قۆناغی دوای - دەستور پەیوەندیەکانی زۆرینە و کەمینە لە هاوکێشە و ئەوەی کە پێی دەبێژن گەمەی "دیموکراسی" کورد کەمینە دەبێت و عەرەبیش زۆرینە. لەو حاڵەتەدا ئەگەری ئەوەی کە کورد لە زۆر لە بڕیارەکانی بوواری سیاسەت و یاسادانان و بگرە مەسەلە ستراتیژیە چارەنووسسازەکان (بۆ نموونە ڕاگەیاندنی شەڕ و...هتد) دووچاری ململانێیەکی ناهاوسەنگی زۆرینە- کەمینە ببێتەوە. لایەنی عەرەبی نەك هەر بەهەمان ئەو زهنیەتەی، کە دوای کەوتنی رژێمی بەعس هەڵسوکەوتی پێکردوە. دوای قۆناغی دەستوریش هەڵسووکەوت دەکات، بەڵکو بگرە دوور نیە کاریش بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە دەستوردا لە بارەی کوردەوە هاتووە کار بکات. ئەوەی لە دەستوردا بەدەستدێت شتێکە، بەڵام پاراستنی تەواو شتێکی ترە. بەم مانایە بە دەستهێنانی سیستەمێکی دیموکراسی لە عیراق، لەسەر کاغەز، دەبێ بپارێزرێ لە ناو زهنیەت و لەسەر ئەرز. بەڵام کۆمەڵێك هۆکار هەن کە ئەم کارە وەزەحمەت دەخەن، بۆ نموونە: ململانێیەکی قوڵ و فراوان لە نێوان کۆمەڵێك پرۆژەی سیاسی (بە تایبەت بە ڕەنگی ئیتنیکی و مەزهەبی) کە لە ڕەهەندە ئیقلیمیەکاندا دەها ئاڵۆز دەبن لە عیراقدا بوونیان هەیە و لە داهاتووشدا دەبن. بوونی کولتورێکی بە هێزی کودەتا و کودەتاکاری؛ نامۆبوون بە کولتوری دیموکراسی و باڵادەستبوونی بیری پیلان و پیلانگێڕی و پاشقۆلگرتن و...هتد لە پەیوەندیە سیاسەیەکاندا و لە هەڵوێست لە دەستهەڵاتی سیاسی. جگە لەمانە بە پێی ئەزموونی مێژوویی، ئەو دیموکراسیانەی کە بە"شەو و رۆژێك" لە دایك دەبن ئەگەری پاشەکشە و شکستیان زۆر زیاترە لە و دیموکراسیانەی کە لە ئاکامی پرۆسەیەکی دور و درێژی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و جیابوونەوەی دین لە دەوڵەت و پێشوەچوونی کولتوری و سیستەمی فێرکردندا سەریان هەڵداوە. جگە لەوە، ئەو هێزە سیاسیانەی کە لە قەناعەتەوە باوەڕیان بە دیموکراسی نیە، سیستەمێکی ئەوها تەنها وەکو دەرفەتێك دەبینن بۆ گرتنەدەستی دەستهەڵاتی ڕەها و بەکارهێنانی چالاکانەی ئەو سیستەمە بۆ بەهێزکردنی دەرفەتەکانی خۆیی و بنپێکردنی دەرفەتەکانی ئەوانی تر. دواجار فاشیستەکانی ئیتالیا و نازیستەکانی ئەلمانیاش میکانیزمی دیموکراسیان بەکارهێنا بۆ

بەدەستهێنانی دەسەڵاتی ڕەها!

مەسەلەیەکی گرنگ، کە هەر لە سەرەتای پرۆسەی سیاسی لە عیراقی دوای رژێمی (سەدام)ەوە، ئەو بەهایەی پێنەدراوە ئەو راستیەیە کە عیراق هەردەم وڵاتێکی گرنگ بووە لە ئەوەی پێیدەگوترێت کۆمکار (جامیعە)ی عەرەبی. لەڕاستیدا، هەر زوو دوای کەوتنی رژێمی دکتاتۆر لە عیراق و دەستپێکردنی پرۆسەیەکی سیاسی لەم وڵاتەدا، بۆچوونێکم پیادە کردوە کە ئەویش پێداگرتن بووە لەسەر ئەو ڕاستیەی کە بوونی عیراق لەناو ئەو سیستەمە عەرەبیەدا دوو جار کورد دەکات بە"کەمایەتی"؛ جارێکیان لە چوارچێوەی عیراقدا و جارێکی تریشیان لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا.[٢] بە مانایەکی تر ڕەهەندی قوڵایی ستراتیژی و کولتوری عیراق، کە بەپێی ئەندامبوونی ئەو وڵاتە لە کۆمکاری عەرەبیدا مانایەکی تایبەتی دامەزراوەیی پەیدا دەکات، ئەو گرنگیە شایستەیەی لە لایەن سەرکردایەتی کوردەوە پێنەدراوە. نەك هەر ئەوە بەڵکو هەندێك دەنگی ئاشکرا لە ئاستی هەرە سەرەوەی ئەو سەرکردایەتیەدا، لە سەرەتای پرۆسەکەوە، جختیان کردەوە کە نەك هەر دژایەتی ئەوە ناکرێت کە عیراق ئەندام بێت لە کۆمکاری عەرەبیدا، بەڵکو بگرە ئەو وڵاتە دەبێ رۆڵی پێشەنگیش ببینی لە کۆمکاری ناوبراودا. دواتر لەم نووسینەمدا دەگەڕێمەوە سەر ئەم خاڵە.

## خوێندنەوەیەکی گشتی ڕەشنووسی دەستور

هەرچەندە دەبوایە ڕەشنووسی دەستور لە بەرواری (٨/١٥) تەواو ببوایە، بەڵام تا ئیمرۆش شێوەی کۆتایی خۆی وەرنەگرتووە. هاوسەنگیەکانی هێز لە ئاستی ناوەوەی عیراق و ئیقلیمیدا (بە تایبەتی لە ڕەهەندە عەرەبیەکەیەوە) ئالۆزیەکی زۆری دروست کردوە. دوور نیە هەتا دوای قەبوولکردنی ڕەشنووسەکەش لە دەنگدانی گشتیدا زەمانەتی ئەوە هەبێت کە ئیتر ڕەشنووسەکە گۆڕانکاری تری بەسەردا نایەت. بگرە قەبووڵنەکردنی هەندی گۆڕانکاری کە داخوازی لایەنی سوننەی عەرەبن دەکرێت بە جددی خەتەری جەنگێکی ناوەخۆیی (بە ئالۆزی و تێکەڵیەکی ئیقلیمیەوە) لێبکەوێتەوە.

لە هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا ئەوە خویا دەبێت کە ڕەشنووسی دەستور زۆر دژایەتی و ململانێیی تەفسیر و تەفسیرکاری قوڵ و فراوان لەخۆ دەگرێ. ڕێك

ئەوەیــە لایــەنی "بــەهێزی" و "لاوازی" دەســتورەکە و هــەر ئەوەشــە کــە هــەموو لایەنەکانی (بەتایبەتی کورد و شیعە)ی لە لایەکەوە ڕازیکردوە و لە لایەکی تریشەوە هـیچ کـام لـە ڕازیبوونـەکان ١٠٠٪ نـین. لـە گۆشـەبینینێکی ئەمریکیـەوە دەکـرێ ئـەم دەستورە لە هـەمان کاتـدا وەکـو سـەرکەوتن بـەڵام شکسـتیش بـۆ ئـەمریکا ببینـرێت: سـەرکەوتن، بـەو مانایـەی کـە ڕەشنووسـەکە"لـە کـاتی خۆیـدا" ئامـادەکراوە و بـەم مانایەش لە چوارچێوەی (ستراتیژی دەرچوون - **exit strategy**)ی ئەمریکی دەکرێ ئامادەبوونی **ڕەشنووس** لە کاتی خۆیدا یاریـدەدەری نـەك هـەر ئـەوەبێ کـە ئـەمریکا بپـارێزێ لـە قـەیرانێکی قـوڵتر لـە عـیراق، بـەڵکو یارمـەتیشی بـدات کـە بـارودۆخی ئـەمریکا بـە پەیوەنـدی لەگـەڵ فـایلی عـیراق باشـتر ببێـت. بـەڵام ئەمـە تـەنها لـە گریمانێك یا بۆچوونێکی تیوری زیاتر نیـە. لـە لایـەکی تـرەوە ئـەم دەسـتورە پـڕ بـە خواستی ئەمریکا نیە، بەڵکو وەکو جۆرە شکستێکیش دەبینـرێ، بـە تایبـەتی کاتێـك بـــاس دێتـــە ســـەر ئامـــانجی ڕاگەیەنـــدراوی ئـــەمریکا لـــە بەدیموکراســـیکردن و پشتگیریکردن لە مافی مرۆڤ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە عـیراق.

## ناوەڕۆکی دەستور

کـارێکی ئاســتەمە لــە وتــارێکی وەك ئــەوەی بەردەســتدا بتــوانین لــە هــەموو لایەنەکانی دەسـتور بکۆڵینـەوە. بەهـەر حـاڵ جختکردنـی وتـاری بەردەسـت زێـتر لـە گۆشـەبینینێکی کوردیەوەیـە و زێتریـش جـەدەلی دیموکراسـی و سیسـتەمی فیـدراڵی (وەکو هاتووە لە ڕەشنووسی دەستورەکەدا) لەبـەر چـاو دەگـرێ. بـۆ نموونـە مەسـەلە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەتی مەسەلەی ئافرەت یەکێکە لە بـوارە گرنگـەکانی دەسـتور کە لەسەر ڕاوەستانی تایبەتی پێویستە.

### ١) دیباجە

بەر لەهەر شـتێك دیباجـە وەکـو بەشـێکی دەسـتور تەماشـا دەکـرێ. لـە دیباجـەدا لایـەنی عـەرەبی وە بـە تایبـەتی لایـەنی شـیعی سـەرکەوتووە و ئەوەشـی کـە لایـەنی سەرکردایەتی کوردی بانگاشەی بۆ دەکات، کە گوایـە لـە دیباجـەدا بەدەسـتی هێنـاوە، ئەوە نیە. ئەوەی کە پەیوەندی بەو دیباجەوە هەیە دەکـرێ پەنجـە بـۆ چـەند خـاڵی گرنـگ ڕاکێشین.

بۆ نموونە، ئاماژەکردن بە راپەرینەکانی کوردستان و خوارووی عیراقی بەهاری ١٩٩١ بەناساوی "ئەلئینتیفازە ئەلشەعبانیە"، یەکسەر رووداوێکی زۆر گرنگ لە مێژووی هاوچەرخی کورددا دەسڕێتەوە، کە ئەویش راپەڕینی بەهاری (١٩٩١)ە. لە باشترین حاڵەتدا ئەم راپەڕینە مێژووییەی کوردستان لە ناو قالبی ئینتیفازەی خوارووی عیراقی (شیعی)دا دەشارێتەوە. لە راستیدا هەر بەر لە داڕشتنی دەستوریش، بە بۆنەی کردنەوەی پەرلەمانی عیراق، مام جەلال لە وتارەکەیدا ئەم ناسناوەی بەکارهێنا بەبێ ئەوەی ناوی راپەڕینی کوردستان بێنێت. لێرەدا دەتوانین ئەو بۆچوونە گشتگیریە پیادە بکەین کە ئەگەر نەتەوەیەك ئامادەبوو لە ئاراستەی مێژوویدا تەنازول لە ماف و راستیە مێژووییەکانی خۆی بکات، ئەوا زۆر مومکینە تەنازول لە ئاستی مەسەلە هەنووکەییەکان و ڕوو لەداهاتوش بکات. دواجار ناسنامە و شێوەی خۆوێناکردنی وڵاتێك یا نەتەوەیەك بنەمایەکی گرنگە لە سیاسەت و ستراتیژی ئەو وڵات یا نەتەوەیەدا. کاتێك ناسنامەی کورد لە ناو ناسنامەی عەرەبی لە عیراقدا، لە رێگەی گووتارێکی عەرەبی- شیعیەوە، بتاوێندرێتەوە، دەکرێ ئەو وەختە بڵێین کە قوتدانی کورد لە چوارچێوەی سیاسەتە عەرەبیەکانی عیراقدا کارێکی ئاسانە.

بەپێی دیباجەی ڕەشنووسی دەستور، سیستەمی سیاسی لەعیراق لەداهاتودا فیدراڵی دەبێت، هەرچەندە بەکارهێنانی وشەی فیدراڵی بۆ تەنانەت یەك دانەجاریش بێت، پەسەندنەکراوە، بەڵکو وشەی عەرەبی (ئیتحادی) بەکاربراوە. دیارە ئەوەی خویادەکری لەم دەستورەدا ئەوەیەکەوا وشەی ئیتحادی تەنها بۆ سیستەمی سیاسی بەکارهاتووە، بەبی ئەوەی کە(حاڵەتی ئیتحادی) بۆ یەکگرتنی دوو وڵات (خاك) و دوو نەتەوەی سەرەکی بەکار هاتبێت. بەو مانایە ئەو فیدراڵیەی کەلەم دەستورەدا هاتووە بەشێوەیەکی ئاشکرا تەنها ئاماژەیە بۆ سیستەمی بەڕێوەبردن.

ئەوەی کە پەیوەندی بە مەسەلەی یەکێتی ئارەزوومەندانە (ئیتحاد ئیختیار)یەوە هەیە، کە خواستێکی کورد بوو و بەرواڵەت زۆریش پێی لەسەر دادەگیرا، لەم دیباجەیەدا، هەر نەبی بە شێوەیەکی راشکاوانە، نەهاتووە. لە ڕاستیدا ئەوەی کە لە دیباجەکەدا نووسراوە دەربڕینێکی ئاڵۆز و تەماویە. لەوێدا هاتوە کە"ئێمەی گەلی عیراق" بڕماندا کە"بە هەموو پێکهاتە و ڕەنگەکانیەوە بە ئازادی و

ئارەزوومەندانە لەگەڵ خۆیدا (بنفسە) یەکیێتی بکات". پرسیار ئەوەیە ئایا دەکرێ، وە چۆن، گەلێك لەگەڵ خۆیدا یەکێتی بکات؟ ئەم شێوە دەربڕینەی دیباجە ئەو مافە، بەبێ سێ و دوو، بە کورد نادات کە بە ئازادی خۆی وە هەر ڕۆژێك بخوازێ، بە پێی پرەنسیپی مافی چارەنووس، بڕیارێکی تر بدات، وەکو بۆ نموونە بڕیاری سەربەخۆیی. بە هەر حاڵ، بەپێی بۆچوونێکی کوردی، بە تایبەتی ئەوەی بەڕێز مەسعود بارزانی، ووشەی ئارەزوومەندانە بەو شێوەیەی کە لەدیباجەدا هاتووە ڕاستەوخۆ مافی چارەنووسی بە کورد بەخشیوە.[٣] هەر لە بابەتێکی پەیوەندیدار هەر لە دیباجەکەدا هاتووە کە "خۆبەستنەوە بەم دەستورە یەکێتی ئازادی عیراق، وەکو گەل و خاك و سەروەری، دەپارێزێ". دیارە لایەنی کوردی، دیسانەوە بەپێی خواستی دڵی خۆی، تەفسیری بۆ ئەو چەند ووشەیەی دیباجە کردووە و بەپێی قسەکانی بەڕێز مەسعود بارزانی مافی چارەنووس لێرەدا "زۆر زۆر ڕوونە".[٤] هەروەها د. محمود عوسمان، ئەندامی لیژنەی دەستوری، لە بۆچوونێکی زۆر نزیك لەوەی بارزانی بەڵام هەندێك تەماوی، دەڵێ کە ڕەشنووسی دەستور ڕێگەی لە میللەتی کورد نەگرتووە کە لە دواڕۆژدا باسی مافی چارەنووس بکات وە دەڵێت ئەگەر دەستور "جێبەجی بوو ئەوە ئێمەش پابەندی ئەو یەکێتیەین، ئەگەر جێبەجی نەبوو ئێمە ئازادین".[٥] هەروەها دەڵێ، "تا ئەو ڕۆژەی ئەو دەستورە جێبەجی دەکرێ ئەو یەکگرتنە بەردەوام دەبێ، بەڵام ئەگەر دەستورەکە وەکو پێویست جێبەجی نەکرا نامێنێ".[٦] لە ڕاستیدا ئەم شێوە دەربڕینانە لە دیباجە کەدا نەهاتوون و لە باشترین حاڵەتیشدا ئەو دەربڕینانە ڕەنگدانەوەی خۆشبینی و خوێندنەوەیەکی یەکلایەنەیە کە بۆچوونی عەرەبی لەگەڵیدا یەکناگرێتەوە. بە بۆچوونی خۆم لایەنی کوردی، لە هەردوو حاڵەتی یەکگرتنی ئارەزوومەندانە و مەسەلەی خۆبەستنەوە بە دەستورەوە، بە "نیەت پاکی" و خواستی یەکلایەنە تەفسیری بۆ شتەکان کردوە.

چۆن دەکرێ بەلکاندنەوەی باشووری کوردستان بڵێی یەکگرتنی ئارەزوومەندانە کاتێك ئێمە دەزانین کە لە ریفراندەمێکی نارەسمیدا خەڵکی کوردستان بەرێژەی ٩٨٪ دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە. وە ئایا چۆن دەکرێ بڵێین کە دەنگدانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ڕەشنووسی ئەم دەستورە چارەنووسسازە دەنگدانێکی ڕەوا و ئارەزوومەندانەیە کاتێك کە ئەم دەستورە تەنها نزیکەی ٢٤ کاتژمێرێك لەبەر

دەمی پەرلەمان بووە؟ دەستوری ئەمریکا بە ٩- ١٠ ساڵ بەرهەمهات، بەڵام پەرلـەمانی کوردستان تەنها، کەم یـا زۆر، ٢٤ کاتـژمێری پێدەچێت بـۆ ئـەوەی لـە تـاوتوێکردن و بڕیار لەسەر دانی ببێتەوە. لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا جاری وا هەیە بۆ گۆڕینی یـەك بەنـد چـەند مـانگ، بـەڵکو بگـرە چـەند سـاڵی، پێدەچێت. بڕیـاردانی خـەڵکی کوردسـتان لـە ١٠/١٥ بـە بـەڵی لەسـەر دەسـتور، چـونکە بـەو مانایـە دێـت کـە ئـەوە دەنگدانــە لەســەر یــەکگرتنێکی ئارەزوومەندانــە، دەکــرێ ئاکــامی زۆر ترســناکی لێبکەوێتەوە و زوو یا درەنگیش لایەنی عەرەبی و کۆمەڵگای نێونەتـەوەیی بـە کـورد بڵێن "ئێـوە خۆتـان بـە ڕەزا و ئـارەزووی خۆتـان بڕیارتـان لەسـەر دامەزراندنـەوەی عیراق دا، لە ڕێگەی قەبووڵکردنی دەستورەکەیەوە!"

## ٢) ناسنامەی عیراق و قوڵایی عەرەبی

مـادەی سـێهەم، کـە دەربـارەی ناسـنامەی عیراقـە، یەکێکـە لـەو بوارانـەی کـە زۆر گفتوگـۆی لەســەر کـراوە، وە بەدرێــژایی ٤٠ سـاڵی رابــردووی خــەباتی سیاســی لــە باشووری کوردستان جێگەی تایبـەتی هـەبووە. لـە سـەرەتادا لایـەنی عـەرەبی ئـەوەی قەبووڵکرد کە تەنها عەرەب لە عیراق بەشێك بێت لە نەتەوەی عەرەب، بەبێ ئەوەی ئـەو بەنـدە مەسـەلەی ئەندامـەتی عـیراق لـە کۆمکـاری عەرەبیـدا چارەسـەر بکـات. ئاشکرایە کە دواتر لە ئاکامـی فشـاری عـەرەبی سـوننە و کۆمکـاری عـەرەبی دەقەکـە گۆڕدرا بە ئەوەی کە عیراق ئەندامێکی دامەزرێنـەر و چالاکی کۆمکاری عەرەبیـە... بەم شێوەیە لە راستیدا ناسنامەی عـەرەبی دەوڵـەتی عـیراق وەك خـۆی دەمێنێتـەوە، چونکە بە پێی مادەی یەکەمی میساقی کۆمکاری عەرەبی ئەو وڵاتانەی کە دەبـن بـە ئەندام دەبـێ ناسـنامەیان عـەرەبی بێت.[٧] بـەم پێیـە کـورد، حـەز بکـاو حـەز نـەکا، بەشێکە لە پێکهاتەیەکی سیاسی و ستراتیژی (بگرە سەربازی) عـەرەبی کـە لەوانەیـە سبەینێ کورد دژ بەخواستی خۆی، لە ڕێگەی ئـەم ئیلتیزامـە عەرەبیانـەی عیراقـەوە، ببێت بە بەشێك لە هەندێ شەڕ و ململانێی گەورەی ناوچـەیی، کـە لـە ڕاسـتیدا هـی خۆی نین و هیچ بەرژەوەندیەکیشی تیایاندا نیە: هەندێك نموونـەی مێـژوویی هـەن وەك بەشداری عیراق لە شەڕەکانی عەربی- ئیسرائیلی ١٩٤٨ و ١٩٦٧ و ١٩٧٣).

بەم مانایە، کـورد لـە چوارچێوەی ئـەم تەرتیبـە سیاسـی و سـتراتیژیە عەرەبیـەدا دەبێتە کەمایەتییێکی کەم و بگرە بێ ئـیرادە و هـیچ مافێکیشـی پێنـەدراوە کـە، وەکـو

هـەرێمی کوردسـتان، بـۆی هـەبێت لـە دەرەوەی هـەر "ئیلتیزامـاتێکی" عـەرەبی و نێونەتەوەییدا بمێنێتەوە هەر وەختێك ئیرادە و بەرژەوەندیـەکانی خـەڵکی هـەرێمی کوردستان ئـەوەهای خواست. لـە راسـتیدا گـۆڕینی مـادەی سـێهەمی ڕەشـنووس لـەژێر فشاری عەرەبی سوننە کۆمکاری عەرەبیـدا، بـۆ ئـەو شـێوەیەی کـە هەیـە، راسـتیەکی بەڵگە نەویستە لەسەر ئـەوەی کـە ئـیرادەی کـورد لـە عـیراق دوو جـار لاوازکـراوە (یـا دەکرێ)، جارێکیان بە حوکمی زۆرینەی عـەرەبی لـە عـیراق و جـارێکی تریشـیان بـە حـوکمی ئـەوەی کـە کـورد بەشـێکە لـە سیسـتەمی عەرەبیـدا، کـە دەوێـدا عـەرەب زۆرینەی ڕەهایەو کـوردیش کەمینەیـەکی ئێجگـار کـەم (بەگشـتی ٦ - ٧ ملیـۆن کـەس بەرامبەر ٣٠٠ ملیۆن کەس). گرنگە لەم بارەیەوە بزانرێ کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەن لە جیهان ماف زیاتریـان لـەم بارەیـەوە هەیـە لـەوەی کـە کـورد لـە چوارچێوەی ئـەو فیدراڵیە پێشنیارکراوەی ناو دەستور. بۆ نموونە هەرێمی ئۆتۆنۆمی گرینلاندی سـەر بە دانیمارك لە ریفراندەمێکدا لە ساڵی ١٩٨٢ بڕیاری خۆی دا کە لە بازاڕی هاوبەشـی ئـەورووپی (دواتـر یـەکێتی ئـەوروپا) بکشـێتەوە کەچـی دانیمـارك وەکـو ئەنـدام هـەر مایــەوە. لــە راســتیدا نموونــەی تــریش زۆرن لەســەر ئــەوەی کــە زۆر لــە ناوچــە ئۆتۆنۆمیەکان، لێرەو لەوێ، بواری لە دەرەوە هێشتنەوەی خۆیـان هەیـە لـە هەنـدێك ئیلتیزامی نێونەتەوەیی دەسەڵاتی ناوەندی و ماف زێتریان هەیە لە سیاسەتی دەرەوە لەوەی کە کورد لە عیراق دەیبێت بە پێـی ئـەو فیدراڵیـەی لـە ڕەشنووسـی دەسـتوردا هـاتووە. هـەر بـە پەیوەنـدی لەگـەڵ مەسـەلەی قوڵـایی عـەرەبی دەوڵـەتی عـیراق و ناسنامەی وڵات، مادەی ١٨، بڕگەی پێنجەم دەڵێ "ڕەگەزنامـەی عیراقـی نابەخشـرێت بە مەبەستی سیاسەتی نیشتەجێکردنی دژ بە پێکهاتەی دانیشـتوان لـە عـیراق". ئـەم بڕگەیـە گوایـە لـە کێشـەی نیشـتەجێکردنی عـەرەب بـە ژمارەیـەکی زۆر لـە عـیراق چارەسەر دەکات. بەڵام بەم شێوە داڕشتنە کێشەی (یـا تـرس لـەوەی) کـە عـەرەب بـە ژمارەیـەکی زۆر بـێن یـا بهێنـرێن بـۆ عـیراق، بـەم شـێوەیەش پێکهاتـەی دانیشـتوانی عـیراق لـە بەرژەوەنـدی لایـەنی عـەرەبی بگۆردرێـت، چارەسـەرنەکراوە. لـە راسـتیدا لایەنی عەرەبی لە عیراق دەتوانی هانی ژمارەیـەکی زۆر لـە عـەرەب بـداو بـێ ئـەوەی کە هیچ لایەنێك بتوانی ئیسپاتی بکات کە لایەنی عەرەبی "مەبەستێکی" هەیە لـەم هێنـانی خـەڵکی عەرەبـە بـۆ عـیراق. بـە بـاوەڕی مـن مەترسـی هێنـانی (یـا هـاتنی) ژمارەیەکی زۆر لە عەرەب بۆ عیراق مەترسیەکی جددیـە و لەبـەر ئـەوەش دەبووایـە

دەقی ئەم بڕگەیە بە شێوەیەکی تر بوایە و بەم مانایەش جخت بکرایەتە سەر **ئاکام** لە بڕی **مەبەست**، چونکە ئاکام کۆنکرێتترە و لێسورانەوە و فێڵی یاسایی لێی ئاسان نیە. لە ڕاستیدا لە کاتی خۆشی کە ڕژێمی بەعس ڕەگەزنامەی بە زۆر عەرەب بەخشیوە و لە بیری ئەوەش دابوو ژمارەیەکی ئێجگار زۆر عەرەب بهێنێ بۆ عیراق قەت نەیدەگۆت"مەبەست" گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوانی عیراقە!

هەر پەیوەست بە مەسەلەی هاوسەنگی دیمۆگرافی، بەڵام ئەم جارەیان زێتر لە پەیوەستگەیەکی عیراقیدا، بواری خاوەنداریەتی مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگە. بە باوەڕی من لایەنی کوردی لەوەشدا سەرکەوتوو نەبووە کە ڕێگە لە کڕینی زەوی و زار بکرێ لە کوردستان لە لایەن عەرەبەوە. بە پێی (مادەی ٢٣، سێهەم،ا) تاکەکەسی "عیراقی مافی خاوەندارییێتی لە هەر شوێنێك لە عیراق هەیە..." لە ڕاستیدا هەرچەندە لە هەمان مادە (سێهەم، ب) هاتووە کە "خاوەندارییێتی قەدەغەیە بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی"، بەڵام ئەم بڕگەیە ناتوانێ ڕێگە لە عەرەب بگرێت کە خاکێکی زۆر لە کوردستان بکڕن، بە شێوەیەك کە ببێتە مەترسیەکی ستراتیژی، بە تایبەتی لەسەر ئەو ناوچانەی کە لەڕووی ئیتنیەوە تێکەڵاون و کێشەیان لەسەرە. هەروەك ئەو ئیشکالیەتەی مادەی پێشتر، هیچ کەس (لە لایەنی عەرەبی ڕەسمی و نارەسمی) نایەت بڵێت کە ئەو بە مەبەستی "گۆڕینی دیمۆگرافی" زەوی و زار لە کوردستان دەکڕێت وە لە لایەکی تریشەوە لەڕووی یاساییشەوە ئاسان نیە ئیسپاتکردنی "مەبەست" یا نیەت. لە ڕاستیدا مادەی (٢٣، سێهەم، ا) دەتوانی ڕێگرێکی تر بێت لە بەردەم پرۆسەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك، بە تایبەتی گەڕاندنەوەی عەرەبە هاوردەکان! شایەنی باسە هەر زوو سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان ئاگادارکراوەتەوە لە مەترسی ستراتیژی کڕینی خاك لە کوردستان لە لایەن عەرەبەوە. ئەم ئاگادارکردنەوەیە لەڕێگەی پرۆژەیەکەوە کراوە کە لە ١٦ خاڵ پێکهاتبوو وە لەلایەن دەستەی ئاشتی و ئایندەوە پێشکەشکراوە.[٨] لە ڕاستیدا مادەی ٢٤ کە دەڵێت "دەوڵەت زامنی ئازادی گواستنەوەی کرێکار و شتومەك و سەرمایەی عیراقی دەکات لە نێوان هەرێمەکان و پارێزگاکان، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت" ترس و گومان لە مەر مەبەستی "ناپاکی" لایەنی عەرەبی (ڕوو لە داهاتوو) زێدەتر دەکات!

### ٣) جارێکی تر مافی چارەی خۆنووسین

مادەی ٤٤، کە دواتر لە ژێر فشاری عەرەبی سوننە لە ڕەشنووس لادرا، دەکرا بە شێوەیەك لە شێوەکان، دەرفەتی باسکردن لە مافی چارەنووس بە کورد بدات. لە مادەکەدا هاتبوو کە "بۆ هەموو تاکەکان هەیە کە سوود وەرگرن لە گشت ماف و پەیمانە نێونەتەوەییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ وەربگرن..." هەر چەندە مافی چارەنووس لەم مادەیەدا: ١) لە باشترین حاڵەتدا شاردراوەیە؛ ٢) مافەکە هی تاکە کەسەکانە؛ ٣) مەرجی گونجانی لە گەڵ دەستووردا بۆ دانراوە، بەڵام دیسان ئەم مادەیە دەکرا کرانەوەیەك بێت بە رووی یاسای نێونەتەوەییدا.

### ٤) دەستهەڵاتەکان

یەکێك لەو شتانەی کە زۆر سەرنجڕادەکێشی ئەوەیە کە دەستهەڵاتی یاسادانانی "ئیتحادی" کە لە دوو بەش پێکدێت (ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی ئیتحاد) بە شێوەیەکی زۆر ناهاوسەنگ، وە لە زیانی سیستەمی فیدراڵی ڕێکخراوە: لە کاتێکدا باسکردن لە ئەنجومەنی نوێنەران(پەرلەمان) جێگەیەکی زۆری (١٥ مادە)ی لە دەستووردا بۆ تەرخانکراوە، کەچی ئەنجومەنی ئیتحاد تەنها سێ دێڕی دراوەتێ. جگە لەوە، ڕێکخستنی یاساییانەی ئەنجومەنی ئیتحاد خراوەتە ژێر "ڕەحمەتی" ئەنجومەنی نوێنەران کە لە داهاتوودا "پێکهێنانی و مەرجەکانی ئەندامبوون تیایدا و پسپۆڕیەتی و هەر کارێکی پەیوەندیدار" وەك یاسا دادەڕێژێ. ئەگەری ئەوە هەیە کە لە داهاتوودا دەستهەڵاتی هەرێمەکان کە مبکرێتەوە لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ئیتحاددا، چونکە ئەم مەسەلەیە بۆ دواتر هەڵگیراوە و لە پرۆسەیەکی "پەرلەمانیدا" دەنگی لەسەر دەدرێ. جگە لەوەش ئەنجومەنی ئیتحادی لە نوێنەرانی هەرێم و پارێزگاکان پێکدێت، ئەوەش دەکرێ هەوڵێکی "شاردراوەی" تر بێت کە دەسەڵاتی هەرێمەکان، بە شێوەیەك لە شێوەکان، لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ئیتیحاددا کرچ و کاڵبکرێتەوە. لەوەش زیاتر ئەنجوومەنی ئیتحاد هیچ دەستهەڵاتێکی پێنەدراوە لە دەستنیشانکردنی ئەندامانی دادگای ئیتحادی باڵا، کە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەوەیە کە ململانێ و کێشەکانی نێوان دەستهەڵاتی "ئیتحادی و هەرێم و پارێزگاکان و..." یەکلابکاتەوە. لەم بارەیەوە پێویست بوو کە ئەنجومەنی ئیتحاد هەر زوو پێکبهاتایە و ڕێژەی بەشداریکردنی هەرێمەکان و

پسـپۆڕیەکانی و ڕۆڵـی یاسـایی دیاریکراویشـیان هەبووایـە لـە ڕێکخسـتنی دادگـای ئیتحادی باڵا.

سەبارەت بە دەستهەڵاتەکانی حکومەتی ئیتحادی و دەستهەڵاتە هاوبەشەکانی ئـەو حکومەتـە و هەرێمـەکان وە هـەروەها دەسـتهەڵاتەکانی تایبـەت بـە هەرێمـەکان، وا دەزانم دەسـتهەڵاتێکی ئێجگـار زۆر دراوەتـە حکومـەتی ئیتحـادی و لـە راستیشـدا کـەمێکی لـە دەسـتهەڵات هێشـتۆتەوە بـۆ هەرێمـەکان. ئـەوەی کـە زۆر گرنگـە هەرێمـەکان، بـە هـەرێمی کوردستانیشـەوە، هـیچ مـافێکی ڤیتـۆ یـا مـافێکی تـری "پارێزراو"یان نیە کە لە ڕێگایانـەوە ، بـۆ نموونـە، خۆیـان بپـارێزن لـە هەنـدی لـە هـەنگاوە چارەنووسسـازەکان (وەکـو ڕاگەیانـدنی جـەنگ و پەیمانـە سـتراتیژی و سـەربازیەکان) کـە بەتـەواوەتی دەکەونـە بـواری تـایبەتمەنـدی (ئیختسـاس)ی دەسـتهەڵاتی ئیتحـادی. یـا لـە ڕێگـەی بـەکارهێنهانی ئـەو ڤیتۆیـە یـا هـەر مـافێکی پارێزراو بـۆی هـەبێت لـە دەرەوەی هەنـدی خۆبەسـنەوەی (ئیلتیـزام)ی دەسـتهەڵاتی ئیتحادی بمێنێتەوە، بە پێی بەرژەوەندیەکانی هەرێم (هەرێمەکان).

دیارە بە پێـی مـادەی ١٠٨ (بڕگـەکانی یەکـەم و دووەم)، دەسـتهەڵاتەکانی ئیتحـادی (واتـە ئـەو دەسـتهەڵاتانەی کـە بـە تـەواوەتی هـی دەسـتهەڵاتی ئیتیحـادین) بـەم شـێوەیەن: "دانـانی سیاسـەتی دەرەوە و نوێنەرایـەتی دیپلۆماسـی وە گفتوگـۆکردنی پەیوەندیـدار بـە پـەیمان و ڕێککەوتننامـە نێونـەتەوەییـەکان و سیاسـەتەکانی قـەرزوەرگرتن و ئیمزاکـردن لەسـەریان و دانـانی سیاسـەتی ئـابووری و بازرگـانی و دەرەوە و سەروەری" و "دانانی سیاسـەتی ئاسایشـی نەتـەوەیی و جێبـەجێکردنی، لـە نێویشیاندا پێکهێنانی هێزەکانی چەکداری و ئیدارەکردنی بۆ دڵنیابوون لـە پاراسـتن و زامنکردنـی ئاسایشـی سـنوورەکانی عـیراق و بـەرگریکردن (لێیـان)". دیـارە، جگـە لەوەش، دەستهەڵاتی ئیتحادی زۆر تایبەتمەنـدی تـری هـەن بـەڵام ئەوانـەی کـە لێـرە ئاماژەیـان پێـدرا گـرنگترین وە چارەنووسسـازترینیانن بـۆ دەسـتهەڵات و ئاسایشـی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان و مەسـەلەی خۆپاراسـتن لـە زۆرەملـی و خۆسـەپاندنی زۆرینەی نەتەوەی سەردەست (زۆرینە). چونکە دواجـار عـەرەب زۆرینـەی نەتـەوەی سەردەسـت پێکـدەهێنن لـە هاوکێشـەو میکانیزمـە"دیموکراسـیەکاندا". لـە خوێندنەوەیەکی بە پەلەی مادەکانی (١٠٨ تا ١١٨) کە پەیوەسـتن بـە دەسـتهەڵاتەکانی حکومـەتی ئیتحـادی و دەسـتهەڵاتەکانی هەرێمـەکان و دەسـتهەڵاتە هاوبەشـەکان

(حکومەتی ئیتحادی و هەرێمەکان) بۆمان دەردەکەوی کە لە راستیدا زۆر دەستهەڵات بۆ هەرێمەکان نەماوەتەوە (نەماونەتەوە). نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمانی عیراق)، کە هەردەم کەمینە دەبێت، ناتوانێ، گەر بشتوانی ئەوا زۆر بە ئاستەم، سەرکەوتوو دەبێت هاوسەنگی هێز لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستاندا بشکێنێتەوە. لە راستیدا ئەو ئەزموونەی کە کورد لەگەڵ لایەنی عەرەبی لە عیراق هەیەتی لە کاتی رووخانی رژێمی (بەعس)ـەوە تا ئێستا دەتوانێ لە باشترین حاڵەتدا هێمایەکی گرنگ و زۆر نیگەرانئامێز بێت بە رووی دوارۆژدا بە ئاراستەی جارێکیتر پەراوێزکردنی کورد و بنپێکردنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی "عیراقی ئیتحادی"دا. ئەوە لە کاتێکدا ئێمە ئەوەش دەزانین کە هێشتان لایەنی عەرەبی ئەوەندەش بە هێز نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆی دەچێتەسەر کە، بۆ نموونە، خۆی لە جێبەجێکردنی مادەی (٥٨)ی دەستوری کاتی بدزێتەوە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو لە رێگەی وەزارەتی ناوخۆ و دامودەزگاکانی رەسمی دەوڵەتەوە (ئەو دەوڵەتەی کە لایەنی کوردی هەرگیز پێی دەبێژی عیراقی فیدرالی) سیاسەتی بەعەرەبکردن پیادە و بەردەوام بکات. لەم بارەیەوە نموونەی زۆر هەن.[٩] ئەوەتا هەر چەندە لایەنی کوردی لە حکومەتی ناوەندی لە بەغدا بەشدارە بە سەرۆك کۆمارێکی کورد و ١٠ وەزیر و جێگری سەرۆك وەزیران و ٧٦ ئەندامی پەرلەمان، کەچی هەتا ئێستا ئەم حکومەتی ناوەندی "عیراقی فیدراڵیە" کەمترین شتی نەکردوە بۆ وەگەرخستنی ئەو کۆمیتەیەی کە کاتی خۆی دامەزراوە (بەسەرۆکایەتی حمید مجید موسی) بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك. لەوەش زیاتر دەبێ هەڵسووکەوتی ئەفسەرێکی سوپای عیراقیش (بەناوی نەقیب علا) کە هەڵساوە" بە قەدەغەکردنی گەرانەوەی ئەو ماڵە ئاوارانەی کە خەڵکی کەرکوکن و ویستوویانە لە هەولێرەوە بگەرێنەوە شاری کەرکوك"[١٠] لە چوارچێوەی سیاسەتێکی مەنهەجی بەرفراوان، بۆ هێشتنەوەی ئاسەواری سیاسەتی بەعەرەبکردنی رژێمی بەعس، تەماشا بکرێ. هەڵسەنگاندنی ئەم جۆرە رووداوانە وەکو کردەی دابراو (لە یەکتر) هەڵەیەکی مەزنەو ئەگەر بشکرێت ئەوا دەبێتە مەترسیەکی گەورە لەسەر کورد لە داهاتووی عیراقدا پێکدەهێنێ، چونکە هەر هەڵسەنگاندنێکی ئێستا بنەمایەیە بۆ سیاسەتی سبەینێ. ئەوەتا دواجار کاك مەسعود و مام جەلال بیرخەرەوە (مزەکەرە)یەکی

"گلــەیی" دەدەن بـــە ســـەرۆك وەزیرانـــی عـــیراق (الجعفـــری). ئـــەوە ئیمـــڕو بەبیرخســتەنەوە و گلــەیی دەکــری ئــەی ئەگــەر ســبەینی (دوای بڕیــاردان لەســەر دەســتور) لایــەنی عــەرەبی بــە شــێوەیەکی تونــدتر و ئاشــکراتر وە لــە ڕۆشــنایی پارســەنگیەکی تــازەوە کــە لــە بەرژەوەنــدی کوردداا نیــە بــەردەوام بــوو لەســەر ئــەم سیاسەتە ئەو کاتە لایەنی کوردی چۆن هەڵسوکەوت دەکات؟ درەنـگ نابێـت؟ ئیمـڕۆ سەرانی کـورد خۆشـیان لـەوە دەترسـن کـە سـبەینی (لـە هەڵبژاردنـەکانی داهـاتوودا) پارسەنگی هێز بە توندی بە لای زۆرینەی عەرەبیدا بشکێتەوە.[11] جێگـەی سـەرنجە کـــە ئـــەم بیرخـــەرەوەی هـــەردوو بـــەڕێز ئـــەو بیرخـــەرەوە گلەییئامێزانـــەمان وەبیردەخەنەوە کە سەرکردایەتی کورد لە ساڵانی (١٩٧٠- ١٩٧٤) پێشکەشـیدەکردن بـە رژێمی (بەعس)ی ئەو کاتـە، هەڵبەتـە بـە جیاوازیـەکی زۆر گرنگـەوە (عیراقیبـوونی ئەو کاتە هی زۆرەملێ بوو و بەسەر کورددا سەپێنرابوو بەڵام هی ئەم جارە، بە پێـی هەمان سەرکردایەتی، هی ئارەزوومەندانەو ئازادیە!). ئەوەی کـە جێگـەی نیگەرانیـە ئەوەیــە کــە ئــەم جارەیــان کــورد (مەبەســت ســەرکردایەتی سیاســیە لــە باشــووری کوردستان) خـۆی چالاکانە و بـە بـاوەڕی زۆر توونـدەوە بەشـداری لـە بەرهـەمهێنانی هاوکێشەیەکی سیاسی کە کورد تیایدا خەریکە جارێکی تـر بکەوێتـەوە نـاو پرۆسـەی بەپـــەراوێزبوون، وەبگـــرە قۆناغـــە پراکتیکیەکـــەی ئـــەم پرۆســـەیە هـــەر زوو دەستیشـیپێکردوە! پێدانـەگرتنی سـەرکردایەتی و بەکـەمڕازیبوون و ڕێگـەدان بـە بەزانـدنی هێڵەسوورەکان جـار دوای جـار هـۆی هـەرە گرنگـی ئـەم حاڵەتـەن. دیـارە هەنـدێك جـار، هەرنـەبێ هەنـدێك دەنـگ، لـە نـاو سـەرکردایەتی سیاسـیش ئـەو پێدانەگرتنە کوردیە ناشارنەوە، وەك بۆ نموونـە د. محمـود عوسمـان دەڵـێ: "خـەتای خۆمان بوو کـە ئـەنفال و کیمیابـاران وەك جێنۆسـاید لـە دەسـتوردا نەنوسـراوە".[12] شایەنی گووتنە، لە مەسەلەی جینوسایددا، ئـەوەتا دوای زیـاتر لـە ٩٠ سـاڵ ئیمـڕۆش ئەرمەنـــەکان خـــەباتی بێوچـــان دەکـــەن بـــۆ بەرەســـمیزانینی کۆمەڵکوژیەکـــەی عوسمانیەکان بەرامبـەر ئەرمـەن لـە کـاتی جـەنگی یەکـەمی جیهانیـدا، کەچی دوای ماوەیەکی زۆر کەم لە ڕوودانی ئەنفال و کیمیاباران ئەوەتا سەرکردایەتی سیاسـی لـە باشـووری کوردسـتان هـەمان دەوڵـەت دادەمەزرێنێتـەوە کـە جێنۆسـایدی ئـەنفال و هەڵەبجەی ئەنجامدا، بەبێ ئەوەی پێداگرن لەسەر ئەوەی هەرنەبێ ئـەو جینۆسـایدە بەڕەسمی بناسرێت![13]

چۆن دەكرێ لایەنی كوردی ئەو هەموو ئامادەبوون و بەشداریەی لە دەستهەڵات لە بەغدا هەبێ كەچی زمانی گلەیی بەكاربێنن بەرامبەر هەمان دەستهەڵات؟ ئەوەتا *كوردستانی نوێ* لەسەر لاپەڕەی یەكەمی خۆی بە مانشێتی گەورە بەم جۆرە زمانە دەدوێ: "فەرمانبەرە كوردەكانی وەزەراتی نەوت زوڵمیان لێدەكرێ... وەزیری نەوت هیچ كارێكی بۆ دەركراوەكانی كۆمپانیای نەوتی باكوور نەكردوە".(١٤)

## ٥ ) خاوەنداریەتی نەوت و گاز

بە پێی مادەی ١٠٩، "نەوت و گاز مولكی هەموو گەلی عیراقە لە گشت هەرێم و پارێزگاكان"، هەرچەندە لە بەشەكانی تری ئەم مادەیەدا شتی تریش هاتووە دەربارەی، بۆ نموونە، ئیدارەی هاوبەشی "نەوت و گازی دەرهێنراو لە كێڵگەكانی **ئێستە**". لە مەسەلەی خاوەنداریەتی نەوت و گازدا مادەكە ئەوە پیشاندەدات كە بۆچوونی لایەنی كوردی (كەوەك خەتی سوور بانگاشەی بۆدەكرا)، كە داهاتی ئەو نەوت و گازەی لە هەرێمی كوردستان دەردەهێنرێت بە ڕێژەی ٦٥٪ بۆ هەرێم بێت و ٣٥٪ بۆ دەستهەڵاتی ئیتحادی بێت و ٥٪ بۆ ئەو شارەبێت كە ئەو نەوت و/یا گازەی لێدەردەچێت، بە هیچ شێوەیەك لە ناو ڕەشنووسی ئەم دەستورەدا جێگەی نەبۆتەوە. ئەوە لە كاتێكدا لە لایەنی كوردیەوە، بۆ نموونە د. سەعدی بەرزنجی (ئەندامی لیژنەی دەستوری)، پێ لەسەر ئەوە دادەگری كە"خواستەكانی گەلی كورد كە وەكو هێڵی سوور وابوون هەمووی دەقنووسكراون"(١٥) ئەم بۆچوونە زۆر نزیكە لەوەی ئازاد بەرواری (ئەندامی بیرۆی سیاسی پدك) كە دوای كۆتاییهاتنی گفتوگۆ لەسەر ڕەشنووسی دەستور رایگەیاندن كە ٩٨٪ لە خواستەكانی خەڵكی كوردستان لەو ڕەشنووسەدا هاتوونەتەدی.(١٦) لە ڕاستیدا ئەو هەڵوێستەی كە دەربارەی خاوەنداریێتی لە رەشنوسدا هاتوە زۆر لەوە زیاتر نیە كە، دەربارەی هەمان بابەت، لە (ئۆتۆنۆمی ناوچەی كوردستان)ی رژێمی بەعس هاتبوو.

## ٦ ) كەركوك و مادەی ( ٥٨ ) و پرسی سنووری هەرێمی كوردستان

ئاشكرایە كە لایەنی عەرەبی (بە تایبەتی لە ماوەی وەزارەتی جەعفەریدا) كاتێكی زۆری بە دەستەوەبوو ئەگەر بیخواستایە بارودۆخی كەركوك و ناوچەكانی تر ئاساییبكاتەوە، بەڵام تا ئەم چركەساتەش ئەم لایەنە هیچ شتێكی نەكردوەو بە

پێچەوانەشەوە، تا بۆی کرابێت وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، هەوڵی هێشتەنەوە و قوڵبوونی ئەو تەعریبەیان داوە کە لە زەمانی بەعس کراوە.

دیارە بۆ مەسەلەی کەرکوك و ئەو ناوچانەی کە لە بۆچوونێکی کوردستانیە وە دەبێ بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان چەند مادەیەك لە ڕەشنووسدا تەرخانکراون. جگە لەوە، لە چوارچێوەی هەمان ئەو ماددانەدا مادەی ٥٨ و (٥٣، ا)ی دەستوری کاتێك وەکو خۆیان قەبوولکراون. ئەوەی کە سەرەتا دەبێ جێگەی ئاماژەبێت ئەوەیە کە نیگەرانیەکی زۆر هەیە لە لای زۆر لە خەڵکی کوردستان دەربارەی "نیەتی" لایەنی عەرەبی لە عیراق وە رادەی خواستی (یا ڕاستتر بڵێن نەبوونی هیچ جۆرە خواستێکی ڕاستەقینە) بۆ جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ و ئیلتیزامەکانی تر کە لە ڕەشنووسی دەستوردا هاتوون.

جگە لەوەی کەمادەی ٥٨ لە رووی یاساییەوە زۆر خاڵی لاواز لە خۆدەگرێ[١٧] هەندێك لایەنی ئەم مادەیە، لە باشترین حاڵەتدا لە کاتی جێبەجێکردنیشیدا، دەکرێ دژ بە ئاساییکردنەوە و بەرژەوەندی کورد بەکاربێن. لە بڕگەی هەرە کۆتایی ئەم مادەیەدا هاتووە کە"ئەم چارەسەریە دەبێ گونجاوبێت لەگەڵ پرەنسیپی دادپەروەری، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئیرادەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە".[١٨] شایەنی گرنگیپێدانە کە، پەیوەست بەم لایەنە، لە وەرگێڕاوە کوردیەکەی دەستوری کاتیدا، کە باست حەمە غەریب کردوویەتی، چەوتیەکی گەورە کراوە کە ئەم لایەنەی مادەی ٥٨ سەرەوبن دەکات: لە وەرگێڕاوە کوردیەکەدا چمکی "دانیشتوانی رەسەن..." لە بڕی چمکی "دانیشتوان" هاتووە، کە لەم حاڵەتەدا جیاوازیەکی زۆر دروست دەکات لەگەڵ دەقە عەرەبیەکەی. ئاخر گەر بە پێی دەقە عەرەبیەکە بێ، کە ووشەی ڕەسەنی تیادا نیە، دەبێ ئیرادەی دانیشتوانی (ڕەسەن و ناڕەسەن) وەربگیرێ. ئایا دەکرێ تەواوی لایەنی کوردی ئەوها تێگەیشتبێ کە تەنها ئیرادەی دانیشتوانی ڕەسەن حسێبیان بۆ دەکرێ؟ لە ڕاستیشدا ئەگەر ئەم ووشەی ڕەسەنە لە دەقە عەرەبیەکەشدا هاتبا و بەم مانایەش لای عەرەب ئەم تێگەیشتنە هەبوایە بۆ بڕگەکە ئەوا شتەکە لە پراکتیکدا زۆر فەرقی دەکرد و زۆر زیاتریش لە بەرژەوەندی کورددا دەبوو! ووشەی "دادپەروەرانە" و چمکی "ئیرادەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە" دەکرێ لە باشترین حاڵەتدا، لە کاتی جێبەجێکردنیاندا، چەند لە سوودی کوردە مافخوراوەکان بن ئەوەندەش لەسوودی دەستدرێژکار و گوناهبارەکان بن!

جگـه لـەوەش، ئـەوەی کـە لـە مـادەی (١٣٦)ی ڕەشنووسـی دەسـتوردا هـاتووە، کـە ئاماژەدەکات بە کۆتاییهێنانی پرۆسەی ئاساییکردنەوە"بە ریفراندەمێك لـە کـەرکوك و ناوچەکانی تـری کێشـە لەسـەر بـۆ دیاریکردنی ئـیرادەی هاووڵاتیـانی لـە ماوەیـەك درێژترینی (اقصاها) ٢٠٠٧/١٢/٣١ بێت". ئەوەی کـە لێـرەدا لایـەنی کوردی تیایـدا بـە هەڵەداچووبێت، یا هەرنەبێ شتێکی گرنگی یاساییان بەسەردا تێپەڕبووبێت، ئەوەیـە کە ئایا چمکی دیاریکردنی ئیرادەی هاووڵاتیان لە ریفراندەمێکدا ئەوە دەگـەیێنی کـە ئـەم دەربـڕینی ئیرادەیـە بـە مانـای ئـەوە دێـت کـە دەرەنجـامی ریفراندەمەکـە یەکلاکەرەوە دەبێت وە یا تەنها بۆ ئاشکراکردنی ئەو ئیرادەیە دەبێت، ئـەو کاتـە بـە مانا یاساییەکەی ریفراندەمەکـە تـەنها هێزێکـی ڕاوێـژکاری دەبێت نـەك بڕیـاردەر و یەکلاکەرەوە؟ بە بڕوای خۆم ئـەم پرسـیارە گرنگیـەکی تایبـەتی وەردەگـرێ، چونکە لـەو وڵاتـە دیموکراسـیانەی کـە ریفرانـدەمیان تیـادا ئەنجامـدەدری دەشـی بـە پێـی هەندێك وڵات ئاکامی ریفراندەم تەنها ڕاوێـژکاری بێـت، بـەڵام لـە هەنـدی وڵـاتی تـر بڕیـادەر و (ملـزیم). ئـەم مەسـەلە یاسـاییەش دەبـێ لـە یاسـای دەسـتوریدا یەکلاکرابێتـەوە بـەر لـە ئەنجامـدانی ریفرانـدەم، کـە ئەمـەش لـە ڕەشنووسـەکەدا نەکراوە. جا لێـرەدا پرسـیار ئەوەیـە ئایـا ئـەو ریفراندەمـەی کە لەسـەر کـەرکوك و ناوچەکانی تـر دەکـرێ ڕاوێـژکاری دەبێت یـا بڕیـاردەر و یەکلاکـەرەوە؟ تێگەیشتنی خۆم بۆ ئەم بەندە ئەوەیە کە ئەو ریفراندەمەی کە دەربارەی کەرکوك و ناوچەکانی تر دەکرێت تەنها بۆ زانینی ("دیاریکردنی") ئیرادەی خەڵك بێت و بەو مانایەش دوا بڕیار هی پەرلەمانی عیراق بێت، کە زۆرینەی ڕەهای عەرەبی دەبێت! بـەم مانایـەش لایـەنی کـوردی بـە ڕەزامەنـدی خـۆی ڕێگـەی خۆشـکردوە کـە لەباشـترین حاڵەتـدا بکەوێتە ناو ململانێیەکی ناهاوسەنگی یاسایی و دەسـتوری. ئـەم ناهاوسـەنگیەش لـە لایەکەوە لە خودی دەقە (یا ڕوحی دەقە) دەستوریەکانەوە هەڵدەقوڵێ و هەروەها لە ناهاوسەنگی پارسەنگە پەرلەمانیەکان دەکەوێتەوە.

هەڵبەتە دوور لە لێکدانەوەی دەقی دەستوری، بـە بـاوەڕی خـۆم مەسـەلەی هـەرە گرنـگ **پێداگرتن یا پێدانەگرتی** سەرکردایەتی سیاسیە و بە جددی، یا پێچەوانەکەی بـە دڵـەڕاوکێ، کارکردنـە بـۆ کـەرکوك و ناوچـەکانی تـر. لـەم بارەیـەوە، هـەر لـە سەرەتاوە، ئەم سەرکردایەتیە بە دوودڵی و دانی هەندێك هێمای پاشەکشەکردن لـەم مەسەلە ستراتیژیەدا هەڵسوکەوتی کـردوە. بـۆ نموونـە، هـەر زوو مـام جـەلال باسـی

نموزەجی برۆکسلی کرد وە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی باسی ئەوە دەکات کە"هەموو ئەو خێزانانەی کە لەکەرکوك نیشتەجێبوونەو هیچ مولکێکیان بەزۆر لە خەڵکی تر نەستاندوە، هانی ئەوە دەدرێن کە بمێننەوە بە بێ لەبەرچاوگرتنی پێشینەی ئێتنیکی و ئاینییان".[١٩] بەم مانایە دەکرێ ئەو خێزانە عەرەبانەی کەۆدەتوانن بیسەلمێنن (یا بسەلمێنرێت) کە ئەوان مولکیان بەزۆر لە کەس نەستاندوە، بۆیان هەیە لە کەرکوك بمێننەوە! لە پێشوەچوونێکی ئەوهاشدا ئەگەری ئەوە دەبێت لە پێش چاو بگیری کە ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبە هاوردەکان لە کەرکوك بمێننەوە. ئەوە جگە لەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی لە ململانێیەکی ناڕەوا و لە(شەڕی موزایەدە)دا زیانێکی زۆریان بە کێشەی کەرکوك و مەسەلە نەتەوەییەکانی تر گەیاندوە، بەڵام ئەمەیان بۆ باسێکی تر هەڵدەگرم. دەربارەی پرسی سنووری کوردستان، لە ڕەشنووسی دەستوری کاتیدا (مادەی ٥٣، ١) هاتووە کە "دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك حکومەتی فەرمی ئەو ناوچانەی کە تا ١٩ی ئاداری ٢٠٠٣... کە لەلایەن ئەو حکومەتەوە بەڕێوەدەبران". هەر لێرەدا هاتووە کە مەبەست لە حکومەتی هەرێمی کوردستان "واتە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و دەستهەڵاتی قەزایی هەرێمیە لە هەرێمی کوردستان". واتە هەرێمی کوردستان وەکو جوگرافیایەکی خاوەنسنووری خۆی تەماشا ناکات بەڵکو پێزانینەکەی تەنها بۆ دەستهەڵاتە (بە هەموو بەشەکانیەوە) و هیچی تر. لە لایەکی ترەوە لە مادەی (١١٤، یەکەم) لە ڕەشنووسی دەستوردا هاتووە کە "ئەم دەستورە لە کاتی جێبەجێکردنیدا دان بە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی ئێستەی دەنێت وەکو هەرێمێکی ئیتیحادی". لە ڕاستیدا لە هەردوو حاڵەتدا باسی دانان بە سنووری رەسمی هەرێمی کوردستان نەنراوە. هەڵبەتە هەموو پارێزگاکانی کوردستان وەکو هەر پارێزگایەکی تری عیراق سنووری ئیداری خۆیان هەیە بەڵام ئایا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەم سنوورە ئیداریانە دەبن بە سنووری کوردستان، یاخود نە (چونکە مەبەست لە سنووری کوردستان جگە لە سنووری ئیداری کەسایەتی یاسایی و سیاسی ئەم سنوورەشە). ئەگەر مەبەستیش لە باسنەکردنی مەسەلەی سنوور بەم شێوە ڕاشکاوەییە ئەوە بێت کە هێشتان باری کەرکوك و ناوچەکانی تر ئاسایی نەکراوەتەوە، ئەوا هەرنەبی پێویستبوو لە ڕەشنووسەکەدا بگوتری کە بۆ نموونە لەم دەستورەدا دانەدنرێت بە سنووری

کوردستان بەڵام شێوەی کۆتایی ئەم سنووورە و کێشانی لەسەر خاك دەمێنێتەوە بۆ دوای ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك و ناوچەکانی تر کە کێشەیان لەسەرە.

ئەوە لە کاتێکدا کە بۆچوونی (یا ڕاستتر بڵێین خوێندنەوەی) سەرکردایەتی کورد بۆ ڕەشنووسەکە ئەوەیە کە لەم بارەیەوە ڕێککەوتن هەیە. بەڕێز مەسعود بارزانی، دوای "کۆتاییهاتنی" گفتوگۆکانی نووسینەوەی ڕەشنووس وە گەڕانەوەی بۆ کوردستان گووتی کە "ئێمە ڕێککەوتووین لەسەر سنووری جوگرافی کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ ئەو مەسەلەیە کۆتایی پێبێت... کە جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ تەواو بوو سنوور دیاری دەکریت".[٢٠] بەهەر حاڵ نووسەری ئەم وتارە ئاگادارنیە کە ئەگەر لە دەرەوەی دەستور هیچ جۆرێکی "ڕێککەوتن" کرابێت دەربارەی سنووری کوردستان، ئەگەر مەبەستیش ئەو خوێندنەوەیە بێ کە مەسەلەی سنوور ئۆتۆماتیکی لە ئاکامی بەجێگەیاندنی پرۆسەی ئاساییکردنەوە چارەسەر دەبێت ئەوا ئەو خوێندنەوەیە لە باشترین حاڵەتدا خواست و خۆشبینییێکە کە لە دەستوردا دەقنووس نەکراوە وە یا ڕەنگی نەداوەتەوە!

## هەندێ گفتوگۆی تر و دەرەنجامەکان

ئەم وتارەی بەردەست هەوڵێکی بە پەلەیە بۆ پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی دەستور، بەتایبەتی لە گۆشەبینینێکی "کوردستانی/کوردیەوە": دیارە جەدەلی دیموکراسی و سیستەمی فیدرالی (کە لەم حاڵەتەدا زۆر جیاواز نابینرێت لە ئۆتۆنۆمی) گرنگی تایبەتی وەرگرتووە. لەم وتارەدا، بە مانایەکی تر، گرنگی تەنها نەدراوە بە ووشەڕێزی و ڕستەبەندی و گرفتە "یاساییەکانی" دەقی دەستوری، بەڵکو خوێندنەوەی دەقەکەیە لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنێکی مێژوویی و سیاسی و هەندێ جاریش بە بەراووردکردن. بە مانایەکی تر لە لێکدانەوەکاندا ڕووی نووسەر لە رابردو و هەنووکە و دوارۆژە. دیارە ئەوەی کە لە ڕەشنووسی دەستوردا هاتووە بە شێوەیەك بواری دژایەتی لە تەفسیر و تێگەیشتنی جودا جودا لەخۆدەگری کە دەرگای دژایەتی و بگرە تەقینەوەی ئەم دژایەتیانەش بە ڕووی داهاتوودا لە نێوان پرۆژە ئایدیۆ - سیاسیەکاندا (کە بنەماکانیان بە تایبەتی ئێتنی و سیاسی و مەزهەبین) دەخاتە سەر پشت. بەم شێوەیەش مەحەك و تاقیکردنەوە دەکەوێتە قۆناغی دوای-دەستور (بەو مانایەی کام هێز زیاتر برەوەیە و کام هێز کەمتر) کە

دەوێدا ئاشکرایە هاوسەنگیە سیاسیەکە، بە تایبەتی لە چوارچێوەی پەرلەمانی عیراقدا، تا ڕادەیەکی ئێجگار زۆر لە بەرژەوەندی لایەنی عەرەبی دایە. ئەوەشی کە دەبی لەم هاوکێشەیەدا زۆر حسێبی بۆ بکرێ ئەوەیە کە لە دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی دەوڵەتی عیراق، لەگەڵ ئەوەش کە لایەنی کوردی بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری پرۆسەی دامەزرانەوەی کرد، دیسان نەکرا بە هیچ شێوەیەك عیراق لە ناسنامە و قووڵایی ستراتیژی و قوڵایی سیاسی و کولتوری عەرەبی خۆی دەربهێنرێ یا جیابکرێتەوە. بەم مانایە ئەگەر و ترسێکی جددی هەیە کە فەترەی دوای دەستور بۆ کورد هی کێشمەکێشمێکی سەرلەنوێ و لە جۆرێکی تازەبێت لەو عیراقەی کە بەدیدی سەرکردایەتیەوە نوێیە، بەڵام لە بنەماکان و لە قوڵاییەکانیدا عیراق هەر عیراقی کۆنە! لە ڕێگەی پرۆسەی سیاسیەوە، بە تایبەتی لە ڕێگەی ئەم دەستورەوە، لایەنی عەرەبی لە عیراق سەرکەوتوو بوو لەوەی کە بەرەوڕوبوونەوە لەگەڵ لایەنی کوردیدا دوابخا بۆ زەمەنێکی تر کە دەوێدا ئەم لایەنە عەرەبیە دەتوانێ بالادەست بێت لە ململانێکان لەسەر مەسەلە هەرە گرنگەکان کە راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ماونەتەوە بۆ دوای دەستور (بۆ نموونە تەفسیری جیاواز بۆ دەقە دەستوریەکان) بە دژی خواستی کورد تەواودەبن! ئەوەتا لە وەڵامی پرسیارێك کە ئایا کێ دەڵێ شتە دەستوریە پەیوەندداره بە مەسەلەی کەرکوکەوە جێبەجێدەبێ، د. محمود عوسمان لەوەڵامدا دەڵێ: "ئەوە راستە کێ دەڵێ جێبەجێدەبێ، مومکینە جێبەجێ نەبێ، مومکینە هەموو دەستورەکە جێبەجێ نەبێ".[٢١]

جگە لە ئەگەری جێبەجێنەبوونی دەستور، کە بە بۆچوونی خۆم ئەو ئەگەرە لەبەر دەرگەی کوردە، جێگەی خۆیەتی کە ترس و نیگەرانیش هەبێت لە پاشەکشەی تەواوی پرۆژەی بەفیدرالیکردن و بەدیموکراسیکردنی عیراق. لەم ڕووەوە جگە لە کاری دارشتنی دەستور و تەنها حسێبکردن بەو شێوەیەی کە پرۆژەی عیراقی فیدرالی/دیموکرات سەردەکەوێ کاری بۆ هیچ پرۆژەیەکی هاوتەریب نەکردوە بۆ ئەوەی لە کاتی پاشەکشەدا زوو بچێ بۆ ئەو پرۆژە هاوتەریبە بۆ ئەوەی هەرنەبێت پێویست نەکات کورد جارێکی تر ملی شاخ بگرێتەوە. جگە لەوە، لە ناو دەستوریشدا لایەنی کوردی نەیتوانیوە هێڵی-بۆگەڕانەوە (خەت رەجعە)یەك دابین بکات کە بەم مانایە کورد لە پرۆسەیەکی قانونیدا بتوانێ ڕێگە لە هەڵدێر بگرێ لە کاتی هەر پاشەکشەیەکدا.

بـه پێچـەوانەی کـارکردن لەگـەڵ پرۆژەیـەکی هاوتـەریب یـا زامنکردنـی هێڵـی-بۆگەڕانەوە، لایەنی کوردی تەواوی دیپلۆماسی خۆی، لە دوو ساڵ و نیوی رابـردوودا، نەك هەر "تەجمید" کـرد بـەڵکو بـە تـەواوەتی ئـەو دیپلۆماسـیەی خستە خزمـەتی دامەزراندنـــەوەی دەوڵـــەتی عـــیراق (دواجـــار عیراقـــی عـــەرەبی). بـــەم شـــێوەیەش تەسەووڕێك لای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دروست بووە کـە بـەڵی ئـیتر دواڕۆژی کـورد لە عیراقدا ڕوونە و پێویستیش بەوەناکات باس لە نیگـەرانی و ترسـەکانی بکـات. لـە ڕاستیدا بزووتنەوەیەکی ریفراندەمی دیموکراسیانە و سەربەخۆ (نەك ژێر دەسـتە و داگیرکـرا و لـە لایـەن هێـزە سـەرەکیەکانەوە) و پشتئەسـتور بـە جـەماوەر دەکـرا پرۆژەیەکی هاوتەریب و هێڵی-بۆگەڕانەوە بێت. بەڵام هەڵسووکەوتی نادیمۆکراتیانـە و نـا سـتراتیژیانەی هـەڵقوڵاو لـە ڕوحـی موزایـەدەی حزبـی هێـزە باڵادەسـتەکانی کوردستان بووە هۆی ئەوەی کە ریفراندەم نەتوانێ ئەو رۆڵە مێژووییـە ببـینێ، هـەر نەبێ لە کاتی پاشەکشەیەکی جددیدا!

بـە بـاوەڕی مـن سیاسـەتە کوردیـەکان لـە دوو سـاڵ و نیـوی رابـردوودا زیـاتر ڕەنگدانەوەی قەناعەتێکی ئایدیۆ-سیاسیانەی کۆن بووە کـە ئـەویش باوەڕهێنانـە بـە بەرهەمهێنانی سیسـتەمێکی دیموکراسـی شانبەشـانی عیراقـی عـەرەبی (عـیراق بـەبێ باشـووری کوردسـتان) و ئۆتۆنـۆمی/فیـدراڵی بـۆ کوردسـتان. لـە ڕاسـتیدا هـەر لـە سـەرەتای پرۆسـەکەوە قەناعـەتێکی بـەهێز هـەبوو بـەو ئاراسـتەیەی کـە دەکـری عیراقێکـی دیموکراسـی و فیـدراڵی بەدەسـت بێـت و بگـرە کـوردیش لـەم پرۆژەیـەدا سەری ڕم بێت. دیارە، لە لایەکی تریشـەوە، نـاکرێ پرۆسـەی بەرهـەمهێنانی دەسـتور دووربگیرێ لە ستراتیژ و سیاسەتی ئـەمریکا، بـەڵام لـەم چوارچـێوەیەدا نـاکرێ ڕۆڵـی ئەمریکا وەکو بڕیادەر و چارەنووسساز ببینرێ. دواجار سەرکردایەتی سیاسی باوەڕی "نەگۆڕاوی" بەوە هەیە کە کردوویەتی وە بە ڕاشکاوانەش باس لە فشـاری ئـەمریکی ناکـات، بـەڵکو بـاس لـە ڕۆڵـی ئـەمریکا دەکـات: بـۆ نموونـە د. فوئـاد مەعسـوم، کـە کەسێکی هەرەچالاك بووە لـە لایـەنی کوردیـەوە لـە پرۆسـەی دەسـتورداناندا، دەڵێـت کـە"ئەمریکیـەکان دەیانویسـت و هـەوڵیان دەدا بـیر و بۆچـوونەکانمان لـە یـەکتر نزیکخەینەوە، نەك بیانەوێت شتمان بەسەردا بسەپێنن". (٢٢)

نەك هەر ئەوە بەڵکو لایەنی کوردی، بەگشتی، نەرمیان نواندوە، دەکرێ هۆی ئـەم نـەرمی نواندنـەش هـۆی جـودا جـودا هـەبێ؛ د. محمـود عوسمـان دەڵـێ "ئێمـە نـەرم

بووین چونکه نەماندەویست کارەکە تێکبچێ و بڵێن کورد تێکیدا"[٢٣] لە ڕاستیدا فەلەکەدین کاکەیی، ئەندامی شاندی گفتوگۆکاری کوردستان، ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە و دەڵێ "وەفدی کوردی لە هەموو وەفدەکانی دیکە نەرمتر بوو لە بەغدا بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەربگرێ".[٢٤] بە ڕاستی مرۆ دەتوانی بپرسێ ئەگەر خەباتی کورد، کە زەریبەکەی کۆمەڵێ تراژیدیا و زیانی ماددی و مرۆیی بووە، بۆ سیستەمی سیاسی نادادپەروەر و چەوسێنەری نەتەوەیی نەبووبێ ئەی بۆچی بووە؟ ئیمڕۆ بۆ کورد لە "تێکچوون" بترسێ کاتێك ترسی ئەوە هەبێت کە ئەو دەستورە ناتوانێ ببێتە زامنی ئەوەی کە کورد جارێکی تر نەکەوێتەوە بن ڕژێمێکی نادادەپەروەرانە. بە بۆچوونی خۆم ئەوەی کە لە دەستوردا هاتووە ئەوە زامنناکات، بەڵکو لەوانەیە بە شێوەیەك "بە مەرجەکانی دیموکراسی نەتەوەی سەردەست" ڕێگاش بۆ ئەوە خۆش بکات. هەڵبەتە دەبێ ئەوە لەبیرنەکەین کە ترسی سەرکردایەتی بە گشتی لەوەدایە کە ئەوەی ئیمڕۆ بەدەستهاتووە، بە ئەگەری زۆر سبەینێ (واتە دوای هەڵبژادنەکان) بەدەست نایەت! دەکرێ ئەم بۆچوونەی سەرکردایەتیە خوێندنەوەیەکی ڕاست بێت. بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو پرسیارەیە کە ئایا گەر ئەم دەستورە، لە پێکهاتەی گشتیدا، نەتوانی زامنی ئەوە بێت کە کورد دوای هەڵبژاردن تووشی بەرەوڕووبوونەوەیەکی ناهاوسەنگ و بگرە هەڵدێرێکی تر نابێتەوە، تێکدانی باشتر نەبوو وە ئایا هێڵە سوورەکانی پێداگرتن لە کوێ بوون و بۆچی بەزێنران؟ یا ئەم هێڵانە تەنها هی موزایەدە و گەرمکردنی بازاڕی سیاسەت بوون لە کوردستان؟ دواجار ئەوەتا لایەنی سوننەی عەرەب چونکە **تێکیدەدات**، ڕۆژ دوای ڕۆژ شتی زیاتر بەدەست دێنێت. کەس ناڵێت با کوردیش بە شێوەی عەرەبی سوننە تێکیبدات، چونکە ئەمە ناکرێ، بەڵام خۆ دەتوانێ پێداگرێ، خۆ دەکرا بە بەرنامەیەکی داڕێژراو بەدەیان هەزار خەڵك بهێنرێتە سەر جادە! ئەگەرنا لە سیاسەتدا باشترە هێڵی سوور هەر لە سەرەتادا دانەنێیت لەوەی کە هێڵی سوور دابنێیت و دواتر هەر زوو بیان بەزێنێت یا ڕێگە بە بەزاندنیان بدەیت. لایەنی هەرە ترسناك لە پرۆسەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقدا، وە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە نووسینەوەی دەستورەوە هەیە، ئەوەیە کە سەرکردایەتی سیاسی شتەکان بە شێوەیەکی گەشتر و پۆزەتیڤتر نیشانی خەڵکی دەدات و گەشبینیەك لای ئەم خەڵکە دروست دەکات؛ خۆشبینیەك کە دەربڕی ڕاستیەکان نیە. لە لایەك بەڕێز مەسعود بارزانی، هەر

وەك لـە سـەرەوە باسـكرا، لـەوە پشـت ڕاسـتە كـە لـە ڕێگـەی ناوهێنـانی ئیتحـادی ئارەزوومەندانەوە مافی جارەنووس بۆ كورد چەسپێندراوە. كەچی لەلایەكی ترەوە د. فوئاد مەعسوم ڕاشكاوانە دەڵێت كە "ئێمە پێمان خۆش بـوو باسـی مـافی چـارەنووس بكرابا... بەڵام بۆمان نەچووە سەر".[٢٥]

لـــە هەڵســـەنگاندنی پرۆســـەی بەرهـــەمهێنانی ڕەشنووســـی دەســـتور و لـــە خوێندنەوەیـەكی گشـتیدا بۆمـان دەردەكـەوێ كـە لایـەنی كـوردی لـە دوو قـۆڵ (ڕەهەند)ـەوە ململانێیەكی ناهاوسەنگی لەگەڵ لایەنی عەرەبیدا كردووە: ١) لە قۆڵی فیدرالیزمەوە؛ ٢) لە قۆڵی بەرهەمهێنانی سیستەمێكی عـەلمانی-دیموكراسـیەوە. بـەم شـێوەیەش، یـا ڕاسـتتر بڵـێین لەبـەر ئـەم هۆیـە، نـە فیدرالیـەكی بـەهێز و نـەش سیستەمێكی عەلمانی-دیموكراسی بەهێز بەدەست نـەهاتووە. لەبـەر ئـەوە هاوسـەنگی هێـز لـە مـاوەی دوای بڕیـاردان لەسـەر دەسـتور چارەنووسساز دەبێت لـە پاراسـتن و گەشـەپێدانی ئـەوەی بەدەسـت هـاتووە وە یـا پێچـەوانەكەی پاشەكشـە لـە هـەر دوو ڕەهەندەوە. لەم بارەیەوە دەكرێ مرۆڤ پێشبینی ئەوە بكا كـە مەرجـە دیپلۆماسـی و سیاسـیەكانی هاوسـەنگی هێـز لـە مـاوەی دوای-دەسـتور لـە بەرژەوەنـدی پارسـەنگی كوردیدا نابن!

لـە حاڵـەتی بـەردەوامبوونی ڕەفـزی عـەرەبی سـوننە بـۆ ڕەشنووسـی دەسـتور، سەركەوتنی تەواوی پرۆسەكە دەكەوێتە ژێر نیشانەی پرسیار. بەبێ ڕازیبـوونی ئـەو لایەنە دەبێ لایەنەكانی تر ئامادەبن بۆ دوو ئەگەر: یا ئەوەتا هەندێك گۆڕانكاری تر بەسـەر دەسـتوردا بێـنن هـەتا دوای (١٠/١٥)ش، وە یـا ئـەوەتا بـەبێ گوێدانـە لایـەنی عـەرەبی سـوننە ئەگـەری ئـەوە هەیـە كـە عـیراق دووچـاری شـەڕێكی نـاوخۆ و دابەشـبوون ببێتـەوە، كـە ئـەوەش لـە ڕاسـتیدا مەبەسـتی هەرنـەبێ هەنـدێ لایـەنی سوننەیە.

ئێسـتاش دەكـرێ مـرۆڤ بـاس لـە سـیناریۆیەك بكـات كـە ئەگـەر هەیـە هـەتا دوای دەنگدانیش لەسەر دەستور ببێتە ڕاسـتی، ئـەویش ئەوەیـە كـە سـێ دانـە بێهیوابـوون دەتوانن هیوایەك و دەرفەتێكی باشتر بە كورد ببەخشن: ١) بێهیوابوونی ئەمریكا لـە پرۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عـیراق و بـەم پێیـەش قاڵبوونی ڕێگـا لـە بـەردەم هەنـدێ ئەلتەرنـەتیفی تـر، كـە یـەكێكیان دەكـرێ دابەشـبوونی عـیراق بێـت. ئەمـە هەڵبەتە شتێكی ئاسان نابێت چونكە ئەوە پێویست دەكات كە ئەمریكا سیاسەتەكەی

بەرامبەر بە عیراق سەرەوبن بکات لە دروشمی یەك سیاسەت بۆ یەك حاڵەت (حاڵەتی عیراق) بپەڕێتەوە بۆ دروشمی دوو یا چەند سیاسەتێکی جودا بۆ هەمان حاڵەت. لە ڕاستیدا هەر زوو هەندێك بانگەشە هەبوون کە شتەکانیان بەم شێوەیە دیوە و بە ڕاشکاوی باسی ئەوەیان کردوە کە ئەمریکا چەوتیەکی ستراتیژی دەکات کاتێك کوردستان و فەلوجە تێکەڵاو بەیەکتر دەکات...؛ ٢) بێهیوابوونی لایەنی شیعەو سوننە لە یەکتر و دواجار ڕوودانی لێکترازانێك کە بەهیچ شێوەیەك چارەسەر نەکرێت بە شێوەیەك کە بەتوندی حاڵەتێك بێتە پێشی کە ئیتر باوەڕ بە پڕۆژەی سەرلەنوی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق نەمێنێت؛ ٣) لایەنی کوردی بێهیوا بێ لە پڕۆژەی دەوڵەتی عیراق. لەو سێ ئەگەرە، هەرنەبێ تا ئێستا دەرکەوتووە، کە ئەگەری (بێهیوابوونی) سێهەم لاوازترە لە هەر دوو ئەگەر (بێهیوابوون)ەکەی تر. سەرکردایەتی کورد تا ئێستەش هەموو هێز و توانایەکی لە پێناو پڕۆژەی دەوڵەتی عیراق بەکار هێناوە؛ بگرە لە پێناو وەسەرخستنی ئەم پڕۆژەیەش هەوڵی بێوچانی لە پێناو لە یەکتر نزیککردنەوەی شیعە و سوننەی داوە، هەروەك پێشتریش هەوڵی بێوچانی دا بۆ بەشداریکردنی عەرەبی سوننە لە هەڵبژاردنەکانی سەرەتای ئەم ساڵ. بەم مانایە ئەو ئەگەرەی کە زۆر نزیکترە لەم سیناریۆیە سێ قۆڵیەدا ئەوەیە کە بێهیوابوونەکانی یەکەم و دووەم بە توندی ببنە ڕاستی و تێکەڵ بە یەکتر ببن بە شێوەیەك کە ئیتر بەردەوامبوون لەسەر پڕۆژەی عیراق ببێتە کارێکی نامومکین.

دەنگدان لەسەر ڕەشنووسی دەستور هەنگاوێکی چارەنووسسازە، بە تایبەتی بۆ دوارۆژی باشووری کوردستان. ئەم دەنگدانە تەنها لەسەر باشی یان خراپی ناوەڕۆکی ئەم دەستورە نیە، بەڵکو لەوە زۆر زیاترە، چونکە سەرکەوتنی ئەم دەستورە سەرکەوتنە بۆ ئەو بەهانە سیاسیەی کە هەردەم بانگەشەی بۆ ئەوە کردوە کە هەڵوەشانەوەی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان تیادا دەژی مەحاڵە. لەلایەکی ترەوە قەبووڵکردنی ئەم دەستورە شکستێکە بۆ ئەو بۆچوونەی کە بەردەوام بانگەشەی بۆ ئەوە کردوە کە هەڵوەشانەوە (یا هەڵوەشاندنەوە)ی ئەم دەوڵەتانە شتێکی مەحاڵ نیە. لەم سۆنگەیەوە سەرکەوتنی لایەنی "بەڵێ" لە دەنگدان لەسەر دەستور پرۆسەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی (هەڵوەشاوەی) عیراق دەگەیەنێتە لوتکە. بە مانایەکی تر ئەم ڕووداوە دەبێتە ئێستگەی هەرە گرنگ لەو ئێستگانەی کە لە

پرۆسەی زیندوبوونەوە و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق تا ئێستا تێپەڕکراون. دەنگدان بە بەڵی لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە، بە ژمارەیەکی زۆر، هۆکارێکی گرنگ دەبێ لە پرۆسەی لەدەستدانی بیانوویەکی مێژوویی و سیاسی زۆر گرنگ؛ ئیتر چیتر ئاسان نابێ کورد باسی ئەوە بکات کە باشووری کوردستان بەزۆر لکێنراوە بە عیراقەوە. ئەوەشی کە دەتوانێ ئەم بیانوویە بە تەواوەتی لە گۆڕ بنێت ئەو گۆتارە سیاسیەیە کە دەستهەڵاتی کوردی بانگەشەی بۆدەکات و بە توندیش بڵاوی دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەم دەستورە دەربڕی ئارەزوومەندانە و ئازادانەی خەڵکی کوردستانە!

بەهەر حاڵ، هەر چەندە مەبەستی ئەم وتارە لێکۆڵینەوەیە لە ڕەشنووسی دەستور، بەڵام ناکری ئەوە نەڵێین کە بەشداربوونی ڕێژەیەکی کەم (یا هەرنەبێ دەنگدان بۆ دەستور بە بەڵی بەرێژەیەکی کەم) دەتوانێ دواجار یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی کە ئەو بیانوویە (واتە لکاندنی کوردستان بەبێ ڕەزامەندی خەڵکەکەی) بە یەکجار لەدەست نەچێت. لەدەستنەدانی ئەم بیانوویە دەتوانی لە ململانێکانی کورد دوای دەستور لە عیراق یارمەتیدەر بێت وە بۆ بەشەکانی تری کوردستانیش زۆر مانا ببەخشێت.

---

* ئەو ڕەشنووسی دەستورە کە لەم وتارەدا بەکارهاتووە و لێکۆڵراوەتەوە ئەو ڕەشنووسەیە کە وەرگێردراوە لە عەرەبیەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە لایەن ژمارەیەگ پارێزگار، واتە ئەو دەقەیە کە لە ١٣٩ مادە پێکدێت وە هەموو پارچە وەرگێڕدراوەکان وەکوو خۆیان بەکارهاتوون لەم نوسینەدا. لەو جێگایانەی دەستکاری هەبێ، کەزۆر کەمە، هێمای دەستتێوەردان لەدەق ( ) بەکارهاتووە و هەر خوارکردنەوەیەکیش، جگە لەئاماژە بەسەرچاوەکان، بەمانای جختکردنەوە دێت.

## پەراوێزەکان

١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بڕیارە بڕوانە، بورهان ا. یاسین، "هەڵبژاردنەکانی عیراق و پۆستی سەرۆك کۆماری لە گۆشەبینینی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقەوە"، لە ژمارەیەك لە سایتە کوردیەکان بڵاوبۆتەوە، بۆ نموونە،
(http://www.dengekan.com/doc/2005/5/may2005.htm) .
هەروەها لە رۆژنامەی *رێگای کوردستان*، بە پێنج بەش بڵاوبۆتەوە لە ژمارەکانی ٦٤٢ تا ٦٤٥
٢) بۆ نموونە بڕوانە، بورهان ا. یاسین، "لە ریفراندەمدا کوردستانێکی سەربەخۆ"، لە دوو ژمارەی (*هاوڵاتی*)دا، لە ٢٠ و ٢٠٠٣/٨/٢٧، ل. ٦.
٣) بڕوانە *خەبات*، ٢٠٠٥/٨/٣٠، ل. ٣.
٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ د. محمود عوسمان، *میدیا*، ٢٠٠٥/٩/١٣، ل. ٦.
٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٧) لەمەش زێتر و زۆریش چارەنووسسازتر ئەوەیە کە، بە پێی ئەندامبوونی لە کۆمکاری عەرەبیدا، عیراق ئیلتیزامی تەواوی هەیە بە هەموو ئەو پەیمان و میساقانەی کە لە چوارچیوەی کۆمکاری عەرەبیدا مۆرکراون، لەوانەش پەیمانی بەرگری عەرەبی هاوبەش کە لە نێوان ئەندامانی کۆمکاری عەرەبیدا لە سەرەتای ١٩٥٠کانی سەدەی رابردوو مۆرکراوە. بە پێی مادەی ٣ لە پەیمانی بەرگری عەرەبی هاوبەش "لە حاڵەتی مەترسی روودانی جەنگ یا بەرپابوونی حاڵەتێکی نێودەوڵەتی چاوەڕواننەکراو کە مەترسی لێدەکەوێتەوە، دەوڵەتانی وابەستە (واتە وابەستە بەم پەیمانەوە) بەبێ دواکەوتن هەڵدەستن بەیێککردنی پلان و هەوڵەکانیان بۆ وەرگرتنی هەنگاو (تدبیر)ی خۆپاراستن و بەرگریکردن". لەمەر میساقی کۆمکاری عەرەبی و پەیمانی بەرگری عەرەبی هاوبەش بڕوانە:
www.arableagueonline.org

٨) شایەنی باسە کە نووسەری ئەم وتارە یەکێك بوو لەوانەی کە بەناوی دەستەی ئاشتی و ئایندە پرۆژەکەیان پێشکەش بە مام جەلال و کاك مەسعود کرد لە سەرەتای مانگی ٢٠٠٤/١.
٩) لە بارەی چەند حاڵەتێك لەم جۆرە بڕوانە، بۆ نموونە: ٢٠٠٥/٣/٧, ٢٠٠٥/٦/٦, ٢٠٠٥/٨/٢٣
ww.peyamner.com

١٠) بڕوانە:
(http://www.peyamner.com).1/10/2005.
١١) بڕوانە:
(http://www.peyamner.com), 1/10/2005.
١٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ د. محمود عوسمان، *میدیا*، ٢٠٠٥/٩/١٣، ل. ٦.
١٣) لەوانەیە ئەم سەرکردایەتیە بەوە بەرگری لەخۆی بکات کە بەڵێ عیراقی ئەمڕۆ تەواوکەری عیراقی دوێنێ نیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بیانوویە لە بابەتی جینۆسایددا بیانوویەکی زۆر لاوازە و ناشتوانی لەسەرپێ بوەستێ: نە تورکیا ڕاستەوخۆ بەردەوامی دەوڵەتی عوسمانیە وە نە (ئەڵمانیا)یش، دوای هیتلەر، نازیە، کەچی لە هەردوو حاڵەتدا تورکیا و ئەڵمانیا دەبێ ئێستاش بە شێوەیەك یا شێوەیەکی تر حیسابی ئەوە بدەن کە عوسمانیەکان بەرامبەر ئەرمەنەکان وە ئەڵمانە نازیەکان بەرامبەر جوەکان کردویانە.
١٤) *کوردستانی نوێ*، ٢٠٠٥/٦/٢، ل. ١
١٥) *خەبات*، ٢٠٠٥/٩/٢١، ل. ٣.
١٦) ڕاگەیاندنی ئازاد بەرواری دەربارەی کۆتاییهاتنی گفتوگۆکانی دەستور. کە چی لە لایەکی ترەوە فەلەکەدین کاکەیی، وەکو هێما بۆ ئەو ڕاگەیاندنە، دەڵێ "بڕواناکەم ئەو دەستورە ٩٨٪ی داخوازیەکانی کوردی تێدابێ، بەڵام ٧٥٪ی ئەوەی ویستمان تێدا هاتەدی". بڕوانە *میدیا*، ٢٠٠٥/٩/٦،ل.٦.
١٧) دەربارەی مادەی ٥٨ ژمارەیەکی زۆر وتار نوسراوون، بۆ نمونە بڕوانە شەفیقی حاجی خدر، "مادەی (٥٨)..؟!"، لە *کوردستانی نوێ*، ٢٠٠٥/٦/١٦، ل. ٩.
١٨) گەڕانەوە بۆ یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت (دەستوری کاتی) کە لە زۆر جێگە بڵاو بۆتەوە.
١٩) بڕوانە:
nechirvan barzani, "kurdistan and iraq" washington times, 28- 1- 2005.
٢٠) *خەبات*، ٢٠٠٥/٨/٣٠، ل. ٣.
٢١) چاوپێکەوتن لەگەڵ د. محمود عوسمان، *میدیا*، ٢٠٠٥/٩/١٣، ل. ٦.
٢٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ د. فوئاد مەعسوم، (بەشی یەکەم)، *کوردستانی نوێ*، ٢٠٠٥/٩/٨، ل. ٧.
٢٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ د. محمود عوسمان، *میدیا*، ٢٠٠٥/٩/١٣، ل. ٦.
٢٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ فەلەکەدین کاکەیی، *میدیا*، ٢٠٠٥/٩/٦.ل.٦.
٢٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ د. فوئاد مەعسوم، (بەشی دووەم)، *کوردستانی نوێ*، ٢٠٠٥/٩/٩، ل. ٧.

# بەجێهێشتنی ئێمەی کورد لە ناو دەریای تیرۆریزم و توندڕەوی ئیسلامی و سیاسەتی ناحەزانەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان خەتەرێکی جدی دەبێت بۆ ئێمە

**چاوپێکەوتنێکی بڵاونەکراوەی گۆڤاری *ڤین***
**هاوینی ٢٠٠٦، کە دواتر لە هەندێك ماڵپەڕی کوردیدا بڵاوبۆتەوە**

**ڤین:** بەردەوام لە وتارەکاندا بە توندی ڕووبەڕوی عێراقیبوون دەبینەوە، بۆچی عێراقی نەبین؟

**ب. یاسین:** بە ڕاستی لە سەرەتای کەوتنی دیکتاتۆر و لەدوو ڕۆژی ئەوەڵی کەوتنیەوە من دوونامەم بەرەو ڕووی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) کردۆتەوە، دەربارەی ئەو ترسانەی کە لە داهاتوودا دەکرێت باسیان بکەین. من لەو نامانەدا پێشنیارم کردبوو کە سەرکردایەتی کورد زۆر بە ڕوونی ئەو پرسیارە ڕووبەڕوی ئەمریکا بکاتەوە، ئایا ئەگەر پرۆژەی بەریتانییەکان لە (٨٣) ساڵی ڕابردوودا (واتە لە ١٩٢١ تا ٢٠٠٣) لە بەرهەم هێنانی دەوڵەتێکی عێراقی یەکگرتوو سەرنەکەوتوون، ئەوە چ شتێکە وا دەکات ئێوەی ئەمریکی لە هەمان پرۆژەدا سەر بکەون؟ دەوڵەتی عێراق نەك هەر ئیدارەکردنی زەحمەتە، بەڵکو دەوڵەتی عێراق هەم لە ماوەی بەر لە حوکمی دیکتاتۆر، وە بەتایبەتی لە کاتی حوکمی دکتاتۆردا، بە زەقی دەرکەوت کە هێشتنەوەی بە یەکپارچەیی ئاستەمە. لەو نامانەدا بەڕاستی باسی ئەوەشمکردووە کە خوێنێکی زۆر هەڵدەستێت، ئەو خوێن هەڵسانەش بە شێکی دەگەڕێتەوە بۆ

هاتنی ئـەمریکا بـۆ ناوچـەکە و بـۆ بـوونی ململانـێ لـە ئاسـتێکی گلۆبـالی لـە نێـوان ئیسلامی تونـدڕە و و ئـەمریکا. بـەڵام بـە شـێك لـەم خوێنرێژیـە ڕێـك دەربـڕی ئـەو قەیرانەیە کە لە مەسەلەی بەرهەمهێنانەوەی دەوڵەتی عیراق دەکەوێتـەوە؛ جا ئـەم بەرهەمهێنانەوەیـە بـە مـەرجی کـێ دەبێـت؟ کـێ باڵادەسـت دەبێـت؟ و کـێ کـەمتر دەستهەڵاتی دەبێت؟ ئەوە دوای سێ ساڵ دەرکەوت کە ململانێیـەکی زۆر و خـوێنێکی زۆر ڕژاوە، ئێسـتاش بارودۆخەکـە زۆر خۆشـبینی نابەخشـێت وە هـیچ ئاماژەیـەکی ئەوتۆی جددیش نیە کە ئەوەمان پێ بڵێ کە ئەمریکییەکان فیعلەن سەرکەوتوون لە پرۆژەی دەوڵەتی عێراق. ڕاسـتتر وایـە، هـەر نـەبێ لـە هەنـدێك ڕەهەنـدی گرینگـدا، هـەتا بـاس لـە شکسـتی ئـەمریکا بکـەین... ببینـەوە سـەر مەسـەلەیەکی زۆر گـرینگ ئەویش ئەوەیە کە لە ململانێی زۆرینە و کەمینەدا لە چوارچێوەی ئەو کلتورەی کـە باڵادەستە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کورد دەچێتە ناو گەمەی بیناکردنەوەی دەوڵەتی عێراق کە لەوێدا لە باشترین حاڵەتدا کـورد (٢٣ - ٢٦٪) لـە خـەڵکی عێـراق پێکـدێنن ئـەوەی دەمێنێتـەوە زۆرینەیـەکی ڕەهـای عـەرەبی و هەنـدێك کەمایـەتی دیـنی و نەتـەوەیی تـرن. ڕاسـتە ئـەمڕۆ، بـە تێڕوانینێکـی گشـتی، دەتـوانین بڵـێین کـورد تـا ڕادەیەك لەم گەمەیەدا گوێی لێگیراوە بەڵام لە مەودایەکی دوورخایەندا، کـە ئـەوەش یــەکێك بــووە لــە نیگەرانییــەکانی مــن، باڵادەســتبوونی عــەرەب وەکــو نەتــەوەی سەردەست لـە نـاو پرۆسـەی ئـەوەی پێـی دەبێـژن (دیموکراسـی) دایـە. بـە پێـی ئـەم بۆچوونە من قەناعەتم وایە لایـەنی عـەرەبی لـەوە سڵ ناکاتـەوە کـە ئـەو سیسـتم و میکـانیزمی دیموکراسـییە بـەکار بێنێـت بـۆ ئـەوەی جـارێکی تـر پـەراوێزکردن و ژێردەستکردنی کورد لـە سیاسـەتی مەرکەزیـدا ئەنجامبداتـەوە، ئـەو ترسـانە هـەن و لێرەن و لە داهاتووشدا دەبن. بەهەر حاڵ سـبەینێ لـە پرۆسـەی ململانێـی زۆرینـە و کەمینـەدا و بگـرە لـە ڕێگـای سـندوقەکانی دەنگدانـەوە جـارێکیتر لایـەنی عـەرەبی باڵادەستی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە. ئەو باڵادەستیەی کە لە دوێنێـی دەوڵـەتی عـیراق هەوڵدرا بە ئاگر و ئاسن بەدەستبهێنرێ.

**لڤین:** واتـەتۆ پێتوایـە لـە جێبـەجێکردنی دیموکراسییەتدا لـە عێـراق، کـورد زیـانی پێدەگات؟

**ب. یاسین:** بەڵی بە شێوەیەك یـا شـێوەیەکی تـر بـە تایبـەتی وەختێـك کـە نەتـەوەی

زۆرینــه ســندوقەکانی دەنگــدان وەکــو ئــامرازێکی کاریگــەر بــەکار دەهــێنی بــۆ وەبـەرهێنانی باڵادەسـتی ڕەهـای عـەرەبی و سـەرلەنوی پەراوێزکردنـەوەی کـورد. بـە هەر حاڵ وەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی ئەوەی من پێی دەڵێم مەدرەسـەی **ئۆتۆنـۆمیزم**، کـە نەتـەوەی کەمینـە بـە شـێوەیەك یـان شـێوەیەکی تـر دەخاتە بەر "ڕەحمەتی" نەتەوەی زۆرینە (واتە سەردەست) لە چوارچێوەی گەمـەی "دیموکراسیدا"، ئاسان نابێت.

**لڤین:** لە جێیەکدا تۆ باست لـەوە کـردووە کـە کوردەکـان لـە بەغـدا نابێـت داخـوازی دیموکراسـی بـن، چـونکە کـورد کەمینەیـە، ئایـا ئەگـەر کـورد ئەمـە بکـات ئـەوە بـە هێزێکی کۆنخواز و کۆنسێرڤاتیزم ناناسرێت؟

**ب. یاسین:** بەهـەر حـاڵ مـن ڕێـك ئـەوەم نـەگووتووە، بـەڵکو بۆچـوونی خـۆمم لـەم بارەیـەوە لـە وەڵامـی پرسـیاری سـەرەوەدا هەنـدێك روونکـردەوە. لـە لایـەکی تـرەوە، دیـارە سـەرکردایەتی سیاسـی لـە باشـووری کوردسـتان، ئـەو قەناعەتـەی هـەبووە کـە ئەلتەرناتیڤی تـری نـەبووەو تـا ئـەمڕۆش نیـە وە هـەر لەبـەر ئەوەشـە ئەچـێتە نـاو گەمـەی دیموکراسـی و فیـدراڵی. موفارەقـە (پـارادۆکس)ی گـەورە ئەوەیـە کـە ئـەم سـەرکردایەتیە لــە لایێکــەوە مــەجبوورە بچــێتە نــاو ئــەو گەمەیــەوە چــوونکە "ئەلتەرنەتیڤی تری نیە"، بەڵام لە لایەکی ترەوە هەر ئەم سـەرکردایەتیە ساڵاناکی زۆر لە ژێر دروشمی ئۆتۆنۆمی و دیموکراسی سەرکردایەتی خەباتێکی دوور و درێژی کـردوە، وەکـو ئـەوەی قەناعـەتی تـەواوی بـەم جۆرە چاەسـەریە بـووە و هەیـە... لـە لایەکی تـرەوە مـن بۆخـۆم قەناعـەتم وابـوو، هـەر لـە ڕۆژانـی هـەوەڵی دوای کـەوتنی دیکتــاتۆرەوە، کــە ئــەکرێت کــورد باســی ئەلتــەرناتیڤی تــر بکــات؛ یــەکێك لــەو ئەلتەرناتیڤانەش بە ڕاستی ریفراندەم بوو، هەڵبەتە ریفرانـدەمێکی راسـتەقینە. بـە هەر حاڵ ئەو بزووتنـەوە ریفراندەمـەی کـە کەوتـە سـەرپێ، دوای کـەوتنی دکتـاتۆر، وەك پێویست نەی تـوانی راسـتەقینە بـێ و وەك جوڵانەوەیـەکی جـەماوەری شکسـتی هێنا وە هۆی هەرە گرنگی شکستهێنانەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کلتوری سیاسی پـارتی و یەکیـەتی، کـە کلتـوری باڵادەسـتبوون و کـۆنترۆڵکردنی هـەموو کـون و کوژبنـەکانی پانتای سیاسی کۆمەڵگایە. بە مانایەکی تر پارتی و یەکیەتی خوازیاری ئەوە نـەبوون کە ببینن بزووتنەوەی ریفراندەم ببێت بە جولانەوەیـەکی راسـتەقینەی جـەماوەری

سەربەخۆ کە دواجار لە ژێر درووشمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان خەباتی خۆی بکات. دەکرا بزووتنەوەی ریفراندەم وە بیرۆکەی ئەوەی کە ڕای خەڵکی کوردستان بکرێتە بنەمایەك لە بەرامبەر دوو ئەلتەرنەتیڤدا: یەکێکیان دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق و لکاندنەوەی کوردستان پێیەوە، یا دژەکەی کە ئەویش جیاکردنەوەی کوردستان بوو لە عیراق. بە هەر حاڵ تا ئێستا بۆچوونی باڵادەست لە ناو هێزە سیاسیە باڵادەستەکانی باشووری کوردستان دەربڕی ئەو مەدرەسەیەیە کە پەنجا ساڵ زیاترە زاڵە بەسەر خەباتی سیاسی لە باشووری کوردستان کەمن لەدەربڕینێکی (فیکری - سیاسی - کولتوری)دا پێی دەڵێم **ئۆتۆنۆمیزم**.

**لڤین:** ئەو ڕیفراندەمەی کە لێرە (بزوتنەوەی ڕیفراندوم) ئەنجامیدا، ئەوە بوو کە بەرێزت داوای دەکەیت؟

**ب. یاسین:** بە قەناعەتی من ئەو ڕیفراندەمە هەندێك سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، بەڵام هەرنەبی لەبەر دوو هۆ دواجار شکستی هێنا: یەکێکیان ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی، هەرچەندە ئەم خاڵەم لە سەرەوە هەندی روونکردەوە، وەکو دوو هێزی سەرەکی ترسێکی گەورەیان لە لا دروست بوو کە ئەو جوڵانەوەی ریفراندەمە دوا جار دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەیبەت و پێگەی سیاسی ئەو دوو هێزە. ئەوە هۆیەك بوو وایکرد کە ئەو دوو هێزە بخزێنە ناو ئەو بزووتنەوەیە و بە ئاقارێکی تردا بیبەن، بە پێچەوانەی ئەوەی کە پێویست بوو رووبدات. بۆ نموونە پێویست بوو ئەو ئیمزایانەی کۆکرانەوە، کە زیاتر لە ملیۆنێك و حەوسەد هەزار ئیمزا بوون، بە زووترین کات بگەیەنرێنە نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵام بە داخەوە ئەوە لە کاتی پێویستدا نەکرا. لە کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات ئێمە توانیمان شاند (وفد)ێك بنێرین بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لە جینێف و بەخێرهاتنی گەرمی ئەو شاندە کرا و لایەنی نەتەوە یەکگرتوەکان داوای ملیۆن و حەوسەد هەزار ئیمزاکەی کرد کەبەزوترین کات بگەیەندرێنە UN. بەڵام ئەو ئیمزایانە لە کوردستان بۆ ماوەی (٨ - ٩) مانگ گیریان خوارد تا دەستوری کاتی دەرچوو وە دواتر بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکانی ژمارە ١٥٤٦ دەرچوو. ئەو وەختەش کە دوای ئەم هەموو دواکەوتنە ئیمزاکان گەیەندرانە دەرەوە بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیویۆرك، ئەو کاتە

ئیمزاکان بەها و گرینگی خۆیان لەدەست دابوو. بە مانایەکی تر کاتێك کە دەستور دەرچوو تۆ وەکو کورد کەوتیتە پشت هێڵی دەستور: یا تۆ دەبێت جارێکی تر هەوڵبدەیت ئەو دەستورە هەڵوەشێنیتەوە، کە خۆت وەکو کورد بەشداریت لە بەرهەمهێنانیدا کردوە، ئەمەش قەت کارێکی ئاسان نیە. کە دەشلێم کورد مەبەستم زیاتر سەرکردەی سیاسیە لە باشووری کوردستان، یا ئەوەتا دەبێ ئەوە قەبووڵ بکەیت کە جارێکی تر بوویتەوە بە عیراقی.

هۆکاری دووەمیش بۆ شکستی ریفراندەم نەبوونی ڕادەیەکی پێویست بوو لە شەفافییەت لە کۆمیتەی باڵای ریفراندەم لە کوردستاندا. کۆمیتەی باڵای ریفراندەم لە کوردستان هەندێك هەڵەی جدی کرد کە ئەو هەڵانە، ئەوەی من پێی دەڵێم، تەقە لەخۆ کردن بوون، بەڵێ تەقەی خۆکوشتن. بۆ نموونە بەخێرهینانی دەستوری کاتی لە لایەن ئەو کۆمیتەوە بەو مانایە هاتەوە کە بەڵی بزووتنەوەی ریفراندەم رازیە بە سەر لەنوی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق بەبێ پرسی خەڵکی کوردستان، کە ئەمەش رێك دژایەتی کردن بوو لەگەڵ یەکێك لە پرەنسیپە هەرە گرینگەکانی بزووتنەوەی ریفراندەم. بەم مانایەش کۆمیتەکە بەم هەڵوێستی بەخێرهێنانی دەستوری کاتیە خۆی کوشت، وە بگرە تەقەی کووشتنی لەروحی تەواوی بزووتنەوەی ریفراندەمیش کرد...

**لڤین:** هەندێك لە سیاسییەکان پێیان وایە کە ئەو نیگەرانییەی کە ڕۆشنبیران هەیانە لەسەر پرۆسەی سیاسی عێراق لە جێی خۆیدا نییە، تۆ ئەم بۆچوونەت پی چۆنە؟

**ب. یاسین:** بە باوەڕی من نیگەرانی جێگەی خۆیەتی. لە ڕاستیدا، هەر بۆ نموونە، هیچ زەمانەتێك لەناو ئەو دەستورەدا، کە کورد ئیمزای کردووە، نیە بۆ حاڵەتی پاشەکشێکردنی سیستەمی دیموکراسی و فیدراڵی لە عێراق. تۆ، وەکو لایەنی کوردی، نەتەرەفی سێیەمت هەیە، وەك بۆ نموونە **UN**، پەنای بۆ ببەیت وە نە حەقی ڤیتۆشت هەیە ئەگەر هاتوو پرۆسەی دیموکراتی و فیدراڵی پاشەکشەی کرد. لێرەدا ئەو ترسە ترسێکی جدییە و دەبێت لەسەری بوەستین، دواجار هەرچەندە کورد لە بەغدا رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، بەڵام ئەو بوونە بۆ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق بووە. من زۆر جار وتوومە کە کورد خەریکی درووستکردنی وڵاتێکە کە

دواجار بچێت له هەمان ئەو وڵاتە داوای مافەکانی خۆی بکاتەوە! بە قەناعەتی مـن ئـەو تێکەڵاویـە مەزهـەبی و سیاسـی و ئیـتنی و دینییـەی کـە عێـراق پێکـدەهێنێت ژمارەیەك پرۆژەی سیاسی، کە هاوئاهەنگ نـین لەگـەڵ یـەکتردا بـەڵکو بگـرە دژیشـن بەیەکتر، لێدەکەوێتەوە. لەوەش زیاتر برێك لەم پرۆژانـە لـەوە سڵناکەنەوە کـە بـە شـێوەیەکی خوێناویانـەو بـە ئـامرازی ئەوپـەڕی توندوتیـژی خۆیـان دەربـڕن. لـە راستیدا ئەوەی ئەمڕۆ لە عیراق روو دەدات دەکرێـت تـا رادەیـەکی زۆر دەربـڕی ئـەو راستیە بێـت... لـە لایـەکی تـرەوە ئـەوەش راسـتە کـە لایـەنی کـوردی، وەکـو بڕیـاری دەسـتهەڵاتی سیاسـی و هێـزە سیاسـیەکان، تـا ئێسـتە خۆیـان پاراسـتووە لـە توونـد و تیژی. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا تا کەی کـورد دەتوانێـت خـۆی بپارێزێـت وەتـا کـەی سـەرکردایەتی سیاسـی لـە باشـووری کوردسـتان دەتـوانێ کـورد دووربگـرێ لـەم خوێنرێژیە... لە لایەکی تـرەوە کـورد خەریکـە جارێکـی تـر زەریبەیـەکی زۆری ئـەو قەناعەتـە سیاسـیە بـدات، دوای ئـەو هـەموو ساڵانـە لـە مێـژووی پـڕ لـە مەینـەتی و تراژیدیای مرۆیی کورد، کە ئەو پێکهاتـە ئیـتنی و مەزهـەبی و دینییانـە بـە هـەموو پـرۆژە سیاسـیەکانیانەوە دەتـوانن عیراقێکـی پـڕ لـە ئـارامی و ئاسـایش و بـە سیستەمێکی دیموکراسیەوە بەرهەم بهێنن... ئـەوەتا جارێکی تـر کـورد لـە موسـڵ و کەرکوك و بەغداد دەکوژرێن و بگرە دەبێتـە ئامـانجی پاکتاویـەکی رەگـەزی بەرنامـە بۆدارێژراو. هەر نەبێ هەندێك لایەنی عەرەبی ئەمڕۆ، بـە شـێوەیەك یـا شـێوەیەکی تر، پێماندەڵێن کە ئەگەر جارێکی تر بۆمان برەخسێتەوە لە ناوتان دەبەین. جێگەی داخە کە ئێمـە وەکو کورد بەشدارین لـە دروسـتکردنەوەی دەوڵـەتێك کـە لەوانەیـە جارێکی تر ئەنجامەکەی ئینکارکردنی مافـەکانی ئێمـەی کـورد بێـت. هـاتنی سـوپای سەدریش بۆ کەرکوك وە زۆر رووداوی تر هێما و سابیقەی زۆر مەترسیدارن...

**لڤین:** پێتوایە مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە بە تایبەت لە بنیاتنانەوەی عێراقدا!؟

**ب. یاسـین:** بـە قەناعـەتی مـن ئـەو باسـە لـە بـەردەوامی مێژوودایـە زیـاتر تـا دووبارەبوونـەوە، چـوونکە دواجـار لـە مێـژووی عیراقـدا هـیچ فەترەیـەکی زەمـەنی نەبووە کـە تیایـدا عـیراق دەوڵـەتی ئـاگر و ئاسـن نـەبووبی و سیسـتەمی دیموکراسـی تیادا سـەقامگیر بـووبێ. کورد لـە سـەرەتای دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عێـراق هەنـدێك هەوڵی هەبووە بۆ خـۆ جیاکردنـەوە و بـەخۆبوون وە هەنـدێك دەرفـەتیش هـەبوون،

بەڵام ئەو هەوڵانە نەگەیشتن بە ئەنجام. بە هەر حاڵ ئەوەی کە ئەمڕۆ لە عیراق روودەدات هەر لە پرۆسەی بناکردنەوەی دەولەتی عیراق تا دەگاتە ئەو هەموو خوێنرێژیە، هەمووی بەیەکەوە، هەندێ ئاماژەو هێمان کە ئەوەی لە بەرامبەر کورد لە عیراقی دوێنی روویداوە هیچ دوور نیە لە عیراقی سبەینێش رووبداتەوە.

**لڤین:** لە کاتێکدا سیاسییەکان بەشداربوون لە پرۆسەی سیاسی عیراق بە (وەدەستهاتوو) لە قەڵەم ئەدەن، بەڵام تۆ ئەمە نیگەرانی لێئەخوێنیتەوە. ئەمەچۆن لێکئەدەیتەوە؟

**ب. یاسین:** ئەڵبەتە دەستهەڵاتی سیاسی بەهانەی خۆی هەیە بۆ بەشداربوونی لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق: پارتی و یەکێتی پێماندەڵێن کورد چارەی تری نییە. بە هەر حاڵ ئەو شتەی کە لایەنی رەسمی کوردی لە پرۆسەی دامەزراندنەوەی دەولەتی عیراقدا بە سەرکەوتن و شانازی دەزانێ، من لە باشترین حاڵەتدا وەکو موفارەقەیەك (پارادۆکس)ێکی سیاسی تەماشایدەکەم. چونکە هەرنەبێت تۆ ئەبێت ئەو پرۆسەیە لە دیدێکی ترەوە تەماشا بکەیت. کورتیەکەی ئەوەیە کورد لە پرۆسەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق، خۆی دەخاتە ناو قەفەسێك کە دواجار خۆی بەشدارە لە بەرهەمهێنانی هەمان ئەو قەفەسە. ئەم پرۆسەیە، وە بە تایبەتی لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە عیراقەوە، کە سەرکردایەتی کورد ناوی ناوە (ئیتحادی ئیختیاری)، رێك ئیتیحادێکی زۆرەملێیە. لە راستیشدا کاتێکیش قسە لەگەڵ هەمان سەرکردایەتی دەکەی ئەوان بە راشکاوی پێت دەڵێن "کورد چارەی تری نیە"! لێرەدا من پێموایە گووتارێکی سیاسی رەسمی لە باشووری کوردستان هەیە کە باس لە عیراقی نوێ و ئیتیحادی ئیختیاری و شتی لەم جۆرە دەکات. ئەمە زیاتر گووتارێکی چەواشەکاریە تا گووتارێك کە تیایدا دەبێ راستیەکان وەکو هەن باس بکرێن و بەم شێوەیەش خەڵکی کوردستان ئامادە بکرێت بۆ ژیانکردن لە ناو راستیەکان لە هەنووکەیدا و بەرەوڕووبوونەوەی هەموو ئەگەرێك لە سبەینێیدا.

**لڤین:** پێتوایە ئەو ئاگادارکردنەوەو نامانەی ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسیت کردووە کاریگەربووە؟

**ب. یاسین:** هەر وەك پێشتر گۆتم، دوو ڕۆژ دوای کەوتنی دیکتاتۆر، ئەو دوو نامەم

ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی کورد کردووە، بەڵام تا ئێستا وەڵامی فەرمی (رەسمی)یان نەدراوەتەوە. دوو نامەی زۆر جدی بوون، چونکە هەندێك تەوەقوعاتی تیابووە کە دواتر بوون بە راستی وەکو ئەوەی سەرهەڵدانی بەرهەڵستکاری (مقاوەمە) و خوێنرێژی کە تەنانەت وتوومە ئەوانەی بەدەستی ئەمریکا دێن بۆ حوکم لە ئەمریکا هەڵدەگەڕێنەوەو ئەمریکا مەجبور دەکەن لە عێراق دەربچێت. بۆیە وتوومە پێویستە کورد هەر زوو بکەوێتە دیالۆگێکی جددی لەگەڵ ئەمریکیەکان و پێویستیشە کورد پرۆژەی خۆی هەبێت لەگەڵ ئەمریکییەکاندا. هیچ نەبێت پرۆژەیەکی ئیحتیات یا پرۆژەیەکی ئەلتەرنەتیف بۆ ئەوەی ئەگەر دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق سەرنەکەوت ئەوا ئەو وەختە دەچێت بۆ پرۆژەی ئەلتەرنەتیف (بدیل). بەداخەوە ئەمڕۆ، دوای سێ ساڵ لە پرۆسەی دامەزراندنەوەی عێراق، کورد پرۆژەی بەدیلی نییە. بەهەر حاڵ تەوەقوعم وایە کە پرۆسەی سیاسی لە عیراق بە شکست و بە بنبەست دەگات، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا کورد لەو شکستەدا (یا راستتر بەرەو رووی ئەو شکستە) ئیحتیاتی خۆی کردووە. بە قەناعەتی من نەخێر، بەهەر حاڵ تا ئێستا. چونکە لەو سێ ساڵەی ڕابردوودا ئەوەی کە باڵی داگرتووە بەسەر سیاسەتە کوردیەکاندا لە باشووری کوردستان **خۆشباوەڕی** سەرکردایەتی کورد بووە بە پرۆژەی دەوڵەتی عێراق. لەم چوارچێوەیەدا لایەنی کوردی لەو ماوەیەدا دیبلۆماسییەتی خۆی لە دەرەوەی وڵات بە تەواوی تەجمید کردووە، نەك هەر ئەوە بەڵکو بگرە دوو کەس لە باشترین دیبلۆماسییەکانی کورد (هۆشیار زێباری) و (د. بەرهەم ساڵح) هەردووکیان خراونەتە خزمەت پرۆسەی دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق. بۆیە ئەمڕۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وا هەستدەکات کە نەك لایەنی کوردی تەنها بەشداره لە دامەزراندنەوەی دەولەتی عیراق، بەڵکو بگرە کورد ئەوەندە دەستهەڵاتی هەیە لە عیراق کە هەتا بگرە چاوەڕواندەکرێ ماف خەڵکی تریش بدات، کەلە واقیعدا وانییەو عەرەب باڵادەستەو لە ناو دەستوریشدا مافی کورد زیاتر نییە لە هەرنەبی هەندێك لەو ئۆتۆنۆمیانەی کە لە جیهان هەن. لە راستیشدا هەندێك لە ئۆتۆنۆمییەکان لە جیهان لەو فیدراڵیەتە بەهێزترن کە لەناو دەستوردا ئیقرار کراوە. جگە لەوە لە ماددەی سێدا مەفهومێك شاردراوەتەوە کە دەوڵەتی عێراق دەکاتە دەوڵەتێکی عەرەبی، قوڵاییە ستراتیژیەکەی عیراقیش، بە هەرنەبی تێگەیشتنی خۆم بۆ ئەم مادەی سێهەمە، عەرەبییە.

**لڤين:** پەیوەندی کورد و ئەمریکا چۆن دەبینیت؟

**ب. یاسین:** دوو خاڵ. یەکەم: ئەو شتەی کە ئەمریکا تەوەقوعی دەکرد لە عێراق نەهاتەدی. ئەمریکیەکان وایان دەزانی کە کاری دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق زۆر ئاسان دەبێ و لە عیراقدا دەتوانێت دوو سەرکەوتن بەدەست بهێنێت: یەك لە ئاستی گلۆبالی، کە شەرە بەرامبەر تیرۆریزم، ئەوی تریشیان لە ئاستی ئیقلیمیدا، ئەویش ئەوەبووە کە عێراق بکاتە نموونەو ئەزمونێك کە پیشانی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بدات و بیکاتە پێگەیەك بۆ پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن. ئەمریکا لە عێراق دووچاری کۆمەڵێك گرفت و کۆسپی زۆر گەورە بۆتەوە، هەندێکیان هەڵقوڵاوی پێکهاتەی مەزهەبی و ئیتنی و دینی ناو عیراقن، وە هەندێکیشیان پەیوەندیان هەیە بە دەستتێکەڵاوکردنی هێزە ئیقلیمییەکان بە تایبەتی ئێران و سوریا وە لە ئاستی جیهانیشەوە قاعیدە ڕووبەڕوبوونەوەی خۆی لەگەڵ ئەمریکا گواستەوە ناو عێراق.

دووەم: ئەمڕۆ لە ئەمریکا موناقەشەی جددی دەکرێت لەسەر کشانەوەی سوپا لە عێراق. یەکێك لە هەرە عەقڵە سیاسیە مەزنەکان لە ئەمریکا (زبێگنێڤ برێزێزێنسکی) کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی حکومەتی جیمی کارتەر بوو، چەند مانگێك پێش ئێستا پێشنیارێکی کراوەی داوەتە جۆرج بۆش کە چوار خاڵەو کۆتایی دێت بە کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق. ئەمە جگە لەوەی (٥ - ٦) مانگە گفتوگۆی نهێنی (دواتر ئاشکرا) لە نێوان ئەمریکیەکان وە بە تایبەتی زاڵمای خەلیلزاد و،"بەرهەڵستکاری" چەکداری، کە لە ناویاندا بەعس باڵادەستە، هەبووە و هەیە بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێك. دیارە لایەنی بەرەنگاری (بەرهەڵستکاری) سازش ناکات لە بابەتی خۆکێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا وە بە ڕاشکاوی یەکێ لە مەرجە سەرەکیەکانی لایەنی بەرەنگای ئەوەیە کە ئەو کاتەی ئەمریکا دوا سەربازی ئەمریکی دەکێشێتەوە، ئەوکات دوا چەکی بەرەنگاری دائەنرێت.

**لڤين:** تۆ دەڵێیت (بەرەنگاری) پێتوایە ئەوە بەرەنگاری بێت؟

**ب. یاسین:** بەڵێ، بەرەنگاری جیا دەکەمەوە لە تیرۆر، ئەوە خوێندنەوەیەکە و ڕاستیەکی سەر مەیدانی سیاسیشە لە عیراق وە دەستهەڵاتی سیاسی لە بەغداد حەز بکات یا حەز نەکات ئەوە واقیعە. مام جەلالیش وەك سەرۆك کۆمار ئەوە ناشارێتەوە

کە ئەو بەرهەڵستکاریەی کە لەتەك ئەمریکا و دەستهەڵاتی بەغدا گفتوگۆیان هەیەو بە بەرهەڵستکاریش ناویان دەبرێت. سەرۆك وەزیرانی عیراقیش بەم شێوەیە شتەکان دەبینێ و لەم چوارجێوەیەدا هەڵسوکەوت دەکات. بە مانایەکی تر ئەمڕۆ بەرهەڵستکاری هەر بەم ناوەشەوە راستیەکی سیاسیە.

**لڤین:** بۆ هاوپەیمانی کورد و ئەمریکا چی دەڵێیت؟

**ب. یاسین:** لە ڕاستیدا بەر لەدوو ساڵ پێشنیارێکم هێناوەتە دەنگ ئەویش ئەوەبوو کە کاتی هاتووە کورد داوا لە ئەمریکا بکات ئەو هاوپەیمانیە، کە (کۆڵن پاوڵ) باسی لێوەکرد لە نامەیەکیدا بۆ پەرلەمانی کوردستان، پێناسەبکرێت و ناوەڕۆکی بدرێتی و ئەوەش دیاری بکرێت کە هەر یەك لە کورد و ئەمریکا چەند قازانج و زەرەر دەکەن لەم هاوپەیمانیە... پێموایە کاتی ئەوەش هاتووە کە ئەزموونی کۆریای باشوور بۆ باشووری کوردستان تاقیبکرێتەوە. مەبەستیش ئەوەیە کە کاتی خۆی ئەمریکا بۆ دانانی سنورێك بۆ بڵاوبوونەوەی کۆمونیزم لە خوارووی خۆرهەڵاتی ئاسیا پشتگیری لە کوریای باشوور کرد وە لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەکی ستراتیژیدا لەگەڵ ئەم وڵاتەدا ئەمریکا بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی خۆی پاراست و کۆریای خوارووش بوو بەخاوەنی سیستەمێکی ئابووری و (دواتر) دیموکراسی پێشکەوتوو.

بەم مانایە لە چوارچێوەی جەنگ لە بەرامبەر کۆمونیزمی جیهانی وە رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی لە خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا ئەمریکا لە سیاسەتی (سفر یان ١٠٠) ڕەقەمێکی دیکەی هەڵبژارد کە نە سفر بوو وە نەش ١٠٠. بەم مانایە رازیبوو بە لەدەستدانی نیوەکەی سەرووی کۆریا بۆ ئەوەی لە بەرامبەریدا کۆریای باشوور بەدەستبێنی و لەوێشدا هاوکاری بکات بۆ بەرهەمهێنانی سیستمێکی دیموکراتی تیایدا و بەستنی هاوپەیمانیەکی ستراتیژی لە تەکیدا... بۆ ئەوەی شتەکان باشتر روون بکەمەوە، لە حاڵەتی عیراق و باشووری کوردستان، من باوەڕم وایە کە کاتی هاتوە ئەمریکا بگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئیتر لە عیراقدا سەرکەوتنێکی لە جۆری ١٠٠٪ مومکن نیە و کاتی ئەوە هاتوە تا هەموو دەرفەتەکان لە دەست نەچوون ستراتیژی خۆی لە عیراق بگوازێتەوە لە ئەوەی من پێیدەڵێم یەك سیاسەت بۆ دوو حاڵەت بەرەو دوو سیاسەت بۆ دوو حاڵەت: واتە (لە حالەتی دووەمدا) مامەلەکردنی

کوردستـان لـه چوارچـێوەی سیاسـەتێکدا وە مامەڵـەکردنی عیراقـی عـەرەبیش لـە چوارچێوەی سیاسەتێکی تەواو جیاوازدا...

**لڤین :** ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەمریکا پشت لە کورد بکات؟

**ب. یاسین:** بەڵی ئەوە ئەگەرێکی کراوەیە. من زووتر بۆچوونێکی نزیك لەوەم هەبوو وە بـەم پێیـەش کـورد دەبـێ، لـە چوارچـێوەی هاوپەیمانیـدا، ئـەوە ئەگـەر ئەسـلەن هاوپەیمانیەك پڕ بە مانای وشەی هاوپەیمانی هەبێت (لـە نێـوان کـورد و ئـەمریکا)، ئەوە بگەیەنێت بە ئەمریکا کە ئێمەی کورد کەم دەستهەڵاتین و دەورەمـان دراوە بـە چەند وڵاتێك کە حەزناکەن پێشبکەوین و ئازاد بین وە تەهدیدێکی جددی ئیسلامی تونـدڕەو و تیرۆریزمـی بـە ئایـدیۆلۆژیا ئیسـلامیمان لەسـەرە. بۆیـە بەجێهێشـتنی ئێمەی کورد لەناو دەریـای تیرۆریـزم و تونـدڕەوی ئیسلامی و سیاسـەتی ناحەزانـەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان خەتەرێکی جددی دەبێت بۆ ئێمـە. بـە قەناعـەتی مـن دەبێت ئەو مەسەلەیە هەم لە ئاستی ناوخۆی سـەرکردایەتی کـورد و هـەم لـە ئاسـتی دیالۆگی کورد و ئەمریکا بە توندی تەرحبکرێت.

**لڤین:** دکتۆر، ئێمە چۆن دەتوانین سود لە کارەساتەکان وەرگرین و مافـەکان بسـەنین بە تایبەتی لـە هـەردوو کارەسـاتی (هەڵەبجەو ئـەنفال)دا؟ واتـە چـۆن قوربانییـەکان زیندوو ڕابگرین و لە ئاستی کێشەکەماندا بیانناسێنین؟

**ب. یاسین:** مەسـەلەی هەڵەبجـە و ئـەنفال خـاڵێکی گرنگـە لـە یـادەوەری بەکۆمـەڵ (زاکـیرەی جـەماعی) خـەڵکی کوردسـتان وە پێویسـتە، هـەر وەك چـۆن لـە حاڵـەتی میللـەتانی تـر، ئـەو تراژیدیایانـە زینـدوو رابگیرێـن. چـونکە وەختێـك تـۆ مێـژووت زیندوو ڕاگرت یانی مێژوو لێرەیە، نەك تەنیا وەك سەرچاوەیەکی مەعریفی، بـەڵکو لێرەیـە بـەو مانایـەی کـە مێـژوو وەك ئـامڕازێکی سیاسـەت بـۆ بـەرەوایيکردنی کێشەکەت، بۆ ئەوەی باشتر لە خەڵکی تـری بگەیـەنیت کێشـەکەت چیەو چۆنە. لە حاڵـەتی تراژیدیـەکانی هەڵەبجـەو ئـەنفال و زینـدوڕاگرتنی ئـەم کارەسـاتانە لـە هۆشمەندی سیاسیماندا گرنگی زۆری هەیـە بـۆ نـەوەی ئـەمڕۆ و نـەوەکانی داهـاتوو. هــەروەك چــۆن ئەرمــەن کاریــان کــردووە لەســەر زینــدوڕاگرتنی کارەســاتی جینۆسایدکردنیان لە ساڵی (١٩١٥) هەروەها چۆن جولەکەکان کاریـان کـردووە لەسـەر

(هۆلۆكۆست) بۆ شەرعییەتپێدانی دامەزراندنی دەوڵەتیان (ئیسرائیل)، كوردیش پێویستە ئەوە بكات.

**لڤین:** تۆ لەكۆڕێكتدا قسەت لەوەكرد كە نابێت قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجە بە هاوڵاتی عێراقی لەقەڵەم بدرێن؟ ئەی هاوڵاتی كوی بن؟

**ب. یاسین:** زۆر ئاسانە كە بڵێین (١٨٢) هەزار كورد، ئەو وەختە تۆ كە دەڵێیت (كورد) تۆ ناسنامە كوردییەكەت زەق كردۆتەوە، بەبێ ئەوەی باس بكەیت كە ئەو كوردە ناسنامەیەكی تریشی هەیە، یانی تۆ بەم قسەیە ناسنامەی عێراقی دەشاریتەوە. پێویست ناكات بڵێین وە بگرە چەوتیەكیشە بڵێین هاوڵاتی عێراقی. بەراستی وەختێك ئینسانی كورد ئەنفال كرا ئەوە دوای ئەوەبوو كە بە پێی بڕیارێكی سیاسی مەركەزی لە (ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش)ی ئەو كاتەی عیراق و لە ڕێگەی دەستهەڵاتە ڕەهاكانی عەلی حەسەن مەجیدەوە ئەو كوردانەی كە بڕیار بوو ئەنفال بكرێن لە هەموو مافێكی هاوڵاتیبوون ڕوتكرانەوە. ئەو وەختە تۆ گوناهە ناویان ببەیت بە هاووڵاتی عێراقی، چونكە ئەگەر هاوڵاتی عێراقی بوانایە ئەنفال نەدەكران. تۆ كە هاووڵاتی هەر دەوڵەتێك بیت مافەكانی هاووڵاتی بوونت پارێزراوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە **مافی ژیان**. بەم مانایە نابێ و ناكری بە قوربانیانی هەلەبجەو ئەنفال بگۆتری هاووڵاتی چوونكە ئەم قوربانیانە لە چوارچێوەی بیركردنەوەو گووتاری ژینۆساید نەك هەر مافی ژیانیان لێسەندرایەوە بەڵكو بە پێی ئەم بیر و گووتارەی ژینۆسایدەی ڕژێمی بەعس قوربانیانی ئەنفال تەنها و تەنها شایستەی لەناوبردن بوون. بە قەناعەتی من (١٨٢) هەزار كورد یا ١٨٢ هەزار لەخەڵكی كوردستان یا كوردستانی تەعبیری گونجاون، نەك ١٨٢ هەزار عیراقی. هەر نەبێت لە بەڵگەنامە سیاسییەكاندا وە لە بەڵگەنامەیەكی وەكو دەستور هەرگیزا و هەرگیز (هاوڵاتی عێراقی) دووبارە نەكرێتەوە، بە داخەوە دەستهەڵاتدارانی كورد خۆیان لە ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانیدا، یا لێرەو لەوێ لە وتارەكانیاندا، ئەو هەڵەیە دەكەن كە دەڵێن سەدام ئەوەندە ژمارەی لە هاونیشتمانیانی خۆی (یا عیراقی) كوشت!! ئاخر ئەوەی ئەنفال كراوە هاونیشتمانی سەدام نەبووەو گەلی ئەو نەبووە، ئەو تەعبیرە تەعبیرێكی غەڵەتە ئەوە گەلی سەدام نەبوو، ئەوەخەڵكانێك بوون خەباتیان لەسەر پی بوو دژی سەدام و ڕژێمەكەی.

**لڤین:** خۆت دەڵێیت عەلی حەسەن مەجید ئەنفالەکانی ڕوتکردەوە لەهاوڵاتی بوون، پێتوانییە تۆش دووبارە بێ مافیان ئەکەیتەوە بەوەی کە دەڵێیت نابێت هاوڵاتی عیراقی بن؟

**ب. یاسین:** نا من ڕوتیاننا‌کەمەوە. تۆ دەبێت ڕاستییەکە باس بکەیت. من ڕاشکاوانە ئەو بۆچوونەی خۆم گەیاندووە بە، بۆ نموونە، یەکێك لەو سیاسییانەی کە وشەی (هاوڵاتی عێراقی) بەکارهێناوە بۆ قوربانیانی ئەنفال. وەڵامەکەی ئەو ئەوەبوو کە بەڵی ئیعترازەکەت ڕاستە. بەڵام ئەم سیاسییە پاساوی بۆ بەکارهێنانی چمکی هاوڵاتی عیراقی ئەوەبوو کە"من لە بەغداد قسەم کردووە ئەگەر لە کوردستان قسەم بکردایە ئەوەم نەدەگووت". بە ڕاستی ئەوە خەتەرە، یانی تۆ بە دوو زمان قسە دەکەیت. بە دوو زمان قسەکردنیش خزمەتی کێشەی ئەنفال و هەڵەبجە ناکات، یانی تۆ لە بەغدا ئەوان بکەیت بە هاونیشتمانی عیراقی و لە کوردستانیش بە جۆرێکی دیکە باسی شتەکان بکەیت. ئەوەی کە من کردوومە، وەکو ئەکادیمییەك، ڕاستییەکانم گێڕاوەتەوە. ئاخر ڕژێم خۆی ئەوانەی ڕوتکردۆتەوە لە هەموو مافێکی هاوڵاتی بوون بۆ ئامادەکردنیان بۆ لەناو بردن. لە راستیدا ئەم رووتکردنەوەیە لە مافی هاوڵاتیبوون سەرەتای پرۆسەی ئەوەی پێیدەڵێن (دیهیومانیزەیشن) کە ڕێك دەکاتە رووتکرنەوەی قوربانیەکان وەکو مرۆڤ لە هەموو خەسلەتە مرۆییەکانیان، کە ئەمەش بەشێکی زۆر گرنگە لە ئەوەی پێی دەڵێن پرۆسەی ژینۆسایدا. ئەوەی تۆ دەیکەیت ئێستا کە هەموو مافەکان بگەڕێنیتەوە بۆ قوربانیەکان ئەوە شتێکی ترە و هەوڵێکە جێگای خۆیەتی. گەڕاندنەوەی ئەو مافانە لە رووی یاساییەوە شتێکە بەڵام لە رووی سیاسیەوەو لەخیتابی سیاسیدا هێشتان ئەم مەسەلەیە بێ ئیشکالیەت نیە. بە هەر حاڵ بە قەناعەتی من بەکارهێنانی چەمکی (هاونیشتمانی عێراقی) بۆ قوربانیابی ئەنفال و هەلەبجە گوناهێکە بە هەقی ئەو قوربانیانە دەکرێت!

# ل پرۆژێ رۆژهەلاتا ناڤینا مەزن
# کـــورد چ نا دۆڕینیت بەلکی دێ یێ براوە بیت

رۆژناما *بەهدینان* ژمارە ١٥، ٢٠٠٦/٧/١٠ و ژمارە ١٦، ٢٠٠٦/٧/٢٤

**بەهدینان:** دکتۆر دەربارەی وێ پرۆژێ وە پێشنیارکری بۆ سەرکردایەتییا سیاسییا کوردی کو کۆنگرەیەکێ کوردستانی بهێتە گرێدان ژبۆ دیارکرنا هەلۆیستێ کوردی بەرامبەری پرۆژێ رۆژهەلاتا ناڤینا مەزن، هەتا نهۆ چ هاتییە کرن یان بەرسڤەك هەبوویە بۆ ب جە ئینانا وی پرۆژەی؟

**ب. یاسین:** ئەوا راستی بیت مە دوو پرۆژێن پێشکێشکرین، ئێك ژ وان پرۆژا، گرێدانا کونگرەکێ کوردستانییە کو ئەکادیمی و سیاسی و رەوشەنبیر پشکداریێ تێدا بکەن. دەربارەی بابەتێ کوردستان دپرۆژێ رۆژهەلاتا ناڤینا مەزن دا کو پرۆژەیەك یان فیکرەك ئەمریکییە تایبەتی ژی پشتی ١١ سپتمبەرێ هاتییە تەرحکرن. ب ڕاستی پار مە ئەڤ هەردوو پرۆژە پێشکێشکربوون بۆ سەرکردایەتییا پارتی و یەکێتی و ب تایبەت بۆ هەردوو بەرێزان: کاك مەسعود و مام جەلال، مام جەلال هەر پار بەرسڤ دایە و دبێژیت هەردوو پرۆژە پرۆژەیێن گرنگن یا مەسەلا کۆنگرێ کوردستانی ژی رایا وی ئەوە کو کاك مەسعودو هەردوو مەکتەبێن سیاسی یێن ئێکەتی و پارتی دڤێت گرنگیێ بدەنە گرێدانا کۆنگرەی. ئەڤ سالە ژی بەری چەند رۆژەکا ئەم چووینە جەم بەرێز نێچیرڤان بارزانی ب ڕاستی پێشوازییەکا گەرم ل پرۆژەی کر و پشتەڤانییا ١٠٠٪ یا خۆ بۆ پرۆژەی دەربڕی و هەمی شیان ئێخستنە بەر دەستێ مە. لێ هەلبەتە ئەڤ پرۆژە پرۆژەیەکێ کەسۆکی نینە بەلکی ئەڤە دەستەیەکە ژ *رۆناکبیرێن کوردستانی* کو ئەز یەك ژوانم. دبنیاتدا ئەم سێ کەس بووین لێ مە

پشتەڤانی هەیە هەم ژخەلکێ کوردستانێ هەم ژدەرڤە، هەژی گۆتنێ یە کو ئەز و کاك تەحسین قادر و کاك سەلیم بابان کاکلێن ڤێ دەستپێشخەرییێنە.

**بەهدینان:** هەر ل سەر وی پرۆژێ رۆژهەلاتا ناڤینا مەزن، ب ڕاستی هەکە بهێتە بجە ئینان گەلەك د بەرژەوەندییا هەمی گەلێن دەڤەرێ، نەخاسمە د بەرژەوەندییا گەلێ کورد دایە، ب هزرا وە کورد دشێن چ بکەن بۆ بجە ئینان یان سەر ئێخستنا وی پرۆژەی؟

**ب. یاسین:** هەلبەت هەکو پرۆژە دەرکەتی پرۆژە گەلەك یێ رادیکال بوو ئانکو ب شێوەیەکێ رۆهن و ب شێوەیەکێ راگەهاندنا ڤەکری بەحس ل گوهۆڕینا رژێمێن تۆتالیتار و دیکتاتۆری و رژێمێن کەڤنەپەرست دکر. لێ پشتی هنگی ب دەمەکێ کورت ئەڤ پرۆژە کەفتە بن فشارا دۆستێن ئەمریکی ل دەڤەرێ، هەم دۆستێن عەرەبی وەکی میسرو یێن دن وەکی تورکیا کو گومان و نیگەرانییا خۆ دەربڕین بەرامبەر وی شێوێ ئەمریکا دخوازیت ب رێکا گوهۆڕینا رژێمان کو ب رایا وان د ئەمریکا، دێ رۆژهەلاتا ناڤین بەرەف نائارامیێ بەت. ژبەر هندێ بۆچوونا وان ئەو بوو کو پێتڤییە گوهۆڕین ب سەردا ب هێن. ل ئەوروپا رۆژئاڤاژی ب شێوەیەکێ گشتی (ب تایبەتی دچارچۆڤێ ئێکەتییا ئەوروپا) دیسان کاردانەوە نەهند ب دلێ ئەمریکا بوو. بۆچوونا ئەوروپا ئەوە کو ئەم نکارن رژێمان ب گوهۆڕین، بەلکی پێتڤییە ئەم دەرگەها بۆ ریفۆرمان ڤەکەین و فەرە ئەو لایەنێن ئەم کار ل گەل دکەین هەر ئەو رژێم بن ئەوێن دحوکمیدا. نهۆ و پشتی چەند سالەکا ژ پرۆژێ رۆژهەلاتا ناڤینا مەزن ئەمریکا بەرەف رایا دۆستێن خۆ ل رۆژهەلاتا ناڤین و ئێکەتی یا ئەوروپی دچیت، ئانکو دێ بیتە بەرهەم ئینانا ریفۆرمان ل پێشکەتنا ئابووری و کۆمەلایەتی یا سیستەمێ دیموکراتی یا سیاسی ل بیاڤێن دی پێشکەتن دهێتە بەرهەم. کورد چەوا دێ شێن مفای ژ پرۆژەی کەن؟ ب باوەرا من پرۆژە ب گشتی ڤێجا ب شێوەیەك رادیکال بۆ سیاسەت و گوهۆڕینێ ب چیت یان ب شێوەیەك ریفۆرمێ بۆ سیاسەتێ ب چیت ل وێ باوەرێ مە ل هەردوو حالەتا گۆڕانکارییا دێ ئینیت ئەڤ گۆڕانکارییە دخزمەتا بزاڤا سیاسی یا کوردستانا مەزن دانە ل هەمی پارچان. چونکی د بەرژەوەندییا گەلێ کورد دایە. ئەو حالەتێ کو دبێژنێ (وەزعێ راگرتی) ئەڤ (وەزعێ راگرتی) بزاڤ و گوهۆڕین بکەڤنێ، هەر گۆڕانکارییەك ل

تەوەجوهێ دیموکراتی ڤەکرن ل هەر بیاڤەکێ دی خزمەتێ دگەهینیتە بزاڤا کوردی، ئانکو ب رامانـەك دی ل پـرۆژێ رۆژهـەلاتا ناڤینا مـەزن کورد چ نادۆڕینیت بـەلکی کورد دێ پێ براوەبیت.

**بەهدینان:** د پرۆژێ چارەسەرییا ئاشتیانەدا وە ئاماژەکریە هندەك گەفێن جددی بۆ سەر سەربۆرا باشوورێ کوردستانێ ئەو گەف چنە؟

**ب. یاسین:** ل پێشیێ پێدڤییـە مـرۆڤ پیچەك ل سـەر پـرۆژەی باخڤیـت. بیرۆکا وی پـرۆژەی ئـەوە کـو ئەڤـە پـرۆژێ دووێ یـە دەسـتهەلاتا سیاسـییا کـوردی ل باشـوورێ کوردستانێ پێ رادبیت بۆ ناڤبژیکرنێ ل ناڤبەرا (pkk) ێ و تورکیا، ئانکو ئەو کێشا کو بوونا (pkk) ل باشـوورێ کوردسـتانێ (یـان ب مەعنایـەك عـەرەبی یـان تـورکی ل عیراقێ) دەرئێخستنا وان بوویە پێدڤییەك ل بۆچوونا عیراقا عەرەبی و تورکی دا. ل وێ بەینێ کوردان بخۆ بۆچوونەك جودا هەبیت، بۆچوونەك جودا هەبیت جودایـە ژ چارەسـەرێن کلاسـیکی، ئـەو چارەسـەرێن کـو ب چـەك هـەردەم کـورد ل پشـکەکا کوردستانێ دەردئێخستنە پشکەکا دی یا کوردستانێ یان نەچار دکـرن بـۆ حالەتـەکێ سیاسـی. ب بـاوەرامن ئـەڤرۆ باشـوورێ کوردسـتانێ موئەهەلـە ل روێ سیاسـی و دیپلۆماسی دچارچوڤێ وێ پەیوەندیا باشوورێ کوردستانێ سـەرکردایەتییا باشـوورێ کوردسـتانێ هەیـە دگـەل ئـەمریکا ئـەم باوەردکـەین ئـەڤ سـەرکردایەتییە سیاسـیەن تەئهیل دکە و ئەو پەیوەندی یە ژی مە تـەئهیل دکـە کـو رابـین ب دەورەکـێ ناڤبـژی کرن د ناڤبەرا (pkk) و تورکیادا.

ئەوێ ئەم بەحس دکەین کە هندەك مەترسـینە دبابەتیـدا، ب راسـتی یـەك ژ وان ئەوە لایەنێ عەرەبی ل عیراقێ (یان ژی عیراقا عەرەبی) قەت وەکی مە هزر ناکەن د مەسەلا (pkk)دا ئەوەژی رەنگە تشتەك سروشتی بیت. بەس نەسروشتی د وردا ئەوە کـو ئـەم بـەحس ل عیراقـەکا نـوو دکـەین، کـو د وردا عـەرەب و کـورد هاوشـانن (یەکسانن) بەس ئەم باوەر دکەین کو د ئـەزموونا (pkk) دا و د چارەسـەرکرنا کێشا (pkk)دا ئەو یەکسانییا تێ خویاکرن تونەیە، بۆ؟ چونکی چوونا جەعفەری جارەکێ ب ئەشکەرا جارا دووێ ب نهێنی بۆ ئەنقەرە، هەر دوو جاران ژی یەك ژ وان خالا کو هـات بەحسـکرن ئامادەییـا تـەرەفێ عەرەبییـە ل عیراقـێ، ئـەز بـۆ دبێـژم تـەرەفێ عەرەبییـە چـونکە تـەرەفێ کـوردی قـەت رازی نینـە ب هێـزا چـەکی (pkk)ێ ژ

کوردستانێ دەربێخن. تەرەفێ عەرەبی رازییە دگەل ئەنقەرە د چارچوڤەك یان بیرکردنەوەیەك کلاسیکیدا ب هێزا چەکی (pkk) دەر بێخن. ب باوەرا من ئەڤە دبیت هەڕەشەیەك نە راستەوخۆ ل سەر ئەزموونا مە، چونکی ئەڤە ئاماژە (ئیشارەت)ێ ددە کو دپاشەرۆژێدا جارەکا دی کورد ل باشوورێ کوردستانێ یێ بەرەف وی حالەتی دچن کو نەتەوا عەرەبی (ئانکو تەرەفێ عەرەبی) ب عەقلیەتا نەتەوا سەردەست کاردکە و ئەمڕی پێدڤییە وەکی تەرەفەکێ هاونیشتمانی پلە دوو جۆرەك ل بن دەستی جۆرەك ل تەبعیەت بۆ بڕیارا بنگەهین یا عەرەبی ( قەرارا مەرکەزی عەرەبی) دگەل وان ئەوێ دی بکەین. ب باوەرا من چارەسەریا ئاشتیانە دناڤبەرا (pkk) و تورکیا دا کۆمەڵەك مفا، کۆمەڵەك خالێن پۆزەتیف یێن دگەل خۆ دئینت بۆ کوردان ل باکۆرێ کوردستانێ، دەلیڤەیەك یێ ڤەببە بۆ چارەسەریا ئاشتیانە و دیالۆگ، بۆ باشوورێ کوردستانێ ئەمێ خالەکێ دیپلۆماسی یێ پۆزەتیف بۆ خۆ تۆماردکەین ب وێ چەندێ کو کورد ل ڤر چارەسەریا خۆ هەیە و دەستپێشخەریا خۆ هەیە و ب جۆرەکێ دی دفکرە ژیا جەعفەری و یێن دن. بۆ ئەمریکا ژی چ پێ نەڤێت مفا هەیە چونکی فشارەك تورکی هەمیشەیی تم ل سەر هەیە و هەبوویە (کو تەکەس دکە کو) ل سەر ئەمریکا فەرە کو ب هێزا چەك (pkk) ێ دەربێخە. ئەڤە هەمی کۆمەڵەك هۆکارو بۆچوونن کو دناڤ ڤی پڕۆژەیدا هاتینە تۆمارکرن و ب باوەرا مە ئەڤ پڕۆژەیە یێ گرنگە و گەرەکە وەختێ پێویست ژ ئالیێ سەرکردایەتیا سیاسی یا کوردیڤە پێ بهێتە دان.

**بەهدینان:** تو ڕۆلێ (pkk) چەوا دبینی دڤێ پرۆسێدا ئانکو ئەو بۆ سەرئێخستنا ڤی پڕۆژەی چ بکەت؟

**ب. یاسین:** ئەڤ پرسیارە گەلەك جوانە. ئەو چ بکەت بۆ سەرخستنا ڤی پڕۆژەی و تورکیا چ بکەت بۆ سەرخستنا پڕۆژەی و هەردوو چ بکەن بۆ سەرخستنا پڕۆژەی.

هەر پڕۆژەیەکی ئاشتی سەرکەفتنێ ب دەستڤە نائینیت ئەگەر هەردوو لایەنێن ململانێ دئامادە نەبن بۆ ئەوەی کو ئەسلەن بەحسێ پڕۆژەیەکێ ئاشتی بکەن. ئامادەبوونا لایەنەکێ و ئامادەنەبوونا لەیەنەکێ دی ئەو بخۆ ئاستەنگ بوویە کو ب ڕاستی ژی پڕۆژا مە بیرۆکەیە ئانکو تەرحا فکرەیە و ئەم چاڤەرێینە کو ل وەختێ پێشکێشکرنا پڕۆژەی سەرکردایەتیا سیاسی ل باشوورێ کوردستانێ، سەرکردایەتییا

پارتی و یەکێتی ب هەڤرا تیمەك چالاك دروست بکەن ژ سێ یان پێنج کەسا ل ئاستێ مەکتەبا سیاسی یا هەردوو حزبان بۆ هندێ ئەڤ گرۆپ بۆ وان تەرتیباتێن دیپلۆماسی میکانزمەکێ پەیدابکەن و پلانەکێ دانن داکو بیرۆکا پڕۆژەی ل روویێ پراکتیکی چەوا تێتە خارێ، ئانکو دناڤ ڤی پڕۆژەی دا پیچەکێ مە خۆ نیزیك کریە ل تەرتیباتێن پراکتیکی بەلێ تەرتیباتێن پراکتیکی ب شێوەیەکێ گشتی مە بجە هێلایە بۆ ئەو شێوەیێ کو سەرکردایەتییا سیاسی بخۆ باشتر دزانی، هەلبەت ئەڤ دەسپێشخەریە لازمە ل ئالیێ (pkk) پۆزەتیڤ بێتە نرخاندن و گەرەکە تێگەهشتنا (pkk) ل روحێ پڕۆژەی نێزیك بیت؛ تورکیاژی هەروەسا . ب باوەرا من ب کارئینانا کارتێ ئەمریکی دوێ مەسەلێدا دکاری یەك بیت ژ زەماناتێن سەرکەفتنا پڕۆژەیەکێ وەسا.

**بەهدینان:** نۆکە عیراق یا د رەوشەکا ئالۆزدا دەربازدبیت، رەوشا عیراقێ یا سیاسی توو چەوا دبینی و ئەڤ رەوشە بەرەف کیڤە دچیت؟

**ب. یاسین:** ب راستی حەز دکەم بێژم کو ل دەسپێکرنا پرۆسا دامەزرندنەوە یا دەولەتا عیراقێ پشتی کەفتنا دکتاتۆری هەلبەتە ئەم هەمی دزانین دگەل کەفتنا دکتاتۆری دەولەتا عیراقێ ب راستی ل رووێ عەمەلی نەما و سەروەریا عیراقێ ژی نەما هەم ل رەهەندێ ئەقلیمی هەم ل رەهەندێ جیهانی. دڤردا دکارین دوو ئال بهێنە بەحسکرن یەك ئەوە کو باوەردکە مانەڤەیا کوردان دچارچۆڤێ عیراقێ د تەرتیباتێن فیدرالیدا یێ باشترە. بەلێ لایەنێ دی خویا دکە کو باوەری ب بوونا پڕۆژەیەك عیراقی یەکبوو تونە و ئەو باوەردکەن کو جودا کرنا کوردستانێ تەنها چارەسەرە. ل راستی ژی دا ئەڤ بۆچوونە تەنها بۆ چوونەك کوردی نەبوو بەلکو بۆچوونەك بوو دناف گفتو گۆ و دیالوگێن ئەمریکی دا یێن رەوشەنبیری و دیپلۆماسی و سیاسی ل دەرڤەی دائیرا (رەسمی) دهاتە بەحس کرن. (پیتەر گالبرێس) یەك ژ وان بو کو هەردەم بەحس دکر دابەشکرنا عیراقێ یێ چارەسەر بە. نوکەژی، پاشی سێ سالان ب باوەرا من دابەشکرنا عیراقێ نێزیك ترە ژ رۆژێن پاش کەفتنا دیکتاتوری. هەر چەندە من بخۆ باوەر هەبوو کو کوردان لازمە پڕۆژەیەکێ بەدیل هەبیت، ئەلتەرناتیڤ هەبیت بۆ دامەزرندنەوا دەولەتا عیراقێ ول ڤی چارچۆڤەی دا من دوو نامە نڤیسین بۆ سەرکردایەتییا پارتی و یەکێتی ل رۆژا ١٠ و

١١ی ئەپریلێ (٢٠٠٣) ئانكو رۆژا پاش و پاشتری كەفتنا دیكتـاتۆری ل وردا ئـەز دبێـژم ل عیراقێ خوین رابە و ل عیراقێ یێ بەرەو ورووبەروو بونەوەیەكی جدی بۆ ئەمریكا چێ ببە نۆكەژی فەرە كـورد نـە ل رێكا فلتـەرێ عیراقـێ را بـەلكو راسـتەوخۆ دگەل ئەمریكا دیالۆگ بكەن ل سەر بنواشێ ئەوا ئەز دبێژمێ ( پرۆژێ كوردی - ئەمریكی) نۆكـە پاشـی سـێ سـالان ل وان بەحسـان ئـەم د چ حالـەتی داینـە. ب بـاوەرا مـن دابەشبوونا عیراقێ ئەڤرۆ ل هەردەمەكێ دی نێزیكترە ژ هەر وەختـێ. سـەرنەكەفتنا پرۆژا دەولەتا عیراقێ ئەڤرۆ ژ هەموو رۆژا نێزیكترە.

مەسـەلا خـو كێشـانەوا ئـەمریكا ب بـاوەرا مـن یـێ فاكتـەرەك بیـت لـەز بـدە ئـەو ئەلتەرنەتیڤا دابەشكرنێ، چـونكی لایـەنێ عـەرەبی ئـەمریكا قـەبوول ناكـە. ڤێجـا چ لایەنێ شیعی بیت چ لایەنێ سنی بیت. ئایا دگاڤا دوماهیێ دا ئەمریكا یـێ بزڤـری ل سـەر پـرۆژێ ئـەمریكی - كـوردی دەسـت ب كوردسـتانێڤە وەربگـری، كوردسـتان ژی دەستێ خۆ ب ئەمریكا وەربگری؟ ب باوەرا مـن ئـەڤ سـیناریۆیە سـیناریۆیەك ئـەڤرۆ ممكنە بەلێ مرۆڤ دكاری بەحسێ سیناریۆیێن دیكەژی بكە و گەرەكەژی بكە.

**بەهدینان:** رۆلێ سەركردایەتییا كوردی د ڤێ پرۆسا تایبەت ب عیراقێ ڤە تـوو چـەوا دبینی؟

**ب. یاسین:** ئەز باوەر دكەم، ئێك: سـەركردایەتییا سیاسـی یـا كـوردی خـۆش حالیـەك یان خۆش باوەرییەك زێدە هەبوویە ب پرۆژی دەولەتا عیراقا دیموكراتیك یا فیـدرالی، دوو: دچارچۆڤێ هزرا ئۆتۆنۆمیزمدا (وەختێ دبێژم ئۆتۆنۆمیزم ئانكو ئەڤە دكـەڤت چارچۆڤەك هزری، فەلسەفی، سایكۆلۆژی، بۆچوونەك جیهـانبینی) ئـەڤ سـەركرداتیە هزر دكە. د چارچۆڤا ڤـی هزیـدا، مـرۆڤ دكاریـت پشـكەك بیـت ل وەلاتـەكی كـو دوی وەلاتی دا نەتەوەیەك سەردەست هەیـە. د وی وڵاتیـدە ئـەز كەمایـەتی مـە و ئـەوژی زۆرینەیـە: ئـاخر ل سیسـتەمەك دیمـوكراتی سـەركەڤتی دا كـو هـیچ خەلـەتی تـێ دا نـەبن، ئـەوجا خەتـەرێ جـددی هەیـە كـو ئـەو نەتـەوێ سەردەسـت ب میكـانیزمێن دیموكراتی ئەو كەمینەیە بن دەست بكە، ب قەناعەتا من و ئەڤە ب راسـتی مـن بخـۆ هەشت ساڵان بەری نۆكە ل سەر پرۆژێ كۆمارا دیمۆكراتیـك یـا عبدالله ئوجـەلان ب شكلەكێ رەخنەگرانە ئەڤ مەسەلە بەحسكریە. ئینانـە خـوارا دیمـوكراتی ب شـكلەك حەرفی ل كەلتۆرێ رۆژهەلاتا ناڤین دا یێ خەتەرەك جددی بـێ ل سـەر كێمایـەتی یـا

ئەگەر ئەو ئینانە خوارا دیموکراتی ب هندەك تشتێن دیکە نەهێت تمامکرن، ب تەرتیباتێن دی، کە ئەو کەمایەتی یە ب وان تەرتیباتان خۆ ب پارێزن. نۆکە سەرکردایەتی یا کوردی ل وان سێ سالێن بوری ب باوەری یا من هەمی هێزو شیانێن خۆ ئێخستینە ناڤ پرۆژێ عیراقا یەکبوو. ئەو تشتێ نوقسان ل سێ سالێن بوری چیە، ئەوە ئەوێ ئەز دبێژمێ (پرۆژێ پەرەلێل، ئانکو پرۆژا هاوتەریب پرۆژا موازی). ئەڤ پرۆژا هاوتەریب نەبوویە و نینە. هندەك جارا سەرکردێن مە ل ڤێرەو ل وێراهە بەحسێ هندێ دکەن کو کورد ژی خەونا وان هەیە کو کورد ژی دکارن دەولەتا خۆ هەبی. نە بەس ب قەناعەتا من ئە ڤ دەربرینانە دەربرینێن پرۆژەیەکی دیراسەتکراو یێ هەمەلایەن کو هەردوو حزبان قەبولکربن هەردوو حزبان کاربۆ کربی ب شەڤ و رۆژ دگەل دا بی تونە. ب قەناعەتا من وەسانە ئانکو پرۆژێ هاوتەریب نینە کو ئەڤە لازم بوو هەبیت، چونکی ئیحتیمالا سەرنەکەتنا عیراقا یەکبوویی یا فیدرالی هەروەخت هەیە و ل پێش مەیە و ب قەناعەتا من بنبەست و پاشەکشێ یێ ڤێ رێ قەیرانەك سیاسی وێ دروست ببە. بەلێ وەختێ قەیرانا سیاسی دروست بوو ئایا پرۆژێ بەدیل یان پرۆژێ هاوتەریب مە هەیە یان نە؟ ب قەناعەتا من نینەو ئەگەر هەبوایە، جاددا کوردی ژی و حەقێ وی یە و پێویستەژی بپرسە ئەو پرۆژێ هاوتەریب چیە. رۆژەك یێ دەربخە ئایا بۆچوونا سەرکردایەتی یا سیاسی لەوەی کە عیراقەك یەکبویی فیدرالی نوێ مومکنە یان نە، یێ دەربکەڤە.

**بەهدینان:** دەربارەی مەسەلەیا کەرکوکێ کێشەیەکا گەلەك ئالۆزە، دڤیا حەتا نۆکە ئەڤ تشتێ سەرکردایەتی یا کوردی بۆ کەرکوکێ کری کو بهێتە سەر هەرێما کوردستانێ دشیا چ بکەت یان چ رێکێن دی بکاربینیت ژبلی ڤێ رێکێ، هەرچەندە هندەك تشت ددەستوری دا هاتینە تەسبیتکرن بۆ ئاساییکرنا رەوشا کەرکوکێ و هەروەسا ل ڤێ دویماهیێ هندەك پرۆژێن دی یێن هەین ئانکو بێژین پرۆژێن بەرامبەر ئان بێژین یێن ئەترافێن عەرەبی ئان تورکومانی ل کەرکوکێ، بزاڤێ دکەن پرۆژەکێ دی پێشکێش کەن داکو جارەکادی بێنە ناڤ کێشا کەرکوکێ، کورد دشێن چ بکەن بۆ ڤەگەراندنا وێ؟

**ب. یاسین:** ئەز دبێژم کوردا ب گشتی وەختەکێ زۆر ل دەست دا؛ دەرفەتەکا زۆر ل دەست دا. ب راستی جارەکا دی ئەز دخوازم تەئکید کەمەڤە کو کوردا دگەل مەسەلا

کـەرکوك نەهـەر پـاش کـەڤتنا دکتـاتۆری بـەلکو بـەری کـەڤتنا دکتاتۆریـژی هـەر ژ کونفرانسـێ لەنـدەن (دیسـەمبرا ٢٠٠٢) ژ هەلویسـتەك لاوازی ڤـە کـار دگـەل مەسـەلا کـەرکوك و ناوچـێن دی، کـو لازمـە ب هێنـەڤ نـاڤ هـەرێما کوردسـتانێ، کریـە. بـۆ ؟ چونکی هەکە بەرێ خۆ بدەیە راگەهانـدنا کونفرانسـێ لەنـدەن کـو ب قەناعـەتا مـن راگەهاندنـەکا گەلـەك گرنگـە یـا دومـاهی یـا سـالا ٢٠٠٢ێ بـەری کـەتنا دکتـاتۆری دەردکەڤیت کو ل دیتنـەك ئۆتۆنـۆمی ڤـە ئـانکو ل چارچـێوەیەك خـۆ ب لاواز زانـین یەعنی وەك ئەوەی کە عەرەب ل سەر حوکمە، ل چارچـێوەی کونفرانسـێ لەنـدەن دا کورد دچیت داخوازا ماڤێ خۆ ژێ دکەت. ئەڤە خالەکا گەلەك گرنگـە و ل وی وەخـتێ عەرەب (مەبەست ئۆپۆزسیۆنا عەرەبیە) نە هەر ل سەر حوکم نەبوون ب راستی ژی ل چارچێوا هەمی عیراقێ تەنها کوردستان دکاری نیشان بـدە کـو ئـەو خالەکـە کـو ل ور حـوکمێ سـەدامی تونـە و ماوەیـەکێ دوورودرێـژ بـوو کـو تـەجروبا یـان ئـەزمونا کوردی ل ور هاتبوو بیناکرن.

ل کونفرانسـێ لەنـدەن لازمـە کـوردا پێداگرتنـەکا جـددی کربـا ل سـەر مەسـەلا کەرکوك و سنووری هەرێما کوردستانێ، ئەگەرنا ئـەم کەتینـە یـان زڤرینـە چارچـێوا سالێن حەفتێیان. ل ور بزاڤا کوردی ل ئاست درویشمێن سیاسـی و داواکـاری یـێن دی چەوابوو؟ ب قەناعەتا من ل کونفرانسی ل وی ئاستی سەرنەکەڤت و نەشیا ئـەوا کـو ل بەیانا یازدەی ئادارا سالا ١٩٧٠ێ ب دەست هاتی دگـەل حـوکمێ بـەعس کـو حـوکمێ بەعس ل ناوەندی بوو و حوکم دکر باش نینە، ل کونفرانسێ لەندەن بـاوەر دکـەم ل بەیانا یازدەی ئاداری زێدەتر نەشیا ب دەست بینیت. ئەوا دی ب قەناعەتا من ل سێ سـالێن رابـردوو چـەند جارەکا ئـەم و لایـەنێ عـەرەبی ل ڤەیرانـەکا سیاسـی نێزیـك بـووین هـەمی جـاران ژی لایـەنێ کـوردی یـە تـەنازول کـری ژ مـافێن خـۆ داکـو ئـەو ڤەیران بهێتە چارەسەرکرن.

یـا دی ب قەناعـەتا مـن ململانـێ یـا پـارتی و یـەکێتی، کـە ئـەڤ ململانـێ یـە دچارچێوێ کوردستانی دا نەهاتی یە کرن، دچارچێوەیەك حزبی تەسك دا هـاتی یـە کرن و ئەڤێ زیانەکا زۆر مەزن گەهاندی یە مەسەلا کـەرکوك و ناوچـێن دی و هـەتا هندەك مەسەلێن ستراتیژی یێن کوردستانێ ژی.

پاش یەکبوونا حکومەتێن هەردوو رەخـان کـو ب قەناعـەتا مـن یەکبوونـەك تمـام نینە. ل جهەك دی ژی ئەڤ بۆچوون من پیادە کریە، ئەڤرۆ راستر ئـەوە بێـژین سـێ

حکومەت ل کوردستانێ هەنە: حکومەتێکی بچکۆلانەی پارتی، ئێکادی یا یەکێتی ئەوا دی ژی یا یەکگرتی، بۆ ئەز وەسا دبێژم ؟

چونکی ل سێ بابەتێن هەرە ئەساسی ئەڤ حکومەتە نەبوونە یەك: یا دارایی، یا پێشمەرگە و یاناوخۆ (جیهازێن ئەمن و ئاساییش). ڤان هەرسێ تشتا تو ژهەر حکومەتەکا دنیایێ دەربێخی ب راستی حکومەت نامینیت، هەر حکومەتەکا دنیایێ بەس ب وان سێ تشتا حکومەتە و هەر دەولەتەك ژی ب وان سێ تشتا دەولەتە. هەر دەولەتەکێ هێزا سەربازی یا خۆ نەبیت، هێزا ئەمنی یا خۆ نەبیت و شیانێن ئابووری یێن خۆ نەبن ئەو دەولەت دەولەت نینە. ژبەر هندێ ب قەناعەتا من وەختەکی زۆر مە ل دەست دا و هەلسوکەوتێ مە ل فەترا جەعفەری دا عەینی هەلسوکەوتێن کوردان بوون ل فەترا ١٩٧٠ - ١٩٧٤ێ یان شکایەت کرن یان گلەیی کرن، یا ئەڤ نەوعە هەلسوکەوتێ کە جارەکا دی ئەو عەقلیەتە رەنگ دەداتەوە کە ل چارچێوا ئەز دبێژمێ (ئۆتۆنۆمیزم) تو خۆ کێمتر ژیێ بەرامبەر دبینی.

نهۆ وەختەکێ ئێکجار کێم مایە بۆ چارەسەرکرنا مەسەلا کەرکوك ب تایبەت پەرلەمان خۆ یێ ئیسراحەت بکەت ل رۆژا ٧/١ هەتا ٩/١، ڤێجا پەرلەمان دێ هێت لیژنەیەکێ دانیت بۆ پێداچوونا دەستوری. ئەو لیژنە پێتڤی چوار هەیڤایە هەتا ب دەستوری دا بچیت هەکە هەمی تشت وەکی ئەم دخوازین ب رێڤە بچیت. ئەڤە ئەم گەهشتینە سالا ٢٠٠٧ێ. ل رۆژا ٣/٣١ لازمە هەمی تشت ل کەرکوکێ و ئەترافێن وێ هاتبنە ئاسایی کرن، ئایا ئەو وەخت ب دەست مە مایە کو ئەڤ تشتە هەمی بهێنە ئاساییکرن،ئەو مەسائیلێن عوقدەوی. ب قەناعەتا من ئەڤە خالەکا گرنگە ژبلی هندێ کو زەمەن د مەسلەحەتا مەدا نینە دناڤ ماددێ ٥٨ (پاشی بوویە ماددێ ١٤٠ د دەستورێ هەمیشەیی یێ عیراقێ)دا خالێن لاواز هەنە. ئەو خالێن لاواز دێ تەرەفێ عەرەبی بکارئینیت. یەك ژوان عیبارەتەك ل دوماهی یا ماددێ ٥٨ (ماددێ ١٤٠ یێ دەستوری) دبێژیت ئەڤ ئاساییکرنە ب مەعنا عەرەبی دژایەتی نەبیت دگەل (مبادی العداله). "مبادئ العدالة" چییە ؟ (مبادئ العدالة) دڤێت تو بزڤری هەمی دەستوری، ل ور تەرەفێ عەرەبی دێ ماددا بکاربینی بۆ هێلانا وان عەرەبێن دبێژنێ عەرەبێن (هاوردە). ئەڤە خالەکا لاوازیێ یە و گەلەك یا جددی یە. یا دووێ مەسەلا ریفراندەم مەسەلا کەرکوك یەکلاناکاتەوە. ریفراندەم مەسەلەیەکا قانوونی یە. ریفراندەم ل سوێد (استشاری)یە ل هندەك جهان (اقراری)یە. ئایا ئەو ریفراندەما

ئـەم ل كـەركوك دكـەين (اقـراری) يـان (استشـاری)يـە؟ ئـەڤ مەسـەلەژی نـەهاتی يـە چارەسـەركرن. ياسـیٚ يـیٚ ب قەناعـەتا مـن كێشـا كـەركوك هەكـە بچـيتە نەتـەوێن ئێكگرتی وەكی هندەك كورد حەز دكـەن و ل ویٚ باوەرێنـە ب قـازانجیٚ كوردايـە ئـەز باوەردكەم بەلكی ب زەرەرا كوردابيت. نەتەوێن ئێكگرتی دیٚ هێت ل سـەر مەسـەلێن ئينسانی و مافیٚ مرۆڤ و نزانم چ و ئەو عەرەبێن هاوردە بەلكی ٣٠ ساله هاتی نـە و ل ور بچووكێن وان، زارۆكێن زارۆكێن وان ل ور مەزن بوونە دەرناخە ل سەر مەبـدەئیٚ ئينسـانی و مـافێن مـرۆڤ. توركومـان دیٚ رێگربيـت، عـەرەب دیٚ رێگربيـت، عـەرەبێن هاوردە دیٚ رێگربن، ئەڤە ب قەناعەتا من كۆمەكا كێشانە بۆ مە.

سەركردايەتی يا سياسی يا كوردی ب شكلەكیٚ كافی پێدانەگرتی يە ل سەر مەسـەلا كەركوك وب شكلەكیٚ كافی هشيار نەبوويە ل سەر مەسەلا كەركوك. مەسەلا كـەركوك هەروەكی من بەری نهۆژی ل گفتوگۆيا خۆدا گۆتی، ئـەڤرۆ سـەركردايەتی يـا سياسـی يا كوردی لازمە هەر رۆژەكا رۆژ ئاڤادبيت ل خۆ بپرسيت ئەڤرۆ بۆ كەركوك چ هاتی يە كرن؟ ئانكو مەسەلە گەلەك يا موليحە و مەسـەلە گەلـەك يـا حـەددی يـە، هەكـە هنـدەك گۆرانكـاری د سياسـەتا ئەمريكـەی دا نەهێنـەكرن ب قەناعـەتا مـن مەسـەلا كەركوك دخەتەرەكا جددی دايە و وەكی مـن ل جهـەكیٚ دی ژی گـۆتی ئـەم ئەسـيرێن كەركوكين و كـەركوك ژی بارمتەيـە (رەهينەيـە)، ئـەو بارمتـە تـەرەفیٚ عـەرەبی يـیٚ بەرامبـەری مـە بكـارتينیٚ و سـەركەڤتی ژی بوويـە هـەتا نهـۆ ل بكارئينانـا كـەركوك وەكی بارمتە بـۆ ئـەوەی ئـەم چ مـەجالێن دی نـەبينين، بێـی كـەركوك ئـەم نەشـێين مەجالێن دی ڤەكەين.

**بەهدينان:** گەلەك سوپاس

**ب. ياسين:** سوپاس بۆ وە.

# ئەگەر کوردا سەروەریەك نەتەوەیی ل باشووری کوردستانی نەبیت، ئەوان مافی داخازیا مانا ئەمریکا ل باشووری کوردستانی نینە

**چاڤپێکەفتنا کۆڤارا *مەتین*، هژمارا ١٤٥، هاڤینا ٢٠٠٦ێ**

دکتور بورهان أ.یاسین، ئێك ژ روناکبیر و سیاسەتمەدارێن کوردە، ئەڤە ماوەکی نەکێمە ل وەلاتی (سوید) ل باژێری (لوند) دژیت، لێ هوشیاری و دیفچوونا وی لسەر رەوشا کوردی و پێشهاتێن سیاسی ل عیراقی بو ئەگەری هنارتنا دوو نامێن گرنگ ل (١٠ و ٢٠٠٣/٤/١١) بو هەردوو ئیدارێن کوردی ل هەڤلێر و سلێمانیی لدور دیارکرنا پێشبینییێن خو د کاودانی عیراقێ یێ نوی و بتایبەتی رەوشا کوردی د مژارا عیراقێدا. کو د هەردوو نامێن خودا دخوازیت کو کورد هەردوو ئیدارێن خو بکەنە ئێك بو روژدیا سەرکردایەتیا کوردی ب دەستڤەئینانا مافێن چارەنڤیسی مللەتی کورد. و خواستیە کو پەیوەندییێن کوردان دگەل ئەمریکا بهێنە موکوم کرن و پێشبینی نەکریە بو هاتنا لەشکەری تورکیا بو ناڤ ئاخا کوردستانێ، هەروەسا روخاندنا رژێما بەعس ب دەرفەتەکا مێژووی بو کوردا ل سەر هەمی ئاستەکی ل قەلەم دایە کو ببیتە فاکتەرەك بو بدەستڤەئینانا مافێن رەوایێن مللەتی کورد و داکوکی کریە کو کێشا کوردی د درێژاهیا (٨٣) سالاندا دگەل رژێمێن عیراقی یێن ئێك لدیف ئێکی هاتینە، چارەسەر نەبوویە و ئەڤرۆکە ژی نابیت ئەو هزر بهێتە کرن کو کورد دشێت ببیتە برا مەزنی سەربورا یاساییکرنا و دیموکراتیکرنا دەولەتا عیراقێ. ژلایەکی دیڤە دەستەکا روناکبیرێن کورد کو دکتور بورهان ئێك ژوانە، دوو

پروژێن گرنگ پارسال ب دبلوماسیەتەك نهێنی پێشکێشی هەردوو ئیدارێن کوردی کرینە، ل باشووری کوردستانی کو ئارمانج ژ پـروژی ئێکـی دوزا کوردی پێشوازیی و مفـایی ژ پـروژی روژهـەلاتا ناڤەراسـتا مەزنـدا بکـەت کـو لـژێر نـاڤی (کـونگری کوردسـتانی دەربـارەی کـورد و پـروژی روژهـەلاتا ناڤەراستا مـەزن) کو کونگرەك ل باشووری کوردستانی بهێتە کرن و شروڤەکرنەك سیاسی لسەر هەمی کاودانێن نـوی ل دەڤەری بهێتە کرن کو نەخاسمە کورد فاکتەرەکێ کارێگەرن د پروژی ئەمریکیـدا. دیسان پـروژێ دووێ لـژێر نـاڤی (چارەسـەریەکا ئاشـتیانە بـو کێشا هەبوونا هێـزێن (PKK) ل باشووری کوردستانی و دوزا کوردی ل تورکیا) کـو ئارمـانج ژ ڤـی پـروژەی چارەسـەریەکا سیاسـییە بـو چارەسـەرکرنا کێشـێن کـوردی ل هـەر چـوار پارچـێن کوردستانی و بتایبەتی کوردستانا بـاکوڕ و خواسـتیە رولـی سـەرکردایەتیا سیاسـی ل باشووری کوردستانی رولەکی ئەکتیڤ و پـوزەتیڤ بیـت د چارەسـەرکرنەکا ئاشـتیانە بـو دەڤـەرێ بگشـتی، ئەڤـە و ژبـەر گرنگیـا ڤـان هـەردوو پـروژێن سـتراتیجی (کوڤـارا مەتین) ب داخازنامەکا فەرمی دکتور بورهان ل بارەگایی کوڤاری مێهڤـان کریـە بـو پتر روناهی دان و شروڤەکرنا راو بووچونێن خو لسەر هەردوو پروژان.

ئەم ژی ل کوڤارا مەتین هەردوو نامێن دکتوری ئاراستەی هەردوو ئیدارێن کوردی کـرین دگـەل دەقـی هـەردوو پـروژان بـو خوینـدەڤانی هێـژا بـی ی دەسـتکاری بەلاڤەدکـەین. و دوی بـاوەری داینـە کـو هـەر هـزرەك پروژەکـە بـو دان وسـتاندنەکا بەردەوام ژ بو خزمەتکرنا بەرژەوەندا بلندا مللەتی کورد.

**مەتین**: ل دەسپێکی سوپاس بو دکتوری کو هاتیـە کوڤـارا مـەتین و ڤـی سـەرەدانی ب دەرفـەت بـزانین و ڤـی چـاڤپێکەفتنی دگـەل جـەنابی وی بکـەین وپێخوشـحالین پێناسەکا کورت لسەر هەردوو پروژێن پێشکێش کرین بدەتە مە.

**ب. یاسین**: ئەڤ هەردوو پروژە کوردستانینە، پروژی ئێکی گرێدانا کونفرانسەکێیە ل باشـووری کوردسـتانی کـو سیاسـی و ئـەکادیمی بەشـداریی تێـدا بکـەن، سیاسـی ژی مەبەستا مە لایەنێن هێزێن سـەرەکینە و یـێن دن کـو بوچـوونێن جودا جودا بێنـە دەنگ لسەر جهی کوردستانی د پروژی روژهـەلاتا ناڤەراسـتا مـەزنا ئـەمریکی دا، کـو دڤی ژی دا کومەلەکا تشتێن باش ژی پەیدا دبـن، ئێـك ژوانـا ئـەوە کـو کوردسـتان یـا کورد ئەو بخو دی بیتـە خودییـا خـو لسـەر پـروژی روژهـەلاتا ناڤەراسـتا مـەزن، ئایـا

چەوا ئـەم ڤـی پـروژەی دبیـنین؟ چـەوا ئـەڤ پـروژە دی ب سـەرکەڤیت؟ چـەوا دی کارتێکرنی لسەر گەلی کورد یان نەتەوا کورد ل هەرچوار پارچێن کوردستانێ؟

پـروژی دووی ژی ئـەوە کـو دەسـتهەلاتا سیاسـی ل باشـووری کوردسـتانی رابیـت ب هەولەکا ناڤبژیکەر دناڤبەرا (PKK)ی ژ لایەکی و تورکیا ژلایەکی دیڤە، دا بشێوەکی سیاسی و دبلوماسی کێشا (PKK)ی و (تورکیا) چارەسەربکەن، کو بشێوەکی پوزەتیڤ تەواو ببیت، و هەبوونـەك د مەسـەلا کـوردی دا ل بـاکووری کوردسـتانی چـی ببیـت. ئەڤ پروژی مەژی پروژەك کوردستانییە، ئەم بـاوەر دکـەین دهەولـەك هوسـادا ئـانکو دبلوماسی کو دەسـتهەلاتا سیاسـی ل باشـووری کوردسـتانی پـی رابیـت، گەلـەك لایـەن هەنە یێن پەیوەندیدار، ئێك ژوانا دەستهەلاتدارییا سیاسـی ل باشـووری کوردسـتانێ. دوو تورکیا، سی (PKK) چوار- ئەمریکا و پێنج ئێکەتیا ئـەوروپا کـو ئـەوژی گەلـەکا مەعنییە ب پێشڤەچوونێن پوزەتیڤ دلایەنێن ریفورمانادا کو چارەسەریەکا سیاسـی بو مەسەلا کورد ببینیت.

بوونا (PKK)ی ل باشـووری کوردستانێ،سەرئێشـیەکە بـو باشـووری کوردسـتانی و سەرئێشیەکە بو ئەمریکا و ئەوروپا و بـو تورکیـا بخـو، و ئـەوێن مفـای وەردگـرن دی باشووری کوردستانی بیت ب پلا ئێکی د هەولەکا چارەسەرکرنەکا بڤی رەنگی دا، کـو پێشڤەچوونەکا پوزەتیڤ باشووری کوردستانی بو باکووری کوردستانی تومار بکەتن. و تورکیا ژی دی مفای وەرگریت و ژ ڤی سەرئێشـی دی خـلاس بیـت و دەلیڤەکـە بـو نێزیك بوونا تورکیا ژ ئێکەتیا ئەوروپی و هەروەسا ئەمریکا ژی دی مفای وەرگریـت، چونکە پالەپەستوویا تورکیا بەردەوام بویە لسەر ئەمریکا.

ئەڤ هەردوو پروژە مە پار پێشکێش کرن، (مام جەلال)ی ب فەرمی بەرسڤا مـە دا و داکـوکی کـر کـو ئـەڤ پـروژی ناڤبـژیکرنا باشـووری کوردسـتانی دناڤبـەرا (PKK) و (تورکیا) دا ب پروژەکی نایاب ل قەلەم دا. و هەول دا کو ئەڤ پـروژە بکەڤیتـە دواری پراکتیکی دا.و ژلایی کاك (مەسعود)ی هیچ بەرسڤەك بو مە نەهات، بەلی ئـەڤ سـالە جارەکا دی مە ئەڤ پروژە پێشکێش کر، و ئەو کەسێن مە دیـتین بـەرێز (نەوشـیروان موسـتەفا) و کـاك (نێچـیرڤان بـارزانی) و بتایبـەتی کـاك (نێچـرڤان بـارزانی) دگـەل پروژەی گەلەك یی پـوزەتیڤ بـوو. پـروژا کونفرانسـەك لسـەر بابـەتی کوردسـتانی د پروژی روژهەلاتا ناڤەراستا مەزندا پەژراند و گەلەك پی پروژەکی باش بـو و هـەمی هاریکاری دگەل مەدا کر داکو ئەڤ کونفرانسە بهێتە ئەنجامدان.

پروژێ دووێ، براستی ئەز نەشێم گەلەك لسەر باخڤم. چونكە بۆچوونا وی لسەر وێ ئەوە كو ئەم پشت راست كرین كو دەستهەلاتا سیاسی ل باشوورێ كوردستانێ وەختێ كار دكەت بشێوەكی نهێنی ل سەر بنەمایێ دبلوماسیەتا نهێنی لسەر وی پروژەی هندەك پێشڤەچوون هەنە، ئەز زێدەتر نەشێم باخڤم.

**مەتین:** دەستەكا روناكبیرێن كوردستانی كینە و ژ چەند كەسان پێك هاتیە.؟

**ب. یاسین:** ژ سی كەسان پێك دهێت (ئەز و كاك تحسین قادر كو نوكە بویە وەزیر دحكومەتا ئێكگرتیا كوردستانی دا و هەروەسا كاك سەلیم بابان كو كوردەكێ روژهەلاتا كوردستانێیە و چالاكە دبوارێن سیاسەتێن كوردی دا.

**مەتین:** ژلایی راگەهاندنا و نڤیسەر و رەوشەنبیر و ئەكادیمیێن كوردی چەوا پێشوازی ل پروژێ هەوە هاتە كرن؟

**ب. یاسین:** ئەڤ پروژە پار مە ب دبلوماسیەتەكا نهێنی پێشكێشكر. ئانكو مە نەگەهاندە دەستی چ میدیایا، ژ بەر كو ئەم دا بەرسڤەكا فەرمی ژ دەستهەلاتدارییا سیاسی ل كوردستانی وەربگرین. و ئەگەر ئەو بەرسڤ گیرو بوو، پاشی ئەم دێ نەچار بین ڤی پروژەی ئێخینە دەستێن میدیایا بشێوەكی بەرفرەە لی پشتی بورینا سالەكی هەردوو پروژە ئێخستە دەستی میدیایا و مە نەدیت چ دژایەتی هەیە لسەر مە چ ژلایی دەستهەلاتی یان جەماوەری ڤە. میدیایێن كوردستانی بشێوەكی باش بەرچاڤكر و بتایبەتی رولی كوڤارا (مەتین) ئەم ب بەرز د نرخینین دڤی بواریدا كو گرنگیەكا باش دایە ڤان هەردوو پروژا.

**مەتین:** دكتور تو دبێژی ئەڤ پروژێن جەنابی تە بەحس كرین، ژبلی كوردستانا باشوور، كوردستانا باكوور، ئەمریكا، توركیا و ئەوروپا د ئامادەنە پێشوازیی ل پروژەكی هوسا بكەن یان چالاككرنا ڤی پروژەی بكەن؟

**ب. یاسین:** پرسیارەكا گەلەك گرنگە. بەری ئەم پروژەی پێشكێش بكەین مە ئەڤ پرسیارە ژ خو كریە و دهەر هەولەكا دبلوماسیدا دڤێت ئەڤ پرسە بهێتە كرن، ئەرێ گەلۆ ئەو دوو لایەنێن ململانێ كو (PKK) و (توركیا) نە، یا راستی ئەوە بێژین لایەنی ناسیونالیزمی كوردی د (توركیا) دا بگشتی و بتایبەتی (PKK) ل رەخەكی و

(تورکیا) ل رەخەکی دی. و مە ئەڤ پرسیارە ژ خو کریە و گەهشتینە وی باوەریی کو قەناعەتئینانا (PKK)ی لسەر پروژەی کو یێ گونجایی بیت بۆ وان ئەو قەبول بکەن چەکی دانن و بهێنە دناڤ پروسا سیاسیدا ل تورکیا کارەکی گەلەکی ب ساناهی نابیت. بەلێ رازی کرنا تورکیا ژی کارەکی ب ساناهی نینە، بەلێ ب قەناعەتا مە رولێ ئەمریکا دڤی مەسەلی دا دێ رولەکی کاریگەر بیت و دی (تورکیا) بەرەڤ رازیبوونی بەت.

ئەڤ واری هە یێ پراکتیکی دناڤ پروژەی دا مە گەلەك ڤەکری بەحس نەکریە. بەلێ هزرا مە ئەم پروژەی پێشکێش بکەین و ئەگەر سەرکردایەتیی ژ مە خواست، ئەم دی پلانەکا تەفسیلی دەینێ کا چەوا پێنگاڤ پێنگاڤ بۆ سەرکەفتنا ڤی پروژەی کار بکەین. ئەڤ تشتێ مە ژ بەرێز (نێچیرڤان بارزانی) سەروکێ ئەنجوومەنێ وەزیران بهیستی، تا رادەکی زور دلخوشکەر بو و نێزیکی ١٠٠٪ دگەل روحا پروژی مە ئێکدگرن.

**مەتین:** ئەمریکا ژی هندەك ئیشارەتێن بڤی رەنگی لسەر زاردەڤی بالیوزی خو ل عیراقی داینە؟

**ب. یاسین:** بەلێ ژ بلی کو بالیوزێ ئەمریکا ل عیراقێ (زەلمای خەلیل زاد) بەری سێ هەیڤا راگەهاندنەك گەلەك بالکێشدا ل سەر ڤێ چەندێ کو دبێژیت: ئەگەر کوردێن عیراقی رابن ب رولێ ناڤبژیکرنێ دناڤبەرا (PKK)ی و (تورکیا)دا ئەڤە دێ تشتەکی باش بیت. ئانکو ئەڤ خالە گەلەکا گرنگە بهێتە بکارئینان کو حەز و تێگەهشتنا ئەمریکا بو چارەسەرکرنەکا دبلوماسی ب بوونا (PKK)ی د باشووری کوردستانێ دا.

**مەتین:** ب هزرا وە ئەمریکا گەهشتیە وێ باوەریێ کو کورد دشێن هەڤسەنگیا تەرازیا بەرژەوەندییا راگرن؟ یان ئەگەر نە ژبەر چ؟ و ئەگەر بەلی چەوا؟

**ب. یاسین:** ئەز باوەر دکەم د وان سێ سالێن بووریدا، دەستهەلاتا سیاسی ل باشووری کوردستانی هەتا سنورەك باش د وان بەلانسا باشی گەهشتیە و دخازیت هەتا رادەك باش وان بەلانسا بکاربینیت د بەرژەوەندیا نەتەوەیا کورد بشێوەکی گشتی ل کوردستانا مەزن. بەلێ گەلەك بتایبەتی ل باشووری کوردستانێ، باوەر دکەم سەرکردایەتیا سیاسی ل باشووری کوردستانی سەرکرداتیەك پراگماتیە بەلێ باوەر

دکەم کو ل باشووری کوردستانی دەلیڤا مە زێدەترە و ئەم هندەك ژ ئیماکنیاتێن خۆ ل باشوورێ کوردستانێ بێخینە د خزمەتا نەتەوا کورد ل کــوردستانا مـەزن. ڤێجا ئەڤە روحا هەردوو پروژایە.

براستی ئەو دەلیڤا چێبوی ل باشووری کوردستانی ئەم باوەر دکەین کو هەمی کورد ل هەمی دونیایی هەتا ل ئێکەتیا سوڤیێتا بەری ب بەرزی ڤی چەندێ د نرخینن و فەرە لسەر باشوورێ کوردستانێ گرنگیێ ب بەشێن دیێن کوردستانێ بدەت و بشێوەکی پوزەتیف تێکەلی کێشا کورد ببیت ل پارچێن دیێن کوردستانێ.

**مەتین:** ئێك ژ خالێن گرنگ د پروژەیدا ئاشتی دناڤبەرا کورد و تورکادایە، هوین باوەر دکەن کو تورکیا ب وی سەر هشکیا خو یا ئامادەبیت و بهێتە دروینشتنا ئاشتییێدا و ملکەچ بیت بو هندەك داخازێن مللەتی کورد؟

**ب. یاسین:** بەلێ ئەز باوەرم کو ململانێ ل تورکیا د (٨٣) سالێن بووریدا، هەر ژ دەستپێکا دامەزراندنا دەولەتا تورکیا دا، هەتا نوکە ململانەکا دناڤبەرا ئایدولوژیا کەمالیزمێ و ئایدولوژیا لیبرال دیموکراس کو ئەڤە دوو پروژەنە دژی ئێکن. ئەز باوەرم کێشا کورد دناڤ ڤی ململانێدا د پروژەك لیبرال دیموکراسدا جهی خو دگریت. ئو ئەگەر ئەم هەلویستێن تورکیا بەراورد بکەین بەری پازدە سالا دگەل ئەڤرۆ، گەلەك گوهورین ب سەردا هاتینە و گەلەك ریفۆرم چی بووینە، کو داکوکیی دکەن ڤەکرنەك هەبیت بەرامبەر کێشا کوردی و ئەڤەژی دی بیتە ڤەکرنەك بەرامبەر بەشداریکرن د ئێکەتیا ئەوروپا دا، هەروەسا ئەمریکا ژی بشێوەکی باش یا هەول ددەت کێشا (PKK)ی ب ئاشتیخوازانە چارەسەر بکەتن.

**مەتین:** ژوان خالێن بالکێش د پروژێن هەوەدا ئەوە کو هەوە گەلەك پشتگیری ب گلوبالیزمی کریە، هوین باوەر دکەن کو گلوبالیزم دی بیتە زامنی ب دەستڤەئینانا مافێن کوردان؟

**ب. یاسین:** ئەز باوەرم پروژێ ئێکێ ئەوژی بابەتێ کوردستان دناڤ پروژێ روژهەلاتا ناڤەراستا مەزندا گرێدانەکێ دگەل گلوبالیزمێ چێدکەت. ب قەناعەتا مە پروژێ روژهەلاتا ناڤەراستا مەزن یا ئەمریکی، باوەرم ناڤ ئینانەك هەرێمییە بو پروسێ گلوبالیزمێ یان پروسێ سیستەمێ نوی یێ جیهانی بۆ زالبوونا ئەمریکا د دەڤەرێ

دا. ئەم باوەرین ئەڤ مەسەلەیا رولی کورد دناڤ پروژێ روژهەلاتا ناڤەراستا مەزندا، مە ب گەلەك رەخاڤە یێ پەیوەندیدار کری، کو بەرژەوەندیێن کوردا دگەل ئەمریکیا یەکانگیر دبن ئانکو تەفاعلێ دکەن کو دگەهیتە وی ئاستێ کو کوردا بکەتە عنێرەکی جدی و گرنگ د ستراتیژییا مەزن یا ئەمریکا دا د روژهەلاتا ناڤەراستدا. چونکی ئەڤ پروژی روژهەلاتا ناڤەراستا مەزن، پشتی (١١ی سپتمبەرێ) ژ لایی ئەمریکا ڤە هاتیە پێشکێشکرن گەلەك دەنگ ل دژی وی دەرکەفتن و حەتا ژ هەڤپەیمانێن وی بوون وەکی تورکیا، کو تورکیا نەرازیبوونا خو دەرئێخست دەربارەی پروژێ روژهەلاتا ناڤەراستا مەزن ژ بەر کو ئەڤ پروژە دی بیتە هوکارێ گوهورینا نەخشێ سیاسیێ روژهەلاتێ و ئێك ژوانا کو (مسر)ە و گەلەك وەلاتێن عەرەبی. ژبەر هندێ ئەم وەکی کورد وەکی نەتەوا کورد باوەرین ئەڤ پروژە دڤازانجا کوردا دایە وپێدڤیە بخێرهاتن لی بهێتەکرن. هەر گوهورینەك د پێشڤەچوونا ئابووری یان جڤاکی یان دیموکراتی یان ماڤێ مروڤی و رەوشا ئافرەتا کو ئەڤە خالێن سەرەکی نە د پروژی روژهەلاتا ناڤەراستا مەزندا و دڤان بوارادا کورد دی مفای وەرگرن.

**مەتین:** بدیتنا هەوە ئەم کورد ب هاتنا ڤی پروژەی (پروژی روژهەلاتا ناڤەراستا مەزن) دی چ مفادار بین؟ یان ب نەگەهشتنا ڤی پروژەی بو کوردان دی چ زیان هەبن؟

**ب. یاسین:** باوەردکەم کو ب نەهاتنا ڤی پروژەی ئەم دێ زیانی بینین چونکی بایێن گورانکاریا ل دەڤەری ب کاریگەریا ئەمریکایە، و هەکە ئەم خو ژ بازنی روژهەلاتا ناڤەراست دەربێخین، بباوەرم ئەم دی ژ وان گورانکاریا بێبەش بین. ئەم پتر یەکا گەلەك گرنگ نینین، بەلی گرنگیا مە لوێری دیار دبیت دەمی بەرژەوەندیێن هێزێن مەزن و بتایبەتی ئەمریکا دزانین د چ دایە و بەرژەوەندیا مە کوردا د چ دایە. ئو چەوا ئەو بەرژەوەندیێن مە دگەل یێن وان ب شێوەك هارمونی دکەڤنە حالەتەك هارمونی. ئەز دبێژم لڤێرە کورد ڤازانج دکەت ل روژهەلاتا ناڤەراستدا.

**مەتین:** د پروژەیدا ئەم (PKK)ی گەلەك جارا دبینین، لی بزاڤەکا دی ژی ل باکوورێ کوردستانێدا هەیە، هوین وەك روناکبیرێن کورد و خودان دوو پروژێن گرنگ، هوین بزاڤا کوردی ل وێرێ د چ ئاستدا دبینن، ئایا د ئاستێ ڤێ دانوستاندنی

دانە و ببنە فاکتەرەکی گرنگ؟

**ب. یاسین:** پرسیارەکا گەلەك گرنگە و وێ رامانێ ددەت کو تەنها فاکتەر و تەنها ئەکتەر د سیاسەتا کوردیدا ل باکوورێ کوردستانێ تەنها (PKK) نینە. راستە ئەو هێزەکا سەرەکییە، بەلێ ل جەم وی ژی کومەلگاییێن مەدەنی و حزبێن سیاسی هەنە، راستە بناڤی کورد و کوردستانی نینە، بەلێ ئەڤ حزبە د خزمەتا دۆزا کوردانە و هندەك ژوان خو لسەر ئاستی هەمی تورکیادا خودایە نیاسین و خەلکێ تورك ژی بوینە ئەندام دوان حزبادا. بەلی د بنەرەتدا پەیدابوونا وان لسەر بانگەشە و بەرگریکرنا لسەر کێشا کورد و بو کێشا کوردە. ئانکو د تەکنیکا چارەسەرکرنا ململانێدا پێدڤیە ئەو لایەنێ کو رادبیت ب هەولا دبلوماسی بۆ چارەسەرکرنا ململانێ ئەکتەرا باش بخوینیت و نەخشا ئەکتەرا لبەر چاڤێن وی بیت د لایەنی تورکیدا، دەولەتەك تورکی ب رەسمی هەیە و ئەم دزانین کیە و چەوایە؟

بەلی د لایەنێ کوردیدا ئەز باوەردکەم کێشە ئالوزترە حەتا نهو ل باکوورێ کوردستانێ چەترەك نینە کو هەمی هێزێن کوردستانێ کوم کەتن و ئەم ب وێ چەترێ را باخڤین، ئو هزرا پروژێ مە ئەوە کو ئەڤ پرسیارە بو دەستهەلاتدارییا سیاسی بهێلین، یان ئەگەر دەستهەلاتا سیاسی حەز بکەن دگەل مە (خودانێن پروژێ) هەڤپەیڤینا بکەن کا ئایا ئەم دێ چەوا ژلایێ عەمەلیڤە ڤی پروژەی بجهئینین. ئەڤ پرسیارە گەلەك گرنگە کو ب دوو شێوا دبیت، ئەوژی ئەم وەکی خودانێن پروژەی دگەل دەستهەلاتا کوردی باخڤین و پلانەکا عەملی داریژین، یان دەستهەلاتا سیاسی بخو پی رابیت، بو نمونە تیمەك ژ مەکتەبا سیاسیا پارتی دیموکراتی کوردستان و تیمەك ژ مەکتەبا سیاسیا ئێکەتیا نیشتمانیا کوردستانی و هندەك کەسانێن شارەزا تیمەکا مەزنتر چێکەن، داکو بەرسڤا ڤی پرسیاری د پێنگاڤێن عەمەلیدا بهێنە دان.

**مەتین:** عیراق دناڤبەرا پێشکەفتن و پاشڤەمانێدا، عیراق دناڤبەرا سێ هێزێن ژێك جودادا، دناڤبەرا کورد و عەرەبادا، هێشتا پەیوەندیێن کورد و عەرەبا نەگەهتینە قوناغا باوەریێ بەلکو لسەر ئێك و دوو ب گومانن. هوین ڤان پەیوەندیا چەوا دبینن و چەوا د هەلسەنگینن؟

**ب. یاسین:** ئەڤ پرسیارە گەلەك گرنگە و بەرسڤا وی ژی گەلەك بەرفرەهە و حەز

دکـــەم ژ روژا شکەســـتنا دکتـــاتوری دەســـتپێبکەم. مـــن دوو نامـــە نڤیســـینە بـــو سەرکردایەتیا پارتی و یەکێتی، تێدا من بەحسی هندەك سیناریویا کریە کو لبەراهیا مەنە، ئێك ژوان باوەریا من ئەو بو کو ل عیراقێ خوین دێ رابیت. ئـەو نامـە هێشـتا لدەف منن و کوڤارا مـەتین دکاریـت وەکـی خـو بەلاڤـە کـەتن. و حـەتا ئـەوێن کـو ب هاریکاریا ئەمریکا دەستهەلات وەرگرتی، چێدبیت ئەوژی بەرامبەر ئـەمریکا بکەڤنـە د شەریدا بۆ دەرکرنا ئەمریکا، خالا سیێ پروژێ بریتانی یا چێکرنا دەولـەتا عیراقـی پروژەك نەسەرکەفتی بـو و پێـدڤی بـو لسـەر کوردا ل دەسـتپێکی پرسـیارا ئـەمریکا بکەن و بێژن ئەگەر (٨٣) سالە پروژێ دەولەتا عیراقی یا بریتـانی سـەرکەفتی نـەبوو د بەرهەمئینانا وەلاتەك پر هارمونی، ئایا ئـەمریکا ب چ ئـامراز د هـەمان پروژەیـدا دی شێت بسەرکەڤیت. ئەڤە هندەك پرسیارێن جدی بوون کـو دوان دوو نامانـدا مـن ئاماژە پێکربوون. بباوەریا مـن ئەگـەر ئـەمریکا هـەر دسـەر هـەمان پـروژێ بریتـانی بچیت دبیت نەبەس عیراقێ بەلکو کوردستانێ ژی ژ دەست بدەت.

نوکە و پشتی سێ سالان ژ فەراهەمکرنا دەولەتەکا عیراقێ یا ئێکگرتی ب قەناعەتا من ئەڤ پروژە هێشتا کامل نەبوویـە، بـەلکو کومەلـەکا تەنگـەژە و گرفـت ل بـەراهیا مەنە، کو گەلەك بابەتێن مەزن و هەستدار هاتینە پاش ئێخستن و مخـابن کـوردا ژی لسەر خو قەبولکریە و ژوانا مەسەلێن ستراتیژینە بهێنە پاشئێخستن هەتا وەختەکێ دی. د ڤێرەدا عەرەب دێ ڤی دەلیڤی بخو بکار ئینیـت بـو بێبـەهرکرنا کـوردا ژ وان مافێن رەوا و بتایبەتی کێشا کەرکوکێ. ئەز باوەر دکەم کورد ل باشوورێ کوردستانێ نوکە وەکی ئەسیر دهێتە بکارئینان و رەهینـە ژی کەرکوکـە. کـەرکوك وەکـو رەهینـە دهێتە بکارئینان بو هندی کو کورد نەشێت بچنە ئەلتەرناتیڤەك دی، کـورد ناچـیتە ئەلتـەرناتیڤێن سـەربخوییی بێـی کـەرکوك و کـەرکوك ژی چارەسـەر نەبویـە. ئەڤـە کێشەکا گەلەك گرنگە.

هەرچەوا بیت ئەوا من دڤێت بێژم ئەوە کو پشتی سێ سالا ژ نوکە هندەك کێشێن جدی هەنـە، دوو ژوان گەلـەك د گـرنگن. ئێـك: مەسـەلا دابەشـکرنا عیراقـێ نوکـە ل ئـەمریکا نـەما ئاخفتنـەك لسـەر میـدیا و روژنامـادا، بـەلکو ئـەڤ بابەتـە ب تونـدی کەفتیـــە دنـــاڤ ئیـــدارا ئەمریکیـــدا. د دوو هـــەیڤێن چـــووییدا ل وەزارەتـــا دەرڤـــەیا ئەمریکی و ل کونگرێسێ ئەمریکی دوو پێشنیار بـۆ سـەروکێ ئـەمریکی هاتینـە، کـو پێدڤیـــە عـــیراق بهێتـــە چارەســـەرکرن کـــو ئـــەوژی د دابەشـــکرنا وێدایـــە. ئەڤـــە

پێشکەفتنەك گەلەك گرنگە و (بوش) ب فەرمی رادگەهینیت کو نوکە پلانا دابەشکرنا عیراقی لبەر دەستی مە نینە، ئانکو ئەڤ تشتە ڤەکری هێلایە. ئەز باوەر دکەم مەسەلا دابەشکرنا عیراقێ ئەڤرۆ و پشتی سی سالان د هەولدانەکا جدیدا بو دروستکرنا دەولەتا عیراقێ، ئەڤرۆ ژ هەمی روژا نێزیکترە و ل هەمی روژا مومکینترە. کێشا دووی و یا گرنگ پێدڤیە سەرکردایەتیا سیاسی ل کوردستانی ئاگەهدار بیت، ئەوژی مەسەلا خوڤەکێشانا هێزێن ئەمریکایە. ئەم دزانین کو ب شێوەکی عەقلانی دگەهینە وێ ئەنجامێ کو ئەمریکا تەحەملا وێ شکەستنێ ناکەت، ئانکو ڤەکێشانا وی ژ عیراقی هەروەکی ڤێتنامی، ئەڤە ئەمریکا تەحەمل ناکەتن. ژلایەکی دیڤە ئەز باوەرم مەسەلا خوڤەکێشانا ئەمریکا دناڤ میدیا و پسپورادا نەمایە، بەلکو چویە دناڤ ئیدارە و کونگرێسێ ئەمریکیدا و ل کونگرێسێ ئەمریکی دەنگدان لسەر هاتەکرن ل روژێن داویدا کو ل عیراقێ بمینن. نهو و حەتا دووماهیا سالا (٢٠٠٨) ی خوڤەکێشانا ئەمریکا دێ بیتە راستیەك ئەگەر خۆ ڤەکێشانا ئەمریکا بو راستیەك دوو سیناریو لێ پەیدا دبن: ١- ئەمریکا عیراقێ و کوردستانێ پێکڤە بجهبهێلیت بو خەلکی وێ؛ ٢- ئەمریکا ئەگەر خو ژ عیراقا عەرەبی ڤەکێشیت ژبەرهندێیە کو عەرەبا نەڤێت ئەمریکا ل وێری بیت، بەلێ کورد ل کوردستانێ حەز دکەن ئەمریکا بمینیت.

ب باوەریا من ب نەمانا ئەمریکا دێ زیانەکا مەزن و ستراتیژی گەهیتە کوردان و تووشی شکەستنەکا مەزن دبیت. ژبەر هندێ ئەلتەرناتیف ئەوە کو ئەمریکا دەستێ خۆ ب کوردستانێڤە بگریت و مودیلا (کوریا باشوور) کو بەری دوو سالا من بەرچاڤکری. ئەوژی ئەوە کو ئەگەر ئەمریکا بگەهیتە وێ ئەنجامی کو عیراقا عەرەبی ب دەست نائینیت و عیراقا عەرەبی نەبیتە دوستێ ئەمریکا هەرچەندە ئەمریکا ب ملیارا دولار لسەر خەرجکرینە، لێ ل عیراقێ بەشەك هەیە ئەوژی کوردستانە ئەو دخوازیت دگەل ئەمریکا د پروژێ روژهەلاتا ناڤەراستا مەزندا و د هەر حساباتەکا ستراتیژیدا پێکڤە بەرەڤ ئایندەی هەڤپەیمانیەکا جدی دناڤبەرا واندا هەبیت. وەختێ ئەمریکا د شەرێ (کوریا)دا گەهشتە وێ باوەریێ کو دناڤبەرا (سفر) و (سەد) ژمارەك هەیە، ئەوژی ئەوە کو سیاسەتەك پراگماتی (عەمەلی)، بەشەك ژ کوریا سیستەما کومونیستی بجهبهێلیت، بەلێ دەستێ خو بگریت ب بەشەکێ دی ژ کوریا کو ئەوژی (کوریا باشوور)ە، ل وێری هەڤپەیمانەك بۆ خۆ چێکر سیستەمەك

دیموکراتی و ئابوریەکا پێشکەفتی و هەڤپەیمانیەکا بهێز دگەل ئەمریکا هەردوو لایەن تێدا قازانج کرن. ئەرێ گەلۆ پرس ئەوە دبیت دچارچوڤێ شەرێ ئەمریکا بەرامبەر تیروریزما جیهانی و توندەروا ئیسلامی، ئەڤ هەڤپەیمانە یا کو لسالا (١٩٥٢) هاتیە ئاڤاکرن دگەل (کوریا باشوور) جارەکا دی بهێتە دووبارەکرن ب نمونا کوردستان و ئەمریکادا؟

ئەز باوەردکەم رویدان یی بەرەف وێ بوچوونی دچن کو ئێک ژ وان سیناریویا بهێتە بجهئینان. ڤێجا د قازانجا ئەمریکا و کوردا دایە، هەر ژ نهو دگەل وی پروژەی یی کو ئەز دبێژمی (پەرالێل) یان (پروژێ هاوتەریب) کار بکەن. پروژێ نهو یێ کو کار لسەر دهێتە کرن، عیراقەك فیدرالی دیموکراتی یەکبوویی. بەس پروژا (هاوتەریب) ئەوە کو کوردستان بەرەڤ سەروەریا نەتەوەیی بچیت. چونکە پێدڤیە ئەمریکاژی بزانیت، کوردستانێ ئەو ماف نینە وەکی هەرێمەکا فیدرالی لدویف دستورێ نهو یێ عیراقێ، داخازا مانا هێزێن ئەمریکا بکەت و هەڤپەیمانەکا سەربەخۆ دگەل ئەمریکا مۆر بکەت. ئەگەر کوردا سەروەریەکا نەتەوەیی ل باشوورێ کوردستانێ نەبیت ئەوان ماڤێ داخازیا مانا ئەمریکا ل باشوورێ کوردستانی نینە.

**مەتین**: تە د گۆتنا خودا بەحسێ کەرکوکێ وەکی رەهینە کر، ئەم دبینین ئەڤرۆ بزاڤا سیاسیا کوردی گەلەك گرنگیی و پشتبەستنا خو یا ب وان مافێن د دەستوریدا هاتینە نڤیسین و پشتبەستنا خو پێ دکەت. هەوە چەند باوەری ب ڤی دستوری هەیە و چەوا د هەلسەنگینن؟

**ب. یاسین**: باوەر دکەم کێشا کەرکوك کێشەکا ئالوزە و ب زەحمەتە و گەلەك وەخت ژ کوردا چوویە. دڤان هەر سێ سالێن بوریدا گەلەك کێم تشت بۆ کەرکوکێ هاتینەکرن. ئێك ژوان فاکتەرا ئەو ناکوکیا دناڤبەرا پارتی ویەکیتیدا د وەختەکی هەستیاردا. نهو ئەم بەرەڤ هندێ دچین کو پارتی و یەکیتی گەهشتینە وێ باوەریێ کو کوردا هیچ ئەلتەرناتیڤێ دی نینە ئەگەر ئێك دەست و ئێك دەنگ نەبن. ئەگەر ئەڤە نەبیت ئەم وەکی کورد دێ هەمبەری کارەساتەکا نەتەوەییا مەزن بین. ژلایی دستوری ڤە، باوەر دکەم دناڤ دستورێ هەمیشەیی عیراقێدا، کو هێشتا ئەڤ دستورە بدویماهیك نەهاتیە، ئەڤەژی لدویف رێککەفتنەکی کو لیژنەکا پەرلەمانی بهێتە

دانـان و ئـەو لیژنـە پێداچـوونی ددسـتوریدا بکـەت و گەلـەك بابـەت تێـدا بهێنـە گوهـوڕین. نهـو تـەوازناتێن سیاسـی ل سـەر عـەردێ عیراقـێ، ئـەز باوەردکـەم د بەرژەوەندیا کوردا دانینە، ئەگەر ئەم لسەر بنـەمایێ توافق جارەکێ د سـەرکەفتی بین ب باوەریا من سێ جارا دی داکەڤین. جارەکێ ژ بـەر خـاترا سوننا دێ تـەنازلێ کەین و جارەکێ ژ بەر خاترا شیعا و جارەکا دی ژبەر خاترا هەردووکا بەلێ ئـەو دێ جـارەکێ بومـە تـەنازلی کـەن. ئەڤـە وێ چـەندێ دگـەهینیت کـو ئـەم د شـەرەکێ ناهەڤسەنگ داینە، دهاوکێشەکا سیاسی یا مەزنتر یـاکو ئـەز بـاوەر دکـەم دچارچوڤی عیراقـێ ناراوەسـتیت، بـەلکو چارچـوڤێ هەرێمایـەتێ و جیهـانی ژی دگریتـە خـو و کومکارا عەرەبی ژی پەیوەندیدار دکەت.

ئـەوا ل دسـتوری کـاتی ل مـاددی (٥٨) لـدور مەسـلا کـەرکوکی هاتیـە گۆتن، یـاکو هاتیە قەبولکرن د ماددا (١٤٠) ددستوری هەمیشەییی عیراقی دا دوی مادەیدا هندەك خالێن لاوازیێ تێدا هەنە، ئەز باوەردکەم لایەنێ عەربی دی بکارئینن. بـۆ نمونـە، ل دوماهیـا مـاددی (٥٨) دا دبێـژیت: ئـەڤ هـەمی ئاسـانکاریە پێدڤیـە بهێنـە کـرن بـۆ ئاسـاییکرنا بـارودوخێ کـەرکوکێ ب مەرجـەکی دگـەل بنـەمایێن دادپـەروەریێ دژ نـەبیت " بنـەمایێن دادپـەروەریێ چنە؟". ئەگـەر ئـەم دسـتوری بخوینین ل مـاددێ (٢٣) چ دبێژیت "بۆ هەر عیراقیەکی هەیە ل هەر جهـەکێ عیراقـێ خاوەنـدار بیـت و بژیت" ئانکو ماددا (٢٣) دێ هێتە بکارئینان وەکی چەکەکی بو هێشتنا ئەو عەرەبێن کو ئەم دبێژینی (هاوردە) و ئەڤە کێشەکە ژ وان کێشا.

کێشا ریفرانـدەمێ بـاوەر دکـەم بخو کێشـەکە وەکـی مـن ل هنـدەك جهـێن دی ژی بەحسکریە، دوو ریفراندەم هەنە، ئێك ژوانا ئەوە کـو ریفرانـدەم هێزەکا **بریـاردانی** نینـە، بـەلکی بـەس راوێژکاریـە (إستشـاری) ئەڤـە بـو نمونـە ل (سـوید) دیڤچـوونا دیموکراتییێیە و ل هندەك جهێن دی هێزەکا **بریاری** هەیە. د ماددا (٥٨) یـان (١٤٠) دا نەهاتیە دیارکرن کو ئەو ریفراندەم یا کـو ل کـەرکوکێ دهێتـە کـرن، (إستشـاری) یـە یان (إقراری) یە؟ دوماهیك جار دوی ماددەی دا تشتەك هاتیە دەربـڕین کـو دبێـژیت "ریفراندەم ژ بۆ دیارکرنا ئیرادا خـەلکی" ئـانکو نابێـژیت بـو بڕیاردانـا چارەنڤیسـێ کەرکوکێ. هەروەسا فاکتەرێ وەختی ژ هەمیا گرنگترە، نهو دوو هـەیڤا پەرلـەمان دی کەڤیتـە دبێنڤەدانێـدا هـەر ژ (٧/١) تـا (٩/١) پاشـی (٩/١) ئـەو لیـژنا پەرلـەمانی دی هێتە دانان. چەوا دی هێتە دانان؟ چ هەمئاهەنگی دی هێتەکرن؟ ئەوژی دێ وەخـتی

کێشیت. بۆ وێ لیژنێژی چار هەیف دڤێن هەتا پێداچوونێ لسەر دستوری دکەت. ئەو دستور جارەکا دی دێ زڤریتە پەرلەمانی، ئەم گەهشتینە سالا (٢٠٠٧) و ل (٢٠٠٧/٣/٣١) پێدڤیە ئاساییکرن بدویماهیك بهێت و ل (٢٠٠٧/٧/٣١) پێدڤیە ئامار بهێتە کرن و ل (٢٠٠٧/١٢/٣١) ریفراندەم لسەر بهێتە کرن. ئانکو هەتا (١١/٣١) مە وەختەکێ گەلەکی کێم یێ هەی، ژبەر هندێ د هندەك راگەهاندن و گفتوگوییێن میدیاییدا من گۆتیە نهو فاکتەرێ وەختی گەلەکێ گرنگە و *هەر روژەکا ئاڤا دبیت سەرکردایەتیا کوردی دڤێت پرسیار ژ خو بکەت، ئایا ئەڤرۆ بو کەرکوك چ هاتیە کرن.* لێ ئەگەر سیناریویا دووێ ببیتە راستیەك، ئەوژی ئەوە کو ئەمریکا د ستراتیژیەتا خو یا پێنجی سالێن داهاتیدا بینا بکەت لسەر کوردستانێ، ئەمریکا کوردستانەك بێ دەولەمەندی ناخوازیت. ئانکو ئەمریکا دێ هەمی شیانێن خو خەرج کەتن کو کوردستان وەکی ئیسرائیل نەبیتە بارگرانیەك لسەر وی چ ژ لایی لەشکەری و چ ژلایی ئابوریڤە. بەلکو بەروڤاژی ببیتە فاکتەرەکێ پوزەتیڤ بۆ ئەمریکا. بۆ بەرهەمئینان و پێشڤەبرنا کوردستانێ بینا لسەر دەولەمەندیا خۆ بکەت نەك یا ئەمریکا. تەنها و تەنها ئەوا ئەز دبێژمێ (التكامل الاستراتيجي) ل دەڤەرێ، کوردستانێ دێ کەتە خالەکا گەلەك گرنگ وەکی قەوقاز، وەکی خەلیج و وەکی روژهەلاتا ناڤەراست بشێوەکی گشتی، وەکی ناوچێن دەولەمەند د لایەنێ گازێدا کو ئەڤە هەمی هوکارن کو ئەز بباوەرم د سیناریویەك داهاتیدا ب ئەگەرەك زێدە کو ببیتە راستیەك.

**مەتین:** دکتور د پروژی دووێدا، تو نابینی چەپەرێ لەشکری (خودان هزرێن لەشکەری) ل عێراق و تورکیا جارەکا دی وەکی بەری ژبو لێدانا بزاڤا کوردی کاربکەن؟

**ب. یاسین:** مە د پروژەیدا ئاماژەك وەسا دایە کو عیراقا عەرەبی (عیراق بێی باشوورێ کوردستانێ)، لسەر دەستی (جەعفەری) هەولدا د دوو سەرەدانادا (ئێك ئاشکراو یا دی نهێنی) بو هندێ لسەر شێوازەکی کلاسیکی کەڤنار جارەکادی دناڤبەرا بەغدا و ئەنقەرەدا هوکارێ کوردی بهارن ل بن فشارەك هاوبەش دا کو (PKK)ی نەچارکەن باشووری کوردستانی بجهبهێلن. ئەڤە براستی ئێك ژوان خالا بو کو ئەم بیر بکەین کو ئەگەر کورد د عیراقێدا بدروستی فاکتەرەکی یەکسانە دگەل عیراقا

عەرەبی، بوچی ئەو نکاریت دبلوماسیەتا خو بکەت؟

ئەڤە براستی مە ب شێوی پرسیارەکی ئینایە زمان و مە هەول دایە کو د وەلامێدا بێژین، بەلێ باشوورێ کوردستانێ دشێت پێنگاڤەکا دبلوماسیا بڤی رەنگی پاڤێژیت.

یێ عەسکەریتاری: باوەریا من ئەوە کو رژێما بەغدا ئەڤرۆ ئەم نەشێین بێژین عەسکەریتاریە، بەلکو رژیمەك هەشە (خو نەگرتیە) حکمێ میلیشا و ئەحزابا یێ زالە لسەر. ل رەخێ تورکی، راستە رولێ عەسکەری گەلەکە، بەلێ ب کاریگەریا نێزیکبوونا تورکیا ب پروژێ یەکێتیا ئەوروپا ئەوێ ئەز دبێژمی "پروژێ لیبرال دیموکراسی"، کاریگەریا عەسکەری ل وێرێ ژی کێم بوویە، ل بەرامبەر کاریگەریا ئەمریکا زێدەیە ل دەڤەرێدا و ئەز باوەر دکەم بوچوونا ئەمریکا ژ بوچوونا پروژەی نێزیکترە حەتا ژ بوچوونا عیراقا عەرەبی؛ ئەوا ب هێزا چەکی بشێوەکێ هاوبەش عیراق هێزێن خو بنێریت ب سەر زك وپشتێن کوردا دا دەرباز دبیت و دگەل (PKK)ی شەری بکەت بو هندێ داکو (PKK)ی نەچار بکەتن بو ناڤ تورکیا.

ئەز باوەر دکەم چارەسەریا عەسکەری چ رولی نابینیت بەلکو رولی دەستپێشخەریێن دبلوماسی ژ هەمی روژا زێدەترە، هەلبەتە دەستهەلاتا سیاسی ل باشوورێ کوردستانێ د گەل رولێ ئەمریکا و ب چالاککرنا رولێ ئێکەتیا ئەوروپا بشێوەك دبلوماسی بو نێزیککرنا وان د چارەسەریەك وەسادا ئەز بباوەرم دی ب سەرکەڤیت.

**مەتین:** ژوان خالێن د پروژەیدا هاتینە داخازکرن هندەك ژوانا ژ ئالیی بزاڤا سیاسیا کوردی ڤە هاتینە بەرسڤدان، وەکی لێدانا (PKK)ی ل باشوورێ کوردستانێ کو ژلایێ دەستهەلاتا سیاسیڤە هاتە رەتکرن و خالا دووی دەسپێشخەریا سەروکێ هەرێمێ کاك (مسعود بارزانی) بوو بو ناڤبژیکرنی دناڤبەرا تورکیا و کوردادا ل کوردستانا تورکیا بو چێکرنا ئاشتیەکا سەرانسەری.

**ب. یاسین:** باوەر دکەم راگەهاندنا بەرێز "مسعود بارزانی" سەروکێ هەرێمێ ل واشنتون پر بها بوو. ئاماژەکرنەکا گەلەك جدی بوو. یا کو دبێژیت چارەسەریا (PKK)ی چارەسەریەك سیاسییە ئەڤەژی تورکیا ب جدی وەرگرتیە و هەمی لایەنا ب جدی وەرگرتیە. ئەڤەژی ب رەئیا من سیاسەتا مە بەرەڤ **کوردستانیبوونێ** دبەت، کو بەری بزاڤێن چەکداری یێن کوردستانی د هەر پارچەکێدا د نمونەکا نە پیروزدا

د کەفتنــە د هەڤپــەیمانادا دگــەل رژێمــێن داگیرکــەر و دوی رێــدا بەشــەکی دی یــی کوردســتانی زیـان دگەهشـتێ. لـی ئـەڤ بوچـوونێن سـەروك (بـارزانی) و دنـاڤ کوچکا سپیدا وی راگەهاندنی بدەت، ئەز باوەر دکەم ئەڤە پێشڤەچوونەکا گەلـەکا مەزنـە د سیاسـەتێن کوردستانیدا،مەبەسـتا مـن ژی کوردسـتانا مەزنـە. دڤێـت ئـەڤ تەوەجهـە بهێتــە پیروزکــرن، وبهێتــە نیشــاندان وەکــی خالــەکا گــەش د خــەباتا سیاســییا کوردستانیدا بهێتە بەحسکرن. وئەز بباوەرم کو ئەڤ تەوەجهـە دگـەل روحـا پـروژەی هەڤ دگریت.

**مەتین:** باشە مادەم دڤێت سیاسـەتا مـە کوردسـتانی بیـت، ئایـا کوردسـتانا روژهـەلات رولی ڤان پروژا چەوا دبینیت؟

**ب. یاسین:** باوەر دکەم د پروژی ئێکی دا یا کونفرانسی روژهەلاتا ناڤەراسـتا مەزنـدا، ل وێری کوردێن روژهـەلات و روژئاڤـا ئـەوژی دی بەحسـێن خـو پێشکێشکەن و ئـەو سیناریوییێن چاڤەرێی ئیران و سوریی دبـن بگشـتی، ئـەو دی ئەکتـەرەکی جدی بـن د بەشداریا ڤی کونفرانسیدا. بەلی دپروژی دووی دا، ئـەز بـاوەر دکـەم بـو ناڤبـژیکرنی لایــەنی کــوردی ل روژهــەلاتا کوردســتانی گەلــەك کــێمتر پەیوەندیـدارە و هەروەسـا کــوردێن ســوریی ژی. ئـەوی پەیوەندیـدار دبیـت باشـووری کوردسـتانی و دەسـتهەلاتا سیاســیە و ب قەناعــەتا مــن ئــەڤ پــروژە ل باشــووری کوردســتانێ، پێشڤەچــوونەك جدییە ل سەر ئاستی عیراقا عەرەبی ئەم دی بهێزتر کەڤین و ئـەم دی بدروسـتی بـو وان دیــار کــەین کــو ئــەم ئەکتــەرەکین نــە بــەس ل ئاســتی عیراقــا عــەرەبی، بــەلکو ئەلتەرنەتیڤا مە گەلەك جدی و ساخلەمترە ژ ئەلتەرنـەتیڤا (جەعفـەری) ونمـونێن وەکی وی.

**مەتین:** دەسـتەکا رونـاکبیرا، دەسـتەکا مێشـکی کـورد دگـەل کەسـانێن رەوشـەنبیری و ئەلتەرناتیڤێن کورد پەیوەندی چەند هەنە و د چ ئاست دایە؟

**ب. یاسین:** مە پەیوەندی دگەل خەلکـەکی زور ژ رەوشـەنبیرا یـێن هـەین و پشـتگیریا خو بو ڤان پروژا کریە، چ ل دەرڤەی وەلاتی و چ ل باشووری کوردستانێ. نێزیکبوونا مە ل بەرسڤا وی پرسیاری یە بشێوەکی عەمەلی، مە هەول نەدایـە کـو رێکخسـتنەك بەرهــەم بیــنین د دەوروبــەری وی هزرێــدا و وان پــروژا بکەینــە رێکخســتنەك

کوردستانی، ئەڤە مە نەکریە. بەلکو مە گۆتیە دەستەك ژ روناکبیرێن کوردستانی دیاردەیەك ئێکجاری یە دگەل وی ئێکجاریی رولێ وی دێ بدویماهیك ئێت. بەلێ دیارە پشتی سالەکێ روحەکا نوی کەفتیە د پروژەی دا و بشێوەکی جدی هاتیە خواندن و نرخاندن داکو رولێ وان یێ جدی بمینیت.

**مەتین:** بەلی دکتور رەئیا گشتی ژ خالێن گرنگە بو لڤاندنا گەلەك تشتێن کو مەندبووین، رەئیا گشتی گەلەك یا گرنگە و گەلەك کارتێکرنا خو هەیە، داکو ئەلڤاندنی ل بزاڤا گشتی بکەین کو دەمەك درێژ پاشڤە هێلابوو، یان گرنگی نەدابوویێ.

**ب. یاسین:** باوەر دکەم دوو خالێن گرنگ هەنە ئەوژی ئەوە کو رەئیا گشتی گرنگە بەلێ د دوەختێ بووریدا، براستی رەئیا گشتی ل باشووری کوردستانی هند رولێ خو نەبوویە، بەلی دگەل وەختیدا و دگەل تێبینێن مە یێن تازە لسەر باشووری کوردستانێ و جموجولێن سیاسی وپەراوێزا رەئیا گشتی گەلەك هاتیە گوهورین.

خالا دووی وەختێ مە پروژە پارسال پێشکێشکری لسەر بنیاتی کو نەهێتە فەراموشکرن وهەر ژ دەستپێکی چۆکی وان پروژا نەهێتە شکاندن و مە بشێوەکی نهێنی کریە، و باوەر دکەم سەرکردایەتیا سیاسی ژی بتایبەتی ل پروژی ناڤبژیکرنا دناڤبەرا (PKK) ی و تورکیا دا دگەل بوچوونا مەیە کو ئەڤ **دبلوماسیەك نهێنییە**.

لەورا ژبەر وان ئەگەرا مە خو سالەکێ دویرئێخست دناڤ میدیا و رەئیا گشتی. بەلێ ئەڤرۆ و پشتی سالەکێ مە دیت کو ئەڤ تشتە پێدڤیە و ل وی سەرەدانا مە بو کوردستانی ئینای، مە دیت کو پشتگیریەك باش هەیە، وئەڤ پروژە بشێوەکی ڤەکری ل میدیایا دا ل سلیمانیی و هەڤلێر و دهوکی و بتایبەتی کوڤارا مەتین مە پێشکێش کریە ئەڤەژی گروڤەکە کو رەئیا گشتی ل باشووری کوردستانێ، هندە ببیتە ژمارەك گرنگ د هاوکێشا سیاسیدا و وەختە پەراوێزا خو بەرفرەهبکەت بەرامبەر دەستهەلاتی.

**مەتین:** ل دویماهیی ئەمژی هیڤیدارین سەرکەفتی بن و داخازێن هەوە و یێن مە هەمیا بێنە جی و گەلەك سوپاس.

**ب. یاسین:** گەلەك سوپاس بو ڤێ دەلیڤا گەلەك زێرین و زور سوپاس.

## ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتن:

# سیاسەتی ئەمریکا بە بنبەست گەیشتووە یا پڕۆژەی "عیراقی دیموکراتی و فیدرالی"؟*

سوید ١٩/١٢/٢٠٠٦
ئەم بابەتە لە زستانی ٢٠٠٦ لە هەندێك ماڵپەڕی کوردی
و ڕۆژنامەی *ئاسۆ* و کۆڤارا (*مەتین*)دا بڵاوبۆتەوە

### ناوەڕۆکی بابەت

- پێشەکی
- پڕۆژەی دەوڵەتی عیراق
- دەوڵەتی عیراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس
- سیاسەتی ئەمریکا لە عیراق: لە تەوژم و هێرشەوە بۆ پاشەکشێ
- ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتن
- دەرەنجام
- هەندی بیروبۆچوون و "پێشنیار"
- پەراوێزەکان

## پێشەکی

ماوەیەکە لێرەو لەوێ، لە ئاستی جیاجیای ئەکادیمی و سیاسی و دیپلۆماسیدا، بە گەرمی باس لە کێشەی عیراق و سیاسەتی ئەمریکا لەم پەیوەستەدا دەکرێ. لە ڕۆژانی دواییشدا ئەم گفتوگۆیانە بە ئاستێکی تر گەیشتوون بە هۆی راگەیاندنی راپۆرتی گروپی جێیمس بیکەر- لی هاملتن (کە هەروەها وەك ڕاپۆرتی گروپی لێکۆلینەوەی عیراق ناودەبرێ)، لەبەردەوامی ئەم وتارەدا وەك ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتن ناودەبرێ.

لەم وتارەمدا هەوڵی ئەوە نادەم کە لە تەواوی راپۆرتەکە بکۆڵمەوە؛ تەنها تا ئەو جێگەیەی کە بۆ تاوتوێکردنی پرسیارەکانی باس پێویست دەبێ ئاماژە بە ڕاپۆرتەکە دەکرێ.

بۆ نووسینی بابەتێکی ئەوها لە دیدێکی کوردستانیەوە پێویست دەکات نەك هەر سیاسەتی ئەمریکا لە پرۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق (وە ئەو پرۆژەیە وەکو بەشێکی گرنگ لە ئەوەی کەپێی دەبێژن پڕۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن) باس بکرێ، بەڵکو بە هەمان شێوە و بەهەمان گرنگی باس لە ڕووەکەی تری دراو (واتە سیاسەتە کوردیەکان لە چوارچێوەی پرۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق)دا بکرێ. بەمانایەکی تر هەوڵدان بۆ تەنها و تەنها بەرپرسکردنی ئەمریکا لەو بارودۆخەی عیراق و کوردستان و ئەو بنبەستەی کە ئەو زلهێزەی پێگەیشتووە، نەك هەر یارمەتی نادات بۆ تێگەیشتنی ڕاستیەکان، بەڵکو ڕێك خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیی لایەنەکانی تر لەم بارودۆخە. لە بەر فراوانی بابەتەکەو بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە وتارەکە لە رۆژنامە بڵاودەبێتەوە، تەنها هەوڵدەدەم کە چەند پرسیارێکی سنووردار بورووژێنم: ١) چۆن لەو بنبەستە دەگەین کە سیاسەتی ئەمریکا لە عیراق و پرۆژەی دەوڵەتی عیراقی پێگەیشتووە؟ ٢) تا چ ڕادەیەك دەتوانین باس لە فاکتەری کوردی بکەین لە وەی کە مەسەلە پەیوەندیدارەکان، بە تایبەت مەسەلەی چارەنووسی باشووری کوردستان، بەم ئاقارە گەیشتوون؟ ٣) ئەو ئەلتەرنەتیڤانە چین کە دەتوانن ڕووداوەکان بەرەو ئاقارێکی تر ببەن؟

شێوەی پیادەکردنی ئەم بابەتە لە ڕووی مێتۆدیەوە ئەوەیە کە بۆ تێگەیشتنی ئەم بارودۆخەو باسکردن لە ئەلتەرنەتیڤەکان پێویستدەکات باس لە ڕۆلی ئەمریکا و سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستان بکەین. ڕۆلی لایەنە عەرەبیەکانی عیراق و

ئالۆزیەکانی عیراقی عەرەبی جێگەی لە ناو کرۆکی باسدا نابێتەوە، لەبەر هۆیەکی ئاسان ئەویش ئەوەیە کە ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ باسکردن لە ڕوانگەی کوردستانی، بە پەیوەست لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا.

## پرۆژەی دەوڵەتی عیراق

شاردراوە نیە کە دامەزراندنی عیراق، وەك دەوڵەتێك لە چوارچێوەی پرۆسەی بە دەوڵەتبوون لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، تا ڕادەیەکی زۆر دەرهاوێشتەی سیاسەتی کۆلۆنیالی بەریتانیای مەزن بوو. بە زۆر لکاندنی بەشێکی کوردستان بەم دەوڵەتەوە، دواتریش هەوڵی بەردەوام بۆ پاراستنی ئەو حاڵەتە بەخوێن و ئاگر، هەڵەیەك و نادادپەروەریەکی مێژوویی بوو. جگە لەئەوەش، ئەو دەوڵەتی عیراقە بە کۆمەڵی کێشەی جددیەوە هاتە ناو سیستەمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانەوە. هەر یەکێ لەو کێشانەش لە بەردەوامی دەوڵەتی عیراقدا نەك هەر چارەسەر نەکران بەڵکو بگرە بە ئاقاری تەشەنەبوون و بەزەحمەتکەوتنیشدا چوون وە ئەمڕۆش بە چڕی ئامەددەییان هەیە. ئەم کێشانە بریتیبوون لە: ١) کێشەی شیعە؛ ٢) مەسەلەی کورد؛ ٣) دەسەڵاتی کەمینەی سوننەی عەرەب؛ ٤) ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیە تەقلیدیەی کە دانیشتوانی ئەو وڵاتەی پێکدەهێنا و هەوڵدان بۆ گونجاندنی ئەو کۆمەڵگایە لەگەڵ پرەنسیپ و دامەزراوەکانی دەوڵەتی مۆدێرن؛ ٥) سنوورەکانی عیراق؛ ٦) ڕەهەند و قوڵاییە کولتووری و سیاسی و ستراتیژیەکانی عیراق لەو ناوچەدا.[1] لە لایەکی ترەوە خەباتی ساڵەهای بزاڤی سیاسی و چەکدارانەی باشووری کوردستان لە چوارچێوەی باوەڕێکدا بوو کە دەکرێ لەو عیراقە بەزۆرەملێیە و بەهەموو گرفتەکانیەوە دەوڵەتێکی دیموکراتی، کە تیایدا مافەکانی کورد مسۆگەربووبن، بەرهەمبهێندرێ. لە چڕکردنەوەی مێژووی ئەو خەباتە و ماهیەتە فکریەکەیدا، دەتوانین بڵێین کە ئەو باوەڕبوونە بە بەرهەمهێنانی عیراقێکی دیموکراتی دژایەتیەکی جددی لەخۆگرتووە: لە لایەکەوە باوەڕبوون بەوەی کە گەیشتن بەو ئامانجە شیاوە و هەر ئەوەش چارەسەرە، بەڵام لە لایەکی ترەوە، باوەڕبوون بەوەی کە عیراق دەوڵەتێکی بەزۆرەملێیە و بێ چارەیی وایکردوە کە کورد ئەو باوەڕە سیاسیە هەڵبژێرێ کە ئەویش بەدەستهێنانی عیراقێکی دیمۆکراتیە.

به باوەڕی من، دوای ئەو هەموو ساڵانە لەو خەبات و قەناعەتە فیکریەو ئەو هەموو هەوڵانەش دوای کەوتنی دیکتاتۆری عیراق بە هەمان ئاراستەدا، ئەمڕۆ کورد بەرەورووی حاڵەتێك بوونەتەوە کە دەوێدا پرس نابێ ئەوەبێت کە ئایا هێز و توانای سەربازی و ئابووری و دیپلۆماسی ئەمریکا تێری بەرهەمهێنانی عیراقێکی دیموکراتی دەکا یا نا، بەڵکو دەبێ جارێکی تر ئەو پرسە بێتەوە گۆڕی کە ئایا ئەسڵەن پڕۆژەی دەوڵەتی عیراق شیاوە یا نا، وە ئەگەر شیاوە چۆن؟

بە بۆچوونی خۆم ماهیەت و چوارچێوەی ڕاپۆرتەکەی بیکەر- هاملتن ڕێك باسە لە شێوازی بە بنەجێگەیاندنی پڕۆژەی دەوڵەتی عیراق، هەڵبەتە زێتر لە دیدێکی ئەمریکیەوە.

بەم مانایەش پرسیارەکە زیاتر دەبێ ئەوەبێ کە ئایا بە بەردەوامی و بگرە چڕبوونەوەی ئەو گرفتانەی کە هەر لە بیناسازی دەوڵەتی عیراقەوە بوون و بەردەوامییان هەبووە، وە لە دوای دیکتاتۆریش بە شێوەیەکی خوێناوی و خەستتر خۆیان دەردەبڕن، دەکرێ هەر پێدابگیرێ لەسەر هێشتنەوەی دەوڵەتی عیراق یا ئەلتەرنەتیڤی تر هەن؟

## دەوڵەتی عیراق دوای رووخانی رژێمی بەعس

بەر لەهەر شتێك دەکرێ ئەوە بڵێین کە ئەمریکا بەر لە هاتنی هێزەکانی بۆ عیراق بیری لەوە نەکردبووەوە کە بەرەورووی ئەو ڕادەیە لە بەرهەڵستی و کاری تیرۆریستانە دەبێتەوە کە توانا و وزەیەکی زۆرتر بخوازێ لەوەی تەنها بۆ خستنی رژێمی بەغدا. لەوەش گرنگتر هەر زوو بۆ ئەمریکا ئاشکرا بوو کە تەنها کاری سەربازی تێری ئەوە ناکات کە سەرکەوتنی سیاسی و دیپلۆماسی لە مەسەلەی عیراقدا بەدەستبهێنی، نەك هەر سەربازی. بۆ ئەوەش کارە هەرە قورسەکە، لە ڕووی سیاسیەوە، مەسەلەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق بوو. بە هەر حاڵ، بۆ ئەم مەبەستە، چەند ئەزموونێك و سابیقەی فیکری هەبوون کە ئەمریکا پڕۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقی لەسەر بینا کرد کە بە باوەڕی من گرنگترینی ئەو ئەزموون و سابیقەفیکریانە ئەوانە بوون: ١) لە یەکچوواندنی حاڵەتی عیراق بە ئەزمونی ژاپۆن و ئەڵمانیای دوای جەنگی دووەمی جیهانی؛ ٢) بیناکردنەوەی سەر لە نوێی دەوڵەتی عیراق لەڕێگەی "کۆپیکردنی" پڕۆژەی بەریتانیا بوو، کە هی

دامەزراندنی عیراق لە ساڵی ١٩٢٠\١٩٢١؛ ٣) حسێبنەکردنێکی وورد بۆ ئەو کێشانەی کە لەگەڵ دامەزرانی عیراق بوون بە بنەما و دواتریش خەسڵەتی ئەو دەوڵەتەیان پێکهێنا لە بەردەوامیدایە.

ئەوەی کە پەیوەندی بە خاڵی یەکەمەوە هەیە (واتە لێکچواندنی عیراق لەگەڵ هەندێ ئەزموونی تر) ئەوە دەکرێ بە ئاسانی بڵێین کە خاڵی لێوەدەرچوونی ئەمریکا لەم ڕووەوە چەوت بوو. بە باوەڕی من دەبێ خاڵی لەیەکچواندن لە نێوان یۆگسلاڤیای پێشوو، وەك پرۆژەیەکی سەرنەکەوتووی نەتەوەیی سربەکان، بکرایەتا ئەزمونی لە یەکچواندن لە گەڵ ئەزموونەکانی ژاپۆن و ئەڵمانیا. لە راستیدا ئەمرۆ دوای سێ ساڵ و نیو لە کاری بەردەوام بۆ وەبەرهەمهێنانەوەی دەوڵەتی عیراق، ژمارەی ئەو خاوەن ڕا و دەسەڵاتدارە ئەمریکیانەی کە باوەڕیان بە لێکچواندنی عیراق و یۆگسلاڤیا هەیە (لەوانە پیتەر گالبێرت، وەك کۆنە دیپلۆمات و خاوەنڕا و ئەزمون لەم بارەیەوە)، لە زێدەبوون دایە. ئێستاش ئەو بۆچوونەی کە پێشتر ڕای هەندێك لە ڕووناکبیر و کۆنە دیپلۆمات بوو، کە عیراقیش وەك یۆگسلاڤیا کۆتایی دێت، لە ماوەی دواییدا بە ئاشکرا خزاوەتە ناو دار و دەستەی دەستهەڵات لە ئەمریکا.

لەم بارەیەوە، جگە لە هەندێ پێشنیار لە لایەن هەندێك کەسایەتی ناو ئیدارە و کۆنگرێس، دۆنالد رامسفێلد، چەند ڕۆژێك بەر لە هەڵبژاردنە هەرە دواییەکانی کۆنگرێس (لە مانگی رابردوو) واتە بەر لە دەستکێشانەوەی، راپۆرتێکی داوە بە جۆرج بوش وە ئاماژەیەکی گرنگی لەم بارەیەوە تێدایە. لە راپۆرتەکەیدا رامسفێلد کۆمەڵێ پێشنیاری خستۆتە ڕوو وە لە دوو پێشنیاری هەرە دوایی راپۆرتەکەیدا بیرۆکەی دابەشکردنی عیراق بۆ سی هەرێم و مۆرکردنی پەیمانێك لە جۆری پەیمانی "دایتۆن"، کە کۆتایی عەمەلی بە دەوڵەتی یۆگسلاڤیا هێنا، خستۆتە ڕوو.[٢]

دیارە ئەوەش شاردراوەنیە کە ئەمریکا خۆی ئەندازیاری سەرەکی پەیمانی دایتۆن بوو، هەر ئەو ئەمریکایەی کە (لەسەر زاری هەر ئەم جێیمس بیکەرە کەلە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو) زووتر رایگەیاندبوو کە ئەوان (واتە ئەمریکیەکان) بە هەموو شێوەیەك دژی دابەشکردنی یۆگسلاڤیان. لێرەدا گرنگە ئەوەش بڵێین کە سەرەتای هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق وە لەبەردەوامی پرۆسەی سیاسی ئەو سەرلەنوێ

دامەزراندنەوەیەدا سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان نەیتوانی بەڕاشکاوی بە ئەمریکیەکان وە بە کۆمـەڵگای نێونەتـەوەیی بڵـێ کـە لێکچواندنی عـیراق لەگـەڵ ژاپـۆن و ئـەڵمانیا هەڵەیـەکی گەورەیـە و لـە ئاکامیشـدا عیراقیـەکان و ئـەمریکاش باجێکی زۆری ئەو چەوتیە دەدەن. ئەوەی پەیوەندی بە خاڵی دووەمەوە هەیە (واتە سـەرلەنوی بیناسـازی عـیراق لەسـەر بنـەماکانی پـرۆژەی بـەریتانی) هەڵەیـەکی مێژوویی تر بوو کە بنەماکەی کۆپیکردنی تاقیکردنەوەیەك بوو کە خۆی هەڵەیـەك و ناڕەوواییـەکی مێـژوویی بـوو (بـە تایبـەت بەرامبـەر بـە کـورد) کـە بەڕادەیـەکی سەرەکی بەرهەمی سیاسەتی کۆلۆنیالانەی بەریتانیای مەزن بوو. لەم بارەیەوە دەبـێ بە ڕاشکاوی بڵێم کە نووسەری ئەم وتـارە لـە دوو نامـەدا بـۆ سـەرکردایەتی پـارتی و یـەکێتی، کـە هـەر ڕۆژێـك دوای ڕووخـانی حـوکمی دکتـاتۆر نـاردرابوون بۆیـان، گرنگیـەکی تایبـەتی دابـوو بـە مەترسـی لـە دووبارەکردنـەوەی نـەموزەج و پـرۆژەی بەریتانی لە عیراقی دوای سەدام. لە نامـەی یەکەمـدا ڕێـك ئـەوە هـاتووە کـە لایـەنی کوردی دەبێ هەر زوو پرسیارێکی جددی بەرەو ڕووی ئەمریکیـەکان بکاتـەوە و هـەر ئەو سەرکردایەتیە خۆشی بیرێك لەو پرسیارە بکاتـەوە، پرسـیارەکەش بـەم شـێوەیە بوو: ئایا کە پڕۆژەی بەریتانی لە سازدانی دەوڵەتی عیراق لە ماوەی ٨٣ساڵ (واتە لـە ١٩٢٠ - ٢٠٠٣) سەرکەوتوو نەبوو، ئـەوە چ شـتێکە وا دەکـات کـە هـەمان ئـەم پڕۆژەیـە لەسەر دەستی ئەمریکیەکان سەربکەوێ؟[٣]

ئەوەی دەخوازم لێرەدا جەختی لەسەر بکەم ئەوەیە کە ئـەوە نـەك هـەر ئـەمریکا بوو کە باوەڕی وابوو کە بەهەر حاڵ پڕۆژەی بەریتانیا "بە بـەرگێکی ئەمریکیـەوە" دەتوانێ سەرکەوتوو بێت، بەڵکو سـەرکردایەتی سیاسـی باشـووری کوردسـتانیش لـەو بـاوەڕەدابـوو کـە بەرهـەمهێنانی عیراقێکـی دیمـوکراتی و فیـدراڵی شـیاوە "لەسـەر بنـەمای پـڕۆژە بەریتانیەکـە." نـەك هـەر ئـەوە، بـەڵکو سـەرانی کـورد لـەو بەشـەی کوردسـتان بـە شـانازیەوە، لێـرەو لـەوێ، باسـیان لـەوە دەکـرد کـە کـورد بـە ئەزموونەکەیانـەوە (١٩٩١ - ٢٠٠٣) دەتـوانن پێشـەنگ و نموونـە بـن لـەم پڕۆسـەیەدا. نەك هەر ئەوە بەڵکو بەر لەوەش کە ئەسڵەن عیراقێکی فیدراڵی و نوێ هاتبێتـە ئـارا وە میدیای ڕەسمی، بە هەموو شێوەکانیەوە، هەر زوو کەوتە ناو پڕۆسەیەکی خەستی ڕازاندنەوەی عیراقی پڕ لە تەنگەژە و ململانێی خوێناوی لە ڕێگەی وەسفکردنی بـە عیراقـی فیـدراڵی و نـوێ**: ئـەو عیراقـەی نـەك هـەر بەرامبـەر بـە ئـەمریکا بـەڵکو

لەگەڵ خودی خۆشیدا لە ململانێیەکی خوێناوی دایە. ئەم ڕازاندنەوەیە نەك هەر گومانی شیاو نەبوونی پڕۆژەی دەوڵەتی عیراقی لای هەرنەبی بەشێکی باش لە خەڵکی کورد ڕەواندۆتەوە، بەڵکو بگرە واشی کردوە کە ئیتر عیراقی نوێ و فیدرالی لە تەسەوری خەلکدا بەرهەمهاتووە و پڕۆژەی بەزۆرەملێی بەریتانیش بەم پێیە بووە بە پڕۆژەی یەکێتی ئارەزوومەندانە و عیراقی دیموکراتی.

ئەوەی پەیوەندی بە خاڵی سێهەمەوە هەیە (واتە ئەو کێشانەی بوونە بنەما و خەسڵەتی دەوڵەتی عیراق)، دەتوانم بڵێم کە ئەو کێشانە، بە تایبەتی ئەو خاڵانەی کە پەیوەندیان بە ناسنامە و دەستهەڵاتی سیاسیەوە هەبووە و هەیە، لە قۆناغی دوای سەربەخۆیی عیراق (لە ژولای ١٩٥٨)، بە تایبەتی لە ماوەی ساڵانی حوکمڕانی بەعس و سەدامدا، ئەو کێشانە زیاتر چڕتر و قووڵتر بوونەوە. دەبێ لە هەمان کاتدا ئەوەش بڵێین کە ڕژێم هەوڵی جددی شاردنەوە و بێدەنگکردنی ئەو کێشانەی دا لەڕێگای میکانیزمی ترس و تۆقاندن و زۆربۆهێنان؛ بەڵام کاتێك کە قەڵای ترس ڕووخا ئەو کاتە دەرکەوت کە گرفتە کۆنەکان نەك هەر چارەسەر نەکرابوون، بەڵکو ئەو کێشانە بە تایبەتی لە ڕەهەندی شیعە و سوننەی عەرەبەوە بە شێوەیەکی خوێناوی خۆی دەربڕی. ئەوەشی کە کێشەکانی یەکجار قوڵتر کردەوە ئەو ڕاستیە بوو کە لە ڕەهەندە ئیقلیمی و جیهانیەکانیانەوە هەندێ لەو کێشانە تەشەنەبوونێکی تازەیان بەخۆوە بینی وە بەم جۆرە عیراق بوو بە مەیدانی هەندێك ململانێی تازە کە لە سەرەتای دامەزرانی عیراقەوە نەبوون.

هەر لەم چوارچێوەیەدا، بە باوەڕی من، ناکرێ هەر وا بە ئاسانی بگوترێ کە ئەو دەستورە هەمیشەییەی کە بەرهەمهاتووە، کە دواجار لە ڕێگەی تەوژمێکی پڕۆپاگەندەی سیاسیەوە وا کرا کە زۆربەی خەڵکی کوردستان دەنگی بۆ بدەن، بە ڕێگەی زۆربۆهێنانی ئەمریکا بوو وە کورد چارەی تری نەبوو. بە مانایەکی تر ئەم دەستورە و ئەو قۆناغەی کە ئەمڕۆ باری سیاسی باشووری کوردستانی پێگەیشتووە ناکرێ نەڵێین بەرهەمی ئەو قەناعەتە نیە کە لە چوارچێوەیەکی سیاسی - فیکریدا ناوی دەنێم "**ئۆتۆنۆمیزم**." دواجار خەباتیش بۆ وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی (کە دواتر بوو بە فیدرالی) و دیموکراسی بۆ عیراق بە هەزاران وە بگرە سەدان هەزار قوربانی لێکەوتۆتەوە. دەکرێ لێرەدا ئەو پرسیارەش بکەین: ئایا گەر تەنها، کەم یا زۆر، سیاسەتی ئەمریکا بەرپرس ببینرێ لەو حاڵەتی بنبەستەی کە پڕۆسەی

بەعیراقیکردنی باشووری کوردستان و پرۆسەی سیاسی لە عیراقی پێگەیشتووە، ئەی قەناعەت و سیاسەتە کوردیەکان و ئەو هەموو کارەی ئەو لایەنە بۆ فەراهەمکردنی پرۆژەی دەوڵەتی سەرلەنوێی عیراق کردوویانە لە کوێی هاوکێشە و بەرپرسیاریەتی دەوەستێ؟ پرسە نیگەرانئامێز و هەستیارەکانی باری سیاسی باشووری کوردستان چڕتر دەبنەوە وەختێك دەزانین کە لە دەستوری هەمیشەییدا کورد هیچ زەمانەتێك و هێلێکی خۆپاراستنی سیاسی - دیپلۆماسی (وەکوو مافی چارەی خۆنووسین بە ڕێگەی ریفراندەمەوە یا زەمانەتی نێودەوڵەتی یا پشتگیریەکی بێ سێ و دووی زلهێزێکی وەك ئەمریکا) بۆ حاڵەتی پاشەکشێ و بنبەست بەدەست نەهێناوە، بۆ ئەوەی لە حاڵەتی ئەوهادا و خۆ پێوە بگرێتەوە یا پشتی پێببەستێ. لە ڕاستیدا مەسەلە بنەڕەتی و هەرە گرنگەکانیش (وەکو سنوور و کێشەی کەرکوك) دواخراون، هەروەك چۆن لە بەیانی ١١ی مارسی ١٩٧٠دا ئەوە کرا. ڕێك ئەوە یەکێك لەو نموونانەن کە پێماندەڵێن فیدراڵیەکەی ئەمرۆ زۆرتر لە ئۆتۆنۆمیەکەی ساڵی ١٩٧٠ دەچێ تا شتێکی تر.

## سیاسەتی ئەمریکا لە عیراق: لە تەوژم و هێرشەوە بۆ پاشەکشێ

بە پێداچوونەوەیێکی بە پەلە بە پێشوەچوونەکانی پەیوەندیدار بە مەسەلەی عیراق و سیاسەتی ئەمریکا لەم پەیوەستەدا لە ماوەی ڕابردوودا، تێبینیدەکرێ کە ئەمریکا لە حاڵەتی پاشەکشێدایە، ئەمەش بۆ هەرنەبی هەندێك لە شارەزایان شتێکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکو چاوەڕوانکراویش بوو.[٤] لەم بارەیەوە سەرکەوتنی دیموکراتەکان لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس (بە هەردوو بەشەکانیەوە) مەرج نیە تەنها کاریگەریەکی نێگەتیڤانەی هەبێ بۆ سیاسەتی بۆش و کۆماریەکان لە مەڕ عیراق، بەڵکو بگرە ئەم پێشوەچوونە دەتوانێ دەرفەتێکیش بێت بۆ ئەمریکا بۆ پێداچوونەوە. بە مانایەکی تر، ئەم ڕووداوە دەرگەی بۆ هەندێك گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمریکا لە عیراق خستەسەر پشت. لە ڕاستیدا هەتا بەشێك لە کۆماریەکان کە خوازیاری گۆڕانکاری بوون لەم سیاسەتەدا دەمێك بوو چاوەڕوانی دەرفەتێك بوون بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری. مانای ئەوەنیە کە دیموکراتەکان، دوای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکاندا، لە تەسکبینیەکی حزبیەوەو بۆ تۆڵەسەندنەوە لە کۆماریەکان ئامادەبن هەر جۆرە گۆڕانکاریەك لە سیاسەتی ئەمریکادا بەرامبەر بە

عیراق بکەن، بەبێ گوێدانە ئەو ڕاستیەی کە کێشەی عیراق (بەتایبەتی لە ڕووی هەندێك لە ڕەهەندەکانی ئەو کێشەیەوە کە ڕاستەوخۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا پەیوەندیدار دەکەن) بۆتە کێشەی هەموو ئەمریکا وەکوو نەتەوە/دەوڵەت. لە ڕاستیدا نووسەری ئەم وتارە لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی ( کوردستانی نوێ)دا لە کۆتایی ۲۰۰۳ و سەرەتای ساڵی ۲۰۰٤ ئەوەی جەختکردۆتەوە کە ئەگەر ئەمریکا دەرفەتێکی هەبێ بۆ سەرکەوتن لە عیراق ئەوا بێگومان بە ڕێگەی بەنەتەوەییکردنی (یا بەنەتەوەیی بینینی) کێشەکە دەبێ، واتە دوورگرتنی شەڕ لە عیراق و سیاسەتی ئەمریکا لەم وڵاتەدا لە حاڵەتی بەحزبیکردن.[٥]

هەر لەم ئاراستەیەدا راپۆرتەکەی بیکەر- هاملتن بە ڕاشکاوی داوای ئەوە دەکات کە مەسەلەی عیراق لە مەسەلەیەکی حزبی دەرکرێ وە ببێ بە مەسەلەی هەموو لایەنەکان.[٦] ڕێك لەم خاڵەوە، جێگەی سەرنج و گرنگیە کە هەڵبژاردنەکان وەدەرچوونی ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتن لە ڕووی زەمەنیەوە زۆر لە یەکتر نزیکن، بەڵکو بگرە لە قۆناغێکا بەچڕی تێکەڵاوی یەکتریش دەبن.

پرسیارێکی گرنگ لەم پەیوەستەدا ئەوەیە: ئایا ئەو ئەلتەرنەتیڤانە کامانەن کە لە بەردەم ئەمریکان بۆ دەرچوون لە بنبەست. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش تەنها گەڕانەوە بۆ ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتن بەس نیە بەڵکو (گرنگە بگەڕێینەوە) کۆی ئەو بیرو بۆچوونانەی کە دەربڕاون بە درێژایی کات، هەر لە دوای کەوتنی ڕژێمی عیراق تا ئەمڕۆ. وەك دەزانری ماوەیەکە زۆر کەس و لایەن لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ لەسەر ژمارەیەك لەو ئەلتەرنەتیڤانە دەکەن وە هەتا دێت ئەم باسە قوڵتر و فراوانتر دەبێت. لە ڕاستیدا دەتوانین کۆی ئەم باسوخواسانە لە چەند وشەیەکی کەمدا کۆبکەینەوە: **ئەمریکا لە مەسەلەی عیراق و کێشە پەیوەندیدارەکاندا بەبێ ئەلتەرنەتیڤێکی بێ کەموکوڕی ماوەتەوە، بەمانایەکی تر هەر ئەلتەرنەتیڤێك کە باس دەکرێ هەڵبژاردنی لەوەی تر قورسترە. بەم مانایە هیچ ئەلتەرنەتیڤێك ناتوانێ بە شێوەیەکی بنەڕەتیانە بەسەرکەوتنی تەواو (۱۰۰٪) بۆ ئەمریکا لەقەلەم بدرێ؛ لەم حەڵەتدا سەرکەوتن و شکست هەردووکیان ڕێژەیین!**

بەهەرحاڵ ئەو ئەلتەرنەتیڤانەی کەتا ئێستا باسکراوون بە گشتی ئەمانەن: ۱) زێدەکردنی ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق؛ ۲) کشانەوەی بە تەواوەتی ئەمریکا لەو وڵاتە؛ ۳) سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی هێزەکان بە پەیوەندی لەگەڵ پرۆسەی

"بـــەعیراقیکردن"[٩] وە بـــەم پێیـــەش کشـــاندنەوەی بەشـــێك لـــە هێزەکـــان؛ ٤) پارچەپارچەکردنی عیراق بۆ سی بەش.

دیارە ئەلتەرنەتیڤی یەکەم، لە باشترین حاڵەتدا، شیاو بـوو وەکاریگەریشـی دەبـوو ئەگەر لەسەرەتای پرۆسەی ئـازادکـردن/داگیرکردنـدا ڕەچاوبکرایە نـەوەك دوای ئـەو هەموو ماوەیە.[٧] جگە لەمـەش ئـەمرۆ زێـدەکردنی ژمـارەی هێزەکـانی ئـەمریکا لـە عیراق ئاسان نیە، ئەوە ئەگەر ئەسڵەن فەراهەمیش ببێـت: دوای خەسـارەتێکی زۆری گیـانی کـە لـە هێزەکـانی ئـەمریکا لـەو وڵاتەکـەوتووە و بەرزبوونـەوەی دەنگـی ناڕەزاییەتی لە ئەمریکا بەرامبەر بە جەنگی عیراق و مسۆگەرنەبوونی پشتگیری، بە تایبەتی پشتگیری دارایی، بۆ هەنگاوێکی لەم جۆرە لەلایـەن کۆنگرێسـی ئەمریکیـەوە و زێـدەبوونی تێچـوو (مەسـروفات)ی مانـەوەی هێزەکـان لـە عـیراق (ئێسـتا مانگانـە نزیکـەی ٨ ملیـار دۆلار) و بەزەحمەتکـەوتنی کۆکردنـەوەی ژمارەیـەکی پێویسـت لـە سەربازانی یەدەگ (ئیحتیات)، ئاسان نیـە، ئـەوە ئەگـەر ئەسـڵەن هـەر بشـکرێ. جگـە لەوەش، جۆرە باوەڕیێکیش هەیـە کـە زێـدەکردنی ئـەو هێزانـە بـە ژمـارەی ١٠ یـا ٢٠ هەزار ناتوانی جیاوازیەکی بنەڕەتی ستراتیژی دروست بکات. بەم مانایە زێـدەکردنی بەم ژمارە کەمە ئەم ئەلتەرنەتیڤە ناگایێنێتە ئەو ئاستەی کە لە ڕووی ستراتیژیەوە هاوسـەنگی هێـز بـە شـێوەیەکی بنـەڕەتی بگـۆڕێ. جگـە لـەوە، دەبـێ ئـەوەش لـەبیر نەکەین کە دیوەکـەی تـری کێشـەکە ئەوەیـە کـە پـرۆژەی دامەزراندنـەوەی دەوڵـەتی عیراق بە شێوەیەکی جددی گیری خواردووە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشـەیەش، بـە هـەردو دیویـدا (مەسـەلەی ئاسـایش و پرۆسـەی سیاسـی)، بیرکردنەوەیـەکی تـازە پێویستە کە بتـوانی سـنووری بیرکردنـەوەی کلاسـیکی (پشتبەسـتن تـەنها بـە هێـزی سەربازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان وە پـرۆژەی عیراقـی یـەکبوو) ببـەزێنی و بـەم شـێوەیەش هەنـدێ ئەلتەرنـەتیڤ و پـارادایمی نـوێ لـە بیرکردنـەوە بهێنێتـە گـۆڕێ. دیارە لەم سۆنگەیەشەوە گرنگە هـەر زوو ئـەوە جختبکرێتـەوە کـە هـەر هـەنگاوێکی سیاسی، تەنها بە مەبەستی بە سیاسیکردن و بە دیپلۆماسیکردنی کێشـەکان، نـاتوانێ ببێتـە زەمانـەتی سـەرکەوتنی ئەلتەرنـەتیڤێکی لـەم جـۆرە. بـە مانایـەکی تـر هـەر هەنگاوێك لەم بارەیەوە ئەگەر کۆك نەبێت لەگەڵ ستراتیژی ئەمریکا (بە مانا هـەرە فراوانەکەی لەناوچەو لە جیهان) ئەوا هەنگاوێکە دەتوانی زیانبـەخش بێـت بـۆ ئـەم ستراتیژیەتە نەك سوودبەخش.

دیاره بۆ زیاتر بەسیاسیکردن و بەدیپلۆماسیکرنی کێشەی عیراق، یا ڕاستتر بڵێین دۆزینەوەی چارەسەریەك بۆ ئەم کێشەیە، لە ڕاپۆرتەکەی (بیکەر- هاملتن)دا وا پێشنیار دەکرێ کەوا بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر ئەمریکا و سنووردانان بۆ تیرۆر لە عیراق دەبێ دەستبکری بە گفتوگۆ لەگەڵ ئێران و سوریا.[٨] بەهەر حاڵ، بە باوەڕی من پێشنیارێکی لەم جۆرە، هەتا ئەگەر نەکەوێتە بواری پراکتیکیشەوە، بە ڕادەی یەکەم تەفەکردنی خۆکوشتنە کە لە ڕوومەت و متمانەی نێونەتەوەیی و سیاسەتە هەرە بەرفراوانەکانی ئەمریکا لە جیهان وە بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت. لە ئاستی پراکتیکیشدا دەستپێکردنی دیالۆگ لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە، هەر نەبێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ڕەوایی بەخشینە بە ئەو سیاسەتی پشتگیریکردنی تیرۆر و خەرابکاریە کە ئەو دوو وڵاتە لە ناوچەدا پیادەی دەکەن. بە مانایەکی تر، دیالۆگێکی لەم جۆرە دەستی تێرۆر و لە لوبنان و جێگەی تر وە ئۆردوگای دژ بە هەر پێشوەچوونێکی ئاشتیانە، بە تایبەتی لە کێشەی ئیسرایل و فەلەستیندا، بەهێز دەکات. هەروەها هەنگاوێکی لەم جۆرە دەبێتە هۆی لە دەستدانی دەرفەتی بەرەوڕووبوونەوە لە فایلی "وزەی ئەتۆمی" ئێران، ئەو فایلەی کە ماوەیەکە جیهانی رۆژئاوا (بە تایبەتی ئەمریکا)ی بەخۆوە خەریك کردوە و جێگەیەکی تایبەتیشی هەیە لە ستراتیژی هەرە بەرفراوانی ئەمریکا لەجیهانی ئەمرۆدا. بە بۆچوونی من ئەم پێشنیارەی بیکەر- هامیلتن، کە دیارە زووتر سەنەتۆری دیموکرات (هیلەری کلینتن)یش کردوویەتی، ئاماژەیەکە لە ڕوانگەیەکی کورتخایەنەوە هیچ سوودێکی ئەوتۆی نابێت وە لە ڕوانگەیەکی درێژخایەوە دەتوانێ زۆریش زیانبەخش بێت بۆ ئەمریکا: دیالۆگ لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا پاشەکشەیەکی هەرەجددی دەبێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەکرێ ئەمریکا پاشەکشێیەك و بنبەستێك بە پاشەکشێیەکی جددیتر چارەسەر بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە رووداو و پێشوەچوونەکانی داهاتوودا دەردەکەوێ.

دیاره ئەلتەرنەتیڤی دووەم (کشانەوەی بەتەواوەتی لە عیراق)، بە تایبەتی ئەگەر بە پەلە بکرێ وە تیایدا هەندێ حیساباتی کورتخایەن لە بەرچاو بگیرێ (لە بری حیساباتی درێژخایەن)، دەتوانی بۆ ئەمریکا بە کارەسات تەواو ببێ. ئەم وڵاتە وەك زلهێزێك، کە ماوەیەکە لەو باوەڕەدایە و خەباتیش بۆ ئەوە دەکات کە لە جیهان و ناوچەدا ئەندازیاری گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکان بێت، دوور نیە بە هەنگاوی کشانەوەی

بە پەلەو بە تـەواوەتی دەستپێشخەری و "باڵادەسـتی" خـۆی لەمـەڕ گۆڕانکاریـەکان، نەك هەر لە عیراق بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش، لە دەست بدات. نەك هەر ئەوە بـەڵکو ڕەوتـی گۆڕانگاری و ڕووداوەکانی ناوچـە، بەهـەر حـاڵ لـە هەنـدێ ڕوانگەوە، بە توندی پەیوەندیدار دەکات. ئەگـەرێکی ئـەوها دەتـوانی ببێتـە هۆیـەکی تر بـۆ زێـدەبوونی تـەوژمی "تونـدڕەوی ئیسلامی" لـە ناوچـەو جیهـان وە هـەروەها کاریگەریەکی کارەساتئامێزیشی دەبێ بۆ کوردستان، بە تایبەتی باشووری کوردستان.

بە باوەڕی من، هەر نەبێ لە دیدێکی کوردسـتانیانەوە، دەکـرێ ئەلتەرنـەتیفی ٣ و ٤ (لە سەرەوە) بە یەکەوە گرێ بدەین. بەو جۆرەی کە لەباس و خواسەکاندا هاتووە، سـەرلەنوی دابەشـکردنەوە و ڕێکخسـتنەوەی هێزەکـانی ئـەمریکا لـە عـیراق و ناوچـە شانبەشـانی کشـاندنەوەی بەشـێك لـەم هێزانـە بـۆ ئـەمریکا، دەکـری دوو شـێوە، یـا یەکێك لەم شـێوانە، وەرگـرێ: ١) کشـانەوەی هێزەکـانی ئـەمریکا لـە عـیراق تـەنها بـۆ دەرەوەی شارەکان وە جێگیرکردنیان لە مەسافەیەکی دوور/نزیك لەو شارانە؛ یـاخود ٢) کشـانەوەی ئـەو هێزانـە بـۆ هەنـدێ وڵات (جێگـە)ی تـر کـە سـنووریان هاوبەشـە لەگـەڵ عیراقـی عـەرەبی (عـیراق بـەبێ باشـووری کوردسـتان). لـەم شـێوە دابەشکردنەوەش (واتە شێوەی دووەم) دوو جێگە لەبەر چاو گیراون، یا ڕاستتر بڵێین گفوگۆیان لەسەر کـراوە لـە باسوخواسـەکاندا، کـە یـەکێکیان کوێتـەو ئـەوی تریشـیان باشووری کوردستانە. بەهەر حاڵ، لەوە دەچی کـە ئـەمریکا لـە هـەردوو حاڵەتەکـەدا پێویستی بەوە هـەبێ کـە چـەند بنکەیـەکی سـەربازی لـە کوردسـتان دابمـەزرێنێ بـۆ ئەوەی لە لایەکەوە هێزەکانی لەوێ بحەوێنەوە و لەلایەکی تریشەوە لە ئامادەباشـیدا بن بۆ هەر ئەگەرێك. ئەوەش دەبێ بگوترێ کە گرنگی مانەوەی هێزە ئەمریکیـەکان لە کوێت و کوردسـتان تـەنها لـەوەدا نـابێ کـە لـە عـیراق بـەکار بهێنـرێن، بـەڵکو لـە داهاتووی نزیك یا دوور ئەرك و گرنگی ئیقلیمیشیان ببێ!

لـەبارەی بنـەجێبوونی هێزەکـانی ئـەمریکا لـە کوێـت یـا لـە باشـووری کوردسـتان، چەند پرسیارێکی گرنگ دێنە پێشەوە: ١) ئایا ئەمریکا لە هەنگاوێکی ئەوهادا کوێـت یا کوردستان، یا هەردووکیان هەڵدەبژێرێ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسـیارە پێویسـتە چەند شتێك تیشکی بخرێتەسەر.

بەر لە هەر شتێك بۆ کوێت ئاسان نابێ کە بەبێ دڵەڕاوکێ و بەبێ مەرج لێبگەڕێ ئەمریکیەکان بنکەی سەربازی هەمیشەیی (پەیوەندیدار بە کێشەی عیراق و ناوچـە)

لەسـەر خـاکی ئـەو وڵاتـە دابمـەزرێنن. لـەم حاڵەتـەدا کوێـت بـیر لـە کۆمـەڵی دەرهاوێشـتەی نێگـەتیڤ، کـە لـە دامـەزرادنی بنکـەی سـەربازی هەمیشـەیی و بەکارهێنانی ئەو هێزانە لە عیراق و ناوچە دەکەونەوە، دەکاتـەوە. ئـەم دەرهاوێشتە نێگەتیڤانە دەکرێ لە ئاستی سیاسەتی ناوەوەی وڵات و ئیقلیم و پەیوەندیە عـەرەبی و خـەلیجی و ئیسـلامیەکان دەربکـەون. نـابی هـەرگیز ئـەوەش لـەبیر بکـرێ کـە هەرچەندە کوێت دەوڵەتێکی بچووکە و ئەمریکا فـەزلی ڕزگارکردنیشی بەسـەر ئـەو وڵاتەوە هەبێ، ئەوا ئەو وڵاتە هەرنەبێ خـاوەنی سـەروەری "نەتـەوەیی" خۆیـەتی و بەسوود وەرگرتن لە پرەنسیپی "سەروەری نەتەوەیی" دەتوانێ، وە ئەگـەری ئـەوەش هەیە، دامەزراندنی بنکەی سەربازی ئەمریکی، پەیوەست بە کێشەی ئاسایشی عـیراق و ناوچە، ڕەتبکاتەوە؛ ٢) ئایا لە ڕووی ستراتیژیەوە ئەمریکیەکان کوردستان یا کوێت هەڵدەبژێرن؟

لەڕاستیدا وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نیـە. بەهـەر حـاڵ ئـەوە ئەمریکیـەکانن کـە هەڵسەنگاندنێکی لەم جۆرە دەکـەن و دواتـر بڕیـار لەسـەر ئەلتەرنەتیڤـەکان دەدەن. بە هەر حاڵ، خاڵێکی لاوازی کوردستان لەم بارەیەوە ئەوەیە کە ئەم وڵاتە داخراوە و سنووری هاوبەشی لەگەل ئاوی نێونەتەوەیی ئازادا، یا لەگەڵ وڵاتێك کە بـەبێ سێ و دوو قەبووڵی کرانەوە بۆ هاتووچۆی هێزەکانی ئەمریکا بکات، نیە؛ ٣) بـە بۆچـوونی خۆم، لەگەڵ هەندێ خاڵی لاوازی کوردستانیشدا، ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە ئەمریکا کوردسـتان، وەك تەواوکـەری ڕۆڵـی کوێـت وە هـەتا بگـرە وەك تاکـە ئەلتەرنـەتیڤ، هەڵبژێرێ بۆ دامەزراندنی هەندێ بنکەی سەربازی پێویست. دیارە لەم بارەیـەوە لـە ماوەی دواییدا هەندێ بۆچوونی گرنگ دەرکەوتن کـە بانگەشـەیان بـۆ بنـەجێکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە باشووری کوردستان کردووە. لەو دەنگانـەی کـە لـەم بارەیـەوە دەکرێ خاوەن کاریگەری بن (ریچارد هۆلبروك)ە کە بەر لە ماوەیەك پێشنیاری کرد کـە لـە چوارچـێوەی هەوڵەکانـدا بـۆ ڕێگـەگرتن لـە تورکیـا بـۆ ئـەوەی نەیەتـە نـاو باشـووری کوردسـتان هێزەکـانی (نـاتۆ) لـە کوردسـتان بنـەجێبکرێن. هـەر لـەو چوارچێوەیەشەدا بنەجێکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە باشووری کوردستان دێت. بـە پێـی بۆچـوونی هـۆلبروك هـەنگاوێکی ئـەوها هـیچ دژایەتیـەکی نـابێ لەگـەڵ بەرژەوەندیەکانی تورکیا، بەڵکو بگرە بوونی هێزی ئەمریکا لـە کوردسـتان هێمنـیش بەو وڵاتە دەبەخشێ.[١٠] بەهەر حاڵ، ئەم بۆچوونەی کە دەڵێ تورکیـا نیگـەران نـابی

له بنەجێکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە کوردستان، لە باشترین حاڵەتدا جۆرێك لە خۆشبینی سیاسی لەخۆ دەگرێ؛ تورکیا هەرگیز حەز ناکات جێگەو ڕێگەی ستراتیژی کوردستان بەهێز ببێ. لە لایەکی ترەوە ئەوە مانای وا نیە کە هەنگاوێکی لەم چەشنە ئەسڵەن شیاو نیەو ناڕازیبوونی تورکیا دەتوانی ڕێگە لە کردنەوەی بنکەی سەربازی لە باشووری کوردستان بگرێت. ڕاستە تورکیا زۆر پێی خۆش نابێت، بەڵام ئەوە دواجار ئەمریکایە کە لە ڕۆشنایی بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە بڕیاری ئەوە دەدات کە ئایا بنکەی سەربازی لە کوردستان دابمەزرێنی یان نا. لە ڕاستیدا بە پێی بۆچوونێکی ئەمریکی دەکرێ جۆرێك لە"تەکامولی ستراتیژی"[11] فەراهەم ببێ لە نێوان بوونی بنکەکانی ناتۆ لە تورکیا و بوونی بنکەی سەربازی ئەمریکی لە کوردستان: بە پێی پرەنسیپێك کە زیاتر هێنری کیسنجەر پێیوە ناسراوە وە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕەنگی داوەتەوە ئەوەیە کە دەکری دوو وڵات لەگەڵ یەکتردا نەسازێن، وە بگرە دژایەتیشیان لەگەڵ یەکتردا هەبێ، بەڵام هەردووکیشیان دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکا بن. بەم مانایەش ئەگەر پێداویستی خۆی فەرزکرد ئەوا بێگومان ئەمریکا دەتوانێ بنکەی سەربازی لە کوردستان دابنێ بەبێ ئەوەی هەڵوێستی تورکیا، بەزەرورەت، توانیبێتی ڕێگر بێت.

بەهەر حاڵ، دوای ئەزموونی جەنگی عیراق کە تورکیا (بە پێی بڕیارێکی پەرلەمان لە ١ی مارسی ٢٠٠٣) ڕێگەی نەدا هێزەکانی ئەمریکا بە خاکیدا تێبپەڕن بۆ ناو کوردستان/عیراق، ئەمریکا ئەوە باش دەزانی کە لە حاڵەتێکی هاوشێوەی پێویستدا ئەگەری زۆرە کە تورکیا هەمان هەڵوێست دووپات بکاتەوە. ئەوەی کە گرنگە لێرەدا بگوترێ ئەوەیە کە، لە بەردەم ئەگەری دانانی بنکەی سەربازیی ئەمریکی لە کوردستان، نابێ لایەنی کوردی هەر وا بە ئاسانی بە هەنگاوێکی ئەوها ڕازی بێت: ڕاستە کورد خاوەن سەروەری نەتەوەیی نیە کە بە ئاسانی بتوانی بڵێ نا، بەڵام دیسان گرنگە قەبوڵکردنیش لە دوای کۆمەڵێ هەڵسەنگاندن و "حیسابات" و دانانی مەرج بێت!

پرسیار ئەوەیە ئایا لایەنی کوردی لە حاڵەتێکی ئەوهادا چ بەرامبەرێك (مقابل) لە ئەمریکا داوا دەکات؟ بە باوەڕی من قەبوڵکردنی ئەوەی کە ئەمریکا بە هەوەسی خۆی بنکە بکاتەوە لە باشووری کوردستان بەبێ ئەوەی کە ستاتوی سیاسی و دیپلۆماسی ئەو بەشەی کوردستان ڕوون بووبێتەوە و وەسەرخرابێ هەڵەیەکی

گەورەیە: مەبەستیش لە سەرخستن ئەوەیە کە کوردستان وەك هەرێمێکی فیدرالی بۆی نیە ڕێگە بە (یا داوەتی) هێزێکی بیانی بکا. بڕیارێکی ئەوها ڕێك لە دەسەڵاتی حکومەتی عیراقی (مەرکەزی/ئیتیحادی) دایە. بەم مانایەش پێویستە کوردستان ببێ بە خاوەن سەروەری (یا شێوە سەروەریەك) بۆ ئەوەی بتوانێ، یاخود مافی ئەوەی هەبێ، بڕیارێکی ئەوها بدات. دەبێ مرۆڤ ئەوە بزانێ کە لایەنی عەرەبی، لە چوارچێوەی سیستەمی فیدرالیدا بە پێی ئەو دەستورەی کە کورد خۆی قەبووڵی کردووە، ڕێگە بە کورد نادات کە یەکلایەنە بکەونە ناو هەندێ تەرتیباتی سیاسی و ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکا.

بە کورتی، لە ڕوانگەیەکی کوردستانیەوە، دامەزراندنی هێزەکانی ئەمریکا لە کوردستان ئەوە پێویست دەکات کە لایەنی کوردی داوای چەند شتێك بکا: ١) وەسەرخستنی ستاتوی سیاسی و دیپلۆماسی کوردستان لە حاڵەتی هەرێمێکی فیدراڵی بۆ حاڵەتێك کە دەوێدا کوردستان ببێ بە خاوەن سەروەری نەتەوەیی، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو سەروەریە نەتەوەییەوە مافی هەبێ داوای مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بکات؛ ٢) پرۆتۆکۆڵێکی ڕەسمی و ئاشکرا، وە باشتریش ئەگەر ئەم پرۆتۆکۆلە پشتگیری (ناتۆ) ی لە پشت بێت (کە تیایدا شێوەی پەیوەندی و ئیلتیزاماتەکان دیاری بکرێت) مۆر بکرێ لە نێوان لایەنی کوردی و لایەنی ئەمریکی؛ ٣) بۆ ئەوەی کوردستان وەك "هاوپەیمان" نەبێتە بارگرانایی بەسەر ئەمریکاوە پێویستە ئەو وڵاتە (واتە باشووری کوردستان) بنەمایەکی ئابووری بەهێزی خۆی هەبێ، بەم مانایەش کوردستان بەبێ کەرکوك ناتوانی لە ڕووی ئابووریەوە ئەو وڵاتە بە هێزە بێت؛ ٤) دەبێ بۆ لایەنی ئەمریکی و کوردی ئەوە ڕوون بێ کە گەلی کوردستان مۆری ئەمریکا (بگرە لەوەش خەراپتر مۆری دەستی درێژی ئەمریکا لە ناوچەو ئیسرائیلی دووەم)ی کەوتۆتە سەر وەدەکرێ ئەگەر ڕووداوەکان بە ئاقارێکی ترسناکدا بڕۆن (وەکو ئەوەی کشانەوەی بە پەلە و ناڕێکخستووی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق و کوردستان) بە زیانێکی زۆر وە بگرە بە کارەسات بۆ کورد تەواو ببێ!

هەر لە چوارچێوەی ئەلتەرنەتیڤی (٣ و ٤دا، لەسەرەوە) نووسەری ئەم وتارە پێشتر لە زۆر بۆنەدا ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە بەرامبەر حاڵەتی سەرکەوتنی ئەمریکای ١٠٠٪ لە عیراق یا دژەکەی (شکستی ١٠٠٪) حاڵەتی سێهەم هەیە کە دەتوانێ

ئەلتەرنەتیف بێت بەرامبەر بە ئەو دوو حاڵەتە ئەویش ئەوەیە کە ئەمریکا بگاتە ئەو قەناعەتە، کە لەوە دەچی کەم یا زۆر پێشی گەیشتبێ، کە ئیتر وەدەستهێنانی سەرکەوتنی بە تەواوەتی (١٠٠٪) لە باشترین حاڵەتدا ئاسان نیە واتە ڕازی بێت بە ڕادەیەك/ئاستێك لە شکست/سەرکەوتن. وەك چۆن کاتی خۆی لە ئاکامی جەنگی کۆریا (لەچوارچێوەی سەرەتاکانی جەنگی سارد)دا ئەمریکا دەستی بە کۆریای باشوورەوە گرت وە ئەوەی قەبوڵکرد کە ناتوانی تەواوی کۆریا بە هەردوو بەشەکەی بەدەستبهێنی وە بەم پێیەش کۆریای باشووریش دەستی بەئەمریکاوە گرت (لە هەردوو حاڵەتدا دژ بە تەوژمی کۆمونیزم)، دەکرێ ئەم ئەزموونە ببێ بە نەموزەجێك کە خۆی دووبارە بکاتەوە لە حاڵەتی باشووری کوردستان و ئەمریکا. هەڵبەتە پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە کە ئایا ئەمریکا چەند ئامادەیە ئەم ئەلتەرنەتیڤە تاقیبکاتەوە، هەر بەم شێوەیەش گرنگە بزانین ئایا لایەنی دەستهەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان چەند ئامادەیە کە بۆ ئەلتەرنەتیڤێکی لەم شێوەیە کار بکات وە ئایا ئەسڵەن گەیشتۆتە خاڵی بێهیوابوون لە پرۆژەی دەوڵەتی یەکبووی عیراق؟[١٢]

## ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتن

هەر وەك لە سەرەوە گوترا، مەبەستی سەرەکی ئەم وتارە پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر ڕاپۆرتەکەی بیکەر- هاملتن نیە، بەڵکو باسکردنیەتی لە سنووری پێویستدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لە سەرەتای باسەکەدا کراوون. بەهەر حاڵ، زۆر بە گشتی ئەو ڕاپۆرتە وێنەیەکی ناڕوون وە بگرە تاریکیش لە ئەمڕۆی عیراق و سیاسەتی ئەمریکا وە هەروەها باشووری کوردستان لەم پەیوەستەدا دەخاتەڕوو. نووسەرانی ئەم ڕاپۆرتە گرنگیەکی پێویستیان بە بۆچوونی کوردی نەداوە، یا ڕاستتر بڵێین گرنگیەکی زۆر کەمیان پێداوە. بە تایبەتی ژمارەیەك لە پێشنیارەکانی ڕاپۆرتەکە ڕاستەخۆ بوونەتە هۆی نیگەرانی و دڵەڕاوکی لە لای سەرانی کورد. لە چڕکردنەوەی ڕاپۆرتەکە لەیەك ڕستەدا دەتوانین بڵێین: عیراقی دیموکراتی بەدەست نەهات و ترسی لە دەستچوونی کوردستانیش هەیە.[١٣]

ڕاستە ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتن دەربارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە لە مەسەلەیەکی زۆر تایبەتیدا، بەڵام بە بۆچوونی من بە هەمان ڕادە ڕاپۆرتەکە

دەربڕی ئەو بنبەست و ئاکامـە کارەساتئامێزەیە کـە دامەزرانـەوەی دەوڵـەتی عـێراق پێگەیشتووە. لە تێبینییەکی گشتیدا لەو کاردانەوانەی کەتا ئێستا لـە لایـەنی ڕەسمـی کوردیەوە دەربارەی ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتن دەرچوون، ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوی کـە جـارێکی تـریش سـەرکردایەتی سیاسـی لـە باشـووری کوردسـتان نـاخوازێ بـاس لـە چەوتیەکانی خۆی بکات وە بە شێوەیەکی ڕخنەگرانە ڕۆلی خۆی هەڵبسەنگێنێ. ئەو سەرکردایەتیە دەخوازێ خۆی وەکو قوربانی بخاتە ڕوو، وەکـو ئـەوەی کـە لـە مـاوەی ڕابردوودا ئەکتەرێکی کارا نەبووبێ لە پرۆسەی ژیاندنەوەی دەوڵەتی عیراق.

لـە کاردانـەوە ڕەسمیـە کوردیەکانـدا، ڕاگەیانـدنی سـەرۆکی/سـەرۆکایەتی هـەرێم، مەسـعود بـارزانی، دەربـارەی ڕاپۆرتەکـەی بیکـەر- هـاملتن کــە لــە ٢٠٠٦/١٢/٧ ڕاگەیەندراوە، جێگەی سەرنجە.[١٤]

لایەنی کوردی بـە بـاوەڕێکی زۆرەوە لـە سێ سـاڵ و نیـوی ڕابـردوودا شانبەشـانی ئەمریکا کاریان کردووە بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەو عیراقە "دیموکراتی و فیدرالیەی" کـە ئـەمڕۆ بەبنبەسـت گەیشـتووە. وە هـەر لـە چوارچـێوەی ئـەو بـاوەڕەی کـە ئـەم پڕۆژەیـە سـەرکەوتوو دەبـێ، وە بـۆ ئـەوەی لـە پراکتیکـدا سـەرکەوتوو بـێ، لایـەنی سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان کاری لەگەڵ مەسـەلە هـەرە هەسـتیار و چارەنووسەسـازەکاندا کـردوە، وەکـو کێشـەی کـەورکوك و پێداچـوونەوەی دەسـتور و...هتـد. لـەم بۆچـوونەوە پێویسـتە هەڵسـەنگاندنی هەنـدێ خـاڵی گرنگـی ڕاپـۆرتی بیکەر- هاملتن و کاردانەوەی سەرکردایەتی کورد بکەین. بە مانایەکی تر نـاکرێ لـەو بـارەی کـە شـتەکانی پێگەیشـتووە ئـەو سـەرکردایەتیە وا بـە ئاسـانی خـۆی لـە دەرهاوێشـتەو ئاکامـەکانی کـاری سـێ سـاڵ و نیویـان بـۆ دامەزراندنـەوەی عـێراق بدزنەوە. لێرەدا بە شێوەی چەند خالێك ئـەم شـێوە بۆچوونە، واتـە هەڵسـەنگاندنی کێشەکان لە ڕێگەی بینینی هەردوو دیوی دراو، پیادە دەکەم:

١) پێشـنیاری بیکـەر- هـاملتن بـۆ "بەنێونەتـەوەییکردن و دواخسـتنی" چارەسـەری مەسەلەی کەرکوك کاردانەوەی نێگەتیڤانەی لای سـەرکردایەتی باشـووری کوردسـتان دروسـتکردووە. لـەم بارەیـەوە کاردانـەوە کوردیەکـە، وەکـو بلێـی، خۆدزینـەوەی سەرکردایەتی کوردیە لە بەرپرسی لـە کێشـەی کـەرکوك. مـرۆڤ بـە ئاسـانی دەتـوانێ بپرسێ ئایا ئەو هەموو ماوەیەی ڕابردوو بۆ مەسەلەی کەرکوك چی کراوە تا بە پێی ئــەوەی کەلایــەنی کــوردی خــۆی کردوویــەتی ڕاســپاردەکانی بیکــەر- هــاملتن

هەڵسەنگێنین نەك لە ڕێگەی دەربڕینی حەزەكانی ئەو سەركردایەتیەوە. لێرەدا پرسیارێكی جددی ئەوەیە: بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو كاتە زۆرەی كە لەدەستدراوە وە لە ڕووی پراكتیكیەوە بۆ كەركوك - كەم یا زۆر- هیچ نەكراوە و كاتێكی كەم ماوە و كارێكی زۆر ماوە كە بكرێ، ئایا ڕاستیەكەی باشتر نیە سەركردایەتی كورد خۆی بگاتە ئەو قەناعەتە كە بەڵێ مەسەلەی كەركوك كاتی زۆرتری پێویستە؟ ئایا سەركردایەتی كورد ڕازی دەبێ بە ئەنجامدانی ریفراندەم دەربارەی چارەنووسی كەركوك بەبێ ئەوەی باری كەركوك و ناوچەكانی تر ئاسایی كرابێتەوە؟ ئایا ئەگەر ئەو كاتەی كە ماوە بەشی ئاساییكردنەوە و چارەسەركردن و ڕاستكردنەوەی زوڵمە مێژووییەكانی نەكرد كە لە مەسەلەی كەركوك و ناوچەكانی تردا لە كورد كراوون، سەركردایەتی كورد هەر ڕازی دەبێ بە ئەنجامدانی ریفراندەم؟ ئایا كە سەركردایەتی كورد نەیتوانی پێشتر لە زەمەنی كوردیدا (مەبەست ئەو كاتەی كە ڕۆیشتووە و جێگەو ڕێگەی كورد بەهێزتر بوو لە ئەمڕۆ) كەمێكیش بەدەست بهێنی لە مەسەلەی كەركوك، چۆن دەتوانێ لە زەمەنی عەرەبیدا (واتە ئەو كاتەی لایەنی عەرەبی خۆی بەهێز كردووە) ئەو هەموو كارەی ماوە لە پرۆسەی بەئاساییكرنەوە و چارەسەری یەكجارەكی بەئەنجام بگەیێنێ؟ دواجار سەیر ئەوە دەبێ ئەگەر هەمان ئەو سەركردایەتیە، كە ئەمڕۆ بیرۆكەی درێژكردنەوەی كات بۆ چارەسەری كێشەی كەركوك ڕەتدەكاتەوە، لە سبەینێیەكی نزیكدا خۆی داوای درێژكردنەوەی ئەو كاتە بكات!

سەرۆكی هەرێمی كوردستان، مەسعود بارزانی، ئەوەش ڕەتدەكاتەوە كە كێشەی كەركوك "بخرێتە ئەستۆی گروپی نێودەوڵەتی پشتیوانی عێراق،" وە جەخت دەكاتەوە كە"دەستور میكانیزم و ماوەی جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ی دیاریكردووە."[١٥] ئەوە لە حاڵێكدا كە لایەنی كوردی خۆی بە نێونەتەوەییكردنی كێشەی كەركوكی قەبووڵكردووە؛ نەك هەر ئەوە بەڵكو كاتی خۆی هەوڵی زۆریشیدا كە ئەو بەنێونەتەوەییبوونە لە دەستوردا بچەسپێ. لە مادەی ٥٨، كە دواتر بە تەواوەتی لە ماددەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەییدا چەسپاوە، هاتووە كە"لە حاڵەتی نەگەیشتن بە چارەسەری كۆتایی كێشەی كەركوك، ئەنجومەنی سەرۆكایەتی بۆی هەیە داوا لە نەتەوەیەكگرتووەكان بكات كە كەسایەتیەكی نێودەوڵەتی لێوەشاوە دیاری بكات بۆ تەحكیم لە بابەتی كەركوكدا." لە ڕاستیدا لە كاتی بڵاوبوونەوەی

دەستور، سەرکردایەتی کورد ئەم بەنێونەتەوەییکردنە دەستوریەی کێشەی کەرکوکی بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ کورد لە قەڵەمدا. بە بۆچوونی من جیاوازی لە نێوان بەنێونەتەوییکردنەکەی بیکەر- هاملتن کە پێشنیاریان کردووە بۆ کێشەی کەرکوك وە لە گەڵ ئەو بەنێونەتەوەییکردنەی کە لە دەستوردا هاتووە تەنها لە ناو وردەکاریەکاندایە و هیچی تر!

٢) ڕاگەیاندنەکەی سەرۆکی هەرێم پێشنیارەکەی بیکەر- هاملتن، کە"داهاتی نەوت بخرێتە ژێر دەستهەڵاتی حکومەتی ناوەندیەوە و لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان دابەشبکرێ،" ڕەتدەکاتەوە. لە لایەکی ترەوە، ئەوەی ڕاستی بێت پێشنیارەکەی بیکەر- هاملتن شتێکی زۆر جیاواز نیە لەوەی کە لە دەستوری هەمیشەییدا هاتووە. لە ماددەی ١٠٩ی ئەم دەستورەدا هاتووە کە"نەوت و گاز موڵکی هەموو گەلی عیراقە لە گشت هەرێم و پارێزگاکان"، وە لە ماددەی ١١٠دا هاتووە کە"حکومەتی ئیتیحادی لەگەڵ حکومەتەکانی هەرێمەکان و پارێزگاکان هەڵدەستێ بە بەڕێوەبردنی ئەو نەوت و گازەی کە لە کێڵگەکانی ئێستا دەردەهێنرێ بەشێوەیەك کە داهاتەکەی بە یەکسانی بەسەر دانیشتوانی هەموو وڵاتدا دابەشبکرێ." لە خوێندنەوەی ئەو دوو ماددەیەی دەستور (١٠٩ و ١١٠) دەتوانین چەند دەرەنجامێك هەڵێنجین: أ) لە مەسەلەیەکی ئەوها هەستیار و ستراتیژیدا (نەوت و گاز) پارێزگاکان و حکومەتەکانی هەرێمەکان یەکسانکراوون وەلەم یەکسانکردنەشدا، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ڕۆڵ و گرنگی حکومەتەکانی هەرێمەکان زۆر کەمکراوەتەوە؛ ب) بەپێی ماددەی ١١٠ تەنها ئاماژە بە بەڕێوەبردنی ئەو نەوت و گازەی کە ئێستا دەردەهێنری کراوە و بەڕاشکاویش باسی ئەوە نەکراوە کە ئەو نەوت و گازەی لە دواڕۆژدا دەردەهێنری چۆن بەڕێدەبرێ وە ئایا لەم حاڵەتەدا داهاتی نەوت و گاز لە هەرێم و پارێزگاکان دەکەوێتە ژێر دەستی هەرێم و پارێزگاکان خۆیان یا نا؛ ٣) ئەوەی لە هەمووی گرنگترە ئەوەیە کە لەم مەسەلە هەستیارەدا هیچ تایبەتمەندیەك نەدراوە بە هەرێمی کوردستان؛ ئەو هەرێمە نەك هەر جیانەکراوەتەوە و مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ نەکراوە بەڵکە یەکسانیش کراوە لەگەڵ پارێزگاکان، بەو مانایەش ستاتوی هەرێمی کوردستان وەك ستاتوی هەر پارێزگایەکە!

٣) سەرۆکی هەرێم، لە ڕاگەیاندنەکەیدا، بیرۆکەی پێداچوونەوەی دەستوری بە بەشداری پسپۆرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕەتدەکاتەوە. کەچی لە لایەکی ترەوە

بیرۆکەی پێداچوونەوە بەدەستوردا نەك هەر بیرۆکەیەکی تازە نیە، بەڵکو بگرە لایەنە عیراقیەکان (بە کورد و) و ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە ئەو پێداچوونەوەیان لە قۆناغێکی زووتردا قەبووڵکردوە وە بڕیاریشی لەسەر دراوە. هەمان ئەو سەرکردایەتیەی کە ئەمڕۆ نارازیە لە پێشنیاری بیکەر- هاملتن لە مەر پێداچوونەوەی دەستور، پێشتر وە لە هەنگاوێکی زۆر نادیموکراتیانەدا، ئەوەیان قەبووڵکرد کە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق (بۆ چوار سال) لیژنەیەکی دەستنیشانکراو لە لایەن پەرلەمانەوە بە دەستوردا بچێتەوە و گۆڕانکاری تیادا بکات؛ ئەوەش مەسەلەی ووردەکاری و تەفسیر و تەفسیرکاریە کە ئایا چ گۆڕانکاریەك وە چەند. بۆ دەڵێم نادیموکراتیانە، چونکە ئەم قەبووڵکردنە دوای ئەوە هات کە پەرلەمانی کوردستان ڕەشنووسی دەستوری قەبووڵکردبوو وە لەوەش زیاتر لە ریفراندەمێکی گەلیدا (لە ئاستی عیراق و کوردستان) ڕەشنووسەکە دەنگی بۆ درابوو. لە ڕاستیدا بە قەبووڵکردنی ئەم ڕەشنووسە، کورد دەستورێکی قەبووڵکرد کە هیچ زەمانەتێکی بێ سێ و دوو بە کورد نادا بۆ کاتی پاشەکشەو بنبەست، بەڵکو بگرە ئەوەی بەدەستیش هاتووە ترسی لەدەستدانی هەیە. جگە لەوە، بەپێی بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان ١٥٤٦ (لە ٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٤) پسپۆرانی نەتەوە یەکگرتووەکان (وەك هاریکار- یارمەتیدەر) ئەو ماف و ڕۆڵەیان پێدرا کە بەشداریبکەن لە نووسینەوەی دەستوردا، جا قسە لەسەر ئەوە نیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵیان هەیە یا نا، بەڵکو ڕۆڵیان **چەندە و چۆنە**. بەم مانایەش پێشنیارەکەی بیکەر- هاملتن دەربارەی "بەشداری پسپۆرانی نەتەوە یەکگرتووەکان" شتێکی تازە نیە. لە ڕاستیدا لەبەرهەمهێنانی دەستوری هەمیشەییدا پسپۆرانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی گرنگی خۆیان بینی. پرسیار ئەوەیە ئایا دەکرێ بڵێین کە سەرکردایەتی کورد، کەم یا زۆر، ئاگادار نیە لەوەی بەر لە دوو ساڵ چ بڕیارێکیان داوە و چیان قەبوڵکردووە و چی ڕوویداوە؟

دواجار خەڵکی کوردستان بۆی هەیە بپرسێ ئایا ئەو گفتوگۆیانەی نێوان سەرۆك کۆمار، جەلال تاڵەبانی، لە لایەك وە گروپی بیکەر- هاملتن، لە کاتی ئامادەکاری بۆ ڕاپۆرتەکە، ڕوویانداوە چی بوون وە ئایا تاڵەبانی توانیویەتی بە ڕاشکاوی بۆچوون و نیگەرانیەکانی کورد بگەیەنێت؟ من گومانم هەیە، لەبەر هۆیەکی سادە: تاڵەبانی سەرۆکی هەموو عیراقە! جگە لەوەش بەپێی ڕاگەیاندنەکەی بارزانی، گروپی بیکەر-

هاملتن بـه نامەیـەك لەلایـەن سـەرۆكی هەرێمـەوە ئاگادارکراونەتـەوە لـە بۆچـوونی لایــەنی کــوردی بــەڵام گروپەکــە"هــیچ گرنگیــەکی بەنامەکــە نــەداوە و نەشــیان خوێندۆتـەوە."[١٦] پرسـیار ئەوەیـە ئایـا نـەدەکرا زۆر بـەر لـە دەرچـوونی راپۆرتەکە خــەڵکی کوردســتان لــە نامەکــە و نیگەرانیــەکان ئاگــادار بکرێنــەوە بــۆ ئــەوەی بـۆ جارێکیش بێت کورد وەپێش ڕووداوەکان بکەوێ و بەر لە تـەڕبوون مشووری چەتر بخوات؟

بە هەرحاڵ مەرج نیە دەستهەڵاتدارانی ئەمریکا هەموو ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی ڕاپــۆرتی بیکــەر- هــاملــتن لەبەرچــاو بگــرن، چ جــای ئــەوەی کــە بــە هــەموو ووردەکاریەکانیــەوە وەك خــۆی قەبوڵیبکــەن. لــە لایــەکی تــرەوە ئــەم ڕاپۆرتــە دەرفـەتێکی تـر بـە دەسـەڵاتدارانی ئـەمریکا دەبەخشـێ کـە پێداچـوونەوەیەك بـە سیاسەتەکەیاندا بکەن وە لەوەش گرنگتر ئەو باسوخواسانەی کە لە ئاستی جیاجیای ڕەسمی و ناڕەسمی لە ئەمریکا دەربارەی ڕاپۆرتەکە دەکرێن گرنگی تایبـەتیان دەبـێ بۆ "بەنەتەوەییکردنی"[١٧] کێشەی عیراق وە سیاسەتی ئەمریکا لەم پەیوەستەدا. لەم بارەیەوە ڕاپۆرتەکە، هەتا ئەگـەر بەشـێکی کەمیشـی وەك هـاتووە وەربگـیرێ، توانـای ئــەوەی هەیـە کـەببێ بـە پلاتفـۆڕمێکی هاوبـەش بـۆ کۆمـاری و دیموکراتــەکان بـۆ گەڵاڵەکردنی ستراتیژێکی هاوبەش.

## دەرەنجام

ئەو کێشانەی کە لەگەڵ دامەزرانی عیراق ئامادەییان هەبوو، بە تایبەتی لە ساڵانی حــومکڕانی بەعســدا خەســتبوونەوە و چــڕبوونەوەیان بــەخۆوە بینیــوە. لــە دوای کــەوتنی دکتــاتۆر ئــەو هــەموو کەڵەکەبوونــە مێژوویيــە (بــە تایبــەتی دەرهاوێشــتە کولتوری و سیاسیەکانی ساڵانی حوکمرانی بەعس) لەگەڵ هەنـدێ تـوخمی تـازە، کـە بەشێکیان درێژبوونەوەی ڕووداوە ئیقلیمی و جیهانیەکانن، بـە شـێوەیەکی خوێنـاوی خۆیان دەردەبڕن.

بــەرەوڕووی بۆتــەوە، پێویســتی بەوەرچــەرخانێك هەیــە. بــەردەوامبوون وە پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە عیراق وەك دەوڵـەتێکی یـەکبوو بمێنێتـەوە، بـە ئەگـەری زۆر بارەکە بەرەو پشێواوی زێـتر دەبـات؛ لـە ڕاسـتیدا کێشـەکە زۆرتـر دەرهاوێشـتەی ئەو پێداگرتنەیە. دیارە ڕاپۆرتەکەی بیکەر- هـاملتن سـەر لـەنوێ پێداگرتنـە لەسـەر

پرۆژەی دەوڵەتی عیراقی یەکبوو، وە بگرە بە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزەوە ،ئەو پرۆژەیەی لە سەرهەڵدان و درێژبوونەوەیدا (١٩٢٠ ــ ٢٠٠٣)، کۆمەڵێك تراژیدیا و کۆمەڵکوژی و کیمیابارانکردنی کوردی لێکەوتەوە.

بەڵام ئەوەی کە، لە لایەکی ترەوە، بەپێی پێویست باسی ناکرێ و پێی لەسەر داناگیری ئەو پرسیارەیە ئایا ئەوەچی بوو وای لە سەرکردایەتی سیاسی کورد کرد کە باوەڕی وابێت لەو هەموو پێکهاتەیەی عیراق دەتوانرێ دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی پڕ لە ئاشتی و خۆشگوزەرانی بەرهەمبهێندرێت؟ دیارە لەم وتارەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە باوەڕبوون بە ئۆتۆنۆمیزم (وەك پێکهاتەیەکی کولتوری و فیکری و سیاسی) وە دیموکراسی بۆ عیراق بنەمای هەرەگرنگی بیروباوەڕی سەرکردایەتی سیاسی بووە بەوەی کە عیراقی دیموکراتی و فیدرالی بەرهەمهێنانی شیاوە. نەك هەر ئەوە بەڵکو هەر ئەم پرۆژەیەی "عیراقی دیموکراتیە" ساڵانێکی زۆر قوربانیشی بۆ درا، وە لە سێ ساڵ و نیوی ڕابردوودا ئەم سەرکردایەتیە هەموو هێز و توانای لە پێناو بەرجەستەکردنی ئەم پرۆژەیە بەکارهێنا.

چارەسەریەکی سیاسی دادپەروەرانەی کێشەی کورد ناکرێ لەسەر پێشوەچوون و بەردەوامبوونێکی نادادپەروەرانەی مێژوویی بینابکرێ، وە ئەگەر هەر کرا، ئەوا زوو یا درەنگ، جارێکیتر بە ئەگەری زۆر بە بنبەست دەگاتەوە.

راپۆرتی بیکەر- هامیلتن بەڕادەیەکی زۆر پشتکردنە لە"دۆستانی" ئەمریکا، بە تایبەتی کورد، وە موجامەلەکردنی ناحەزانی ئەمریکایە لەناوە و دەرەوەی عیراق: لە ناوەوەی عیراق مەبەست رازیکردنی سوننەی عەرەبە وە لەدەرەوەش موجامەلەکردنی ئێران و سوریایە؛ ئەمەش هەمووی لە پێناو بەئەنجامگەیاندنی پرۆژەی دەوڵەتی عیراقە. لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئەم راپۆرتە، رێك وەکو خۆی، بخرێتە بواری پراکتیکەوە ئەوا لە ئاکامدا، بە ئەگەری زۆر، ئەمریکا نە دەتوانی ناحەزانی خۆی لەخۆ نزیککاتەوە و دۆستانی خۆشی لە دەستدەدات. بە مانایەکی تر ئەوەی کە راستەوخۆ پەیوەندی بە عیراق و چارەنووسی باشووری کوردستانەوە هەیە ئەوەیە کە بەدەستهاتنی عیراقی فیدرالی و دیمۆکراتی لە باشترین حەڵەتدا ئاستەمە و لەدەستچوونی نیمچە ئازادیەکەی کوردستانیش ئەگەرێکی جددیە.

لە لایەکی ترەوە، لەوە دەچێ سیاسەتە کوردیەکان زۆربەی جار سەرپێیی بن: ئەو شتەی ئەمڕۆ خەباتی بۆ دەکرێ، سبەینێ بۆی دەربکەوی کە هەمان شت لە

بەدەستهاتنیدا نەك هەر بە قازانجی کورد نیە بەڵکو لە زەرەریشیەتی. ئەم بۆچوونە ڕێك مەسەلەی کەرکوك و کێشەی نووسینەوەی دەستور دەگرێتەوە. کی دەڵی لە بارودۆخێکی تازەدا بە نێونەتەوەییبوونی کێشەی دەستور و کێشەکانی تر، وەك کەرکوك، بەزەرووورەت بە زیانی کورد تەواو دەبیّ. بە باوەڕی من قەیرانێکی دەستوری لە ئاستی نێونەتەوەیی لەوانەیە فەراهەمبوونی دەرفەتێك (کرانەوەی دەروازەیەك)ی تری بۆ کورد لێبکەوێتەوە. بە باوەڕی من کێشەکە لە نێونەتەوەییبوون یا نەبوونیدا نیە، بەڵکو لە شێوەی تێگەیشتن و هەڵسوکەوتی سەرکردایەتیدایە: بەهەرحاڵ پێداگرتن دەتوانیّ کاریگەری هەرە گرنگ لە زۆر لە دەرهاوێشتەکانی ئەو ڕووداوانە بکات کە لە پێش ئێمەن. دیارە ترسی سەرکردایەتی جارێکیان لە بەنێونەتەوەییبوونە بەڵام جارێکی تریشیان لە بەناوخۆییبوونی (بەعیراقیبوونی) کێشەی کورد، ڕەنگدانەوەی ئەو شێوە ئایدیۆلۆژی و خەباتە سیاسیەیە کە چوارچێوەکەی ئۆتۆنۆمیزمە.[18] بەو مانایەش، دوور نیە هەمان ئەو بەنێونەتەوەییکردنەی کێشەکان، کە ئەمڕۆ لە کاردانەوەی سەرکردایەتیدا ڕەتدەکرێتەوە، سبەینیّ ببێتە داواکاریەکی کورد لە بەرامبەر هێرش و ڕەتکردنەوەی لایەنی عەرەبی و زێدەبوونی ترس لە خۆکێشانەوەی ئەمریکا لە عیراق!

## هەندیّ بیروبۆچوون و "پێشنیار"

لەم بەشەی وتاردا هەوڵدەدەم چەند بیروبۆچوونێك بخەمەپێش چاو، بەڵکو وەك بەرچاوڕوونیەك و بەشداریەك لە گفتوگۆکاندا وەربگیرێن. مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە کە قۆناغەکە دوور لە هەندی دروشم و موزایەدە و بڕیاری بە پەلە پێویستی بە خوێندنەوە و لێوردبوونەوە هەیە. دەمەویّ ئەوەش بڵێم کە ئەم بیرو بۆچوونانە چەند ڕوویان لە دەستهەڵاتدارانی کوردستانە، هەرنەبیّ ئەوەندەش ڕووی لە ڕای گشتی کوردستانیە:

١) پێویستە سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان، هەرچی زووە، هەوڵی ڕێکخستنی گروپێك لە پسپۆر و شارەزایان بدات. کاری ئەو گروپە ئەوەبیّ کە، بە شێوەیەکی بابەتیانە و لە ئاستێکی زانستی پێویستیدا و لە دیدێکی کوردستانیەوە، پێداچوونەوەیەك بە ئەو سیّ ساڵ و نیوەی ڕابردووەوە بکات. ئەم گروپە پێویستە لە پسپۆرانی شارەزا و تەواو سەربەخۆ پێکبێت وە بەهیچ شێوەیەك کاریگەری

حزبی یا هەرشێوە کاریگەریەکی تری، لەدوور و نزیکەوە، لەسەر نەبێت. بەرهەمی کاری ئەم گروپە نەك هەر لێکۆڵینەوەبێت، بەڵکو بتوانێ لە هەموو مەسەلە پەیوەندیدارەکاندا پێشنیاری پێویست بکات.

٢) بە باوەڕی من لەم قۆناغەدا ڕاگەیاندنێکی چەند خاڵی لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە بەس نابێت بۆ وەڵامێکی پڕ بە پێستی ئەگەر و نیگەرانی و پرسە هەنووکەییەکانی باشووری کوردستان. ئەم قۆناغە پێویستی بە زێتر هەیە لە ئاستی یەکخستنی سیاسەتەکان وە تێکەڵاوکردنی جەماوەر و ڕای گشتی کوردستان بە شێوەیەکی پۆزەتیف و پێویست. ئەم قۆناغە چەند ڕەخنە لە هەڵوێستی بیکەر - هاملتن هەڵدەگرێ، ئەوەندەش بەخۆداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی سیاسەتە کوردیەکان و ڕخنەلێگرتنیان پێویست دەکات.

٣) ئەم قۆناغە پێویستی بە، بۆ نموونە، ئەوە هەیە کە سەرۆکی هەرێم "وتارێك بۆ نەتەوە" پێشکەش بکات کە تیایدا بە شێوەیەکی کراوە و شەفافیەتەوە دەستنیشانی کەموکووڕیەکان لە سیاسەتە کوردیەکاندا بکرێ وە شێوە بۆچوونی سەرکردایەتی سیاسی بۆ مەسەلەکان روونبکرێتەوە. ئەمڕۆ سەرکردە و جەماوەری کوردستان ڕاددەیەکی نیگەرانییان پێویستە، نەك شاردنەوە و بێدەنگکردنی نیگەرانیەکان، بۆ هێنانە گۆڕێی هەندێ پرسی جددی و گەڕان بەدوای وەڵامە شایستەکاندا. بەردەوامبوون لەسەر گوتاری "عیراقی فیدرالی و دیموکراسی و نوێ" دەتوانێ حاڵەتی ئەوەی من پێیدەڵێم بەنجبوونی خەڵکی کوردستان درێژتر بکاتەوە، بە هەندێك ئاسەواری کارەساتئامێزەوە.

٤) چالاککردنەوەی بە پەلەی دیپلوماسی (دیپلۆموسیەتی) کوردی لە ئەوروپا و جیهان بۆ گەیاندنی نیگەرانی و کێشەکان وەکو هەن. دەبێ سەرکردایەتی هەرنەبی لەم قۆناغە هەستیارەوە ئەو هەڵەیە، واتە ڕاگرتن (تجمیدکردن)ی هەموو چالاکیە دیپلۆماسیەکانی باشووری کوردستان لە ڕۆژئاوای ئەوروپا، ڕاستبکاتەوە کە سێ ساڵ و نیوە لەسەری بەردەوامە.

٥) لە ماوەی دوای کەوتنی دکتاتۆرەوە لایەنی کوردی، ڕاستتر بڵێین سەرکردایەتیەکەی، لە قەیرانی سیاسی و دیپلۆماسی ترساوە و خۆی لێ بەدوور گرتووە. جگە لەوەش هەڵەیەکی گەورەی کردووە کە هەموو باوەڕ و وزەی خۆی خستۆتە سەر ئەوەی کە بە گفتوگۆ دەکرێ کورد ئەو شتانەی داوای دەکات

بەدەستیبهێنێ. ئەگەرچی سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان تا ئێستا هەوڵیانداوە کە هیچ قەیرانێکی سیاسی یا دیپلۆماسی لە پرۆسەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق روونەدات، ئەو کاتانەی نیمچە قەیرانێکیش روویدابێت، ئەوا هەرزوو بە گفتوگۆ "چارەسەر کراوە"، یا راستتر بڵێین بە گفتوگۆ هۆکارەکانی قەیران جارێکی تر **داپۆشراونەتەوە**. من باوەڕم وایە لە نیمچە قەیرانەکەی هەرە دوایی، دەربارەی ئاڵای عێراق (بڵێ ئاڵای بەعس)، سەرکردایەتی کورد نەیتوانی مامەڵەی پێویست لەگەڵ قەیراندا بکات وە دواجار تارادەیەکیش بە زیانی لایەنی کوردی تەواوبوو. بە باوەڕی من خۆدزینەوە لە قەیران هەڵەیە؛ بگرە هەندێك جاریش قەیران پێویستیەکی سیاسی و دیپلۆماسیشە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بەپێی مەرجی خۆت هاوکێشەکان بخەملێنیتەوە. ئەو ئامرازەی کە دەتوانێ بریاردەربێت لەم بارەیەوە پێداگرتن و وەگەڕخستنی راست و درووستی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە؛ وەگەڕخستن نەك بۆ موزایەدە یا بۆ هەندی مەبەست کە لە راستیدا پێویستی بە بزواندنی جەماوەر نیە: یا بزواندنی جەماوەر وەرەقەیەکی ستراتیژی بێت و بەس.

٦) هەرچەندە ئەو سەرکردایەتیە ویستوویەتی وا پیشان بدات کە ئەو بە پەرۆشە بۆ بەشداری خەڵکی کوردستان لە پرسە نەتەوەییە چارەنووسسازەکاندا، بەڵام تا رادەیەکی زۆر دەتوانم بڵێم پێچەوانەکەی راست بووە. لە راستیدا بگرە ترسێکیش (لە لای ئەو سەرکردایەتیە) هەبووە لە بەسیاسیبوونی شەقامی کوردی: لە بری ئەوەی کە ئەم شەقامە وەکو سەرچاوەیەکی هێز ببینرێ، وەك خەتەرێك بۆ سەر دەستهەڵاتی ئەم سەرکردەیە بینراوە. ئەگەر وانیە بۆچی ئەم سەرکردایەتیە، بە تایبەتی هەردوو حزبی سەرەکی، رێگەیان بە خەڵکی کوردستان نەدا بەسەدان هەزار برژێنە سەر شەقام لە رۆژی ٢٢ی شواتی ٢٠٠٤، ئەو رۆژەی بە هەزاران لە خەڵکی کوردستان لە تاراوگە لە ژمارەیەکی زۆر لە پایتەخت و شارەکانی جیهانی رۆژئاوا هاتنە سەر شەقام بۆ داواکردنی چارەسەری کێشەی کورد لە رێگەی ریفراندەمەوە. هەر لە پەیوەستی ریفراندەمدا، بۆ هەندێ کەسایەتی عەرەبی هەبوون، ئەگەر چی کەمیش بوون، بەراشکاوی لایەنگری داخوازیە گشتیەکانی بزاڤی ریفراندەم بوون، بەڵام ئەم سەرکردایەتیە تا بۆی کرا خۆی لە هەڵوێستەیەکی سیاسی و شەفاف و شایستە لەم بزاڤی ریفراندەمە دزیەوە؟ ئەوەی لێرەدا دەبێتە پێشنیار ئەوەیە کە

کەمترین شت لەم قۆناغە کە بکرێ ئەوەیە کە هەموو بەنداوێك لابرێ لە بەردەم خەڵکی کوردستان. وەختێك سیستانی توانی بە خۆپیشاندانی ١٠٠,٠٠٠ کەس لە بەغدا زۆر لە مەرجەکانی سیاسەت بگۆڕێ، بۆ لایەنی کوردی بەرێگەکردنەوە لە بەردەم سەدان هەزار کەس ناتوانێ بە هێزی تازە و مەرجی تازەوە کاریگەری بخاتە سەر مەیدانی سیاسی؟ ئەوەش گرنگە بڵێین ئەگەر خەڵکی کوردستان بە موزایەدە و هەندێ گەمەی سیاسی حزبیانە هێنرایە سەر شەقام ئەوا ئەو وەختە هەنگاوی ئەوها نەك هەر ناتوانن یارمەتی چارەسەری کێشەکان بدەن بەڵکو کارێکی لەم جۆرە بگرە قەوارە و قوڵایی کارەساتەکە زیاتر و فراوانتر دەکا!

٧) هەرگیز بەبێ مسۆگەربوونی سەروەری نەتەوەیی بۆ باشووری کوردستان نابێت هەر وا بە ئاسانی بوار بدرێت کە ئەمریکا لە باشووری کوردستان بنکەی سەربازی دابنێ. ئەمریکاش پێویستە ئەوە بزانێ کە لە چوارچێوەی ئەو تەرتیباتە دەستوری و سیاسیەی عیراق لایەنی کوردی بۆی نیە پەیمانی ستراتیژی مۆربکات و داوای هێزی بیانی بکات: کاتی ئەوە هاتووە و، زۆریش درەنگە، بڵێین ئەگەر هاوپەیمانیەك هەیە لە نێوان کورد و ئەمریکا، ئەوا پێویستە ئەو هاوپەیمانیە پێناسەبکرێ و ناوەڕۆکێکیشی بدرێتی و چوارچیوەی بۆ دارێژرێ. کەمتر لەوە مانای وایە کورد باجی شتێك دەدات کە لە ڕاستیدا ئەسڵەن بەدەستی نەکەوتووە.

٨) ئەوەی کەتا ئێستا وەکو کێماسیەکی جددی لە سیاسەتە کوردیەکان لە باشووری کوردستان تێبینیمکردوە ئەوەیە کە لایەنی کوردی پلان و پرۆژەی سیاسی ئەلتەرنەتیفی نیە بۆ حاڵەتی بنبەست و پاشەکشەی جددی لە پرۆسە سیاسیەکاندا. بەم مانایەش هەر ئێستا (لە ڕووی سیاسی و نەفسی و ئابووری و دیپلۆماسیەوە) کورد ئامادەنیە (ڕاستترە بڵێین ئامادەنەکراوە) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حاڵەتی بنبەست و پاشەکشێی یەکجارەکی. ئەمە گرفت و کێماسیەکی چارەنووسسازە و هەر ڕۆژێکیش دواکەوتن لە چارەسەرکردنی دەکرێ قەوارە و مەودای کارەساتی داهاتوو قوڵتر و مەزنتر بکات. لەم بارەیەوە دەکرێ تاوتوێکردنی ئەلتەرنەتیفی ٣ و ٤ لە سەرەوە (زیاتر ناسراو بە نەموزەجی کۆریایی باشوور) و پێویستی ئەمریکا بە سەرلەنوی ڕێکخستنەوەی هێزەکانی هەندێ بەرچاوڕوونی بدات لە باسکردنی ئەلتەرنەتیف.

٩) هەر لە بارەی ئەلتەرنەتیفەکان، پێویستە ئەوە بزانرێت کە کێشەی هەرە گەورە

له عیراقی پـێش و دوای سـەدام کێشـەی دەسـتهەڵات بـووە، وە ئـەمڕۆ بـە شـێوەیەکی خوێناوی بەردەوامە. عەرەبی سوننە لە ماوەی ٨٣ ساڵدا (١٩٢٠ - ٢٠٠٣)، کـەم یـا زۆر، تەواوی دەستهەڵاتی سیاسیان بە دەستەوەبوو وە ئەوڕۆ کێشەی ئەو کەمایەتیـە ئـەوە نیە کە بەشی خۆی (نزیکـەی ٢٠٪ لەدەسـتهەڵاتی سیاسـی) پێـڕەوا نـەبینراوە، بـەڵکو ئەوەیە کە ئێستاش سوننەی عـەرەب چـاوی لـە ١٠٠٪ی دەسـتهەڵاتە. نـەك هـەر ئـەوە بەڵکو لایەنی سوننە خۆی بە خاوەنی ڕاستەقینەی عیراق دەزانێ و هـەر بـۆ ئـەویش ڕەوایە (هەڵبەتـە بـە پێـی بۆچـوونێکی سـوننی) کـە پێناسـەی دەوڵـەتی عـیراق بکـاو دەستنیشـانی بەژەوەندیـە نیشـتیمانیەکانی بکـاو قوڵـایی سـتراتیژی ئـەم وڵاتـەش دیاریبکـات. لـەو گۆشـەبینینەوە هـەموو ئـەو هەوڵانـەی کـەتا ئێسـتا دراون بـۆ فەراهەمکردنی هاوکێشەیەکی سیاسـی کـە هـەموو لایـەك پێـی ڕازیـبن بـە تـەواوەتی سەرکەوتوو نەبوونە، نەك هەر ئەوە بەڵکو ئـەوڕۆ عـیراق لـە هـەمو ڕۆژێـك زێـتر لـە هەڵدێری یەکجارەکی شەڕی نـاوخۆیی نـزیکترە. ئـەوڕۆ جیاکردنـەوەی سـێ پارچـەی عـیراق لـە یـەکتر نـەك هـەر بـە تونـدی هاتۆتـە پێشـەوە، بـەڵکو خەریکـە وەك تاکـە ئەلتەرنـــەتیڤێکیش دەمێنێتـــەوە بەدەســـت عیراقیـــەکان و جیهـــان: تـــەنها ئـــەو ئەلتەرنەتیڤەیـە کـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەقینە و یەکسـان مەسـەلەی دەسـتهەڵات یەکلاییدەکاتەوە. لە چارەسەرێکی ئەوهادا هـەر یـەك لـە عـەرەبی سـوننە و شـیعە و خـەڵکی کوردسـتان ١٠٠٪ی دەسـتهەڵات بەسـەر خـاك و سـامان و سـەروەری خۆیانـدا بەدەستدەهێنن. لە باسکردنی ئەم شێوە بۆچوونە نابێ ئەمریکا و جیهان دوابکـەون، بەهـەر حـاڵ ئەگـەر ئـەوانیش دوابکـەون نـابێ کـورد لـەوە دوابکـەوێ. پێویسـتناکات عیراقـیش بـە ئـەزموونی یوگسـلاڤیا (لـە کۆمـەلکوژی و تراژیـدیا مرۆییـەکان) تێپەڕببێت بۆ ئەوەی ئەو کاتە، کە درەنگە، جیهان و ئەمریکا و کورد وشیار ببنەوە.

١٠) ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زێتر پێداویستی لە یەکترگەیشتنێکی کوردی / تـورکی / ئـەمریکی خـۆی سـەپاندوە. ئـەو لەیەکترگەیشـتنەش نـابێ تـەنها وەکـو هـەنگاوێکی سەرپێیی تەماشا بکـرێ بـەڵکو دەبـێ زۆریـش سـتراتیژی بـێ. ڕاسـتە فەراهـەمکردنی لەیەکترگەیشتن و لێکنزیکبوونەوەیەکی ئەوها هەرنەبێ تا ئەو جێگەیەی پەیوەنـدی بە دیالۆگی کوردستانی/تورکیەوە هـەبێ کـارێکی ئاسـان نیـە، بـەڵام پێشوەچـوونێکی ئـــەوها زەروورەتێکـــی ســـتراتیژیە بـــۆ کـــورد. هەرچـــەندە لـــەم بارەیـــەوە هەنـــدێ پێشووەچـوون هـەن بـەڵام ڕەهەنـدی تورکیـایی لـە کێشـەکانی ئـەمڕۆ و دواڕۆژی

کوردستان ئەوەندە گرنگن کە ئەوە دەهێنی لایەنی کوردی کات و وزەی سیاسی و دیپلۆماسی زۆرتری بۆ تەرخان بکات. لەم بارەیەشەوە ئەرکێکیش دەکەوێتە سەر شانی بزاڤی رزگاریخوازی باکووری کوردستان.

---

* لەم وتارەدا وشەی دیموکراسی وەك ناو، وەدیموکراتی وەك ئاوەڵناو بەکارهاتوون.
** خوارکردنەوە و هێڵبەژێرداهێنان و قەڵەوکردن لەم تارەدا بە مانای جختکردنەوە هاتوون.

# پەراوێزەکان

١) بڕوانەد. بورهان یاسین، "لەریفراندەمدا کوردستانێکی سەربەخۆ"، گۆڤاری *گـزنگ*، ژمارە ٣٨. هەروەها بڕوانە فەسلی یەکەم لەکتێبی:

majid khadduri, the gulf war: the origins and implications of the iraq- iran conflict, (new york & oxford: oxford university press, 1988) .

٢) بڕوانە:

http://topics.nytimes.com/top/reference/timestopics/people/r/donald - h - rumsfeld/index.html?inline=nyt- per)donald

٣) دەقی نامەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر ماڵپەڕی کوردیش میدیا بەرچاودەکەوتن دواتریش لەگۆڤاری *مەتین*، ژمارە ١٤٥، ئوگوستی ٢٠٠٦، وەکو دوو بەڵگەنامە بڵاوبوونەتەوە.

٤) بۆ بۆچوونێکی لەم شێوەیە بڕوانە"گفوگۆیەك لەگەڵ د. بورهان یاسین: چەند تێزێك دەربارەی کوردو پرۆسەی سیاسی لە عیراقدا"، لە *کوردستانی نوێ*، ٢٠٠٥/٨/٢٣، ل. ٩.

٥) گفتوگۆ لەگەڵ د. بورهان یاسین، سازدانی توانا ئەحمەد و جەمال حوسێن، *کوردستانی نوێ*، ٢٠٠٣/١٢/١٦، ل. ٧؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ د. بورهان یاسین، سازدانی مەجید ساڵح: "پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزان"، بەشی ١، *کوردستانی نوێ*، ٢٠٠٤/٥/١٩، ل. ٨.

٦) بڕوانە راپۆرتی بیکەر- هاملتن:

james a. baker, iii & lee h. hamilton, (co- chairs) the iraq study group report, (new york: vintag books, 2006), p. ix.

٧) بۆ باسێکی گرنگ لەم بارەیەوە بڕوانە کتێبەکەی پۆل برێمەر:

paul bremer iii, with malcolm mcconnell, my year in iraq: the struggle to build a future of hope, new york: simon & schuster, cop. 2006) .

٨) لە ڕاپۆرتی (بیکەر- هاملتن)دا کۆمەڵێ پێشنیار (بە تایبەتی ڕاسپاردەکانی ١ تا ١٩)، دەربارەی بەسیاسیکردن و دیپلۆماسیکردنی کێشەی عیراق لە ڕووی ئیقلیمی و جیهانییەوە، کراون بە تایبەتی دیالۆگ لەگەڵ ئێران و سوریا.

٩) بەعیراقیکردن بە مانای ئامادەکردنی عیراقیەکانە، بە تایبەتی هێزی سەربازی و پۆلیس و ئاسایش، بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر پێی خۆیان راوەستن و کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن هەروەها یارمەتیدانیانە بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت، وەك وەزارەتە گرنگەکان بە تایبەتی بەرگری و ناوەخۆ، لەسەر بنچینەیەکی مۆدێرن.

١٠) ریچارد هولبروك شالیاری پێشووی ئەمریکا بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان؛ دەربارەی بۆچوونەکانی بڕوانە:

paul taylor, “former u.s. aides suggest nato troops in n. (northern) iraq” reuters, tuesday, 21 nov. 2006.

١١) مەبەست لە"تەکامولی ستراتیژی" ئەوەیە کە دوو توخم، دوو ناوچە یا دوو وڵات لە ڕووی گرنگی ستراتیژیەوە یەکتر تەواو بکەن وە لە وەدەستهاتنی هاوئاهەنگی و گونجان لە نێوان ئەو دوو توخمە یا ناوچەیە یا وڵاتە ئەو تەکامولە بەدەستدێت. لەبەر ئەوە خراوەتە نـاو ئامـاژەی وەرگرتن (ئیقتباس) چونکە بۆ یەکەم جارە بەکاری دەهێنم وە پشتڕاست نـیم کـە بـەر لـەمن کەسێکی تر بە کاریهێنابێ.

١٢) بۆ بۆچوونێکی لەم شێوەیەی نووسەر لە زۆر جێگا بە نووسـین و گفتوگۆ بڵاوبوونەتـەوە، بۆ نموونە، بڕوانە گۆڤاری *مەتین*، هژمارا ١٤٥، ئوگوسـتی ٢٠٠٦، وە هـەروەها "چـاوپێکەوتنێکی بڵاونەکراوەی د. بورهان یاسین لەگەڵ گۆڤاری *لڤین*:

(http://www.dengekan.com), jmare 235, 9 dec.2006.

١٣) لەوانەیە لە باشترین حەڵەتدا وەختێکی کەم مابێ بۆ ئەوەی بە پشتڕاستی ئەو دەرئانجامە بەم شێوەیە دەربڕین. بە هەر حاڵ، نووسەری ئەم وتارە لەو دوو نامەیەی کـە لـە پـاراوێزی ٣ سـەرەوە ئاماژەیـان پێکـراوە بـە ڕاشـکاوی سـەرکردایەتی هـەردوو هێـزی سـەرەکی (پـارتی و یـەکێتی) ئاگادارکردونەتـەوە لـە مەترسـی ئـەوەی کـە ئەگـەر عـێراق لەسـەر هـەمان پـڕۆژەی بریتـانی بینابکرێتـەوە ئـەوا مەترسـی جـددی هەیـە نـە عیراقـی دیمـوکراتی بەدسـت بێـت وە کوردستانیش لەدەست بچێت وە بەم مانایەش لـە نامـەی دووهەمـدا (بـە بـەرواری ٢٠٠٣/٤/١١) ئەوها دەنووسێ: "ئەگەر کورد ڕابکێشرێتە ناو گەمەیەکی ئەوها خەتەری هەیە کوردستانیش لە دەستبدات وە عیراقیش بەدەستنەهێنێ."

١٤) بۆ دەقی ڕاگەیاندنەکە بڕوانە، بۆ نمونە، دەنگی سەربەخۆ:

www.kurdistanan.net (http://www.kurdistanan.net), 8- 12- 2006

١٥) سەرچاوەی پێشوو.

١٦) سەرچاوەی پێشوو.

١٧) مەبەست لە **بەنەتەوەییکردن** ئەوەیە کە کێشەی عیراق و سیاسـەتی ئـەمریکا لـەو بـارەوە وەکو کێشەو سیاسـەتی تاکـە حزبێـك مامەڵـەی لەتەکـدا نـەکرێ بـەڵکو وەکـو کێشـەی هـەموو ئەمریکیەکان وە دەوڵەتی ئەمریکا ببینرێ.

١٨) لـەناو کرۆکـی گوتـار و دیپلۆماسـی ئۆتۆنۆمیزمـدا ئـەم دژایەتیـە، کـە زۆر جـاریش چارەنووسسازە، ئامادەیی هەبووە و هەیە. یەکێك لـەو دژایەتیانـەی کـە بەتونـدی و زەقـی لـە نێوان بە نێونەتەوەییبوون و بەعیراقیکردنی کێشەی کورد لە باشووری کوردستان خۆی نواند لـە سـاڵی ١٩٩١دا بـوو: لـە لایەکـەوە بـە تونـدی بەنێونەتـەوەییبوون لـە ڕێگـەی بڕیـاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان وە لەلایـەکی تـرەوە بـە نـاوخۆییبوونێکی ئێکجـار نێگەتیڤانە لە ڕێگەی گفتوگۆکردن لەگەڵ دیکتاتۆر.

# ستراتیژی ئەمریکا لە عیراق
# و چارەنووسی باشووری کوردستان

***چاوپێکەوتنی رۆژنامەی کوردستانی نوێ،***
***لە رۆژانی ١٨، ٢٠، ٢٥، ٢٦ و ٢٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ بڵاوبۆتەوە***

**ك. نوێ:** لە لێکۆڵینەوەیەکدا باسی ئەوە دەکەیت کە تا ئێستا لە ئەمریکا بۆ عیراق پێشنیارکراون. دوو لەو ئەلتەرناتیڤانەی بیرت خستونەتەوە جێی سەرنج و مایەی پرسیاریشن: کشانەوەی تەواوەتی ئەمریکا لە عیراق، دووەمیان: پارچەپارچەکردنی عیراق بۆ سێ بەش... ئەتوانی پێمان بڵێی ئەم دوو ئەلتەرناتیڤە لە ئەمریکا تا چەند جێی باسن؟ کێ باسیان لێ دەکا و لە چ ئاستێکدا، پاشان ئایا لە چ دۆخێکدا ئەگەری کارپێکردنیان بە هێز دەبێت؟

**ب. یاسین:** بەر لەهەر شتێك دەبێ ئەوە بە بیر بهێنمەوە کە ئەو لیکۆڵینەوەیەی ئێوە باسی دەکەن پێداچوونەوەیەکە بە (راپۆرتی بیکەر- هاملتن)دا. وە خاڵی لێوەدەرچوونی هەرە گرنگ لە لیکۆڵینەوەکەدا ئەوەیە کە ناکرێ باس لە سیاسەت و ستراتیژی ئەمریکا لە عیراق وە ئاسۆکانیان بکەین بەبێ ئەوەی باسمان لە پرۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق نەکردبێ. بە مانایەکی تر باسکردن لە سەرکەوتن یا شکستی ئەمریکا باسە لە رادەی سەرکەوتن یا شکست لە پرۆژەی دەوڵەتی عیراق و ئەگەرەکانی مانەوەی ئەم دەوڵەتە بەو شێوەیەی کە هەبووە یا نا. بەم شێوەیەش ئەلتەرناتیڤەکانی بەردەم ئەمریکا (لە کشانەوە یا مانەوە یا کشانەوەی بەشی هەرە زۆر لە هێزەکان و هێشتنەوەی هەندێ لە هێزەکان و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە شێوەی چەند بنکەیەکی سەربازی) گرێدراون بە ئەگەر و گۆڕانکاریەکان کە یەکسەر پەیوەندیدارن بە دواڕۆژی پرۆژەی دامەزراندنوەی دەوڵەتی عیراقەوە.

هەڵبەتە گفتوگۆ لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق شتێکی تازەنیە. لە ئاستی میدیاکان و پسپۆرانی بوارە جیاجیاکان، وە هەروەها لە ئاستی سیاسەتی هەردوو پارتە دەستەهەڵاتدارەکەی ئەمریکا (واتە کۆماریەکان و دیمۆکراتەکان) گفتوگۆکان کراون وە تا هاتووە ئەم باس و خواسانە گەرمتر بوون و گرینگی زیدەتریان وەرگرتووە. ئەمڕۆ چیتر مەسەلەی کێشانەوەی هێزەکان لە ئاستی گفتوگۆ نەماوەتەوە و باس چیتر لەوە نیە کە هێزەکان بکشێنەوە یا نا بەڵکو دەبێ بکشێنەوە. جا قسە زیاتر لەسەر شێوە و مەرج و کات و قەوارەی ئەو هێزانەیە کە دەکشێنەوە. جگە لەوەش کە کشانەوەی بە تەواوەتی زیاتر دیدی زۆرینەی دیموکراتەکان بووە لەوەش دەچێ کە لە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرەککۆماری لە ئەمریکا پرسی هەرەگرنگ مانەوە یا نەمانەوەی هێزەکان بێت. جگە لەوە کەسایەتی زۆر گرنگ لە ئەمریکا هەن کە دەمێکە بانگەشەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکەن. یەکێ لەوانەی کە بۆچوونەکانی گرنگن وە گوێیان لێدەگیرێ زبگنێو بریژێنزسکیە، کە کاتی خۆی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی جیمی کارتەر بووە. ئەو بەر لە نزیکەی دوو ساڵ پێشنیاری راستەوخۆوی بۆ جورج بوش کرد کە ئەمریکا دەبێ بکشێتەوە لە عیراق وە بۆ ئەوەی ئەو کشانەوەیەش بە شکست بۆ ئەمریکا نەگەڕێتەوە داواکاری خۆکێشانەوە لە لایەن حکومەتی عیراقەوە بێت، وەکو ئەوەی کە ئەمریکا لە حاڵەتی شکستدا خۆیناکێشێتەوە بەڵکو ئەو کارە لەسەر داوای حکومەتی عیراق دەکات.

باس و خواس دەربارەی پارچەکردنی عیراق بۆ سێ بەش شتێکی تازە نیە. لە سەرەتاوە لە لایەن هەندێ کەسی شارەزا و کۆنە دیپلۆماسی وەك، بۆ نموونە، پیتەر گالبریت کە هەر زوو بە ڕاشکاوی بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عیراقی کرد. بەڵام دواتر بیرۆکەی دابەشکردنی عیراق بۆ سێ بەش چووە ناو دەسەڵاتی سیاسی ئەمریکاشەوە، لەوانە بیرۆکەیەکی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆنگرێس وە راوێژکارێکی وەزارەتی دەرەوە هەروەها دۆنالد رامسفێلد بە هەفتەیەك بەر لە جێهێشتنی پنتاگۆن بیرخەرەوەیەکی (دەربارەی ستراتیجی ئەمریکا لە عیراق) داوە بە جورج بوش کە دەرەنجامەکانی لە چەند خاڵێك کۆکردوونەتەوە وە لە خاڵی هەرە کۆتایدا دەڵێ ئەگەر ئەمریکا لە هەموو هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوو ئەوا دەبێ بیر لە دابەشکردنی عیراق بۆ سێ پارچە بکاتەوە. ئەوەتا دواترین هەواڵیش

(لـه ٢٠٠٧/٦/١٢) لـەم بارەیـەوە دەڵـێ کـە ژمارەیـەك لـە ئەنـدامی کـۆنگرێس، کـە دیموکراتن، بە پشتگیری دوو ئەندامی پارتی کۆماری، خـەریکن پڕۆژەیـەك بـدەن بـە کۆنگرێس کە دەربارەی دابەشکرنی عیراقە بۆ سێ وڵاتی "نیمچە سەربەخۆ."
پرسیاری ئەوەش دەکەیت کە کەی ئەلتەرنەتیڤی دابەشکردن کارپێدەکرێ؟

ئەوەی راستی بێت لە لێکۆڵینەوەیەکمدا دەربارەی دەستوری هەمیشەیی عیراق کە بەر لە نزیکەی دوو ساڵ بڵاوبۆتەوە باسم لەو پرۆسەیە کردوە کە دەتوانێ سـەر لـە هەڵوەشانەوەی دەوڵـەتی عـیراق بـدات. لـە وێـدا دەڵـێم کـە سـێ بێهیوابـوون دەتـوانن کۆتایی بە دەوڵەتی عیراق بهێنن: ١) بێهیوابوونی شیعە و سوونەی عەرەب لە یـەکتر؛ ٢) بێهیوابوونی ئەمریکا لە پڕۆژەی دەوڵەتی عیراق؛ ٣) بێهیوابوونی کورد لە روحـی پڕۆژەکە، کە ئەویش بە یەکەوەژیانە لەگـەڵ عـەرەب وەکوو دوو نەتـەوەی یەکسان. دیـارە دەرهاوێشـتەی گەیشـتنی ئـەمریکا بـە ئاکـامێکی ئـەوها دەبێتـە بنـەما بـۆ پەرینەوە لە ستراتیجی هێشتنەوەی عیراق بە یەك پارچەیی هەرچەندە پڕۆژەکە لـە سـەرەتاوە لـە بنەمایـەکی چـەوتەوە پێـی هـەڵگرتبوو کـە ئـەویش بـۆ نموونـە تێکـەڵاوکردنی کوردسـتان بـە فەلوجـە (واتـە بەیەکـەوە گرێـدانی ئەوانـەی تـا سـەر ئێستا دوژمنایەتی ئەمریکیەکان دەکەن بە ئەوانەی لە هەموو ئاسـتێکی سیاسـەتدا (سەرکردە و جەماوەر) خۆیان وەك دۆست و "هاوپـەیمانی" ئـەمریکا دەبێـنن). بـەو مانایە بنەما و مەرجێکیش بۆ وازهێنان لە بیرۆکـەی عیراقێکی یـەکبوو ئەوەیـە کـە ستراتیجی ئـەمریکا بگوازرێتـەوە لـە ئـەوەی مـن پێـی دەڵـێم **یـەك سیاسـەت بـۆ دوو حاڵـەت** (حاڵـەتی کـوردی و عـەرەبی) بـۆ **دوو سیاسـەتی جیـا بـۆ دوو حاڵـەتی جیـا** (سیاسـەتێکیان تایبـەت بـە عیراقـی عـەرەبی (عـیراق بـەبێ باشـووری کوردسـتان) وە سیاسـەتێکی تریشـیان تایبـەت بـە کوردسـتان. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە ئەوەیـە کـە سیاسـەتە رەسمیـە کوردیـەکان تـا ئێسـتە هـەوڵی بێووچـان بـووە بـۆ مـومکنکردنی پـڕۆژەی دەوڵـەتی عـیراق، وە بـەم مانایـەش سیاسـەتی دواخسـتنی سـەرهەڵدانی بێهیوابـوونی کـورد بـووە لـە عیراقـی عـەرەبی؛ نـەك هـەر ئـەوە بـەڵکو دواکـەوتنی بێهیوابوونی ئەمریکا لە پڕۆژەی عیراق وە هەروەها دواخستنی بێهیوابـوونی سـونەی عـەرەب و شـیعە لـە یـەکتر لێکەوتۆتـەوە. دیـارە هاوتـەریب لـە گـەڵ قەتیسـبوونی پرۆسەی سیاسی لە عیراق لە چەند گرێیـەکی خوێناویـدا، هەنـدێ لـە ئەمریکیـەکان بێهیوابوونی خۆیان لەو حاڵەتەی عیراق ناشارنەوە و لەوێشەوە باس لە ئەلتارنەتیڤ

دێتــە گــۆڕێ، لــە وانــەش جیاکردنــەوەی کوردســتان وە بــەجیا مامەڵــەکردنی بــە سیاســەتێکی جیــا لــەوەی تــا ئێســتا. ئــەوەتا ڕۆژنامــەنووس و نوســەرێکی نــاوداری ئەمریکی وەك (تۆمـاس فریـدمان) لـە گفتوگۆیەکـدا لـە گـەڵ ڕۆژنامـەی *کوردستانی نـوێ* (٢٠٠٧/٦/٥) دەڵـێ "ئەگـەر عیراقـیش وەکـو دەوڵـەتێك شکسـت بهێنێـت بـە دڵنیاییەوە پاڵپشت و پشتیوانی خۆم بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ دەردەبڕم."

لـەو بـاوەڕەدام کـە مەسـەلەی دابەشـکردنی عـیراق وە پشتبەسـتنی ئـەمریکا بـە دۆستێکەوە (کە بێ سێ و دوو دۆستە، کە ئەویش کوردە) وە هێشتنەوەی هەنـدێ لـە هێزەکـانی ئـەمریکا لـە کوردسـتان، چـونکە بـە ئەگـەری زۆر قـانیعکردنی لایـەنی عەرەبی بۆ ڕێگەدان بە دامەزران و مانەوەی بنکەی ئەمریکی لە عیراق ئاسان نـابێ، بە ئەگەری زۆر لە سیناریۆیەکدا یـەکانگیر بـبن! وە ئـەوەش شـێوەی بۆچـوونم بـووە لەو لێکۆڵینەوەیەی کە ئێوە سەرەتا ئاماژەتان پێکرد.

ناشمـەوێ شـاردراوەبێت، بۆچـوونی خـۆم دەربـارەی پـڕۆژەی دەوڵـەتی عـیراق و چارەنووسـی کـورد لـەم بارەیـەوە هـەر لـە سـەرەتاوە ئـەوەبووە کـە چارەسـەر دابەشکردنی عیراقە و ئەوەش باشتر خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و کورد لـە باشـووری کوردسـتان دەکـات. گۆمانیشـم دەربـارەی سـەرکەوتووی پـڕۆژەی دەوڵـەتی عیراق لەم پرسیارەوە هەڵقوڵاوە: ئایا کە پڕۆژەی بریتانیای (عیراقـی یـەکبوو) لـە ٨٣ ساڵدا (١٩٢٠- ٢٠٠٣) سەرکەوتوو نەبوو، وە لە ڕاستیدا کـەم یـا زۆر بـە هەڵوەشـانەوەی ئـەو دەوڵەتـە لـە ٢٠٠٣ کۆتـایی هـات، بـۆ وە چـۆن ئـەمریکا، لـە بـارودۆخێکی زۆر سەختتردا، دەتوانی لە هەمان پڕۆژەدا سەرکەوتوو بێت؟

**ك. نوێ:** تۆ لە شوێنێکدا وە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەگەرەکانی پاشەڕۆژی عـیراق و لـە بـەر ڕۆشـنایی پێـدراو و ڕووداوەکـانی عـیراق خـۆی و ناوچـەکە، پێـت وایـە کـە ئەگەری دروستکردنی بنکەو پێگـەی سـەربازی ئـەمریکا لـە کوردسـتانی عیراقـدا لـە حاڵـەتی پاشەکشـەکردنی سـوپای ئـەو وڵاتـە لـە ناوچـەکانی تـری عـیراق، ئەگـەرێکی لاوازە، یان ڕاسـتتر، پێـت وایـە کێشـەی زۆری دێتـەڕێ، لـە کاتێکدا خـەڵکێکی زۆر لـە کودستان ئومێدیان بەو ئەگـەرە هەیـە تـا ڕادەی گرەوکـردن گـرەوی لەسـەر کـردووە، ئایـا ئـەتوانی زیـاتر بۆمـان ڕوون بکەیتـەوە کـە لـە بنەڕەتـدا دروسـتکردنی پێگـەی سـەربازی ئـەمریکا لـە کوردسـتاندا، تـا چـەند ئەگـەرێکی مەعقولـە، کێشـەکانی و

بەربەستەکانی و مەرجەکانی چین؟

**ب. یاسین:** لە راستیدا لەو جێگەیەی ئێوە مەبەستتانە بەراوردی باشووری کوردستان و کوێتم کردوە وەکوو دوو ئەلتارنەتیف بۆ ئەوەی ئەمریکا بنکەی سەربازی تیادا دروست بکات، ئەوە ئەگەر ئەمریکا ویستی بە تەواوەتی لە عیراقی عەرەبی بکشێتەوە. جارێ بەر لە هەر شتێك ئەوە بڕیارێکی گرنگە و گۆڕانکاریەکی چۆنایەتی گرنگیشە لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کێشەی عیراق و ناوچە. لە لایەکی ترەوە تا دێت ئەوە زیاتر رووندەبێتەوە کە بەڵی ئەمریکا ناتوانێ هێزەکانی بەو قەوارە و ژمارەیەی کە هەن لە عیراق بهێڵێتەوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ. بەڵام لە لایەکی تریشەوە ناشکرێ بە تەواوەتی هەموو هێزەکانی بە ماوەیەکی کەم بکێشێتەوە. لە بەر ئەوە بە تایبەتی لە رۆژانی دواییدا گفتوگۆکان چڕبوونەتەوە دەربارەی ئەوەی کە ئیدی دوابڕیار ئەوەیە لە ماوەی ١- ٢ساڵی داهاتوودا زۆرینەی هێزەکانی بکێشێتەوە وە بۆ هەندی ئەرکی گرنگ لە چەند بنکەیەکی دیارکراودا ٢٥ تا ٣٠ هەزار سەرباز بهێڵێتەوە. لە بەراوردێکدا، لە بابەتی کردنەوەی بنکەی سەربازی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، کوێت هەندێ خاڵی بە هێزی هەن وە کوردستانیش هەندێك وە لەلایەکی ترەوە هەردووکیشیان هەر یەك بە شێوەیەك خاڵی لاوازیشیان هەن. جا پرسیار ئەوەیە لە بڕیارێکی ئاوهادا ئەمریکا کامیان هەڵدەبژێرێ؟ لە حاڵەتی کوێتدا سێ خاڵی بەهێز هەن کە بۆ ئەمریکا ئاسانکاری دیبلۆماسی و لۆجیستیکی دەکەن: ١) کوێت سنووری کراوەی هەن لەگەڵ کەنداو، ئەم خاڵەش بۆ ئاسانکاری جووڵانەوە و گواستنەوەی هێزەکان و یارمەتی پێگەیاندنیان زۆر ئاسان دەکات؛ ٢) کوێت ئێستاش لە حاڵەتی "قەرزبارێدایە" بەرامبەر بە ئەمریکا، هەر نەبێ لە رووی مۆڕالیەوە، بە هۆی ئازادکردنی کوێت لە لایەن هاوپەیمانیەکی جیهانیەوە بە سەرکردایەتی ئەمریکا. بە مانایەکی تر ئەمریکا دەتوانێ ئەم حاڵەتە بەکاربهێنی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی دامەزراندنی بنکەی سەربازی لەوێ؛ ٣) کوێت وڵاتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەریە و بەم مانایاش دەتوانی ئەو سەروەریە بە ئاسانی بە کاربهێنێت بۆ قبوولکردنی بنکەی سەربازی ئەمریکی. لە لایەکی ترەوە یەکێ لە خاڵە هەرە لاوازەکانی کوێت ئەوەیە کە ئەم وڵاتە بە ئەگەری زۆر کێشەو نارەزایی بۆ خۆی دروست دەکات و خۆی دەکاتە ئامانجی هەندێ هێزی ئیقلیمی (بە تایبەتی ئێران) وە هێزە ئیسلامیە تونڕەوەکان

(بە تایبەتی القاعیدە) ئەگەر رێگە بە بنكەی سەربازی بۆ مانـەوەی درێژخایـەن بـە پەیوەندی لەگەڵ كێشە و دواڕۆژی عیراق بدات. ئەوەی راستی بێت، بۆ نموونـە، هـەر دوێنی (٢٠٠٧/٦/١١) كوێتیەكان رایانگەیاند كە ئەوان نـاخوازن وڵاتەكـەیان بـەكاربێت بۆ هێرشكردنە سەر ئێران.

بەرامەبەر ئەمە خالە بە هێزەكانی كوردسـتان وەكـو ئەلتارنـەتیف؛ ١) كوردسـتان وەكو خەڵك وە هەروەها وەكوو سەركردایەتی سیاسی دۆستایەتی خۆیان بۆ ئـەمریكا ناشـارنەوە و هەڵوێسـتێكی ئـەوهاش دەتـوانێ رێگەخۆشـكەر بێـت بـۆ دامەزرانـدنی بنكـەی سـەربازی ئـەمریكی لـە باشـووری كوردسـتان؛ ٢) باشـووری كوردسـتان بـەرەوڕووی هـەر ئەگـەرێكی ئـەوها، لـە رووی سیاسـی و دیپلۆماسـیەوە، **حاڵـەتێكی كراوەیە** وە ئەو حاڵەتی كرانەوەیەش دەتوانێ رێگەخۆشكەر بێت بـۆ دانـانی بنكـەی سەربازی وەكو ئەوەی كە ئەم هەنگاوە بەشێك بێ لەو پرۆسەیەی كە ١٥ ساڵە لەسـەر پێیە، بە تایبـەتی لـە دوای كـەوتنی رژێمـی دكتـاتۆرەوە، ئـەویش پاراسـتنی كـوردە و لێنـزیكبوونەوەیـەكی بـەردەوامی ئەمریكیـە لێـی. لـە راسـتیدا هـەر لـە چوارچـێوەی بەردەوام بوون لەم پاراستنە لە ماوەی پێشـوودا، بـە تایبـەتی لـەم دواییانـەدا، چـەند دەنگێـك لـە ئـەمریكا بەرزبوونەتـەوە كـە بانگەشـەی پاراسـتنی كـورد لـە باشـووری كوردستان (لـە لایـەن نـاتۆ یـا هێـزی ئـەمریكی) دەكـەن، گـرنگترینی ئـەم دەنگانـەش ئەمانــەن: ١) ریچـارد هـولبرۆك (دیپلۆمـاتێكی كـۆن و نـاودارە و لـە فەترەیەكیشـدا باڵیۆزی ئەمریكا بوو لـە نەتـەوە یـەكگرتووەكان؛ ٢) هـیلاری كلینتـۆن خێزانـی بیـل كلینتۆن (دیموكرات) سیناتۆر لە لایەن نیویۆركەوە وە خاوەن كاریگەریەكی زۆرە بـە تایبەتی لە سیاسەتی دیموكراتەكاندا؛ ٣) بیل كلینتـۆن، سـەرۆكی پێشـووی ئـەمریكا. من باوەڕم وایە بە هۆی ئەم حاڵەتە كراوەیەوە بە هێزی بیانۆی مۆڕالی لە پاراستنی كـورد وە راهـاتنی ئەمریكیـەكان لـەم ئەركـە لـە ١٥ سـاڵی رابـردوودا، ئیقنـاعكردنی ئەمریكیـەكان (واتـە رای گشـتی) بـۆ بـەردەوامی ئـەم پاراسـتنە كـارێكی زۆر سـەخت نابێت، بە تایبەتیش كە ئەم بۆچوونە لە ناو دیموكراتـەكان ئاشـكرایە. بـە مانایـەكی تر لە كاتێكدا دیموكراتەكان بە گشتی داوای كشانەوەی هێزەكانیان لـە عـیراق دەكـەن وە لە هەمان كاتدا بانگەشەی پاراستنی كورد و دانانی بنكەی سەربازی دەكەن، جـا چ ناتۆ وە یا هێزی ئەمریكی.

لـە لایـەكی تـرەوە خـاڵی لاوازی كوردسـتان بـەر لـە هـەر شـتێك ئـەوەن كـە: ١)

کوردستان خاوەن سەروەری نەتەوەیی خۆی نیە (دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیە) وە بەبێ پەسەندکردنی پەرلەمانی عیراق هەرێمی کوردستان ناتوانێ وە لەرووی یاساییەوە بۆی نیە بە یەکلایەنە ڕێگا بدات بە دامەزرانی بنکەی هێزی بیانی، جا چ ناتۆ یا ئەمریکی. لە راستیدا بەر لە ماوەیەك سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی خۆیشی ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە دامەزراندنی بنکەی سەربازی ئەمریکی لە کوردستان وابەستەیە بە بڕیاری پەرلەمانی عیراق. بەم مانایەش ڕێکەوتنی راستەوخۆی کورد و ناتۆ یا کورد و ئەمریکا (بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا) بۆ دامەزرانی بنکەی سەربازی پێویست دەکات کە کوردستان بەر لە هەرشتێك ببێ بە خاوەن سەروەری نەتەوەیی (لە چوارچێوەی سەربەخۆیی بەتەواوەتی یا تەرتیباتی کۆنفیدراڵیەکی بەهێز)، ئەگەرنا بنەجێکردنی هێزی سەربازی بیانی لە کوردستان لە چوارچێوەی عیراقێکی یەکبوودا ئەگەری ئەوەی هەیە کە بە هەندێك زیانیش تەواو ببێ بۆ کورد، ئەگەرچی ناکرێ هەندێ سوودیشی لەبەرچاو نەگیرێ. ئەوە زۆر دەوەستێتە سەر ئەو مەرجانەی کە پەرلەمانی عیراق بۆ مانەوەی بنکەی سەربازی ئەمریکی دادەنێ وە تا چ رادەیەك ئەو پەرلەمانە ئەو مەسەلەیە بۆ کەمکردنەوەی ئیرادەی هەرێمی کوردستان لە مەسەلە ستراتیجیەکان بەکاردەهێنێ. جا لیرەوەیە کە ئەلتەرناتیڤی دانانی بنکەی سەربازی لە"عیراق" یا لە باشووری کوردستان بە تەواوەتی بەستراوەیە بە شێوەی بەردەوامبوونی پرۆسەی سیاسی لە عیراق یا پچڕانی ئەم پرۆسەیە و گۆڕانکاری لە تەواوی ستراتیجی ئەمریکا لەم بارەیەوە؛٢) لەبەر ئەوەی باشووری کوردستان هیچ سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ ئاوێکی کراوەدا نیەو وڵاتێکی داخراوە، ئەمە لە رووی لوجیستیکیەوە وە (لە وێشەوە دەرهاوێشتە سیاسی و دیپلۆماسیەکانی بەربەستە لۆجیستیکیەوە) ڕێگرێکە لەبەردەم هەڵبژاردنی باشووری کوردستان (بە دابڕاوی لە عیراقی عەرەبی) وەکو ئەلتەرناتیف؛ ٣) تورکیە نارەزایی خۆی نەشاردۆتەوە لە بەرامبەر ئەگەری دامەزراندنی بنکەی ناتۆ یا ئەمریکی لە باشووری کوردستان. واتە بە پەیوەندی لەگەڵ خاڵی ٢ و ٣ هەڵوێستی تورکیا گرنگە.

بەم مانایەش بە باوەڕی من خاڵی ٢ و ٣ لە ڕێگەی فەراهەمکردنی لە یەکگەیشتنی ئەمریکی - تورکی و تورکی - باشووری کوردستان و کوردی- ئەمریکی هەیە. ئەم لە یەکگەیشتنە هەمەڕەهەندە و تا رادەیەکیش ئاڵۆزە، کاری زۆری

دەوێت، وە ئەکتەرەکانی فەراهەمکردنی ئەو لەیەکگەیشتنە بە پلەی یەکەم پێنجن: ١) وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا؛ ٢) دەستهەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان؛ ٣) تورکیا؛ ٤) کورد لە باکوور، بەتایبەتی پکك؛ ٤) ناتۆ؛ تا رادەیەکیش یەکێتی ئەوروپا.

لێرەدا دەخوازم ئەم خاڵی لەیەکگەیشتنە روونکەمەوە، هەندێك دوور لەو گرژیانەی کە پەیوەندی کورد و تورکیا وە ئەو "ساردیەی" کە پەیوەندیەکانی تورکیا و ئەمریکا بە خۆوەیان دەبینن: بەر لە ١٥ ساڵ لە باسێکمدا بە ناوی کوردستان لە سیستەمی نوێی جیهانیدا بانگەشەی ئەوەم کردوە کە بەرژەوەندیەکانی تورکیا و کورد و ئەمریکا (وە بە گشتی جیهانی رۆژئاوا) وا دەخوازن کە لە دیدێکی دووربینی و ستراتیژیەوە شێوە لەیەکگەیشتنێك بخەملێنن. خاڵی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە لایەنەکان بگەنە ئەو قەناعەتە ستراتیژیە کە ئەمریکا لەبەر خاتری تورکیا واز لە کورد ناهێنی وە لەهەمان کاتیشدا لەبەر خاتری کورد واز لە تورکیا ناهێنێ. بە مانایەکی تر پاراستنی پەیوەندی دۆستانەی ئەمریکا لەگەڵ کورد لە لایەك وە لەگەڵ تورکیا لە لایەکی ترەوە گرنگترین زەمانەتە بۆ فەراهەمکردنی لەیەکگەیشتنێکی ئەوهای سێلایەنە. لەم بارەیەشەوە نابێ کورد کار بۆ ئەوەبکەن کە ئەمریکا قوربانی بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا بدات، وە پشتئەستور بوون بەو باوەڕەی کە ئەمریکا ئەو قوربانیە دەدات هەڵەیەکی گەورەیە.

لەراستیدا ئەگەر ئاوڕێك لە تەقلیدی کەڵەکەبووی دیپلۆماسی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بدەینەوە و ئەو تەقلیدە دیپلۆماسیە ببەستینەوە بە گۆڕانکرایەکانی ستراتیژی ئەمریکی دوای تەواو بوونی جەنگی سارد، بۆمان دەردەکەوی کە لەیەکگەیشتنێکی ئەوها (سێقۆڵی) مومکینە: لە رووی تەقلیدی دیپلۆماسیەوە تیوریەکەی هینری کیسەنجەر (دوو هێزی یا دەوڵەتی دژ بەیەك لە یەکتر نزیکدەبنەوە ئەگەر لە هەمان سات و کاتدا ئەو دوو هێزە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا کۆیانبکاتەوە) دەتوانێ ببێتە بنەمایەکی گرنگ بۆ نزیکبوونەوەی کورد و تورکیا؛ چوونکە ئەمریکا بەرژەوەندی لەگەڵ هەردوکیان هەیەوە دەشیەوێ ئەم بەرژەوەندیانە بپارێزێ. ئەم تیوریەی کیسنجەر کاری پێکرا لە ١٩٧٠کاندا بۆ پەرینەوە بۆ لایەنی عەرەبی و لاوازکردنی بەرەی دژ بە ئیسرائیل لە رێگەی نزیکبوونەوە لە میسر و دواتریش بەستنی پەیمانی ئاشتی لە نێوان میسر و

ئیسرائیلدا. دیاره ئەم نەموزەجە کەمتر سەرکەوتوو بووە لە حاڵەتی یۆنانستان و تورکیا، بەڵام بەهەر حاڵ هەردووکیان هەر ئەندامی ناتۆن وە هیچ شەڕێکی سەرتانسەری لە نێوان ئەم دوو وڵاتە روویندداوە لەگەڵ بوونی زۆر کێشەی جدیش لە نێوانیاندا. پاراستنی کورد لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا لە لایەن ئەمریکا وە نزیکبوونەوە لە خواستەکانی کورد لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی پۆسەتیڤانەتر شێوەیەکی پەڕینەوەی ئەمریکایە بۆ دیوی کوردی لەو هاوکێشە ئاڵۆزەدا.

ئەوەشی کە پەیوەندی بە گۆڕانکاری لە ستراتیجی ئەمریکا دوای تەواوبوونی جەنگی ساردەوە هەیە ئەوەیە کە ئەمریکا دوای ئەو جەنگە پێداچوونەوەیەکی سەرتانسەری کردووە و دەرهاوێشتەکەشی ئەوەیە کە بەڵی لەبەر ئەوەی هەندێ لە هاوپەیمانە کۆنەکانی ئەمریکا سەرپێچی دەکەن یا نرخی ستراتیجیان کەمبۆتەوە یا وەلائیان بۆ هاوپەیمانیەکە کەمبۆتەوە، ئەمریکا هەوڵی بەدەستهێنای دۆست و هاوپەیمانی تازە دەدا؛ جا یا بۆ تەواوکردنی رۆڵی هەندێ لە هاوپەیمانە کۆنەکان یا بۆ بە تەواوەتی جێگە گرتنەوەی رۆڵی هەندێ هاوپەیمانی تر. سەرپێچی فەرەنسا و هەندێ جار "سەرپێچی" ئەڵمانیا رۆڵی پۆلۆنیای بە توندی هێنایە پێشەوە. بە هەمان شێوە کەمبوونەوەی وەلائی تورکیا گرنگی بولگاریا و باشووری کوردستان و ناوچەی قۆقازی (بۆ ئەمریکا) زێدەتر کرد. لەوەدەچی بۆ ماوەیەکی دوور ئەم ناوچانە گرنگیان لە زێدەبوون دابێت، بە تایبەتی بە پەیوەندی لەگەڵ شەڕ بەرامبەر تیرۆریزم و هەستیاری و گرنگی ستراتیجی ناوچە، وە هەروەها لە رۆشنایی گۆڕانکاریەکانی پەیوەندیەکانی روسیا و ئەمریکا و ئەگەری ئاڵۆزبوونی ئەم پەیوەندیانە. پێم وایە سیاسەتی هەرە عاقلانە ئەوەیە کە پەیوەندیەکانی باشووری کوردستان و تورکیا لە چوارچێوەی ئەوەی من پێمگۆتووە "تەکامولی ستراتیژی" بخەملێنرێ نەوەك دژایەتی ستراتیژی؛ بەم مانایەش نە گرنگی تورکیا بۆ ئەمریکا بە زەرورەت دەکەوێتە دژایەتی لەگەڵ گرنگی کوردستان وە نەش گرنگی کوردستان بۆ ئەمریکا بە زەرورەت دەکەوێتە دژایەتی لە گەڵ گرنگی تورکیا، بەڵکو دەتوانن ڕیك یەکتر تەواو بکەن.

کارکردن بەم بۆچوونە لە مەدایەکی کورتخایەن یارمەتیدەر دەبێ بۆ کورد لە باشوور، بۆ کورد لە باکوور وە بۆ ئەمریکا، بەڵام بۆ تورکیاش. وە لە مەدایەکی

درێژخایەن خزمەت بە ئامانجی نزیکبوونەوەی کورد لە جیهانی رۆژئاوا دەکات و دواتر دەبێتە بەشێك لە پرۆژەی لیبرال - دیموکراسی ئەوروپای رۆژئاوا، یا هەرنەبێ سنووری هاوبەشی ببێ لەگەڵ جوگرافیای ئەم پرۆژەیە.

هەڵبەتە لە یەکگەیشتنێك لە شێوەی سێگۆشەیەکدا (کورد - تورکیا - ئەمریکا) سەرکەوتنێکی گەورەش دەبێ بۆ ئەمریکا، لە راستیدا بۆ ئەمریکا کۆمەڵێ سەرکەوتن دەبێ. لەم حاڵەتەدا ئەمریکا کورد بەدەستدێنی و پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا توندوتۆڵ دەکات و واشدەکات کە هەرنەبێ تورکیا هەندێك دووربکەوێتەوە لە دوو هێزی ئیقلیمی کە هەر یەکەیان بە شێوەیەك دوژمنکارن بەسیاسەتی ئەمریکا.

**ك. نویّ:** بەر لەسێ ساڵ پێشنیار و راسپاردەی خەمخۆرانەی خۆتت بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد ناردبوو، یەکێك لەو بیرۆکانەی کەوروژانـدبووت ئەوەبوو کە وتبووت: بۆی هەیە ئەمریکا لە ئەنجامی گەیشتنی بەبنبەست لە عیراقدا نائومێدبوونی لەوەی سیستێمێکی دیموکراتی تیادا دەبمەزرێنێ، بیر لە رێگەچارەی تر بکاتەوە، تۆ پێت وایە مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ کۆریادا لە ئاکامی جەنگی سارددا و دەستگرتنی بە کوریای باشوورەوە و دەستگرتنی کۆریای باشووریش بە ئەمریکاوە، دەشێت لە عیراقدا دووبارەببێتەوە، واتە ئەمریکیەکان دەست بە هەرێمی کوردستانەوە بگرن و هەم هەرێمیش دەست بەئەمریکاوە بگرێت.. پرسیار ئەوەیە: ئایا دووبارەبوونەوەی ئەزموونی مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ کۆریادا تا چەند لە عیراقدا لە بارە بە تایبەتی کە تۆ سەرنجی سەرکردایەتی کوردت بۆ ئەو خاڵە راکێشاوە، بگرە پێت وایە کە ئەو مەسەلەیە کۆمەڵێ تەگەرەی دەستوری لەرێیەو دەبێ کورد هەندێ هەنگاو بنێت تاوەکو بتوانێ دامەزراندنی پێگەی سەربازیی ئەمریکا لە کوردستان بۆ قازانجی نەتەوەیی خۆی وەبەربهێنێت؟

**ب. یاسین:** لە راستیدا ئەم پرسیارە پەیوەندی و تێکەڵاوی لەگەڵ پرسیارەکانی پێشترتان هەیە. بەهەر حاڵ هەوڵ دەدەم کەشتەکان دووبارە نەکەمەوە.

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم بەر لە زیاتر لە سێ ساڵ لە نووسێنکمدا (کە لە ٢٠٠٤/٤/٩ بڵاوبۆتەوە) وە دواتر لە نووسراو و بۆنەی تردا باسم لە دووبارەبوونەوەی ئەوەی من پیی دەڵێم "نەموزەجی کۆریای باشوور" لە حاڵەتی باشووری کوردستاندا

کـردووه. مەبەسـتیش لـەو لەیەکترچـواندنە زیـاتر ئـەو بـاوەڕەبووە کـە هـەر زوو لەوەدەچوو کە ئەمریکا ئەو سەرکەوتنەی کە بـۆی هـاتبووە عـیراق بەدەسـتناهێنی و لەبەر ئەوەش هەر زوو دەبێ بیر لە ئەلتەرناتیڤی تر بکاتەوە کە ئـەویش شـتێکە لـە نێوان سەرکەوتنی بەتەواوەتی لە لایەك وە شکستی بـە تـەواوەتی لـە لایـەکی تـرەوە: بەم مانایەش ئەگەر ئەزموونی دیموکراتی دواجار لە عیراق سـەرکەوتوو نـەبیت خـۆ ئەوا دەکرێ هەرنەبێ ئەو ئەزموونەی لە کوردستان و مەرجە پۆسـەتیڤەکانی ئـەوی لە دۆستایەتیەکی راستەقینە بۆ ئەمریکا بکرێ بـە بنـەما بـۆ وەدەسـتهێنانی "بەشـە سەرکەوتن" یـاخود (رادەیـەك لـە سـەرکەوتن). بـەڵام دوای ئـەو هـەموو ماوەیـە کـە بەسەر باسەکانی من (لەم بابەتەدا) تێپەڕی، ئەوەتا لە رۆژانـی رابـردوودا بـۆ یەکـەم جـار ئەمریکیـەکان خۆیـان (لـە سـەر زاری وتەبێـژی کۆشـکی سـپی لـە ٢٠٠٧/٥/٣١ وە وەزیری بەرگری ئەمریکا روبەرت گێیتس لە ٢٠٠٧/٦/١ وە بەرازیبوونی جورج بـۆش خـۆی) بـاس لـە دووبارەکردنـەوەی نـەموزەجی کۆریـای باشـوور دەکـەن، بـەڵام بـە جیاوازیـەکی زۆرەوە لەگـەڵ بیرۆکـەی خـۆم: مـن باسـم لـە نەمووزەجەکـە کـردووە وەکوو ئەوەی کە بکرێ بە بنەما بۆ هاوپەیمانیەکی دوور و درێژ لە نیـوان باشـووری کوردستان و ئـەمریکا. بـەڵام ئـەو بۆچـوونە ئەمریکیـەی کـە لـە رۆژانـی دواییـدا بـە توندی هاتۆتە پێشەوە باس لەوە دەکا کە تەواوی عیراق وەکوو کۆریای باشوور کـاری لەگەڵدا بکـرێ بـۆ دۆسـتایەتیەکی درێژخایـەن وە مانـەوەی هەنـدێك لـە هێزەکـانی ئەمریکا لەم وڵاتە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ.

بەهەر حاڵ هەردوو بۆچوونەکان دەبێ جێگـەی سـەرنج و لێوردبوونـەوەبن. هـەر بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەر دەبێ هەر زوو ئاماژەیـەك بـە کێشـەو ئـەزموونی ئـەمریکا لەمەر کۆریای باشوور بکەین. زۆر بـە کـورتی لـە سـەرەتا زووەکـانی جـەنگی سـارددا دوو رووداو لـە هاوکێشـەی ناونەتـەوەیی هاوسـەنگی هێـزدا دوو روودا و بەتونـدی ئەمریکا و جیهانی رۆژئاوایان پەیوەندیـدارکرد یـەکێکیان ئەوەیـە کـە لـە سـاڵی ١٩٤٩ یەکیەتی سۆڤیەت بووە خاوەنی چەکی ئەتۆمی وە یەکەم تاقیکردنەوەی لـەم بـارەوە ئەنجامـدا وە دووهـەمیان هـەر ئـەو ساڵە پـارتی کۆمونیسـتی چـین بەسـەرکردایەتی ماوتسی تۆنگ حوکمڕانی لە تەواوی چین گرتە دەست. ئـەم دوو رووداوە نـەك هـەر بۆ ئەمریکا گرنگ بوون بەڵکوو بە مانای وشە هەژێنـەر بـوون. رای گشـتی رەسمـی و ناڕەسمی ئەمریکی بـە ڕاشکاوی لـەو بـاوەڕەدا بـوون کـە ئـەمریکا دەبـێ کاردانـەوەی

توندی هەبێ. لەم هەواو کەشەدا ساڵی دواتر کۆریای باکوور (بەرژێم کۆمونیست) هێرشی کردە سەر کۆریای باشوور. کاردانەوەی سەربازی ئەمریکا، لە چوارچێوەی بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هەر زوو بوو بە راستی. لە قۆناغێکی شەڕدا بۆچوونێکی ئەمریکی هەبوو کە دەبی ئەمریکا تەواوی کۆریا (بە باشوور و باکوورەوە) بەدەستبێنێ. بە هەر حاڵ شەڕی کوریا ساڵی ١٩٥٣ بەرەسمی تەواو بوو کە ئاکامەکەی ئەوە بوو ئەمریکا بە"بەشە سەرکەوتنێك/نیمچە سەرکەوتنێك" نەك تەواوی سەرکەوتن رازی بوو وە ئەو ئەمری واقیعەی قەبووڵکرد کە لە کۆریای باکوور (لە سەرەوەی هێڵی پانایی ٣٨) رژێمێکی کۆمونیستی دوژمنکار بە ئەمریکا حوکمرانی بکات وە لە کۆریای باشوور (خوار هێڵی پانایی ٣٨) رژێمێکی دۆست بە ئەمریکا حوکم بکات. ئەو دەرئەنجامانەی کە لەم وێنە مێژووییە دەستمان دەکەوەن کە یارمەتیمان دەدەن بەراوردی شەڕی کۆریا (١٩٥٠ - ١٩٥٣) بە شەڕی عیراق بکەین ئەوانەن:

١) شەڕی کوریا رووداوێکی گرنگە لە پرۆسەی شەڕی ساردا، شەڕی عیراق گرنگە لە چوارچێوەی زەمەنی دوای تەواوبوونی جەنگی سارد و هەوڵی ئەمریکا بۆ خەملاندنی جیهانێکی نوێ بە سەرکردایەتی خۆی. لە هەردوو حاڵەتدا ئەمریکا ئەکتەری سەرەکیە؛ ٢) لە شەڕی کۆریا ئامانج بەرپەرچدانەوەی مەترسی بەهێزبوونی کۆمونیسم لە ئاستی جیهاندا و رژێمی کۆمونیستی کۆریای باکوور بوو، لە شەڕی عیراقدا ئامانج لێدانی توندڕەوی "ئیسلامی" بە تایبەت قاعیدە وە رژێمی سەدام بوو؛ ٣) پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە هەردوو حاڵەتدا جێگەیان لە ناوەڕاستی ستراتیژی نەتەوەیی ئەمریکا دایە؛ ٤) لە هەردوو حاڵەتدا پێویستی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ماوەی دوورودرێژ خۆی دەسەپێنێ، بەرژەوەندیەکان سرووشتێکی درێژخایەنیان هەیە وە تەهدیدەکانیش لە هەردوو حاڵەتدا (پێشتر کۆمونیزم وە ئێستاش قاعیدەو توندڕەوی ئیسلامی) ئایدیۆلۆژی - گلۆبالی درێژخایەنە؛ ٥) لە بۆچوونێکی تەواو کوردستانیەوە جیاوازیەکی گەورە هەیە کە هەر زوو بۆتە بنەما بۆ دەرهاوێشتەی جیاواز: لە شەڕی کوریا، تورکیا بەشداریەکی گرنگی کرد بە ٦٠٠٠ سەرباز لە هێزەکانی وە بەم بەشداربوونە توانی خاڵی دیپلۆماسی گرینگ بۆخۆی بەدەستبهێنی کە گرنگترینیان ئەوەبوو کە ئەو بەشداریە بووە رێگەخۆشکەر بۆ ئەوەی تورکیا بە ئاسانیتر ببی بە ئەندامی ناتۆ، کەچی لە

شەڕی کۆریادا بەهیچ شێوەیەك کورد پەیوەندیدار نەبووە. لە بەرامبەر ئەمە، وە تەواو بە پێچەوانەوە، لە شەڕی عیراق تورکیا نەك هەر بەشدار نەبوو بەڵکە بەو شێوەیەی کە ڕێگەی نەدا بە هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتەوە بێنە ناو عیراقەوە بووە هۆی ساردیەکی زۆر لە پەیوەندی ئەمریکی- تورکیدا، نەك هەر ئەوە بەڵکو ئەم هەنگاوەی تورکیا بە توندی خزمەتی بە کورد کرد. جگە لەوە بەشداری کورد لە ئازادکردنی عیراق، هەرچەند لە ئاستی ستراتیژیدا نەبوو، پێگەی کوردی بەهێزکرد وە دەکرێ ئەم خاڵە لە داهاتووشدا بخرێتە خزمەت دیپلۆماسیەی کوردیەوە، شتەکان زۆر پەیوەستن بەوەی کە ئایا پرۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق چی بەسەردێت.

بە باوەڕی من لەیەکچواندنی هەموو عیراق بەکۆریای باشوور هەڵەیەکی گەورەیە کە ئەمریکیەکان دەیکەن، دیارە ئەم هەڵەیەش لەوەوە پێهەڵدەگرێ کە تا ئێستەش ئیدارەی جۆرج بوش باوەڕی بە بەرهەمهێنانی عیراقێکی دیموکراتی و یەکگرتوو هەیە. بەهەر حاڵ هەتتا ئەگەر عیراق بە یەکپارچەییش مایەوە ئەوا دیسان ئاسان نیە پەرلەمانی عیراق لە داهاتوودا ئەوە قبووڵبکات کە بنکەی سەربازی ئەمریکی لە عیراق دابمەزرێن وە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بمێننەوە. هەتا گریمان پەسندیشیکرد ئەوا دوای ئەم پەسندکردنەش ئەوا لە داهاتوودا باری عیراق هەموو "موفاجەئەیەك" هەڵدەگرێ، کە دەکری دواجار بە زەرەری ئەمریکا و کورد تەواو ببێ.

بەهەر حاڵ مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ ئایا لایەنی کوردی لە نێوان ئەگەری دووبارەکردنەوەی ئەمریکیەکان بۆ نەموزەجی کوریای باشوور لە تەواوی عیراق یا بەرامبەرەکەی، واتە دووبارەکردنەوەی ئەم نەموزەجە تەنها لە باشووری کوردستان، هەڵوێستی چیە؟ ئەوەی ڕاستی بێت تاکو ئێستا هیچ.

لێرەدا هەوڵدەدەم بەچەند خاڵێك بۆچوونێك لەم بارەیەوە بخەمە بەرچاوی خوێنەران: ١) بەر لە هەر شتێك کێشەکە هەر ئەوە نیە کە ئەمریکا تا ئێستاش مامەڵەی کێشەکان دەکا وەکوو ئەوەی عیراقی دیموکراتی و فیدراڵی و یەکگرتوو مومکینە. ئەوەش ڕێك دیوەکەی تری دراوە، هەڵبەتە هەر وەك ئاماژەمپێدا دیوەکەی تریش سیاسەتی ئەمریکایە لەم بارەیەوە؛ هەردووکیان یەکتر تەواودەکەن وە بەتوندی تێکەڵاوی یەکتر دەبن. بە باوەڕی من کاتی ئەوە هاتووە کە لایەنی

کوردی بەکراوەتر و جدیتر وە لە ئاستی هەرە سەرەوەی سەرکردایەتی سیاسی گفتوگۆ لەسەر ئەلتەرناتیفەکان بکات وە باس لە زیاتر لە یەك سیناریو بکات. لەم قۆناغەدا بوونی **پلانی ب** بۆ باری سیاسی باشووری کوردستان مەسەلەیەکی حەیاتیە بۆ ئەو کاتەی کە **پلانی ا**، کە سەرلەنوی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقە، شکست دەهێنێ؛ ٢) من باوەڕناکەم ئەو ئاسانەبی بۆ ئەمریکا کەوا لە پەرلەمانی عیراق بکات دەنگ بۆ دامەزرانی پێگەی سەربازی لە تەواوی عیراق بدات. هەر لە ئێستاوە و تا کاتی دەنگدان پێویست نیە لایەنی کوردی بەر لە هەر کەس و لایەنێکی ناو پەرلەمانی عیراق دەست بەرزکاتەوە بۆ مانەوەی هێزەکانی بۆ ماوەی دوورو درێژ، چونکە هەنگاوێکی ئەوها لەوانەیە لەسەر کورد گران بکەوێ؛ ٣) کاتی ئەوە هاتووە بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئەلتەرناتیڤی دووبارەکردنەوەی نەموزەجی کۆریای باشوور لە کوردستان نەك لە عیراق لە لایەن سەرکردایەتی کورد دراسەبکری و هەندێ بیروبۆچوون لەم بارەیەوە گەڵاڵەبکرێن. دیارە تا ئەمریکا باوەڕی بە عیراقی یەکبوو هەبێ هەر لەو باوەڕەدا دەبێ کە دەتوانێ **هەموو عیراق** بە دەستبهێنی و وەکوو کۆریای باشووریشی لێبکات. بۆ ئەمریکاش کاتی ئەوە هاتووە بگاتە ئەو قەناعەتە، کە چۆن هەندێ لە ئەمریکیەکان پێیگەیشتوون، کە چۆن کاتی خۆی ئەوەمان قەبووڵکرد کە ناتوانین هەموو کوریا بەدەستبهێنین دەبێ ئاواش قەبووڵبکەین کە ئیتر ناتوانین هەموو عیراق بەدەستبهێنین، دەستگرتن بە کوردستانەوە هەرنەبێ "بەشە سەرکەوتنێك یا نیمچە سەرکەوتنێکە".

**ك. نوێ:** تۆ بۆچوونێکی تایبەتیت لەسەر مادەی ١٤٠ هەیە کە تا رادەیەکی زۆر پێچەوانەی دیسکۆرسیی رەسمی کوردە، ئەویش ئەوەیە کە قبوڵنەکردنی دواخستنی راپرسیت لە کەرکوکدا لەلایەن کوردەوە خسۆتە ژێر پرسیارەوە بگرە دەڵێی دەشی سەرکردایەتی کورد لە سبەی رۆژدا هەر خۆی داوای دواخستنی راپرسی بکات، ئەم بۆچوونەت لە چییەوە سەرچاوەدەگرێت؟

**ب. یاسین:** ئەوەی راستی بێت ئەم بۆچوونە لەوەوە پێهەڵدەگری کە ماوەی ٤ ساڵ زیاترە بۆ مەسەلەی کەرکوك و ناوچەکانی تر کە پێویستە بگەڕێنەوە سەر کوردستان شتێکی زۆر نەکراوە، ئەگەر ئەسلەن بڵێین شتێکی بەرچاو کرابێت. بە پێی مادەی ٥٨ لە یاسای ئیدارەی کاتی و دواتریش مادەی ١٤٠ لە دەستوری

هەمیشەیی دەبوایە دەمێك بوو باری کەرکوك ئاسایی بکرایەتەوە. لە ڕاستیدا بە پێی ئەو خشتەی کاتە کە بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دانراوە دەبوایە تا ٣١ی مانگی ئاداری رابردوو پرۆسەی ئاساییکردنەوە بە کۆتایی بگەیشتایە وە لە دوای چەند رۆژێکی تر واتە لە ٣١ی تەمموز سەرژمێربکرایە بۆ ئەوەی دواتر لە٣١ی کانونی دوەم (واتە لە کۆتای ئەم ساڵ) ریفراندەم بکرایە/بکرێ. جا ئەوەی راستی بێت من بۆچوونەکەی خۆمم لەسەر بەراوردێك کردوە لە نێوان ئەو هەموو کاتەی تێپەڕیوە بەبێ ئەوەی شتێکی زۆر کرابێ وە ئەو ئەرکە زۆرە کە ماوە ئەنجامبدرێت لە پرۆسەی ئاساییکردنەوە، لەو کاتە کەمەی کەماوەتەوە. لە راستیدا هەندێ هەڵوێست و ئاماژەی (ناروون) و لێلاویش لێرە و لەوێ (لە لایەنی کوردیەوە) دەرکەوتوون، ئەوەمان پێدەڵێن کە بەڵی کورد چارەی نیەو دەبێ لەو مەسەلەیەدا واقیعبین بێت و بە"کراوەتر" لەمەسەلەی دواخستنی کاتی ریفراندەم بڕوانێ! ئەو بۆچوونەی من پیادەمکردوە تەنها تێڕوانینێکەو دوورە لەوەی بە هیواخواستن لەشت بڕوانێ.

بە بۆچوونی خۆم لەگەڵ پێشوەچوونی رووداوەکان پرۆسەی سیاسی لە عیراق ئاڵۆزتر و ئاڵۆزتر بووە وە بەم پێیەش بۆ وەسەرخستنی پرۆسەی سیاسی لە عیراق رۆژ دوای رۆژ داوای تەنازولی زیاتر لە کورد کراوە. لە راستیدا بۆ وەسەرخستنی پرۆسەی دامەزرانەوەی عیراق لایەنی کوردی زۆر "ئاسانکاری" (تۆ بڵی تەنازول)ی کردوە لەوەی کە بۆ نموونە لە کاتی قەیرانە سیاسیەکاندا بە تەواوەتی پێی دانەگرتووە و نەرمی نواندوە. **پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە ئایا چیتر ماوە کورد تەنازلی لێبکات!**

هەڵبەتە دەمەوێ ئەوە بەبیر بخەمەوە کە ئەو بۆچوونەی بەندە کە ئێوە ئاماژەتان پێدا بە پەیوەندی لەگەڵ کاردانەوەی هەرێم هاتووە دەربارەی پێشنیاری بیکەر- هاملتن دەربارەی وەدواخستنی ریفراندەم دەربارەی کەرکوك. جا لێرەدا من پێم وایە بەر لەوەی لایەنی کوردی گلەیی لە پێشنیاری راپۆرتەکە یا لایەنێکی ئیقلیمی دەربارەی کەرکوك بکات دەبێ رووی رەخنەو گوتاری لە لایەنی عەرەبی بێت لە عیراق. لە راستیدا ئەسڵی کێشەکە لایەنی عەرەبین و ئێستاش زۆرێك لەوانەی جلەوی پرۆسەی سیاسیان لە عیراق بەدەستەوەیە نەك هەر لە رژێمی پێشوو باشتر بیرناکەنەوە بەڵکو هەندێکیان دوورتریش لە رژێمی پێشوو دەڕۆن لە

دوژمنکاری بۆ داخوازیەکانی کورد. ئەوەتا هەر چەند رۆژێك بەر لە ئێستا (واتە دوای زیاتر لە چوار ساڵ لە دوای رووخانی رژێمی بەعس) پەرلەمانی عیراق بڕیاریدا کە کار بە یاساکانی تەعریب هی رۆژانی حوکمی بەعس نەکات. جا پرسیار ئەوەیە چۆن دەکرێ مرۆڤ چاوەڕوانیەکی لەوانە هەبێت کە یاسای تەعریبی بەعسیان تا چەند رۆژێك بەر لە ئێستا هێشتۆتەوە! نوێنەرانی کورد لە بەغدا چی دەکەن ئەگەر هەر زوو کاریان بۆ لابردنی یاسایەکی ئەوتۆ نەکردبێ.

با باشتر ئەم شتە روونبکەمەوە: ئەگەر لایەنی عەرەبی لە ئەوەی پێی دەڵێن "عیراقی فیدرالی و دیموکراتی و نوێ "دا بیویستایە و نیەتی پاك بوایە تا ئێستا باری کەرکوك بە ئاساییکرابوویەوە؛ بێگومان هیچ رێگرێکی لە بەردەم نەبوو وە دەشیکرد، تەنها ئەگەر خوازیاری ئەوە بوایە. ئێستاش ئەو چەند مانگەی لە پێشمانەوەن بڕیاردەر دەبن، نەك هەر بۆ مەسەلەی کەرکوك بەڵکو بۆ تەواوی باری سیاسی باشووری کوردستان و چارەنووسی. بەو هیوایەی بۆ مومکینکردنی بەشداری هەندێك لە گروپە "چەکدارەکان"، کە دیارە بەعسیەکان لایەنی سەرەکی حسێب بۆکراون، بێنە ناو پرۆسەی سیاسیەوە کورد چیتر تەنازول نەکات. بە باوەڕی من تەنازولی زیاتر مەترسی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە **نە عیراقی دیموکراتی و فێدرالی بەدەستدێت وە ئەوەی کورد بەدەستیشەوەیە لە دەستیبدات!**

**ك. نوێ:** ئەمڕۆ رۆژ بە رۆژ زیاتر هەست بەوەدەکرێ کە ئیدارەی ئەمریکی دەگەڕێتەوە بۆ راسپاردەکانی بیکەر- هاملتون، دەرکەوتەکانیش بریتین لە؛ پێدانی رەهەندەکانی نێودەوڵەتی بە کێشەکانی عیراق، گفتوگۆی ئەمریکا - ئێران، بە هێزبوونی ئاراستەی دواخستنی راپرسی لە کەرکوك، پێداگرتنی ئەمریکا لەسەر چاوگێڕانەوە بە دەستووردا و... هتد.. تۆ لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەراشکاوی ئاماژە بەوەدەکەی کە یەکێك لە ئەگەرەکانی جێبەجێکردنی ئەو راسپاردانە لە بارچوونی باری ئێستای کوردستانە، ئایا ئێستا دەتوانی ئەو بۆچوونەمان بۆ روون بکەیتەوە و پێمان بڵێی چۆن؟

**ب. یاسین:** سەرەتا، بەڵی وایە، هەر ئێستا (کاتی ئانجامدانی ئەم گفتوگۆیە) گرۆپێك لە ئەندامانی کۆنگرێس (کۆماریەکان) لە هەوڵی خەملاندنی پرۆژەیەکن کە مەبەستیان تیایدا گەڕانەوەیە بۆ راپۆرتەکەی بیکەر- هەملتن وە چالاککردنی

پێشـنیارەکانیەتی. لـەو بارەیـەوە شـاردراوەنیە کـە راپۆرتەکـە کۆمـەڵێك پێشـنیار لەخۆیـدەگرێ کـە گرینگترینیـان دەربـارەی ئاسـتی سیاسـەتی ئـەمریکی و رەهەنـدی ئیقلیمی لە کێشەی عیراق و کێشەکانی ناو عیراق (پەیوەندیدار بـە پرۆسـەی سیاسـی لە عیراق). لە ئاستی ئیقلیمیدا راپۆرتەکە شتێکی زۆر گرینگ لە خۆدەگرێ ئـەویش خواسـتی چـالاککردنی هەوڵـەکانی ئیـدارەی سیاسـی ئەمریکیـە بـە زیندوکردنـەوەی هەوڵــەکانی ئاشــتی لــە مــەر ململانێــی ئیســرائیلی- فەلەســتینی. لــە راســتیدا ئەکتەرانێکی زۆری مەیدانی سیاسەتی نێونەتەوەیی (لە وانە بەتایبەتی تۆنی بلێری سەرەکوەزیرانی بریتانیا) و شارەزایان و بەشێك لە رای گشتی ئەمریکی (لەوانـە بـە تایبـەت دیموکراتـەکان) پێیـان لەسـەر ئـەوە داگرتـووە کـە چارەسـەرکردنی کێشـەی فەلەستین بەشێکی هـەرە گـرنگ پێکـدەهێنی لـە مەرجـەکانی سـەرکەوتنی ئـەمریکا نەك هەر لە عیراق بـەڵکو لـە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و جیهـانی ئیسلامیشـدا. ئـەوەی راستی بێت من خۆشم دەمێکە لە چاوپێکەوتنێکی (*کوردستانی نـوێ*)دا لـە سـەرەتای ساڵی ۲۰۰٤) ئەوەم جەختکردۆتەوە کـە یـەکێك لـە کلیلـەکانی پێشکەوتنی سیاسـەتی ئـەمریکا لـە ناوچـە چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیەیە. ئـەو کێشـەیە دەمێکـە لـەوە دەرچووە کە کێشەی چەند رژێمێکی نادیموکراتی بێت لە ناوچەدا بـەڵکو کێشـەیەکە بە رادەی یەکەم لە هەموو ئاستێکدا بە سیاسی و ئایدیۆلۆجی کراوە. ئەم مەسـەلەیە بۆ هێزەکانی چەپ، هێزە عەرەبیە ناسۆنالیستەکان، هێـزە ئیسلامیەکان (بـە هـەمو رەنگەکانیــەوە) بۆتــە خــاڵێکی جــەزبی زۆر گــرنگ. دواتــر ئــەم کێشــەیە هۆیــەکی سەرەکیە لەوەی کە ئەمریکا لە ناوچـەی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بەرادەیـەکی یـەکجار زۆر، بگرە ترسناکیش، متمانەی خۆی لەدەستداوە. لە دیدی ناوچەوە، بە تایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی، پشتگیریکردنی ئـەمریکای بـێ مـەرج و زۆر فـراوان لـە ئیسـرائیل و سیاسـەتەکانی بـە هـیچ شـێوەیەك یەکناگرێتـەوە لەگـەڵ بانگەشـەی پشـتگیریکردنی ئەمریکا لە چاکسازی و بڵاوبوونەوەی دیموکراسی لە ناوچەدا. نـەك هەر ئـەوە بـەڵکو ئەو هەڵوێستەی ئەمریکا هۆیەکی هەرە گرنگە بۆ نـاڕازیبوونی خـەڵك لـە سیاسـەتی ئــەو وڵاتــە. تێگەیشــتنێکی ئــەوها دەتــوانــێ وەڵـامی هــەرەگرینگیش بێــت بــۆ ئــەو پرسیارەی ئایا ئەو هەموو دوژمنکاریە بۆ ئەمریکا بۆ!

ئــەوەی پەیوەنـدی بـە گفتوگـۆ لەگـەڵ سـوریا و ئێرانـەوە هەیـە، بـە بـاوەڕی مـن ئەسـڵەن بیرۆکەکـە (یـا راسـتر بڵـێین پێشـنیارەکەی بیکـەر - هـاملتن لـەم بارەیـەوە)

تەقـە لەخۆكردنـە. ئـاخر لـە لايەكـەوە ئـەمريكا وا خەريكـە هێزەكـانی لـە ناوچـە كۆدەكاتەوە بۆ (بە ئەگەری زۆر) وەشاندنی گورزێك لە ئێران یا هەرنەبێ ترساندنی بـەوەی ئـەوە دەرئـەنجام دەبـێ ئەگـەر ئێـران سـەر بـۆ "ئـیرادەی نێونەتـەوەیی" دانەنوێنێ. هەر وەها سادەییكی سیاسیە گەر مرۆڤ باوەڕ بكا كە ئێران بەبێ باجێكی گەورە رازی دەبێ بەوەی كە یارمەتی ئەمریكا بدات بۆ بەرقـەراربوونی ئاسایش لـە عیراق و سەركەوتنی پڕۆسەی سیاسی لەم وڵاتـەدا. بـە بـاوەڕی مـن لـە فـەترەی دوای پێشـنیارەكەی بیكـەر- هـاملتن ئێـران رۆڵـی خـۆی لـە عـیراق زێـدەكردبێ كـەمی نەكردۆتـەوە و هەڵوێسـتی ئێـران لـە مەسـەلەی هاوكـاریكردنی لەگـەڵ كۆمـەڵگای نێونەتـەوەیی لـە بـارەی پەرەپێـدانی وزەی ئـەتۆمی بـۆ مەبەسـتی سـەربازی كـەمتر بۆتەوە و ئەوەتا لە رۆژانـی دواییـدا بـاس لـەوەش دەكـرێ كـە ئێـران چـەكێكی زۆری داوە بە تالیبان لە ئەفغانستان. تۆ بڵێی ئەم پێشنیارە جارێ هەر لە ئاستی تیوریـدا، جا چ جای ئـەوەی ئەگـەر بكەوێتـە بـواری پراكتیكیـەوە، بـەزەرەر نەگەڕابێتـەوە بـۆ ئەمریكا. بەبۆچوونی خۆم بەڵێ!

بەهەر حاڵ، بە باوەڕی خۆم سوریە لەم ناوەدا دەتوانێ بازنەیەكی لاواز و نـەرمتر (soft) بێـت و بەزەربیەیـەكی كـەمتر رازیـبێ. لەوانەیـە چارەسـەركردنی كێشـەكانی نێوان ئیسرائیل و سوریا، یـا هەرنـەبێ كردنـەوەی دەروازەیـەك، یـا بچوكیشـبێ بـەو ئاقـارەدا، دەتـوانێ تـا رادەیـەكی زۆر ئـەو وڵاتـە بێنێتـە سـەر خـەت. لـە راسـتیدا پێشوەچوونێكی ئەوها دەتوانێ زۆریش پۆسەتیڤ بێت بـۆ كەمكردنـەوەی خاڵـەكانی تەوەتر لە ناوچە و پێنگاوێكیش بێت بە ئاراستەی چارەسەركردنی كێشـەی عـەرەب-ئیسرائیل. لە مەسەلەی لەبارچوون یا ترس لەوە لە پرسیارەكەتدا، هەڵبەتـە ئەگـەر تێگەیشتنێك لە نێوان ئەمریكا و گروپە"چـەكدارەكان" فەراهـەمببێ (جـا ئـەوە زۆر دەوەسـتێتە سـەر ئـەوەی لەسـەر چـی ئـەم لەیەكگەیشـتنە مـومكین دەبـێ) ئـەوا بـە ئەگەری زۆر بە زەرەری كورد تەواو دەبێ. ئاخر داواكاریەكانی گروپە"چەكدارەكان" لە دانانی خشتەی كات بۆ خۆكێشانەوەی هێزەكانی ئـەمریكا و گەڕانـەوەی بـەعس و پێداچوونەوەی دەستور بە تایبەت مەسـەلەی فیـدراڵی و دواخسـتنی جێبـەجێكردنی مادەی ١٤٠ هیچیان یەكانگیر نین لەگەڵ حـەزەكانی كـورد. زۆر بـە كـورتی و بەچـڕی راپۆرتەكە نەك هەر زهنیەتی پشتكردن لە كورد دەردەخا بەڵكو بە ئاشكرا دەخوازێ لایەنی كوردی لە عیراق تەنازولی زیـاتر بكـات، ئـەو تەنازولانـەی كـە زۆربـەی هـەرە

زۆری کـورد بـە تـەواوەتی رەدی دەکەنـەوە. پارادۆکسـێك (موفارەقـە)یـەکی گـەورە ئەوەدەبێ کە گروپە"چەکدارەکان" لە پرۆسەی دانوساندندا وا لە ئەمریکا بکەن کـە ئەمریکا رازی بێت بەوەی کە لـە عیراقـی عـەرەبی بنکـەی سـەربازی دانەمـەزرێنی و لەو حاڵەتەشدا مەسەلەکان دەکەونە قۆناغی ئەوەی کە ئـیتر بنکـەکان لـە کوردسـتان دابمەزرێن. بە گشتی من پێموایە راپۆرتەکـە لـە یـەك شـتدا "سـەرکەوتوو" بـوو، کـە ئـەویش بۆخـۆی موفارەقەیـەکی گەورەیـە، ئـەویش ئـەوەبوو کـە راپۆرتەکـە تـوانی وێنـــەی هێزێکـــی شکســـتخواردوو لەســـەر ئـــەمریکا بـــدا بـــە هێـــزە"چـــەکدار" و تێرۆریستەکان لە عیراق وە هێـزە ناحـەزەکان بـە ئـەمریکا لـە ناوچـەوە ئـەو هێـز و لایەنانەی کە لـە ئاسـتێکی گلۆبالیـدا پـڕ بـەدڵ حـەز دەکـەن کـە ئـەمریکا لـە عـیراق شکست بێنێت!

**ك. نوێ:** پەیوەندیەکانی نێوان کورد لە باشووری کوردستان و تورکیا زۆر جار توشی قەیرانی ترسناك دەبن، هەندێ جار ترسی ئەوەش هەیە کە لە ناکاودا سوپای تورکیا سـنووری هـەرێم ببـەزێنێ و شـەڕێکی نەویسـتراو دروسـت بـبێ لـە نێـوان هێـزی پێشمەرگەو سوپای تورکیادا کە بێگومان کارەساتی گـەورەی لێدەکەوێتـەوە... ئـەوەی لە بۆچوونی تۆدا سەرنجی راکێشام پێداگرتنـە لـە سـەر ئـەوەی سـەرکردایەتی کـورد پەیوەندییەکی ستراتیژی لەگەڵ تورکیادا ببەسـتێ، بۆچـی داوای پەیوەندییـەکی لـەو جـۆرە دەکـەیت؟ پاشـان ئایـا پێتوایـە لـە چ هەلومەرجێکدا ئـەم پەیوەندیـە خـۆی دەسـەپێنی و بەرژەوەنـدی هاوبـەش بـەدی دەهـێنێ بـە تایبـەتی کـە ئێسـتا دەبیـنین ئاسـۆی بـەردەم بەسـتنی پەیوەندییـەك لـەو ئاسـتەدا، یـان مەرجـە بنەڕەتیـەکانی لاوازن؟

**ب. یاسین:** زۆر راستە، وە بەتایبەتی لـە مـاوەی دواییـدا هاوتـەریب لەگـەڵ ململانێـی نێوان موئەسسەی سەربازی و هێزە بە ناو علمانیەکان و نەتەوەپەرسـتانی تـورك لـە لایــەك وە حزبــی دەستهەڵاتبەدەســت (پــارتی داد و گەشــەپێدانی رەجــەب تــەیب ئەردۆگان) لە لایەکی ترەوە. دەتوانم بڵێم ئەم ململانێیە تا رادەیەك **چارەنووسسازە**. دیارە ململانێکە ئەوەندە چڕبۆتەوە کە گەیشتۆتە ئاستێك لە هیستیریای سیاسی لەو وڵاتە: هێزە بەناو علمانیەکان و نەتەوەپەرستانی تورك وا دەزانن ئیدی چارەنووسـی وڵاتەکـەیان لـە مەترسـیدایەو تورکیـا بـەرەو رووی پیلانێکـی ترسـناك بۆتـەوە.

لەوەدەچێ ئەم حاڵەتە تا هەڵبژاردنەکان بەردەوام بێت (وە هەتا دەتوانم بڵێم بارودۆخەکە موفاجەئەی سیاسی گەورەش هەڵدەگرێ) بەڵام دوای هەڵبژاردنەکان ئیدی کەم کەم بارودۆخەکە بە ئەگەری زۆر بەرەو ئاساییبوونەوە بڕوا.

ئەوەی دەربارەی پەیوەندی ستراتیژی کورد لەگەڵ تورکیا، هەروەك لە سەرەوە ئاماژەمپێدا، دەکرێ ئەوە تەوەجوە بێت لە سیاسەتێکی درێژخایەندا وە سیاسەتە کورتخایەنەکانیش ئەوها بخەملێن کە تا دەکرێ لەگەڵ ئەو سیاسەتە دوورخایەنە یەکتر بگرنەوە. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە بە کوردستانیکردنی سیاسەتەکان، بە مانایەکی تر بینینی کێشەی کورد وەبەرژەوەندیەکانی کورد لە باشوور و باکووری کوردستان نەك وەك دوو شتی دژ بەیەکتر بەڵکو تەواوکەری یەکتر، زامنێکە بۆ وەدەستهێنانی پێشکەوتنی ئیجابی لەم بارەیەوە. لە راستیدا جختکردنەوەی دەستهەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان لەسەر ئەوەی کە دەبێ تورکیا کێشەی کورد لە تورکیا بە شێوەیەکی دیپلۆماسی و بە دیالۆگ چارەسەر بکات، مەوقفی کوردی لە باشوور بە هێزتر کردوە تا لاواز. ئەوەتا لەگەڵ پێشوەچوونی رووداوەکان لایەنی تریش، بە تایبەتی ئەمریکا و یەکیێتی ئەوروپاش ئەم شتە دووپاتدەکەنەوە. کورد دەبێ باوەڕی بەوەبێ کە هەنگاوی راست و دروست زوو یا درەنگ دەرهاوێشتەی باشی دەبێ. مرۆڤ لە سۆنگەی بەکوردستانیدیتنی کێشەکان لەودیو و لەودیوی سنوور بە ئاسانی دەتوانێ بڵێ کە هەر کرانەوەیەکی تورکیا روو لە جیهانی مەدەنی و پرۆژەی لیبرال - دیمۆکراسی کرانەوەیەکە نەك هەر بۆ دۆزی کورد لە تورکیا بەڵکو رێك بۆ کوردیش لە باشووری کوردستان، وە بگرە پارچەکانی تریش. پێچەوانەکەشی راستە، واتە هەر پاشەکشەیەك لەم ئاراستەیەدا رێك کاردانەوەی بۆ سەر هەردوو بەشی کوردستان و کوردستانی گەورەش دەبێ. بەم مانایەش لایەنی کوردی (لەو دیو و ئەو دیوی سنوور) پێویستە سیاسەتێك پیادە بکات کە تا دەکرێ تورکیا بەرەو کرانەوە ببات نەوەك پێچەوانەکەی (واتە داخراوی سیاسی). دەکرێ ئەوە لە ئاستی پراکتیکیدا ئاسان نەبێت، بەڵام هەر هەوڵێك یا پێنگاوێك، هەر چەندە بچووکیش بێت لەو ئاراستەیەدا، دەتوانێ سوودی بۆ تەوەجوهە تەندروستە گشتیەکە هەبێت. بەهەر حاڵ من باوەڕم وانیە کە لایەنی کوردی هەموو ئەو شتانەی کردبێ کە پێویستە بیکات بۆ ئەوەی بتوانێ ئاکامی باشتر بەدەست بێنێ لەوەی کە تا ئێستا بەدەستیهێناوە لە مەر پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا.

هاوئاهـەنگی لـەم بارەیـەوە لەگـەڵ ئـەمریکا و یـەکیێتی ئـەوروپا (زۆر بـە تایبـەتی لەگەڵ ئـەمریکا) وە خـۆدوورگرتن لـە هاوێشتنی هەنـدێ دروشـم کـە بارەکـە بـەرەو گرژی دەبات. دەبێ دواجار ئەوەش بزانین کە هەوا کەشی پڕ لە گرژی و هیستیریایی دەتوانێ خزمەت بە هێـزە شـەڕخوازەکان و ڕەگەزپەرسـتەکان و هێزەکانی **دەوڵـەتی شـاردراوەی** تورکیـا بکـات. بـە پێچەوانەشـەوە کاردانـەوەی پۆسـەتیڤانە لـە لایـەن دەسـتهەڵاتی سیاسـی لـە باشـووری کوردسـتان، وەکـوو ئـەوەی بـۆ نموونـە سـەرۆکی حکومەتی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی دواییدا چـەند جارێك کردوویـەتی (بەرامبـەر بـەهێما و ڕاگەیانـدنی "پۆسـەتیڤ" کـە لـە تورکیـا دەردەچـن) یارمـەتی پێشوەچـوونەکان، بـە ئاقـارێکی پۆسـەتیڤ و تەندروسـتدا، دەدات. مـن بـە لامـەوە سەیرە، کاتێ نزیکەی دوو مانگ بەر لە ئێستا عەبـدوڵلا گـوڵ باسـی ئـەوەی کـرد کـە تورکیـا پـەیمانی ١٩٢٦ هەڵدەوەشـێنێتەوە ئەگـەر دەوڵـەتی عـیراق هەڵوەشـایەوە، ئـەم بۆچوونەی گوڵ بەبێ وەڵامێکی پڕ بەپێست مایـەوە. بـە بـاوەڕی مـن ڕاگەیانـدنێکی ئەوها دەبێ وەکو دەرفەت بخوێندرێتەوە لە لایەن کوردەوە تا وەك هەڕەشە. تورکیـە دەخـوازێ پـەیمانی ١٩٢٦ هەڵوەشـێنێتەوە، باشـە کـوردیش مەسـەلەی موسـڵ زینـدو دەکاتەوە و ئەلتارنەتیڤی کۆنفدرالی لەگەڵ تورکیا بێتە گۆڕێ! ئـەم شـێوە بۆچـوونە دەتوانێ یارمەتی ئەوە بدات کە کورد **پلانی ب بخەملێنێ!**

دامەزراوەی عەسکەر (لە تورکیا) مەبەستی حەشاردانی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و حزبەکەیەتی لە گۆشەیەکی زۆر تەسکدا و ئیحراجکردنیەتی، نەك هەر ئـەوە بـەڵکو خوازیارە کە لە بۆچوونی خەڵکدا ئـەردۆگان وەکو کەسێك کـە خیانـەت دەکـات لـە نەتەوە بدرێتە قەلەم، بۆ ئەوەی بۆ قۆناغی داهاتوو کـە لەوانەیـە مەبەسـت خسـتنی بەتەواوەتی ئەو و حزبەکەی بێت. لێرەدایە، بە بۆچوونی خۆم، لایەنی کوردی دەبێ ڕۆلێکی ئەوها نەبینێ کە خزمەت بـە ئیحراجکردنـی ئـەردۆگان بکات چونکە ئەمـە ڕێك خزمەت بە تەوەجوهی موئەسەسەی عەسکەر لە تورکیا دەکات. لێرەدا نامـەوێ ئەوەنـدە دوور بچـم و بڵـێم کـە ئـەردۆگان گـەر هـەر ئێسـتا دەرفـەتی زێـتری هـەبێ کێشەی کورد لە تورکیا بە یەکجارەکی چارەسەر دەکات، بەڵام گومانیشم نیە کە هەم لە بواری کێشەی کورد وە هەم لە بواری نزیکبوونەوە لە یەکیێتی ئـەوروپا هـەنگاوی زێتر دەهاوێژێ. بە بۆچوونی خۆم، هەرنـەبێ تـا ئەنجامـدانی هەڵبژاردنـەکان کـە لـە ٢٢ی مانگی داهاتوودا دەکرێن، زۆر گرنگە پکك بە ئەو پەڕی هەسـتیاریەوە سیاسـەت

بكـات. لــه مێــژووی سیاســی تورکیــادا زۆربــەی هێــزە سیاســیەکان (هــەڵگرانی ئایدیۆلۆجیای جیا جیا) خۆیـان لـەناو دەسـتهەڵاتی سیاسـیدا تاقیکردۆتـەوە هـەر لـە چـەپ تـا ناوەنـد تـا دەگاتـە ئەوپـەڕی دەستەڕاسـت. ئـەوەی راسـتیە هیچیان نـەیان توانیوە بەقەد چوار ساڵی رابردوو هەنگاوی جددی بنێن بەرەو بـوون بـە ئەنـدام لـە یەکیێتی ئەورووپادا (واتە بەشێك لە پڕۆژەی لیبرال- دیموکراسی جیهـانی رۆژئـاوا) وە هیچ کاتێکیش بە قەد ئێستا هەڵگرانی بیری کەمالیزم هەستیان بە ترس و هەڕەشـە لەسەر ئایدیۆلۆژی کەمالی نەکردوە. هەڵگرانی ئەو فکرە دەخـوازن تـرس و تـۆرەیی خۆیـان بــە لایەکـدا بتەقێننــەوە، بـا لایــەنی کـوردی لــەو هەوڵــەدابێت کــە ئــەم تەقینەوەیــە بــەرووی کــورددا نــەبێت! حــەز دەکــەم ئــەوەش بڵــێم کــە بیرۆکــەی (پەیوەندی باش لەگەڵ تورکیا) هەرچەندە سروشتێکی ستراتیژی دوورخایەنی هەیە لەوەی کاتی، بـەڵام هەنووکـە (ئێسـتا)ی کـورد، بـە تایبـەتی لـە باشـووری کوردسـتان، پەیوەندی باشتر لەگەڵ تورکیا، لەوەی کە هەیە، دەخوازێ. باشووری کوردسـتان هـەر کرانەوەیـەکی دیپلۆماسـی لـە ئاسـتی ئیقلیمـی و جیهـانی بەدەسـتبهێنی یەکسـەر بـە مانای بەهێزکردنی مەوقفی خۆی دێت بەرامبـەر بەغـدا. کورد لـە باشـوور، لەگـەڵ بەدەسـتهاتنی کۆمـەڵێ شت لـە (١٩٩٢)ەوە بـەڵام دەبـێ حسـێبی پاشەکشـەی جـددیش بکرێ، کە بە باوەڕی من ئەو حسێبە سیاسـییەی سـەرکردایەتی نـەیکردووە (بەهـەر حاڵ تەخمینکردن شتێکی جودایە)؛ هەر وەك پێشتر گـوتم، کـورد پلانـی (ب)ی نیـە، چوونکە حسـێبی پاشەکشـەی (لـە ئـەزموونی عیراقـدا) نـەکردووە. مـرۆڤ بـۆی هەیـە بزانی ئایا دەستهەڵاتی کوردی تا چەند مانگ، یا نەڵێین چەند ساڵ، توانـای راگـرتنی بــاری ئــابووری کوردســتان و بــژێوی ژیــانی خــەڵکی هەیــە ئەگــەر هــات و کــورد بـەرەوڕووی قـەیرانێکی جـددی بوویـەوە لەگـەڵ بەغـدا. ئایـا حکومـەتی کوردسـتان چەند ملیار دۆلاری یەدەکی هەیە بۆ کاتی **پاشەکشە**!

ماوە بڵێم کە لە وەڵامێکی پێشترمدا هەندێ شـتم عـەرزکردن کـە دەکـری وەڵـامی ئەم پرسیارەشتان بن. وێرای سوپاسم بۆ رۆژنامەی (*کوردستانی نوێ*)ی هێژا، حـەز دەکەم خوێنەری ئازیزی ئەم گفتوگۆیە ئاگادارکەمەوە کـە بەشـێك لـەو شـتانەی لـەم گفتوگۆیانـەدا هاتونەتـە دەنـگ وە ئـەو بابەتانـەی ئاماژەیـان پێکـراوە لـە ماڵپـەڕی تاکەکەسیم بەرچاودەکەون، فەرموون ئەمەش ئەدرەسی ماڵپەرەکەیە:

www.burhanyassin.com

# تورکیا لەرێگەی هەڕەشەوە، جارێکی تر کێشەی کوردی هێنایەوەنێو ندی قسەوباس

**دیمانەی رۆژنامەی *رۆژنامە* ، لە ٢٩/١٠/٢٠٠٧ ئە نجامدراوە، هەروەها لە ماڵپەڕی *سبەی* بڵاوبۆتەوە.**

**رۆژنامە :** پەرلەمانی تورکیا بە زۆرینەی دەنگ لە دژی (پەکەکە) بریاری لە شکرکێشیدا بۆ ناوخاکی هەرێمی کوردستان، بە بۆچونی ئێوە تورکیا پەلاماری کوردستان دەدات، ئەگەر پەلامار دەدات، جۆری پەلاماردانەکە چۆنە؟ ئایا داخلی ناو شارەکانی هەرێم دەبێت؟

**ب. یاسین:** ئەم پرسیارە ناکرێ بەئەرێ یا نا وەڵام بدرێتەوە. راستە بڕیاری پەرلەمانی تورکیا گۆڕانکاریەکی چۆنایەتی بوو لە مەسەلەی لە شکرکێشی تورکیا بۆ سەر کوردستان. لە گەڵ ئەوەشدا ئەو بڕیارە بە تەنیا ناتوانێ ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکاتەوە. مەسەلەی لەشکرکێشی چیتر تەنها بەستراو نیە بە خواستی دامەزراوەی سەربازی و بریاری پەرلەمان بەڵکو مەسەلەکان رەهەندی کوردستانی و ئیقلیمی و (بە تایبەتی عیراقی) و نێونەتەوەیی وەرگرتووە کە ئیتر ناکرێ تورکیا ئەم هەموو رەهەندە گرنگانە لەبەرچاو نەگرێ. هەڵبەتە لە رەهەندی نێونەتەوەییدا هەڵوێستی یەکیەتی ئەوروپا و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا گرینگی تایبەتیان هەیە. بە باوەڕی خۆم تا ئێستاش بوار و پەراوێزی کرانەوەیەکی دیپلۆماسی بۆ ئەو قەیرانی لەشکرکێشیە ماوە. لە راستیدا دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە لە ناو بڕیاری پەرلەمان دوو پەراوێزی گرنگ دیارکراون؛

یەکەم: ئەوەی کە بڕیارەکە ماوەی ساڵێکی دیاریکردوە بۆ ئەوەی لەشکری تورکیا ببپەڕیتەوە دیوی باشووری کوردستان (تۆ بڵی عیراق)؛
دووەم: پەراوێزی دوا هەنگاو بۆ حکومەتی تورکیا بەجی هێشتراوە.

لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان، ئەگەر رووبدات، ئەوا تا رادەیەکی زۆر بە هۆی ئەوەوە دەبێ کە دامەزراوەی سەربازی هەست بەوە دەکات کە ململانی ناوەخۆییەکان، لە نێوان لایەنگرانی کەمالیزم لە لایەك وە لایەنگرانی چاکسازی و گۆڕانکاری بەرەو پڕۆژەی لیبرال - دیمۆکراسی (کە دیارە خواستی بوون بە ئەندام لە یەکیەتی ئەوروپادا دەربڕی ئەو رەوتەیە) گەیشتۆتە رادەیەك کە وایکردوە دامەزراوەی سەربازی هەست نەك هەر بە کەمبوونەوەی هەیبەت و کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی تورکیا بکات، بەڵکو لەوەش دەترسێ کە ئیتر ئەو دامەزراوەیە خەریکە هەموو شت لەدەست دەدات. لە راستیدا هەندێ شارەزا بگرە ووشەی "هیستریا" بۆ ئەم حاڵەتی ترسە بەکاردەهێنن.

لەو حاڵەتەدا کە رەهەندە سیاسی و سایکۆلۆژیەکان لە هەموو ئاستەکاندا بە توندی تێکەڵاو بەیەکتر بوون لە ململانێکانی ناو تورکیا بەخۆی. لەوەش زیاتر دامەزراوەی سەربازی هەست بە پاشەکشەو لاوازبوون دەکات. ئا لێرەدایە کە بە بۆچوونی ئەو دامەزراوەیە دەبێ شتێك بکرێ (کە لەو حاڵەتەدا هەرەشەیە بەرووی رەهەندی کوردیەوە) بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو جێگایە بگرێتەوە یا وەرگرێتەوە کە هەست دەکات لەدەستی داوە. لە لایەکی ترەوە من باوەڕم وانیە کە هەتتا ئەگەر هات و تورکیا هاتنە ناوەوەی باشووری کوردستان مەبەستی ئەوەبێ کە شارەکانی کوردستان داگیر بکا. ئەوە بە مانای ئەوە نایە کە تورکیا، بە تایبەت دامەزراوەی سەربازی، ناخوازێ مەرگی ئەزموونی باشووری کوردستان ببینێ، بەڵکو پڕ بەدڵێش بۆ ئەوە کاری کردوە و دەشی کات. بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی رەهەندەکانی کێشەکە، کە ئەگەر لایەنی تورکی خۆی سنوور بۆ هەڵسوکەوتی خۆی دانەنێت ئەوا بە ئەگەری زۆر بەزیانی خۆی تەواو دەبێ. کەواتە مەسەلەکە هەر ئەوە نیە کە هێزی لەشکر و توانای سەربازی تورکیا (لە هەموو روێکەوە) تێری ئەو لەشکرکێشیە دەکات یا نا، بەڵکو ئەوە رەهەندە سیاسی و دیپلۆماسیەکانن لە ئاستە جۆرا و جۆرەکاندا، کە زۆربەیان بە شێوەیەك یا شێوەیەکی تر لە خزمەتی کورددان، کە تواناکانی جوڵانەوەی تورکیا، بە تایبەتی لە رووی سەربازیەوە، سنووردار دەکەن.

هەر لێرەوەیە کە سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان دەبێ زیاتر جخت لەسەر لایەنە سیاسی و دیپلۆماسی و یاسای نێونەتەوەیی بکاتەوە نەك زمانی زەبر و زەنگ و تۆڵەسەندنەوە. بەڵام زێدەڕۆییکردن وەکو ئەوەی بە ئاشکرا پەنجەی گوناهبارکردن بۆ پکك درێژ بکات، دەکرێ بە زیانی دیپلۆماسی کوردی تەواو بێ.

بە ئەوەی سەرەوە وەك خاڵی لێوەدەرچوون، من باوەڕم وایە دامەزراوەی سەربازی لە دوای ئەو هەموو هەڕەشەکردنە جار دوای جار هەر لە کاتی کەوتنی ڕژێمی سەدامەوە وە بەجێنەگەیاندنی ئەو هەڕەشانە، وایکردوە کە ئیتر دامەزراوەی سەربازی **دەبێ شتێك هەر بکات**، جا ئەو شتە چەند سنوورداریش بێت. ئا لێرەوەیە ئەگەری هێرشێکی سنووردار یا چەند ئۆپەراسیۆنێکی سنووردار لە ئارادایە. لە لایەکی ترەوە **خۆڕاگری لایەنی کوردی** بەڵام بەمەرجێك ئەو لایەنە خۆی **دووربگرێ** لە زمانی زەبروزەنگ و هەڕەشە دەتوانێ قەیرانی ئەمڕۆی نێوان تورکیا و باشووری کوردستان بە سوودی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ کورد (بەگشتی) تەواو بێ. گوتاری کوردی دەتوانێ زیاتر سوودبەخش بێ ئەگەر وێنەی قوربانی بە کورد بدات. لە راستیدا ئیسرائیل ئەو کاتانە زیاتر لە فەلستینیەکان ترساوە کاتی ئەو میللەتە (واتە فەلستینیەکان) توانیویەتی وێنەی خۆی وەکو قوربانی بە جیهان بناسێنێ. ئەمە بە تایبەتی روویدا لە سەرەتاکانی راپەرین (ئینتیفازە)ی ١٩٨٩ی فەلستینیەکان.

**رۆژنامە:** ئایا یاسای نێودەوڵەتی ئەو مافە بە تورکیا دەدات لەشکرکێشی بکاتە سەرقوڵایی خاکی وڵاتێکی تر، بە بۆچونی ئێوە ئەگەر تورکیا ئەو مافە بە خۆیبدات دەوڵەتە دراوسێکانی تریش ئەو مافە بە خۆیان نادەن؟

**ب. یاسین:** دەقی یاسایی بەگشتی وە لەوێشدا یاسای نێونەتەوەیی وەکو هەر دەقێکی تر تەفسیر و تێگەیشتنی جۆراو جۆر هەڵدەگرێ؛ نەك هەر ئەوە بەڵکو زۆر جار دەقی یاسایی دژایەتیەکی زۆریش لەخۆ دەگرێ. هەر لەبەر ئەوەیە زۆر جار هەمان پەرەگرافی یاسایی بە مەبەستی دژایەتیکردنی یەکتر لە لایەن دوو لایەنی دژ بەیەکتر، جا چ کەس یا دەوڵەت، بەکار دێت. یەکێ لەو مەسەلانەش لە یاسای نێونەتەوەیی پرەنسیپی بەرگری لەخۆکردنە.

لە حاڵەتی ململانێی کوردی - تورکیدا ئەوە بەس نیە کە تورکیا بانگەشەی ئەوە بکات کە هێرشەکەی ئەو بۆ سەر باشووری کوردستان تەنها بە مەبەستی بەرگری

لەخۆ کردن دێت. ئەوە گرینگە ئایا ئەو بۆچوون و تەفسیرو لۆژیکەی تورکیا چەندە کۆمەڵگای نێوتەوەیی، پێشتر وڵاتانی دۆست بەتورکیا — لە پێش هەموویانەوە ئەمریکا - دوایی ئەوانی تر، رازیدەکات. هێماکان هەموویان ئەوە نیشان دەدەن کە کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی خەریکە زیاتر لۆژیکی کورد لە چارەسەری ئاشتیانە قەبوول دەکات تا لۆژیکی دەوڵەتی تورکیا. کەواتە بۆ ئەوەی یاسا بتوانێ پشتگیرییێکی گرینگ بێ بۆ بانگاشەکانی لایەنێك لە یاریە سیاسیە جیهانیەکاندا، دەبێ ئەو کۆمەڵگای جیهانیە) بێتە سەر باوەڕی ئەو لایەنە کە بانگەشەی ئەو یاسایە دەکات.

لایەنی دووەم ئەوەیە کە بەدرێژایی مێژووی مۆدیرن وڵاتان دەستدرێژیان کردۆتە سەر وڵاتانی تر. هەرچەندە کە ئاشکرا و روون بووە کە ئەم وڵاتانە دەستدرێژیان کردوە، لەبەر ئیعتبارێك یا یەکێکی تر، نەك هەر چاوپۆشی لەو دەستدرێژیە کراوە بەڵکو بگرە لایەنی دەستدرێژکار پشتگیریشی بەدەست هێناوە بۆ دەستدرێژیەکەی. لێرەوەیە، بە مانایەکی تر، یاسا بە جۆرێك کە لەگەڵ خوێندنەوەی سیاسی و بەرژەوەندیەکانی وڵاتێك بگونجی مانای وا نیە دەتوانی هەر شتێك بکات؛ بەڵکو لەو یاسایە گرینگتر قەبووڵکردن یا رەتکردنەوەی کۆمەڵگای جیهانیە بۆ ئەو خوێندنەوە و تێگەیشتنە.

شتێکیش هەیە پەیوەندیدار بە یاسا و سیاسەتی نێونەتەوەیی بە ناوی ئەمری واقیع: وڵاتێك تەنها لەبەر ئەوەی بەهێزە و دەشزانی هێزی نەیارانی ناتوانێ ئەو وڵاتە بترسێنێ ئەوا ئەو وڵاتە نەك هەر کاتێ ویستی ئەوا یاسا بەو شێوەیەی خۆی دەیخوازی تەفسیری دەکات و خۆی دەسەپێنێ، بەڵکو لە راستیدا هەندێ جاریش بەبێ گوێدانە ئەو یاسایە/یاسایانە هەرچی دەخوازێ دەیکات. باشترین نموونەی ئەم حاڵەتە هەڵسوکەوتی ئیسرائیلە، بەڵکوو هی ئەمریکاشە (دوای سیپتەمبەری ٢٠٠١) بە پێی مەبدەئی جۆرج بوشی کور ناسراو بە مەبدەئی (pre - emptive actions)

لە راستیدا ئەم مەبدەئەی بوش لە یاسای نێونەتەوەییدا جێگەی نەبۆتەوە و پشتگیریشی نیە، بەڵکە لە باشترین حاڵەتدا دەربڕی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە دوای ١١ی سێپتێمبەر وە ئەمری واقیعە نەك یاسا.

لە راستیدا ئەم روونکردنەوەیەی دوایی تەنها بۆ بەرچاوڕوونی نیە، تەنها بە مەبەستی ئەوەش نیە کە تیشکێکی زیاتر بخەینە سەر پرسیارەکەتان، بەڵکو رێك

یارمـەتیمان دەدات بـۆ زیـاتر تێگەیشـتن لـە خوێندنـەوە و هەڵوێسـتی تورکیـا لـەو پەیوەستەدا. ئەوەی راستی بێت لـە سـاڵانی دواییـدا تورکیـا جـار دوای جـار نـاڕەزایی خـۆی بـۆ ئـەمریکیـەکان دەربڕیـوە، بـە تایبـەتی لـە مـاوەی دوای رووداوەکـانی ١١ی سـێپتەمبەری ٢٠٠١، هـەر بـە ئامـاژە بـۆ ئـەو راسـتیەی سـەرەوە: بـە پێـی لۆژیـك و تێگەیشـتنی تورکیـا، ئـەمریکا ئـەو پـەڕی سیاسـەتێکی دووڕوویـی دەنوێنێـت: کاتێـك رێگا بە ئیسرائیل دەدات هەر کاتێك وە لەهەر شوێنێکەوە هێرش بکات و سنوورەکان ببەزێنێ، بەڵام هەمان ماف بە تورکیا رەوا نابینێ. بەم مانایەش ئەم "دووڕووییەی" ئەمریکا بۆتە یەکێ لـە خاڵـە هـەرە گرنگـەکانی هەڵوێستەو بگـرە تـەوژمی ئـەنتی - ئەمریکانیزم لە تورکیا.

**رۆژنامە :** ئێستا بە پێی یاسای نەتـەوە یـەکگرتووەکان، ئـەمریکا سـیادەی عێـراقی لـە ئەستۆیە و خـۆی بـە داگیرکـەر ناسـاندووە، لـەو لاشـەوە هاوپـەیمانێکی لـە مێژینـەی تورکیایە، هەرچەندە لە مـاوەی سـێ سـاڵی رابـردوودا پەیوەندیـەکانی نێـوان ئـەم دوو هاوپەیمانـە بـە نائاسـایی گـوزەری کـردووە، بـە بۆچـونی ئێـوە ئـەمریکا لـە پێنـاوی کـورددا قوربـانی بـە دۆسـتایەتی لەگـەڵ تورکیـا دادات و ناهێڵێـت تورکیـا ئـەو لەشکرکێشیە ئەنجامبدات، یاخود واز لە کورد دەهێنێت بۆ تورکیا، یان پشت لە هیچ لایەکیان ناکات؟

**ب. یاسین:** سەرەتا، جارێکی تر یاسا شتێکە و ئـەمری واقیـع شـتێکی تـرە، بـەڵام زۆر جاریش ئـەمری واقیـع پشـتگیری یاسـایی بەدەسـتدێنی و رەوایـەتی یاسـایی مسـۆگەر دەکات.

لە دوای کەوتنی رژێمی دکتاتۆر، پەنجەی گوناهبارکردن جار دوای جار درێژکراوە بۆ پشتگیریکردنی سوریا و ئێران لە هێز و لایـەن و گروپەچـەکدارەکانی نـاو عـیراق. ئەمە بەر لە هەر شتێك دەستدرێژیکردنی ئەو دوو وڵاتەیە بۆ سەر ئاسایشی عـیراق. ئـەوەی راسـتی بێـت ئـەمریکا نـە یتوانیـوە بـەپێی ئـەم گونەهبارکردنـە بەرپەرچـی سـەربازیی پـڕ بـە پێسـت بـەو دوو وڵاتـە بداتـەوە، ئەگـەر چـی دەشـیتوانی بـۆ ئـەم مەبەستە سوود لە بڕیارەکانی نەتەوەیـەکگرتووەکان وەربگـرێ کـە ئـەم وڵاتـە (واتـە ئەمریکا) وەك هێزێکی داگیرکەری عیراق لە قەڵەم دەدات. نەك هەر ئـەوە بـەڵکو لـە مـاوەی دواییـدا، وەکـو پاشەکشـەیەکی جـددی، هەنـدێ هێـز و لایـەن بـە تایبـەتی

کۆمیسیۆنەکەی بیکەر- هاملتن بانگەشەی دیالۆگیان لە نێوان ئەمریکا لەلایەك وە سوریا و ئێران لەلایەکی ترەوە کردوە. لەبەر ئەوە ئەگەر ئەمە بۆ حاڵەتی پەیوەندیەکانی ئەمریکا بە دوو وڵاتی ناحەزەوە راست بێت، واتە لەبەر هەندێ مەسەلەی واقیعی، ئەمریکا نەتوانێ روو بە رووی ئەو دوو وڵاتە ببێتەوە، چۆن روو بەرووی تورکیای دۆست دەبێتەوە، جا لەبەر "خاتری" کورد بێ یا لەبەر هەر هۆیەکی تر. من، هەر نەبێ لە کاتی ئێستادا، زۆر بە دووری دەبینم کە ئەمریکا رووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی لەگەڵ تورکیادا بکات، بەڵام مانای وانیە ئەگەر بەبێ گوێدانە (یا دژی) هەڵوێستی ئەمریکا تورکیا کارێك بکات نابێتە هۆی تەنگەژە و گرژبوونی پەیوەندیە ستراتیژیەکانی ئەمریکا و تورکیا. بگرە لەو حاڵەتەدا پێشبینی ئەوەش دەکەم کە لە حاڵەتی گوێنەدانە هەڵوێستی ئەمریکا، پەیوەندیەکانی تورکیا و ئەمریکا بەرەو گرژیەك بچن کە ببێتە هۆی گۆڕانکاریەکی چۆنایەتی ستراتیژی لەو پەیوەندیانەدا. لە راستیدا تورکیا لە ململانێ و کاری هاوبەشی ئیقلیمی و نێونەتەوەییەکاندا لە قەیرانی بەرە هەڵبژاردن (دووریان)دایە، هەنگاوێکی چەوت لەم کات و ساتەدا لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە تورکیا بەزەرورەت بکەوێتە بەرەیەکەوە (مەبەستیش بەرەی وڵاتانی توندڕەو و بەرژێمی سیاسی نادیموکراتیك) کە بە قازانجی ئەو وڵاتە تەواو نەبێت. دەشبێ بڵێین کە پێشوەچوونێکی ئەوها هەرگیز لە سوودی کورد نابێت.

دەربارەی بەشە پرسیارەکەتان، ئایا ئەمریکا چ لایەنێك هەڵدەبژێرێ، کورد یا تورکیا؟ بە بۆچوونی خۆم ئەمریکا تا بۆی بکرێ خۆی لە دوو هەڵوێستی "توندڕەو و نا عاقلانە" دەپارێزی کە ئەوانیش ئەمانەن:

یەکەم: بەزەرورەت هەلبژاردنی لایەنێکیان لەم دوانە، واتەیا کورد یا تورکیا؛

دووەم: ئەوی تریشیان دەستهەلگرتن لەهەردووکیانە، واتە لەکورد و تورکیا، بەلۆژیکێکی "سادە" ئەویش ئەوەیە کەئەو دوو لایەنە بەیەکەوە ناسازێن و ئەمریکا توانای ئەوەی نیە کە لە هەمان حان و کاتدا دۆستایەتی هەردوولا بکات.

بەرامبەر ئەمە، بە بۆچوونی خۆم، دوور لەو دوو هەڵوێستە ئەو پەڕی (توندڕەوانە)، ئەمریکا هەوڵدەدات تا دەتوانێ دۆستایەتی خۆی لەگەڵ هەردووکیان بپارێزێ: ۱) بەپێی ئەوەی، من پێمگۆتووە، لۆژیکی "تەکامولی ستراتیژی": بەپێی ئەم بۆچوونە باشووری کوردستان، وە کورد بە گشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست،

دەتوانێ رۆلێك بە پەیوەنی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ببینێ کە لەوانەیە تورکیا نەخوازێ یا لەبەر هەر هۆیەك بێت نەتوانێت بیبینێت، بەم مانایەش باشووری کوردستان دەتوانێ تەواوکەری رۆلی تەقلیدی تورکیا بێت لە ناوچەدا؛ ٢) بە پێی بۆچوونی تازەی ئەمریکیەکان دۆستایەتی تورکیا دەتوانێ زۆر موفاجەئە لەخۆ بگرێ، هەر وەك بۆ نموونە ئەو هەڵوێستەی کە تورکیا لە ١ی مارسی ٢٠٠٣ نواندی بەرێگەنەدان بە هێزەکانی ئەمریکا کە لەو وڵاتەوە بچن بۆ ناو "عیراق". بە مانایەکی تر لەبەر نەبوونی متمانەی تەواو بە تورکەکان، بە تایبەت لە کاتی پێویستدا، بوونی کورد وەکو دۆست گرینگە بۆ ئەمریکا؛ ٣) بە پێی تەقلیدێکی ستراتیژی و دیپلۆماسی ئەمریکی، بە تایبەتی پەرەپێدراو لە لایەن هینری کیسینگەرەوە: دوو لایەن دەتوانن دۆستی ئەمریکا بن وە ئەمریکا بەرژەوەندیەکانی لە مەر ئەو دوو لایەنە بپارێزێ گەر چی ئەم دوو لایەنە (لەم حاڵەتەدا کورد و دەوڵەتی تورکیا) بەزەرورەت دۆستی یەکتر نەبن، بەڵکو بگرە دژایەتی یەکتریش بکەن. لە گۆشەبینینێکی سیاسیانەوە، من باوەڕم وایە نە کورد دەبێ چاوی لە ئەوەبێ کە ئەمریکا لەبەر "خاتری" ئەوان دەست لە تورکیا هەڵگرێ (هەرگیز تەنها لەبەر "خاتری" کورد و گرنگی فاکتەری کوردی ئەمریکا ئەو کارە ناکات) وە نەش تورکیا چاوی لەوەبێت، لەبەر دۆستایەتیە کۆنەکەی لەگەڵ تورکیا، ئەمریکا دەست لە کورد هەڵگرێ. لەم بارەیەوە جگە لەوەی کە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بەرادەی یەکەم مەحەکن، تورکیا و کوردیش دەتوانن رۆلی بەهارمۆنیکردنی پەیوەندیەکان ببینن. بە باوەڕی خۆم سازانی ئەو سێ ئەکتەرە (ئەمریکا، کورد، تورکیا) بە یەکەوە دەتوانێ زۆر دەرگا بۆ هەرسێکیان بکاتەوە، کە لێرەدا بواری ئەوە نیە بیانخەینە بەر باس و قسەلێکردن. بەهەرحاڵ یەکێ لە سیناریۆکان دەتوانێ هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عیراق بێت بە ئاقاری زیندوکردنەوەی کێشەی موسڵ وە دواجار شێوەیەك لە شێوەکانی کۆنفیدرالی لە نێوان باشووری کوردستان و تورکیا، کە لە چوارچێوەیدا کێشەی کورد لە باکووری کوردستانیش بەچارەسەری بگات. بەڵام سیناریۆیەکی ئەوها بۆ ئەوەی ببێتە راستیەکی سیاسی کاری زۆری دەوێت وەبەر لەهەر شتێك وەرچەرخان دەخوازێت لە خودی فەلسەفەی سیاسی کوردا.

**رۆژنامە :** لە ئێستادا کە ئەگەری زۆرە تورکیا لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی هەرێم بکات،

حکومەتی هەرێم چیبکات باشە، ئایا لە ئەگەری دابەزینی سوپای تورکیا بۆ ناو شارەکانی هەرێم هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگریبکات باشە یان نا؟

**ب. یاسین:** هەروەك پێشتر لە وەڵامی پرسیارێکی پێشتردا گوتم، من باوەڕم وانیە تورکیا هێرشی سەربازی بکاتە سەر شارەکانی کوردستان. ئەمەش لەبەر ئەوە نیە کە دامەزراوەی سەربازی تورکیا ئەوە ناخوازێ، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەیە کە ئەوەی بۆناچێتە سەر، ئەویش بەهۆی رەهەندە، یا راستتر بڵێین دەرهاوێشتە دیپلۆماسی و سیاسیەکانی کارێکی ئەوهاوەیە.

ئایا حکومەتی هەرێم چی بکات باشە؟ ئەم پرسیارە وەڵامدانەوەی ئاسان نیە، یا راستتر بڵێم لە بەردەم ئەم پرسیارە مرۆڤ دەبێتە دوو "کەسایەتی" یەکێکیان حەز دەکات رای خۆی بەراشکاوی بڵێت وەخۆشبەخت دەبێت گەر ئەو راو بۆچوونە بتوانی بەشداریەکی بناکار بێت لە گفتوگۆکاندا، بەڵام لە لایەکی ترەوە کەسایەتیەکەی تر دەڵێت گەر حکومەت گوێ نەگرێ ئەی رای ئێمەمانانی بۆچیە؟

بەهەر حاڵ چەند خاڵێك گرنگن:

یەکەم: چالاککردنی دیپلۆماسی کوردی لە دەرەوی وڵات وە لەرێگەی ئەو دیپلۆماسیەوە کورد تا بۆی دەکرێ وێنەی قوربانی و ئاشتیخواز لە خۆی پیشانبدات. بەداخەوە چوار ساڵ زیاترە دیپلۆماسی کوردی، بەتایبەت هی باشووری کوردستان، تەجمیدکراوە، ئەگەرچی هەندێ هێما و بڕیاریی سەرکردایەتی سیاسیش (بە تایبەت دوای دەرچوونی راپۆرتی بیکەر- هاملتن) هەن بە ئاراستەی چالاککردنەوەی ئەم دیپلۆماسیە. بەش بە حاڵی خۆم بە شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەم مەسەلەیەم بە حکومەتی هەرێم و رای گشتی گەیاندوە.

دووەم: لە راستیدا لە جیهانی گلۆبالیزمدا و لە جیهانێکدا کە تورکیا خەونی هەرە ستراتیژی ئەوەیە بەشێك بێت لە جیهانی پێشکەوتوو وە بەتایبەت ببێ بە ئەندامی یەکیەتی ئەوروپا، ئەوا رەهەندە هەرە هەستیارەکانی سیاسەتی تورکیا لە راستیدا لە برۆکسل و ستۆکهۆلم و لەندەن و پاریسن نەك هەر لە قەندیل، هەتا بگرە کەمتریش لە قەندیلن. لەبەر ئەوە لە قەیرانێکی ئەوهادا کورد لە رێگەی دیپلۆماسیەکی چالاك دەتوانێ لە پایتەختەکانی وڵاتانی یەکیەتی ئەوروپاوە تورکیا زێتر ئیحراج بکات، تا بە شەرێکی ناهاوسەنگی تەقلیدی.

سێهەم: ئەگەر عیراق دەخوازێ کورد بەشێك بێت لێی، ئەوا ئەو (واتە عیراق)یش

دەبێ چۆن بەرگری لە هەر جێگەیەکی عیراق دەکات بەرگری لە کوردستانیش بکات. ئەوەی راستی بێت لایەنی کوردی نەیتوانیوە بە باشی سوود لەم خاڵە وەربگرێ، جگە لە سەفەری هەرە دوایی شاندی عیراقی بۆ ئەنقەرە، کە هەرچەندە تورکەکان مامەلەی ناشایستەیان بەرامبەر بە بەشی کوردی لەو شاندە کرد، بەڵام بەهەر حاڵ دەرهاوێشتەی تەواوی هەوڵەکە بەوە تەواو بوو کە عیراق زیاتر لە هەڵوێستی کورد نزیکبوویەوە، ئەویش زیاتر بە هۆکاری رەقی و توندڕەویی هەڵوێستی تورکی، نەك بەزەروورەت تێگەیشتنێکی پۆسەتیڤانەی عیراقی - عەرەبی لە هەڵوێستی کورد.

چوارەم: لایەنی کوردی دەبێ زیاتر وە چالاکانەتر لە هەوڵی ئەوەدابێت کە ئەمریکا رازیبکات یا راستتر بڵێین ئەو باوەڕەی لا بەهێزتر بکات کە بەڵێ هەر کارێکی سەربازی تورکیا دەکرێ ببێتە هۆی لەدەستەدانی کورد و پاشەکشەیەکی جددی بۆ هەوڵەکانی ئەمریکا لە چەسپاندنی هێمنی و ئاسایش لە عیراق و سەرخستنی پرۆسەی سیاسی لەو وڵاتەدا.

پێنجەم: بە گشتی قورساییەکی زیاتر لە کاری دیپلۆماسی کوردیدا بخرێتە سەر یەکیەتی ئەورووپا.

شەشەم: دەبێت لایەنی کوردی ئەم قەیرانەی ئەمڕۆ وەك **دەرفەتێکی** سیاسی - دیپلۆماسی کەم وێنە بۆ کورد ببینێ. لەڕستیدا تورکیا لە رێگەی هەرەشەوە کێشەی کوردی جارێکی تر هێنایەوە ناوەندی قسەوباس، نەك هەر ئەوە بەڵکو دەرهاوێشتەی ئەو قەیرانە دەبێتە هۆی دەرهاوێشتەیەکی پۆسەتیڤانە بۆ کورد. ئەگەر لەم ئاستەشدا لەشکری تورکیا پاشەکشە بکات ئەوا دیسان بۆ کورد بەرادەیەك یا رادەیەکی تر "سەرکەوتن" دەبێ. بەڵام گرنگە لایەنی کوردی لە گۆشەی تەسك و تۆڵەسەندنەوە و لە ئاستێکی هەستیاریەوە لەم دەرهاوێشتەیە نزیك نەبێتەوە، بەڵکو بیکات بە بنەمایەك بۆ بزواندنی شتەکان بەرەو پێشەوە...

حەوتەم: لایەنێکی هەرە گرنگ لەم کێشەیەدا دوو دانە هاوئاهەنگی کوردی - کوردین: یەکێکیان لە نێوان پکك و دەسەڵاتی باشووری کوردستان، وە گرنگە ئەو هاوئاهەنگیە بە نەهێنی نەبێت (هەرچەندە، جگە لەوەی لەناو کولتوری سیاسی کوردا نەهێنی پاراستن ئاستەمە، من **گومانم هەیە** نەهێنیەکانی پکك پارێزراو بن)؛ ئەویتریان هاوئاهەنگیە لە سەر ئاستی هێزە سیاسەکانی باشووری کوردستان، وە لە پێش هەموویانەوە پارتی و یەکیەتی. لەم بارەیەوە گرنگە ئەوە بڵێین کە قەیرانی

ئەمڕۆ هەموو ئاستێکی وەرگرتووە و بەر لە هەر شتێکیش گرنگ ئەوەیە کە لایەنی کوردی بە عەقلیەتی دەوڵەت و دەوڵەتکردن لەم قەیرانە نزیکبێتەوە، نەك بە عەقلیەتی خێڵ و تەسکبینی تەقلیدی...

هەشتەم: زووربەمان تێدەگەین کە سەرکەوتنی رەجەب تەیب ئەردۆغان و حزبەکەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا، بە گشتی پێشوەچوونێکی پۆسەتیڤانە بوو بۆ کورد، وە خۆشم باوەڕم وایە گەر ئەردۆغان دەرفەتی هەبێ ئەوا کرانەوەی زێتر لە کێشەی کورددا لە تورکیا ئەنجام دەدا. بەڵام، لە لایەکی ترەوە، سەرانی کورد لە باشووری کوردستان هەڵەیەکی گەورە دەکەن کە جار دوای جار لە ڕێگەی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە بە شێوەیەکی پۆسەتیڤانە باس لە ئەردۆغان دەکەن کە گوایە بۆ نموونە لایەنی کوردی ئامادەیە لەگەڵ ئەردۆغان هاوکاری بکات. بە باوەڕی خۆم ئەو شێوە راگەیاندنانە دەکرێ بۆ کورد دەرهاوێشتەی زۆر نێگەتیڤانەیان لێبکەوێتەوە: ۱) ئەو هێمایانە لەوانەیە دواجار وا بکەن کە ئەردۆغان لە چاوی دامەزراوەی سەربازی و ناسیۆنالیستە تورکەکان وەك خیانەتکارێك دەربکەوێ (چوونکە دوژمنانی تورکیا جار دوای جار بە باشە باسی دەکەن)؛ ۲) ئەم دەرهاوێشتەیە لەوانەیە وا بکات کە بۆ ئەوەی ئەردۆغان نەکەوێتە بەرەی خیانەتکاری بە تورکیا و نەکەوێتە گۆشەیەکی تەسکی سیاسیەوە وە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەردۆغان وەك هەر ناسیۆنالیستێکی تورك بەرگری لە وڵاتەکەی دەکا بە تەواوەتی بخزێتە ناو بەرەی ناسیۆنالیست و شەرخواز.

بە باوەڕی من ئەو ترسە دەبێ بە جددی وەربگیرێ. سەرانی کورد لە باشووری کوردستان هەندێ جار لە نێوان ئەوەی کە تێگەیشتن و تەحلیلی سیاسیە لەلایەك وە ئەوەی کە دیپلۆماسیە لەلایەکی تر لەیەکجیاناکەنەوە. ئەم کارە لە هەندێ مەقتەع و مەسەلەدا دەتوانێ پشتشکێن بێت. باشترین شێوەی موخاتەبە لەگەڵ تورکیا ئەوەیە کە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بیکەیت، بە مانایەکی تر تۆپ لە یاریگەی دیپلۆماسیدا بخەیتە یاریگەی ئەوانەوە، ئەوجا ئەوان دواتر چۆن یاریەکە دەکەن ئەوەشتێکی ترە!

نۆیەم: لێرەو لەوی باس لەوەدەکری کە کێشەی تورکیا لەگەڵ باشووری کوردستان چڕبۆتەوە لە کێشەی تورکیا لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، مەسعود بارزانی. لێرەوە زۆر گرنگە کە کورد لەلای خۆیەوە ئەو هێمایە نەدا کە مەسەلەکە بەو شێوەیەیە. لە

راســتیدا تــا بکــرێ ڕەهەنــدێکی کوردســتانی هــەرەفراوان بــدرێ بــە کێشــەکەو ڕاستیەکەشی هەر وایە: تورکیا نەك هەر دژی (پکك) یە بەڵکو بە پلەی یەکەم دژی ئەزموونی باشووری کوردستانە وە بە گشتیش دژی ئەوەیە کە خەونی کورد لە هەر بەشـێکی کوردســتان بێتــەدی: تورکــەکان خۆیــان وتوویانــە کــە ئــەوان دژی هــەر دەوڵەتێکی کوردی رادەوەستن ئەگەر ئـەو دەوڵەتـە خـۆ لـە"بـەرازیلیش" دابمـەزرێ. کــەوابوو زۆر گرنگــە لایــەنی کــوردیش خــۆی لــە چوارچــێوەی ڕەهەنــدە هــەرە کوردستانیە فراوانەکەوە بەرامبەر بە تورکیا بجولێتەوە: بەیەکەوە گرێدانی باشـوور و باکوور لەو ئاراستەیەدا نەك هەر زیانبـەخش نیـە بـەڵکو ئـەو بەیەکـەوە گرێدانـە دەتــوانی زۆریــش خزمــەت بــە دۆزی کــورد بــە تایبــەتی لــە رووی ســتراتیژیەتی بەکوردستانیکردن و بەنێونەتەوەییکردنی ئەو دۆزە. ماوە ئەوەش بڵێم کەتا دەکرێ کورد پێ لەسەر خیتابی ئاشتی و دیالۆگ و بەیەکـەوە ژیـان جخت بکاتـەوە، چونکە تــەنها ئــەو شــێوە گۆتارەیــە کــە بەهانــەکان لەدەســت دامــەزراوەی لەشــکر و بــەرەی شەڕخوازی لـە تورکیـا دەردەهێنێت وەهـەر ئـەو شـێوە گۆتـارەش دەتـوانێ گـەمارۆی سیاسی و دیپلۆماسی (ئیقلمی و نێونەتەوەیی) لەسەر تورکیا زێدەبکات.

**رۆژنامــە:** ئــەوەی کــە حکومــەت و پەرلــەمانی تورکیــای زۆر تــورەکرد کــە بڕیــاری لەشکرکێشی بـدات، کوشـتنی ٢١ سـەربازی تـورك بـوو لـە ناوەراسـتی ئـەم مانگـەدا لـە شاری شرناخ، بەرای ئێوە شێوازی خـەباتی چەکداری ئێسـتای پەکەکـە تـا چـەند لـە خزمـەتی کێشـەی کورددایـە، لـەم رۆژانـەدا نێچـیرڤان بـارزانی سـەرۆکی حکومـەتی هەرێم وتی" پەکەکە ٢٠ ساڵە شەری چەکداری دەکات چی ئەنجامێکی هەبووە؟".

**ب. یاســین:** بــە بــاوەڕی مــن کــوژرانی ژمارەیــەکی زۆر لــە ســەربازانی تورکیــا، تــەنها بەشێکە لە هاوکێشەکە، وە لەوانەشە لە بۆچوونێکی تـرەوە رووداوی هـەرەگرینگیش نــەبێت. بــە بۆچــوونی خــۆم رووداوی هــەرە چارەنووســاز ســەرکەوتنی پــارتی داد و گەشەپێدان (بە سەرۆکایەتی رەجەب تەیب ئەردۆغان) بوو. هەر لەو چوارچـێوەیەدا لــە چــەند ســاڵی دواییــدا شــێوە نیگەرانیــەك لــە تورکیــا پــەرەی ســەندوە دەربــارەی دوارۆژی ئەو وڵاتە. لـە راسـتیدا ئـەو نیگەرانیـە، کـە راسـتەوخۆ خـۆی دەربڕیـوە لـە هەندێ بۆچوونی جیـا جیـای دژ بەیـەکتر لـە تورکیـا، زۆر لـە نیگەرانیەکـەی تورکـە عوسمانیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیسـتەم دەچـێ. ئـا لـەو

حاڵەتانەدایـە وڵاتانێـك هـەنگاوی ناعـەقڵانی دەهاوێـژن لـە ژێـر کاریگـەری ئـەو نیگەرانیە نەفسیەی کە بەشێکی گـرنگ لـە نوخبـەی دەوڵـەت لـە مـەڕ چارەنووسـی وڵاتەکەیان تێیدەکەون. لە راستیدا بڕیاری تورکە گەنجەکان، کە دەوڵەتی عوسمانیان پاڵدایـە نـاو جـەنگی یەکـەمی جیهـانی، بڕیـاری بێچـارەیی بـوو بـە مەبەسـتی چارەسەرکردنی قەیرانی هەرەقوڵی عوسمانیەکان بوو کە ئـەویش مەسـەلەی مـان یـا نـەمانیان بـوو. ئەگـەر وەك کەسێکی لـە دەرەوەڕا تەماشـای هەڕەشـەکردنەکەی ئـەو دواییانەی تورکیا بکەیت ئەوا بە هەموو پێوەرێك (سەربازی، سیاسـی و دیپلۆماسـی) بۆت دەردەکەوی کە ئەم لەشکرکێشیە کێشەکانی تورکیا چارەسەر ناکات؛ نـەك هـەر ئـەوە بـەڵکو دوور نیـە بـە شـێوەیەکی جـددی کێشـەکانی ئـەو وڵاتـە بباتـە ئاسـتێکی ترسـناکەوە، کـەدواجار دەتـوانی کاریگـەری هـەبێ لەسـەر تـەواوی چارەنووسـی ئـەو وڵاتـە. بـە بۆچـوونی خـۆم ئـەو کـارە سـەربازیانەی ئێسـتا پکـك بـە جێیدەگـەیێنێت دەتـوانی زیـان بـەکورد بگـەیێنن. بـەڵام ئایـا پکـك بـۆ ئـەوە دەکـات، گەرچـی لایـەنی کـوردی و زۆر لـە دۆسـتانی بیـانی ئـەوە بـە راشـکاوی بـە پکـك رادەگـەیێنن؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ئاسان نیە هـەتتا بگـرە بـۆ کەسێکیش کـە زۆر شـارەزایی هـەبێ لـە بـواری پکـك و سیاسـەتەکانی، ئـەوەش لەبـەر هۆیـەك ئـەویش ئەوەیـە کـە سیاسەت لە تورکیا لەلایەن دوو دەوڵەتـەوە مومارەسـە دەکرێـت: یـەکێکیان دەوڵـەتی رەسمی تورکیا وە ئەوەی تریشیان **دەوڵەتی شاردراوە** (دەوڵەتی قووڵ)ی تورکیا: پکك دەرهاوێشـتەی ئـەو بناسـازیەیە! بەهـەر حـاڵ ئەنجامـدانی پکـك بـۆ هەنـدێك کـاری سەربازی لەو دواییانە دەتوانی رەنگدانەوەی ئەو ئاڵۆزیە سیاسیە بێـت، کـە بێگومـان وێنەکـە ئـاڵۆزتریش دەبێـت گـەر دەوری ئیمرالـی دوای گیرانـی عەبـدوڵلا ئۆجـەلان ببەستینەوە بە مێتودی تێگەیشتنمان بۆ ئەو حاڵەتە. لایـەنی تـری گرنگـی کێشـەکە ئەوەیە کە ئەم کارە سەربازیانەی پکك، بەهەر حاڵ من باوەڕم وایە وە هیوادارم لـەم بۆچوونەمدا راست نەبم، دوور لەحەز و رەغبەتی سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان دەکرێت.

بەشی تری پرسیارەکەتان دەربارەی خەباتی چەکداری پکك، دیسان وەڵامدانـەوەی ئاسان نیە. بەهەر حاڵ دوو بۆچوون هەن کە هـەردووکیان، هـەر یەکـەیان بەشـێوەی خـۆی، ئـەو پـەڕن وە ترسـناکن لـە سیاسـەت و ئایدۆلۆژیـدا، بـە تایبـەت سیاسـەت و ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی:

یەکەم: ئەو باوەڕەی کە بەگشتی لەلای پکك باو بووەو ئێستاش باوە کە بەڵی پکك لە هیچەوە کوردی دروست کردو بە بێ پکك تەنانەت کورد لە ناو دەچوو و مێژووی سیاسی خەباتی کوردایەتی بریتیە لەو مێژووەی کە پکك دروستی کرد (بە مانای سڕینەوەی ڕۆلی هەموو ئەوانی تر)...هتد ئەم شێوە بۆچوونە زۆر نادیموکراتیانەو تاکڕەوانەیەوە بە تایبەتی لە سیاسەتی عەمەلیدا زۆر زەرەر بەخش بووەو لەبەردەوامیشیدا هەر دەیبێت...

دووەم: بۆچوونەکەی تر کە ئەویش هی ئەو پەڕە ئەوەیە کە دەڵی پکك بە خەباتی چەکداری خۆی هیچ شتی بەدەست نەهێناوە.

مرۆڤ هەڵوێستی ڕخنەگرانەی هەبێ لە پکك یا نا، ئەوا لە هەر حاڵەتێکدا ناتوانرێ ئەو ڕاستیە بشاردرێتەوە کە کۆمەڵێك دەرهاوێشتە لە خەباتی پکك کەوتوونەتەوە کە بەبێ ئەو خەباتە دەکرێ بڵێین بەدەستهاتنیان ئاستەم بوو. لە ڕاستیدا هەوڵدان بۆ سڕینەوەی خەباتی ئەویتر لە ناو جیهانبینی دیموکراتیکردن و کوردستانیکردن و بەنەتەوەییکردنی سیاسەتە کوردیەکان جێگەی نابێتەوە. بە مانایەکی تر هەوڵدان بۆ گونجاندنی سیاسەت لەگەڵ مێژوو یا گونجاندنی مێژوو لەگەڵ سیاسەت لە گۆشەبینێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی تەسك و تایبەتدا دەتوانێ زۆر زیان بەخش بێت بۆ خەباتی کوردستانی و دیمۆکراتی نەتەوەیی کورد.

بەم مانایە هەردوو بینینە ئەوپەڕیەکانی پکك و ئەوەشی دەڵی پکك ٢٠ ساڵە شەڕی چەکداری دەکات چی ئەنجامێکی هەبووە، دەتوانن لە ڕەهەندەکانی هوشیاری مێژووی و سیاسەتی عەمەلیشدا زۆر زیانبەخش بن: چونکە هەردووکیان ڕوحی **ڕەدکردنەوەی ئەویتر** لەخۆ دەگرن.

ماوە ئەوە بڵێم کە لە ڕخنەماندا لە خەباتی چەکداری ناکرێ "ئینتیقائی" بین، واتە نابێ بە پێوەرێکی چەوتی وەك ئەوەی "بانێکەو دوو هەوا" شتەکان هەڵسەنگێنین. بە باوەڕی خۆم خەباتی چەکداری بە درێژایی مێژووی "مۆدێرنی" کورد کۆمەڵێك زیانی لێکەوتۆتەوە وە کەم یا زۆر هەمان میکانیزمی دووپاتکردۆتەوە کە گرنگترین ڕەهەندی ئەو میکانیزمەش هاوپەیمانی جوڵانەوەی چەکداری بووە لە بەشێکی کوردستان لەگەڵ ڕژێمێکی تری دیکتاتۆر و داگیرکەری بەشێکی تری کوردستان: لەم حاڵەتەدا زێدەڕۆیی نیە گەر بڵێین هەر ئەو هاوپەیمانیە "ناسروشتییە - تۆ بڵی ناموقەددەسە" بەرپرس بوو لە کۆمەڵێك

دەرهاوێشــتە کــە گرینگترینیــان ئــەم دووەن: ١) ئــەو هاوپەیمانییــە جولانــەوە چەکداریەکەی گۆڕیوە بە جولانەوەیەکی "نائازاد" و تا سەر ئێسقان وابەستە؛ ٢) ئەو هاوپەیمانییە بۆ کاتێك هۆی مانەوە بووە بۆ جوولانەوە کە بەڵام لە هەمان کاتتدا هەڵگری تەورو خاکەناسی قەبرلێدان بووە بۆ هەمان ئەو جولانەوەیە. لە راستیدا مـن لـە دوو بابـەتی جیـادا بـەڵام بـە هـەمان مێتـودی لێکۆڵێنـەوە پێشـتر جوڵانەوەی چە کداریم لە باشووری کوردستان (١٩٦١- ١٩٨٩) وە جولانەوەی چەکداری پکك (١٩٨٤ - ١٩٩٨) خستۆتە بەر باس و لێکۆڵێنەوەی "رخنەگرانە".

**رۆژنامە:** ئێستا لە تورکیادا حزبی فەرمانرەوا باس لە گۆرینی دەستور دەکات، بەرای ئێوە گۆرینی دەستور لە تورکیا لە قازانجی کوردە، یان لە قازانجی ئیسلامیزم؟ ئاماژەکانی پشت گۆرینی ئەو دەستورە چۆن دەبینیت؟

**ب. یاسین:** دیارە ئاسان نیە وەڵامی ئەو پرسیارە هەروا پێش وەخت بە ئەرێنی یا نەرێنی بدەینەوە. گۆڕینی دەستور پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و دەکرێ ئەو پرۆسەیە بە شێوەی جۆرا و جۆر تەواو ببێ. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ هەر لە ئێستاوە دەتوانێ چەند خاڵێك بخاتەروو کە پەیوەندیدارن بە گرنگی گۆڕینی دەستورەوە لە تورکیا هەیە:

یەکەم: یەکێك لە رەهەندە گرنگەکانی کەمالیزم (واتە بە تایبەتی ئەو ٦ یا ٧ (ئەستون - پرەنسیپ)ـەی کە فکری بونیادنەری تورکیا مستەفا کەمال ئەتاتورکی لەسەر دامەزراوە) ئەوەیە کە ئەو پرەنسیپانە لە ١٩٣٠یەکانی سەدەی رابردوو بەدامەزراوکراون واتە بوونەتە بەشێك لە دەستور. بەم مانایەش ئەم پرەنسیپانە نەك هەر گرنگ بوون لە سیستەمی فێرکردن و پەروەردە و لە پێگەیاندن و راهێنانی دامەزراوەی لەشکر و لە بۆچوونی ئایدیۆلۆژیانەی خەڵك (بە تایبەتی میدیاکان) بەڵکو ئەم پرەنسیپانە بە تەواوەتی بوون بە کۆڵەگەی دەستوری دەوڵەت. ئەوەی لەم بارەیەوە لایەنگرانی فکری کەمالی و بەتایبەت دامەزراوەی سەربازیی تورکیا زۆر نیگەران کردوە لە مەر مەسەلەی گۆڕینی دەستور ئەوەیە کە ئەو لایەنگرانە لەوە دەترسن ئەو گۆڕانکاریە لە دەستوردا ببێتە هۆی دەرهاوێشتنی ئەو پرەنسیپانە لە دەستور؛ هەرچەندە بۆ هێورکردنەوەی ئەو توخمانە ئەردۆغان زۆر جار دووپاتی کردۆتەوە کەئەم کارە ناکات. بەهەر حاڵ، دەرهاوێشتنی ئەو

پرەنسیپانە لە دەستور یا بە شێوەیەك لە شـێوەكان كاڵكردنـەوەیان و كەمكردنـەوەی ڕۆڵیـان دەتـوانێ خزمـەت بـە كـورد و نزیكبوونـەوەی توركیـا لـە پـڕۆژەی لیـبرال - دیمۆكراسی جیهانی ڕۆژئاوا بكات.
دووەم: هەر بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو خاڵەی پێشتر، وا هەست دەكـری كـە شـێوەیەك لـە شـێوەكانی یـەكانگیربوونی بەرژەوەندیـەكان لـە نێـوان كـورد و ڕەوتـی ئیسـلامی میانڕۆ (بە سەركردایەتی ئەردۆغان) هەبێت. ئەوەش بەو مانایەیە كە هەر یەكە لـە كورد و ئیسلامی میـانڕەو لـە توركیـا وەهـەر یـەك بـە شـێوەی خـۆی توانیویانـە دوو كۆڵەگەی هەرە سەرەكی لە كۆڵەگەكانی فیكری كەمالی بهەژێنن: ١) كورد توانیویەتی كۆڵەگەی ناسیۆنالیزم لە كەمالیزمدا بهەژێنێت: ئیتر كورد نەك هەر بوونی هەیە لە توركیا بەڵكو بگرە بووە بە ژمارە لە هاوكێشە سیاسیەكانی نـاو توركیـا وە گرێـدراوە بە قوڵاییەكی كوردستانیەوە لە دەرەوەی توركیـا وە هـەر وەهـا گرێـدراوە بـە بـوونی پشـتگیری و تێگەیشـتنێك لـە ئاسـتی جیهانیـەوە بـۆ ئـەو مەسـەلەیە؛ ٢) لـە لایـەكی ترەوە ئیسلامی میانڕۆ لە توركیا، بە تایبەتی لە كاتی ئەردۆغان، نـەك هـەر توانیـان ببن بـە ژمارەیـەكی گـرنگ لـە هاوكێشـەی سیاسـیدا لـە توركیـا، بـەڵكو حـوكمڕانیش بگرنەدەست لەو وڵاتە وە بەو شێوەیە پرەنسیپی (سیكۆلاریزم) لە پێكهاتـەی فیكـری كــەمالی و دەســتوردا بهــەژێنن. پــارادۆكس (موفارەقــە) نیــە گــەر بڵــێین لــەم یەكانگیربوونی بەرژەوەندیەكان، لـە نێـوان بزوتنـەوەی نەتـەوەی كـورد لـە توركیـا و ئیسلامی میانڕۆ لەو وڵاتە، دەگاتە ڕادەی "هاوپەیمانیەكی" نەنووسراو.
سێیەم: گۆڕینی دەستور بە مانای پاشەكشە دێت بۆ دامـەزراوەی سـەربازی لـەتوركیا، جا ڕادەو قوڵـایی ئـەو پاشەكشـەیە چـەندە ئـەوا دوای گـۆڕانی دەسـتور دەردەكـەوێ. ئەوە دەڵێم چونكە هەر نەبێ لە ٥٠ ساڵی ڕابردودا زووربەی كات توركیا لە ڕۆشـنایی دەستورێكی نووسراو لە لایەن دامەزراوەی سەربازیەوە، یا ئامـادەكراو دوای كودەتـای سەربازیەوە، ئیـدارەكراوە. دەسـتوری هـەرەدوایی لـە (١٩٨٤)ـەوە بنـەمای حوكمـە لـە توركیــا، ئــەو دەســتورەی كــە لــە دوای كودەتــای ســەربازی ١٩٨٠ و بەرێنــەوێنی دامــەزراوەی ســەربازی نووســرایەوە. بــە كــورتی و بەچــڕی لایــەنی كــوردی یــا "ئیسـلامیەكان" لـە توركیـا چـەندە لـە بەرژەوەندیانـە ئـەو دەسـتورە بگـۆڕێ، ئـەوا دەكەوێتـە سـەر قـەوارە و دەرهاوێشـتەی گۆڕانكاریەكـەوە دەتـوانی ببێتـە بنـەما بـۆ سەرلەنوی خەملاندنەوەی ناسنامەو ماهیەتی ئایدیۆلۆژی و سیاسی دەوڵەتی توركیا.

**رۆژنامە:** دۆستایەتی نێوان کورد و تورك تاچەند پێویستە بەرای ئێوە دۆستایەتی کوردری باشوور لەگەڵ عەرەب و فارس گرنگە یاخود تورك؟

**ب. یاسین:** دۆستایەتی کورد لەگەڵ هەر سێ نەتەوە گرنگە، نەك هەر لە حاڵەتی مانەوەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عیراق وسوریا بەڵکو بگرە زیاتریش پێویستە لە حاڵەتی سەربەخۆیی کورد. نەتەوەی کورد بە حوکمی داخراوەیی جیۆ- ستراتیژی وڵاتەکەی ناتوانێ بە ئاسانی ئەلتەرناتیف بۆ ئەو دۆستایەتیانە بدۆزێتەوە.

دیارە دۆستایەتی حاڵەتێکی سیاسی - ستراتیژی نەگۆڕاو نیە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە لە گۆڕانکاریەکی بەردەوام دایە. بە ئاوڕێکی بەپەلە لە مێژووی مۆدێرنی ئەوروپا لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا بۆمان دەردەکەوێ کە دۆستایەتی و هاوپەیمانی لە نێوان ئەو وڵاتانەدا بەردەوام گۆڕانکاری بنەڕەتی بەخۆوە بینیوە (دوژمنی دوێنی بووە بە دۆستی هەرە نزیکی رۆژی دواتر). بە گشتی دوو هۆی هەرەگرنگی ئەو گۆڕانکاریانەش پێیان لە دوو فاکتەری سەرەکی هەڵدەگرت: یەکەمیان، ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە رووی ناوەوە بەسەر ئەو وڵاتانەدا دەهاتن و کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە دادەنا؛ وە دووەمیشیان هاوسەنگی هێز لەسەر ئاستی ئەوروپا و جیهان.

بە بۆچوونی خۆم، بەبێ ئەوەی کە گرنگی دۆستایەتی لەگەڵ فارس و عەرەبمان بەکەم لەقەڵەم دابێ، بڕوام وایە کە پەیوەندی کورد لەگەڵ تورکیا ("تورکەکان") گرنگیەکی زۆر تایبەت (هەنووکەیی و دوارۆژی) وەردەگرێ. قورسایی کورد لە تورکیا (لەرووی ژمارەو جوگرافیاوە) زۆر زیاترە بە بەراورد لەگەڵ هەر یەك لە وڵاتانی تر؛ هەرچەندە نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە ئەو قورساییە لە رووی سیاسی و پێشکەوتنی ئابووری - کۆمەڵایەتیەوە زۆر لە پەراوێزی ئەو وڵاتە (واتە تورکیا)دا ماوەتەوە. بەراووردکردنێکی بە پەلە لە رووی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە نێوان باکووری کوردستان و بەشی رۆژئاوای تورکیا، جگە لە پەراوێزکردنی سیاسی، بە جوانی حاڵەتی پەراوێزبوونی کوردمان لە تورکیا بۆ روونDەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بڵێین دوای هەندێ گۆڕانکاری لە هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە کێشەی کورد دەکرێ رەهەندێکی ستراتیژی بەهێز (تۆ بڵی دەروازەیەك) بە رووی جیهانی پێشکەوتو و پرۆژەی لیبرال - دیموکراسی بۆ نەك

هەر کورد لە تورکیا بکرێتەوە بەڵکو بۆ تەواوی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ نموونە بوونی تورکیا بە ئەندام لە یەکیەتی ئەوروپادا کرانەوەیەکی گرنگ و مێژوویی دەبێ بۆ کورد لە تورکیا بە تایبەتی وە بگرە کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

ئێمە دەتوانین زۆر خاڵی پۆسەتیف بۆ کورد بژمێرین لەو بوون بە ئەندامیەدا، بەڵام ناشکری هەر لە ئێستاوە کورد سیاسەتی خۆی بۆ ٣٠ - ٥٠ساڵی داهاتوو بە ئەگەرێکی وەك ئەوەی کە ئەنداميّتی تورکیا لە یەکیەتی ئەوروپادا مسۆگەرە یا مسۆگەربێت بنا بکات. بە باوەڕی خۆم ئەم مەسەلەی بەئەندامبوونە گەیشتۆتە رادەیەکی زۆر هەستیار وە لەوە دەچی کە بە ئەگەری زۆر مامەڵەی تورکیا لە لایەن ئەو یەکیەتیەوە بە شێوەیەك بکرێ وەك ئەوەی کە ئەو وڵاتە نە بە تەواوەتی ببێ بە ئەندام وە نەش بە تەواوەتی رەدبکرێتەوە. من لەوەش دەترسم کە تورکیا ئەسلەن دەرفەتی ئەندامبوونی دەمێکە لەدەست دابێت! ئەگەری هەرە نزیك ئەوەیە کە لە دواییدا (دوای چەند ساڵێك) یەکیەتی ئەوروپا چوارچێوەیەکی تایبەت بە تورکیا بخەملێنێ وەکو سیغەی **پێیەك لە ناوەوە وە پێیەك لە دەرەوە**، واتە تورکیا بە تەواوەتی نەبێ بە ئەندام وە بە تەواوەتیش رەدنەکرێتەوە، بەڵکو، بکەوێتە حاڵەتی شەراکەتێکی تایبەتیەوە لەگەڵ ئەو یەکیەتیە کە "لە ئەندامایەتی نزیکە بەڵام ئەندامایەتی بەتەواوەتیش نیە".

دەمێکە من باسم لە نزیکبوونەوەیەکی ستراتیژی کوردی - تورکی - رۆژئاوا (بە تایبەت ئەمریکا) کردوە. لە کاتی ئێمەدا سێ شت بە یەکەوە یا دوویان لەو سێ شتانە یا هەتتا بگرە یەکێکیان بە تەنیا، بەڵام بەتوندی، دەتوانن ئەو نزیکبوونەوەیە فەراهەم بکەن:

یەکەم: تورکیا شێوە چارەسەریەك بۆ کێشەی کورد لە تورکیا بکات یا دەروازەیەکی جددی لەو ئاراستەیەدا بکاتەوە. هەنگاوێکی ئەوها لە ناوەوەی تورکیا دەتوانێ هەڵوێستی تورکیای بەرامبەر/دژ بە کورد (جا لەهەر گۆشەیەکی ئەو جیهانە بن) بگۆڕێ، وە لەسەر ئەم گۆڕانکاریە دەکرێ هەنگاوی بەئاساییکردنی پەیوەندیە کوردی - تورکیەکان بهاوێژرێ؛

دووەم: هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عیراق دەتوانێ حاڵەتێکی ئەوها بێنێتە گۆڕێ کە ئیتر تورکیا نەك هەر نەتوانێ دەستوەئەژنۆ دابنیشێ بەڵکو بە زەرورەت پلانی خۆی

هەبێ و بشجولێتەوە بەرەو خەملاندنەوەی نەخشەی سیاسی. لەو حاڵەتەدا وە لەبەر هۆیـەکی زۆر ئاسـان کـە ئـەویش دوارۆژی باشـووری کوردسـتانە دەکەوێتـە حاڵـەتی وەرگــرتنی هەڵوێســتی عەمــەلی. وە لەوەدەچــێ، لــەم حاڵەتــەدا، کــە ئەگــەری زیندوکردنـەوەی کێشـەی موسـڵ سـیناریۆی هـەرە نزیـك بێـت، هـەروەك ماوەیـەکی کـورت بـەر لـە ئێسـتا وە زووتـریش تورکـەکان دەربـڕینی فـەرمی لـەو جـۆرە (واتـە زیندووکردنــەوەی دۆســیەی ولایــەتی موســل)یــان هــەبووە. بــە بۆچــوونی خــۆم زیندوکردنــەوەی کێشــەی موســڵ نــەك هــار نــابێ کــورد بترســێنێ بــەڵکو دەتــوانێ دەرفــەتێکی جــددیش بداتــە کــورد بــۆ هێنانــە گــۆڕێی ئەلتــەرناتیڤی کۆنفیـدراڵی باشووری کوردستان لەگەڵ تورکیا بـە مـەرجێك ئـەوە لـە چوارچێوەی تـەرتیباتێکی فراوانتر دابێت کە تیایدا کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێت.
سێهەم: ئەگەر ئەمریکا بگاتە ئەو دەرئەنجامـە کـە لەیـەکتر نزیکبـوون و دۆسـتایەتی کورد و تورکیا خزمەت بەستراتیژی هەرە باڵای ئەمریکا دەکا لـە داهاتوویـەکی دوور و درێژدا، ئەوا مومکینە ئەمریکا لە ئاستێکی تر و بە توانایەکی تر لـەوەی تـا ئێسـتا هەبووە بیرۆکەی لە یەکگەیشتنی کـوردی - تـورکی - ئـەمریکی بـە ڕەسمـی تەبـەنی بکـات وە بــە جــددیش کــاری بــۆ بکــات. شــایەنی باســە ماوەیــەك بــەر لــە ئێســتە پرۆژەیەکم دەربارەی ئەو ئەگەرانە داوەتە حکومەتی باشووری کوردستان!*

بە گشتی لایەنی کوردی حەز بکا یا حەز نەکا ئەوا بەشێکە لە هاوکێشـەی سیاسـی لـە ناوچـە و باشـترین ڕێگـە لـە مەودایـەکی کورتخایـەن و دوورخایەنـدا پاراسـتنی پەیوەندیەکانیەتی لەگەڵ هەموو لایـەك، **بـە مـەرجێك ئـەم پاراسـتنی پەیوەندیانـە زیانبەخش نەبی بۆ ڕەهەندە هەرە فراوانە کوردستانیەکە.** لە ڕاستیدا لە قەیرانی هــەرە دواییــدا (لــە نێــوان تورکیــا و باشــووری کوردســتان) دەرکــەوت کــە بەکوردستانیکردنی سیاسەتە کوردیەکان، لە دیوە کوردیەکەی هاوکێشـەدا، کۆمـەڵێك سوودی هەبووە و هەیە بۆ بـەهێزبوونی هەڵوێستی کوردی، بـە تایبـەتی کاتێـك کـە لایەنی کوردی بەبێ جیاوازی ئەو دیـو و ئـەو دیـوی سـنوور توانیویـەتی دیپلۆماسـی خۆی لە چوارچێوەی ئاشتی خواستن و دیالۆگ و دیپلۆماسی شەفافدا بخەملێنێ.

---

* لە کۆتایی ئەم پەرتووکەدا دەقی پێشنیارەکە بەرچاودەکەوێت. ب. یاسین.

# پەیوەندیی کورد - ئەمریکا..
# لە نێوان ویست و حەقیقەتدا

**دیمانەی رۆژنامەی *کوردستانی نوێ*، لە ٢٠٠٧/١٢/٢٦ ئەنجامدراوە وە لە رۆژانی ١/٦ و ١/٨ و ١/١٤ لەو رۆژنامەیەدا لە لاپەڕە ١٠دا بڵاوبۆتەوە.**

**ك.ن:** زۆرجار باس لە هاوپەیمانێتیی یان دۆستایەتیی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەمریکادا دەکرێت، هەم بەرپرسانی کورد و هەم ناو بە ناو ئەمریکییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە دۆستی کوردن و پشتیوانی دۆزە رەواکەیان دەکەن، ئایا حەقیقەتی ئەم دۆستایەتی و هاوپەیمانێتییە - ئەگەر هەیە - چییە؟ چۆن و بە چ پێوەر و لەسەر بنەمای چ بەرژەوەندییەکی دیاریکراو کوردی عێراق دۆستی ئەمریکایە یان ئەمریکا دۆستی کوردە، ئەم دۆستایەتییە لە چ دەقێکی نوسراو، یان رێککەوتنامەیەك، یان پەیماننامەیەکی دوو قۆڵیدا، دیاریکراوە؟

**ب. یاسین:** راستتر وایە بڵێین کە لە چەند ساڵی دواییدا پەیوەندیەکی قاڵبنەگرتوو لە شێوەی بەڵگەنامەیەکی رەسمیدا لە نێوان کورد لە عیراق لە لایەك وە ئەمریکا لە لایەکی ترەوە هەبووە. هەر بەم مانایەش بەکاربردنی چمکی هاوپەیمانی بۆ حاڵەتی پەیوەندیەکانی کورد و ئەمریکا ئەوەندە گونجاو نیە. لە راستیدا جگە لەوەی کە وشەی هاوپەیمانی بۆ حاڵەتی ئەو پەیوەندیانە لە نامەکەی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا کۆڵن پاوڵ، ناردراو بە بەرواری ٢٠٠٢/١٠/٤ بۆ پەرلەمانی کوردستان، وە دووبارەکردنەوەی ئەو وشەیە لە لایەن هەندێك بەرپرسی ئەمریکا لە پلەی بەرپرسی هەندی نزمتر، تا ئێستا هیچ ئاماژەیەکی رەسمی یا بەڵگەنامەیەکی دووقۆڵی مۆرکراو لە لایەن دوو لایەنی رەسمی کوردی و ئەمریکی لە ئارادا نەبووە.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە لایەنی کوردی زیاتر پێی لەسەر ئەو

پەیوەندیانە داگرتووە و بە هاوپەیمانی ناویبردوون وە زۆر جاریش ئامادەبووە لە ئاستی پرۆسەی سیاسی لە عیراقدا کەمتر پێ لەسەر داواکاریەکانی خۆی دابگری و بگرە دەستبەرداری هەندی شتیش بێت "لە پێناو پاراستنی پەیوەندیەکانی" لەگەڵ ئەمریکیەکاندا.

لەم پەیوەستەدا باشتر وایە لەبری هاوپەیمانی ستراتیژی باس لە یەکانگیربوونی هەندێ لە بەرژەوەندیەکانی کورد و ئەمریکا بکەین، بە تایبەتی لە هاوکاریکردنی کورد لە شەری ئەمریکا و هاوپەیمانانی دژی رژێمی سەدام. دواتریش کاتی ئەمریکیەکان ئەرکی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقیان خستەسەرشانی خۆیان، هاوکاری لایەنی کوردی رەهەندێکی سیاسی گرنگی وەرگرت. هەروەها هاوکاریکردنی کورد لە شەر دژی تیرۆر لە عیراق گرنگیەکی زیتری دا بە رۆڵی کورد. لەم پەیوەستەدا وە بەتایبەتی لە بابەتی شەر دژی رژێمی سەدام **هاوکارینەکردنی** تورکیا بە ئەمریکیەکان دەرفەتێکی زیتر و بگرە زێرینی بە کورد بەخشی بۆ نواندنی ئەو رۆڵەی کە دەکرا تورکیا تا رادەیەکی زۆر بیبینی و ئەو کاتەش کورد بکەوێتە پۆزیسیۆنێکی (مەوقفێك)ی تەواو لاوازەوە.

جا لێرەدا پرسیارێکی یەکجار گرنگ ئەوەیە ئایا تا کەی وەتا چەند ئەو یەکانگیربوونی بەرژەوەندیانە لە نێوان کورد و ئەمریکیەکان بەردەوام دەبێ؛ وە ئایا یەکانگیربوونی بەرژەوەندیەکانی لایەنی عەرەبی (سوننەو شیعە) یا هەرنەبێ لایەنێکیان (بە توندی) لەگەڵ هی ئەمریکا چەند دەتوانێ بکەوێتە دژایەتی لەگەڵ پەیوەندیەکانی کورد و ئەمریکا، یا چەند دەتوانێ یەکانگیربوونی بەرژەوەندیەکانی کورد و ئەمریکا بخاتە مەترسی جددیەوە.

دواجار، لەم پەیوەندیانەدا، بە ئەنجامگەیاندنی پرۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق دەرهاوێشتەی کۆمەڵێك لە **هاوسەنگی**٭ زۆر ئاڵۆز دەبێ، بە تایبەتی لە دوو ئاستی ناوخۆی عیراق و ئیقلیمیدا، کە ئەم دوو ئاستەش بە کۆمەڵێك هۆکار یا توخمەوە بەچری تێکەل بەیەکتر دەبن (سوننەی عیراق و وڵاتانی عەرەبی، بە تایبەت سعودیيە؛ شیعەو رۆڵی ئێران؛ وە کورد و رەهەندەکانی کێشەی کورد لە دەرەوەی عیراق بە تایبەتی لە تورکیا). لە مەش گرنگتر ئەوەیە ئایا هاوکات لەگەڵ پێشوەچوونی رووداوەکان و پرۆسەکەدا ئامانجە ستراتیژیەکانی ئەمریکا روو لە عیراق و روو لە ناوچە چ گۆرانکاریەکیان بەسەردا دێت. لەم بارەیەوە وا

هەستدەکری کە هەندی رووداوی هەرەدوایی لەسەر مەیدانی سیاسی لە عیراق بە تایبەتی: ١) چەکدارکردنی خێڵە سونئیەکان (ناسرا و بەرابوون) کە ژمارەیان ئێستا بە ٧٥ تا ٨٠ هەزار چەکدار مەزندەدەکرێ؛ ٢) باشبوونی بەرچاوی باری ئاسایش لە عیراق. ئەم دوو رووداوە گرنگن وە دەکری کاریگەری بخەنە سەر نەخشەی سیاسی و شێوازی بەڕێچوونی رووداوەکان لەو وڵاتە و شێوەی هەڵسوکەوت و کاردانەوەی ئەمریکا لەم بارەیەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم پێشووەچوونانە هەندێك ئاماژە لە ئیدارەی ئەمریکیەوە هەن بە ئاراستەی ئەوەی کە ئەمریکا **"سەقفی سیاسی"** ئامانجەکانی لە عیراق دێنێتە خوارەوە و دواجار مەبەستی سەرەکیش لە بوونی لە عیراق وەدەستهێنانی ئاسایش لەو وڵاتە دەبێت. هاوشانی ئەم پێشووەچوونانە، لە ناو سەرکردایەتی کورد لە باشووری کوردستان هەست بە نیگەرانیەك دەکرێ، کە دەکرێ بەشێك لەو نیگەرانیە بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو سەرکردایەتیە بۆ ماهیەتی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکا و ئەوی تریشی بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی سەر مەیدانی سیاسی لە عیراق کە ئەگەری لێدەکری کاریگەری نەرێنی (نێگەتیف) لەسەر ئەم پەیوەندیانە دابنێ.

هاوکات ئەو نیگەرانیە لە کاتێکدا دێت کە بەورەوروبوونەوەیەکی جددی لە نێوان حکومەتی باشووری کوردستان و حکومەتی بەغدادا هاتۆتە ئاراوە، کە بە بۆچوونی من تەسك کردنەوەی ئەم قەیرانەی کورد لەگەڵ **بەغدا** لە رۆڵی ئەمریکا لە عیراقدا هەڵەیەکی کوشندەیە. راستیەکەی ئەو قەیرانە بەر لە هەر شتێك دەربڕی چەند شتێکە، وەك بۆ نموونە: ١) تا رادەیەك هەڵگەڕانەوە یا سڵکردنەوەی لایەنی عەرەبی لە مافەکانی کورد و ئەوەی ئەو لایەنە خۆی زووتر لە شێوەی دەستور و زۆر بەڵگەنامەی تر لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عیراق ددانی پیداناوە. ئەو چارەنووسەی ماددەی ١٤٠ی دەستوری پێگەیشتووە بەڵگەی هەرە بەرچاوە؛ ٢) **ناڕاستگۆیی** سەرکردایەتی کورد لە خوێندنەوە و ناساندنی شتەکان **وەکو کە هەن،** نەك وەك ئەو سەرکردایەتیە خۆی حەز دەکات، بە خەڵکی کورد. تەنها وەك نموونەی ئەو ناڕاستگۆییە، لە کۆتایی پرۆسەی نووسینەوەی دەستور ئەم سەرکردایەتیە بە خەڵکی کوردی راگەیاند کە لە دەستوردا مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد چەسپاوە و هەر کاتێکیش لایەنەکانی تر پاشگەزبوونەوە لە دەستور ئەوا لایەنی کوردی دەتوانێ سوود لە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین وەرگرێ؛ بەڵام

راستیەکەی ئەوەیە کە نە ئەو مافە لە دەستور بە کورد ڕەوا بینراوە و نەش بەو ئاسانیەیە کە کورد لە چوارچێوەی ئەو دەستورەدا بتوانێ یا بۆی هەبێ سوود لەم پرەنسیپە وەرگرێ؛ ٣) هەر پێداچوونەوەیەك بە پەیوەندیەکانی کورد لەگەڵ ئەمریکا، جا چ ئەو پێداچوونەوەیە یەك لایەن (کورد)ی بێت یا دوو لایەن (ئەمریکا و کورد)، کورت دەهێنی ئەگەر تەنها باس لە سیاسەتی ئەمریکا لە هەمبەر کورد و بەرژەوەندیەکانی هەردوو لا بکات بەبێ هەڵوەستە وەرگرتن لەسەر مەسەلەیەکی بنچینەیی، کە ئەویش پرۆژەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقە. چوونکە راستیەکەی ئەوەیە کە سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان لە سەرەتاوە لە چوارچێوەی بانگەشەی ئەوەی خۆی پێی دەبێژی "**یەکێتی ئارەزوومەندانە**" بە قوڵایی لە ناو پرۆسەکە بووە، وە هەموو ئەو شتانەی کە کراون، لەم چوارچێوەیەدا ئەنجامدراون. بە مانایەکی تر بوونەوە بە بەشێك لە دەوڵەتی عیراق ڕێك دەربڕی هەر ئەو درووشمەیە (ئۆتۆنۆمی - دواتر فیدراڵی - بۆ کوردستان وە دیموکراسی بۆ عیراق) کە جولانەوەی کورد لە باشووری کوردستان زێتر لە پەنجا ساڵە هەڵیگرتووە. کەواتە، بە واتایەکی تر، ناکرێ باس لە پێداچوونەوەی سیاسەتی ئەمریکا لە مەر کورد و پرۆسەی سیاسی لە عیراق بکەین بی ئەوەی پێداچوونەوەیەکی جددیمان بە فەلسەفەی سیاسی خودی جوالانەوەی سیاسی لە باشووری کوردستان کردبێ. ئەو پرسیارەشی کە بە پلەی یەکەم پێویستە لە پرۆسەی پێداچوونەوەیەکی ئەوهادا بکرێ ئەمەیە: ئایا لایەنی عەرەبی لە عیراق خۆی بەربەست و کۆسپە لەسەر ڕێگەی گەیشتنی کورد لە عیراق بە مافەکانی یا پەیوەندیەکانی ئەمریکا ئەو کۆسپ و بەربەستە پێکدەهێنن؟

**ك.ن.** : ئایا ناوەڕۆکی ئەم دۆستایەتییە بنەمایەکی ستراتیژی و رەسمیی هەیە، یان تەنها بەرهەمی دیدێکی هاوبەشە بۆ هەندی لە ڕووداوەکانی عیراق و ڕێکەوتی هەندێ بەرژەوەندیی نێوان هەردوو لایە لە عیراق و ناوچەکە؟ ئەم دۆستایەتییە هیچ پابەندبوونێکی ئەخلاقی و ئیلزامی لە بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی هەردوولادا تێدایە یا تەنها مواکەبەکردنی کوردە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و خۆگونجاندنە لەگەڵ ویستی ئەم هێزە جیهانییە؟

**ب. یاسین:** لە ڕاستیدا پەیوەندیەکانی کورد و ئەمریکا نە بەرەسمی پێناسەکراون و

نە ناوەڕۆك و چوارچێوەی دیاریکراویان هەیە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە مـن ماوەیـەکی زۆرە یـەکێ لـەو کەسـانەم کـە گرنگـی ئـەو پێانسـەکردن و بەچوارچـێوەکردن و ناوەرۆکپێدانـەم جخـت کردۆتـەوە، هـەتتا ئـەو جختکردنەوەیـە راسـتەوخۆ (وەك پێشنیار) کراوە بۆ سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان.

لە لایەکی ترەوە، ئەم پێناسەو چوارچێوەپێدانە زۆر مومکنتر بوو لە مـاوەی ٣ - ٤ ساڵی رابردوودا تا لە ئێستادا. لە راستیدا لایەنی کوردی دەرفەتێکی گرنگ و زێـڕینی لە دەستداوە کە تا ئێستا نەیتوانیوە وا لە ئەمریکیەکان بکا کـە لـە چوارچـێوەی لـە یەکترگەیشتنێکی رەسمیدا ئەو پەیوەندیانە پێناسە و بەناوەرۆکبکرێن. بە بۆچوونی خۆم یەك شتی یا رووداوی گـرنگ مـاوە کـە یـا ئـەوەتا پەیوەندیـەکانی کورد لەگـەڵ ئەمریکا دەباتە ئاستێکی نزمتر و خـەرابتر یـا ئـەو پەیوەندیانـە زۆر بـەرەو باشـتر و قوڵتر دەبات وە وادەکات کە ئیتر کورد بتوانێ داوای پێناسـەکردن و بـەناوەڕۆککردنی پەیوەندیـەکانی لەگـەڵ ئـەمریکادا بکات؛ نـەك هـەر ئـەوە بـەڵکو ئاسـتی **کەسـایەتی سیاسی** باشووری کوردستان وەسەر بخرێ بـۆ ئاسـتی سـەروەری نەتـەوەیی یـا شـتێکی نزیك لەو حاڵەتە وە هەمووی ئەوەش لە هەمان کاتدا لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاش دابێت. (جێی وەبیرهێنانەوەیـە کـە ئـەم بابەتـەم بـە شـێوەیەکی دوور و درێژتر لە نووسراوێکمدا دەربارەی راپۆرتەکەی بیکەر- هاملتن و هەنـدی بۆنـەی تـر و نووسراوی تردا تاوتوێکردووە).

جـا پرسـیار ئەوەیـە ئایـا ئـەوە چیە وا دەکـات کـە پەیوەندیـەکانی کـورد لەگـەڵ ئەمریکا دەباتە ئاستێکی نزمتر و خەرابتر. بە بـاوەڕی مـن ئەگـەر چ کۆماریـەکان یـا دیموکراتەکان حوکمداربن لە واشـتون ئـەوا لـە هـەردوو حاڵەتـدا پێویسـتی بـوونێکی ستراتیژی ئەمریکای بەرچاو و بەر فراوان لە عیراق (بـە باشـووری کوردسـتانەوە) یـا تـەنها لـەو بەشـەی کوردسـتان هەیـە. لـەم بۆچـوونەوە هـەموو ئاماژەکـان ئـەوەمان پێـدەڵێن کـە ئـەمریکا بـە ئاقـاری بەرهـەمهێنانی هاوپەیمانیـەکی سـتراتیژی لەگـەڵ عـیراق هـەوڵ دەدات. ئـا لێرەدایـە، جـارێکی تـر، مەسـەلەی سـەرکەوتنی پـرۆژەی دەوڵەتی عیراق یا سەرنەکەوتنی بە توندی بەرژەوەندیـەکانی ئـەمریکا پەیوەندیـدار دەکەن وە بگرە تێکەڵاو بە یەکتریش دەبن.

بە هەر حاڵ، ئەمریکا تا ئێستاش پابەندە بە یەکبوونی عیراق لـەوەش دەچـێ کـە هەروا بەردەوام بێـت، بـەڵام بـە مـەرجێك ئـەو یەکبوونـە لـە **داهاتووشـدا** نەکەوێتـە

دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەدیە ستراتیژیەکانی ئەمریکا. بە باوەڕی من هەر کاتێکیش ئەو دژایەتیە دروست بوو ئەوا ئەمریکا لە گۆرانکاریکردن لە ستراتیژیەکەیدا لەم ئاراستەیەدا سڵناکاتەوە، هەرچەندە ئەوە کارێکی ئاسانیش نابێت. لە ماوەی ساڵی داهاتوو (٢٠٠٨)دا ئەمریکا دەبێ هەرنەبێ شتێکی گرنگ لە عیراق بەدەستبهێنی کە ئەویش مسۆگەرکردنی هاوپەیمانییەکی ستراتیژیە لەگەڵ عیراق وە لەوێشدا مسۆگەرکردنی دامەزراندنی هەندێ بنکەی سەربازی لەو وڵاتە؛ هەرچەندە لێرە و لەوێ هەندێ بەرپرسی ئەمریکی بەردەوام ئەوە جختدەکەنەوە کە مەبەستی وڵاتەکەیان دامەزراندنی بنکەی سەربازیی هەمیشەیی نیە لە عیراق. بە بۆچوونی خۆم بۆ فەراهەمکردنی ئەو شتانە (واتە پەیماننامەی ستراتیژی و دانانی بنکەی سەربازی) ئەگەری هەرە بەهێز ئەوەیە کە ئەمریکا زیاتر گوێ لە لایەنی عەرەبی بگرێ وە ئەگەر ئەوەش کرا وە ئەو شتانە بەرێگەی "بەغدای عەرەبییەوە"بۆ ئەمریکا فەراهەم بوون ئەوا ترسی ئەوە هەیە رۆلی کورد زۆر کەم ببێتەوە؛ لەبەر هۆیەك، ئەویش ئەوەیە کە لە مەسەلە ستراتیژی و هاوسەنگیە چارەنووسسازەکاندا عەرەب پارسەنگی بڕیاردەرە.

لەلایەکی ترەوە، هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، دەبێ ئەو ئەگەرەش بە کراوەیی بەجێبهێشترێت کە، بە پێچەوانەی ئەو سیناریۆیەی سەرەوە، پەیوەندیەکانی کورد و ئەمریکا لە داهاتوودا پێناسەو بەناوەڕۆکبکرێن وە بەئەگەری زۆریش کەسایەتی سیاسی باشووری کوردستان وەسەربخرێ بۆ ئاستی سەروەری نەتەوەیی یا ئاشتێك کە نزیك بێت لەو حاڵەتە. دەکرێ ئەم سیناریۆیە زیاتر دەرهاوێشتەی ئەو ئەگەرە بێت کە عیراق، یا راستتر بڵێین لایەنی عەرەبی لە عیراق، ئامادەنەبێ بەو پێیەی کە ئەمریکا دەخوازی وە لە رۆشنایی بەرژەوەندی و داخوازیەکانی ئەمریکادا ئەو هاوپەیمانیە ستراتیژیە مۆر بکات، بە تایبەتیش رێگا بە ئەمریکا نەدات کە بنکەی سەربازی بۆ ماوەی دوور و درێژ لە عیراق دابمەزرێنێ. لەو کاتەدا یا ئەوەتا ئەمریکا باسکردن لە ئەلتەرناتیڤی کوردستان دەهێنێتە گۆڕێ بۆ چاوترساندنی لایەنی عەرەبی و فشاربۆهێنانی و بە نەتیجەش قەبووڵکردنی ئەو لایەنە بۆ دامەزرانی بنکەی ئەمریکی لە عیراق، یا ئەوەتا وەك ئەلتەرناتیڤێکی راستەقینەو ستراتیژی، دەست بە کوردستانەوە دەگرێ و بنکە لەوێ دادەمەزرێنێ وە بەم مانایەش گۆڕانکاری بنەڕەتی لە مەسەلەی یەکپارچەیی عیراقدا دەکات وە بەم

پێیەش دەچێ بەرەو ستراتیژی دوو پارچەیی یا سێ پارچەیی ئەو وڵاتەی کە ئـەمڕۆ ناوی عیراقە. ئەوەشی کە گرنگە لەم بارەیەوە ئەوەیە کـە نـەك هـەر ئـەمریکا دەبـێ کراوەبێ بۆ ئەگەرێکی ئەوها بەڵکو سەرکردایەتی سیاسـیش لـە باشـووری کوردسـتان دەبـێ بـە عـەقڵی کراوەتـر لـەم ئەگەرانـە بڕوانـێ و هـەوڵی چارەسـەری بـۆ کێشـە ستراتیژیەکان بدات.

**ك.ن.:** ئایـا سـەرکردایەتی کـورد چـۆن دەڕواننـە ئـەم دۆسـتایەتییە، تـا چـەند جێـی دڵنیاییە و دەکرێ گرەوی لەسەر بکرێت، ئەی تا چەند دۆستایەتییەکی بـێ ئاسـۆ و بێ ئایندەیە؟ ئاخۆ لە بنەڕەتدا میکانیزمی بوونی ئـەم دۆسـتایەتییە و مەرجـەکانی درێژەکێشانی چییە؟

**ب. یاسین:** دەکرێ، وەلەراستیدا دەشبوایە، بە پلەی یەکەم ئـەم پرسـیارە بـەرەوڕووی سەرکردایەتی سیاسـی بکرێتـەوە، بـە مـەرجێك ئـەم سـەرکردایەتیە لـە وەڵامـدا ئـەو پەڕی راشکاو و شەفاف بێت!

بەهەر حاڵ، ئەگەر ئێمە لە دەرەوەی تێگەیشتنی سـەرکردایەتی هەڵسـەنگاندنێکی ئەوها بکەین ئەوا دەتوانین بڵێین دیدی سەرکردایەتی لە مەڕ پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئـەمریکا تێکەڵاویـەك بـووە لـە **خۆشـبینی و نیگـەرانی**. وە ئـەوەی ئـەوڕۆ دەتـوانین بیڵێین ئەوەیە کە ئەو خۆشبینیە ئەو بەرهەمـەی نـەبووە کـە پێویسـت بـووە، بـەڵام ئەو نیگەرانیەش، کەتا رادەیەکی زۆر (هەندێ جار) لـە، بـۆ نموونـە، دیـدی سـەرۆکی هەرێم خۆی دەربڕیوە ئەو دەرهاوێشتە سیاسـیانە پێویسـتانەی نـەبووە کـە دەبوایـە بیانبێت. ئەو رەدکردنەوەی هەرەدوایشی (واتـەهی سـەرۆکی هـەرێم) بـۆ چاوکەوتن بەوەزیری دەرەوەی ئەمریکا (کۆندەلێزا رایس) دەکرێ تا رادەیەکی زۆر دەربڕی ئەو نیگەرانیـە بێـت. هـەر چـەندە دووریـش نیـە بـەو شـێوەیەی کـە رایـس ویسـتویەتی چـاوپێکەوتنەکە ئەنجامبـدات بـە خوێندنـەوەی سـەرۆکی هـەرێم هێمـای هەڵوێستەیەکی تـازەی ئـەمریکای نیگـەرانئامێز بووبێـت یـا ناشایەسـتە بووبێـت بـە جێگەو رێگەی خۆی وەك سەرۆکی هەرێم. بە هەر حـاڵ وا دەزانم لـە نـاو پێکهاتـەی سایکۆلۆژی - سیاسی کەسایەتی مەسعود بارزانیدا هەستکردنی بـەردەوام بـە تـاڵییەتی بیرهاتنـەوە مێژووییەکـەی نسـکۆی ١٩٧٥ لـە هەنووکـەی سیاسـەتدا ئامادەیـە. بـە مانایەکی تر لەناو ئـەو هەسـت بـەتاڵییەتی کردنـەدا مێـژوو و پرۆسـە سیاسـیەکان لـە

هەمان سات و کاتدا دەتوانن یەکتر بگرنەوە و یەکتر بەهێز بکەن.

لەلایەکی ترەوە لە ناو هەستی نیگەرانی لەو پەیوەندیانەدا بەردەوام دوو شت ئامادەییان هەیە: ١) هەوڵ بۆ شاردنەوەی ئەو نیگەرانیە وە هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەو نیگەرانیە شۆڕ نەبێتەوە ناو جەماوەری کوردستان و یەکانگیر نەبێ لەگەل ناڕازیبوونەکانی تر کە لە ئاستی "شەقامی کوردیدا" بەدیدەکرێن؛ ٢) بە جددی هەوڵ نەدراوە کە ئەم نیگەرانیە بەردەوامە ببێتە هاندەرێك بۆ پێداگرتن لەسەر داخوازی پێناسەکردن و چوارچێوەپێدانی پەیوەندیەکانی ئەمریکا و کورد. ئەوەتا هەر سەرۆکی هەرێم خۆی لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ لای (جۆرج بوش)ی کوڕ دەرفەتی زێڕینی هەبوو بۆ خستنەڕووی داواکاری بە ئاراستەی پێناسەکردن و بەناوەڕۆککردنی پەیوەندیەکان لەگەل ئەمریکا لە چوارچێوەی بەڵگەنامەیەکی رەسمیدا ئەو دەرفەتە لەدەست دەدات و دەگەڕێتەوە کوردستان بەبێ بەڵگەنامەیەکی رەسمی. لە راستیدا هەر دوای گەڕانەوەی لە ئەمریکا، لە ناو پەرلەمان سەرۆکی هەرێم بەرەوڕووی پرسیاری ئەوە کرایەوە کە ئایا بەڵگەنامەیەکی رەسمی مۆرکراو هەیە لەگەڵ ئەمریکا، سەرۆکی هەرێم لە وەڵامدا بەڵگەنامەیەکی ئەوها زۆر بە پێویست نابینێ. هەڵبەتە، لە لایەکی ترەوە، هەڵسەنگاندنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەمریکا (وە بەگشتیش بینینی دیاردە و پرۆسە سیاسیەکان) بە **خۆشبینیەکی** زۆر و بەزێدەڕۆییەوە دەتوانێ کاریگەری پشتشکێنی هەبێ بۆ بەرژەوەندیەکانی کورد. باشتر وایە: ١) پەیوەندیەکان وەکو خۆیان کە هەن ببینرێن بەبێ زێدەڕۆییکردن لە خۆشبینی وەکو ئەوەی پەیوەندیەکان وەکو "عەشقیکی" یەکلایەنی ئەکتەرێکی بێهێز (وەکو کورد) بێت بۆ ئەکتەرێکی پڕ هێزی وەك ئەمریکا؛ ٢) بەردەوام هەڵسەنگاندنی ئەو پەیوەندیانە و پیداچوونەوەیان بە چاوێکی رخنەگرانەو لە رۆشنایی گۆڕانکاریەکانی سەر مەیدانی عیراق و ناو هاوکێشە ئیقلیمیەکەی، وە بگرە هەندێ جار و لە هەندێ بابەتدا لە هاوکێشە جیهانیەکەشدا؛ ٣) گوتاری رەسمی کوردی وەك گوتاری رژێم و بزوتنەوە سیاسیەکانی جیهانی سێهەم (بە جیاوازی ئایدیۆلۆژی دینی و چەپ و نەتەوەیی)، لە رۆشنایی **کولتورێکی سیاسی** سەقامگیربوودا، زوو پەنا بۆ هۆکاری دەرەوە دەبات (وەك مێتودی روونکردنەوە و تێگەیشتن) وەك ئەوەی ئەو هۆکارە دەرەکیە لە پشت هەموو شکست و نسکۆیەکەوە بێت و وەڵامدەرەوەی هەر پرسیارێك بێت. ئەوەی کە پێویستە سەرکردایەتی کورد

هەرچی زووتـرە بیکات ئەوەیـە، بـە تایبـەتی لـە بـارودۆخێکی وەك ئـەورۆی پـڕ لـە نیگەرانی، خۆی رزگار بکات لەو کولتورە سیاسیە، کە لە راستیدا نابێتە یاریدەدەر لە چارەســەرکردنی هــیچ کێشــەیەك و وەڵامــدەرەوەی راســتەقینەی هــیچ جــۆرە نیگەرانیەکیش نیە.

لەم رووەوە، دەبێ بە راشکاوانەتر بڵێم کە ئـەو تەنگەژانـەی کـە ئـەمڕۆ کـورد لـە باشووری کوردستان بەرەوڕوویان بۆتەوە بەشی هەرە زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە کـە لایـەنی عـەرەبی قـەبووڵی نیـە کـورد خـاوەن ئـیرادەی راسـتەقینەبێت لەسـەر خـاکی خۆی و لەمەر سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی و مەسەلە چارەنووسازەکانی تردا. جا لـەم پەیوەستەدا وە بە مانایەکی تر، ئەمریکا تەنها **هۆکارێکە لە هۆکارەکان** نەك هۆکاری چارەنووسساز و بڕیـاردەر لـە بەبنبەستگەیشـتنی بـاری سیاسـی کـورد لـە باشـووری کوردستان.

بە واتایەکی تر، کێشـەکە لـە نـاو قوڵایی جیهـانبینی و فەلسـەفەی سیاسـی بزاڤـی کورد خۆی دایە. هەر بۆ نموونە، سالانێکە لایەنی کـوردی، لـە سـەروی هەموویانـەوە سـەرۆککۆمار جـەلال تالـەبانی و سـەرۆکی هـەرێم مەسـعود بـارزانی، هـەوڵی جـددی دەدەن بۆ فەراهەمکردنی ئەوەی پێیدەگوترێ ئاشتەوایی نیشتمانی لـە عـیراق، بـەلام پارادۆکس (موفارەقە) ئەوەیە کە هەر وەختێك ئەو ئاشتەواییە فەراهەم ببێت ئـەوا، بە ئەگـەری زۆر، لـە پرۆسـەی بەرهەمهێنانیـدا لەسـەر حیسـابی کۆمـەڵێك تـەنازولی تـری لایـەنی کـوردی دەبێـت وە بەئەگـەری زۆر بـە زیـانی پەیوەندییـەکانی کـورد و ئەمریکا تەواو دەبێت، چوونکە کاتێك ئەمریکا هەموو عیراق بەدەسـتدێنێ، جـا ئـەو کاتە پێویستی ئەمریکا بە ئەلتەرنەتیڤی کوردستان چیە بۆ هاوپەیمانی سـتراتیژی و دانـانی بنکـەی سـەربازی لـەوێ. لـە راسـتیدا دەبـێ هـەر لـە ئێسـتاوە بـە نیگـەرانی زۆرەوە بـیر لـە دەرهاوێشـتە سیاسـیە نێگەتیڤـەکانی ئاشـتەوایی عیراقـی بـۆ کـورد بکەینەوە وە ئامادە بین دوای بەدەستهاتنی ئـەو ئاشـتەواییە پەیوەندیـەکانی کـورد و ئەمریکا بکەونە قۆناغێکی ساردترەوە .

هـەر لـەم پرسـیارەتاندا دەربـارەی ئاسـۆی پەیوەندیـەکانی کـورد و ئـەمریکا و مەرجەکانی بەردەوامبوونیان، دەکرێ مرۆڤ باس لە کۆمەڵی ئەگەر بکات. من باوەڕم وایـە کـە هەنـدێك لـەو شـتانەی خسـترانەروو لـە وەڵامی پێشـوودا بـە تایبـەت بـە پەیوەندی لەگەڵ ئەگەرەکانی دوارۆژی پەیوەندیەکانی عیراق و ئەمریکا و ئاراستەی

پێشوەچوونی پـرۆژەی سیاسـی لـە عـیراق تیشـکدەخەنە سـەر ئـەم پرسیارەشـتان. هەڵبەتە من باوەڕم وایە ئەم پرسیارە و تـەوەرەی رۆژنامەکـەشـتان بەگشـتی درەنـگ کەوتوون؛ خستنەڕوو و کارکردن لەگـەڵیان بـە تایبـەتی لـە ئاسـتە هـەرە بـەرزەکانی سیاسەت لە باشووری کوردستان زۆر زووتر پێویست بوون.

بە هەر حاڵ، ئێستا لە ناو جەرگەی پرۆسەو گۆڕانکریەکاندا، ئەوەی هەسـتدەکری هەنـدێك شـتن کـە راسـتەوخۆ کاردانـەوەیان دەبـێ لەسـەر ئاسـۆ و مەرجـەکانی پەیوەندیەکانی کورد و ئەمریکا: ١) ئەو گۆڕانکاریانەی کـە چاوەڕواندەکرێن بەسـەر سیاسەتی ئەمریکا دابێن بە پەیوەنـدی لەگـەڵ بابـەتی عـیراق؛ ٢) پـرۆژەی دەوڵـەتی عـیراق وە پەیوەندیـە سـتراتیژیەکانی ئـەو دەوڵەتـە بـە ئـەمریکاوە کاریگەریـەکی چارەنووسسازی لەسەر رەوت و سروشتی پەیوەندیـەکانی کـورد و ئـەمریکا دەبـێ: لـە چوارچـێوەی عیراقێکـی یـەکگرتوودا بـە ئەگـەری زۆر پـەراوێزی کاریگـەری لایـەنی کوردی کەم دەبێتەوە وە بۆچوون و هەڵوێستەی لایەنی عەرەبیش، بـە ئەگـەری زۆر، زێتر لەبەر چاو دەگیرێ لەلایەن ئەمریکیەکانەوە؛ ٣) مانەوەی ئەمریکا لە ناوچە بـە گشتی، بە باشووری کوردستانیشەوە (هەڵبەتە تا ئێستا وەك پارچـەیەك لـە عـیراق)، خەریکە دەبێ بەزەرورەتێکی ستراتیژی (دوور لە خواستە حزبیەکانی کۆماریەکان یا دیموکراتەکان لە پێکهاتەی دەستهەڵاتی سیاسی لە ئەمریکا) وە هۆیـەکی گرنگـی ئـەو شتەش، کە دەکەوێتە سەر هۆکارە ستراتیژی و سیاسیەکانی پێشتر (بەر لـە کـەوتن و راستەوخۆ دوای کەوتنی رژێمی سەدام). گرنگـی ئـەو زەروورەتـە سـتراتیژیەش خـۆی بـە تایبـەتی لـە چوارچـێوەی ئـەوەی کـە دەتـوانین پێیبێـژین "کەوانـەی قـەیران" دەبێنێتەوە. ئەو کەوانەی قەیرانـە، کـە هـەر لـە پاکسـتانەوە بـە قوڵایی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاودەبێتەوە تا دەگاتە ئیسرائیل. کەواتە جگە لە پاکستان، ئـەو کەوانـەی قەیرانە ئەفغانستان و ئێران و عیراق و سوریا و لوبنـانیش لـەخۆ دەگـرێ. هەڵبەتـە جێگەی پرسیارە کە ئایا تورکیاش لە ناو ئەو کەوانەیە جێگەی دەبێتەوەیا نا.

بەهـەر حـاڵ، لـەناو ئـەو کەوانەیـەدا کۆمـەڵێك شـت و دیـاردە کۆبوونەتـەوە، کـە گرنگیە ستراتیژیەکانی ئەو پێکهاتە ژیۆ/سیاسیەی کەوانەکە بەرجەسـتەدەکەن، وەك بوونی: ١) سەرچاوەی دەوڵەمەندی (بە تایبەتی نەوت)، ٢) چەکی کۆکوژ بـە تایبـەت چـەکی ئـەتۆمی لـە پاکسـتان وە ئەگـەری بـوونی پرۆگرامـی چـەکی لـەم جـۆرە لـە ئێران،٣) ئەلقاعیـدە و سەرچاوەکانی تـری تونـدڕەوی ئیسلامی، ٤) هەنـدی ناوچـەو

خاڵی ستراتیژی زۆر گرنگ، ٥) کولتوری کودەتاو کودەتاکاری بە تایبەتی لە حاڵەتی پاکستان و هەوڵی توندڕەوانی ئیسلامی بۆ گەیشتنیان بە چەکی ئەتۆمی لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازیەوە ، ٦) کۆمەڵێك تەنگەژەی ئاینی و سیاسی و ئیتنی، ٧) ترس، وە بە تایبەتی ترسی ئەمریکا، لە زێدەبوونی هێژەمۆنی شیعە (وە بە تایبەتی هی ئێران) لە ناو ئەو کەوانەی قەیرانەدا، ٨) کۆمەڵێك هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناو جوگرافیایی ئەو کاوانەیەو دەوروبەریدا... هتد. گومانی تێدا نیە کە ئەم کەوانەیە دەورەی ناوچەی خەلیج و لەوێشدا گرنگترین سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان و بازاڕی نەوت دەدات وە هەروەها لە باکووریشەوە خۆی لە ناوچەی قۆقازی گرنگ و پڕ لە قەیران دەدات.

ماوەیەکە بە یەکەوە گرێدانی کێشەو دیاردەکانی ناو ئەم کەوانەیەی قەیرانە جێگەی سەرنج و گرنگیپێدانە، لە لایەن سیاسەتکاران و پسپۆڕانەوە، بە هەندێ پێناسەی جیا جیا وە بە سنووردارکردنی جوگرافی جیا جیای ئەو کەوانەیەوە. هەڵبەتە لە دوای ١١ی سیپتەمبەری (٢٠٠٢)ـەوە وە بە تایبەتی لە ماوەی دواییدا لەگەڵ ڕووداوەکانی پاکستان وە ئەگەری ئەوەی کە هێزێکی ئیسلامی توندڕەو وە بگرە نزیك لە ئەلقاعیدەوە لە ڕێگەی کودەتایەکی عەسکەریەوە حوکمڕانی لە پاکستان بگرێتەدەست، ئەم بابەتە بە توندی هاتۆتە پێشەوە. ئەمەو زۆر ئەگەر و کێشەی تر لەچوارچێوەی جوگرافی ئەو کەوانەی قەیرانە بە توندی وە بە شێوەیەکی تازە گرنگی بە عیراق و باشووری کوردستان دەبەخشن. جگە لەوەش ئەگەری پاشەکشەی ئەزموونی دیموکراسی وە دواجار گەشەکردنی شێوەیەك لە شێوەکانی حوکمڕانی دیکتاتۆری لە ڕوسیا و تەشەنەبوونی پەیوەندیەکانی ئەو ولاتە لەگەڵ ئەمریکا بە تایبەتی، سەرلەنوی وە لە دیدێکی تازەی ستراتیژیەوە گرنگی دەداتە ئەم کەوانەی قەیرانە بە تایبەتی، وە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی. ئا لێرەدایە گرنگی مانەوەی ئەمریکا لە عیراقدا (بە باشووری کوردستانەوە) یا تەنها لە باشووری کوردستان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، لە چوارچێوەی "هاوپەیمانیەکی" ستراتیژی و دامەزراندنی هەندی بنکەی سەربازی.

**ك.ن.:** ئایا کورد جگە لە ئەمریکا هیچ هێزێکی تری جیهانی هەیە پشتی ببەستێ بۆ پشتیوانیکردن لە ماف و داواکارییە سیاسیەکانی لە عیراقدا؟ ئایا کورد هیچ کارت و

خاڵێکی هێزی هەیە کە ئەمریکا پابەند بەو دۆستایەتییە گریمانەکراوەوە بکا کە لەگەڵ کورددا هەیەتی؟ ئایا ئەگەر ئەمریکییەکان دۆستی تری جێی متمانە لە عیراقدا بدۆزنەوە قورسایی سیاسیی کورد بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا چی لێ بەسەر دێت؟

**ب. یاسین:** ئەمڕۆ هیچ هێزیك نیە لە جیهان کەتا رادەی بەرەوڕوبوونەوە لەگەڵ عیراق پشتگیری لە کورد بکات، دواجار لەگەڵ کام عیراق کە کورد خۆی لە حوکمڕانیکردنی بەشدارەو سەرۆکەکەشی کوردە. بەڵام هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێدا دەکرێ لە بەرەوڕوبونەوەیەکی ئەمریکا لەگەڵ لایەنی عەرەبی لە عیراق وە بەبنبەستگەیشتن لەگەڵ ئەم لایەنە، ئەمریکیەکان پشتگیریەکەیان وەسەربخەن بۆ کورد بۆ هەندێ ئاستی سیاسی و ستراتیژی زۆر پێشکەوتووتر لەوەی ئێستا، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا. بەڵام پێویستە ئێمە لە هەمان کاتتدا پرسیاری ئەوە بکەین کە ئایا ئەو پشتگیریە لە وڵاتانی تر بۆ نیە؟ ئایا کێشەکە لە بوونی یا نەبوونی پشگیریە یا لە هەندی شتی تر دایە؟

بە باوەڕی من جگە لەو شتانەی کە زووتریش زانراون وەکو ئەوەی بۆ نموونە ولاتان بەرژەوەندی خۆیان لە پشتگیریکردنی کورددا نابێننەوە، بەڵام راستیەکیش ئەوەیە کەلایەنی کوردی لە عیراق خۆی رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە کەمبوونەوەی ئەم پشتگیریە. لە راستیدا سەرکردایەتی کوردی لە باشوور ماوەی چوار ساڵ زیاترە هەموو قورسایی خۆی خستۆتەسەر بەغدا و تا رادەیەکی یەکجار زۆر دیپلۆماسی خۆی لە دەرەوە بە تایبەتی لە ئەوروپای رۆژئاوا زۆر کەمکردۆتەوە، بەڵکو دەتوانم بڵێم راشیگرتووە. ئەوە تەنها لە کاتی قەیران و هەستکردنی جددی بە مەترسی پاشەکشەیە، وەکو ئێستا دەیبینین، کە لایەنی کوردی سەرلەنوی هەست بە گرنگی رۆلی وڵاتانی تریش، جگە لە ئەمریکا، دەکات. لەوەش زێتر لە ماوەی دوای کەوتنی رژێمی سەدام تا ئێستا لایەنی کوردی بەو سیاسەتەی کە پیادەیکردوە مەسەلەی خۆی لە عیراق بە توندی کردەوە بە **مەسەلەیەکی ناوخۆیی عیراقی**. جا کە کورد خۆی لەو هەموو ماوەیەدا ئەو سیاسەتەی بۆ خۆی هەڵبژاردبی لایەنەکانی دەرەوە چی دەتوانن بکەن. جگە لەوەش، هەر لەم سۆنگەیەوە، کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە لایەنی عەرەبی رۆژ دوای رۆژ سیاسەتی ئینکارکردنی هەندێك لە مافە گرنگەکانی کورد دووبارە دەکاتەوە. کێشەکە لەوەدایە کە ئەو حاڵەتەی ئەوڕۆ لە عیراق لە نێوان

کـورد و عــەرەب دەرهاوێشــتەی راســتەوخۆی ســەرلەنوی دامەزرانــەوەی دەوڵــەتی عیراقـە. وە هـەروەها بـەکارهێنانی دەسـتهەڵاتی هـەمان ئـەو دەوڵەتەیـە لـە لایـەن نوخبەی دەسەلاتداری عەرەبی لە بەغدا، کە لە ماوەی زێتر لە چوار ساڵە کورد خۆی رۆلی بێووچانی لە دامەزراندنەوەی بینیوە، وەبگرە لە ڕاستیدا بەبێ هاوکاری کـورد ئەم دەوڵەتە ئەسلەن مومکن نەبوو دابمەزرێتەوە.

ئەوەی بە شێوەیەکی روونتر دەمەوی بیڵێم ئەوەیە کە کێشەکانی ئەورۆ لە عـیراق لـە مـەر مافـەکانی کـورد تـا رادەیـەکی زۆر دەرهاوێشـتەی ئـەو سیاسـەتەن کـە ئـەو سـەرکردایەتیە کوردیـەی باشـوور خـۆی پیـادەیکردوە. بـە مانایـەکی تـر ئـەو گـرێ کویرانـەی، کـە کـورد خـۆی لـە ئـەنجامی کـاری سیاسـی مـاوەی زیـاتر لـە چـوار سـاڵە بەشداری کردووە لە بەرهەمهێنانیان، ئەورۆ لەوە دەچێ جارێکی تر چاوەڕێ بـێ کـە هەنـدێ هێـزی دەرەکـی بـێن و رۆل ببێـنن لـە کردنــەوە و هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو گرێکوێرانە. هەر وەك روونکردنەوەیەك (بەڵام تەنها نموونەیەك) بۆ ئەو بۆچوونە، دەتـوانم ئـەنفال و ژینۆسـایدکردنی کـورد بـە نموونـە بهێنمـەوە. دەسـەڵاتی کـوردی سەرکەوتوو نـەبوو لە وەی بە یەك دانـەوەش ئامـاژە بەئـەنفال و هەڵەبجە بکـرێ لـە دیباجەی دەستوری هەمیشەیی عیراقدا، ئەوە چ جای ئەوەی وا لە لایەنی عەرەبی لە عـیراق بکـات کـە قـەبووڵ بکـات بـەرەسمی دان بـە بەرپرسـی **دەوڵـەتی عـیراق** لـەو ژینۆسایدەدا بنێت. لە وەش زێتر هەر ئەم دەسـەلاتە کوردیـە ئـەمڕۆ ئامادەیـە وزە و دراوێکی زۆر خـەرج بکـات بـۆ بـە رەسمـی ناسـینی ئـەنفال وەك ژینۆسـاید لـە ئاسـتی جیهانیــدا، کــە ئەمــەش پارادۆکســێك (موفارەقــە)یــەکی تــرە دەکەوێتــە ســەر موفارەقەکانی تری سیاسـەتە کوردییـەکان، یـا راسـتتر بڵێین موفارەقـە سیاسـیەکانی سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان.

جا پرسیار ئەوەیە ئایا وڵاتانی جیهان چۆن شتێك بکـەن کـە بـەر لـە هـەر شـتێك ئەرکی کورد خۆیەتی بیکات کـە نەشـی کـردوە لـە رێگـەی لـە دەسـتدانی دەرفـەتێکی تری مێژوویی، کە ئەویش پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەسـتور بـوو. بگـرە هەنـدێك لـە سـەرانی کـورد دوورتـریش دەچـن و پاسـاو بـۆ ئەنفالچـیەکی وەکـو سـوڵتان هاشـم دەهێننەوە وەکو ئەوەی کە ناوبراو "تەنها ئەرکی سەربازی خۆی بە جیگەیاندوە" و هیچـی تـر. سـەرانی کـورد خۆیـان رێگـە بـۆ کەسـێکی وەك تـاریق هـاشمی (جێگـری سەرۆك کۆماری عیراق) کە، لە سەردانەکەی بەر لە چـەند رۆژیـك بـۆ هەڵەبجـە، پـێ

لە هەستی بە کۆمەڵی خەڵکی ئەو شارەو کوردستان بنێ لە ڕێگەی بانگەشەی ناڕاستەو خۆی بووردن لە گوناهبارێکی وەك (سوڵتان هاشم)ەوە...لە ڕاستیدا جگە لە بابەتی ئەنفال و کێماسی (کەموکوڕی)ەکانی تری ناو دەستور دەرهەق بە کورد، لە ناو ئەو دەستورەدا هیچ زەمانەتێك بۆ کورد دەستەبەر نەکراوە بۆ ئەوەی خۆی پێوە بگرێتەوە لە حاڵەتی بەنبەست گەیشتنی بە تەواوەتی پرۆسەی سیاسی لە عیراق یا لە حاڵەتی پاشەکشێیەکی جددی لەم پرۆسەیەدا. (دیسان جێگەی ئاماژەیە کەئەم بابەتەم بەدوور و درێژری لە نووسراوێکدا دەربارەی دەستور، زۆر زووتر، خستۆتەروو).

لە لایەکی ترەوە، لەو بڕوایەدام کە باشووری کوردستان لە چوارچێوەی گرنگیە ژیۆ - ستراتیژیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەوانەی قەیران وەك حاڵەتێکی تایبەتی دەتوانی پێگەی خۆی هەبێ بەڵام بە مەرجێك پێگەی کوردستان وەك خۆی هەڵسەنگێندرێ نەك وەك ناوچەیەکی وابەستە و بەستراو بە عیراقەوە. هەروەك لە وەڵامێکی سەرەوەمدا هەوڵمدا روونی بکەمەوە، ئەگەر باشووری کوردستان وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە عیراق مامەڵەی بکرێ لە چوارچێوەی فەراهەمکردنی هاوپەیمانی ستراتیژی لە نێوان عیراق و ئەمریکا ئەوا ئەگەری زۆر هەیە بۆ ڕازیکردنی لایەنی عەرەبی بۆ هاوپەیمانیەکی ئەوها و دامەزراندنی بنکەی سەربازی لەو وڵاتە فشاری زێتر بۆ کورد بهێنرێ و ئەمریکا گوێڕایەڵی داواکاریەکانی لایەنی عەرەبی بێت کە بە باوەڕی خۆم ئەو داواکاریە عەرەبیانە بەشێکیان خۆیان لە فشارهێنانی زیتر روو لە کورد دەبێننەوە بۆ ئەوەی کورد دەستبەرداری هەندێ شتی گرنگ بێت لە بواری مافەکانیدا. بەڵام، لە لایەکی ترەوە، ئەگەر لایەنی عەرەبی هەر ڕازی نەبوو بە هاوپەیمانیەکی ئەوها ئەوا ئەو کاتە دەکرێ ئەمریکا بە تەواوەتی لە کورد نزیکببێتەوە لە چوارچێوەی تەرتیباتێکی ستراتیژی کوردی- ئەمریکی یا هەتتا بگرە کوردی - ئەمریکی - تورکیدا...

دەربارەی بەشی هەرە دوایی پرسیارەکەتان من باوەڕم وایە کە جێگەی خۆیەتی کە لایەنی کوردی ترسێك و نیگەرانیەکی زۆر جددی هەبێت لە ئەگەری ئەوەی کە لە ئاکامی مسۆگەرکردنی هەندێ دۆستی تری بە کەڵك لە ناو عەرەبدا ئەمریکا دەسبەرداری کورد ببێت. دیارە ئەم ئەگەرە لە جێگایەکی تری ئەم گفتوگۆیەدا باسی لێوەکراوە. بە هەر حاڵ، ئەگەر شتێکی ئەوهاش رووبدات، یا هەتتا لە کاتی باسکردن

لــە ئەگــەرێکی ئــەوها، پێویســت ناکــات هــەر زوو ئــەمریکا بخرێتــە خانــەی "خیانەتکاری" لە کورد، بەڵکو ئەوە کورد خۆیەتی کە رازیبوو بە ناوی "یەکیێتی ئارەزوونەدانەوە" خۆی خستە ناو پڕۆژەی زیندووکردنەوەی عیراق. بە مانایەکی تر، کاتێك ئەگەرێکی ئەوها بوو بە راستییەکی سیاسی، ئەوا کورد بە پلەی یەکەم لە پڕۆژەی برایەتیەکەی لەگەڵ عەرەبدا (تۆ بڵی دەوڵەتی عیراقی بەیەکەوە ژیان) شکست دەهێنێ ئەوجا بە رادەی دووەم پەیوەندیەکانی کورد و ئەمریکا. لە راستیدا ئەو رۆڵی هاوسەنگی راگرتنەی کە هەرنەبی بەشێك لە سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستان هەر لە سەرەتاوە بە خۆشبینیەوە تەماشای کردوە، دەکرێ هەمان ئەو **هاوسەنگیە** لە کاتی بەدەستهانیدا لەسەر حیسابی بەرەژەوەندیە هەرە باڵاکانی کورد بێت، بەڵکو پشتشکێنیش بێت. بە هەر حاڵ چەند کارتێك هەن کە تا ئێستا لە لایەن سەرکردەی سیاسی لە باشووری کوردستانەوە بەکار نەهاتوونو لە ململانێیە سیاسیەکاندا سوودیان لێوەرنەگیراوە، لەوانەش: ١) پیشاندان و روونکردنەوەی نرخ و بەهای راستەقینە و چارەنووسسازانەی ئەو رۆڵی هاوسەنگیە بە لایەنەکان، بە تایبەتی لایەنی ئەمریکی؛ بەو مانایەی کە نە ئاشتەوایی نیشتمانی و نە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقیش بەبێ رۆڵی چالاکانەی کورد فەراهەمدەبن. ئەم پیشاندانی نرخ و بەهایە بەزۆر شێوە دەکرا، تەنها بۆ نموونە لە رێگەی ئەوەی لە زانستە سیاسیەکان پێی دەگۆتری "قەیرانی خەللاق"...هتد. نەك هەر ئەوە لەراستیدا ئەو سەرکردایەتیە نەیتوانیووە بەهای راستەقینەی ئەو رۆڵە هەستیارەی کورد لە هاوسەنگی سیاسی لە عیراقدا بە لایەنی عەرەبی وە هەتتا بەرای گشتی کوردستانیش بگەیێنێ. کاتێ دەڵێم هەستیار مەبەستم بە تایبەتی ئەوەیە کە ئەم رۆڵە دەکرێ ئاکامی نێگەتیڤانەی لێبکەوێتەوە بۆ کورد ئەگەر شتەکان بە ئاقارێکی دژ بەحەزی کورددا رۆیشتن. بە تایبەتی بۆ خەڵکی کورد دەبی روونبکرایەتەوە کە رۆڵی هاوسەنگی بینین دەکرێ بە ئاکامێکی ترسناك و باجێکی قورس بۆ کورد تەواو ببێ: ئەمەش، بۆ نموونە، لە کاتی بنبەست و پاشەکشەی جددی لە پرۆسەی سیاسیدا؛ ٢) کارتێکی تری سیاسی سوودوەرگرتنی **راستەقینەیە لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان**، نەك بەکاربردنی ئەو ئیرادەیە لە هەندێ موزایەدەی سیاسی. لە راستیدا نەك هەر ئەو سوودە راستەقینەیە وەرنەگیراوە بەڵکو بگرە ئەو ئیرادەیە بۆ بەرهەمهێنانی هەندێ هەڵەی مێژوویی گەورەش بەکارهاتوون. جگە لەوەش سەرانی

کورد، جا بە هەر هۆیەك بێت، رۆڵی گرنگیان هەبوو لە شکستهێنانی بزاڤێکی جەماوەری وەك ریفراندەم کە دەکرا دواجار کارتێکی یاریکردنی زۆر بەهێز بوایە بۆ باشوور لە گەمەکانی سەر مەیدانی سیاسی لە عیراق و پەیوەندیەکانی کورد لەگەڵ ئەمریکا و سەنگی کورد لە هاوکێشە جیهانیە پەیوەندیدارەکاندا. بە بۆچوونی خۆم لە حاڵەتی بەربەست لە پرۆسە سیاسیەکاندا دیسان ئەگەری ئەوە بەهێز دەبینم کە ئەو سەرکردایەتیە پێویستی بەوەبیت بگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو ئیرادەیە کە لە بزاڤی ریفراندەمدا خۆی دەربڕی، ئەو ریفراندەمەی کە سەرکردایەتی کورد خۆی بەرپرسیەکی زۆری دەکەوێتە سەر لە شکستهێنانی (ئەوەش وەك موفارەقەیەکی تری سیاسی).

**ك.ن.**: ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکییەکان رۆژێك پشت لە کورد و دۆستایەتیکردنی بکەن؟ ئایا لە چ دۆخێکدا ئەو پشتێکردنە روودەدات؟ پلانی کورد چییە بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ئەو جۆرە ئەگەرانەدا ؟ ئایا کورد حسابی بۆ ئەو ئەگەرە کردووە کە دەشێت ئەمریکییەکان، لەبەر هەر هۆیەك بێت، پێویستبوونیان بە دۆستایەتیکردنی کوردی عیراق پاشەکشە بکات؟ ئایا بۆ ئەوەی بەرچاوی روونتر بێت لە سیاسەتکردندا، سەرکردایەتیی کورد پێویستی بە ساغکردنەوەی حەقیقەتی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا نییە؟ ئایا پێویستی بەوە نییە دۆستایەتییەکەی بباتە ئاستێکی ستراتیژی و لەوەش بکۆڵێتەوە کە چۆن دەیباتە ئاستی ستراتیژییەوە و بە چ شێوەیەك؟

**ب. یاسین**: وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، لەیەکگەیشتنێکی عەرەبی - ئەمریکی لە پێناو فەراهەمکردنی هاوپەیمانیەکی عیراقی- ئەمریکی دەکرێ ببێتە هۆی پەراوێزکردنی لایەنی کوردی لە عیراق.

لەو باوەڕەدام کە لایەنی عەرەبی ئەم دەرفەتە بەکاردەهێنی بۆ سەپاندنی تەنازولی زیاتر لە لایەن کوردەوە. ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەگەر لایەنی عەرەبی دژایەتی نەکرد بەڵکو بە ئاسانی هەڵوێستی ئەرێنی (پۆزەتیڤ) لە دامەزراندنی بنکەی سەربازی ئەمریکی هەمیشەیی لە عیراق پیشاندا، ئەوا بە ئەگەری زۆر ئەمریکیەکان ئەو کاتە کەمتر هەست بکەن بە پێویستی لایەنگری لایەنی کوردی بۆیان. تەنها پێچەوانەی ئەو حاڵەتە، کە ئەویش رەفزکردنی لایەنی عەرەبیە بۆ

قەبوولکردنی داخوازیەکانی ئەمریکا لە هاوپەیمانیـەکی سـتراتیژی و دانـانی بنکەی سـەربازی لـەعیراق، دەتـوانێ کـارتی منـاوەرەی کـوردی بـەهێز بکـات. لـە حاڵـەتی یەکەمدا چاوەڕوان نـاکری ئـەمریکا خـۆ ببەسـتێتەوە بـە هەنـدێ لایـەنی ئـەخلاقی پەیوەندیەکان لە مەر پەیوەندیەکانی لەگەڵ کورد. دواجار ریکۆردی ئەمریکا پڕە لە ئەزموونی پشتکردن لە دۆستەکانی لـە سات و کـاتێکی تایبەتـدا. بـە گشتی هەرچـی باری ئارامی و ئاسایش لە عیراق بەرەو باشبوون بڕوا و لایـەنی عـەرەبی بەسـوننە و شیعەوە تێگەیشتنیان هەبوو بـۆ داواکاریـەکانی ئـەمریکا، ئـەوا بـە ئەگـەری زۆر لـەم پەیوەندیـەدا پۆزیسـیۆنی لایـەنی کـوردی بـەرەو لاوازی دەڕوات؛ بـەڵام پێچـەوانەی هاوکێشـە، بەهـەردوو پێکهاتـەکانی، دیسـان ئەگـەرێکی تـری بـەهێزە. لـەوە دەچـێ، بەرامبەر ئـەو ئەگەرانـە سـەرکردایەتی کورد هـیچ پلانێکـی توکمـەی نـەبێ، لەگـەڵ ئەوەشدا، لێرەو لەوێ، لە ئاستی سەرکدایەتیدا بە شێوەیەك یا شێوەیەکی تر هەندێ هێما و بیروبۆچوون لەو ئاراستەیەدا دێنە دەنگ کـە هـەڵقوڵاوی هەنـدێ نیگـەرانین. لـە راسـتیدا خـۆم یـەکێ لـەو کەسـانەبووم کـە هـەر زوو گرنگـی بـوونی پلانێکـی ئەلتـەرناتیف (پلانـی ب)م جختکردۆتـەوە. بـەڵام لـەوە دەچـێ کـە سـەرکردایەتی سیاسی، چونکە ئەسیری هەندێ بیروبۆچوونە کە گرنگترینیان باوەڕبوونە بەوەی کە عیراقی دوای سەدام "عیراقی عیراقێکی دیموکرتی و فیـدرالی" دەبێـت، وە ناشـخوازی تەسەوور بکا کە ئەم شتە وەدەسـتهێنانی مـومکین نیـە یـا هـەتتا لـە قۆناغێکـدا ئـەم پرۆسەیە بە بنبەستێکی راستەقینە دەگات ناخوازی بیر لە (پلانێك بـە نـاوی پلانـی ب) بکاتـەوە. بـە مانایـەکی تـر ئـەم باوەڕبوونـە بـە عیراقـی دیمـوکراتی و فیـدرالی رێگری سەرەکی بووە لە بەردەم هەر ئەو سەرکدایەتیە بە ئاراستەی بیرکردنـەوە لـە هەندی ئەگەری زۆر نەرێنی لەو پرۆسەیەدا، لـەو ئەگەرانـەش شکستی بـە تـەواوەتی ئەو پرۆسەیە. بە باوەڕی من لەوەش خەراپتر ئەوەیە کە هەر ئەو سەرکردایەتیە لـە سـەرەتای پرۆسـەکەوە بـە بڕیـاری خـۆی، وە بـە دەنگـدانی بەشـی زۆر لـە خـەلکی باشـووری کوردسـتان بـۆ ئـەو بڕیـارە، کـوردی کـرد بـە ئەسـیری پرۆسـەیەك کـە لـە باشـترین حاڵەتـدا ئەگـەری بەبنبەستگەیشـتنی بەتـەواوەتی لـە ئارادایـە. ئـەو ئەسیرکردنەش، تەنها بۆ نموونە، لە رێگەی قەبوولکردنی هەڵپساردن و بەدواخستنی چەند مەسـەلەیەکی گـرنگ و جارەنووسساز بـووە، لەوانـەش مەسـەلەی گەڕانـەوەی، کـەم یـا زۆر، ٣/١ خـاکی کوردسـتان لەوانـەش شـار و ناوچـەی کـەرکوك. لـە راسـتیدا

خەسلەتی ئەو ناوچانە لەناوچەی کوردستانی **دابڕاو** گۆڕدراوە بەناوچەی (ململانی - موتەنازەع عەلـەیها) لـە گوتـاری سیاسـی کوردیـدا، واتـە ئـەم ناوچـانە، بـە پێـی ئـەم جۆرە گوتارە دەکرێ کوردی بن وە دەکری عەرەبیش بن!

ئێستاش کێشەکە لەوەدانیە کە زێتر لە دوو ساڵ بـەس نـەبوو بـۆ جێبـەجێکردنی مـادەی ١٤٠ بـەڵکو لـەوەدا بـوو کـە نیـەتێکی پـاك لـە لایـەنی عەرەبیـەوە نـەبووە بـۆ جێبـەجێکردنێ ئـەو مادەیـە. ئێسـتاش سـەرکردایەتی سیاسـی هەڵەیـەکی گـەورەتر دەکات کاتی بەبێ زەمانەت قەبووڵ دەکات ماوەکە ٦ مانگ درێژ بکاتەوە؛ ئـەوەی بـە زیاتر لەچوار ساڵ (مەبەست کێشـەی کـەرکوك و ناوچـە دابڕاوەکانـە بـە گشـتی لـە سـاڵانی دوای رووخـانی رژێـم نـەك هـەر مـادەی ١٤٠ ) جێبەجێنـەکرێ چـۆن لـە زەمـەنێك و هەڵومـەرجێکی تـردا، کـە لەوەدەچـی پۆزیسـیۆنی سیاسـی کـورد لـەو زەمەنـەدا لاوازتـر بـووبێ، بـە شـەش مـانگ جێبـەجێبکرێ. بـە بـاوەری مـن بـاری ئێستەی کورد زێتر لە باری کورد لە عیراق لـە سـەرەتای ساڵی ١٩٧٤ دەچێ، کـاتی کـە دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ئەو کاتەی بەعس گەیشتە بنبەست، کە هـەر لەوێشـدا مەسـەلەی کـەرکوك یـەکێ بـوو لـە مەسـەلە سـەرەکیەکان! پرسـیارتان دەربـارەی "سـاغکردنەوەی" پەیوەندیـەکان لەگـەل ئـەمریکا جێگـەی خۆیـەتی، بـەڵام ئەگـەر ئێستا سەرکردایەتی هەوڵێکی ئەوهاش بدات بە ئەگەری زۆر سەرکەوتوو نابێت: ئەو زەمەنـە بەسـەر چـوو کـە تیایـدا لایـەنی کـوردی ئاسـانتر دەیتـوانی داوای ئـەوە لـە ئەمریکا بکات کە پەیوەندیەکان لە چوارچێوەو چمکێکی دیاریکراودا بخەملێنرێن.

دۆسـتایەتی کـورد لـە عـیراق لەگـەڵ ئـەمریکا ناچـێتە ئاسـتێکی سـتراتیژیەوە لـە ئەمرۆ بەدواوە لە **چوارچێوەی عیراقێکی یـەکبوودا**. تـەنها لـە یـەك حاڵەتـدا نـەبێ ئـەویش بێهیوابـوونی ئەمریکیەکانـە لـە لایـەنی عـەرەبی لـە عـیراق یـا لـە پـرۆژەی دەوڵـەتی عـیراق بـە تـەواوەتی. بـە مانایـەکی تـر هـەر چـەند پرۆسـەی سیاسـی لـە دامەزرانەوەی عیراق بەرەو پـێش بـڕوا و لایـەنی عـەرەبیش هاوتـەریب دژایـەتی لـە مانەوەی ستراتیژیانەی ئەمریکا دەرنەبڕن، بەڵکو یارمەتیدەر بن، ئەوا سەنگی کـورد بـە ئەگـەری زۆر بـەرەو کـەمی دەروات لـە هاوکێشـە سیاسـیەکاندا. لـە ڕاسـتیدا پێشوەچـوونێکی ئـەوها رێـك سیاسـەتی بریتانیـەکانمان لـە مامەلـەکردنی کـورد و لایەنی عەرەبی لە عیراق لەماوەی ١٩٢٠ - ١٩٥٨ وەبیردەخاتەوە. ئەو پەیوەندیانەی کە زووتر بە لەیەکگەیشتنێك لـە ساڵی ١٩١٨ لـە نێـوان بریتانیـەکان و شـێخ مـەحمودی

حەفید کە دواتریش بە بڕیاری دامەزراندنی مەملەکەتیێك لە ژێـر بەڕیوەبەرایـەتی شێخ دەستیپێکرد، دواتر هەر زوو بە پەراوێزکردنی کـورد بـۆ ڕاگـرتنی دڵـی عـەرەب لە عیراق تەواو بوو (بە سەرنجێکی گرنگیشەوە: ئـەو کاتـە لـە دامـەزرانی عـیراق، لـە چوارچـێوەی خواسـت و سیاسـەتی بریتانیـا کـورد ڕۆڵـی پارسـەنگی بـینی یـا راسـتر بڵێین ئەو رۆڵەی پێبینرا لە هاوسـەنگی ئیـتنی و سیاسـی عیراقـدا، بـەڵام لـە عیراقـی دوای سەدام، کورد کەم یا زۆر خـۆی ئـەو رۆڵـی هاوسـەنگییەی بۆخـۆی هەڵبـژارد لـە چوارچێوەی ئەوەی پێیدەگۆتری یەکیێتی ئارەزوومەنە).

دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە، بەڵکو دەبێ ئەوە جختیشبکرێتەوە، کە هەر ئەو دەسـتورەی کـە کـورد خـۆی پێـی رازیبـووە، رێگـە نـادات بـە هـەرێمی کوردسـتان کـە بکەوێتـە پەیوەنـدی سـتراتیژیەوە لەگـەڵ وڵاتـانی دەرەوە؛ ئەمـە دەکەویتـە خانـەی سیاسەتی دەرەوەو بڕیارە چارەنووسسازەکانی پەیوەندیدار بە بەرژەوەندیە باڵاکان و ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتی عیراقەوە. بەو مانایەش هەر رۆژێك لە پێشوەچـوون لـە بـەهێزبوونی حکومـەتی مەرکـەزی لـە بەغـدا بـە مانـای کەمبوونـەوەی پـەراوێزی سیاسی کورد دێت لە بەستنی پەیمانی ستراتیژی لەگـەڵ ئـەمریکا. بـە واتایـەکی تـر، نەك هەر خواست یـا نەخواسـتی ئـەمریکا و کـورد لـە بەسـتنی پەیوەنـدی سـتراتیژی لەگەڵ یەکتردا تەنها کێشەو مەسەلەیە، بەڵکو دەستور و ئەگـەری زێـتر بـەهێزبوونی بەغـدا کێشـەی سـەرەکین لـە بـەردەم گەشـەکردن و وەسەرخسـتنی پەیوەندیـەکانی ئەمریکا و کورد (لە عیراق). واتە ئەو شتەی کە دەبێ گۆڕانکاری بەسەردا بێت نـەك هەر هەڵوێستەی کورد و ئەمریکایە لەم پەیوەستەدا بـەڵکو گۆڕانکـاری بنەڕەتیـە لـە هەڵوەسـتەی لایەنـەکان لـە پرۆسـەی سیاسـیدا لـە عـیراق وەهـەروەها لـە رەوت و چارەنووسی خودی ئەم پرۆسەیە.

* هـەموو پـڕڕەنگ (تـۆخکردن)ێکـی نـاو ئـەو دیمانەیـە بـە مەبەسـتی جختکردنـەوە هاتووە.

# پێناسەو تیوری ناسیۆنالیزم

**دیمانەی رۆژنامەی *رۆژنامە* لە ٢و٢٠٠٨/٤/٣ لاپەڕە ١٤ سازدانی ئارام عەلی سەعید**

**رۆژنامە:** زۆرێك لە بیریارو تیۆریستەكان پێیانوایە كە ناسیۆنالیزم تاوەكو هەنووكە بناغە دارێژەرێكی دیاریكراوی نییە بۆ نموونە فرێد هالیدای نووسەری ئێرلەندی بۆچوونی وایە كە یەكێك لەو هۆكارانەی كە زیاتر ئەم چەمكەیان ئالۆز و تەمومژاوی كردووە ئەوەیە كە ئەم چەمكە تیۆریست و بناغەدارێژەری تایبەتی خۆی نییە، بە بۆچوونی ئێوە بۆچی بە بەراورد لەگەڵ چەمكە فیكرییەكانی دی ئەم ڕێبازە تا ئەمڕۆ لەو قەیرانەدایە؟

**ب. یاسین:** با لە كۆتایی پرسیارەكەتانەوە دەستپێبكەم. لە راستیدا ناسیۆنالیزم وەك چمكی تیوری و چوارچێوەیەكی ئایدیۆلۆژی و سیاسی لە حاڵەتی قەیراندا ناژی، هەر نەبێ لەو بەشەی جیهان كە كوردستان بەشێكی لێپێكدەهێنێ. نەك هەر ئەوە بەڵكو لە كۆتایی ١٩٨٠كان و سەرەتای ١٩٩٠كانەوە ناسیۆنالیزم جۆرێك لە نوێبوونەوەو گرنگیەكی هەنووكەیی بەخۆوە دیوە. ئەوەش خۆی لە خۆیدا جۆرە پارادۆكس (موفارەقە)یێكە. لە راستیدا هەر لەو كاتەی كە ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی كەوتە بەر تەوژمی گلۆبالیزم، ناسیۆنالیزم بوو بە بابەتی هەمەلایەنەی لێكۆڵینەوە و گرنگیپێدان لە ناوەندە جیاجیاكانی باس و لێكۆڵینەوە. ئەوەی راستیبێت ئەو هەموو لێكۆڵینەوەو نووسراوە جۆراو جۆرانەی كە لەسەر ناسیۆنالیزم لە ٢٠ ساڵی دواییدا بڵاوبوونەتەوە بەشی هەرەزۆری تەواوی ئەو باس و لێكۆڵینەوانە پێكدەهێنن كە بە گشتی تا ئێستە لەسەر بابەتی ناسیۆنالیزم نووسراون. بە مانایەكی تر نابێ لەوە پەلەبكەین كە ناسیۆنالیزم بخەینە حاڵەتی قەیرانەوە، نەوەك بابەتی لێكۆڵینەوە (لە گۆشەبینینی ئەكادیمی جیاجیاوە) وە نەش وەك

چوارچـێوەی ئایـدیۆلۆژی و سیاسـی. جگـە لـەوەش لەگـەڵ ئـەوەی لـە ٢٠٠ سـاڵی رابـردوودا زۆر ئایـدیۆلۆژی گـرنگ سـەریان هەڵداوەو رۆڵـی گرنگیـان هـەبووە بـەڵام ناسیۆنالیزم لـە هـەموویان زیـاتر رۆڵـی بینیـوە. هەڵبەتـە گرنگترینیشیان گرێـدان و پەیوەندی ئۆرگانیکی ناسیۆنالیزم بووە بـە یـەکێ لـە دیـاردە سیاسـی و سۆسـیۆلۆژیە هەرە گرنگـەکانی ٢٠٠ سـاڵی رابـردوو کـە ئـەویش دەوڵـەتی نەتـەوەیی (یـا دەوڵـەت - نەتەوە)بووە. بەر لە هەرشتێك، گرنگە ئێمە رەهەندەکانی ناسـیۆنالیزم دیاریبکـەین وە لەم رێگایەشەوە لە پێناسەی ئەو دیاردەیە نزیکببینەوە. بەم مانایـەش دەبـێ هـەر زوو ئەوە بڵێین کە ناسیۆنالیزم سێ رەهەندی زۆر گرنگـی هەیـە ئـەویش ئـەوەن کـە ناسـیۆنالیزم ١) ئایدیۆلۆژیایـە؛ ٢) پرۆگـرام و چوارچێوەیەکی سیاسـیە؛ ٣) بزاڤێکـی کۆمەڵایەتیـە. هـەر لـەم چوارچێوەیەشـدا دەکـرێ بڵـێین ناسـیۆنالیزم ئـەو بنـەما ئایدیۆلۆژی و پرۆگرامە سیاسی و بزاڤە کۆمەڵایەتیەیە کە دەبێتـە هۆکـارو ئـامرازی **راگواستنی** گەلێك، لە حاڵەتی بە یەکەوە گرێدان تاکە کانی لە رووی هەست و نەست و چەند تـوخم و بـەهای کولتـوری و مێـژووی هاوبـەش و...هتـد، بـۆ بەدەسـتهێنانی بەرژەوەندیـە نەتەوەییـەکانی وە لـە پـێش هەموویانـەوە دەسـتهەڵاتی نەتـەوەیی وە دواتـریش پاراسـتنی ئـەو دەسـەڵاتە دوای بەدەسـتهاتنی. کەواتـە ئـەرکی ناسـیۆنالیزم لەگەڵ بەدەستهێنانی دەستهەڵاتی نەتەوەیی کۆتایی نایەت بەڵکو بە هەندێك ئـەرکی تـازەوە، وە بگـرە بـە هەنـدێك میکـانیزمی تـازەوە بـەردەوام دەبـێ، نـەك هـەر لـە پاراسـتنی ئـەو دەسـتکەوتە، بـەڵکو بـەردەوام گەشـەپێدان و تەندروسـتکردن و بـە هاودەمی راگرتنی ئەو دەستکەوتەیە. بە مانایەکی تر پاراستنی دەستکەوت نابێ هەر بە مانا کلاسیکیکەی بێت، واتە پاراستنی لە هەڕەشەکانی دەرەوە یا هەندێ هەڕەشـە کە دەکرێ لە ناوەوەش لەو دەستکەوتە بکرێن. بەڵکو باشترین شێوەی پاراسـتنی ئـەو دەسـتکەوتە، کـە دەسـتهەڵاتی نەتەوەییـە، لـە رێگـەی سـەر لـەنوێ سـازدانەوە و پێناسەکردنی دیاردە پەیوەندیدارەکانن کە یـەکێ لەوانـە چەمکی ئاسایش یـا راسـتر بڵـێین ئاسایشـی نەتەوەییەکـە بـە پێـی پێناسـە هـەرە تازەکـانی لـە رێگـەی پراکتیزەکردنی **چەمکی ئاسایشی مرۆیی دەبێ** وە لـە رێگەی سـەرەوژێرکردنی ئـەو کولتـورە سیاسـیە دەبێ کـە تـا ئێستا ئاسایشی رژێمی لـە چـەق و سـەرەوەی هـەرە سەرەوە داناوە. بەو مانایەش تاکەکان نەك هەر خراونەتە خزمەت پاراستنی رژێمی سیاسی (یا گروپی دەسەڵاتدار) بەڵکو ئەو تاکە لە مـەفهومی دەوڵـەتی پۆلیسـیەوە تـا

کــراوە بــۆ پاراســتنی ئاسایشــی رژێــم تــۆقێنراوە و بێبەشــکراوە لــە هــەموو ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی جگە لەوەی رژێم خۆی.

ئەوەی کە پێشتر (لە سەرەوە) گۆترا تەنها یەك شێوەی نزیکبوونەوەیە لە چمك و پێناسـەی ناسـیۆنالیزم. لـە راسـتیدا کـەم چـمك هـەن لـە زانسـتە مرۆیـی و کۆمەڵایەتیەکانـدا کـە بـەرادەی ناسیۆنالیزم کێشە لەسـەر پێناسـەی کرابـێ وە ئـەو ژمارە زۆرە پێناسەی بۆ کرابێ. ئەو هەموو هەمەڕەنگی و هەمـەجۆری لـە پێناسـەی ناسیۆنالیزمدا دەگەڕیتەوە بۆ زۆر هۆ، لەوانە: ١) کاریگەری راسـتەوخۆی ئادیۆلۆژیـە جیاجیاکان وەك بـۆ نموونـە مارکسیزم و لیبرالیـزم و هەنـدێکی تـر لەسـەر چـمك و نـاوەرۆکی فکریانـەی ناسـیۆنالیزم، وە هـەتا هەمـەڕەنگی لـە نـاو خـودی ئـەو ئایدیۆلۆژیانەشدا لەسەر مەسەلەی تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزم و پێناسـەکردنی، رۆڵـی خۆی بینیوە لەم ئاراستەیەدا؛ ٢) ناسیۆنالیزم وەك چـمك و چوارچێوەی تیـوری لـە لایـەن زۆر لـە بوارەکـانی زانسـتە مرۆیـی و کۆمەڵایەتیەکانـەوە بووەتـە ئـامراز و ئامانجی لێکۆڵینەوە، لە پێش هەمووشیانەوە بوارەکانی مێژوو، سۆسـیۆلۆژی، زانسـتی سیاسەت، ئەنترۆپۆلۆژی یا سۆشیال - ئەنترۆپۆلۆژی، یاسای نێونەتەوەیی، پەیوەندیـە نێونەتەوەییـەکان و سۆسـیۆلۆژی سیاسـی؛ ٣) سـەرهەڵدانی ناسـیۆنالیزم لـە ژینگـەو چوارچێوەی مێـژوویی و کۆمەڵایـەتی جیاجیـادا وە لـە راسـتیدا بـە هـۆ و مەبەسـتی جیاجیا؛ ٤) ئـەو دژایەتیانـەی ناسـۆنالیزم بەخۆیـەوە بینیـون یـا لـە نـاواخنی فکـری خۆیـدا هـەڵیگرتوون وەك ئـەوەی ناسـیۆنالیزم بۆتـە چوارچـێوەی لێکۆڵینـەوە و تێگەیشتن لە ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم و سیاسەتی دەستدرێژیکردن بـۆ سـەر وڵات و خـەڵکی تـر لـە لایەکـەوە، وە لـە لایـەکی تـرەوە ناسـیۆنالیزم بووەتـە چوارچـێوەی تێگەیشتن لە خەباتی ئازادیخوازی گەلان، کـە دەکـرێ ئـەو شـێوە خەباتـە پێگەیـەکی پتەو و پشتگیری هەبێ لە ناو هەندێ پرەنسیپی یاسای نێونەتەوەیی و بەهای هـەرە مۆدێرن، لەو بەهایانەش گرینگترینیان هەندێ بەهای گەردوونین وەك مـافی مـرۆڤ و یەکسانی و دادپەروەری و دیمۆکراسی.

ئەوەی پەیوەندی بە بۆچوونی (فرید هالیـدای)یـەوە هەیـە. جـارێ مـن پشتڕاسـت نیم لەوەی کە هالیدای رێك ئەو بۆچوونەی هـەبێ. بـەش بـە حـاڵی خـۆم شـتەکانی (هالیـدای)م خوێندۆتـەوە کـە دواترینیـان ئـەو کتێبێکیـەتی دەربـارەی پەیوەندیـە نێونەتەوەییـەکانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاست، کـە دەکـری بـە بەشـداریەکی گـرنگ لـەم

بـوارەدا بخوێندرێتـەوە. بـەڵام ئـەو زۆر کـەمی دەربـارەی ناسـیۆنالیزم نووسـیوە، بـە بەراوورد لەگەڵ بابەتەکانی تری لێکۆڵینەوە. بەهەر حاڵ دەبێ ورد ئـەو بۆچـوونەی هاڵیدای، ئەگەر بەشێوەیەك یا شێوەیەکی تـر ڕێـك ئـەوهای گـۆتبێ، لـە چوارچـێوەی خۆیدا بخوێندرێتەوە. بە هەر حـاڵ بـە بـاوەڕی خـۆم کێشـەی ناسـیۆنالیزم لـە رووی تێوریـەوە لەوەدانیـە کـە ناسـیۆنالیزم خـاوەنی هەنـدێ تێـوری جـێگیر نیـە بـەڵکو راستیەکەی ئەوەیە کە بابەتی ناسیۆنالیزم تیوریی زۆرە. ڕاستە هەندێ لەو تێوریانە گۆڕانکاریـان بەسـەردا هـاتووە، بـەڵام ئـەو گۆرانکاریانـە ڕێـك سرووشـتی تیـوریی زانسـتییە نـەك لاوازی تیـوری. تیـوری بـۆ ئەوەیـە وەك ئـامراز لـە میتۆدۆلۆژیـدا بـەکاربێت بـۆ باشـتر تێگەیشـتن لـە رووداو و پرۆسـەکان و شـێوەیەکی مێتـودی دیـاریکراوی بـەکاربردنی سەرچـاوەکانی لێکۆڵینـەوە. وە هەنـدێ جـاریش تیـوری بەکاردێت بە مەبەستی گەشەپێدان و فراوانکردن و تەواوکردنی ئەرکەکانی تیوری.

هەڵبەتـە نـاکرێ لـەم گفتوگۆیـەدا پێداچـوونەوە بکـەین بـە هـەموو تیوریـەکانی ناسیۆنالیزم بەڵام ناشکرێ ئاماژە بـە گرنگترینیـان نەکـەین؛ مەبەسـتیش لـە گرنگـی لێرەدا زێـتر گرنگیـە لـە بـواری لێکۆڵینـەوە نـەك لـە بـواری ئایـدیۆلۆژی و سیاسـەتی عەمەلیدا. لەو تیوریانەی کە زۆر ئاماژەیان پێکراوەو خراونەتە خزمـەت ئـەزموونی لێکۆڵینـەوەی زانستی: ۱) تیـوری (ئـەنتۆنی سمیـت)ـە کـە ئیتنیـە دەکاتـە بنچینەی نەتـەوەو نەتـەوەبوون بـەڵام دواتـر بـە تایبـەتی لـە ۱۹۹۰کانـدا گۆڕانکـاری بەسـەر بۆچـوونەکەیدا دێـت بـە شـێوەیەکی تـازە لـە چـەمکی مۆدێرنـەو مـۆدێرنیزم نزیـك دەبێتەوە؛ ۲) تیوری ئەرنست گلنەر، کە دیاردەی نەتەوەو ناسیۆنالیزم بە کۆمـەڵگای مۆدێرن و پێشەسازکراوەوە گرێدەدات وە بەپێی ئەو بۆچوونە مەرج بـۆ دیاردەکـانی نەتـەوەو ناسـیۆنالیزم چـەمکی (مۆدیرنـە)یـە؛ ۳) کـاتێکیش لـە بۆچـوونی بنـدیکت ئەندرسەن نزیکدەبیتەوە دەبینیت ئەنـدرسـەن پێـی وایـە کـە نەتـەوە کۆمەڵگایـەکی تەسـەوورکراوە بـەو مانایـەش رۆڵـی ناسـیۆنالیزم بەرهـەمهێنانی ئـەو کۆمــەڵگا تەسـەوورکراوەیە لـە زهـنی تاکـەکانی ئـەو کۆمەڵگایـەدا و بـەو مانایـەش بەیەکـەوە گرێدانی تەو تاکانە بە هۆی (یا تۆ بڵێ لە ڕێگەی) ئەو تەسەوورەوە.

ئەوەو چەندان بۆچوونی تـری تیـوری کـە لـە ئاستی ئامرازەکانی لێکۆڵینـەوە بـە تایبـەتی لـە ململانـی و پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیەکانـدا بـاس لـە سـێ تـوخمی گـرنگ دەکرێ کە ئەوانیش: ۱) بونیاد (structur)، ۲) ئەکتەر و ۳) ئایدیۆلۆژیا. لـە راسـتیدا

بە پەیوەندی بە ناسیۆنالیزمەوە، وە لەڕێگەی ئەوەی کە چمکی ناسیۆنالیزم لە چەقی باسدا دەبێت، ئەو سێ توخمە یەکێکیان بە تەنیا یا دوویان بە یەکەوە یا هەندێ جار بە پێی هەندێ مۆدێلی لێکۆڵینەوەی تیوری هەرسێکیان بە یەکەوە بەکاردێن لە لێکۆڵینەوەدا.

لە لایەکی ترەوە وە بۆ ئەوەی کە هەندێ تێگەیشتنمان هەبێ بە ئاراستەی بیرکردنەوەی هاڵیدای دەتوانین ئەوە پشتراست بکەینەوە کە تیوریی مارکسیزم بە جختکردنەوەی لەسەر ململانێی چینایەتی وە دیتنی ناسیۆنالیزم وەك حاڵەتێك کە دەکری مرۆڤایەتی لە دوای خۆی بەجێبهێلی (لەرێگەی چارەسەرکردنی ململانێ چینایەتیەکانەوە) و تیوری لیبرالیزمیش بۆچوونی وابوو کە لە رێگەی مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگا مەسەلەی نەتەوەیی گرنگی خۆی لەدەست دەدات، لە حاڵەتی قەیراندا دەژین. هەرنەبێ مرۆڤ بە پشتڕاستیەوە دەتوانێ بڵێ کە ئەو دوو بۆچوونە کورتیان هێنا لە مەسەلەی تێگەیشتن لە کێشەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم. بە بۆچوونی من ئەو کورتهێنانە هەرنەبێ لە دوو شتەوە پێهە ڵدەگرێ: ١) نەتەوەو تێریتۆریا (ناوچە - جا چ ناوچەیەك کە بە دەوڵەت بووە یا هێشتان بەدەوڵەتنەبووە) و ناسنامەو ناسیۆنالیزم کێشەی ئاڵۆزن و لەهەندێ لە ئاستەکانی ئەو دیاردانەدا دەبێ زۆر شۆڕ بینەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نەك هەر بۆ قۆناغە زووەکانی ئیتنیە (ethnicity) بەڵکو بگرە قۆناغە هەرەزووەکانی **بەمرۆڤبوونی مرۆڤ**، لە راستیدا هەتتا بۆ ئەو ئاستە "مێژوویی‌ەی" کە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی ئەوەی پێیدەگوتری (سۆشیال - بایۆلۆژی)دا دەبێ تێگەیشتنیان بۆ بکرێ. ئاخر لەو ئاستەش زووتر دەتوانین تێبینی دیاردەی پاراستنی تێریتۆریا و هێشتنەوەی نەوعی خۆ و پاوانخوازی لە ناو جیهانی ئاژەڵدا بەرچاوە. لەراستیدا رێك لەگەڵ ئەو جیهانی ئاژەڵیە کە چمکێکی مۆدێرنی وەك سۆشیال - داروینیزم باس دەکرێ؛ هەڵبەتە سۆشیال - داروینیزم لە ئاستی پەیوەندی نێوان تاکەکان و پەیوەندی نێوان چین و گرووپەکان وە هەروەها پەیوەندی نێوان نەتەوەکان. هەر لەبەر ئەوەش هەندێك ئەوەهای بۆ دەچن کە لە میژووی مرۆڤایەتیدا، بە تایبەتی لە چەرخی باڵادەستبوونی دیاردەی نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەیی لە کەم یا زۆر ٢٠٠ ساڵی رابردوودا سۆشیال- داروینیزم شێوەی هەرە باڵادەستی پەیوەندیەکان بووە. هەڵبەتە ئەوەش قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێ کە

ناکرێ لێرەدا زیاتری لەسەر بدوێین...؛ ٢) لەگەڵ ئەوەشی کە دەوڵەت دووچاری هەندێ لاوازی بووە بە تایبەتی بە هۆی گلۆبالیزم بەڵام تا ئێستاش مرۆڤایەتی ئەلتارنەتیڤێکی ئەوتۆی بۆ دەوڵەت بەرهەمنەهێناوە کە بتوانێ جێگەی دەوڵەت بگرێتەوە لە رێکخستنی کاروباری کۆمەڵگاکاندا. لە راستیشدا دەکرێ بە پێچەوانەی هەندێ بۆچوون باس لەسەر لەنوێ بەهێزبوونەوەی دەوڵەتیش بکەین بە پەیوەندی لەگەڵ زێدەبوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان لە لایەك وە کەمبوونەوەی سەرچاوە سروشتیەکانی دەوڵەمەندی و مەرجە مادیەکانی ژیان (وەك بۆ نموونە ئاو) وا دەکەن کە مرۆڤەکان نەك هەر بەردەوامبن لە دەستگرتن بە سەروەری نەتەوەیی و پاراستنی دەوڵەت - نەتەوە، بەڵکو سەرلەنوێ جختکردنەوە لێیان .

**رۆژنامە:** ئایا ناسیۆنالیزم بوون لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی خەسڵەت و تایبەتمەندێتی جیاوازی هەیە یاخود کۆمەڵێك بنەماو فاکتەری چەسپاو هەیە کە لە هەموو شوێنێکدا پێوەر بێت بۆ چەمکی ناسیۆنالیزم ؟

**ب. یاسین:** بەڵی وایە، وە هێزی ناسیۆنالیزم و گرنگیشی تا رادەیەکی زۆر لەوەدایە. هەڵبەتە ئاشکراتر بڵێین ئەو هەمەڕەنگیە لە رووی خەسڵەت و تایبەتمەندی و ناوەڕۆکی ناسیۆنالیزم چەند لە جیاوازیە مێژووییەکان لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر پێهەڵدەگرێ ئەوەندەش پێ لە هەمەڕەنگی ئاسۆیی هەڵدەگرێ (ئاسۆیی بەو مانایەی کە لە هەمان کات و ساتدا بەڵام لە جێگەیەك بۆ جێگەیەکی تر وە لە وڵاتیك بۆ وڵاتێکی تر مانا و تایبەتمەندی ناسیۆنالیزم گۆڕاوە). لە راستیدا ئەو هەمەڕەنگیە ئاسۆییە تەنها لە ئاستی ناوەخۆی یەك دانە گۆمەڵگا و یەك ناسیۆنالیزمیشدا رەنگی داوەتەوەو گرنگی رەنگدانەوەشی هەبووە: نموونە لە ئاستی هەمان گۆمەڵگادا هەندێك بۆچوون دین و ناسیۆنالیزم بە یەکەوە گرێدەدەن، هەندێکیتریان فکری چەپ و ناسیۆنالیزم بە یەکەوە دەسازێنن لە ناو هەمان پرۆگرامی سیاسیدا بەڵام هەندێکی تر ناسیۆنالیزم دوور رادەگرن لە کاریگەری ئایدیۆلۆژی تر. لە لایەکی ترەوە دەکرێ حزبێك یا بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بە پێی گۆڕانکرایەکان لە زەمەندا لە ئاراستەی جیاجیادا گۆڕانکاری بەسەر بیروبۆچوون و پرۆگرامیدا بێت، هەندێك جار لەبەر هۆی فکری و هەندێ جاری تریش لەبەر هۆی پراگماتی رووت.

لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوە لەبیرنەکەین کە بەردەوام شتی هاوبەش هەن جا چ لە

ئاستی پێناسەی ئەکادیمی بۆ چمکی ناسیۆنالیزم وە چ لە ئاستی پراکتیکی سیاسەتە نەتەوەییەکان یا ئەو سیاسەتانەی بەهەر حاڵ بە ناوی نەتەوەو نەتەوەبوونەوە بانگاشەیان بۆدەکرێ و پیادەدەکرێن. دیارە هەر لەو چوارچێوەیەدا دەبێ بگۆترێ کە لە زەمەنی ئێمەدا کە زۆر کەس لە پسپۆڕ و ئەوانەی کاری رۆژانەیان سیاسەتکردنە جختدەکەنەوە کە ساتەوەختی ئێمە ساتەوەختی گلۆبالیزمەو بەو مانایەش لە هەردوو قۆڵەکانی بیرکردنەوە (پسپۆڕ و سیاسی) پێیان باشە گرنگی ئەو تەوژمی گلۆبالیزمە ببینن و لەو چوارچێوەیەشدا پێداچوونەوە بە بۆچوون و سیاسیەتەکان لەگەڵ روحی ئەو زەمەنەدا بگونجێنن، یەکێکیش لەو شتانەی کە راستەوخۆ دەکەونە بەر تەوژمی گلۆبالیزم و دەکەونە پەیوەندی لەگەڵیدا لە رووی فکری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندیەکان، ناسیۆنالیزمە. جا هەر ئەوەشە، بۆ نموونە، دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری بەسەر دیاردەی ناسیۆنالیزم (وەك ئایدیۆلۆژیا و پرۆگرامی سیاسی و بزاڤی کۆمەڵایەتی). لەم بارەیەشەوە ئەوە بەدەرفەت دەزانم کە بڵێم بەر لەساڵانێك باسێکم کردوە (کە چاپنەکراوە) دەربارەی ناسیۆنالیزمی کوردی و گلۆبالیزم وە لەوێدا دەڵێم کە هەلگرانی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لە بەرامبەر حاڵەتێکدان کە دەبێ لە رۆشنایی تەحەدداکانی گلۆبالیزم یەکبوونێکی ئۆرگانیکی لە دژایەتیەکاندا (دژایەتیەکانی ناو ناسیۆنالیزم و ناو گلۆبالیزم وە دژایەتیەکانی نێوان گلۆبالیزم لە لایەك وە ناسیۆنالیزم لەلایەکی ترەوە) ببینن. نەك هەر ئەوە بەڵکو هەوڵیش بدەن بە نزیکبوونەوەیەکی تەندروستانە لە کێشەی یەکبوونی دژایەتیەکان پرۆگرامی سیاسی داهاتوویان بخەملێنن. لە راستیدا ناسیۆنالیزم خۆی هەر لە سەرهەڵدان و لە گەشەکردن و بەردەوامیدا کۆمەڵێ دژایەتی لەخۆدەگرێ بەڵام ئەو دژایەتیانە لە زەمەنی گلۆبالیزمدا دەچنە ئاستێکی ترەوەو چڕ دەبنەوە، بەڵام هەندێکیش لەو دژایەتیانە زۆر تازەن.

**رۆژنامە:** بە بۆچوونی ئێوە ناسیۆنالیزم ئینتیمایە بۆ نەتەوەو هەستی نەتەوایەتی یاخود چەمکێکی سیاسیی و فیکریی و کۆمەڵایەتییە؟ لە کاتێکدا هەندێ لە نووسەران بڕوایان وایە هەستی نەتەوە دیاردەیەکی سروشتییەو پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوەو لێی جیا نابێتەوە؟

**ب. یاسین:** مەسەلەی ئینتیما زۆر قسەی لەسەر کراوەو دەکری وە ناشکری هەروا بە دابڕاوی لە هەندێ مەسەلەی تری گرنگ وەك بۆ نموونە ناسنامە باسیان لێوەبکرێ. ئەگەر ئینتیما لە ئاستە کولتوریەکەیەوە وەربگرین وە باس لە قۆناغی بەر لە بەسیاسیکردنی مەسەلەی ئینتیما بکەین ئەوا دەتوانین باس لە ئینتیما و ناسنامە بکەین وەك حاڵەت، بەو مانایەش بە قۆناغی بەر لە بەسیاسیکردن و کارکردن لەگەڵ ئینتیما و ناسنامە وەك ئامراز لەد یسکۆرس (گۆتار) و پرۆگرامی ناسیۆنالیزمدا. ناسنامە بەر لە"دۆزینەوەی لە لایەن ناسیۆنالیستەکانەوە" و چالاککردنی بە مەبەستێکی سیاسی لە چوارچێوەی دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمدا زیاتر حەڵەتێکی کۆمەڵایەتیە کە بە مانایەکی نزیکتر دەتوانین پێی بڵێین ئیتنیە، کاتێکیش ئەو حاڵەتی بە ئیتنیبوونە بە سیاسیدەکرێ ئەو کاتە ئیتر باس لە ئیتنیە نیە بەڵکو لە نەتەوەیە (یا هەرنەبێ باسە لە خەملاندنی). بەو مانایەش لەو قۆناغەدا ئینتیما دەبێتە ئینتیما بۆ نەتەوە، واتە لە ئاست و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی (کە حاڵەتە) دەچێ بۆ ئاستێکی سەرتر و ڕەهەندێکی سیاسی و فکری لەخۆدەگرێ. جا هەر لێرەدایە ئەو کێشە فکریە لە بواری ناسیۆنالیزم و بابەتە پەیوەدنیدارەکان دەردەکەوێ کە ئەویش ئەو پرسیارەیە کە ئایا نەتەوە بەر لە ناسیۆنالیزمە یا بە پێچەوانەوە نەتەوە بەرهەمی ناسیۆنالیزمە بەو مانایەی کە بەنەدیکت ئەندرسەن بۆی دەچێ، نەتەوە کۆمەڵگای تەسەوورکراوە (immagned community) کە ئەویش بەرهەمی دیسکۆرسێکی ناسیۆنالیستی و بەرجەستەبوونی کۆمەڵایەتی ئەو دیسکۆرسەیە.

بەشی دووەمی پرسیارەکەتان دەکەوێتە پەیوەندی چڕەوە لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا گۆترا. من وادەزانم هەستکردنی تاك بەوەی کە بەشێکە لە"کۆمەڵگایەك"، لە ڕێگەی جختکردنەوە لەسەر هەندێ بەها و نیشانەی بە یەکەوە گرێدانی تاکەکانی کۆمەڵگا، دەتوانێ دوو ئاستی هەبێ ئەوەی کە هەستی ئینتیمایە بۆ کۆمەڵێك بەر لە قۆناغی نەتەوەوە ئەوەی دوای بەنەتەوەبوون (دیارە مەبەست لە مانایە سیاسییەکەی بەنەتەوەبوونە).

ئەوەی کە زۆر جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە زۆرانێك لە پسپۆرانی بواری کۆمەڵناسی و کولتورناسی و بواری زانستی سیاسەت بەرەوڕووی پرسیارێك بوونەتەوە کە ئەویش ئەوەیە: ئایا کاتێك تەوژمی گلۆبالیزم لەوپەڕی بەهێزیدایەو

ئـەو تەوژمـە بۆتـە هـۆی لاوازبـوونی دەوڵـەت - نەتـەوە، ئـەوە چـۆنە کـە گرنگـی ناسـنامەو هەسـت بـە ئینتیمـا بـە گشـتی بـە پەیوەنـدی لەگـەڵ (یـا راسـتر بڵـێین کاردانەوە بۆ) ئەو تەوژمە بە توندی سەریهەڵداوەتەوە؟ یەکێك لە وەڵامە گرنگـەکان بـۆ ئـەو پرسـیارە ئەوەیـە کـە گەرچـی ناسـنامەو ئینتیمـا لـە مانـا سیاسـیەکەی (بـە پەیوەندی لەگەڵ بابەتی دەوڵەت - نەتەوە)دا هەندێ گرنگی خـۆی لەدەسـتداوە ئـەوا لـە لایـەکی تـرەوە گرنگـی کۆمەڵایـەتی ناسـنامەو ئینتیمـا نـەك هـەر مـاوە بـەڵکو بەهێزتـر بۆتەوە. تێگەیشتنێکیش بۆ ئـەوە بـەو مانایەیـە کـە ئینتیمـا بـۆ کۆمـەڵێك وەکو حاڵەت، زۆر بەر لـە قۆنـاغی نەتـەوەو بەنەتـەوەبوون پێداویسـتیەکی مرۆیـی - کۆمەڵایەتی بووە... لە راستیدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ هەندێ بۆچوونی فکری و فەلسـەفی دێـرین کـە دەربـارەی مـرۆڤ کـراون لەوانـەش بـۆ نموونــە گوتــەی فەیلەســوفی یۆنــانی ئەرســتۆ کــاتێ دەڵــێ مــرۆڤ بوونــەوەرێکی کۆمەڵایەتیـە. بـەم مانایـەش جیـا لـە زۆر فەیلەسـوف و بیرمەنـدی، تـر کـە لـە پێناسەکردنی مرۆڤ جختیـان لەسـەر شـتی تـر کردۆتـەوە وەك بـۆ نموونـە مـارکس و جختکردنەوە لەسەر توانای مرۆڤ بۆ بەرهەمهێنانی ئالەت و....هتـد، ئەرسـتۆ جخـت لە لایەنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەکاتەوە. کەواتە ئەو خۆبەستنەوەیەی تاك بـە کۆمـەڵ ریشەی زۆر کۆنی مرۆیـی - کۆمەڵایـەتی هـەن کـە هـی بـەر لـە کۆمەڵگـەو سیاسـەتی مۆدێرنن؛ دیـارە لـە فـەترەی مـۆدێرن بـەڵکو بگـرە پۆسـت-مـۆدێرنیش بـەردەوامیان هەیە.

**رۆژنامــە:** پێتوایــە ناســیۆنالیزمی کــوردی وەکــو ئــەوەی دەوترێــت لــەو کاتــەوەی ســەریهەڵداوە لــە ڕووی کردەییــەوە لــە مێــژووی سیاســیی کــورددا ئامانجــەکانی ناسیۆنالیزمی وەکو چەمکێکی فیکریی و سیاسیی لە خۆیدا هێنابێتە دی؟

**ب. یاسین:** لـە راسـاتیدا ئـەو پرسـیارەتان بۆخـۆی پێویسـتی بـە تـەوەرێکی تایبـەتی هەیە، چونکە هەرنەبێ ئەو کێشەیە دەبێ لە سێ رەهەندی گرنگەوە بـۆی بچیـت: ١) ناسـیۆنالیزمی کـوردی لـە ئاسـتی کوردسـتانی گـەورە، بـە تایبـەتی لـە دوای قۆنـاغی لەناوچوونی سیستەمی ئیمپراتـۆری و حـوکمڕانی "تەقلیـدی"، ئـەو سیسـتەمەی کـە زۆرجار هی فراوانکردنی دائیرەی سیاسەتی عەشیرەت بووە، و هاتنەکایەی سیستەمی دەوڵەتی مۆدێرن لە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لـە ١٩٢٠کـانی سـەدەی رابـردووەوە؛ ٢) لـە

ئاستی هەر پارچەیەکی کوردستان بە تایبەتمەندیە کولتوری و سیاسیەکانی ئەو پارچانەوە؛ ٣) ناسیۆنالیزمی کوردی چی بەسەردێت لە قۆناغی دوای بەدەستهێنانی دەستهەڵاتی سیاسی کە ئەویش وەك ئەمری واقیع روویداوە لە باشووری کوردستان لە (١٩٩٢)ـەوە.

بەهەر حاڵ بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەتان نزیکبێتەوە دەبێ کرۆکی ناسیۆنالیزم واتە گەیشتن بە دەوڵەت یا دەوڵەت- نەتەوە وەکوو ئامانجی سەرەکی لەبەرچاوبگیرێ. لە راستیدا ناسیۆنالیزمی کوردی هەر لە سەرەتای ١٩٢٠کانەوە بەرەو رووی دوو ئەلتەرنەتیف بوویەوە: ١) کردنی بە دەوڵەتبوون و دەوڵەتی نەتەوەیی بە ئامانجی پرۆگرامی سیاسی وە یا ٢) دژەکەی، کە ئەویش پەسەندکردنی ئەلتەرناتیڤێکی تر بوو واتە ئۆتۆنۆمی، بەو مانایەش قەبوولکردنی حاڵەتی دابەشکردن (بگرە بە پێی هەندێ بۆچوون حاڵەتی داگیرکردن)ی کوردستان لە لایەن چەند دەوڵەتێکەوەو دابەشبوونی بوونی نەتەوەی کورد. ئاشکرایە کە رەوتی گشتی بزاڤی سیاسی (یا راستتر بڵێین بزاڤە سیاسیەکانی) کوردستان لە پێشوەچوونێکی دوور و درێژ وە لە رێگەی قەبوولکردنی ئەو دابەشکردنە بە تایبەتی لە رێگەی هەڵبژاردنی ئەلتەرناتیڤی دووەم، واتە ئۆتۆنۆمی، بەرەورووی حاڵەتێك بووەتەوە ئەویش ئەوەیە کە کورد هەرنەبێ لە رووی سیاسیەوە ترسی ئەوە هەیە، هەتتا بگرە بۆچوونێکی ئەوهاش هەیە، کە بووبێت بە چەند گەلێك لە برِی یەك گەل. ئاشکرایە کە بۆچوونی وەك ئەوەی کوردستانی خۆم و کوردستانی خۆی یا کوردستانی خۆمان بەرامبەر کوردستانی خۆیان ئەو حاڵەتە (واتە حاڵەتی دابەشبوونی کوردستان) لە ئاستێکی فیکری و سیاسیدا بەرجەستە دەکا. بە باوەرِی خۆم خستنەرووی مەسەلەکان بەو شێوەیە کە کوردستانی من هی ئەو نیە و ئەو (ئەوان) بۆیان نیە کوردستانی "من یا ئێمە" بەهی خۆی یا خۆیان بزانن، دەرهاوێشتەی حاڵەت یا رووداوێکی کوتوپرِی سیاسی نیە بەڵکو دەربرِی قەناعەتێکە کە دەیان ساڵە بەرجەستەبووە نەك هەر لە ئاستی سیاسەتە عەمەلیەکاندا بەڵکو لە کولتورێکی سیاسیدا کە من پێم گۆتوە ئۆتۆنۆمیزم؛ ئەوە لەسەر ئاستی پەیوەندی و هەڵوەستە فکری و سیاسیە کە لە نێوان ناسیۆنالیزمی کوردی لە لایەك وە رژێمەکانی ناوەند لە لایەکی ترەوە.

بەڵام گرنگە ئەوە لەبیرنەکەین کە دابەشکردنی کوردستان لە لایەن ژمارەیەك

دەوڵەتــەوە تــەنها هۆکـار نیــە بـۆ دیـاردە و حاڵـەتی پەرتـەوازەیی لـە نـاو بزاڤـی ناسیۆنالیستی کوردیدا. بـە مانایـەکی تـر جگـە لـەوەی کـە گرنگـە هـەوڵ بـدەین لـە دیاردەی ئۆتۆنۆمیزم بگەین وەکوو درووشمی سیاسی روو لـە دەرەوە، ئـەوەش گرنگـە پەنجە بۆ ئەوە رابکێشین کە تەنها تێگەیشتن لەو حاڵەتە لـە رووی دەرەوەیـدا تێـری ئەوە ناکات کـە لـە حاڵـەتی لاوازی و پەرتـەوازەیی بزاڤـی ناسیۆنالیسـتی کوردی (لـە تەواوی کوردستانی گەورەوە لە هەر پارچەیەکی کوردستان) بگـەین. بـە بـاوەڕی مـن لــە ئاوڕدانەوەیــەکی بــە پەلــە لــە بنــەما کۆمەڵایــەتی و فکــری و سیاســیەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی وە لە میکانیزمی کارکردنی بزاڤـە ناسیۆنالیستیە کوردیـەکان هەرنەبێ دوو کێشەی زۆر جـددیمان بەرچـاو دەکـەوێ کـە چارەسـەرکردنی ئـەو دوو کێشەیە دەتوانێ لە لایەکەوە ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ ئەوڕۆی خۆی بەهێز بکـات وە لەلایــەکی تریشــەوە دەتــوانێ ئاســۆی بــەردەوامبوون و تەندروســتبوون و توانــای بەرەوڕووبوونــەوەی تەحــەددا و پێداویســتە فکــری و سیاســیەکانی دواڕۆژیشــی پێببەخشێ:

١) کێشـەی نـادیموکراتیبوونی هێـزە کوردیـەکان بەرامبـەر بـە یـەکتر، لـە کاتێکدا وە ئـەوەش پارادۆکسـێکە کـە دیمـوکراتی بـۆ وە **لەگـەڵ** نەتـەوەی سەردەسـتیش دەوێ. لەراسـتیدا زۆر جـار وابـووە هێزێکـی کـوردی لەگـەڵ رژێمێکـی نـادیموکرات و بگـرە دیکتاتۆری دیالۆگ و نزیکبۆتەوەو بگرە هاوپەیمانیشـی لـە تەکدا کـردووە، بـەڵام لـە هەمان کاتدا هەر ئـەو هێـزە هێزێکـی تـری یـا چـەند هێزێکـی تـری، کـە ئـەوانیش سفەتی کوردی و کوردسـتانی و دیموکراتییـان بۆخـۆ دانـاوە، بـە دوژمـنی ژمارەیـەکی خـۆی دانـراوون. لـە راسـتیدا رەدکردنـەوەی ئـەویتر و تەنگـە بـە ئـەویتر هەڵچـنین خەسڵەتی هەرە باڵادەستی هێزە سیاسیە کوردیەکان بووە بەرامبەر بە یەکتر؛

٢) کێشەی ناکوردستانیبوون. لێرەدا مەبەست ئەوە نیـە کـە حزبـی کوردیمـان کـەمن کە سـفەتی کوردسـتانی بـدەن بـە خـۆ بـەڵکو لـە ڕسـاتیدا حزبـی کوردیمـان نـین کـە سفەتی کوردی و کوردستانی نەدەن بەخۆیان. بـەڵام مەسـەلە لـەم ئاسـتەدا ناوەسـتێ کە ئایا حزبێك سیفەتی کوردستانی دەدا بە خۆی یا نا، بەڵکو کێشەکە لەوەدایـە کـە زووربـەی کـات نـاو و درووشمـەکان لـە لایـەك وە ئـەو سیاسـەتانەی ئـەو حزبانـە پەیڕەویان کردووە لە لایەکی ترەوە بە تەواوەتی وە بەشێوەیەکی یەکجار رووخێنەر دژ بەیـەکتر بوونـە. لـە کاتێکدا نـاو و دروشمـەکان ئەوپـەڕی کوردسـتانی بوونـە، لـە

لایـەکی تـرەوە سیاسـەتی عەمـەلی پاوانخـازی و لـەتکردنی پانتـایی (مسـاحە)ی نەتەوەیی (کوردستانی) بووە بۆ چەند پـاوانێکی حزبـی تەسك. لـە راسـتیدا ئەگـەر هێزە سیاسیە کوردییەکان لە بۆچوونی دیموکراتی و کوردسـتانی راستەقینەدا بـەو پرەنسیپە کاربکـەن پانتـایی سیاسـەتی هێـزە سیاسـیەکان پانتـایی نەتەوەیـە وە لـە پراکتیکدا ئەوە بکەن ئەوا زۆرێك لە کێشەو لاوازیـەکانی نـاو ناسـیۆنالیزمی کـوردی چارەسـەر دەبـن. ئەوەشـی دەبـێ جێگـەی سـەرنج بێت ئەوەیـە کـە ئـەو پەرتەوازیـە رووخێنـەرەی نـاو ناسـیۆنالیزمی کوردی نـەك هـەر روو بـە دەرەوە شـتێکی یـەکجار نێگـەتیف بـووە بـەڵکوو زووربـەی جـار ئـەو پاوانخوازیـە رەهەنـدی کولتـوری و کۆمەڵایـــەتی (لـــە بنـــەما تەقلیدیەکانیـــدا) و ناوچـــەخوازی و زاراوەخـــوازی و عەشـیرەتگەری بـە هێزکـردووە. لـە راسـتیدا بەرجەسـتەکردنی ئـەو رەهەندانـە لـە هەڵسـوکەوتی حزبـــە سیاســـیەکاندا نـــەك هـــەر نـــەگونجاوە لەگـــەڵ پرەنسـیپی دیموکراتیبـوون و کوردسـتانیبوون بـەڵکو لـە حاڵـەتی دژایـەتیشدایە لەگـەڵ چـەمکی ناسیۆنالیزم وەك چەمکێکی مۆدێرن.

زۆر بە کورتی و زۆر بە چڕی، کوردسـتانیبوون و دیموکراتیبـوون نـەك هـەر دوو دیـوی هـەمان دراو پێکـدەهێنن بـەڵکو دوو کولتـوری سیاسـی و دوو هەڵوێسـتەو بەرجەستەبوونی فیکری و زهنی و سیاسیین کە بەشێوەیەکی ئۆرگـانیکی تێکەڵاو بەیەکتر دەبن، کە دواجار لە یەکجیاکردنەوەیان ئاستەمە. هەڵبەتـە پرسـیارێکی زۆر گرنگ ئەوەیە: ئایا ئەگەر ئەو سنوورە سیاسیانەی کوردسـتانیان دابەشـکردووە رێگـر بـووبن لـە بـەردەم کوردسـتانیبوون لـە ئاسـتی کوردسـتانی گـەورە (کـە ئـەوەش بیانۆیـەکی هـەردەم ئامـادەبووە) ئـەی لـە ئاسـتی هـەر پارچـەیەکی کوردسـتان ئـەو هـەموو رەدکردنـەوەو قەبووڵنـەکردنی هێـز و بـیری تـر یـا هێزەکـانی تـر (هەنـدێ جاریش خوێنڕێژی بە شێوەیەکی بەربەریانە لە یەکتر و لە جەستەی نەتەوە) بۆ؟

وەڵـامی ئـەو بەشـەی پرسـیارتان کـە ئایـا ناسـیۆنالیزمی کـوردی "ئامانجـەکانی ناسـیۆنالیزمی وەکـو چـەمکێکی فیکـری و سیاسـی لـە خۆیـدا هێنابێتـەدی" زۆر دەکەوێتە سەر ئەوەی کە ئایا مەبەست لە ناسیۆنالیزم چیە لـە رووی فەلسـەفەی سیاسـی و پرۆگرامـی سیاسـی ناسـیۆنالیزمەوە. هەنـدێك پێیـان وایـە کـە چـەمکی ناسیۆنالیزم دەبێ بەبێ سێ و دوو وە بەراشکاوی گرێدراوی ئامانج لە پێناو دەوڵەتی نەتەوەیی (تۆ بڵـی دەوڵـەت - نەتـەوە) بێت وە بـەو مانایـەش خـەباتکردن بـۆ هـەر

شـتێکی کـەمتر کەمکردنەوەیـە لـە مانـاو مەبەسـتی ناسـیۆنالیزم. لـە لایـەکی تـرەوە خەبات لێرەو لەوی بـۆ شـتێکی کـەمتر لـە دەوڵـەتی نەتـەوەیی کێشـەیەکە بەسـتراوی خواستە بۆ هێنانەدی هەرنەبی رادەیەك لە دەستهەڵاتی "نەتەوەیی" کە ئـەویش لـە رێگـەی بەشـداریکردنە لـە دەسـتهەڵاتێکی تـر کـە هـی ناوەنـدە لـە چوارچـێوەی تـەرتیباتی ئۆتۆنۆمیـدا، کـە زۆر جـار تـەرتیباتێکی ئیداریـە تـا سیاسـی. بـەم مانایـە وەڵامی پرسیاری ئێوە دەبێ پێ لەوە هەڵبگرێ کە ئایا ئێمـە چ جـۆرە پێناسـەیەکمان لا قبووڵە بۆ ئەوەی دواتر بتوانین وەڵامی پرسیارەکە بەو شێوەیە یـا بـە شـێوەیەکی تـر بدەینەوە.

بەبۆچوونی خۆم خەبات بـۆ ئۆتۆنـۆمی کـوردی بـەرەورووی کۆمـەڵی گرێکوێرەی سیاسی کردۆتەوە کە دەکری لە ئاستی ١) فکری یا فەلسەفەی سیاسـی و ٢) سیاسـەتی عەمـەلی کـوردی و پەیوەنـدی لەگـەڵ وڵاتـانی داگیرکـەر (تـۆ بڵـێ نەتـەوەکانی سەردەسـت) و ٣) رەهەنـدی نێونەتەوەییـەوە هـەژماریان بکـەین. بـە مانایـەکی تـر ئۆتۆنۆمیزم کۆمـەڵێ کێشـەو دژایـەتی جددی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـاوە. دەکرێ بڵێین خاڵی لاوازی ئەو ناسیۆنالیزمە کۆمـەڵی دژایـەتی جددین کـە قـەبولکردنی حاڵـەتی داگیرکردنە لە پێناو بەدەستهێنانی "ئازادی" یا راستتر بڵێین شێوەیەك لە شێوەکانی ئـازادی و قـەبوولکردنی رەواییـەتی سیاسـی نەتـەوەی سەردەسـت بەرامبـەر بـە بەدەستهێنانی رادەیەك یا جۆرێك لـە جۆرەکـانی رەواییـەتی سیاسـی، وە خەباتـە بـۆ **بەناوخۆییکردنی** کێشەکە لە رێگەی بانگەشە بـۆ ئۆتۆنـۆمی لـە لایەکـەوە وە بـۆ بـە نێونەتـەوەییکردنی کێشـەی کـوردە بـۆ بـەهێزکردنی پێگـەی خـۆی لـە هـەمان "ناوخۆدا"...هتـد. لـە راسـتیدا ئـەو دژایەتیـە، بـۆ نموونـە، بـە ئاشـکرا دەرکـەوت لـە بەهاری ١٩٩١دا کاتیك لە لایەکەوە تەوژمی بەنێونەتەوەییبوونی کێشەی کورد گەیشتە لوتکە، هەڵبەتە بە هۆی کۆچڕەوی سەدان هەزار لە خـەڵکی باشـووری کوردسـتان، وە لە لایەکی ترەوە سـەرانی کـورد لـە هـەمان کاتتـدا کێشـەی کوردیـان بـە ترسـناکترین شێوە وە بە توندی بەناوخۆییکردەوە، لە ڕێگەی هامیزکردن و ماچکردنی دکتـاتۆری بەغدا...

دواجـار، هـەر بـۆ روونکردنـەوەش، مـن لـە هەنـدێ نووسـراو گفتوگۆی پێشـترمدا ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزم نەك هەر یەکسان دیوە بەڵکو هەنـدێ ئۆتۆنـۆمی لـە جیهانـدا هەن کە هەرنەبێ لە هەندێ لایەنـەوە لـەو فدرالیـە بـەهێزترن کـە لـە چوارچـێوەی

دەستوری عیراق و واقیعی سیاسی لە عیراقدا خەریکە بەرقەرار دەبێ. بەو مانایەش فیدرالیزم هەر لەو چوارچێوە فیکری و کولتورە سیاسیەدا جێگەی دەبێتەوە کە من پێی دەبێژم ئۆتۆنۆمیزم. لە راستیدا رەهەندی سایکۆلۆژی ئۆتۆنۆمیزم کە دەتوانین لەخۆ بەکەمزانی و قەبوولکردنی حاڵەتی خۆکەمتربینین لە ئەویتر (واتە نەتەوەی سەردەست) رەهەندێکی هەرە ترسناکە؛ وەختێکیش ئەو رەهەندە بەرجەستە دەبێ ئەوا ژێردەستی لە ئاستە هەرە ترسناکەکانیدا بەرجەستەدەبێت.

لە دوایشدا، هەڵبەتە ئەگەر دەرفەت بدەن، حەز دەکەم خوێنەری ئازیز ئاگادار بکەمەوە کە ئەو نووسراو و گفتوگۆیانەی مەبەستن لە ماڵپەڕی تاکەکەسیم بەرچاو دەکەون کە ئەمەش ئەدرەسەکەیەتی:

burhanyassin.com

# بەڵگەنامەکان

# 1

# دوو نامە بۆ حکوومەتەکانی کوردستان

***تێبینی:*** *تکایە سەرنجی ئەم تێبینیانە بدە بەر لە خوێندنەوەی ئەم دوو نامەیە: ١- ئەمەی بەردەست دوو نامەن کە لە (١٠) و (١١)ی ئەپریلی (٢٠٠٣) ناردراون بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە مەبەستی خستنەرووی چەند بیر و بۆچوونێکی سەربەخۆ لەمەر پێشوەچوونەکانی عیراق و کوردستان. ٢- لە راستیدا نامەی دووهەمیان (بەرواری ١١ی ئەپریل) هەر تەواوکردن و بەدواداچوونەوەیە بۆ نامەی یەکەم لە ١٠ی ئەپریل. ٣- تێکستی ئەسلی ئەم دوو نامەیە بە پیتی لاتینی نووسراون و بۆ ئاسانکردنی خوێندنەوەیان لە (٢٩)ی ئەپریلی (٢٠٠٣) بەو شێوەی کە لەبەردەستدایە جارێکی تر بەبێ هیچ گۆرانکاریەك، جگە لە راستکردنەوەی هەندێك وشە نەبێت، وەکو خۆی نووسراوەتەوە. ٤ - نامەکان زۆر بە چڕی و کورتکراوەیی نووسراون کە ئەمەش لەوانەیە هەندێ کۆسپ و گرفت بخاتە رێگەی خوێندنەوەیان، ببوورن.*

## نامەی یەکەم، سوید، لوند، (١٠) ی ئەپریل ٢٠٠٣

سڵاو....

وەکو دیارە رووداوەکان زۆر بە خێرا بەرەوپێش دەچن، بە گشتی شتێکی ناچاوەڕوان نەبوو! لە خوارەوە هەندێك بیرو بۆچوونی خۆمتان پێدەگەیەنم دەربارەی ئەم بارودۆخەو داهاتووی عیراق و کوردستان:

١) جێگەی داخە کە کورد لە رۆژێکی وەکو ئەمرۆ بە دوو دانە حکوومەت و پەرلەمانێکی زۆر لاوازەوە کەوتۆتە مەیدانی ململانێیەکی سیاسی و ستراتیژی گرنگ. ئەم بارە ناسروشتیە دەبێ هەر چ زووتر کۆتایی پێبێت. پارتی و یەکێتی پێویست ناکات بە خەڵك بڵێن کورد یەکە و خیتابیشی یەکە. یەك نیەو خیتابیشی ئەوەندە یەك نیە.

٢) ئەمرۆ زۆر لە سالی (١٩١٨) یا (١٩٢١) دەچێ، وا باشترە بلێین لە هەردووکیان دەچێ: هەلوەشاناوە و دامەزرانێکی نوێ. باشتر وایە تێکشکانی پەرادایمی کۆن هی

ئیمبراتۆری (و هاتنە کایەی پەرادایمی تازە) واتە هی دەولەتی مۆدێرن لە رۆژهەلاتی ناوەراست). بۆ هەمووومان ئاشکرایە کە سالانی (١٩١٨ - ١٩٢١) سالانێکی پڕ مانان لە رووی ئەم گۆرانە بنەرەتیەوە... بۆ کورد لە باشووری کوردستان ئاکامێکی پێوەلکانی بەزۆری بۆ بە دەولەتی عیراق. لێرەدا دەخوازم بلێم ئەوەی روویدا لە سالی (١٩٢١) نابێ جارێکی تر رووبداتەوە لە سالی (٢٠٠٣) دا: نابێ جارێکی تر کورد مەجبوور بکرێ بگەرێتەوە چوارگۆشەی ژمارە یەك. لە چوارگۆشەی ژمارە یەکدا (١٩٢١) کورد کەمایەتی بوو و پێویست بوو بە عیراقیبوون قەبوول بکات و تەنها مافێکی ئەوەبوو کە هاوولاتیەکی عیراقی مەقبوول بێت. فیدرالی نابێتە مسۆگەرکەری رزگاربوونی یا خوود دەرچوونی کورد لەو چوارگۆشەیە، بەلکو رێك دەبێتە ئەو سیغە قانونیەی کە رەوایی دەدات بە گەراندنەوەی کورد بۆ چوارگۆشەی ژمارە یەك. لێرەدا دەخوازم بلێم کە کورد ئەمرۆ دوای تێپەربوونی (٨٢)سال لە دامەزراندنی دەولەتی عیراق، دەکرێ بوونی کورد لە عیراق بکەین بە دوو قۆناغی سەرەکی:

(١٩٢١ - ١٩٩١) و دووهەمیان قۆناغی دوای (١٩٩١)ـە، بە بەراووردکردنی ئەم دوو قۆناغە پێویستە ئێمەی کورد بگەینە ئەو ئاکامەی خووارەوە، کە هەم گرنگە بۆ ساغکردنەوەی سیاسی و فەلسەفی نەتەوەیی خۆمان و هەم گرنگە لە زوبانی دبلۆماسیدا بۆ ئیقناعکردنی رای جیهانی:

١) ٧٠ سال (١٩٢١ - ١٩٩١) کورد لە عیراق لە دەرگای دەولەتی عیراقی کوتا، سکالای برایەتی و دیمۆکراتی و یەکبوونی خاکی عیراق و..... کرد، بەلام ئەوەی بۆی گەرایەوە هەر تۆقاندن و لەناوبردن و کیمیابارانکردن و بەزۆرەملی راگوازتن و....بوو، ئەم حەفتا سالە دەبێ بۆ ئێمەی کوردی ئیسپاتکردبێ کە تا کورد بەستراوە بێت بە دووارۆژی عیراقەوە، نەك هەر کورد ناتۆانێ شتێك بەدەست بێنێ، بەلکو عیراقیش خێر بەخۆیەوە نابینێ.

٢) بەرامبەر ئەم (١٢) سالەی رابردوو بە جوانی پیشانیدا کە هەر کاتێ کورد بۆ خۆی ژیانیخۆی رێکبخات ئەوا دەتوانێ دەستکەوتی زۆر گەورە بەدەست بێنێ، لەم دوانزە سالەدا هەرچەندە ئازادیەکی زۆر سنووردار هەبوو، دوو دانە گەمارۆ لەسەر کوردستان بوون: چاوسوورکردنەوەی ئەم و ئەو (بە تایبەت تورکیا) و لەگەل شەرێکی تێکدەری نێوان یەکێتی و پارتی...و لەگەل زۆر شتی تریش کورد لە باشووری کوردستان توانی بە پێوەری رۆژهەلاتی ناوەراست زۆر شت بەدەست بێنێ.

ئەم بەراوردە گرنگی زۆرە بۆ خۆ ئیقناع کردنی کورد و هەروەها بۆ ئیقناع کردنی رای جیهانی.
٣) ئەمرۆ لە هەموو رۆژی زیاتر رای گشتی جیهانی لەگەل کوردە، بەراستی لێرە و لەوێش خەلکی ئەوروپی ئەو پرسیارە دەکەن (ئایا کورد بۆ هەنگاو هەلنانێ .....؟)
٤) تورکیا زۆر کەمتری پێدەکری لەرووی خراپەکاری:
أ - دەبی پارتی ویەکێتی هەموو بەنداوەکانی بەر جەماوەری کوردیان بەردابا و لێگەرابان کورد زیاتر توورەیی خۆی دەربریبا. دەتوانین بلێین سووتاندنی ئالای تورکیا گرفت چارە ناکات بەلام کە سووتێنرا نابێ یەکێتی و پارتی ئیشارەتی چەوت بدەن بە تورکیا. وا مەسەلەی سووتانی ئالای تورکیا بایەخی زیاتری پێدرا لەوەی کە پێویست بوو. ئەی بۆ مام جەلال کە چوو بۆ ئەنقەرە بە زۆر لە دەست فاشیستانی تورك دەرچوو .....؟
ب - باوەرم وایە کە تورکیا ئەو ئیمکاناتەی نیە کە بە هەوەسی خۆی بچێتە ناو (باشوری) کوردستان، هاتنی تورکیا بۆ ناو کوردستان (لەم سات و کاتەدا) دەبێتە هۆی گەورەترین شکستی ستراتیژی بۆ تورکیا، ئەمە باوەری من بوو کە لە سمینارێك لە ستۆکهۆلم رامگەیاند مانگی (٩)ی پار و بلاوبووە لە ووتارێك لە هاوولاتیدا.... دوای دەنگدانی تورکیا بە نا بۆ تێپەربوونی هێزەکانی ئەمریکا و دەنگ هەلبرینی یەکێتی ئەوروپا و وولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بەرامبەر ئیحتمالی هاتنەناوی تورکیا، ئیحتمالی هەلەیەکی ئەوها ستراتیژی لەلایەن تورکیاوە دەها کەمتر بۆتەوە....

تورکیا توانای خەلقکردنی قوبرسێکی تری نیە.... قوبرس مومکین بوو، بە زۆری داگیرکردن لە سالی (١٩٧٤) دا، دوای (٣٠) سال لە دانی زەریبەیەکی زۆر، تورکیا هەول دەدات لەم گرفتە نەجات بێ...

داگیرکردنی کوردستان ئەمرۆ لە لایەن تورکیاوە دەبێتە هۆی قەبرکردنی خەونە ستراتیژیەکانی تورکیا، راستە تا بکرێ دەبی کورد دژی هاتنی هێزەکانی تورکیا بوەستێ، بەلام هاتنیشی کۆمەلێ فورسەتی تر لە بەردەم کورد لە باشووری کوردستان دەکاتەوە.
ج - ئێمەی کورد پێویستمان بە خیتابێکی هجومی تر هەیە نەك خیتابی پارانەوە: با بە تورك بلێین ئەوەی ئێمەی کورد لە دوانزە سالی رابردوو قەبوولمان بووە بە

تورکمان له هەموو مافەکان ئەگەر ئێوەی تورك نیو ئەوەندە بۆ کورد لە تورکیا قەبول بان ئەوا مەسەلەی کورد لە تورکیا دەمێك بوو چارە ببوو..... (با بە عەرەبیش بلێین ئێمەی کورد هەر ئەوەندەمان دەوێ کە ئێوەی عەرەب بە حەقی دەزانن بۆ فەلەستینیەکان....)

د - له بری ئەوەی کە هەموو رۆژێك چەند دووپاتی بکەنەوە کە کورد دەولەتی ناوێ، پێویستە دووپاتی بکەنەوە کە کورد ئەو مافەی هەیە، وە ئەگەر دەولەتانی ناوچە (بە تایبەت داگیرکەرانی کوردستان) لە خۆیان دەترسن کە ئەم دەولەتە شتی نەگەتیڤی لی بکەوێتەوە، ئەوا کورد دەتوانی بلێ فەرموو ئێمە لە هەوەلین دەقیقەوە ئامادەین کە کۆمەلێ پەیمان مۆر بکەین لەگەل دراوسێکان کە دەولەتی کوردی بە هیچ شێوەیەك ناخوازێ دەست تێکەلاو بکات لە کاروباری ناوخۆی وولاتانی تر...بۆ نموونە ئەمریکا دەکری گەرەنتی بێت.

٥) لە کۆنفرانسی لەندەن و دوواتر لەوە دەچێ کە سەرانی کورد لە باشوور باوەریان کردبێ کە ئەوان میعماری دەولەتی داهاتووی عیراقن. ئەگەر وا تێگەیشتبن، ئەوا بە حیسابێکی مێژوویی چەوتدا چوون، کورد لە عیراقی داهاتوودا ناتوانێ میعمار بێت: لە باشترین حال وەکو سالانی (١٩٢١ - ١٩٩١) دەبێ... عیراقی داهاتوو عیراقی ململانێ دەبێت لە نێوان پرۆژەیەکی شیعی بەرامبەر سوننی عەرەبی، تێکەلاوی هێزی لەشکری لە ئیدارەی دەولەت... ئۆپوزیسیۆنی سوننی عەرەب بە ئیحتیمالی زۆر دەست بەسەر بنەماکانی حزبی بەعس و رژێمی سەدام دادەگرێ و بەکاریدەهێنی لە ململانێ سیاسیەکاندا دژی هێزەکانی تر... بە کورتی عیراقی دوای سەدام عیراقی ململانی دەبێت، نەك هی ئەزموونی دیموکراسی... ئەوە گرنگە کە نوێنەرانی کورد (بۆ نموونە دوێنی لەسەر bbc) لە بری ئەوەی کە سەرکەوتوویی ئەزموونی کورد لە باشوور بکەن بە دە لیل کە عیراقیەکان توانای خەملاندنی ئەزموونی دیموکراسیان هەیە، دەبێ ئەوە بلێن کە ئەگەر کورد بۆخۆی لێی بگەرێن، ئەوا کورد دەتوانێت زۆر شت بکات... ئەزموونی کورد لە باشووری کوردستان دەبێ بەکوردستانی بکرێ تا بە عیراقی... کردنی کورد بە بەشێك لە عیراق سالی (١٩٢١)، تراژیدیاییێکی ئینسانی بوو بۆ کورد بەلکو بۆ عیراقیش.

٦) سالی (١٩٢١) سی دانە هۆی گرنگ هەبوون کە پالی بە بریتانیەکانەوە نا کە کورد (موسل) بخەنەوە سەر عیراق: ١) مەسەلەی نەوت...، ٢) هاوسەنگی مەزهەبی (کوردی

سـونـه و عـەرەبی سـونـه بەرامبـەر شـیعه...)، ٣) رازی کردنـی ئێلـیتی سـونـی عـەرەب..... زۆر جێگـەی داخـه کـه ئـەمرۆ لـه خیتـابی کـوردی دا (بـه دلخۆشـیەکی زۆرەوە!) باس لەوە بکری کە ئەوە کـوردە بەلانسی مەزهـەبی لـه عـیراق رادەگـریٚ... بەر لە چەند رۆژێك هوشیار زێباری لە bbc ئەوەندە بە خۆشحالیەوە باسی کرد کـه بەلی کورد مسۆگەرکەری هاوسەنگییە لەعیراق وەکو ئەوەی هـەموو کوردسـتان ئـازاد بووبێت... خیتابی کوردی دەبی ئـەوەبێت کـە رێـك و راسـت هـەوڵی بـەزۆر راگـرتنی ئەو بەلانسە بدات کە سەری تراژیدیاکانە: هەم بۆ کورد و هەم بۆ عیراق... قـەوارەی تراژیدیاکە گەورەترە و مەداشی فراوانترە کاتێك دەبینین ئەو رۆلی هاوسەنگیکەرەی بریتانیـەکان بـە زۆر بەسـەر کوردیـان سـەپاند سـالی (١٩٢١)، ئـەمرۆ دوای (٨٢) سـال کورد شانازی بەو رۆلەوە دەکات کە هەیبێت لـە عیراقـی دوای سـەدام... مـن زۆر بـۆم غەریبە، نامۆیە و بگرە بۆ کـوردیش تراژیدیایـە کـە یـەکێکی وەکـو مـام جـەلال لـەم کاتە ناسکەدا، کە کورد نزیك بووە لە لووتکە، بلێت "من خەون بە عیراقەوە دەبینم نەك بە کوردستانەوە.*"

ئەوە مافی هیچ کەس نیە کە کورد مـەحروم بکـات لـە خەونـدیتن بـە کوردسـتانی ئازادەوە.... لەم سات و کاتەدا هەروەك من ئەمرۆ بە (tv - 4)ی سویدیم گۆت جیهـان و هـیچ هێزێـك بـۆی نیـە کـورد بـە زۆر مـەجبور بکـەن لـە گـەڵ چـوار چـێوەی دەولەتێکدا بژیت کە بە هی خۆی نازانیٚ....

٧) وا دەزانم ئەگـەر بـە زووتـرین کـات پـارتی ویـەکێتی وە بـە کـارێکی زۆر بـە پەلـە هەولی ئەوە نەدەن کە باسی مافی چارەی خۆنووسـین و رێفەرانـدەم و پرسـکردن بـە رای خەلکی کوردستان لە مەر دوارۆژیان بکەن، ئەوا لـە باشـترین حالەتـدا کـورد دوو چاری دواروژێکـی نـاروون و نادیـار دەبـیٚ... : ئـەوا کـورد دەگەرێتـەوە چوارگۆشـەی ژمارە یـەك.... کـورد نزیـك بۆتـەوە لـە لووتکـە، فورسـەتی مێـژوویی لـە بەردەمـە و ئەگەر ئەوە باش هەلنەسەنگێندری ئەوا مومکینە خەونەکان لە گۆر بنرێن و لەسەر گۆرەکەش ئالای زەرد و سەوز هەلبگریٚ... ئەو کاتە ئەو دوو رەنگـە جێگـەی شـانازی هیچ کوردێك نابن.

٨) من وا مەزندە دەکەم زۆری پی ناچی کە سیناریۆیێك ببی بەراستی کە تیایدا هەر ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی ئەمرۆ (بە تایبەتی شیعە و عەرەبە ناسیۆنالیستەکان) بکەوێتـە سەنگەری ململانی لەگەل ئەمریکیەکان... کورد لە کوی دەوەستیٚ..؟ باشتر نیـە هـەر

ئیستا ئەم سیناریۆیە حیسابی بۆ بکرێ..؟
٩) رای عەرەبی لە مەر وەستانیان دژی پرۆژەی دەولەتی کورد.
١٠) دەبی زۆر هەول بدرێ، وە هەندێك درەنگیشە، کە هەموو پەیوەندیەکانی کورد لە گەڵ ئەمریکا لە فلتەری ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی و (بە عیراقیبوون تێنەپەرێ).

### پرسیار ئەوەیە بۆ کار بۆ هەندی پرۆژەی کوردی - ئەمریکی ناکرێ؟
### زۆر بەکورتی:

١- دەرفەتێکی مێژوویی لەبەردەستە.
٢- فیدرالی تێری ئازادی ناکات بەلکو بە سیغەکردن و بە قانونیکردنی بندەستییە.
٣- کورد لە باشووری کوردستان گەورەترین غەلەتی مێژوویی دەکات ئەگەر بروا بکات کە ئەو دەتوانی ببی بە سەری رم و برا گەورە لە ئەزموونی بە یاسایی کردن و دیموکراتیزەکردنی دەولەتی عیراق: کێشەی ئێمە تەنها لەگەڵ سەدام و دەولەتی بەعس نیە، بەلکو کێشەی ئێمە ماوەی (٨٢) سالە لەگەڵ دەولەتی عیراقە... ئایا کورد ئەوەی تیادا هەیە کە ئەمرۆ ئەم مەسەلەیە ئەوها تێبگات و هەنگاوی چارەسەری بۆ هەلێنێ: ئازادی بیستراوە، بەلام قەت نیو ئازادی و چارەگە ئازادیمان نەبیستووە...!
٤- تورکیا ناتوانێ هیچ غەلەتێك بکات، وە ئەگەر هەر کردیشی، ئەوا لەم زرووفەدا غەلەتەکەی خزمەتی کورد دەکات زیاتر لەوەی کە زەربەی لێبدات... زۆر جار ئەوەی کە کورد بە دەستی هێناوە بە "خێری" غەلەتی دوژمن بووە...
٥- بە پەلە هەوڵی ئەوە بدەن کە گەرانەوە بۆ رای خەلکی کوردستان، مامەلەیەکی تایبەتی (جیا لە عیراقی عەرەبی) و رێفەراندەم لە کوردستان بکرێ بە رێگەی چارەسەر نەك چاوەرێکردن تا عیراق دەکرێ بە دیموکراسی مەسەلەی کورد ئەو کاتە چارە ببێ.
٦- دوو حکوومەت لە کوردستان ئەمرۆ شتێکی نێگەتیڤانەیە.

٢

★ بڕوانە:
turkish daily news 21 mars 2003

**برای دلسۆزتان**
**بورهان ا.یاسین**
**سوید، لوند، (١٠)ی ئەپریل (٢٠٠٣)**

## نامەی دووەم، سوید، لوند، (١١)ی ئەپریل (٢٠٠٣)

سڵاو...

دوێنێ مایل (نامە)ی یێکم بۆ ناردن دەربارەی بارودۆخی کوردستان. دەخوازم جارێکیتر هەندێ شت روون بکەمەوە و هەندێ شتیش جختبکەمەوە:

١) کورد دەبێ ئەو باوەرە لەسەری خۆی دەربکات کە دەتوانێ ببێ بە سەری رم لە پرۆژەی دیموکراتیزەکردنی عیراق. دیموکراتیزەکردنی عیراق یەکێك لە پرۆسە هەرە قورس و بگرە خوێناویش دەبێ. کولتوری سیاسی عیراق هی کودەتا و کودەتاکاری و پیلانگێری و..بووە. چەندی پێدەچێ تا بنەما ماددی و کۆمەلایەتی و فکرییەکانی ئەم کولتورە هەلوەشێتەوە..؟ ئەگەر کورد رابکێشرێتە ناو گەمەیەکی ئەوها ئەوا خەتەری هەیە کە کوردستانیش لە دەست بدا و عیراقیش بەدەست نەیەت.

٢) لەم قۆناغەدا و بەرەو داهاتووی عیراق دەبێ کورد پێ لەسەربەخۆکردنی دۆزەکەی و بەخۆبوون بکات. گەرانەوە بۆ خۆ دەکرێ بە شێوەی راگەیاندنی دەولەتی سەربەخۆی، کۆنفیدرالی یان رێفراندەم بکات.

٣) پەیوەندیەکانی عیراقی و ئەمریکیەکان دەکەوێتە ناو قۆناغێکی خوێناویەوە کە تیایدا نەك هەر بنەماکانی رژێمی بەعس بەلکو هەر ئەوانەی کە بە یارمەتی ئەمریکا دێن بۆ حوکم.. دوور نابینم ئەوەی روویدا لە لوبنان لە سەرەتای هەشتاکان دووبارە ببێتەوە لە عیراق... ئەوەتا ئەحمەد چەلەبی (دروستکراوی دەستی پێنتاگۆن) بانگاشە بۆ ئەوە دەکات کە ئەمریکیەکان هیچ جێگەیەکیان نابێ لە حکومەتی ئینتیقالی...کورتیەکەی، کورد دەتوانێ لە ئەمریکیەکان بگەیەنێ کە ئەوە ئەو سیناریۆیەیە کە کورد دەیبینێ وە ئەمریکا ئەگەر تاکە دۆستێکی هەبێ، نەك هەر لە عیراق، بەلکو لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا هەر کوردە، وە لەبەر ئەوە ئەمریکا هەلەیەکی ستراتیژی گەورە دەکات ئەگەر:

أ ـ کورد بکات بە سەری رم لە پرۆژەیەکدا (دیموکراتیزەکردنی عیراق) کە لە تاقەتی کورددا نیە وە تیایدا هەم کورد و هەم ئەمریکیەکان دۆراو دەبن.

ب ـ ئەگەر ئەمریکا دوور بروا ئەوا مومکینە کە تاکە دۆستێکی لە جیهانی ئیسلامی، کە کوردە، لە دەست بدات.

ج ـ کورد دەتوانی گەمەیەك بکات کە تیایدا بە باشترین شێوە بەرژەوەندیەکانی کورد و ئەمریکا دەپارێزرێ.

د ـ دەبێ ئـەمریكا بـە باشـی تێبگەیەنـدرێت كـە جـادەی كـوردی لـە عـیراق تاكـە جادەیەكە لـە جیهـانی ئیسلامی، تاكـە جادەیەكـە بـەبێ سـێ و دوو لەگـەڵ ئـەمریكا دایە، وە كورد تاكە وەرەقەیەكە یا ئەكتەرێكە كـە ئـەمریكا دەكـرێ بـە پشـت راسـتی ئیستیسماری لەسەر بكات.

ﻫ . بە درێژایی سالانی (١٩٢١) تا (١٩٥٨) ئێلیتی سونی عـەرەبی لـە بەغـدا لـە لایـەن بەریتانیەكانـەوە بـە كـورد ترسـێنران. ئـەمجارەیان كـورد نـابێ ئـەم گەمەیـە قـەبول بكات..دەبێ كورد ئاگادار بێت كە ئەمە خەتەرێكی گەورەیـە لەسـەر داهـاتووی كـورد لە عیراق.

٤) لە هاوكێشەی كوردی - توركیـدا؛ لـەم هاوكێشـەیەدا كـورد بـوواری مونـاوەرەی زۆر زیـاترە و توركیـا بـوواری مونـاوەرەی زۆر كـەمترە لـە ئـەوەی پـارتی و یـەكێتی تێیگەیشتوون...توركیا ئەو كاتە دێتە ناو كوردستان كە بریـاری خـۆ كـوژی دابێـت... ئەگەر لەم بارودۆخەشـدا بێـت ئـەوا هـەم خزمـەتی دۆزی كـورد دەكـات وە هـەروەها خۆشی دەكوژێ.

٥) زۆر زۆر گرنگە كە ئـەمرۆ لـە خیتـابی كوردیـدا مەسـەلەی گەرانـەوە بـۆ بریـار و ئیرادەی خەلكی كوردستان بە هێز بێتە پێشەوە... كورد لە خەونی خۆی نزیك بووە و بـا لێگـەرێین ئـەم گەلـە لـە ژێـر سەرپەرشـتی ئـەمریكا و نەتـەوە یـەكگرتووەكان دەنگدانێكی گەلی رێكبخات/ رێكبخرێت.

٦) ئەمرۆ وە لە داهاتووی عیراقیشدا كورد یـەكجار گـرنگترە لـە توركیـا بـۆ ئـەمریكا. هەر رۆژێك بروا ئەم راستیە زێدەتر دەردەكەوێ... بۆچـی سیاسـەتزانێكی ئـەمریكی پێشنیار بكات كـە ئـەمریكا باشـتر بەرژەوەندیـەكانی مسـۆگەر دەكـات گـەر پشـتگیری دەولەتێكی كوردی بكات كە تیایدا ئەمریكیەكان سوود لـە نەتەوەكـە وەرگـرن، بـەلام كورد خۆی نەتوانی بیر لە شتێكی ئەوها بكاتەوە...؟

**برای دلسۆزتان**
**بورهان ا.یاسین**
**سوید، لوند، (١١)ی ئەپریل (٢٠٠٣)**

# 2

# چارەنووسی عیراق:
# هەوڵێك بۆ خەمڵاندنی بۆچوونێکی کوردستانیانە

***تێبینی:*** *ئەم نووسراوەی بەردەست بە مەبەستی بەرچاوروونی و هەوڵدان بۆ گەڵاڵەکردنی تەسەوورێکی کوردستانیانە لە مەر ئەگەری دابەشبوون/دابەشکردنی عیراق نێردراوە بۆ حکومەتی باشووری کوردستان. ئەم دەستپێشخەریەی نووسەر دەربڕی هیچ شێوە پەیوەندیەکی یا کارێکی رەسمی نووسەر لەگەڵ یا بەرامبەر حکومەتی باشووری کوردستان نیە، بەڵکو تەنهاو تەنها هەڵقووڵاوی هەستی بەرپرسیی نووسەرە بەرامبەر دۆزی نەتەوەکەی.*

*هەروەك دەزانرێ کۆنگرێسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وە بەمەبەستی گەڵاڵەکردنی ستراتیژێکی تازەی ئەو وڵاتە لە ٢٠٠٧/٩/٢٨ بڕیارێکی وەرگرت بە مەبەستی دابەشکردنی عیراق بۆ سێ بەشی عەرەبی سونی و شیعی و کوردی، کە دیارە بڕیارەکە مولەزیم نیە. لە راستیدا ئەم نووسراوەی بەردەست بەر لە نزیکەی دوو مانگ لە دەرچوونی ئەو بڕیارە نووسراوە بۆ ئامادەکاریەکی کوردستانیانە لە رووی ئەگەرێکی وەکوو ئەو بڕیارەی کۆنگرێس و مەسەلەی دابەشبوون/دابەشکردنی عیراق. جارێکی تر بۆ خوێنەری هێژای دووبارە دەکەمەوە کە ئەم نووسراوەی بەردەست وەك (بەڵگەنامەیەك) بخوێنێتەوە نەك وەك وتارێکی ئەکادیمی، بە هیوای ئەوەی لە دەرفەتێکی تردا ئەم نووسراوە، بە شێوەیەکی فراوانتر وە بە پشتبەستن بە کۆمەڵێ بەڵگەنامەی مێژوویی لە شێوەی وتارێکی ئەکادیمید، بڵاوبکەمەوە.*

## پێشەکیەکی پێویست

دوای زێتر لە چوار ساڵ لە هەوڵی بێووچان بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق، ئیمڕۆ لە هەموو رۆژێك زیاتر ئەو پڕۆژەی دامەزرانەوەی عیراقە لە سیناریۆی شکستهێنانی بە تەواوەتیەوە نزیکە. ئەم بۆچوونە دەربڕ و رەنگدانەوەی کۆمەڵی رووداوی چارەنووسسازن کە بارەکەیان گەیاندۆتە ئاقارێك کە نزیکترە لە هەرەسهێنانی ئەو پڕۆژەیە تا لە هەر شتێکی تر. بە تێکەڵاوبوونی چڕ و پڕی ئاستەکانی رووداو، هەر لە ئاستی ناوخۆی عیراق و پێشووەچون و تێکهەڵکێشانە

ئیقلیمیەکان و سیاسەت و ستراتیژی ئەمریکا لەو پەیوەندەدا، هەموویان بەیەکەوە ئاماژەی یەك ئاراستە دەکەن ئەویش ئەوەیە کە ئیتر بێهیوابوونی ئەکتەرە هەرە گرینگەکان بگاتە لوتکە؛ وەختێکیش بێهیوابوون بگاتە لووتکە مانای وایە پڕۆژەی دەوڵەتی عیراق گەیشتە بنبەست.

لە راستیدا ئەکتەرانی بەرهەمهێنانی ئەو بێهیوابوونە خۆیان لە

١) ئاستی ناوخۆی عیراق لە عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعەدا و ٢) ئاستی نێونەتەوەییشدا خۆی لە ئاستی ئەمریکادا دەبێننەوە. کاتێکیش باس دێتە سەر ئەو هۆکارانەی کە رووداوەکانی بەرەو ئاقاری بێهیوابوون لە پڕۆژەی دەوڵەتی عیراق بردووە ئەوا دەبێ کۆمەڵێ هۆکاری زۆر لە ناوخۆیی (لە ئاستی عیراق) و ئیقلیمی و رۆلی شەڕی تێرۆر و نسکۆی (یا هەرنەبێ سەرنەکەوتنی) سیاسەتی ئەمریکا لەو ئاستانەدا وەکوو چەند هۆکارێکی سەرەکی دەستنیشانبکرێن.

لە بارودۆخێکی ئەوهادا و وە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بارودۆخی عیراق گەیشتۆتە ئاستێك کە ئیتر ناکرێ سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستان خۆی خەملاندنی تەسەوورێکی یا با بلێین مەفهووم (کۆنسێپتێکی) جیا لەوەی کە تا ئێستا هەبووە دووربگرێ. ئەوەی راستییە تا ئێستا لایەنی کوردی هەموو هەوڵەکانی خۆی خستونەتە کار بۆ دامەزراندنی "عیراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی" و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو چوارچێوەیەدا، کە بەندە بە بەردەوامی گومانی هەبووە لە سەرکەوتنی. لە راستیدا، وە لە موفارەقەیەکی سیاسی گەورەدا، ئەکتەرێکی سیاسی کە تا ئێستا بێهیوابوونی لە دەوڵەتی عیراق دواخستووە جا لە رێگەی نزیککردنەوەی سوننەو شیعە لە یەکتر بێت یا بەهەر شێوەیەکی تر لایەنی کوردی بووە. لە کاتێکدا کۆمەڵێ هێما و رووداو هەن کە بێهیوابوونی شیعەو سوننە لە یەکتر خەریکە بگەنە خاڵی هەرە ترسناك و وەرچەرخان لە هەمان کاتتدا سیاسەتی ئەمریکاش خەریکە بگاتە خاڵی وەرچەرخان. لەوە دەچێ کات کەم مابێ بۆ بەرەورووبوونەوەی ئەو وەرچەرخانە...

لەوەی کە لە سەرەوە گوترا، وەکو خاڵی لێوەدەرچوون، دەتوانین بڵێین کە لێرەوە تا کۆتایی ئەمساڵ وە سەرەتای ساڵی داهاتوو باری سیاسی عیراق و سیاسەتی ئەمریکا لەم بارەیەوە هەموو ئەگەرێك هەڵدەگرێ، لەوانەش بە توندی مەسەلەی بەبنبەستگەیشتنی بەتەواوەتی پرۆسەی سیاسی لە عیراق و بەم شێوەیەش

دابەشکردنی عیراق بۆ سێ بەش. جا ئەو دابەشکردنە چ شێوەیەك وەردەگری ئەمە ئەو کاتە دەردەکەوێ.

تەسەووڕێکی کوردستانی پرسیارێکی گرنگ کە لە باسێکی ئەوهادا، کە پێ هەڵدەگرێ لە هێنانەدەنگی هەندێك ئەگەر (وەك لە سەرەوەکرا) کە هێشتان نەبوونە بە واقعی سەر مەیدانی سیاسی یا راستتر بڵێین بە لوتکە نەگەیشتوون بەڵکو هێشتان ئەگەرن، ئەوەیە ئایا دەستهەڵاتی سیاسی کوردستان هیچ تەسەووڕێکی تایبەتی بەم ئەگەرانە نەخەمڵاندووە، وە ئەگەر کردوویەتی ئەو تەسووڕە چیە وە پێ لە چ خاڵێکی لێوەدەرچوون هەڵدەگرێ و ئاسۆکانی ئەو تەسەووڕە چین بۆ کورد لە باشووری کوردستان بە تایبەتی وە بە پەیوەندی لە گەڵ کوردستانی گەورە بە گشتی؟

لێرەدا بەر لەهەر شتێك ئەوە نەهێنی نیە کە بڵێین پرۆسەی سیاسی لە عیراقدا و سیاسەتی ئەمریکاش لەم پەیوەندەدا قەیرانێکی قوڵ و فراوان بە خۆیەوە دەبینێ کە لەوەدەچێ چیتر ناکرێ بشاردرێتەوە وە نەش دەکرێ وا بە ئاسانی چارەسەر بکرێ. کێشەکە لەوەدایە کە ئاستەکانی قەیران بەچڕی تێکەڵاوی یەکتر بوون وە چیتر ناکرێ چارەسەر بکرێن بە هەندێ هەنگاوی کەم و چەند نیمچە چارەسەرێك کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانن بگەنە ئاستی چارەسەریەکی بنەڕەتی. بە مانایەکی تر خەریکە ڕووداوەکان ئاستێکی وەها وەردەگرن کە ئیتر بۆ یەکجارەکی پرۆژەی دەوڵەتی عیراق هەرەسبهێنێ.

تا ئەو جێگەیەی من ئاگادارم، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان تا ئێستا بە جددی خۆی بەرەوڕووی ئەگەری بەیەکجارەکی بنبەست و هەڵوەشانەوەی پرۆژەی دەوڵەتی عیراق نەکردۆتەوە. ئەگەر شتێك یا قسەیەك یا تەسەورێکی ئەم سەرکردە یا ئەوی تر هەبووبێ/هەبێ ئەوا باوەڕناکەم گەیشتبێتە یا بگاتە ئاستێکی گشتگیر و تووکمەی سیاسەتێك کە ناوی بنێن ئەلتەرناتیڤی یا کۆنسێپتی کوردی. بەو مانایە لایەنی کوردی لە عیراق تا ئێستا هیچ پلانێکی نیە بە ناوی پلانی ب. بە هەر حاڵ ئەگەر پلانێکی ئەوها (واتە پلانی ب) هەیە مرۆ دەتوانی بپرسێ ئایا ئەو پلانە چیەو لەسەر چ بنەمایەك رەخساوە و ئاسۆکانی بۆ کورد چین.

ئەوەی وایلێکردم ئەم چەند دێڕە بنووسم، لە لایەکەوە رەوتی ڕووداوەکانە لە هەموو ئاستە سیاسی و ستراتیژیەکانی مەسەلەکان لە لایەك وە هەستکردن بە

نـەبوونی تەسـوورێکی کوردسـتانیی بـەدیل. شـاردراوەنیە کـە لەسـەر ئاسـتی عـیراق قەیرانی حکومەت گەیشتۆتە ئاستێکی ترسناك لەوانەیە ئیتر ئەو قەیرانە لـە ئاسـتە تاکتیکیـەکانی سیاسـەت تێپـەڕ بکـات و بچـێتە ئاسـتێکی هـەرە سـتراتیژی و چارەنووسساز. لە لایەکی تریشـەوە، وە لـە هـەمان کات و ساتدا، بـاس لـە ستراتیژی نـوێی ئـەمریکا (جـا ئـەو سـتراتیژە چـیەو چـۆنە) دەکـرێ وە خەریکـە روو لـە رونبوونەوەیە. شانبەشانی ئەوە باسکردن لە ئەلتەرنەتیڤی دابەشکردنی عیراق چیتر مەسەلەیەکی تیـوری و ئـەکادیمی نیـە بـەڵکو ئـەمڕۆ لـە نـاو ئەلتەرناتیڤـەکان باسـی لێـوەدەکرێ. لـە راسـتیدا هەنـدی لـە راپۆرتـەکان ئـەوەمان پێـدەڵێن کـە ئـیتر کەسـی سەرۆك بوش بە گرنگیەکی تازەوە تەماشای ئەو (خیار)ە ستراتیژیە دەکات...

## تەسەورێکی کوردستانی دەکری چۆن بێت؟

لـە راسـتیدا مەبەسـتی سـەرەکی لـە نووسـینی ئـەم چـەند دێـڕە هەوڵێکـە بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە. ئـەو بۆچـوونانەی کـە لێـرەدا دێنـە دەنـگ بـە گشـتی دەربڕی کەڵەکەبوونی ئەو بۆچوونانەن کە بەندە زۆر زووتر لەسەر دەوڵـەتی عـیراق و (ئیشکالیاتی) ئەو دەوڵەتە هەر لە درووستبوونیەوە هەیبوونـە و هەنـدێکیان لێـرە و لەوێ بڵاوبوونەتەوە، بە تایبەتی ئەو بۆچوونانەی کە لە دوای کەوتنی دکتاتۆر بـە نووسین یا بـە گفتوگۆ راگەیانـدراوون. ئێسـتاش بـە پەیوەنـدی لەگـەڵ رووداوەکـانی هـەرە دوایـی عـیراق و روو لـەو گۆڕانکاریانـەی کـە بـە ئەگـەری زۆر ئێمـە لێیـان نزیکبووینەتەوە کە لەوانەیە ئیتر بە شێوەیەکی ریشەگیری نەخشەی سیاسـی عـیراق بگـۆڕێ وە بـەم شـێوەیەش کـورد بـەرەوڕووی واقیعێکـی تـازەی سیاسـی و سـتراتیژی بکاتەوە...

یەکێك لەو شتە گرنگانـەی کـە دەبـێ وەبیربخرێنـەوە ئـەوەن کـە راسـتەوخۆ دوای کەوتنی دکتاتۆر جگە لە بۆچـوونی رەسمـی سـەرکردایەتی هەنـدێ بۆچـوونی تـریش هاتنـە دەنـگ کـە بانگەشـەیان بـۆ نموونـە بـۆ جیابوونـەوەی یـەکجارەکی باشـووری کوردسـتان لـە عـیراق دەکـرد. لـیرەو لـەوێش بۆچـوونێك هاتۆتـە دەنـگ کـە ئـەویش چارەسـەری کۆنفیدرالیـە، کـە لـە راسـتیدا مـەفهومێك (کۆنسـێپتێك)ـە زیـاتر لـە سەربەخۆیی و سەروەری نەتەوەیی نزیکە تا لە هەر شێوە سیستەمێکی تر.

بە بۆچوونی خۆم هەر کاتێك عیراق بەرەوڕووی دابەشبوون بوویەوە ئەوا لایـەنی

کوردی پێویستە چەند شتێك لەبەر چاوبگرێ: ١) تورکیا تـا بـۆی بکـرێ بـەرەورووی ئەلتەرناتیڤی سـەربەخۆیی باشـووری کوردسـتان دەبێتـەوە؛ ٢) لایـەنی ئـەمریکی تـا رادەیەك گوێ لە بۆچوونی تورکیـا دەگـرێ، بـەڵام تـا ئـەو جێگەیـەی ئـەو بۆچـوونی تورکیایــە نەکەوێتــە دژایــەتی لەگــەڵ بەرژەوەندیــە نەتەوەییــەکانی ئــەمریکا و تەســەووری ئـەو وڵاتـە لـە خەملاندنـەوەی نەخشـەی سیاسـی دوای هەڵوەشـانەوەی دەوڵـەتی عـیراق. بــە بۆچـوونی خــۆم ئەگــەر ئــەمریکا لــەو بــاوەڕەدا بێــت کــە کوردستانێکی سەربەخۆ لە قازانجی خۆیـەتی ئـەوا ئـەو کاتـە ئـەمریکا هەرنـەبێ بـە هەنـدێ ڕێگـەی ناڕاسـتەوخۆ، بـە میکـانیزمی بـۆ نموونـە کـاراکردنی ئەلتـەرناتیڤی ڕاپرسـی لــە کوردســتان لــە ژێــر چــاودێری نەتەوەیــەکگرتووەکان، پشــتگیری لــە سەربەخۆیی کوردستان دەکات؛ ٣) لە دیدێکی ئەمریکیەوە دەبێ دابەشبوونی عـیراق بە هەر حاڵ نەبێتە هۆی بـەهێزبوونی رادەبـەدەری ئێـران، بـەڵکو تـا دەکـرێ ببێتـە هۆی تەنگپێهەڵچنینی ئێران؛ ٤) لەگـەڵ هێشتنەوەو بگـرە تـا ڕادەیـەك (ئـەو رادەیـە چـەندەو چـۆنە ئـەوا ڕووداوەکـان کاریگـەریان دەبـێ لـە دیـارکردنی) پێـداگرتنیش لەسەر سەربەخۆیی، چارەسەری کۆنفیدراڵی لەگەڵ تورکیا هەڵبژێرێ.

## چارەسەری کۆنفدراڵی چۆن وە بۆ؟

بـۆ وەڵامدانــەوەی ئــەم پرسـیارە، کـە لـە ڕاسـتیدا وەڵـامێکی ئـەوها ڕێـك ئـەو تەسەووورە دەبێ کە بەندە لەم نووسراوەدا بانگەشەی بۆ دەکات، دەبێ کۆمەڵێ ئاستی گرنگی سیاسی و یاسایی و ئیقلیمی و سیاسەتی نێونەتەوەیی رەچاوبکرێن.

لە رووی سیاسیەوە دەکرێ بپرسین ئەگەر عیراق بـەرەورووی دابەشـبوون بـووەوە ئایا ئەو دابەشبوونە چۆن دەبێ؟ وە ئایـا لـەو حاڵەتـەدا کـورد مـەفهوومی جوگرافی - سیاسی "کوردستانی عیراق" بخاتەروو یا مەفهوومی ولایەتی موسڵ نوێبکاتـەوەو پـێ دابگرێ لەسەر چوارچیوە جوگرافی و مێژووی و سیاسی و یاسای - نێونەتـەوەیی ئـەو مەفهوومە؟ بە بۆچوونی خۆم بەرەورووو بە ئەگەری دابەشـبوونی عـیراق مـەفهوومی ولایەتی موسڵ دەتوانێ لە رووی پراکتیکی و سیاسی و یاسایی و ئیقلیمیـەوە ئاسـانتر و باشتر بێت بۆ کورد. لە خوارەوە هەوڵدەدەم بە شێوەی چـەند خاڵێـك وەڵـامی ئـەو پرسیارەی سەرەوە بدەمەوە:

١) دەوڵەتی عیراق، لە پرۆسەیەکی سیاسی و یاسیای - نێونەتەوەیی و لە چوارچێوەی

سیاسەتی کۆلۆنیالی ئەو کاتەی بریتانیای مەزن، زادەی لێکدان و ئاوێتەکردنی سێ ولایەتی ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی (موسڵ و بەغدا و بەسرە) بوو. لەبەر ئەوە هەر هەڵوەشانەوەیەکی عیراق بە ئەگەری زۆر لە رووی رەوایی مێژوویی و یاسای- نێونەتەوەیی و لەبەر هەندێ هۆی پراکتیکی بە شێوەیەکی ئاسانتر دابەشبوونەوە سەر لە نوێ (یا جارێکی تر) بۆ ئەو سێ ولایەتە دەبێ. لە راستیدا لە رۆشنایی بۆچوونی هەندێك لە شارەزایان کێشەی عیراق لە چوارچێوەی ئیشکالیاتی پەیوەندیەکانی سوننەو شیعەو کورد جگە لە بنەما مەزهەبی- ئایینی و ئیتنیکیەکان بنەمایەکی ناوچەییشی هەیە کە ئەویش پێهەڵدەگرێ لە پێکەوەلکاندنی ئەو سێ ولایەتە...

٢) لە راستیدا کێشەی موسڵ، کە لە کۆنفارنسی لۆزاندا بڕیاردرا چارەنووسی بە هەڵواسراوی بمێنێتەوەو دواتر لە چوارچێوەی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا چارەسەر بکرێ، نەك هەر کێشەیەك بوو لە نێوان تورکیا لە لایەك وە بریتانیای مەزن و عیراق لە لایەکی تر بەڵکو ئەو کێشەیە رێك باس بوو لە دوارۆژی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەش. بە پێی راپۆرتی کۆمیسیۆنێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان (کە لە ساڵی ١٩٢٥ بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لە کێشەی موسڵ دامەزرابوو وە بۆ ماوەی سێ مانگ هەر لەو ساڵەدا لەو ولایەتە لێکۆڵینەوەی کرد) جگە لە خواستی تورکیا و عیراق لەو کێشەیەدا ئاماژە بە خواستی دانیشتوانی ولایەت کرابوو، کە بە پێی راپۆرتەکە ئەگەر بە پێی خواستی خەڵکی ناوچە بوایە کە زورینەی کورد بوون، دەبوایە ولایەتی موسڵ نە بۆ عیراق و نەش بۆ تورکیا.

٣) لە راستیدا لە سەرەتاوە رووەکەی تری کێشەی کورد لە سەرەتا هەرە زووەکانیدا ریك و راست رووەکەی تری کێشەی موسڵ بوو. بە مانایەکی تر دامەزرانی دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ و زووتر دامەزرانی دەوڵەتی عیراق هیچیان بە شێوەی راستەوخۆ نەبوونە هۆی ئەوەی کە بە یەکجارەکی ولایەتی موسڵ (کەم یا زۆر باشووری کوردستانی ئەو کاتە) ببێتە بەشێك لە دەوڵەتی عیراق، بەڵکو دانی ولایەتی موسڵ بە عیراق لە ساڵی ١٩٢٦ بە بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان، هەڵبەتە دوای فشارێکی زۆری بریتانیای مەزن بەم ئاقارەدا، بووە هۆی ئەوەی کە ئیتر بە یەکجارەکی باشووری کوردستان بە عیراقەوە بلکێندرێت.

٤) لە حاڵەتی بنبەست و دابەشبوونی عیراق گومان نیە کە بریتانیا وەك هێزێکی

ئاماده له فایلی عیراقدا رۆڵی گرنگی دەبێت وه لەوانەیه بۆ ئەو هێزه سروشتیتر ئەوەبێ که بگەڕێتەوه بۆ نەخشەی دامەزراندنی عیراق که لەوێدا کێشەی موسڵ فەسلێکی گرنگی پرۆسەکه بوو وه بریتانیای مەزن رۆلی سەرەکی تیادا بینی.
٥) بەبۆچوونی خۆم چمکی "کوردستانی عیراق" هیچ بەرجەستەبوون و ئامادەییەکی نیە لەسەر ئاستی یاسای نێونەتەوەیی وه هەتتا بگره له دەستوری هەمیشەیی عیراقیشدا ئەو مەفهوومە به باشی نەچەسپاوه و سنوورەکانی دیارنەکراون و کێشەکانی به چارەسەر نەگەیشتوون. له لایەکی ترەوه ولایەتی موسڵ له رووی مێژووی و ئیداری و یاسای نێونەتەوەییەوه ئامادەیی و بەرجەستەبوونێکی بێ سێ و دووی هەیه. له راستیدا له کاتی دامەزراندنی عیراق شتێك نەبوو به ناوی "کوردستانی عیراق" به گشتی چمکی "کوردستان" هەندێ جار وه به تایبەتی چمکی خوارووی کوردستان (بەڵام بەبێ دیارکردنی سنوورەکانی) له ئارادا هەبوون له نووسراوه رەسمی و نارەسمیەکانی ئەو کاتەدا. وەکوو چمکێکی سیاسیش "کوردستانی عیراق" زیاتر داتاشراوی دیسکۆرس (گوتار)ی سیاسی کوردی له باشووری کوردستان بووه و له چوارچێوەیەکی عیراقیدا هێنراوەته دەنگ.
٦) زیندووکردنەوەی چمکی ولایەتی موسڵ لەوانەیه بەشێوەیەکی پۆسەتیڤانەتر تورکیا پەیوەندیدار بکات، بەمەرجێك لایەنی کوردی تا دوا قۆناغ پێ لەسەر ئەلتەرنەتیڤی سەربەخۆیی دابگرێ وه پێ لەسەر ئەوه دابگرێ که له چوارچێوەی هەر تەرتیباتێکی کۆنفیدراڵیدا دەبێ تورکیا ئامادەبێت به عەقلیەتی چارەسەرکردن له کێشەی کورد نزیك ببێتەوه.
٧) خستنەڕووی ولایەتی موسڵ وەك بنەما بۆ کۆنفیدراڵی دەتوانێ زۆر به ئاسانی کورد بخاته پۆزیسیۆنێکی بەهێز له رووی ناوچه دابڕاوەکانەوه. ئاخر ناوچه دابڕاوەکان تا ئێستاش به بۆچوونی کورد خۆی بەشێکن له کوردستان وه له باشترین حاڵەتدا کورد دەبێ شەڕێکی سەختی دیبلۆماسی و یاسایان لەسەر بکات (به تایبەتی لەسەر کەرکوك) تا دەگەڕێنەوه سەر کوردستان؛ ئەوه ئەگەر ئەسلەن گەڕانەوەیان بەو شێوەی باسی لێوەکراوه فەراهەم ببێت.
٨) تا ئێستا ئەو گفتوگۆ و باسوخواس و بگره ئەو پێشنیارانەی که کراون له بارەی ئەگەری دابەشبوونی عیراق هەمووی له چوارچێوەی سێ بەشی کورد و سوننەو شیعه دا کراون. بەم مانایەوه له رۆشنایی ئەو چوارچێوەیەدا ئاسانتره پێ لەسەر

ولایەتی موسڵ دابگرێ لەو دابەشبوونە بۆ سێ بەش. ئەو سێ شارەی کە باس دەکرێن لەو پەیوەندیەدا کە دەبنە گرفت لە کاتی دابەشکردندا بەغدا و موسل (شاری موسڵ نەك ولایەتی موسڵ) و کەرکوکن. چمکی ولایەتی موسڵ هەردوو شاری موسل و کەرکوك ڕیك دەخاتە ناو ئەو مەفهوومی ولایەتەوە، واتە ئەو دوو شارە بەشێك بوون لە ولایەتی موسڵ. لە کاتی دابەشبوونی عیراق کورد دەبێ باس لە چارەنووسی بەغداش بکات وەك ئەوەی کە کورد بەشی لەو شارەشدا هەیە لە ڕێگەی بوونی کەمایەتیەکی کوردی لە دانیشتوانی بەغدا و راستی دوورخستنەوەی دەیان هەزار فەیلی لەو شارە لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن و پاکتاوی رەگەزی بەرامبەر بەکورد. لایەنی کوردی دەتوانی بیرۆکەی گۆڕینەوەی دانیشتوانی کورد لە بەغدا بەرامبەر بەعەرەب لە کوردستان بێنێتە گۆڕێ، هەروەك چۆن کاتی خۆی دوای دامەزرانی تورکیا دانیشتوانی تورك و یۆنانی لە نێوان دەوڵەتی یۆنان و تورکیا گۆڕانەوەیان پێکرا.

## کۆنفیدڕاڵی لەگەڵ تورکیا، بۆ؟

لە چوارچێوەی تەرتیباتی کۆنفیدراڵیدا دوو ئەلتەرناتیف دێنە گۆڕێ کە یەکێکیان کۆنفیدراڵیە لەگەڵ دوو بەشەکەی تری عیراقی هەڵوەشاوە وە دووەمیشیان کۆنفیدراڵیە لەگەڵ تورکیا. بە بۆچوونی خۆم دەکرێ بیر لە کۆنفیدراڵی لەگەڵ ترکیا بکرێتەوە و ئەو ئەلتەرناتیڤەش بە پلەی یەکەم بێت. ئەوە بۆ وە چۆن؟ لە خوارەوە هەوڵ دەدەم بە شێوەی چەند خاڵێك رۆشنایی بخەمە سەر ئەم لایەنەی بابەت:

١) لە بەرامبەر ئەگەری هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عیراقدا تورکیا دەست وەئەژنۆ و بێ هەڵوێست ناوەستێت وە بە تایبەتی روو لە ئەگەری دروستبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ هەڵوێستەی دەبێت. بە ئەگەری زۆر تورکیا مەسەلەی موسڵ نوێبکاتەوە. لە راستیدا چەند مانگێك بەر لە ئێستا وەزیری دەرەوەی تورکیا عەبدوڵلا گوڵ رایگەیاند کە لە حاڵەتی هەڵوەشانەوەی عیراقدا تورکیاش پابەندنەبوونی بە پەیمانی ١٩٢٦ (ئەو پەیمانەی کە لە رۆشناییدا تورکیا بە رەسمی پێزانینی خۆی راگەیاند کە ولایەتی موسڵ بەشێکە لە عیراق) رادەگەیێنێ. هەر کاتێکیش تورکیا ئەو کارەی کرد ئەوا ئەو وڵاتە دەبێتە تەرەف لە هاوکێشەی کارو کاردانەوەکان

لەسـەر هەڵوەشـانەوەی عـێراق وە ئـەو ئەگەرانـەی لێـی دەكەونـەوە. بـە هـەر حـاڵ بەرامبەر ئەگەرێكی ئەوها دەبێ لایەنی كوردی مافی بڕیاردانی خـەڵكی "ناوچـە" لـە رێگەی راپرسی (ریفراندەم)ێك لە ژێر چاوەدێری نەتەوە یەكگرتووەكان كـە دەكـرێ دوو شـێوەی دەنگـدانی تیـا بێـت: كۆنفـدرالی لەگـەڵ توركیـا یـا سـەربەخۆیی بـە تەواوەتی...

٢) لە چوارچێوەی ئەو كۆنفیدراڵیەدا دەكرێ پێشوەچوونێك ببێ، هەر وەك لەسەروە ئاماژەی پێدرا، لە فایلی كێشەی كورد لـە توركیـا. بـۆ ئـەوەی ئـەو پێشوەچوونە بـە شێوەیەكی پۆسەتیڤ بـۆ كـورد بـە گشـتی تـەواو بـبێ ئـەوا پێویستە هەڵوێستەیەكی پۆسەتیڤ لـە لایـەن توركیـا فەراهەمبكرێت لـە رێگەی بـۆ نموونـە تـەرتیباتێك كـە سوودمەندبوونی توركیا لە رووی مادیەوە بەدەست بێت لـە رێگەی ئـەو پەیوەنـدی كۆنفیدراڵیەوە (بۆ نموونە ٣- ٥٪ی نەوتی بەرهەمهاتوو لە نـاو دەوڵـەتی كۆنفیـدراڵی كوردیـدا بـۆ توركیـا بێـت) بـە مـەرجێك، وەكـو گـۆترا، توركیـا ئـەو تـەرتیباتی كۆنفیدرالیەی قەبوڵبێت و بە شێوەیەكی پۆسـەتیڤانە كـار لەگـەڵ كێشـەی كـورد لـە باكووری كوردستان بكات.

٣) بـە بۆچـوونی خـۆم دەكـرێ لایـەنی كـوردی بـیر لـەوە بكاتـەوە وە ئـەمریكاش پەیوەندیدار بكات بە بیرۆكەی كۆنفیدراڵی لەگەڵ توركیا لەرێگەی ئـەوەی كەبـەڵی شتێكی لەو جۆرە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی ئەمریكا و دەرفـەتێكی باشـتریش بە ئەمریكا دەدات كە لە سنوورێكی نزیكەی ٧٠٠ - ٧٥٠كم (سـنووری نێـوان باشـووری كوردسـتان و ئێـران وە سـنووری توركیـا لەگـەڵ ئێـران) تـەنگ بـە ئێـران هەڵچـنێ (ئیحتیـوا)ی بكـات. بـۆ ئەوەشـی كوردسـتان بـۆ ئـەمریكا سوودبەخشـبێت لـە رووی ستراتیژیەوە ئەوا دەبێ كورد لە باشووری كوردستان ئیرادەی خۆی بەسەر خاكەكەیدا ئەوەنـدە بێـت كـە كـورد بـۆی هـەبێت بكەوێتـە نـاو پەیوەنـدی سـتراتیژیەوە لەگـەڵ ئەمریكادا.

٤) بە مانایەكی تر تەرتیباتی كۆنفیـدراڵی لەگـەڵ توركیـا خزمـەتی ئامـانجێكی تـری دوورخایەن بە كورد دەكات، ئەویش هـەنگاوێك نزیكبوونەوەیـە لـە جیهـانی رۆژئـاوا بە گشتی. وە ئەو هەنگاوە لە كاتی فەراهەمبوونیدا توركیا لە وڵاتێكی دوژمنكـار بـە پێشوەچـوونە پۆسـەتیڤەكانی باشـووری كوردسـتان دەكـا بـە وڵاتێكی "هاوپـەیمان"، چـوونكە هاوپـەیمانی یەكێكـە لـە خەسـلەتەكانی كۆنفیـدراڵی. لـە چوارچـێوەیەكی


ئەوهادا دەبێ لایەنی کوردی ئامادەبێت بۆ هەڵسوکەوتکردن لە مەر تورکمانـەکان بـە شێوەیەك کە ئەو کەمایەتیە رازیبکات و کێشەکەی چارەسەر بکات.

## دەرەنجام

بـە لەبەرچـاوگرتنی بـارودۆخی ئـەمڕۆی عـیراق و باشـووری کوردسـتان وە ئـەو ئەگەرانەی کە دەکـرێ پرۆسـەی سیاسـی لـە عـیراق بـەرەوڕوویان ببێتـەوە، وا دەزانم پێداویستیەکی هەنووکەییە کە سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان روو لەو ئەگەرانە هەندێ بیروبۆچوون تاوتوێ بکات بـە ئاراسـتەی خەمڵانـدنی پلانـی ب. لـە پلانێکـی ئـەوهادا ئاسـتەکانی کێشـەکە وە بۆچـوون و کـارو کاردانـەوەی ئەکتـەرەکان لەسەر ئاستی عیراق و ئیقلیم و نێونەتەوەیی حسێبی بۆ بکرێ.

ئـەوەی سـەرەوە تـەنها هەنـدێ بـیرو بۆچـوونن کـە هـەڵقوڵاوی هەسـتکردنن بـەو پێداویسـتیەو بەشـداریە کـە لـە خسـتنەڕووی بیرۆکەیـەك لـە خزمـەت خەمڵانـدنی تەسـەووڕێکی کـوردی. لـە بـارودۆخێکی وەك ئـەمڕۆی باشـووری کوردسـتان بـە پەیوەنـدی لەگـەڵ چارەنووسـی عـیراق. دواجـار تـەواوی بووچـوونەکان دەبـێ وەکوو بەردەوامی بۆ بیر و بۆچوونەکانی نووسەری ئەم چەند دێڕە ببینرێن، کە پێشتر بـە شێوەی جۆرا وجۆر دەربڕیوون.

بە بـاوەڕی مـن بـەر لـەوەی دابەشـبوونی عـیراق ببێتـە واقیـع زۆر گرنگـە لایـەنی کوردی تەسەووری خۆی هەبێت، دواکەوتن لەم بارەیەوە دەکرێ بۆ کورد گران تـەواو ببێ، وە بە پێچەوانەکەشی دەکرێ کورد باش خۆی ئامادە کردبـێ روو لـە ئەگـەرێکی ئەوها.



**د. بورهان أ. یاسین**

ل ساڵا (1956) ێ ل باشوورێ کوردستانێ ژ دایك بوویە. خواندنا خۆ یا سەرەتایی و ناڤنجی و ئامادەیی ل کوردستانێ ب دویماهیك ئینایە. ل زانکۆیا مویسلێ پشکا مێژوویێ ل ساڵا (1980) پلا بەکالۆریۆس ب دەستڤە ئینایە. ل ساڵا (1982) ژ کوردستانێ دەرکەفتیە و بۆ ماوێ ساڵەکێ ل ئیرانێ مایە و ل ساڵا (1983) بەرەف وەڵاتێ سوید چوویە و هەر ل وێرێ خواندنا باڵا ب پلا دکتۆرا ب دویماهیك ئینایە. نهۆ هەر ل سوید ل زانکۆیا لوند مامۆستایە. چەند بەرهەمەك ب زمانێن جودا جودا بەڵاڤکرینە.

د ساڵێن ژیانا خۆدا ل سوید ئامادەیی هەبوویە د بوارێن چاڵاکیێن کولتوری و سیاسی و ئەوێن پەیوەندی هەی ب جڤاکا مەدەنی یا کوردەواری ل دەرڤەی وەڵاتی. ژ وانا چالاکی د بوارێ مافێ مرۆڤێ کورد و پێکۆلکرن بۆ بەرهەمئینانا کۆنگرەکێ نەتەوەیی یێ کوردستانی سەربخۆ و راستەقینە. هەروەسا ب شێوەکێ چالاك د بزاڤا رێفراندەمێدا کارکریە.